غەنی بلوریان

# ئاڵەکۆک

بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم



ستۆکهۆلم - ١٩٩٧

بەبۆنەی پەنجاساڵەی دامەزراندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٢٦- ١٣٧٦ هەتاوی

# ئاڵە کۆک

غەنی بلوریان

ستۆکهۆلم - ١٩٩٧

هەواڵنامەی کتێب



وێنەی زانکۆی ئەفسەری باکۆ لە ساڵی ١٩٤٦دا



عەرزە لە ساڵی ١٩٥٩، بە دوای لە دایک بوونی : ئەشمیل و هێرۆدا.

(پێشکەش بەهاوسەری باوفام مەرزە)

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب : ئاڵەکۆک

ناوی نووسەر: غەنی بلوریان

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: حامید گەوهەری

تایپ : حامید گەوهەری

مۆنتاژ: ناسر ئیبراهیمی

وێنەی سەر بەرگ: موزەفەر ئامداری

تیراژ: ١٠٠٠ بەرگ

چاپخانە: **Författares Bokmaskin, Stockholm 1997**

ISBN 91 7910 051 1

## چەند وتەیەک

مرۆڤ ئەگەر لاپەری مێژووی خەباتی نەتەوەکان هەڵداتەوە، دەبینێ لەنێو کۆمەڵی ئینسانیدا زۆر بوون ئەو کەسانەی، کە خۆیان و ئەندامانی بنەماڵەکەیان لەپێناوی بەختەوەری نەتەوە، کۆمەڵ، هاوڕێی و هاوخەباتیەکانیاندا بەخت کردوەو بەزانیاری لە رادەی ئێش و ئازاری دەروونی، لێدان، شکەنجەو مردن لە بەرامبەر دوژمندا راوەستاون و چۆکیاندانەداوە. رەنگە بارودۆخی ژیان بتوانێ رادەی فیداکاری ئەمجۆرە ئینسانە مەزنانە بۆ ماوەیەکی کورت دەنێو مامڵەی سیاسیدا بشارێتەوەو نەهێڵی بایەخێکی ئەوتۆ بە خزمەت و رادەی لەخۆبردوویی و خۆڕاگری ئەم پێشڕەوانە بدرێ؛ بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان و ئاسایی بوونەوەی ئەم بارودۆخە، راستیەکان خۆ دەردەخەن و ئەو ئینسانە بەنرخانە دەبن بە فێرگەی خەباتی خۆ بەخت کەرانی رێگەی ئازادی و سەربەستی نەتەوەی و نیشتمانی و چینایەتی.

غەنی بلوریان یەک لەم کەسایەتیە بەنرخانەی کۆمەڵی کوردەوارییە، کە پتر لەنێو سەدە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی لەپێناوی بەختەوەری نەتەوەکەیدا بەخت کردوەو یەک لەو چەند قارەمانانە بووە کە بەخۆڕاگری لە بەرامبەر شکەنجەو بیست و پێنج ساڵ زیندانی لە رژیمی ئێراندا، چۆکی بە رژیمی پاشایەتی دادا.

غەنی بلوریان کەسایەتیێکی ناسراوی مێژووی خەباتی نەتەوەی ئێمەیە. گشت ئەو کەسانەی کە بەشداری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیان کردوە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا دەگەڵ ناوی غەنی بلوریان ئاشنان. غەنی بلوریان کەسایەتیێکی ناسراوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکانی رەشی بنەماڵەی پەهلەویدا شکەنجە کراون. ناوی غەنی بلوریان بە کۆمەڵەی ژ.ک، بە شانۆی «دایکی نیشتمان»، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پاڵەوانە خۆڕاگرەکانی بەندیکراو لەسەردەمی رژیمی پاشایەتی ئێراندا گرێدراوە. کەس نیە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستان بدوێ و بتوانێ خزمەتی غەنی بلوریانی لەبەر چاو نەبێ. بەراستی غەنی بلوریان کێیەو چی کردوەو خاوەنی چ بەسەرهاتێکی سیاسییە؟

تا ئەمڕۆ هیچکەس لەنێو نەتەوەی ئێمەدا بەرادەی مامە غەنی بلوریان بۆ بەختەوەری نەتەوەکەمان رەنجی نەکێشاوەو تووشی دەردو ئازارو شکەنجەو ئاوارەیی نەبووە! کەس بە رادەی ئەو شەڕو خەرەزەنی دووژمنی نەخواردووەو کەسیش وەک ئەو لە بەرامبەر ئازاری دەوروبەریدا خۆی ڕانەگرتووەو نەیتوانیوە بەخۆڕاگری خۆی لە زیندانەکاندا، دووژمن بەچۆکدا بێنێ. هیچ رێبەرێکی سیاسی کورد بەرادەی غەنی بلوریان بە مەبەستی داکۆکی لە ئامانجی نەتەوەکەی شەقی لە بەرژەوەندی خۆیو بنەماڵەکەی نەداوەو هیچ ژنێکی کوردیش وەک «مەرزە» خانمی خێزانی لەسەرەتایی ژیانیەوە تووشی ئازار دەروونیو دەردی دووری هاوسەری بەندیکراوی نەبووە. لەنێو نەتەوەکانیتردا بە دەگمەن دەبیندرێ ژن لە سەرەتای ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پیاوێک بتوانێ ٢٥ ساڵ لە مێردەکەی دوور بێو هاوکاتیش سەرەرای بەخێو کردنی دوو کیژۆڵەی دواتە بۆ مێردەکەی ببێتە کۆڵەکەی خۆڕاگریو ژیانی خۆیو منداڵەکانی فیدای سەربڵندی نەتەوەکەی بکات.

مامە غەنی، کە کاتی ئازاد بوونی لە زیندان خەڵک بەدروشمی «مامە غەنی هاتەوە باخودا بەخێر بێتەوە» نازناوی مامەیان پێبەخشی، بەو مەبەستانەی کە بۆخۆی پەنجەیان بۆ رادەکێشێ، بەشێک لە ژیانی سیاسی خۆی لەم کتێبەدا تۆمار کردووەو ناوی «ئاڵەکۆک»ی لەسەر داناوە. ئاڵەکۆک دیاری مامە غەنی بلوریان تەنیا باس لە بەسەرهاتەکانی سیاسی ناوبراو ناکات، بەڵکو دەیان بەسەرهاتی مێژوویی کورد شی دەکاتەوە، کە تا ئێستا لە هیچ جێیەک بڵاو نەکراونەتەوە. ئاڵەکۆک لە چۆنیەتی پێکهاتنی هەوێنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک)، لە شانۆی دایکی نیشتمان، لە کۆماری کوردستان، لە ژیانی خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئەفسەری ئازەربایجانی سۆڤیەت، لە رێپێوانە مێژووییەکەی بارزانیە قارەمانەکان بە دوای رووخانی کۆماری کوردستاندا، لە چۆنیەتی زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات بەدوای رووخانی کۆماری کوردستان، لەچۆنیەتی ئاشکرابوونی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٣٨- ١٩٥٩دا، لە ژیانی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی بنەماڵەی پەهلەویو شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٩ی ئێرانو بەسەرهاتەکانی حیزبی دێموکراتو دەیان بابەتیتر دەدوێ، کە بەشی هەرە گرنگیان بۆ خوێنەر تازەن.

غەنی بلوریان لە ئاڵەکۆکدا بەراشکاوی هەڵەو کردەوەی نادروستی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردو ئێرانی شی دەکاتەوە، لەبەرامبەر کەسانی هەلپەرەستو بەرژەوەندخوازدا رادەوەستێو خەباتگێڕانی فیداکارو راستەقینەی نەتەوەکەی بەخەڵک دەناسێنێو ئازایانە پەنجە بۆ هەموو کەموو کوڕییەکانی خۆی رادەکێشێو بە خەڵکیان رادەگەیەنێ.

لە دیداریکدا کە سالی ١٩٩٢ لەگەل مامە غەنی هەمبوو، ناوبراو داوای لیکردم، بۆ کۆکردنەوەو ئامادە کردنی بەسەرهاتەکانی سیاسی لە کتێبێکدا یارمەتی بێبکەم، کە ئەمڕۆ ناوی «ئاڵەکۆک»ی بۆ دیاریکراوە. من نەک بەم هۆیەوە کە ڕێزوحورمەتێکی تایبەتیم بۆ مامە غەنیو بنەماڵەکەی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خەباتگێرانی ئەمڕۆو لاوانی دوا ڕۆژی نەتەوەکەمان ئاگاداری بەسەرهاتەکانی مێژوویی نەتەوەکەمان بنو کەسایەتیە خەباتگێرەکانیان بە دروستی بناسنو ڕادەی لەخۆبردوویی و خۆڕاگری ئەوانیان بۆ ڕوون بێتەوە، بە دڵی ئاواڵە پێشوازیم لە هەنگاوی پیرۆزی مامە غەنی بۆ کۆکردنەوەو ئامادە کردنو تەنانەت تایپی بیرەوەرییەکانی سیاسی بەڕێوەیان کرد.

مامە غەنی لە یەکەم هەنگاودا بیستو یەک شریتی نەوەد دەقیقەیی بۆ ناردم، کە هەر کامەیان لە کاتو زەمانێکی جیاوازدا تۆمار کرابوون. ناوبراو بیرەوەرییەکانی سیاسی لەسەر شریت تۆمار کردبوو. ئەو کارەی ناوبراو یارمەتیێکی زۆری بە ئاسان کردنەوەی نووسینەوەو کۆکردنەوەو ئامادە کردنی «ئاڵەکۆک» کرد.

من بە دوای پیادە کردنی شریتەکانو نووسینیان بە کامپیوتر، ئەوانم بۆ مامە غەنی ناردەوە، تا وەک هەوێنی نووسینەکی بیرەوەرییەکانی کەڵکیان لێوەرگرێو بۆخۆشم بۆ دیتنەوەی سەرچاوەو مێژووی ڕووداوەکان دەستم بۆ زانایانو خەباتگێرانی ڕاکێشاو سەرئەنجام بەدوای دوو ساڵ کاری نەپساوەی مامە غەنی لە لایەکو من لە لایەکی تر «ئاڵەکۆک» ئامادە کرا. هیوادارم ئاڵەکۆک جێگەی کەڵکی خوێنەران بێ.

حامید گەوهەری

## سەرەتا

بەتەما نەبووم ژیاننامەی سیاسی خۆم بنووسم، هەرچەندە دەمزانی زانایان لەسەر ئەو بڕوایەن کە تۆمارکردنی بەسەرهاتی تێکۆشەرێکی سیاسی، خەباتی تورەمەیەک لە راڵەکانی گەل لە قۆناخێکی مێژووییدا دەستنیشان دەکات، بەڵام کاتێک چاوم بەنووسراوەی ژمارەیەک سیاسیکاری خۆماڵی کەوت‌و دیتم ئەوان لە نووسراوەکانیاندا بەناوی «نیوسەدە...، پەنجا ساڵ...و بیرەوەری» رەوتی دامەزرانەوەی حیزبی دیموکراتیان پاش هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥-١٩٤٦ بە ئانقەست پەڕاندوە تا شوێنەواری تێکۆشەرانی حیزب کوێر کەنەوەو هەروەها رووداوە هەرە گرنگەکانی پاش ساڵی ١٣٥٧-١٩٧٩ی شۆڕشی ئێرانیان ساویلکانە پۆشەسەر کردوە تا هەڵەکارییەکانی خۆیانی پێبشارنەوە، لێبڕام «ئاڵەکۆک» بنووسم‌و راستییەکان دەرخەم‌و ناحەزکارییەکان لەقاو بدەم.

ئەو کەسانە جگە لەوەش زۆرجار خەبڕیلانە بۆ ئەوەی مافی دامەزرێنەرانی سەرلەنوێی حیزبی دیموکرات پێشێل بکەن‌و بیری ئاشارەزایان لە رابردووی حیزب بشێوێنن، پروپاگەندە بڵاو دەکەنەوە، کە گۆیا حیزبێکی بێگانە حیزبی دیموکراتی زیندوو کردۆتەوە. ئەوانە نازانن کە بەم شێوەکارە لە رەوتی ئەپساوەی گرێژەنەی پێوەندیداری خەباتی حیزب حاشا دەکەن‌و بەمجۆرە پاشاگەردانی‌و چاولێکەری لە مێژوونووسانی ئەبار دەکەن، کە هەمیشە لە رەسەنایەتی سەرهەڵدان‌و خەباتی سەربەخۆی گەلەکەمان حاشا دەکەن‌و بۆ ئەوەی بیری خەڵکی تری جیهان بەنیسبەت کورد بشێوێنن، ئەوان بەدەستکردی بێگانە دەناسێنن.

دوکتور قاسملوش مخابن لە کتێبەکەی «کوردستان»دا هەرچەندە دانی بەوە داناوە، کە لاوانی کورد سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتیان ژیاندەوە، بەڵام بەراشکاوی نانووسێ ئەو لاوانە کێ بوون‌و لەو رێبازەدا چیان بەسەرهاتووە، لە کاتێکدا بە دروستی ئاگاداری هەموو رەوتێک بوو‌و بەمجۆرە لەنرخ‌و بایی کتێبەکەی کەم کردۆتەوە.

بەرپرسانی دامەزرێنەری سەرلەنوێی حیزب لە ساڵی ١٣٢٦-١٩٤٧دا کە بنەمای حیزبیان دامەزراندەوە لە باری شێوەکاری خەبات نهێنیدا کەمایەسییان هەبوو. ئەوان لەباری سیاسی، تیئۆریو خەباتی زانستیانەش نیازیان بە یارمەتی هەبوو، کە دەبا هەرچۆنێک بێ، ئەو بۆشاییە پڕکەنەوە. لەم روانگەوە، کە چەند حیزبی هاودرۆشم لە وڵاتێکدا پێویستە بۆ پتەوکردنی ریزی خەباتیان یەک بگرنو یارمەتی یەکتر بکەن. بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لە دۆخێکی گونجاو کەڵکیان وەرگرتو لە حیزبو کەسانی زاناتر لە خۆیان فێرەکاری هەڵسوڕاندنی حیزبو سیاسەت بوونو بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بە لێوەشاوەیی توانیان حیزب بەرێوە بەرنو تەعیلی شونارو تێکدەری دوژمن خۆبخزێنێتە نێو ریزی خەباتەوەو تەنانەت بەرپرسانی حیزب توانیان بۆ ئەوەی ئاگاداری هەڵسوکەوتی «ساواک» بن، زیرانە کادیری لێهاتووی خۆیان «ئەسعەد خدایاری» بخزێننە نێو جەرگی ساواکەوە، بەڵام بە داخەوە هەڵەشە کاریو پێشێلکردنی پرنسیپەکانی حیزبی لە لایەن بەرپرسی کاتیو کیانی ئۆپۆرتونیستی هاوکاری لاوەکی نەک هەربوو بەهۆی لەنێوچوونی «ئەسعەد» بەڵکو لە ساڵی ١٣٣٨-١٩٥٩ حیزب زەبری سەختی بینیو زۆربەی کادیرو ئەندامانی لێهاتووی گیرانو زیندانی کرانو بەشێکیش پەرێوەی باشووری کوردستان یانی کوردستانی بندەستی عێراق بوون،

راکردووەکان لەو ماوەیەدا کە لە «بەغدا» دەژیان تەپرژانە سەر ئەوە کە سەرپەرەستی کۆمیتەو شانەکانی حیزب بەئەستۆ بگرن، کە بەگیرانی بەرپرسانو کادیرەکان بێسەرپەرەست مابوونەوە، بەمجۆرە بنەمای حیزب هێندێ هێندێ هەڵوەشاوەو ئەندامانی بڵاوەیان کرد. بەو چەشنە گۆرەپانی خەباتی سیاسی کوردستانی بندەستی ئێران بۆ ماوەی بیست ساڵان وەک گۆرستانێکی بێدەنگ مایەوەو هیچ چەشنە چالاکیو بزاڤێکی سیاسی تێدا نەبیندرا، هەربۆیەش کاتێک راکردووەکان لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧-١٩٧٩دا لە بەغدا گەڕانەوە، کەوتنە سەر هەواری خاڵی.

بە گەڕانەوەی راکردووەکان چاوەڕوان دەکرا لە بارودۆخ کەڵک وەربگیرێو سەرلەنوێ بنەمای حیزبی دێموکرات بەشێوەی نهێنیو شێوازێکی لەبار دامەزرێنەوە، بەڵام بەداخەوە بەرپرسی سەرەکیو دەوروبەرەکەی خەمیان لێ‌نەخواردو بواریشیان بە کەسانی لێزانتر لە خۆیان نەدا کە ئەو ئەرکە بەملەوە گرن. ئەوان خۆیان خەریکی سازدانی دەستەو گروپی چەکدار کرد، ئازە ئەویش بەشێوەی عەشیرەتیو بەدوور لە زانست.

ئەزموونی رابردووی سەرهەڵدانەکانی کورد سەلماندوویەتی کە بەبێ هەبوونی حیزبێکی وریای نهێنیو تەیار بە تیئۆری زانستیانەی خەبات، هیچ بزاڤو راپەڕینێک دوا رۆژی باشی نابێو زۆر بە ئاسانی سەرکردەکانی بەهۆی ناشارەزاییو ساویلکە بوونیان دەستەمۆی

داگیرکەران دەبن و دوژمنان لە راپەڕینەکە کەڵک وەردەگرن و ئاکامی ئەو کارەش چارەڕەشی خەڵک و شەرمەزاری سەرۆکایەتی راپەڕینەکانیان بەدوواوە دەبێ.

جیهان ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە. وڵاتانی ئورووپی بۆ ئاسایش و بەرژەوەندی خەڵکەکانیان خەریکن بەرەو یەکگرتن دەچن، سنوورەکانیان هەڵدەگرن، پەرلەمانی هاوبەش دادەمەزرێنن و بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی هاوبەش و چاپی پارەی هاوبەش دەچن. بیری ئانتگراسیون و هەڵگرتنی سنووری نێوانیان باوەڕی راژەو خۆبەستنەوەیان بەبیری لەتەوەیی و هێشتنەوەی سنوورەکان نەشێوەی کۆن بە زیان دەزانن.

نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە پلەی یەکەمدا نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە دەبێ ئەم راستییە بسەلمێنن، کە لە بارودۆخێکی ئاسکو دژواری ژیاندان و نەتەوەی کورد پتر لەوان کۆسپی لەسەر رێیە. لەبەر ئەوە پێویستە لە گۆڕانکارییەکانی جیهان ئەزموون وەرگرن. رێکخراوەکانی کورد دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی باری ژئۆپۆلیتیکی نیشتمان بە دروشمی نوێ بەرەوپیری خەبات و چارەسەر کردنی کێشەی کورد بچن. تاقیکردنەوەی هێزەکان و کەسایەتیە سیاسیە بە ئەزموونەکان لە بواری ئەمڕۆی جیهاندا زیان بە بزووتنەوەی کورد دەگەیەنێ.

کورد ئەمڕۆ پێویستی بەدامەزراندنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی یەکگرتووە هەیە، کە ئەو کۆنگرەیە بتوانێ بە لێوەشاوەیی رێبەرایەتی و نوێنەرایەتی نەتەوەکەمان بکات. پاش ئەوەی کۆنگرە پێکهات، بەرپرسانی دەبێ بۆ تەیار کردنی گەل هەوڵ بدەن و لە جیهانی پەکدەستی ئەمڕۆدا بە هەموو هێزەوە بە رێگەی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد خەبات بکەن. تاقیکردنەوەکانی پێشووی کورد پیشانیان داوە، کورد ناتوانێ بە رێگای شەڕی چەکدارانە بەسەر جبەخانەکانی دوژمندا زاڵ بێ. کۆنگرەی نیشتمانی کورد و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دەبێ هێزە پێشکەوتووخوازەکانی فارس، تورک و عەرەب لەخۆ نزیک بکەنەوە و هەوڵ بدن بەرەیەکی هاوبەشی خەباتیان لەگەڵ دامەزرێنن. رێگەی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە دان هێنان بەمافی چارەنووسی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی‌تر و کۆبوونەوەی ئەو نەتەوانە لە فیدراسیۆنێکی دیموکراتی بە مافی یەکسان، کە هەرکام لەوانە بەشێک بن لەو فیدراسیۆنەدا. ئەم قەوارە سیاسییە دەتوانێ ئاشتی و دۆستایەتی لەو هەرێمەیەدا پێکبێنێ و دووبەرەکی و شەڕ و شوور و ئاکۆکی بۆ هەمیشە گۆڕ بکات.

هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەم کردوە مەبەستم لە نووسینی «ئاڵەکۆک» رووناکی خستنە سەر ئەو تاریکیانەیە کە چاوچنۆک و نێرەبی‌کاران سەیەیکارن. دەقی «ئاڵەکۆک» تەنیا رەوتی سیاسی ژیانی خۆمە و بۆ ئەوەی سەری خەڵک بە خۆهەڵدانەوە نەهێشێنم، بەسەرهاتی

کەسایەتیم نەنووسیبوو، ئەگینا دەمتوانی بە ڕەشکردنەوەی کاغەز دوو هێندی «ئاڵەکۆک» بنووسم.

چونکە لە قۆناغی خەباتی سیاسیمدا بەهۆی دژواری ڕەوتی خەبات و زۆرداری و زەختی دیکتاتۆریەت نەمتوانیوە و بۆم نەکونجاوە یادداشتی ڕۆژانەی هەڵسووکەوتی سیاسیم بنووسم و هەروەها نەمتوانیوە بەڵگەو دکۆمێنتی پێویست بۆ ئەو ڕۆژە ڕابگرم، بۆ نووسینی «ئاڵەکۆک» لە بیرو زیهنی خۆم کەڵکم وەرگرتووە و تەنانەت مێژووی زۆربەی ڕووداوەکانم لەبیر نەمابوو. بۆ ئەوەی کە ئەو کەمایەسییە چارەسەر بکەم، هانام بۆ کاک «حامیدی گەوهەری» برد، کە یارمەتیم بکات. ناوبراو بەدڵێکی ئاواڵە پێشوازی لێکردم و بە خوێندنەوەی سەرچاوەی جیاوازو کۆڵینەوەی کەلێن و قوژبن، بەشە جیاوازەکانی «ئاڵەکۆک»ی ئەتیار کرد و بە مێژووی دروست «ئاڵەکۆک»ی بۆ پەرداخ کردم، کە جێگەی سوپاسی فراوانە.

پاش ئامادە بوونی «ئاڵەکۆک» بۆ چاپ، دەست تەنگ بوونی مالی کۆسپی سەر ڕێگە بوو، کە ئەویش بە یارمەتی کاک «فەرەیدوونی فازڵزادە» چارەسەر کرا، کە هیوادارم «ئاڵەکۆک» تۆڵەی بکاتەوە و سوپاسی یارمەتییەکەی دەکەم. سوپاس لە کاک دوکتور «ڕەزا فەرۆخ» (ئاسۆ) دەکەم بۆ پێشیارداتی یارمەتی مالی بۆ چاپی «ئاڵەکۆک». هەروەها سوپاسی هەڤالان «فەرهاد سارایی»، «مەحموود حەواری لەسپی»، «فەرەیدوونی میتران»، «ئەوید موعیلی»، «یوسفی وەفایی» (کەماڵ)، «برایی فەرشی»، «حەسەنی حاوارانی» و دوکتور «جەمشیدی حەیدەری» دەکەم، کە بەشێک بە پێشکەش کردنی زانیاری و هێندێکیش بە هێنان و بردنی من بۆ شوێنی جیاواز، هەلیان بۆ ڕەخساندم کەموکوڕییەکانی «ئاڵەکۆک» چارەسەر بکەم.

لە ئاخردا بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە ڕۆژانی دەربەدەریمدا یارمەتیان پێکردووم، ئەمەکداری «یونس»ی برام جگە لە ساڵانی زیندانی بوونمدا، کە ژن و منداڵی بۆ حاواندوومەتەوە و پێی گەیاندوون، هەمیشەش ئامۆژگاری کردووم، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ناحەزکارییەکانی تیرەیی‌کاران لە نووسینی بیرەوەری خۆمدا نەپیوێرم و ئەوە بەنووسینی «ئاڵەکۆک» ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند.

لە کۆتاییدا پێویستە بەخوێنەرانی بەڕێز ڕابگەیەنم کە کتێبی «ئاڵەکۆک» تەنیا ژیاننامەی سیاسی منە، کە بڵاو دەبێتەوە و جیا لەو ئەگەر نووسراوەیەکی تر بەناوی من بڵاو بکرێتەوە، جێگەی متمانە نیە.

نووسەر

# سەرەتای ژیانم

ساڵی ١٣٠٣-١٩٢٤، لە بنەماڵەیەکی ساماندارى شاری مەهاباد چاوم بە ژین پشکوتوە، ماڵباتی ئێمە لە چوار برا پێکهاتبوو. بابم بەناوی قادر براگەورە بوو. شێوازی باب ساڵاری تا رادەیەک لە ماڵی ئێمەدا هەرمابوو. ماڵەکەمان دوو حەوشەی هەبوو. حەوشەی دەرەوە و هی ژوورەوە. حەوشەی ژوورەوە بریتی بوو لە پێنج هۆدە، کە هەرکام لە براکان لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان لە هۆدەیەکدا دەژیان. لە حەوشەی دەرەوە ژوورێک تەرخان کرابوو بۆ پیاوان، کە پێیاندەگوت «دیوی پیاوان». ئەوان دوای کاری رۆژانە لەو ژوورە کۆ دەبوونەوەو شێویان لێدەخواردو رایان‌دەبواردو ئاخری شەویش هەرکام دەچوونەوە هۆدەی تایبەتی خۆیان. هەروەها، لە دالانی نێوان دوو حەوشەکەشدا هۆدەیەک بۆ ژن‌و منداڵ‌و کارگەری ماڵی تەرخان کرابوو، کە «دیوی‌بەردەستانی» پێدەگوترا.

بابم خەرجی ماڵ‌و کڕینی بەرگی ژن، منداڵ‌و کارکەرەکانی بەئەستۆ بوو، و براکان خۆیان دەرکارانە وەرنەدەداو تەنانەت ئەوانیش پووڵی گیرفانیان لە بابم وەردەگرت. خۆراک‌و چێشت بەتێکرایی دروست دەکراو وێکراش دەخورا. سەرپەرەشتی نێو ماڵمان لەسەر شانی «پوور خاتوون» بوو. ناوبراو خوشکی دەروێش «کەریم» کارمەندی ئیدارەی سجیل‌و پووری «حوسێنی زێرینگەران» بوو. پوور خاتوون لە تەمەنی ١١-١٢ ساڵیەوە، لە دەورەی خالە برایی باپیرم لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە ژیابوو، و تەمەنی پڕ کردبۆوەو پیر ببوو. لەبەر ئەوە، بابم‌و گشت خاو و خێزان پێمان دەگوت «پوور خاتوون». پوور خاتوون کلیلداری ماڵمان بوو، و کەس دەستی وەبەر دەست نەدەهێناو چێشت‌و خۆراک بە فەرمانی ئەو ساز دەکرا. وجوودی ناوبراو لە ماڵی ئێمەدا نەیدەهێشت ئاژاوە بکەوێتە نێو ژنی براکان. ژنەکان بەیەکەوە تەبا بوون‌و کەس خۆی لەویتر بەزیاد نەدەزانی.

بە گوێرەی داب‌و نەریتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا، بنەماڵەی ئەو چین‌و توێژانەی کۆمەڵ بۆخۆیان نەدەچوون پێداویستی‌یەکانی رۆژانەیان لە بازار بکڕن‌و بۆ ئەم مەبەستە پیاوێکیان رادەگرت. «کاکە مین» یەکێک لەو کارگێرانەی ماڵمان بوو. ناوبراو ئینسانێکی وێچوو،

ڕەنگ پیاو، داوێن پاک، بە بەقاو ناحەز بکەی دڵسۆز بوو. کاکە مین کوڕی «ئەحمەدی زێنەب»ی بوو، و بەخزمایەتی دەگەیشتەوە بنەماڵەی دایکم و ماڵیان لە گەڕەکی خۆمان یانی لە گەڕەکی «هەرمەنیان» بوو.

کاکە مین لە دەورەی هەوەڵی سەربازیدا، بردرا بۆ «ئیجباری». کاتێ «ڕەزا شای پەهلەوی» خۆی بەسەر ئێراندا سەپاند و سەقامگیر بوو، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی لیبرا ئەرتەشێکی مۆدێرن و رێکوپێک لە مرۆڤی لاوی تەمەن هەژدە ساڵ دامەزرێنێ. ئەوسا لە «ساباڵاخ» (مەهاباد) و مەڵبەندی موکریان بە سەربازی‌یان دەگوت «ئیجباری»، کە مانای بەبێکار گرتنی دەدا. شایەرەکانی سەردەم گەلێکیان قام و گۆرانی بەسەر ئیجباریدا هەڵگوتووە. سەربازگیری لە کوردستاندا یەکدابەدوو دەسپێتەکراو دەسەڵاتداریەتی «پەهلەوی» نەیتوانی وەک شوێنەکانی‌تری ئێران کوردان بە سەرباز بگرێ و دوای زاڵ بوونی بەسەر ئەم پرۆژەیدا لە شوێنە جیاوازەکانی‌تری ئێران، ئینجا لە کوردستان وەخۆ کەوت.

ئەو کات، مەهاباد قشڵەی سەربازی نەبوو. ئیجبارییەکانیان لە مزگەوتی «هەباس ئاغا» کۆ دەکردەوە، بەژنیان دەپێوان و لە قەپانیان دەدان و بەمجۆرە شوێنی سەربازیان لە بەشەکانی «پیادە» و «سوارە» بۆ دیاری دەکردن. یەکەمجار کە ئیجباری لە مەهاباد دەستی پێکرد، خەڵک فرە بە پەرۆش و نیگەران بوون. لایان وابوو رۆڵەکانیان کە چوون بۆ سەربازی ئیتر ناگەڕێنەوە، جا بۆیە رۆژانە لەبەر دەرگای مزگەوت حەشرێک بوو کەس نەیبینیێ. لەو هەنگامەیەدا گابۆری دایک و خوشکان دەگەیشتە ئاسمان. هەرکە سەربازە هەڵبژێردراوەکانیان بە سواری «لۆری» رەوانەی ورمێ دەکرد، گریان و لە خۆدان دەگەیشتە ئەو پەڕی خۆی، بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان بەرە بەرە خەڵک راهات.

کاکە مین دەورەی سەربازی خۆی لە مەڵبەندی «شێ سنوور» تێپەڕ کردبوو. لەو جێیە، زۆر جاران چاوی بە پۆلیسی کوردی گەرمێن واتە کوردستانی عێراق کەوتبوو. پۆلیسە کوردەکان کە دیتبوویان خاڵەمین کوردە و هەستی کوردایەتی تێدا بەهێزە، متمانەیان پێکردبوو، و گەلێک جاران دۆخی وڵاتی خۆیان بۆ گێڕابۆوە و گوتبوویان منداڵەکانیان لە قوتابخانەی سەرەتایی دەرسی کوردی دەخوێنن و زۆربەی پۆلیس و ژاندارمەکانی کوردستان لەخۆیانن. ئەوان جارجارەش گۆڤار و رۆژنامەی کوردیان بۆ کاکەمین خوێندبۆوە. کاکە مین خوێندەواری نەبوو، بەڵام بەبیستنی ئێوەڕۆکی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە و بیستنی چۆنیەتی راپەڕین و بزووتنەوەکانی چەکدارانەی رابردووی کورد لە زمانی پۆلیسە کوردەکان دەگەشایەوە و هەستی کوردایەتی تێدا پەروەردە دەبوو. ئەوان باسی بزووتنەوەکانی شێخ «سەلامی بارزانی»، شێخ «مەحمودی حەفید»، شێخ «سەعیدی پیران»، شێخ «ڕەزای

دەرسیم»و شێخ «عەبدولقادر»، دوکتور «فواد»و «ئیحسان نوری پاشا»یان بۆ کردبوو،و بەمجۆرە خاڵەمین ببوو بە لایەنگری رژێمی مەلیک «فەیسەل»و رژێمی ئێرانی خۆش نەدەویست. ئەو دەیگوت: دەوڵەتی پاشایەتی ئێران بواری بە ئێمەی کورد نەداوە وەک کوردی گەرمێن خاوەنی رۆژنامە بە زمانی خۆمان بین،و پۆلیس،و ژاندارمەی کوردمان هەبێ؛ ئەوانە کە زۆری پیاوان چۆل دەبوو،و هەرکام لە پیاوەکان دەچوونەوە هۆدەی تایبەت بەخۆیان، من هێندێک پتر لە لای کاکەمین دەمامەوە. ئەو چای تازەی دەم دەکردەوەو باسی ئەو ڕووداوانەی بۆ دەکردم کە خۆی بیستبووتی،و منیش زۆر باش گوێم بۆ رادەگرت.

شەوێک لە شەوان کە دیوی پیاوان چۆل بوو، کاکە مین باسی سەرهەڵدانەکەی «حەمە هەتیو» هەڵدەسوڕا، کە من تا ئەو شەوە نەمبیستبوو. ناوبراو گوتی حەمە هەتیو پیاوێکی نەخوێندەواری چەرچی سابڵاخی بووە، کە لە گەڕەکی هەرمەنیان لە ڕووبەڕووی ماڵی «عەبدوڵلای ئیسحاقی» ژیاوە،و ژنێک،و چەند منداڵی هەبووە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە هەرێمی موکریان،و بە تایبەتی شاری سابڵاخ ببوە گۆڕەپانی شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی ڕوسیە،و عوسمانی، شاری مەهاباد زۆرجاران ئەو دەست،و ئەم دەستی کردوە. جارێک عوسمانیەکان ئەو شارەیان داگیر کردوە،و جارێکیش ڕوسەکان. دەوڵەتی ئێران هیچ دەسەڵاتی بەسەر ئەو شارەوە نەبووە. لەو بارو دۆخەدا، ژمارە کوردێکی سابڵاخی لەژێر کارتێکردنی ئەفسەرەکانی ڕوسی لایەنگری حیزبی سوسیال دیموکراتی ڕوسیە، خۆیان بە «بلشویک» زانیوە،و لە شارو گوندەکاندا بۆ ئامانجی خۆیان هەڵسوڕاون.

دوای کۆتایی شەڕ کە دەوڵەتی ئێران مەهابادی داگیر کردۆتەوە، بەبیانووی کۆکردنەوەی چەک،وچۆل لە دەست خەڵک، بەڵام بۆ داسەپاندنی دەسەڵات بەگژ حەمە هەتیو،و هەڤاڵانی داهاتووە. بۆ ماوەی چەند ڕۆژان، شەڕێکی قورس،و نابەرامبەر لەنێوان چەکدارەکانی حکومەتی ئێران،و لایەنگرانی «حەمەهەتیو» لە شار هەڵگیرساوە. لەو شەڕەدا، زۆربەی لایەنگرانی حەمەهەتیو و ژمارە سەربازێکی زۆری حکومەتی کوژراون. سەرئەنجام حەمە هەتیو تاق کەوتۆتەوە،و لە پشت سەربازخانەی مەهاباد کە ئێستا ئیدارەی دوخانیاتە، لە گەمارۆ کەوتوە،و پاش شەڕێکی پاڵەوانانە لەبەر دەرگای ماڵی «میرزا غەفووری گەورە» (قادری) کوژراوە.

لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە شەڕی نێوان ڕوسیەی تەزارو دەوڵەتی عوسمانی دەشەتەی کردبووە نێو شاری مەهابادو هەرکام لەو دوو دەوڵەتانە بەشێکی «مەهاباد»یان بەدەستەوە بوو، کاربەدەستانی ڕوس بەخەڵکیان ڕاگەیاندبوو کە بێلایەن بمێننەوەو کەل،و پەلی خۆیان بەهەر دوو لای شەڕ بفرۆشن،و خۆ لەشەڕی نێوان ڕوس،و عوسمانی وەرنەدەن،

بەلام میرزا «فەتاحی قازی» لە شاری مەهابادو «قەرەنی ئاغای مامەش» لە لادێ لەسەر فتوای «حاجی باباشێخ» کە شەڕی نێوان ڕوس و دەوڵەتی موسوڵمانی عوسمانی بە شەڕی نێوان کافرو ئیسلام زانیبوو، و گوتبووی کوردەی موسوڵمان پێویستە پشتی «ئیسلامی» عوسمانی بگرن، خۆیان و خەڵکەکەیان دەشەڕ وەردا. کوردە موسوڵمانەکان لەو شەڕەدا ژمارە سەربازێکی زۆری ڕوسیان کوشت. ئەوان تەرمی کوژراوەکانیان لە دۆڵی «شەلی زەمانی»یان لە پاڵ کێوی «خەزایی» کۆ کردبۆوەو سێرەتی کوژراوەکانیان بڕیبوون و ئابوویانە تیر زاریان و ئەتکیان کردبوون، چونکە کوردەی موسوڵمان لەو جێیە دژی ڕوسەکان «خەزایان» کردبوو، ئەو چیایە ناوی «خەزایی» بەخۆوە گوت و ئێستاش بەو ناوە دەناسرێ.

جاری دووەم کە ڕوسەکان شاری مەهابادیان گرتەوەو ئەو جنایەتەیان بەچاو دیت، خەڵکێکی زۆریان کوشت و تەنانەت لە کوشتنی ژن و منداڵیش چاویان نەپۆشی. لەولاشەوە چونکە «شێخ بابای غەوساوا»یە دژی فتوای «حاجی بابا شێخ» ڕایگەیاند بوو «حاجی بابا شێخ» بەهەڵە چووە و شەڕی نێوان ڕووس و عوسمانی شەڕی نێوان کافرو موسوڵمان نییەو شەڕی دەسەڵات و زۆرداریەو فتوای خەزای ڕوسان بڕیارێکی نادروستە، دواجار کە تورکەکانی عوسمانی شاریان گرتەوە، «شێخ بابا»یان گرت و بە تاوانی داتی فتوا لە گوندی «غەوساوا» لە سێدارەیاندا.

کاکە مین باسی «چەتە»کانی سەردەمی پاشایەتی ڕەزا شای بۆ دەکردم و دەیگوت «چەتە»کان پیاو خراپ نەبوون، واتە دزی و ڕێگرییان نەدەکرد و لە حکومەت و ژاندارم ماسی بوون. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ڕەزاشادا ژاندارم خەڵکی گوندەکانی کوردستانی هەراسان کردبوو. تەشقەڵەیان پێدەکردن و بیانوویان پێدەگرتن و دایاندەپلۆسین، بەرتیلیان لێدەستاندن و لە ژیان جاڕزیان کردبوون. لەبەر ئەوە لەنێو گوندەکاندا مرۆڤی ئاوا هەڵدەکەوت کە دەست لە ژیان بەرداو لەقینی ژاندارم وەچیا کەوێ و ببێ بە چەتە. ئەوان ڕێیان بە ژاندارمە دەگرت و دەیانکوشتن و چەکیان دەکردن و جاروبارەش ئەسپ و وڵاخی سەرۆک عەشیرەتە دەوڵەتخوازەکانیان دەبرد. هەر ئەو چەتانەش بوون کە داکۆکییان لە گوندییەکان دەکردو دەستی فەقیرو هەژارو ژنی هەتیوباری گوندەکانیان دەگرت و یارمەتیان پێدەکردن، خەڵکی لادێ چاو و گوێیان بوون و هاتووچۆ و کردەوەی ژاندارم و ئاغا ملهوڕەکانیان پێڕادەگەیاندن و یارمەتییان دەدان. جل و لیباسیان بۆ دەشوشتن و قەند و چای خۆیان لە زاری منداڵەکانیان دەگێڕاوە و بۆ چەتەکانیان دەبرد. کاکەمین مێشکی پڕ بوو لەو زیانیاریانەو هەمیشە لێی دەکۆڵینەوە تا پتر سەریان لێدەرهێنێ. ئەو ڕۆژانە هەر گوێی بە ڕادیۆوە بوو. هەرچەندە ئەو کات خەڵکی کەمتر ڕادیۆی هەبوو، بەڵام ئێمە ڕادیۆیەکی

Blupunktی باتریداری ئاڵمانی‌مان هەبوو، کە کاکەمین قەت لێی جیا نەدەبووەوە و هەموو هەواڵەکانی دەگرت.

ئەو هەروەها لەمەڕ قاچاخچی‌یەکانی سەردەمی ڕەزا شا-ش دەدواو دەیگوت وابیر ئەکەیتەوە قاچاخچی لەو سەردەمی شار مرۆڤی خوێڕی‌و تریاکو حەشیش فرۆش بوون. ئەوان کەسانێک بوون بۆ ئەوەی گومرگ بە دەوڵەتی ئێران نەدەن‌و شتومەک بە هەرزان لە گەرمێن بێنن، بەنهێنی‌سەفەریان دەکردو دۆڵو چیاکانی کوردستانیان دەبڕی‌و زۆرجاریش تووشی مەترسی دەبوون. ئەوان بەکڵشتی کوتاڵ، پەڕە سیغار، عەتر، سابوون، چایی‌و شتی لەو بابەتەیان دەهێناو خەڵکێکی زۆر لە شارو گوندەکان بەهۆی ماملە لەگەڵ ئەوان ژیانی خۆیان دابین دەکرد. ئەوان بە کۆمەڵ‌و پرچەک هاتووچۆی گەرمێن‌یان دەکردو جارجارەش دەگەڵ ژاندارمە پێکهەڵدەپرژان‌و بەکوشتنی ژاندارمەیەک دەبوونە نوقڵی مەجلیسان‌و خەڵکی شارو دێ‌یان شادو دڵخۆش دەکرد. ئەو قاچاخچی‌یانە مرۆڤی بەهەستو کورد دۆستو نیشتمان پەروەریان تێدابوو کە لە گەرمێنەوە گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیان لەگەڵ خۆیان دەهێناو دەیانگەیاندە دەست دۆستو هەڤاڵانی ڕووناکبیریان. لەبەر ئەمە لای خەڵک بەحورمەت بوون‌و ڕێزیان لێدەگیرا. کاکەمین هێندێکجار بەهەڵکەوت گۆڤاری گەلاوێژی بۆ پەیدا دەکردم‌و دەیگوت وەیخوێنەو کوردی فێربە. منیش خۆم تێدا شل دەکرد تا سەرئەنجام فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بووم.

ئەوسا جموجۆڵی سیاسی بواری نەبوو، هەرچەشنە بزاڤێکی سیاسی لە ئێران‌و بەتایبەتی لە کوردستان‌دا بەتوندی سەرکوت دەکرا. لەو هەل‌ومەرجەدا ژمارەیەک ڕووناکبیری مەهاباد بۆ ئەوەی پۆلیس هەستیان پێ‌نەکا دەستەیان سازکردبوو،و هەر شەوەی لەماڵێک کۆ دەبوونەوەو «جۆرابێن»یان دەکرد، شەوچەلەیان دەخواردو گوێیان دەدایە قەوانی سەید «عەلی‌ئەسغەر»و باسی کوردایەتیان دەکرد. لەنێو ئەو گروپو دەستانەی شەوانەدا ژمارەیەک ڕووناکبیری چالاکو بەکردەوە، دامەزراندنی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»یان هێناوەتە بەرباس. ئەوان شەوێک لە شەوانی ڕەمەزانی ١٣١٧-١٩٣٨ باسی دامەزراندنی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»یان کردوە. کاکەمین دەیگوت ئەو دیاردەیەی لە زمانی عەڤاڵێکی هاوکەرکی بەناوی «ڕەحمان» بیستبوو. ئەو بەراشکاوی نەیدەگوت ڕەحمان کێ‌یە، بەڵام لە ئۆپیی قسەکانیدا کە لە ناوی تێکۆشەران دەدوا دەرکەوت کە ڕەحمان کێ‌یە.

شەوانگایەکی درەنگ کە دیوی پیاوان چۆل بوو، کاکەمین بە دابی شەوانی پێشوو چای تازەی دەم کردەوەو بە شێنەیی پاڵی بەنوێنەکانی پاڵپشتی دایەوەو سیغارێکی پێکردو

مژێکی قوولی جگەرسۆزی لێدا. ئینجا دوو چای تێکردو یەکی لەپێش من داناو بۆ ئەوەی چایەکەی خۆی زوو سارد نەبێتەوە نالبەکیەکەی لەسەر داناو هەستی راگرت، کە دڵنیا بێ کەس گوێبیس نییە. پاشان خۆی قیت کردەوەو دەستی لە باخەڵی ناو لەسەرەخۆ کوتە کاغەزێکی چرووکی چرچشاوی دوو لەتی دەرهێناو بە هێمنیو بە دەنگێکی نزم گوتی: وەیخوێنە! ئەوە هەمان بەیاننامەیە کە خەڵک باسیان لێدەکردو بەدیواری مزگەوتو بازارەکانی شاریان لکاندبوو.

هەرچۆنێک بوو دەقی بەیاننامە -دەست نووس- کەم خوێندەوە، لەودا داوا لە جەماوەری کورد کرابوو، کە بە هانای ئەو لاوانەوە بچن کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خەبات دەکەن. کاکە مین دەیگوت: پۆلیس بە تاوانی ئەو بڵاو کراوەیە کەنجێکی بەناوی «حاجی خوسرەوی» گرتووەو چەند کەسێکی لەو پێوەندیەدا بۆ هەرێمی ژووروی ئێران یانی «شیراز» و «کرمان» دوور خستۆتەوە، ئەوانەی کە من شارەزایانم «حوسێنی زێرینگەران» و «محەممەدی راتبی» (حەمەدی مەولودی)ن کە دوورخراونەتەوە. ئەو لە درێژەی گوتنەکەیدا رایگەیاند دەنگۆ دەشار کەوتبوو کە «حاجی»یان شکەنجە کردوەو تەنانەت دەیانگوت لوتیان بڕیوە، بەڵام هیچی نەدرکاندوە. شەوێکی‌تر، کاکە مین سەری باسەکەی کردەوەو گوتی:

- دەڵێن لە رەوتی ئەو گفتوگۆیانەدا کە هەڤاڵان بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی کردویانە، ژمارەیەک کەنجی خورت، بەڵام کەم ئەزموون رایان وابووە کە بەر لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوەیە بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ لای ژ-کو پشتگیری کردنیان لەو، بانگەوازێک بەنهێنی بڵاو بکرێتەوە، بەڵام زۆربەی هەڤاڵان لەگەڵ ئەو بیرە نەکەوتوونو ئەو هەنگاوەیان بە کردەوەیەکی بەناوەخت زانیوە. کەچی ئەو چەند کەسە بەبێ ئیزنی لایەنەکەی‌تر بۆخۆیان ئەو کارەیان ئەنجام داوەو بوون بەهۆی وشیار کردنەوەی پۆلیسو گیرانی هەڤاڵانیان. لەنێو ئەو بەشەدا ناوی «عەزیزی زەند»ی (عەزیز ئاڵمانی)و «عەبدولرەحمانی زەبیحی» لەسەر زاران بوو.

کاکەمین بەگوێرەی گوتنی دۆستانی، ناوی گروپێکی دەبرد کە لە دەستەی شەوانەدا بەشدار بوون، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت، کە ئەو بۆ خۆیشی یەکێک لەو کەسانە بووە، کە لە گروپی ئەو هاورێیانەدا بەشداریکردوە، ناوبراو، ناوی ئەو کەسایەتی‌یانەی بەمجۆرە ریز دەکرد:

قاسمی قادری ماموستای قوتابخانە، سەعیدی یوسفی کارمەند، محەممەد ئەمینی خاڵقی کارمەند، محەممەدی ئەسحابی ماموستای قوتابخانە، عەلی مەحموودی ماموستای

قوتابخانە، رەحیمی لەشکری کارمەند، رەحمانی کەیانی دووکاندار، قادری مودەریسی کارمەند، رەحمانی سەدیقی ڕووناکبیر، رەحمانی زەبیحی گەنج، حاجی خوسرەوی گەنج، محەمەدی راتبی (حەمەدی مەولودی)، حوسێنی فروهەر (حوسێنی زێرینگەران)، محەممەد رەسوولی وەتەنیشی ناسراو بە(سەرسوور)، عەبدولی کەرباسی، محەمەدی قاسمی (مەلەک) بەرگ دروو، رەحمانی ئیمامی کارمەند، محەمەدی نانەوازادە ڕووناکبیر، محەمەدی بابانزادە ڕووناکبیر، نەجمەدینی تەوحیدی کارمەند، محەمەدی علمی کارمەند، محەمەدی یاهو کارمەند، رەحمانی عەلەوی خوێندکار، عەزیزی زەندی (عەزیز ئاڵمانی) ڕووناکبیر، مەلای عەبدوڵڵای داودی (مەلای حەجوکی) ڕووناکبیر، محەمەد ئەمینی شەرەفی دووکاندارو حەبیبی سابوونچی (میرەکەری). دواجار دەرکەوت ژمارەیەک لەو تێکۆشەرانە لە ساڵی ١٣١٧-١٩٣٨دا راستەوخۆ دەستیان هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی «ژ- ک»داو بۆ منیش دەرکەوت کە کاکە مین ئەندامی ژ- ک بوو.

کاکەمین هەروەها باسی راپەڕینی مەلا «خەلیلی گۆرەمەڕ»ی بۆ دەکردم کە لە ساڵی ١٣٠٧-١٩٢٨ دژی دەوڵەتی رەزاشا رووی دابوو. رەزاشا لاسای «کەمال ئاتاتورکی» کردبۆوەو فەرمانی‌دا بوو هەموو دانیشتوانی ئێران «کۆت‌و شەڵوار»ی ئوروپی دەبەرکەن‌و کڵاوی پەهلەوی بکەنە سەریان. لە لای ئێمە پێیان دەگوتن «تەپلەو دوولینگی پەهلەوی». ئەو کڵاوانە، بەچەشنی کڵاوەی ئێستای پۆلیسی «فەرانسە» بوون. مەلا خەلیل، کە مەلایەکی بەدەسەڵاتی هۆزی مەنگوڕ بوو، نەچووە ژێرباری ئەو فەرمانەو دژی راپەڕی.

ئەرتەشی ئێران هێرشی کردە سەر مەلا خەلیل، بەڵام چونکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، رەزاشا ناچار بوو مل بۆ ویستی مەلا خەلیل راکێشێ‌و خەڵکی گوندەکانی کوردستان لە پۆشینی تەپلەو دوو لینگی پەهلەوی رزگار بکات‌و جیرەو موچە بۆ مەلا خەلیل‌و چەند سەرۆک عەشیرەتی مەنگوڕ بیڕێتەوە. ساڵی ١٣٠٧ی‌ هە ئێستاش لە مەهابادو ناوچەی مەنگوڕان بەساڵی مەلا خەلیل دەناسرێ‌و هەر منداڵێک لەو ساڵەدا لە مەهاباد لە دایک بووە، ناوی خەلیل‌یان لەسەر داناوە.

فەرمانی رەزاشا لە شارەکاندا وەک خۆی مابۆوە، حکومەت ئەو کات بۆ وەرگرتنی باج لە فرۆشتنی بەرهەمی گوندییەکان لە چوار سوچی شاری مەهاباد «رادارخانە»ی دانابوو،و باجیان دەستاند. لە هەرکام لەو بنکانەی رادارخانەدا، پاسەوانێکی مەقەست بەدەستیان دانابوو، هەر کەسێک بە پانتۆڵی کوردییەوە هاتبایە شار ئەو پاسەوانە نیفەکی پانتۆڵەکەی دەبری‌و ئەتکی پێدەکرد. لەبەر ئەوە بوو کاتێک ئاغا یاخود کەسێک لە خەڵکی دێیەکان دەهاتە مەهاباد تەپڵەو دوو لینگی پەهلەویشی بە پاشکۆی وڵاخەکەیەوە هەڵدەوەسی‌و لە

قەراخ شار تەپڵەی دەکردە سەری و دوولینگیشی دەپێندەکرد. هەر لەو رۆژگارەشدابوو کە چارشێوی ژنان لە مۆد کەوت. گێڕانەوەی ئەو رووداوە مێژووییانە لە لایەن کاکەمینەوە هەستی نەتەوەیی منیان پاراو دەکردو بە دڵ ئاواتەخواز بووم رۆژێک بچمە ریزی ئەو کەسانەوە کە دڵیان بۆ گەل و نیشتمانیان لێدەدا. ئەوانەو خوێندنەوەی رۆژنامەی «رێیا تازە» کە لە لایەن کوردەکانی «ئەرمەنستانی سۆڤیەت»ەوە بە پیتی لاتینی «رووسی» دەردەچو منیان هاندا لە تەمەنی هەژدە سالیمەوە بێ بنیمە گۆڕەپانی سیاسەتەوەو لەگەڵ ژمارەیەک لە دۆستانی هاوقوتابیم «سازمانی جەوانانی کورد» لە مەهاباد دامەزرێنم.

## دامەزراندنی سازمانی جەوانانی کورد.

لە دووی خەرمانانی سالی ١٣٢٠-١٩٤١، ئەرتەشەکانی یەکگرتووی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، ئینگلیس و ئەمریکا دژی دەستدرێژی «ئالمانی نازی» ئێرانیان داگیر کرد. مەبەستی سەرەکی ئەو وڵاتانە لە داگیرکردنی ئێران ئەوە بوو کە ئەمریکا بتوانێ بە ئێراندا چەکوچۆڵ بنێرێ بۆ سۆڤیەت کە «هیتلێر» بەشێک لە خاکەکەی داگیر کردبوو. هەروەها پێش بە پاوانخوازی نازی بگرن کە سیخورەکانی لە پەنای رژێمی «رەزا شا»دا خەریک بوون دژی بەرژەوەندی هێزی هەڤگری جیهانی، ئەرتەش ئێران و عەشایری ژووروی ئێرانیان باردەهێنا، تا بەیارمەتی ئەوانەوە خۆ بگەیەننە «کەنداوی فارس»و نەوتی ئێران بخەنە ژێردەستی خۆیان، کە ترخێکی باڵای ستراتیژی بۆ ئەوان هەبوو. نازییەکان هەروەها دەیانەویست بەدوای داگیرکردنی نەوتی ئێران، خۆ بگەیەننە نەوتی وڵاتە شێخ نشینەکانی «کەنداو»و تەنانەت نەوتی «باکۆ»ش داگیر بکەن و لە پشتەوە زەبر لە سۆڤیەت بوەشێن کە بەداگیر کردنی ئێران لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە تەواوی ئەو سەناریۆ خەیاڵییانە پووچەڵ کرانەوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی رەزاشادا، هەرێمی جوغرافیای سیاسی کوردستانی دابڕ دابڕ کرا. بەشێک بوو بە پارێزگای کرماشان و بەشێک بەناوی «کوردستان» ناوەندی سنە مایەوەو «ئیلامی»ش لە بەشەکانی تر جیا کرایەوە، بەڵام بەشی کوردنشینی «موکریان» تا دەگاتە داوێنی ئاگری (ئارارات) خرایە پاڵ ئازەربایجانی رۆژئاوا و بەناوی پارێزگای ورمێ

کراو ناوی کوردی لەسەر هەڵگیراو تەنانەت ئازەربایجانیشیان بەشکردو بەشی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوایان لێدروست کرد. مەبەستی دەوڵەتی ئێران لە دابەشکردنی نەخشەی جوغرافیای سیاسی کوردستان بە روونی لە کتێبی «جوغرافیای سیاسی ئێران» نووسینی ژێنراڵ «رەزم‌ئارا»و بڵاو کراوە بۆ زانکۆی ئەفسەری تاراندا نووسراوە. رەزم‌ئارا لەو کتێبەدا لە باسی شوێنە جیاوازەکان دەبێتەوەو دەگاتە سەر کوردستان‌و ئەوەڵ لەسەر کرماشان دەڵێ: «زۆربەی خەڵکی ئەو مەڵبەندە شیعەن‌و هاو مەزهەبی ئێمەن‌و دەکرێ بەچاوی دوست تەماشایان بکەین. ناوبراو لەسەر مەڵبەندی ئیلام-یش هەر بەمجۆرە دەدوێ. دەربارەی مەڵبەندی سنە، کە بە ناوەندی پارێزگای کوردستان دەژمێردرێ، دەڵێ: «ئەوانە سوننین‌و جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئێمە، بەڵام مەترسی کەمیان لێدەکرێ.» کە دەگاتە مەهابادو مەڵبەندی موکریان دەنووسێ: «لێرە هەستی نەتەوایەتی کورد توندو بەهێزەو ئەفسەران دەبێ بە وریایی چاوەدێری لێ‌بکەن.»

ئەرتەشی وڵاتانی یەکگرتوو، بەپێی ئەو دابەشکردنە جوغرافیایە ئێرانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد. باکووری کوردستان کەوتە دەست سۆڤیەت‌و ئەرتەشی ئینگلیسیش لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بوو. لەو بەشانەی کوردستاندا کە ئینگلیسی تێدا جێگیر بوو، هیچ گۆڕانکاریەک رووی نەداو حکومەتی ئێران هەروا بەدەسەڵات مایەوە. لە بەشەکەی سۆڤیەتیشدا، حکومەتی ئێران نیمچە دەسەڵاتێکی بۆ مابۆوە. کاتێک، هێزەکانی هەڤگری دژی «نازیسم» ئێرانیان پەلامارداو وایان بیر دەکردەوە کە لەگەڵ ئەرتەشێکی جەنگاوەری یەکگرتوو رووبەروو دەبن. بەڵام، هەرکە هێزەکانی هاوپەیمان لە باکوورو باشووردا خزانە نێو ئێران، ئەرتەشی ئێران بەبێ تەقەی تەقەیەک لە تفەنگ بۆ تەسلیمی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان بوو.

بە نزیک بوونەوەی ئەرتەشی روس لە مەهاباد، خەڵکی ئەو شارە بەتێکڕایی شاریان چۆڵکردو خۆیان کەیاندە گوندەکانی دەوروبەری. بەساڵداچووەکانی شاری مەهاباد کە شاهیدی زیندووی کوشتاری ساڵی ١٢٩٦-١٩١٧ ئەرتەشی رووسیەی تەزاری لە مەهاباد بوون لەترسی دووپات بوونەوەی ئەو کارەساتە خەڵکیان هاندا کە خۆ دەرباز بکەن، بەڵام سەرکردەی سوپای سۆڤیەت گەیشتە مەهابادو لە زارکی کۆڵانی «مزگەوتی سوور» بەخەڵکی راگەیاند: «لەشکری سوور بۆ یارمەتی کردن بەئێوە هاتووە. بە ئازادی جل‌و بەرگی کوردی دەبەر کەن، چەک هەڵگرن‌و ئێمە دەست لە کاروباری ئێوە وەرنادەین.» بەمجۆرە ئەوانەی مەهابادیان بەجێ هێشتبوو، گەڕانەوە بۆ مەهابادو وڵات ئەهوەن بۆوە. ئەوەش دەبێ بڵێم بە هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان دامودەزگای «رەزاشا» لەبەریەک چوو.

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠-١٩٤١ ڕەزاشایان بۆ دوورگەی «موریس» لە ئەفریقا دوورخستەوەو کورەکەیان لەجێ داناو ڕەزاشا لە دوورگەی موریس چاوی لەسەریەک داناو مرد.

بەم جۆرە فەزایەکی لەبارو تاوەڵەی سیاسی لە ئێراندا پێکهات و خەڵک دەیانتوانی بە ئازادی قسە بکەن، بنووسن و ڕێکخراوەی سیاسی ڕەنگاو ڕەنگ دروست بکەن. لە مەهابادیش هەل ڕەخسا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەی سیاسی و لە ساڵی ١٣٢٠-١٩٤١-١٣٢٥-٢١٩٤٦ بۆ ماوەی پێنج ساڵان مەڵبەندی موکریان تا بناری ئارارات ئازادانە پشویداو سەربەخۆ بوو. لە مەهاباد جیا لە ئیدارەی پۆلیس و فەرمانداری کە ئەوانیش پاشان دامەزرانەوە و سەرلەنوێ بەدەستی خەڵک کۆ کرانەوە، بنکەی سیاسی حکومەتی لێ نەمابوو. ڕوسەکان، ئەفسەرێکی ڕوسی بەچە ئازەریان بەناوی «مازور عەبدوڵلائۆف» کردبوو بە بەرپرسی سیاسی و ئاسایشی مەهاباد و چەند سەربازی ڕوسیشیان خستبووە ژێر فەرمانی.

جیا لە «مازور عەبدوڵلائۆف»، ئەفسەرێکی ڕوسیش هەبوو بە ناوی «جەعفەر ئۆف»، کە کوردی ئەرمەنستان بوو. جەعفەر ئۆف بەرواڵەت سەرۆکایەتی تیپی وەرزشی سەربازەکانی ڕوسی لە ورمی بەملەوە بوو. ئەو جارجارە لەگەڵ چەند یاریکەری ڕوسی لە ورمێوە دەهات بۆ مەهاباد و لەگەڵ ئێمە قوتابییەکانی قوتابخانەی ئامادەکی بەناوی «دەبیرستانی پەهلەوی» یاری والیباڵیان دەکرد. ناوبراو هەموو جاری چەند ڕۆژنامەی کوردی «ڕیا تازە»شی بۆ دەهێناین، کە لە لایەن کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتەوە لە «ئێرەوان» دەردەچوو. من ئەو ڕۆژنامەیەم دەخوێندەوە. لە دەقی وتارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا باسی «کومسومۆل» کرابوو. لە «جەعفەر ئۆف»م پرسی کونسومۆل چییە، ئەو ناوەکەی بۆ شی کردمەوەو گوتی «کونسومۆل» سازمانی جەوانانی حیزبی کومونیستی سۆڤیەتە. ئەو ناوە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ماوەیەک بیرم لێکردەوەو سەرئەنجام بڕیارمدا بۆ دروست کردنی سازمانی جەوانانی کورد لەگەڵ ژمارەیەک دۆستی نزیکم قسە بکەم، بەڵکو بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی «سازمانی جەوانانی کورد» هەوڵ بدەین. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بانگەوازێکم دەرکرد کە بەکورتی دەقەکەی بەمجۆرە بوو:

**لاوان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئێمەی لاوی کوردیش بۆ ئەوەی بتوانین دەنگی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای بەرز بکەینەوە، پێویستە سازمانێک دامەزرێنین. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە گشت لاوانی وڵات دەکەم بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ بە هانامەوە بێن.**

بەر لە بلاو کردنەوەی ئەو بانگەوازە، چەند هەڤاڵی نزیکەم ژێر بانگەوازەکەیان ئیمزا کرد. ئەوانە بریتی بوون لە: سەدیقی سیاسەری، عەبدوڵڵای حەکیمزادە، سەدیقی خاتەمی، عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموود زادە، سەید عەبدوڵڵای زەکی، عەزیزی فەرهادی، مستەفا ساجبلاخچی، پاشان تۆماری ناوەکان و بانگەوازەکەمان دا بە سەدیقی سیاسەری کە بە لاوانی مەهابادی ئیمزا بکا. لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەی ئیمزاکەرەکان گەیشتە ٢٥ کەس. پێویستە ئەوەش بڵێم کە هیچکام لە ئێمە ئەزموونی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی‌مان نەبوو، بەڵام بەرەبەرە لە پراکتیکدا خۆمان گەیاندە ئەو پلەیە کە ڕێکخراوەکەمان هەڵسوڕێنین.

ئینجا لەو فکرە کەوتین یانەیەک سازکەین. بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو مەبەستە «عەبدوڵڵای حەکیمزادە»مان دیاریکرد شوێنێک بدۆزێتەوە، سەرئەنجام لە ڕوو بە ڕووی نەخۆشخانە کۆنەکەی مەهاباد واتە «شێروخورشید» خانوبەرەی «ساڵحزادە»ی دەرمان فرۆشمان مانگی بە ٣٥ تمەن بەکرێ گرت و ئەمجارە بۆ پەرداخ کردن و پۆشتە کردنی کەوتینە هەوڵ و هانامان بۆ خاوەنی چاپخانەکانی شار برد و داوای یارمەتیمان لێکردن. ئەوان بەدڵێکی فراوانەوە پێشوازیان لێکردین و گوتیان هەرچی پێویستانە فەرموون. بۆ ئەوەی زەحمەتیان نەکەوێتە سەر لەهەر چاپخانەیەک دوو سەندەلی و کورسی‌یەکمان بارکرد و بۆ ڕازاندنەوەی یانەکەشمان هەرکام لە هەڤاڵان بەپێی توانا کتێبیان پێشکەش کرد. وەستا «عەلی دارتاش»یش قەفەزەیەکی پێشکەش کردین و کتێبخانەیەکی خشپیلانەمان پێ ئامادە کرد. چەند وێنەی شێخ سەعید، شێخ عەبدولقادر، ئیحسان نوری پاشا و دوکتور فواد و وێنەیەکی خەیاڵی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی‌مان هەڵواسی و بۆ ڕەزامەندی ڕووسەکانیش وێنەی ستالین، لینین، مارکس و ئنگلس‌مان بە دیوارەوە نکاند و تەختە ڕەشێکیشمان لە قوتابخانە وەچەنگ خست. بەمجۆرە لە کۆتایی مانگی خاکە لێوەی ساڵی ١٣٢١-١٩٤٢دا سازمانی جەوانانی کوردمان دامەزراند.

لە کۆبوونەوەیەکدا، کە لە باخی «مکایلی» لە شاری «ئەشکەوتی لورەدین»ی پێکمان هێنا، هەڤاڵان پێک ئاشنا بووین و لەسەر چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کار و خەباتی سازمان گفتوگۆمان کرد. لە دەسپێکردی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەڤاڵان بە دەنگی تێکڕایی و ئاشکرا، من و عەلی مەولەوی، ئەحمەدی ساڵحیان، قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی-یان بۆ بەڕێوەبەری و هەڵسوڕاندنی سازمانی جەوانان هەڵبژارد، چونکە من ئەخشی سەرەکیم هەبوو لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیەدا کرام بە بەرپرسی یەکەمی سازمانی جەوانان. لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها بڕیاردرا بۆ ئاگادار بوون لەیەکتر و لە خەباتی سازمان، گشت

رۆژانی هەینی کۆڕێکی تێکراپی لە باخی مکایلی پێبەستین. جیا لەوە، بڕیاردرا هەڤاڵان رۆژانی هەینی بەپێی توانا خواردەمەنی بێنن تا سفرەیەکی تێکراپی بچنینو وێکرا نان بخۆین. بەو هەڤاڵانەی کە لەباری ئابوورییەوە دەست رۆیشتوبوون گوترا هەرکام چەند فیشەکێک لەگەڵ خۆ بێنن تا هەڤاڵان فێری تەقە کردن بن.

بڕیاردرا هەڤاڵان سروودە کوردییەکان لەبەر بکەنو سەید «عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان»یش هاندرا بۆ کۆبوونەوەی رۆژانی هەینی شیعر بهۆنێتەوە، بڕیاردرا هەمووجاری پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە بەشێوەی خۆپێشاندا بەیەکەوە بگەڕێینەوە بۆ نێو شاری مەهابادو بۆ راکێشانی سەرنجی لاوەکانیتر دوو سێ گوڵلەش لەنێو شاردا بتەقێنین. یانەی لاوان کە هەر بەو ناوەش دەناسرا هەموو رۆژێ لە ساعاتی ۹ی بەیانی تا ٥ی ئێوارە کراوە بوو،و هەڤاڵان بە نۆرە لەوێ دەمانەوەو هۆڵەکەیان خاوێن دەکردەوە. ئەوسا تازە گۆڤاری «نیشتمان» دەردەچو. هەڤاڵانمان هاندا گۆڤارەکە بخوێننەوەو ئەم دەستو ئەو دەستی پێبکەنو پاشان بیدەن بە کتێبخانەی یانە. جارجارەش رۆژنامەی «ژین»و گۆڤاری «گەلاوێژ»مان وەچەنگ دەکەوت.

مودیری قوتابخانەکەمان بەناوی «سریع‌القلم» کوڕی فەرماندارێ شاری مەهاباد بوو. ئەو بە پۆلیسی راگەیاندبوو، کە ئێمە تەختەرەشی قوتابخانەمان بردووە، ئەوە لە حاڵێکدابوو کە دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە مەهاباد بپارێزێ گوشاری خستبوە سەر روسەکان کە ئیزنیان بداتێ وەک رەمز ئیدارەی «فەرمانداری»و «شارەوانی» لە مەهاباد بکاتەوە، بەمجۆرە دەوڵەتی ئێران لەسەر ئیزنی روسەکان تازە سەرلەنوێ ئیدارەی فەرمانداریو «شارەوانی» مەهابادی دامەزراندبووەو سەرگورد «قوبادی» خەڵکی کرماشان سەرۆکی شارەوانی بوو. سەرگورد قوبادی لەگەڵ «عەزیزی مەولەوی» ماموستای قوتابخانە داوایان لەمن کرد بێن بۆ یانەو لە شکایەتی مودیری قوتابخانە بکۆڵنەوە. ئێمە تێگەیشتین سەرۆکی شارەوانی بە قیتو پلانی بابی مودیر قوتابخانەکەمان «سریع‌القلم» دەیەوێ شکایەتی کوڕی فەرماندار بکاتە بیانوو،و بەمجۆرە بێتە یانە تا بزانێ لەوێ چ خەبەرە.

من سەعات چواری پاش‌نیوەڕۆیەم (١٦٠٠) بۆ سەرۆکی شارەوانیو عەزیزی مەولەوی نوێنەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دیاریکرد، بەڵام بەر لەو کاتە ئێمە بۆ ئەوەی حکومەت بیانوومان پێنەگرێ تەختەرەشەکەمان بردە ژێرخانی یانەو وێنەکانیشمان لە دیواری یانە کردەوەو ئەوان هیچیان گیرنەکەوت.

ژمارەی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە یەکەم ساڵی خەباتی‌دا سەری لە ١٣٠٠ لاو دا، ئەو ژمارەیە بۆ مەهابادی ئەو کات کە نزیکەی ١٤٠٠٠ کەسی دانیشتو هەبوو

ژمارەیەکی بەرچاو بوو، ئەو ڕێکخراوەیە توانی لە سیاسەتی ناوچەی هەڵسووڕانیدا ڕۆڵێکی گرنگ سیاسی بگێڕێ‌و هەستی کوردایەتی خەڵکی بەرز کردەوە.

## چەککردنی شارەوانی مەهاباد

بە هاتنی «هوردوی سوور»ی سۆڤیەت بۆ مەهاباد تەواوی ئاسەواری ڕژێمی «تاران» لە مەهاباد، نەغەدە، بۆکان، پیرانشارو شنۆ کۆ کرایەوە. لە هەرکام لەو شارانەدا ئەفسەرێکی سیاسی ڕوس کرا بە بەرپرسی ئاسایش. «ماژور عەبدوللائۆف» لە مەهاباد، کاپیتان «سەمەدئۆف» لە نەغەدەو کاپیتان «حەقوێردیئۆف» لە شنۆ جێگیر کران. ئەوانە هەموویان تورکی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون. کاپیتان «غازعەلیئۆف»یش لە میاندوئاو کە هەموو دەورو بەرەکەی کوردن جێگر کرابوو،و بەرپرسایەتی «بۆکان»یشیان دابوویە. ئاربراو زۆرجاران کە ئەرتەشی ئێران لە سەقزەوە بەرەو مەهاباد دەهات، لە گوندی «ئەلەرەموسالیان» پێشی پێدەگرتن‌و نەیدەهێشت بەرو پێش بێن.

جیا لە هەرێمەکانی موکریان، لە ئیلام، کرماشان، سنەو سەقز کە لە دەستی هێزەکانی ئینگلیسی‌دا بوو، ئەرتەشی ئێران خاوەن دەسەڵات بوو. لە ئازەربایجانیش دەزگاکانی حکومەتی بەدەست لێنەدراوی مابوونەوە، بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو. هوردوی سوور بە تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەو هەرێمەی کوردستان کە لە لایەک لە سنووری بەشەکانی‌تری کوردستانی ژێر دەستی تورکیەو عێراق هەڵکەوتبوو،و لە لایەکی‌ترەوە تەجربەی مێژوویی لە شەڕەکانی پێشووی خەڵکی ناوچەی مەهاباد دژی ڕوس‌و دەوڵەتی ئێران هەبوو، بۆ ئەوەی لەو هەرێمەی موکریاندا ئاژاوە دروست نەبێ، ئیزنی نەدەدا حکومەتی ئێران بە هێزی سەربازی دەست لە کاروباری ناوچەی مەهاباد وەردا، ئەگینا بەڕای من ڕوسیە پلانێکی تایبەتی بۆ ئەو هەرێمە نەبوو. بۆ وێنە، کاتی پێکهاتنی «کۆماری کوردستان» لە مەهاباد ڕوسەکان لەسەر ویستی «باقرئۆف» سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت ڕازی نەبوون کوردستانی بەشی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سەربەخۆ بێ. ئەوان دەیانەویست بەپێی ئەو دابەشکردنە جوغرافیایەی ڕەزاشا کە ئەو بەشەی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان خرابوو،

بەشێک بێ لە خاکی ئازەربایجان، کە لە جێی خۆیدا باسی لێدەکەم.

شارەوانی‌و فەرمانداری کە تازە لە مەهاباد دامەزرابوونەوە، بەرە بەرە بوون بە هۆی ئازەزامەندی خەڵک. لەبەر ئەوە، خەڵکی مەهاباد ناچار بوون لە مانگی گوڵانی ساڵی ۱۳۲۲- ۱۹٤۳دا دەست بەسەر شارەوانی‌دا بگرن‌و ئەو بنکەیە کۆ بکەنەوە، کە ڕووداوەکەی بەمجۆرە بوو:

ڕۆژێک دەنگۆ داکەوت کە خەڵکێکی زۆر لە مزگەوتی «هەباس‌ئاغا» کۆ بۆتەوە. بە بڵاو بوونەوەی ئەو خەبەرە، شار شڵەژا. ئێمەش ئەندامانی سازمانی جەوانان کە پێمان زانی کۆمەڵێکمان بەرەو مزگەوتی هەباس‌ئاغا چووین. حەشیمەتێکی زۆر لە حەوشی مزگەوت‌و دەرەوەی کۆ ببوونەوە، ئێمەش تێکەڵاوی خەڵکەکە بووین. «عەزیز خانی کرمانج»و «حوسێنی فروهەر» (زێڕینگەران) شان بە شانی یەک ڕاوەستابوون‌و عەزیز خان هێندێک دەربارەی مێژوو و بەسەرهاتەکانی نەتەوەی کورد و زوڵم‌و ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی‌و بەتایبەتی پۆلیس‌و ژاندارم لە کوردستاندا قسەی بۆ خەڵک کرد‌و پاشان گوتی:

– **«نازانم بۆچی‌و بە ئیزنی کێ شارەوانی سەرلەنوێ لە مەهاباد دامەزراوەتەوە‌و فەرماندار حوکم دەکا. ئێمە هەموو دەزانین بە فیتی ئینگلیس‌و ئەمریکا کوڕی «ڕەزاشا» خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندوە‌و دەیهەوێ بەزمە چەپەڵەکەی باوکی بژێنێتەوە‌و سواری ملی خەڵک بێ. ئەگینا بۆچی هاتووە بنکەی شارەوانی لە مەهاباد دامەزراندوە؟ ئێمە بنەماڵەی «پەهلەوی»مان ناوێ‌و ناشمانەوێ جارێکی‌تر ژاندارم‌و پاسەوان‌مان بخەنەوە گیان. ئێمەی کورد بیرەوەی ئاڵمان لەوانە هەیەو ئێستاش لەبیرمان نەچۆتەوە ئەو پاسەوانانە چۆن بەتاوانی دەبەرکردنی لیباسی نەتەوایەتیمان ئێفەکیان دەبڕین. ئێمە شارەوانی حکومەتی ئێران‌مان پێویست نیەو دەبێ ئەو بنکەیە کۆ بکەینەوە.»**

بەمجۆرە عەزیزخان‌و حوسێنی فروهەر بەرەو شارەوانی وەپێش خەڵکەکە کەوتن. شارەوانی ۱۲ پاسەوانی تێدا بوو، و سەرکوردە «قوبادی» خەڵکی کرماشان سەرۆکی بوو. بەر لەوە، کاتێک پاسەوانەکان بۆ کڕینی پێداویستی‌یەکانیان لە شارەوانی دەهاتنە دەر، کڵاوەکانیان هەڵدەگرت‌و لە جیاتی دەسماڵێکیان لە سەری خۆیان دەهاڵاندو بە کڵاوی پاسەوانی نەدەهاتنە نێو خەڵک. پاسەوانەکان جیا لە یەک کەسیان هەموو تورکی ئازەری بوون‌و لەنێو ئەواندا ژمارەیەک هەبوون کە خەڵک زۆریان لێ‌ئاخدار بوون. ئەوان کاتی دەسەڵاتداریتیان زۆریان زوڵم لە خەڵک کردبوو. لە «ڕادارخانە»کانی دەوری شار کە شوێنی وەرگرتنی باج لە خەڵک بوون، ڕادەوەستان‌و بە مەقەست ئێفەکی ئەو گوندیانەیان دەبڕی کە پەپانتۆڵی کوردییەوە دەهاتن بۆ مەهاباد. لەنێو پاسەوانەکاندا «عەبدوڵڵای خانەخەمیر»

ئوردی خەڵکی مەهاباد بوو.

حەشیمەتەکە چەکیان پێنەبوو، کاتێک بەدەستی بەتاڵ گەیشتنە بەر شارەوانیو ئامبازی شارەوانی بوون «عەبدوڵلای خانەخەمیر» لەسەر بانی شارەوانییەوە تەقەی لە خەڵک کردو کەسێکی کوشت کە ئەویش بە هەڵکەوت ناوی «عەبدوڵلا» بوو، بە کوژرانی «عەبدوڵلای مینە خاڵندی» خەڵک گڕی گرتو خۆیان بەدەرگا بەسراوەکەی شارەوانی داداو لە ڕێشمەیان بردو وەژوور کەوتن. لەو ڕووداوەدا شەش پاسەوانی تورک کوژرانو «عەبدوڵلای خانەخەمیر»و پاسەوانەکانی‌تر کە لەسەر بانی شارەوانی بوون خۆیان خستە لای پشتەوەی شارەوانیو دەرباز بوون.

عەبدوڵلای خانەخەمیر خۆی گەیاندە سەقزو پەنای بۆ ئەرتەشی ئێران بردو لە شەرمساریان قەت نەگەڕایەوە بۆ مەهاباد. سەرگورد «قوبادی»و «سریع‌القلم»ی فەرمانداریش بەبێ ئەوەی کەس بەرنگاریان بێ، خۆیان دەرباز کرد. بەمجۆرە ئەو دوو دایرەیەی کە دەوڵەتی ئێران ناردبووتی بۆ مەهاباد لە مانگی گوڵانی ساڵی ۱۳۲۲-۱۹٤۳دا کۆ کرانەوە، بەڵام چەند ئیدارەی‌تری وەک دوخانیە، مالیە، سەبتو سجیل لە مەهاباد مانەوەو لە تارانەوە موچەی کارمەندەکانیان دەهات.

## مەهاباد شاری ئازاد

پاش چەککردنی شارەوانیو ڕاکردنی فەرمانداری مەهاباد، خەڵکو ماقوڵانی شار هاتنە سەر ئەو بڕیارە کە بۆ پاراستنی ئاسایش خەڵکی شاری مەهابادو چاوەدێری کردن لە بازاڕو کۆڵانەکانی شار، کەسێکی جێ متمانە بە سەرپەرشتی شاری مەهاباد دیاری بکەنو ئەویش چەند کەسێکی باوەڕپێکرا لە ژێردەستی خۆیدا کۆ کاتەوەو بەرپرسایەتی شار بەئەستۆ بگرێ، بەم مەبەستە ژمارەیەک ڕدین‌سپی شاری مەهاباد لە ساختمانی بەلەدیەی شار کۆ بوونەوەو بە دوای گفتوگۆیەکی چەند ساعاتەدا، کە قازی محەمەدیشی تێدا بەشدار بوو. بەو ئاکامەی گەیشتن کە جەنابی قازی محەمەد بکەن بە لێپرسراوی شاری مەهابادو سەید «حەیدەری نیزامی»ش بکەن بە بەرپرسی ئاسایشی شار.

قازی محەمەد یەکەم کەسایەتی مەهاباد بوو کە شیاوی سەرپەرستی کردنی شار بوو. ناوبراو کوڕی قازی «عەلی» بوو، قازی عەلی لە تەمەنی لاوەتییەوە «قازی شەرعی» مەهاباد بوو. قازی محەمەد سەردەمێک سەرۆکی ئیدارەی پەروەدەو بارهێنان (ئاموزیش)و

پەروەریش‌ای شار بوو. خەلکی مەهاباد دەیانزانی لێوەشاوەیی بەرێوە بردنی ئەو ئەرکەی هەیە. قازی محەمەد لە مەکتەبی بابی‌دا فێری دەرسی ئاینی ببوو، و پیاوێکی ئەهلی کتێب‌و زاناو لەسەرەخۆ بوو.

سەید خدر (سەید پیرە) مرۆڤێکی ئەجیب‌و هێمن‌و میهرەبان بوو. خەلکی مەهاباد رێزێکی تایبەتی‌یان لێدەگرت. سەید خدر بەویستی خۆی پەنجا کەسی بەهاوکار هەلبژاردە کە هەموویان مرۆڤی داوێن پاک‌و جێگەی متمانەی خەلک بوون. سەید پیرە کە هەر بەم ناوە ناسراوە لە کۆماری کوردستانیشدا ئەرکی پاراستنی شاری مەهابادی بەملەوە بوو. ئەو کات لە هەر گەرەکێکی مەهاباد چایخانەیەک هەبوو، کە شەوانە خەلکی گەرەکیان تێدا کۆ دەبۆوەو شەوانی رەمەزانیش خۆرابێنی‌یان تێدا دەکردن. ئەو چایخانانە جێی رابواردنی پیاوی گەرەکەکان بوون. لە رۆژگارانی پێشوودا کۆڕی مووزیکی شارو خۆشخوانەکانی تێدا کۆ دەبوونەوە و مووزیکیان دەژەنی‌و گۆرانی‌یان تێدا دەگوت، بەلام بەرە بەرە ئەو دابە نەماو لەنێوچوو.

سەید پیرە ئەو چایخانانەی کردبوو بە بنکەی شەوانەی پاساولەکانی‌و ئەوان بەدوای هەر گەرێکدا دەگەرانەوە بۆ ئەو چایخانانەو دەستەیەکی‌تر رەوانەی کۆلان‌و بازارەکان دەکرا. ئەوسا بریاردرابوو هەر مالە دەولەمەندێک موچەی یەکێک لەو کێشکانە بدات یاخود بۆخۆی کەسێک بۆ پارەسەتیکردن دیاری بکات. خەلکی مەهاباد قەت بە تەمەنی خۆیان رۆژگاری ئاوا ئازادو خۆشیان نەدیتبوو. گورە گوتنەی گورگ‌و مەر بەیەکەوە ئاویان دەخواردەوە، هەرچەند هەموو کەس چەکی هەبوو، بەلام بەدەگمەن رووداوی تال‌و ناخۆش رووی دەداو لە راستیدا رێگاو بانی شارو گوندەکان قەت وەک ئەو پێنجسالەی کە مەلبەندی موکریان ئازاد کرا بوو ئارام‌و ئەمین نەبوون.

چونکە خەلک دەخۆشی‌و ئازادی‌دا دەژیا، گەلێک داب‌و نەریتی جوانی کوردەواری لەو هەرێمەدا ژیانەوە. گشت رۆژانی چوارشەمە ژنانی گەرەکە جیاوازەکانی شار بە کۆڕو کۆمەل دەچوونە سەیران‌و هەلپەرکێ، کۆنە جێ راوگەی یاران وەک «حاجی‌مامیان»، باخی «لاچینی»، بناری چیای «قولقولاخ»، قۆپی «مەولەوی» زیندوو ببوونەوە. رۆژانی جێژنی نەورۆزو رەمەزان دیمەن‌و بیچمی شار دەگۆردراو کوچەو کۆلانەکان بەجل‌و بەرگی رەنگینی کچ‌و کوران دەرازانەوە.

لە کوچەو کۆلانەکاندا دەنگی قام‌و گۆرانی شایەران‌و دەفەی «مەنیج‌حەیران»و زەربی «رەحمانەکۆجی» تەپل‌زەن‌و دەنگی زولالی «کەوێجوو» ئاسمانی شاری پر دەکرد. لەو سەردەمەدا بوو کە «میرمیرێن» یاری کۆنی کوردەواری سەرلەنوێ زیندوو کرایەوەو هەموو

ماڵی ڕۆژانی نەورۆز بۆ ماوەی چەند ڕۆژان میری شار دیاریدەکراو میر دەبوو بە حاکمی شارو کەس دەستی وەبەر دەست نەدەهێنا.

لەبیرمە لە قاوەخانەی «چاوشینی» لە گەڕکی ئەرمەنی‌یان «میر» هەڵدەبژێردرا. چەند ڕدێن‌سپی شار، لە چایخانەکە کۆ بوونەوەو مینبەرێکی بەرزیان دروست کرد. چەند وەزیرو گزیرو یاساوڵ لە کوڕوکاڵی گەڕەک هەڵبژێردران‌و چەند لق شوڵکی تەڕو سەتڵە ئاوێکیان ئامادە کرد. پاڵێوراوەکانی میرایەتی‌یان بەرێز ڕاگرت‌و چەند قسەخۆش‌و گاڵتەچی‌ش لەوێ بوون. پاڵێوراوەکان بەنۆرە دەچوون لەسەر مینبەرەکە دادەنیشتن‌و دەبوایە بۆ ماوەی سەعاتێک لە بەرامبەر گاڵتەو قەشمەرەو قسەی هەڵەق‌و مەلەقی گاڵتەچی‌یەکاندا خۆ ڕاگرن‌و پی‌نەکەنن. ئەوانەی خۆیان بۆ ڕانەدەگیراو پێکدەکەنین، دەچوونە بەر دەستی گزیران‌و ئەوان بە فەرمانی وەزیرەکان بەهۆی یاساوڵەکانەوە سەتڵێکیان ئاو بەسەردا دەکردن‌و چەند شوڵکی تەڕیشیان لە پەنجەکانی پێ دەدان. ئەو دیاردەیە لەسەر پاڵێوراوەکان دووپات کرایەوە، تا سەرئەنجام یەک لەوان بەناوی «سەدیقی سیاسەری» لە بەرامبەری گاڵتەچی‌یەکاندا خۆی ڕاگرت‌و پی‌نەکەنی. ئینجا تەماشاچییەکان چەپڵەیان بۆ لێداو ئەویان کرد بە میری شار.

ڕادەی دەسەڵاتی میر لە شارو لادێیەکانی نزیکی‌دا زۆر بەرفراوان بوو، ئەو دەیتوانی خەڵک سزا بدات‌و باج لە مرۆڤی ساماندار بستێنێ. پارەکانی میر لە خەزێنەی میردا کۆ دەبۆوە. میر، بەو پارانە یارمەتی بنەماڵەی هەژیوبارەکان، پیرو پەککەوتوەکان‌و ئەو لاوە دڵدارانەی دەدا کە پارەی ژەماوندیان نەبوو، میر دەیتوانی ناکۆکی نێوان خەڵک چارەسەر بکاو ئەوان لە دژایەتی لەگەڵ یەکترو ڕوو بە ڕوو بوون دژی یەکتر بپارێزێ‌و گەلێک داب‌و نەریتی جوانی کوردەواری زیندو کاتەوە، کە کەلە کۆیلەکەمان کاتی بندەسەڵاتی لە دەست حاکمانی زاڵم ئیزنی بەڕێوە بردنی ئەوانی نەبوو. یادی ئەو پێنج ساڵە ئازادە بەخێر بێ کە موکریان گیانێکی تازەی بەخۆوە بینی.

## فەرمانداری مەهاباد

دەوڵەتی ئێران کە بە چەککردنی شارەوانیو راگرتنی «سەریع‌القلم»ی زانی، بەهەموو شێوەیەک وەدەستو پێ کەوت تا بەڵکو هێزی خۆی لە مەڵبەندی ئازادکراوی موکریان بداتەوە. بەمجۆرە وەپەلەقاژە کەوتو گوشاری خستە سەر روسەکان کە رێگای بدەن کەسێک لە خەڵکی ناوچە بە فەرمانداری مەهاباد دیاری بکات. دوای ئەوەی کە روسەکانی رازی کرد، «عەلی ئاغای دێبوکری» (ئەمیر ئەسعەد) نارد بۆ مەهابادو کردی بە فەرماندار. عەلی ئاغا بە ۳۰ رەعیەتی چەکدارەوە هاتە مەهاباد و لە ماڵی «گولاوی» لە روو بە رووی خانوبەرە کۆنەکەی «سەدیقی حەیدەری» لە نزیکی مزگەوتی «رۆستەم بەگ»ی دابەزی. ئەو بۆ ئەوەی چەکدارەکانی بناسرێنەوە، قۆڵبەندێکی سپی لە قۆڵ کرد بوون، کە لەسەریان نووسرابوو «انتظامات عەشایری»و خەڵک پێدەگوتن قۆڵ سپی.

عەلی ئاغا بۆ ئەوەی زەبرو زەنگی خۆی بنوێنێ، بەفەرمانی کاربەدەستەکانی تاران بەگژ «سازمانی جەوانانی کورد» داهاتو ویستی یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکاتەوە. ناوبراو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، رۆژێک بە هۆی «ساڵحی شاتری» سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری مەهابادەوە کە بابی منیش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوو، بە بابی راگەیاندبوو کە بەمن بڵێ یانەی سازمانی جەوانان کۆ بکەمەوە. من بەبیستنی ئەو گوتنە لە زمانی بابم، رامگەیاند:

– بە عەلی ئاغا بفەرموو خۆ دەو کارانە وەرنەدا ئەگینا خەراپ دەبێتی، ئەو سازمانە هی لاوانی شارەو بەمن بە عەلی ئاغا کۆ نابێتەوە.

بە دوای ئەو رووداوەدا، ئێوارەیەک ئاگاداریان کردم کە قۆڵ سپی‌یەکانی عەلی ئاغا فەرماندار، یانەی سازمانی جەوانانیان گەمارۆ داوە. من بە پەلە هاورێیەکانم ئاگادار کردو لەبەر چاپخانەی «ئەحمەدی قاوەچی» کۆ بووینەوەو خۆمان پڕچەک کرد. یانەی سازمانی جەوانان حەوشەیەکی بچووکو دوو دەرگای هەبوو، کە یەک لەوان روو بە شەقامو شێروخورشید دەکرایەوەو ئەویتریان رووی لە حەمامی «شۆر» (شوجاع الملک) بوو. بریارماندا ژمارەیەک بەپشت خانوبەرەکەدا بەنهێنی بچنە سەر بانەکانی دەوروو بەری بنای

یانەی سازمانی جەوانان‌و عەتەریز بکرن، بەلام تەقە نەکەن. من‌و چەند هەڤاڵیش بە چوارچرا شەقامی پەهلەوی‌دا بەرەو یانەی سازمانی جەوانان وەڕێ کەوتین. خەڵکێکی زۆر لە دەورو بەری چوارچرا کۆ ببوونەوەو خەریک بوون دژی قۆڵ سپی‌یەکانی عەلی ئاغا ڕاپەڕن.

ئێمە کاتێک گەیشتینە بەر «مەحکەمە»ی قازی، چەکدارە قۆڵ سپی‌یەکانی عەلی ئاغا بەریان پێگرتین:

- «تۆغروبی.»
- دەچینەوە ماڵێ.
- «بەو کۆڵانەدا بڕۆن، ئێرانە قەدەخەیە!»

لەو مشتومڕە دابووین کە قۆڵ سپی‌یەکان رووی چەکەکانیان دە ئێمە کردو ئێمەش ئیبیان راسابین‌و لە رووبەروویان راوەستاین. لەو کاتەدا، قازی محەممەد لەسەر پەنجەرەی «مەحکەمە»وە بەدەنگی بەرز گوتی:

- «کوریتە دەست راگرن، ئیزن بدەن بیم بزانم چ بووە.»

بەو گوتنەی قازی محەممەد ئێمە هەردوو لا دەستمان شل بوو. ئەو هات‌و گوتی چ بووە؟ من گوتم:

- جەنابی قازی ئێمە بەرەو ماڵمان دەڕۆین کەچی ئەو قۆڵسپی‌یانە پێشیان پێگرتووین.

سەر دەستەی قۆڵ سپی‌یەکان رایگەیاند:

- «قوربان بە ئێمە گوتراوە کەس بەو شەقامەدا هەڵنەکشێ.» قازی گوتی:
- بۆچی برام؟
- «بۆ ئەوەی قەدەخەیە کە بەرەو یانەی لاوان بچن.»
- کێ ئەو دەستورەی بە ئێوە داوە؟
- «عەلی ئاغا.»
- ڕێ بدەن ئەوانە ئینسانی باشن با بچنەوە ماڵیان.

ئەوان ڕێیان بۆ کردینەوەو ئێمە خۆمان گەیاندە یانەی سازمانی جەوانان‌و خۆمان بە ژووری یانە داکرد. هەڤاڵانی ناوەوە بەرەو پیرمان هاتن‌و چەند کەس لەبەر پەنجەرەکانی هۆڵی یانە دابەزین‌و ئەوانی‌ترمان چووینە سەربانی بناکە. ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان لەوێ عەتەریزیان گرتبوو. قۆڵسپی‌یەکان بەتاک‌و بەجووت لەنێو بێستانی «حوسێنە پەزە» لە هاتووچۆدا بوون‌و ژمارەیەکیش لە ژێر دیواری «گومرگ» خۆیان حەشار دابوو.

سەدیقی سیاسەری تفەنگێکی سێ‌تیری درێژی رووسی پێ‌بوو، ناوبراو گوتی دەمەوێ

گوللەیەک لەژێر پێی ئەو قۆڵ سپییە بکەم بزانم چ دەقەومێ. هەرچەندە ئێمە رامان لەسەر ئەو کارەی نەبوو، بەڵام ئەو کاری خۆی کردو ئەوانیش تێکڕا بە تەقەی هەوایی دەستپێیان کردین.

ئەو تەقەیە بوو بەهۆی هورووژانی خەڵک و حەشیمەتێکی زۆر بەرەو «یانە» شۆڕ بوونەوە. لەوکاتەدا، «مازۆرعەبدوڵلائۆف» بە بەرپرسی ئاسایشی مەهاباد، کە لە نزیک چوارچرا لە خانوبەرەی ئەرمەنێکی ئارەق فرۆشدا بوو، هۆی ئەو ئاڵۆزییەی لە جەماوەر دەپرسی، خەڵکەکە گوتبوویان چەکدارەکانی عەلی ئاغا تەقەیان لە یانەی سازمانی جەوانان کردوە. عەبدوڵلا ئۆف بە سواری جیپێکی ڕووسی خۆی گەیاندە لامان و بەتوڕەیی دەقۆڵسپییەکان راخوڕی و گوتی:

– بەفەرمانی کام لەفان تەقە دەکەن، مەگەر نازانن من بەرپرسی ئاسایشی ئەو شارەم؟

دمراستی قۆڵسپییەکانی لە وڵامدا گوتی:

– «قوربان بە ئێمە گوتراوە لێرە بێن و ئیزن نەدەین کەس لەو ماڵە نزیک بێتەوە.»

«مازۆرعەبدوڵلائۆف» گوتی خێرکەنەوە بڕۆن. بە دەنگێکی بەرزیش دەنگی ئێمەی دا و گوتی:

– لە سەربانەکان دابەزین، ئینجا بەرەو ماڵی عەلی ئاغا سواری ئوتومبیلەکەی بوو. بە عەلی ئاغای گوتبوو لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا شاری مەهاباد بەجێ هێڵێ، ئەگینا خراپ دەبینێ.

عەلی ئاغا خۆی لەبەرامبەر هەڕەشەی عەبدوڵلائۆفدا رانەگرت و سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی لە حاڵێکدا حەشیمەتێکی زۆر لە شەقامی «شاپوور»ی مەهاباد کۆ ببوونەوەو چاوەڕوانی ڕووداوێک بوون، عەلی ئاغاو چەکدارە قۆڵسپییەکانی بەسەر شۆڕی بەنێو شەقامی شاپوردا هاتنە خوارو مەهابادیان بەجێ هێشت و بەمجۆرە کۆتایی بە حکومەتی عەلی ئاغا هات.

## ئەندام بوون لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا

هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد کۆمەڵەی «ژ.ک» لە ساڵی ١٣١٧-١٩٣٨ لە مەهاباد دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە، لە چەند شاری کوردستاندا لقی دامەزراندو بەنهێنی خەباتی خۆی دەست پێکرد. بەڵام بەهۆی جەوی زاڵی پۆلیسی ڕەزا شا بەسەر کوردستاندا نەیتوانی باش گەشە بکات. ژ.ک بەو دەرفەتەی کە بەهاتنی ئەرتەشی وڵاتانی هاوپەیمان لە کوردستاندا بۆی ڕەخسا بەپەلە گەشەی کرد. یازدە ئەندامی سەرکردایەتی ژ.ک بەناوەکانی: قاسمی قادری، محەممەدی نانەوازادە، مەلا عەبدوڵلای داودی، حوسێنی فروهەر (زەرینگەران)، محەممەدی یاهو، ئەحمەدی عیلمی، عەزیزی زەند (عەزیز ئاڵمانی)، محەممەدئەمینی شەرەفی، عەلی ڕیحانی، قادری مودەریسی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، ڕەحمانی عەلەوی، ڕەحیمی لەشکری، ڕەحمانی کەیانی‌و میر حاج ئەحمەد نوێنەری حیزبی هیوا لە کوردستانی عیراق، لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١- ١٩٤٢ لە باخی «حاجی داودی» لە بناری چیای «خەزایی»، کە ئێستا «نۆردوی‌کار»ی لێ سازکراوە، کۆبوونەوەو بۆ بەهێز کردنی ئەو ڕێکخراوەیە چەند بڕیاریان پەسند کرد.

ئەوان لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریاندا بۆ پتەو کردنی پێوەندی لەگەڵ کوردی بەشەکانی‌تری کوردستانی دابەشکراو، کۆبوونەوەیەکی چەند قۆڵی لەگەڵ نوێنەری کوردی بەشەکانی‌تری کوردستانی داگیرکراو پێک بێنن. بەپێی ئەو بڕیارە بوو کە «قاسمی قادری» لە کوردستانی بەشی ئێران، شێخ «عوبیدوڵلای زینوی» لە کوردستانی بەشی عێراق‌و مەلا «وەهاب» لە کوردستانی بەشی تورکیە بە نوێنەرایەتی کوردی بەشەکانی ئێران، عێراق‌و تورکیە لە چیای «دالانپەڕ» کۆبوونەوەو پەیمانی هاوکاری‌یان بەست، کە پەیمانەکەیان بەناوی پەیمانی «سێ‌سنوور» ناوبانگی دەرکرد. هاوڕێیان هەروەها لە کۆبوونەوەی باخی «حاجی داودی»دا بڕیاریاندا گۆڤاری «نیشتمان» بکەن بە ئۆرگانی ژ.ک‌و بەو ناوە بڵاوی بکەنەوە.

دوای تێپەڕ بوونی دوو ساڵ بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا، واتە لە ساڵی ١٣٢٣ی‌هە ژ.ک

قازی محەممەدی بە ئەندام وەرگرت‌و سەرۆکایەتی حیزبی پێ‌ئەسپارد. هەرلەو ساڵەشدا بوو کە ڕێبەرایەتی ژ.ک داوای لە «سازمانی جەوانانی کورد» کرد، کە ببێتە ئەندامی حیزب. پێشنیاری ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد لە «باخی مکایلی» هاتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو هەڤالان من‌و «عەلی مەولەوی» و «قادری مەحموودزادە»یان بەنوێنەرایەتی سازمانی جەوانان دیاریکرد تا لەمبارەدا پێوەندیگری سازمان بین.

کۆبوونەوەیەکی دوولایەنە لەنێوان ئێمەو سێ نوێنەری کۆمەڵەی ژ.ک بە ناوەکانی «دلشاد رەسوولی»، «سەدیقی حەیدەری»و «عەبدولڕەحمانی زەبیحی» لە ماڵی «محەممەدی ڕاتبی» (حەمەدی مەولودی) لە «گەڕەکی خڕێ» پێکهات. دلشاد رەسوولی بەدروشمی سەرکەوی خەباتی ژ.ک بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورەو دامەزراندنی دەوڵەتی کورد کۆبوونەوەکەی کردەوە. دەربارەی ڕێبازی کۆمەڵەو بزووتنەوەکانی پێشوی کورد قسەی کردو گوتی: لاوان دەبێ پشتی خەباتی کۆمەڵەی ژ.ک بگرن. ئینجا سەدیقی حەیدەری‌و رەحمانی زەبیحی هەرکامەیان لەسەر چۆنیەتی ئەندام بوونی ئێمە لە کۆمەڵەدا قسەیان کردو ئامانجی کۆمەڵەیان دەربارەی یەکیەتی‌و هاوخەباتی کورد شی کردەوە. ئێمەش سێ نوێنەری لاوان هەرکام دەربارەی ئامانج‌و خەباتی سازمانی جەوانانی کورد قسەمان کردو ڕەزامەندی خۆمان وەک ڕای تاکەکەسی لەو یەکیەتی‌یە دەربڕی‌و گوتمان دەچین پەیامی ژ.ک بە ئەندامان دەگەیەنین‌و پاشان بڕیاری گشتی سازمانی جەوانانتان پێڕادەگەیەنین. ئەو کۆبوونەوەیە بەڕەزامەندی هەردوو لا کۆتایی پێهات.

لە یەکەم ڕۆژی هەینی دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا کە کۆبوونەوەی حەوتوانەی ئەندامانی سازمانی جەوانانی کورد بوو، چۆنیەتی وتوێژەکەمان بۆ ئەندامان باسکرد. ئەندامان تێکرا بە دروشمی «بژی خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری کوردستان» ئەندام بوونی سازمانی جەوانانیان لە کۆمەڵەی ژ.کدا بە ئەرکێکی پیرۆز داناو ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەخۆپیشاندان گەڕاینەوە بۆ شارو بەخوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی‌و دروشمی «بژی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» شەقامەکانی شاری مەهابادمان بڕی‌و بە دەنگی بەرزی خۆمان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی مەهابادا کە لە شەقامەکانی شاربوون تێکەڵ بوونی خۆمان لە ژ.کدا ڕاگەیاند. بەمجۆرە لە مانگی خەزەلوەری ساڵی ١٣٢٣-١٩٤٤دا ناوی سازمانی جەوانانی کوردمان گۆڕی و کردمان بە ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ.ک‌و بووین بە ئەندامی کۆمەڵە. بەدوای ئەو ڕووداوە مێژووییەدا کۆمەڵەی ژ.ک خانووبەرەی دوکتور «یوناتان»ی بکرێ گرت‌و بە ئاشکرا لە مەهاباد بارەگای کردەوە و ماڵی دوکتور یوناتان کرا بە بارەگای کۆمیتە ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ک.

یوناتان دوکتورێکی ئاسۆری بوو. ڕۆژگارێکی درێژ خزمەتی پزیشکی بە خەڵکی مەهاباد کردو یەکەم دوکتور بوو کە هاتبوو بۆ مەهاباد. ئینسانێکی زۆر ئەجیب‌و میهرەبان بوو، و خەڵک ڕێزیان دەگرت. بە هۆی پیری سۆمای چاوەکانی کز ببوون‌و کاری پزیشکی نەدەکرد. ناوبراو ماڵی بارکردو چووە تەورێزو خانووبەرەکەی بە کۆمەڵەی ژ.ک بەکرێ‌دا. ماڵی یوناتان کەوتبووە شەقامی شێروخورشیدو دەرگاکەی لە زارکی ئەو کۆڵانەدا بوو کە بەرەو ئیدارەی «دووخانیە» هەڵدەکشاو ماوەیەک قوتابخانەی ئێمە لەپاڵ ئەو خانووبەرەیە بوو. ئێستا نەخۆشخانەی «سیل» لەو بەری چۆمی مەهاباد لە ڕوویە ڕووی ئەو کۆڵانە هەڵکەوتووە. هەروەها «مەحکەمەی قازی» لە لای سەرووی ئەو لە پاڵ مزگەوتی «شادەرویش» لە ڕیزی ماڵی «یوناتان»دا بوو. خانووبەرەکە بریتی بوو لە دوو بنا کە حەوشەیەکیان لە نێوەڕاستدا بوو. سەرکردایەتی کۆمەڵە لە بەشی لای دەرگای بناکە جێی گرت‌و بەشەکەی ژوورەوەشیان‌دا بە سازمانی جەوانان. بەمجۆرە ئێمەش یانەی سازمانی جەوانانمان کۆ کردەوەو هاتینە ئەو جێیەو بووین دراوسێی کۆمەڵەی ژ.ک.

چاپخانەیەکی بچووکی دەستی لەژێرخانی لای لاوان‌دا بوو، کە گۆڤاری «نیشتمان»یان پێ چاپ دەکرد. بەرلەوەی گۆڤاری نیشتمان ببێتە ئۆرگانی ژ.ک، ڕەحمانی زەبیحی ئەو گۆڤارەی بەنهێنی لە تەورێز چاپ دەکردو بەنهێنیش دەهێناوە بۆ مەهاباد، بەڵام لە مەهاباد بە ئاشکرا بڵاو دەکرایەوە. بۆ ئەوەی من پەروەردە بکرێم‌و فێرە کاری بم، سەرۆکی کۆمەڵە داوای لێکردم بچمە لای سکرتێری کۆمەڵە «دڵشاد ڕەسووڵی»و لە نووسین‌و بڵاو کردنەوەی نامەو ڕاگەیاندراوەکاندا بۆ کۆمیتەکانی کۆمەڵە لە شارو دەوروبەریدا هاریکاری دڵشادو ڕەحمانی زەبیحی بکەم. کۆمەڵە ئەوسا لە هەر گەڕەکەی کۆمیتەیەکی هەبوو، کە خەڵکی گەڕەک بەتێکڕا ئەندامی بوون. هەر کۆمیتەی بەرپرسێک‌و چەند کەسی بۆ دیاریکرابوو کە بەفەرمانی کۆمیتە ناوەندی ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبرد. هەروەها داوایان لە ئێمە لاوان کرد دوو کەس بۆ یارمەتی کردن بە بەرپرسی چاپخانەی نیشتمان دیاری بکەین‌و بە کاک «محەممەدی شاپەسند»یان بناسێنین کە سەرەڕای یارمەتی کردن بەو فێرەکاری چاپخانەش بێ.

# نومایشی دایکی نیشتمان

سەرکردایەتی ژ.ک نومایشنامەیەکی دەستکەوتبوو بەناوی «دایکی نیشتمان» کە من نەمزانی ئەو نومایشنامەیە لەکوێوە هاتبوو. دەگوترا لە کەرمینەوە هاتووە، بەڵام من لام وابوو «میرحاج ئەحمەد» ئەوی لە سلێمانی هێناوەو داویەتی بە کۆمەڵە. ڕۆژێک خەریک بووم لە سکرتاریاتی ژ.ک کارم دەکرد، کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دلشاد ڕەسووڵی سەری قسەیان کردەوەو گوتیان:

– «ئەوە دەقی نومایشنامەیەکی سیاسی نیشتمانییە. کۆمیتەی ناوەندی لە ئێوە لاوانی دەوێ ئەو نومایشنامەیە بۆ خەڵک بهێننە سەر شانۆ. ئەوە دەتوانێ یارمەتییەکی گرنگ بێ بۆ هاندان و ڕاکێشانی خەڵک بەرەو خەباتی سیاسی و کۆکردنەوەیان لەنێو ژ.کدا.»

بەلای منەوە ئەوە ئەرکێکی دژوار بوو بۆ ئێمەی «لاو» کە لە لایەک هیچکامەمان شارەزای کاری شانۆگەری نەبووین و لە لایەکی ترەوە خەڵکی مەڵبەند لە نومایش و شانۆگەری دەپرینگانەوەو ئەویان بە دیاردەیەکی سووک و ناشایست دەزانی. هەرکە ناوی نومایشیان دەبیست لەفکری سەما و قەشمەرە کردن دەکەوتن. سەرەڕای ئەوەش پەیامەکەم لێوەرگرتن و بردم بۆ لای هاوڕێیەکانم لە سازمانی جەوانانداو پاش گفتوگۆیەکی چەند ساعاتە لاوان بڕیاریاندا فەرمانی سەرۆکایەتی کۆمەڵە بەجێ بگەیەنن. چەند کەس ڕایانگەیاند ئامادەن یاری تێدا بکەن و منیش ڕەگەڵیان کەوتم.

ڕەزامەندی هەڤاڵانم بە دلشاد و زەبیحی ڕاگەیاند. ئێمە بە سێ قۆڵی نومایشنامەکەمان خوێندەوەو پەردەکانمان لەبەرچاو گرت. کاتی خوێندنەوەی نومایشنامەکە دەرکەوت ڕۆڵی «دایکی نیشتمان» گرنگترین و دژوارترین ڕۆڵە. لەبەر ئەوە داوام لە سەرۆکایەتی کۆمەڵە کرد کەسێکمان پێبناسێنێ کە لێوەشاوەیی ئەنجامی ئەو ڕۆڵەی هەبێ. سەرۆکایەتی کۆمەڵە کاک «عەبدوڵڵای ئەمری» ناسراو بە «عەبدوڵڵا شەمزینی» کارمەندی ئیدارەی مالیەی پێناساندین، کە ئەندامی کۆمەڵە بوو.

چەند هەڤاڵ چووینە ماڵی کاک «عەبدوڵڵا»و خۆمان پێناساند. ئەو نومایشنامەکەی

لێوەرگرتین و کاتی خوێندنەوەی دیتمان فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس بوون و بە نێوان برژانگەکانیدا دڵۆپ دڵۆپ کەوتنە خوارێ. ناوبراو بەم حاڵەتە سەری بەرز کردەوە گوتی:

- «ئەوە گەورەترین و پڕ شانازیترین کات و دەمی ژیانمە کە ئێوە هاتوون ئەو دیارییەتان بۆ هێناوم. من بەدڵ و بەگیان ئامادەی هاوکاریتانم.»

ناوبراو بەمجۆرە ڕەگەڵمان کەوت و ڕۆڵی دایکی نیشتمانی بەئەستۆ گرت. کاک عەبدوڵلا پێشنیاری کرد، بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکرنی خۆمان شوێنێک بدۆزینەوە. ئێمە حەوشەی دەبیرستانی خۆمان پێشنیار کرد. ئێمە ئەندامانی کۆڕی نومایش هەموو ڕۆژێ دوای تەواو بوونی دەرس و چۆڵ بوونی قوتابخانە دەستمان دەکرد بە ڕاهێنان. ڕۆژێک دوکتور «محەممەدی موکری» کە ئەو کات لێپرساوی ئیدارەی فەرهەنگ (ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان)ی مەهاباد بوو، و دواجار بوو بە باڵوێزی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە «مسکۆ» و پاشان زیندانی کرا، داوای کردبوو من بچمە لای. من چووم. ئەو گوتی:

- «کاکی برا، خۆت دەزانی من کوردم و دڵسۆز. لەسەر داوای خۆم هاتووم بۆ مەهاباد و بووم بە لێپرساوی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد تا لەسەر کوردو شێوە گۆرانییەکانی کوردی لێکۆڵینەوە بکەم و لەسەریان بنووسم، بەڵام ئەوەی ئێوە خەریکن ئەمڕۆ لە حەوشی دەبیرستان خۆتانی بۆ ئامادە دەکەن، نومایشێکی سیاسی نیشتمانییە و بێگومان من گرفتار دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی تەقل کردنی من لە مەهاباد و غەریبەیەک چێم بگرێتەوە و منیش پەکی لێکۆڵینەوەکەم بکەوێ. پێمخۆشە یارمەتیم بدەن کە ئەو هەلە لەکیس نەدەم، ئەگەر باوەڕم پێناکەی بێرەو تا بچینە ماڵەو نووسراوەکانت پیشان بدەم.»

دوکتور موکری کوردی کرماشان بوو. ئەو ئینسانێکی نەجیب و هێدی و سەنگین بوو. ماڵی لە خانوبەرەکەی «کەریمی قاورمە»دا بوو. چوومە ماڵەکەی و چاوم بە نووسراوەکانی کەوت و بەڵێنم پێدا لەگەڵ هەڤاڵانم باسی بکەین و شوێنێکی‌تر بۆ ڕاهێنان و پێشاندانی نومایشی دایکی نیشتمان بدۆزینەوە. بەم بۆنەوە چووم ڕووداوەکەم بۆ هاوڕێیەکانم گێڕاوە و هاتینە سەر ئەو باوەڕە، کە بچینە لای کاک «عەبدوڵی کەرباسی» کارازدار و کاک عەبدوڵلای ئەهری هێندێک دەربارەی نومایشەکە قسەی بۆ بکات و پاشان گیروگرفتەکانی لەگەڵ بێنینەگۆڕێ و داوای لێبکەین ئیزنمان بدا نومایشی دایکی نیشتمان لە گارازی ئەو پیشان بدەین. کاک «عەبدوڵ» مرۆڤێکی بەهەست و ڕووناکبیر بوو. ئەو پێشتر لە ڕیزی ئەو تێکۆشەرانەدا بوو کە ساڵانی ١٧-١٣١٨-٣٨-١٩٣٩ بەشداری کۆڕی شەوانەیان دەکردو پاشانیش بوو بە ئەندامی ژ.ک. ناوبراو بەدڵێکی ئاواڵەوە پێشوازی لێکردین و گوتی ئامادەی هەرچەشنە یارمەتی‌دانێکمانە.

بەوچەشنە شوێنی ڕاهێنانەکەمان گواستەوە بۆ حەوشەی گاراژی کاک عەبدول. ئەو دەفتەری کارەکەی لەوێ هێشتەوەو «ئوتوبوس»ەکانی نارد بۆ مەیدانی فوتبالی مەهاباد کە لە پشت شەریکەی نەوتی مەهاباد هەڵکەوتبوو. ئەمجارە بۆ دامەزراندنی سەکۆی نومایش هانامان بۆ «عارف حەتەم»ی دارتاش برد. ئێمە کە باسی دروستکردنی سەکۆی نومایشمان بۆکرد، شینو ڕەش بووەو مۆرەیەکی لێکردینو گوتی: «من بۆ ئەوە نابم هەستن خرکەنەوە برۆن.» بەڵام، کاتێک ڕوومان کردەوەو لە مەبەستی ئێمە گەیشت، زەردەخەنەیەکی پڕلە میهری لە لێوان نیشتو دەستی نایە سەرچاوی‌و گوتی: «منیش پێمخۆشە لەو خزمەتەی ئێوەدا بەشدار بم. بەگشت کەرەسەو پارەی خۆم سەکۆیەکی لەبارتان بۆ ساز دەکەم کە بتوانن بۆ شوێنی‌تریشی بگوازنەوە.» بەمجۆرە، سەکۆی نومایشی دایکی نیشتمان بەدەستی «عارف حەتەم» لە حەوشەی گاراژی عەبدول سازکرا.

ڕۆژێک خەریکی ڕاهێنانی نومایشی دایکی نیشتمان بووم، کە دیتم «حاجی» هات‌و بەسرتە گوتی: بابت بانگت دەکا. حاجی خزمەتکاری ماڵمان بوو، ئەو لە منداڵییەوە لە ماڵی ئێمە پیر ببوو. ئینسانێکی بە بەقاو میهرەبان بوو. کاتێک خەبەرێکی دەهێنا بەشێوەیەک چاوو برۆی هەڵدەکێشا کە دەتگوت کارەساتێک قەوماوەو زراوی ئینسانی دەبردو قەت نەیدەگوت چ بووەو چ قەوماوە. گوتم:

- چ بووە؟
- «نازانم، وەرە بابت دەزانی!»

بەو وڵامەی ئەوەندەی‌تریش نیگەران بووم. جارێک حاجی پێنجەمی بۆ هێنابووەوە زیندانی سەربازخانەی مەهاباد. کەچی پریان پێداگرتبوو، و هێنابوویان زیندانیان کردبوو. لێمپرسی چ قەوماوە؟ وەک هەمیشە چاوەو برۆی هەڵاویشت‌و گوتی: «لەسەرتۆ.»

چوومە لای بابم. بابم پیاوێکی باڵابەرزی قەڵەو، بەڵام خۆش ئەندام بوو. تا خودا حەزیکا داب‌و نەریتی بنەماڵەی دەپاراست. کە تووڕە دەبوو ڕوخساری گرژ دەبوو، و پیاو لە بیچمی دەترسا. دیتم چاوی تێکناوەو ڕووی گرژە. گوتی:

- «دەڵێین خەریکی ئەدای «شەکەرۆکان» دەردێنی؟»
- شەکەرۆکەی چی؟
- «ئەوەی لە حەوشەی گاراژ جێگەتان بۆی خۆش کردوە»
- ئێمە خەریکین نومایشێکی نیشتمانی‌دێنینە سەر شانۆ.

لەو سەروبەندەدا جارجارە دەستەی جیاوازی «ئاشق»ەکانی ئازەربایجانی دەهاتنە مەهابادو کۆڕی بەزمیان دەگێڕا. ئەوان جگە لەوەی کە موزیکیان دەژەنی، مێرمنداڵێکی

قوزیشیان دەهێناو سەمایان پێدەکردو پارەیان پێکۆ دەکردەوە. لە مەهاباد بەو کۆڕەیان دەگوت «شەکەرۆکە». ئەوەش دەبێ بڵێم کە هەموو گروپەکانی «ئاشقی» ئازەربایجانی خاوەنی «شەکەرۆکە» نەبوون‌و گروپی ئاواشیان تێدا هەبوو کە قامبێژی گەڕیدە بوون.

نەمتوانی بابم قانع بکەم. هەرکە زارم دەکردەوە بە دەممدا دەهات‌و نەیدەهێشت قسە بکەم‌و گوتی:

- «بە سەید پیرە دەڵێم بتکوژێ‌و تەرمەکەت باوێژێتە بەر دەرگای ماڵمان. بڕۆ ئیتر چاوم پێت نەکەوێتەوە.»

لەترسی ئەوەی نەکا بەلاسارم داتێ، گورج بۆی دەرچووم. چوومەوە لای هەڤاڵان‌و رووداوەکەم بۆ گێڕانەوەو دیتم ئەوانیش وەک منیان بەسەر هاتووە. شەو، هەرکامەکان چوینەوە بەردەرگای ماڵەکانمان‌و خوشک‌و براکانمان لە پەناوە دەستە نوێنێکیان لەسەر بانەکانەوە بۆ هاوێشتینە دەرو شەوانە لەسەر سەکۆی شانۆگە دەنووستین. ئێوارەی رۆژێک. بابەکانمان بەتێکرایی بەرەو گاراژ هاتن، کە ئێمە بەرتەوەو بەرگری لە کارەکەمان بکەین‌و نەهێڵن لە دایکی نیشتماندا یاری بکەین. لە لایەن رێبەرایەتی کۆمەڵەی ژ.کەوە، کاک «حەمەدی مەولودی» بۆ چاوەدێری کردن لە ئێمە دیاریکرابوو. ئێمە بەومان گوت بچێ پێشیان بگرێ‌و بیانگێڕێتەوە. کاک حەمەد بەرەوپیریان چوو بوو، و گوتبووی:

- «من لە لایەن سەرکردایەتی ژ.کەوە بۆ چاوەدێری کردنی ئەو کۆڕەی نومایش دانراوم‌و لەترسی ئەوەی نەکا بەچوونی ئێوە بۆ نێو گاراژ کارەساتێک بقەومێ، ناتوانم رێگەتان بدەم بچنە نێو گاراژ. تکاتان لێدەکەم بگەڕێنەوە.»

ئەوان گەڕابوونەوە، بەلام وێکڕا چووبوون بۆ «مەحکەمەی قازی»و رووداوەکەیان بۆ قازی محەممەد گێڕابۆوە. قازی بە زەردەخەو پێشوازی کەرمی، ئەوانی هێدی‌و ئارام کردبۆوەو گوتبووی:

- راوەستن رۆژی نومایش خۆم لێتان دەگێڕمەوە تا بزانن رۆڵەکانمان چەندە هەردن.

ئێوارەی رۆژێک لە رۆژانی سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥، بە دوای چەند مانگ راهێنان‌و خۆ ئامادە کردنماندا نومایشی دایکی نیشتمان‌مان هێنا سەر شانۆ. حەوشەی گاراژ بە هۆی شانۆکەرەکانەوە ئاوپرژێن کرابوو. کورسی‌و سەندەلێکی زۆریان لە چایخانەکانی شار بە ئەمانەت وەرگرتبوو، و بەریز بە دوای یەکدا دایاننابوو. جەماوەرێکی زۆر بۆ کڕینی بلیت لەبەر دەرگای گاراژەوە تا دەگاتە چوارچرا رێچکەیان بەستبوو. بلیتەکان لە لایەن چاپخانەی کۆمەڵەوە چاپ کرابوون‌و نرخیان لەسەر نەنووسرابوو. هەرکەس بە رادەی توانای نرخی لەسەر بلیتەکەی دەنووسی‌و پارەکەی دەداو پارەکەش بۆ

ژ.ک دەچوو. سەدیقی حەیدەری‌و دلشاد رەسوولی چاوەدێری بلیت فرۆشتن بوون، شانۆگەرەکان بەبێ وەرگرتن پارەتی لە ژ.ک ئەو ماوەیە بە پارەی خۆیان ژیابوون‌و بۆ بوژاندنەوەو گەشە کردنی ژ.ک ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی حیزبیان بەرێوە دەبرد.

خەڵک بەرە بەرە لە شوێنی نومایشەکەدا کۆ بوونەوە. شوێنی قازی محەمەدو کاپیتان «جەعفەرئۆف»و چەند ئەفسەرێکی تری رووسی میوانی ژ.ک لەتەنیشت یەکتر لە سەندەلی‌یەکانی ریزی یەکەم دیاریکرابوون. دوای بەخێرهێنانی میوانەکان لە لایەن کاک عەبدوڵڵای ئەمری‌یەوە، هەڤاڵێکی یاریدەدەرمان بە زمانی رووسی بەخێرهاتنی میوانە رووسەکانی کردو پاشان موزیکی نومایش لێدراو ئێمە شانۆکەران سروودی تازە سازکراوی «ئیشتمانم رەنگینە»مان خوێندەوەو پەردەی ئەوەڵی نومایش دەستی پێکرد.

پەردەی یەکەم: فریشتەیەک بە لیباسی سپی‌و باڵی درێژی سپی هاتە سەر شانۆ بە دەنگێکی خۆش دەستی کرد بە خوێندنەوەی شێعری «ئەی بینەزیرو هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری» «حاجی قادری کۆیە».

ئەی بینەزیرو هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری
بێ دارو بێ دیاری، بیدارو پایەداری
بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری
تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێ سەدرو شانشینی، بێ پەردە پەردەداری
خەللاقی بێ فتووری، سوڵتانی بێ قسووری
رەزاقی مارو مووری، ئاودێری دیمەکاری
فەیرۆزە تەختی گەردوون مەستووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعلی رۆژە ئەستێرەکان دەراری
جێگەو مەکانی تۆیە بێ جێ‌و بێ مەکانی
لەیل‌و نەهاری تۆیە بێ لەیل‌و بێ نەهاری
هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کارو باری عالەم
هەرچەندی بێ وەزیرو بێ سەدرو کاروباری
سەحرانەوەردی شەوقت خورشیدو ماهی تابان
دوو جاری‌یەن شەوو رۆژ بێ مەحمەل‌و عەماری
ئێستێکە بۆیە «حاجی» مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

فریشتە هونەرمەندێکی پانزدە ساڵانەی خۆش تیپو باڵابەرز بوو، ئەو زۆر بە لێوەشاوەیی و بەئاهەنگ شیعرەکەی دەخوێندەوەو سەرو دەستی بەحاڵەتی سکاڵا کردن دەجولاندەوەو جارجارەش کوڵی هەڵدەستاو بە رواڵەت واپیشان دەدا کە دەگری. کردەوەکانی فرە کاریان کردە سەر بینەران. کاتێک شیعرەکە تەواو بوو دەستی سکالای بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو پەردەی نومایشەکە لە دوو لاوە دادرانەوەو کۆری موزیک بۆ ئەوەی تەماشاچییەکان لەو حالەتەدا راگری، تا دەست پێکردنی پەردەی دووەم ئاهەنگی خەمبارو غەریبی ژەنی.

پەردەی دووەم: باس لە پیلانگێری هاوبەش لە پەیمانی «سەعد ئاباد»دا بوو، کە دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، ئەفغانستان و تورکیە لە ساڵی ١٩٣٧ز دا مۆریان کردبوو، مادەی سێی ئەو پەیمانە دژی بزووتنەوەی کورد بوو. هاوپەیمانان بریاریاندا بوو دژی ویستی کوردان بەیەکەوە هاوکاری بکەن و نەهێڵن کورد دژی بەرژەوەندی ئەوان بجوڵێتەوە. لەو پەردەیەدا، یاریکەران چووبوون لە ئەخشی نوێنەری ئەو چوار دەوڵەتانەوەو شێوازی بەرەنگاری و سەرکوتی نەتەوەی کوردیان دایە بەرباس.

پەردەی سێیەم: کە پەردە کرایەوە، بینەران «دایکی نیشتمان»یان دیت کە بە جلی رەش و قژی سپی و لەشی زنجیر کراو بە کزو ماتی دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو، و بەدەنگی بەسوز هاواری رۆڵەکانی دەکرد کە لەو کۆت و زنجیرە رزگاری بکەن. دایکی نیشتمان دەیناڵاندو باسی دەردو ئازاری خۆی بەدەست دوژمنانی کوردەوە دەکردو بە ناڵەناڵ سکالای دەکردو بەدەنگی بەسوزو پڕ لە ئەمەنتا شیعرەکانی حاجی قادری دەخوێندەوە.

پەردەی چوارەم: دایکی نیشتمان هەروا لە بەندو زنجیردا بوو. دەپارایەوەو سکالای دەکرد. هاواری رۆڵەکانی بوو کە رزگاری بکەن. لەناکاو رۆڵەکانی دەست بەچەک کە چەند سەربازی روس یشیان لەگەڵ بوو، رژانە سەر شانۆکەو دایکی نیشتمانیان لە بەندو زنجیر رزگار کرد. دایکی نیشتمان، رۆڵەکانی دەباوەش گرت. لەو کاتەدا دەنگی موزیکی شاد بەرزبۆوەو بینەران کە فرمێسکی شادیان لە چاواندا قەتیس بوو، هەستانە سەرپێ و بەچەپڵە لێدان پێشوازییان لە دایکی نیشتمان کرد.

پەردەی پێنجەم: لەو پەردەیەدا بزاڤی نوێنەرانی خەڵک پێشاندرا کە چۆن ئازایانە سەرۆک کۆماری کوردستانیان هەڵبژارد و سەرۆک وەزیرو وەزیرانیان دیاریکرد. هاوکات لەگەڵ ئەو بەشە، دەستەی موزیک بەشێوەیەک مارشی سەربازی ژەنی، کە ئەندامی بینەرانی وەلەرزە خست. پاش تەواو بوونی ئەو پەردەیە «قازی»، لە کاتێکا سوور داگیرسابوو، و شادی و شادمانی بەروونی لە چاوەکانی دا دەبیندرا، هاتە سەر سەحنەکەو وتارێکی مێژوویی خوێندەوە کە بەداخەوە دەقی وتارەکەی لە گەڕی تاڵی زەمانەدا لەناو

چووە، بەلام وتارەکەی دەربارەی مێژووی خەباتی کورد بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان بوو. ناوبراو سالانی درێژی بندەستی نەتەوەکەی شیکردەوەو لە چۆنیەتی و چەندوچۆنی دەولەتە داگیرکەرە ستەمکەرەکان دوا. خەلک و بەتایبەتی لاوانی هاندا بێنە ریزی خەباتی رزگاریخوازانەوە. قازی هەروەها پەنجەی بۆ خزمەتی ئاکتەرەکان راکێشاو داوای لە لاوان کرد ڕێبازی ئەوان بگرنەبەرو لەتەوەکەیان لەبیر نەکەن. لە کۆتاییدا، دەستی نایە نێو دەستی ئاکتەرەکان و سەربەرزی بۆ خواستن و بەمجۆرە نومایشەکە تەواو بوو،

نومایشی دایکی نیشتمان، نزیک بە چل رۆژ لە مەهاباد پیشان درا. زۆربەی دانیشتوانی مەهابادو دەورو بەری نومایشی دایکی نیشتمانیان دیت. لەسەر داوای ئاکتەرەکان، سەرۆکایەتی کۆمەلەی ژ.ک نیوتی‌دا بۆ ژنان، قوتابییان و لادییەکان بەبێ پارەو بەلاش نومایش بەری، خەلیفە «ئامین قەمتەرە»یی کە خەلیفەی «حاجی شێخ مستەفای قزلقەلا»یە بوو، و رۆژانی چوارشەممە مریدەکانی بۆ «ختم» دەچوون لە مالی کۆ دەبوونەوە. ناوبراو، چوارشەممەیەک پاش تەواو بوونی «ختم» گشت مریدەکانی بەکۆمەل هێنا بۆ دیتنی دایکی نیشتمان. خەلیفە ئامین پاشان ژنانی شاری مەهابادی هاندا نومایشی دایکی نیشتمان ببینن. نومایشی «دایکی نیشتمان» قرە دەنگی دایەوەو کارێکی بێوێنەی کردە سەر هەستی خەلک و تەنانەت جەماوەرێکی مەزنی بەرەو کۆمەلەی ژ.ک راکێشا،

پاش کۆتایی نومایش لە مەهاباد، لەسەر بریاری ڕێبەرایەتی کۆمەلە ئاکتەرەکان باروبنەیان تێک‌پێچاو بەرەو شاری «نەغەدە»و پاشانیش شاری «شنۆ» چوون. کاتی چوون بۆ نەغەدەو شنۆ قازی محەمەد ئامۆژکاری کردبن و گوتی:

**– «شنۆ شارێکی ئاینی‌یە، چونکە ئێوە بە راستی نوێنەری کۆمەلەی ژ.کن دەبێ باش خۆ بنوێنن، دەبێ ئاکارو رەفتاری ئەجیبانەتان هەبێ و سەرنجی خەلک بۆلای خەباتی کۆمەلە راکێشن، بەیانان و کاتی‌تریش دەبێ بچن لە مزگەوتەکان لە ریزی خەلکدا راوەستن و نوێژی بەجەماعەت بکەن. ئەوە دەتوانێ خۆشەویستی ئێوە لەنێو خەلکدا پتر بکات و دەبێ نمونە بن و ئاکاری جوان لەخۆ پێشان بدەن.»**

حەوشەی گارازی نەغەدە بۆ پێشاندانی نومایشی دایکی نیشتمان دیاریکرابوو. لەوێ سەحنەکەمان سوار کرد، هەروەکو پێشتر گوتم «مارف‌حەتەم» بەشێوەیەک سەحنەکەی دروست کردبوو کە لە هەمو جێیەک سوار دەکرا. بۆ ماوەی چوار رۆژان دایکی نیشتمان لە نەغەدە پێشاندرا. خەلکی نەغەدەو دەورو بەری بەگەرمی پێشوازیان لێکردو تەنانەت ئاغاوەتی «قەرەپەپاخ»یش هاتن دایکی نیشتمانیان دیت و یارمەتی‌یەکی زۆرمان کۆ کردەوەو پاشان بە سەربەرزی بەرەو شنۆ چووین،

بۆ ماڵەوەمان لە شنۆ، هۆڵی قوتابخانەیان دیاریکردبوو. ئێمە بەرگی سپی دوخت سەربازی‌مان دەبەردا بوو،و کڵاوی سەربازیشمان لەسەر بوو. کاتێک دەستە دەستە بەو جلو بەرگەوە چووینە نێو بازاری شاری شنۆ، حاجی‌و سۆفی هۆرەیان لێدەکردین، ئەو کات «چاکەت‌و دوو لینگ»ە لیباسی ئاسایی نەبوو،و خەڵک لیباسی کوردی دەبەر دەکرد. سەرلەبەیانی رۆژی دوایی، گشتمان چووینە مزگەوت، خەڵکێکی زۆر لەوێ نوێژیان دەکرد. ئێمە لەنێو ئەو جلو بەرگە تایبەتی‌یەدا زۆر بەرچاو بووین‌و خەڵک ئێمەیان پێ‌سەیر بوو،و دەیانگوت داخوا ئێمە چین‌و کێین. ئەو رۆژە، کە چووینەوە نێو بازاری شار، بۆمان دەرکەوت ئامۆژگارییەکانی قازی محەممەد بەتەواوی دروست بوون. چوونی ئێمە بۆ مزگەوت‌و نوێژ کردنمان شوێنی لەسەر بیروڕای خەڵک دانابوو. ئەمجارە لەگەڵمان میهرەبان و روو خۆش بوون‌و کاتێک پرۆگرامی نومایشی دایکی نیشتمانمان بڵاو کردەوە پێشوازیان لێکرد.

شەو کۆمەڵێک سەیدو حاجی‌و سۆفی بەمیوانی هاتنە لامان‌و بەخێرهاتنیان کردین. ئێمەش بە شیرینی‌و چایی پێشوازیێکی زۆر گەرم‌و دۆستانەمان لێکردن. کاک عەبدوڵڵای ئەحری بەدەنگی زوڵاڵی چەند «سورەی قورئان»ی بۆ خوێندنەوەو پاشان بەچەند قامی دڵگیری سۆفی‌یانە لە شێعرەکانی «وەفایی» کۆڕەکەی بۆ رازاندنەوە، کە بوو بەهۆی دڵشادبوونیان.

رۆژی پێشاندانی نومایش جەماوەرێکی زۆر کە چاوەڕوانی هاتن بۆ نومایشیان لێ‌نەدەکرا، هاتن نومایشی دایکی نیشتمانیان دیت. لە «شنۆ»ش بە وێنەی مەهاباد پێشوازیان لە نومایشی دایکی نیشتمان کرد. پاش گەڕانەوەمان بۆ مەهاباد گوێبیس بووین کوڕێک لە شنۆوە هاتبوونە لای سەرکردایەتی ژ.ک‌و ببوون بە ئەندامی ژ.ک‌و چوون لقی ژ.کیان لە شنۆ دامەزراند. ئەو هەنگاوەی ئەوان قازی محەممەدی هاندا کە لە ئەندامانی کۆڕی نومایشی دایکی نیشتمان سوپاس بکات.

ناوی ئاکتەرەکانی نومایشی دایکی نیشتمان بریتی بوون لە:

١- سیروس حەبیبی بە نازناوی «دالی»، کە مانای خۆشەویستی دەدا، لە ئەخشی فریشتەدا. ناوبراو تاقە کوڕو تەنیا منداڵی «میسداڵ» خانم بوو. میسداڵ، خانمێکی ئەمریکایی دانیشتووی «نۆرویژ»ی بوو کە لە کۆنەوە لەگەڵ میسیۆنێکی مەسیحی (گرووپی حاچدار)ای ئەمریکایی هاتبووە مەهابادو لەوێ گیرسابووەو مێردی بە «حوسێنی حەبیبی» کردبوو. میسداڵ دوکتوری ژنان‌و منداڵان بوو،و لە تەنیا نەخۆشخانەی مەهاباد کە شێروخورشیدی ناو بوو کاری دەکرد. ناوبراو خزمەتێکی زۆری بە خەڵکی مەهاباد کردو

لای خەڵک زۆر خۆشەویست بوو. ئەو تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە مەهاباد بوو، و پاشان لە تەوریز کۆچی دوایی کرد.

من کە گیرام خێزانم لەسەر زان بوو. میسداڵ بۆخۆی بە هانای خێزانمەوە چووبوو، و تا ئەو کاتەی منداڵە «دوانە»کانی من گەورە بوون لە میهرو خۆشەویستی ئەو بێبەش نەبوون. یادی میسداڵ ئێستاش لە دڵی هەموو خەڵکی مەهابادا زیندووە. سیروسی کوڕیشی هەر وەک دایکی نەجیب و میهرەبان بوو.

٢- عەبدوڵلای ئەهری (عەبدوڵلای شەمزینی) ئەخشی دایکی نیشتمانی بەئەستۆ گرتبوو. ناوبراو زۆر بەلێوەشاوەیی ئەخشی خۆی بەڕێوە بردو لە شارو مەڵبەندا ناوی دەرکرد. عەبدوڵلای ئەهری کارمەندی ئیدارەی مالیە (دارایی) مەهاباد بوو. ئەو ئینسانێکی بەهەست، میهرەبان، پاک و نیشتمان پەروەر بوو. ناوی بە ناوی نومایشی دایکی نیشتمانەوە گرێدراوە و لەبیر ناچێتەوە.

٣- غەنی بلوریان، لەئەخشی نوێنەری ئێران، پێشمەرگەو سەرۆک کۆماردا.

٤- محی‌الدینی ماوەرانی لە ئەخشی نوێنەری ئەفغانستان و پێشمەرگەدا.

٥- عەبدوڵلای حەکیم زادە لە ئەخشی نوێنەری تورکیەو پێشمەرگەدا.

٦- حامیدی لە ئەخشی نوێنەری عێراق و پێشمەرگەدا.

٧- محەممەدی راتبی «مەولودی» بەرپرسی پێشمەرگەکانی چاوەدێر لە شانۆگەرەکان.

٨- محەممەدی سەلیمۆکەی پێشمەرگەی چاوەدێر.

٩- سمایلی پیرۆزی پێشمەرگەی چاوەدێر.

١٠- مستەفای جەننەتی (مۆسیقەچی) شەیپوور ژەن.

١١- ئەسکەندەر تەپڵ ژەن.

١٢- خەلیل قەردەنەی (کلارنێت) ژەن.

ئەو سێ کەسانە ئەندامی دەستەی موزیکی سەربازخانەی مەهاباد بوون. ئەوان پاش لەنێو چوونی دەسەڵاتی حکومەتی ئێران لە مەهاباد و پێچانەوەی ئەرتەشی ئێران لە مەهاباد لەگەڵ ئەرتەشی ئێران ئەڕویشتن و لە مەهاباد مانەوە و بەشداری نومایشی دایکی نیشتمانیان کرد.

دلشاد رەسوولی ئەرحی جل و بەرگی نومایشی دایکی نیشتمانی دارشتبوو. بەرگی رەسمی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیەو ئەفغانستانی بۆ نوێنەرانی ئەو وڵاتانە لە نومایشەکەدا لەبەرچاو گرتبوو. فریشتەکە لیباسی سپی و باڵی سپی هەبوو. لیباسی رەنگ سپی مانای رووناکی دەدا. دایکی نیشتمان کە ئەرحەکەی هی عەبدوڵلای ئەهری بوو

چارشێوشانی ڕەشی لە شاندابوو. بۆ ئەوەی پیرتر دیاری بکا، خولەمێشی لە دەم و چاوی دابوو. مووی سەر و پرچی دایکی نیشتمان لە خوری ماشێ و برینجی ساز کرابوو. ئێمە ئەوکات شارەزای «گریم» کردن نەبووین، بۆیە عەبدوللای ئەهری ئەرخی خۆی بەمجۆرە سازکردبوو.

عارف حەتەم-ی دارتاش بە پارەو کەلو پەل و کەرەسەی خۆی سەکۆی نومایشەکەی بەشێوەیەک دروست کردبوو، کە بتوانین هەڵیوەشێنین و رایگوێزین. پەردەی نومایشەکە بۆ هەر دوولا دەکێشرا و دوو منداڵ لەم لاو ئەو لای سەحنەکە بوون و بەکێشانی ئەناف پەردەکەیان دەکردەوە و دایاندەخست.

هەروەکوو گوتم نومایشی دایکی نیشتمان بە دانانی مەلیک کۆتایی پێدەهات. ئەوەی شایانی باسە ڕێبەرایەتی ژ.ک لەسەر داوای میوانە ڕووسەکان «سەرۆک کۆمار»ی لەجێی مەلیک دانا.

## چاپخانەی کۆمەڵەو چەند ڕووداوێک

هەروەکو پێشتر گوتم چاپخانەیەکی دەستی کۆمەڵەی ژ.ک لە ژێرخانێکی بن هۆدەکانی تەرخان کراو بۆ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە دامەزرابوو. شەوێک قازی محەممەد ناردبووی من بچمە لای. کە چووم، قازی گوتی: «دەبێ پارێزگاری لەو چاپخانەیە بکەن کە لە ناوەندی ڕێکخراوەکەتان دامەزراوە.» ئێمە لاوەکان بە ڕۆژ لەوێ کارمان دەکرد و شەوانەش دەرگای بارەگای ڕێکخراوەکەمان قفڵ دەکرد و هەرکام دەچووینەوە ماڵی خۆمان. ئەمجارە بە دوای ئەمری قازیدا شەوانە چەند کەسمان لەوێ دەماینەوە. من و «سەدیقی سیاسەری» پای ئەسڵی بووین و هەموو شەوێ بەنۆبە یەکمان لەوێ دەماینەوەو ئەوانی‌تریش هەر شەوەی ٤-٥ کەسیان دەهاتن و چەکمان هەڵدەگرت و بەیەکەوە کێشکمان دەدا. ئێمە نەماندەزانی چ قەوماوەو بۆچی رایان سپاردووین پارێزگاری لەو چاپخانەیە بکەین کە ماوەیەک بوو بەبێ چاوەدێر مابۆوە و هیچ کێروگرفتێکی بۆ نەرەخسابوو. ماوەیەک بەدوای کێشکی چاپخانە لە چوار چرای مەهاباد تووشی حوسێنی فروهەر (حوسێنی زێرینگەران) بووم. ناوبراو یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، ئەو بانگی کردم و گوتی:

- «تۆ لایەنگرت هەیەو بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی و دەزانم لە دەستت دێ یارمەتیمان پێبکەی.»

- لە چ بارێکەوە دەتوانم هاریکاریتان بکەم؟

- «ئێمە گروپێکی تایبەتین و دژی ملهوڕ و مفتەخۆر و ئەو خاوەن مڵکە زۆردارانەی کە بەتەوەی ئێمە دەچەوسێننەوە خەبات دەکەین و لەنێو خۆماندا بڕیاری کوشتنی ئەوانمان داوە. ئەگەر ئێوەش لاوان لەگەڵمان بن، دەتوانین گەلێک کاری بەنرخ بکەین.»

- خۆت دەزانی من سەربەخۆ نیم و کۆمەڵێکم لاو لەگەڵە کە دەبێ بۆ هاوکاریکردنتان پرسیان پێبکەم و پاشان وەڵامتان بدەمەوە. حوسێنی فروهەر بەبیستنی ئەو گوتنەم، دەستی خستە سەرشانم و بەپێکەنینەوە گوتی:

- «گاڵتەم لەگەڵ کردی لەبیری خۆتی بەرەوە.»

حوسێنی فروهەر کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، بەهۆی هێندێک کردەوەی نالەبار لە کۆمەڵە وەلانرا، بەڵام کاتی دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد سەبارەت بە رابردوی هێنایانەوە و کردیان بە سەرهەنگی سوپای میللی، کە ئەمجارەش بەهۆی بێدسیپلینی و کردەوەی سەربەخۆی نادروست لە ئەرتەشی میللی دەریانکرد. ناوبراو کاتی سەرهەنگ بوونی، دەچێتە ئیدارەی پۆلیسی کۆمار کە بەرپرسەکەی سەید «خدری نیزامی» (سەید پیرە) بوو.

«حەمزەی قاوەچی»

لەوی «محەمەدی فاروقی»، مەلا «عەبدولرەحمانی سروجنداغی» و

خەڵکی نەغەدە لەسەر دەنگۆی پێوەندیگرتن لەگەڵ تاران دەسبەسەر کرابوون، تا لە کارەکەیان بکۆڵدرێتەوە. حوسێنی زیرینگەران لەسەر ناوی «قازی» کە سەرۆک کۆماری

کە ئەو سێ کەسەی لێوەرگرێ.

کوردستان بوو، نامەیەک دەدا بە «سەید پیرە»،

لەم نامەیە

سەید پیرە بە لەبەر چاو گرتنی کردەوەکانی رابردووی حوسێنی زیرینگەران

دڕدۆنگ دەبێ و دەڵێ:

- «فەرموو دانیشە تابچم ئەو دوو بەندیانەت بۆ بێنم.»

ئەوسا مەهاباد تەلەفونی نەبوو، بەڵام لە ئیدارەی پۆلیسەوە تەلەفوونێکی تایبەتییان بۆ ماڵی قازی کێشابوو. سەید پیرە دەچێ لە ژوورێکی ترەوە بەو تەلەفونە پێوەندی بە قازیەوە دەگرێ و رووداوەکەی پێڕادەگەیەنێ. ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێ: من ئاگام لەو مەسەلەیە نییە و هیچ نامەیەکیشم نەداوە بە کاک حوسێن. قازی فەرمانی دابوو حوسێنی زیرینگەران رابگرن و لەو کارەی بکۆڵنەوە.

حوسێنی فروهەر بەتاوانی ئەو فێڵبازییەی لە سوپای میللی دەرکرا.

شایانی باسە بەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و گیرانەوەی مەهاباد، کاک

حوسێنیش وەک «محەممەدی نازمی»، «عەبدوڵڵای ڕەوشەنفیکر»، «ڕەسووڵی تەغەدەیان»و «حامیدی مازووجی» لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە گیراو بە ئیعدام مەحکوم کرا. بەڵام کاتێک خەریک بوون ئەوان لە بەندیخانەی تەورێزەوە بێننەوە بۆ مەهاباد و لە «چوارچرا» ئیعدامیان بکەن، پێیان گوتبوو حوکمی ئیعدامی تۆ لە تارانەوە شکاوە و زیندانی ئەبەدیان داوەتێ و بەمچەشنە دەرکرانی لە سوپای میللی بوو بەهۆی ڕزگاربوونی لە ئیعدام. ناوبراو دوای بەخشینی گشتی ئازەربایجانیەکان لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، پاش سێ ساڵ بەندی لە زیندان ئازاد کرا.

حوسێنی زیرینگەران سەرلەنوێ پاش کودیتای شاو «زاهیدی» دژی دووکتور مصدیق لە ساڵی ۱۳۳۲-۱۹۵۳دا گیرایەوە و پازدە ساڵیان گرت و من بەدوای گیرانم لە ساڵی ۱۳۳۸-۱۹۵۹ ئەوم لە زیندانی «بەرازجان» لە کەناری فارس دیتەوە.

کاتێک پێشنیارەکەی فروهەرم بە «قازی» ڕاگەیاند، ناوبراو گوتی: «لەبەر ئەو چەشنە مرۆڤە سەرەڕۆ و ئێکدەرانەیە کە دەڵێم چاوەدێری لە چاپخانە بکەن. ئێستاش کە تۆ ئەوە دەزانی پێویستە خۆ لە پیلانی ئەمجۆرە کەسانە بپارێزی.»

فروهەر بەداخەوە بەوەش دانەمرکاو پیلانێکی نارەوای تری گێڕا. ناوبراو لاوێکی بەهەستی مەهابادی بەناوی «هاشمی فەرهادی» هاندابوو، کە «ڕەحمەتی شافعی» گەورەترین ساعاتدار و جێگای ڕێز و حورمەتی خەڵکی مەهاباد بکوژێ. ئەو بە هاشمی گوتبوو بۆ هەرکام لە هەڤاڵان کەسێک دیاریکراوە کە بیکوژن و ڕەحمەتی شافعی وەبەر تۆ کەوتووە. لەکاتێکا بەدوای کوژرانی برای ڕەحمەتی شافعی کە ئەویش ڕووداوەکەی بەشێوەی خوارەوە بوو، کەسێکی تر نەکوژرا:

ڕۆژێک لە دووکانی «بەزازی» بابم دانیشتبووم. بابم لەوێ نەبوو، بەڵام مامم «ڕەحمانی شافعی» برای ڕەحمەتی شافعی لەوێ دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە. ناوبراو تا بڵێی مرۆڤێکی ئەجیب و میهرەبان و پیاو چاک و هێندێکیش تووڕە و بەهەست بوو. لە پای دووکانی بابم جێیەک تەرخان کرابوو بۆ کاک «حەمە سەرپان»، کە نالبەندی کەوشان بوو. ئەو کات جۆرە پێڵاوێک هەبوو کە بە کەوشی زەنگان دەناسراو کەوشێکی ڕەختە و بەدەوام بوو، و پتر گوندیەکان دەیانکڕی و نالی ئاسنیان لە پانیەکەی دەدا. دامودەزگای نالبەندی کاک حەمەد لەبەر دەست بوو. ڕۆژانە بەدەم کەلوپەلەکەی دادەنیشت و چاوەڕوانی مشتەری دەکرد و چەند هەڤاڵیشی هەبوو کە جارجارە بەیەکەوە کۆ دەبوونەوە و سیاسەتیان دەکرد.

هێشتا شەڕی ئەڵمان و ڕوس و هاوپەیمانەکانیان نەبڕابۆوە، بەڵام «برلین» دەمەترسی کەوتبوو. هەڤاڵانی کاک حەمە کە بریتی بوون لە: «عەبدوولخالەقی ڕەزی فرۆش»، مەلا

«محەمەدی حافظ القران»و کاک «مینە»ی پانتۆڵ فرۆش، شەوانە دەچوونە ماڵی ئەو کەسانەی کە رادیۆیان هەبوو، هەواڵەکانی شەریان دەبیستو بەیانی دەهاتنەوە لای «حەمە سەریان»و دەنگو باسەکانیان بۆ یەکتر دەگێراوەو هەرکامەشیان بەدڵی خۆیان شتێکیان پێوەدەنا. گروپی کاکە حەمە خوێندەواریان نەبوو، بەلام دڵسۆزی نەتەوەکەیان بوونو بەهۆی ئاگادار نەبوونیان لە بۆچوونی «هیتلێر»و کوشتو برەکانیو دژایەتیان لەگەڵ ئینگلیس لایەنگریان لە «هیتلێر» دەکرد. ئەوسا ناوی ئەمریکاو سۆڤیەت لە مەڵبەندی ئێمەدا زۆر لەسەر زاران نەبوو، بەلام ناوی ئینگلیسی داگیرکەر لای هەموو کەس زەقو ناسراو بوو، ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئینگلیس بەری بە مافی کورد گرتووەو ناهێڵێ کورد ئازاد بێو دەسەلاتی کیانی خۆی بەدەست بگرێ. ئەوان کارەساتی شەری یەکەمی جیهانیان بیستبوو،و دەیانزانی ئینگلیسو «کەماڵ ئاتاتورک» بەیەکەوە سازاونو مافی کوردیان پێشێل کردوە. لەبەر ئەوە بە ئاوات بوون ئینگلیس بشکێو هیتلێر سەرکەوێ.

کاک رەحمانی شافعی رووی دە کاک حەمە کردو پرسی: «کاکە حەمە چ خەبەر، تۆ بڵێی هیتلێر سەرکەوێ؟» کاک حەمە زەردەخەنەیەکی هاتیو لە وەڵامدا گوتی: ئێوە شارەزانو رادیۆتان هەیە، ئێمەی هەژار چی. لەو باسە دابووین کە «هاشمی فەرهادی»مان لێ پەیدا بوو. ناوبراو پیاوێکی قۆزو جوان چاک بوو، بەلام حاڵی ئاسایی نەبوو. لەوە دەچوو سەرخۆش بێو سەرو رووی سوور داگیرسابوو. بەم حاڵەتە رووی لە کاک رەحمان کردو گوتی:

– «کوا میرزا رەحمەتی برات؟» کاک رەحمان وەدەستەرپێ کەوتو گوتی:

– بۆچیتە؟ هاشم گوراندیو گوتی:

– «دەیکوژم، چونکە مرۆڤێکی مفتەخۆری مل ئەستورە.» کاک رەحمان بەبیستنی ئەو گوتنە گوتی:

– کورە خوێڕی، چۆن تۆ زات دەکەی شتی وا بڵێی؟

– «دەشی لێنمو چاویشت دەردێنم.»

کاک رەحمان راست بۆوەو گورج چەکوچی نالبەندی کاک حەمەی هەڵگرتو کەوتە گیانی هاشم. خەڵک کۆ بۆوەو هاشمیان دوور خستەوەو کاک رەحمان بە رواڵەت هێمن بۆوە، بەلام هەرکە خەڵکەکە بلاوەیان کرد، کاک رەحمان سەرلەنوێ چەکوچەکەی هەڵگرتەوەو وەدوای هاشم کەوتو سەرئەنجام لەپێش دووکانی بەزاری «محەمەدی عەبدولی» گەیشتەوە هاشمو بەچەکوچان سواری سەری بوو. لەو کاتەدا دەنگی تەقەی گوللە دەمانچان خەڵکی پەشۆکاند. هاشم دوو گوللەی لە سنگی کاک رەحمان داو دوو

گوللەشی لە هەوا کرد تا بڵاوە بە خەڵکەکە بکات و بەو چەشنە کاک ڕەحمانی شافعی کوشت.

دەنگی کوژرانی کاک ڕەحمانی شافعی دەشار کەراو وڵات شڵەژا، ئاڵغاوەتی مەنگوڕ دێبوکری بۆ دیتنەوەی هاشم وەخۆ کەوتن و سەرئەنجام تفەنگچییەکانی «عەوڵای بایز ئاغا» ڕەتی پێی هاشمیان هەڵگرت و ئەویان لە ماڵی «محەممەدی سەڵکی سپی»، لە گەڕەکی سەوزیخانەی شاری مەهاباد دیتەوە و کوشتیان. خەڵک تەرمی هاشمی چارەڕەشیان هێنا مزگەوتی «عەباس ئاغا» و لەسەر تاتەبەردەکانی مزگەوتیان دانا و لەوێوە بردیان ناشتیان. خزم و کەسوکاری هاشمیش بەبیستنی ئەو ڕووداوە تێکڕا ماڵەکانیان بەجێ هێشت و چوون پەنایان بۆ «کەریم ئاغای قونقەڵا» بەبرد و پاش چەند ڕۆژ کە وڵات ئەهوەن بووە، گەڕانەوە سەر ماڵ و ژیانی خۆیان و لەکاتێکا ئەوان کوڕە خۆشەویستەکەیان بەمجۆرە لەکیس چوو، کاک حوسێنی زێڕینگەران قیت و قنج لە مەهاباد بە ئازادی دەگەڕا.

## هاتنی سەرۆک بارزانی بۆ مەهاباد

لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥دا، پاش شەڕێکی دوور و درێژ و خوێناوی لەنێوان حکومەتی عێراق و عەشیرەتی بارزان بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا، ئەرتەشی عێراق توانی بەکەڵک وەرگرتن لە فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی هێزی هەوایی ئەرتەشی ئینگلیس ناوچەی بارزان بگرێتەوە و هۆزی بارزان ناچارێکا بەرەو کوردستانی ئازاد کراوی بندەستی ئێران بکشێتەوە و پەنا بۆ کوردەکانی ئەو هەرێمەی کوردستان بەرێ، کە لەژێر فەرمان و ڕێبەرایەتی ژ.ک‌دا بوون.

بەر لە پاشەکشەی هێزەکانی بارزانی بۆ ناوچەی شنۆ، ڕۆژێک لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی «لاوان» خەریک بووین بەرەو یانەی خۆمان واتە بارەگای «سازمانی جەوانان» دەچووین، کە لە ڕووبەڕووی «مەحکەمەی قازی» لەپاڵ چەپەرەکانی دم چۆمی شار تووشی کۆمەڵێک بارزانی چەکدار بووین، کە پاڵیان بە چەپەرەکانەوە دابوو، و خەریک بوون نان و پەنیرو کشمیشیان دەخوارد. ئەوان هاتبوون بۆ مەهاباد تا چاویان بە «قازی» بکەوێ. کاتێک ئێمە لێیان نزیک بووینەوە، دیتمان تێکڕا جلوبەرگ و پێڵاوی یەک شکڵیان دەبەر دایە و ڕەخت و فیشەک و تفەنگی وەک یەکیان پێیەو بەم چەشنە دیار نەبوو کام لەو بارزانییانە مەلا مستەفایە. ئێمە بۆ ئەوەی «مستەفا بارزانی» بناسین لەچەند کەس لەو

چەکدارە ئاغاباتووە سووراتەمان پرسی کامەتان مەلا مستەفان، بەڵام ئەوان وڵامیان نەدایەوەو تەنانەت قسەشیان لەگەڵ نەکردین.

ماوەیەک دەبارزانییەکان رامابین و بەدڵ تەماشامان دەکردن و جەنگاوەری و لەخۆبردوویی و پیاوەتی ئەوانمان هەڵدەسەنگاند و ئافەرینمان بۆ دەناردن و زۆریشمان حەز دەکرد «مستەفا بارزانی» ئەو ئینسانە شۆڕشگێڕە ناسراوە بەچاوی خۆمان ببینین. لەو حاڵ و هەوایەدا بووین کە حاجی «مستەفای داوەدی» کە مرۆڤێکی ماقوڵی شاری مەهاباد بوو لە کۆڵانی «مەحکەمەی قازی»یەوە شۆڕ بووەوە و هاتە لای بارزانییەکان و گوتی: «من لە لای جەنابی قازییەوە هاتووم و کارم بە سەرۆک بارزانییەو دەمەوێ بەباسی قازی پێرابگەیەنم.» لەناکاو لەنێو ریزی بارزانییەکاندا مرۆڤێکی لێهاتووی رەنگ پیاو هەستا سەرپێ و لە حاجی مستەفا نزیک بووەوە و دەستی لە دەستی ناو بە ئیحترامەوە لە بەرامبەریدا راوەستا. ئێمە لێیان نزیک بووینەوە و زانیمان ئەو چەکدارە سێزەر سوورە بارزانییە. حاجی مستەفای داودی گوتی:

- جەنابی قازی داوات لێدەکا تەشریف بێنییە مەحکەمەو میوانی بی.
- «سوپاسی جەنابی دەکەم، زۆرباشە من لێرە دەگەڵ هەڤاڵانم نان دەخۆم و پاشان دێم بۆ مەحکەمە.»

بارزانی بۆ ئەوە هاتبووە مەهاباد کە چاوی بە «قازی» بکەوێ و لەسەر دامەزراندن و دابین کردنی بنەماڵەی بارزانییەکان چارەیەک بدۆزێتەوە، کە سەروەت و سامانیان بەدەست نەیارانی بێ بزە لەنێو چووبوو، و لە چیاکاندا ئاوارەو بەبێ سەرپەنا مابوونەوە. لەبیرمە کاتێک کۆماری کوردستان رووخا، بارزانییەکان لە زستانی سەخت و دژواری کوردستاندا لە چیاکان مانەوە و لەبەرامبەر هێزی تەیارکراوی ئەرتەشی ئێراندا راوەستان و سەرئەنجام مەردانە لوتکەی چیاکانیان بڕیوو لە ئاگری و ئارارات تێپەڕین و سەری دەوڵەتی ئێرانیان شۆڕ کرد. رۆژنامەکانی «تاران» بەتایبەت رۆژنامەی «ئاتەش» بەتەشەر لێدان لە ژێنراڵ «رەزم ئارا» وێنەی تەختە شکاوەکەی «بروجیرد»ی لە سەرووی یەکەم لاپەڕی چاپ کردبوو، و لەژێری نووسیبوو «دەسکەوتی ئەرتەشی پادشای ئێران لە بارزانییەکان». ئەو تەختە «بروجیرد»ییە هی سەرۆک بارزانی بوو، کە لەسەری دەخەوت.

رەزم ئارا کە ئەوکات سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران بوو نەیتوانی لەبەرامبەر گوتنی رۆژنامەکاندا خۆی راگرێ و لەگەڵ چەند رۆژنامان وتووێژی کرد و گوتی: ئەوانەی لەپشت مێز دادەنیشن و دیشلەمە هەڵدەلوشن نازانن «بارزانی» چ جانەوەرێکن. هەتا ئەمڕۆ لە تەمەنی ئەرتەشی ئێراندا ئێمە قەت تووشی جەنگاوەری بەمجۆرە دلێر نەبووین!

ڕێی پێوانە ئاڤاو درێژەکەی «مائوستەتونگ» وەک پێویست لە مێژووی جیهاندا تۆمار کراوەو پڕبە پێستی ئاگاداری لەسەر بڵاو کراوەتەوە، بەڵام جگە لە ژێنراڵ «ڕەزم‌ئارا» کەس تا ئێستا بەڕوونی باسی ڕێی پێواتی درێژو دژواری بارزانییەکانی نەکردووە. کەچی بارزانییەکانیش وەک مائوستەتونگ‌و هاوڕێیەکانی کوێرەوەریان بەسەر هات. ئەوانیش چیاو دەشت‌و بەندەنەکانی کوردستانیان وەک «چانە» بڕی‌و هێزی ئەیاری دوژمن‌و چەکداری بەکرێگیراوی عەشایری‌و فڕۆکەو تانک‌و تۆپی دوژمن لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دان، بێ جل‌و بەرگ‌و نان‌و خواردەمەنی‌و دەرمان مانەوەو کۆلێک ژن‌و منداڵیان پەرێشەوە بوو، زستانی سارەی کوردستان قوڕگی گرتن‌و شوێنی حەسانەوەیان نەبوو! بارزانییەکان، کە لە چۆمی «ئاراس» پەڕینەوە بۆ سۆڤیەت، پێڵاویان دەپێدا نەبوو، و لەجیاتی پێڵاو ئاغایانبوو، و پەڕۆو پاڵیان لە پێیان هاڵاندبوو، قاچ‌و قوڵیان سەرما بردووی‌و زامدار بوون، ئەوانە ڕاستێکی مێژوویین کە من لە زمانی ئەو کەسانەم بیست کە ئەو کات لە سۆڤیەت دەژیان‌و پێڵاوو لیباسیان بۆ بارزانییەکان بردبوو.

«محەمەد عەلی پەیدا» یەک لەو کەسانە بوو کە لەسەردەمی کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان‌دا بۆ خوێندن نێردرابوو بۆ سۆڤیەت. ناوبراو نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ من لە زیندانەکانی تاران‌و «بەرازجان»دا بوو. ئەو دەیگوت: کاتێک بارزانییەکان لە چۆمی «ئەرەس» پەڕینەوە، هیچکامەیان پێڵاویان دەپێدا نەبوو، کشتیان زامدارو نەخۆش‌و برسی‌و ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو بوون‌و کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە دەیبینین مووی لەشی ڕاست دەبۆوەو هەموو گیانی دەلەرزی! محەمەد عەلی پەیدا هەروەها گوتی:

– ئێمە لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە جل‌و بەرگ‌و پێڵاومان بۆ بردن، جووتە کەوشێکی ڕەختەو باشمان دایە دەست مەلا مستەفای بارزانی کە دەپێی بکات، بەڵام ئەو بەنۆرەیی کەوشەکەی بۆ هاویشتین‌و گوتی: «یان لە هی پێشمەرگەکانم بۆ بێنن یان دەبێ هی ئەوانیش لەمە بن.»

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە بزووتنەوەی کورد لە هەموو خاکی کوردستاندا سەرکوت کراو بەساڵان ورە لە کورد نەهات‌و هێزی دەسەڵاتی نەیاران بەسەر خاک‌و نەتەوەی ئێمەدا زاڵ بوو، ئەوە دەنگ‌و چریکەی «بارزان»و بارزانییەکان بوو کە بێدەنگی شکاندو چرای شۆڕشی کوردی هەڵایساند. بەڵام داخەکەم ئێستا کەم باسی لەو قارەمانەتییە دەکرێ: «تەفریشیان» ئەفسەرێکی «سازمانی نیزامی» حیزبی تودە بوو کە لە لایەن حیزبی تودەوە نێردرابوو بۆ نێو کۆماری ئازەربایجان. پاش شکانی کۆمارەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان، ناوبراو لەگەڵ بارزانیەکان کەوتبوو، و پیاوانە یارمەتی دابوون‌و تۆپچی بارزانیەکان بوو. ناوبراو کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە زیندانەکانی ئێراندا بوو، لە باسی بارزانیەکاندا

دەیگوت: ئەوان گورگی چیاو بەندەن‌و کوێستان بوون‌و کردەوەی ئەوان بەزار ناگێڕدرێتەوە!

هۆزی بارزان ساڵانی درێژ بەرەنگاری هێزی نەیاری هاتوون‌و نەسڵ بە نەسڵیان بڕاپەوە، بەڵام یەچۆکدا نەهاتن. ئەوە بەسەرهاتی هۆزێکی کوردە کە بۆ بەختەوەری‌و ڕزگاری نەتەوەکەمان رۆڵەکانی قوربانی کردووە. رابردوویان دەبێ جێی رێزو حورمەت بێ‌و خەسارەکانیشیان جێگەی خۆی هەیە. ئەوانەی پاڵ دەدەنەوەو پێشینیان گوتەنی «لە تەرێ دەخۆن‌و لە وشکی دەتوون»و سەریان بەزیانی خۆیانەوە بەندەو «ڕەزم‌ئارا» گوتەنی «لەپشت مێز دادەنیشن‌و دیشلەمە هەڵدەلوشن» دیارە تووشی هەڵەش نابن‌و تاڵی‌و سوێریش ناچێژن.

بارزانی بە دوای ئەو ڕۆژەدا، جارێکی‌تریش لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان هاتە مەهابادو پاشان لە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٦ بەشێوەی ڕەسمی هاتە مەهابادو لە لایەن کاک «سەدیقی حەیدەری» ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیموکراتەوە پێشواری لێکراو لە پلەی ژێنڕاڵی کۆماری کورددا بۆ خۆی‌و هەڤاڵانی خزمەتی سەقامگیرکردنی کۆماریان کرد. ڕۆژی دوو شەمە ١٢ی ڕەشەمە مامۆستاکانی قوتابخانەی ناوەندی کە من لێم دەخوێند، ڕایانگەیاند بارزانی بۆ سەردان دێتە قوتابخانەکەمان. مەهاباد ئەو کات تەنیا قوتابخانەیەکی ناوەندی هەبوو، کە پێیان دەگوت «دەبیرستانی پەهلەوی». شوێنی ئەو قوتابخانەیە لەو گۆرەپانە بوو کە ئێستا بە «مەیدانی مەلاجامی» دەناسرێ. هەواڵی هاتنی بارزانی بۆ قوتابخانە بۆ ئێمە خوێندکاران هەواڵێکی خۆش بوو، چونکە بەتێکڕایی ئامەزرۆی دیتنی ئەو پیاوە شۆڕشگێڕە ناسراوەمان دەکرد‌و بە ئاوات بووین لە نزیکەوە بیبینین. بارزانی هات، ئێمە تێکڕا ڕابووین‌و بە چەپڵە لێدان بەرەو پیری چووین‌و پێشوازیمان لێکرد.

محەمەد مەحموود قدسی لە لایەن بارزانی‌یەوە نووسراوەیەکی خوێندەوە. من دەقی نووسراوەکەم لەبیر نیە، بەڵام نووسراوەکە بەگشتی لە جوغرافیای کوردستان‌و شوێنی ژیانی کورد و هۆی شەڕی بارزانی و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد دەدواو داوای لە قوتابی‌یەکان دەکرد بخوێنن و شێلگیرانە درێژە بە خوێندن بدەن‌و دەفکری ئەوە دانەبن کە لە ڕێگای خوێندنەوە بە پلەی بەرز بگەن، بەڵکو بۆ نەتەوەکەیان بخوێنن و هەوڵ بدەن دوارۆژێکی خۆش بۆ ئەو بەدی بێنن. پاشان بارزانی بە زمانێکی تێکەڵاو لە هەر دوو زاراوەی کرمانجی‌و سۆرانی شەش حەوت دەقیقە لە درێژەی نووسراوەکەیدا قسەی بۆ کردین. لە کۆتایی‌دا دەستی لە نێو دەستی قوتابی‌یەکانی ڕیزی پێشەوە ناو خودا حافیزی لێکردین‌و ئێمەش تا بەر دەرگای قوتابخانە لەگەڵی چووین.

محەمەد مەحموود قدسی کە نووسراوەکەی بارزانی خوێندەوە پێشتر ئەفسەری ئەرتەشی عێراق بوو. ناوبراو لەگەڵ سەرھەنگ عیزەت عەبدولعەزیز، سەروان میرحاج ئەحمەد، سەروان مستەفا خۆشناو، رەئیس بەکرو خێروللا عەبدوولکەریم رایکردبوو، و لەگەڵ شۆرشی بارزان کەتبوو. دەیانگوت عیزەت عەبدولعەزیز یەکێک بووە لە ئەفسەرانی ستادی (سەرکردایەتی) ئەرتەشی ئینگلیس‌و لەگەڵ ژنرال «مونت گۆمری» دژی فاشیزمی «ئالمان» لە شەری «ئەلعەلەمین» لە وڵاتی «میسر»دا بەشداری کرد بوو. بەدوای ئەو دیپارەی بارزانیدا، میرحاج‌و مستەفاخۆشناو لە «شنۆ»وە هاتنە مەهاباد‌و لە بارەگای کۆمەڵەی ژ.ک هودەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردن‌و لەوێ دەژیان.

من لە سەر فەرمانی «قازی» چوومە لای میرحاج‌و مستەفاخۆشناو و گوتم قازی پێی‌گوتووم بۆ ئەوەی کە باریتم‌و چاوم بکرێتەوەو زانیاری پەیدا بکەم ئێوە یارمەتیم بدەن. ئەوان بەدڵێکی ئاوەڵە وەریانگرتم‌و رۆژانە دەچوومە لایان. میرحاج بەزمانێکی سادە کە من لێی تێبگەم دەربارەی وەزعی جیهان‌و چۆنیەتی مەسەلەی سوسیالیزم‌و سەرمایەداری جیهانی قسەی بۆ دەکردم‌و مستەفا خۆشناویش کە لە قوتابخانە خوێندنی کوردی فێر دەکردین لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی‌و بندەستی کوردان باسی بۆ دەکردم.

رۆژێک خەریک بووم لە بەشی راگەیاندنی دەبیرخانەی ژ.ک کارم دەکرد، لەوێ چاوم بە نامەیەک کەوت کە بە زمانی ئینگلیسی نووسرابوو. زەبیحی و دلشاد خەریک بوون بە یارمەتی وەرگرتن لە «دیکشنێر» (فەرهەنگی زمان) دەیانکرد بە کوردی. من کە کارەکەم تەواو بوو وەک رۆژانی پێشوو چوومە لای میرحاج‌و مستەفا خۆشناو. میر حاج گوتی:

- «ئەمرۆ زوو کارەکەت بەجێ هێشتووە؟»

- هەڤاڵان خەریکی وەرگێرانی نامەیەکی ئینگلیسی بوون‌و چونکە منیش کارم نەبوو، پێمخۆش بوو بێمە لای ئێوە. ئەو گوتنەی من سەرنجی میرحاجی راکێشاو گوتی:

- «نەتزانی نامەکە لە کوێوە هاتووە؟»

- نا، بەلام میستر «لاین» (Line) ژێرەکەی مۆر کردوە. میرحاج گوتی:

- «لاین بەتوێنەرایەتی پاشای ئینگلیستان عێراق سەرپەرەشتی دەکات.»

بەرلەو رووداوە زۆرجاران دەگوترا زەبیحی کە لە «تەورێز» گۆڤاری «نیشتمان»ی چاپ دەکرد، سەری «کونسولی ئینگلیس»یشی داوە. جارێکیش قازی بەناوی سەرۆکی ژ.ک «عەلی ریحانی»و رەحمانی زەبیحی نارد بۆ لای کونسولی ئینگلیستان لە تەورێز کە داویان لێ‌بکەن دەوڵەتەکەیان هان بدەن یارمەتی بە بزووتنەوەی کورد بکات. هەروەها لەسەرەتای دامەزراندنی ژ.کەوە سەرۆکایەتی کۆمەڵە چ بەرلە ئەندام بوونی قازی‌و چ دوای

ئەندام بوونی نامەیان بۆ «مولوتوف» وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت ناردوە، هەرچەندە من دەقی ئەسڵی نامەکانم لە دەستدا نیە، بەڵام چەند لاپەرە کاغەزێکی چاپی ژ.ک هەیە کە پیشاندەدات کۆمەڵە نامەکانی بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەوریز ناردوە تا ئەو بۆ دەوڵەتی سۆڤیەتیان بنێری. بۆ وێنە نامەی خوارەوە بە زمانی تورکی ئازەربایجانی نێردراوە:

**Komelhey J.K.** ادارەی ناوەندی

**Idary Navandy** ژمارە ٤٤٤

**Bervari 28 Dizamber 1944** ١٣٢٣ بەرواری ٧ی بەفرانباری

**بژی کورد و کوردستانی گەورە**

**معظم سوو ەت اتفاقنین گنرال کونسولی - تبریز شهریندە**

**احتراما عرض اولنور بو مکتوبین ضمیمەسندە پارتیا مزین طرفندان سورەت اتفاقینی خارجی ایشلر کومسیری جناب مولوتوف بولداش عنوانینە یازیلمیش بیر مکتوب تقدیم واونین مقصدە یترمەسین خواهش ایدیریک**

**ژ.ک پارتیانین مرکزی ادارەسی طرفندان**

**مطبوعات مدیری رحمن زبیحی**

**گەورەم ژێنراڵ کۆنسولی یەکیەتی سۆڤیەت لە شاری تەوریز**

**بەحورمەتەوە داوتان لێدەکەم ئەو نامەیەی کۆمەڵەی ژ.ک کە بۆ هەڤاڵ مولوتوف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت نووسراوە، بە ناوبراوی بگەیەنن.**

**ئیدارەی ناوەندی ژ.ک.**

**بەرپرسی چاپ و راگەیاندن رەحمانی زەبیحی**

**مۆر و ئیمزا**

مەبەست لەم باسکردنە ئەوەیە کە کۆمەڵەی ژ.ک حیزبێکی سەربەخۆ بوو، و بەراستی زانیبووی بۆ بەئامانج گەیاندنی نەتەوەی کورد پێویستە دەست بۆ هەموو دەوڵەتێک راکێشی کە ئامادە بێ یارمەتی بە نەتەوەی کورد بکا، بەڵام چونکە ئەو کات بیری چەپ بەسەر رەوتی ژیانی سیاسیدا زاڵ بوو، رێبەرایەتی کۆمەڵە لە تەنگژەی ئەوەدا بوو کە نابێ جیا لە سۆڤیەت نامە بۆ شوێنێکی‌تر بنووسی و تەنانەت پێوەندی ژ.ک لەگەڵ ئینگلیسیەکان بوو بەهۆی دڵگیر بوونی رووسەکان و بە دوای ئەو رووداوەدا لە «قازی»یان گێراوە بچێتە تەوریز و چاوی بە کۆنسولی رووس بکەوێ، کە قازی چوو. بەرای من داوای رێبەرایەتی ژ.ک لە کۆنسولی ئینگلیس سەبەب بوو کە «لاین» نامە بۆ رێبەرایەتی ژ.ک بنووسی، بەڵام پاش گەرانەوەی «قازی» لە تەوریز بەتەواوی وەرەق

گۆڕا و دروشمی کۆمەڵەی ژ.ک دیزە بە دەرخۆنە کراو تەنانەت کۆمەڵە هاتە سەر ئەو باوەڕە کە دروشمەکانیشی بگۆڕێ و بەدروشمی نوێ دریژە بەخەبات بدات. کە لە باسی حیزبی دیموکراتدا پەنجەی بۆ رادەکێشم.

دوو سێ رۆژ پاش گەڕانەوەی قازی لە ئەوروپا زانیم کە میرحاج و مستەفا خۆشناو خۆیان کۆ کردۆتەوە و لەبارەگای ژ.ک بڕون. پرسیارم لێکردن:

– ئۆغر بێ؟

– «هێندێک گیروگرفت هەیە دەمانەوێ بچینە باخی «سەعیدی حەمە قالە»ی.»

کاک سەعید لایەنگرانی کۆمەڵە بوو. باخەکەی بە باخی «مەعاریف» دەناسرا و لەوبەری باخی «عەزیز ئاغا»ی هەڵکەوتبوو، کە ئێستا نەخۆشخانەی «سیل»ی لێ دروست کراوە. گوتم:

– ناکرێ میوانی ڕێکخراوی لاوانی ژ.ک بن و ئێمە پتر لە یارمەتی‌تان کەڵک وەرگرین!

– لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکدا نیە کە ئێمە لێرە بین. ئێمە دەڕۆین، بەڵام داوات لێدەکەین جارجارە وەرە باخی کاک سەعیدو سەرمان لێبدە.»

شەوێک بۆ چاوپێکەوتنیان چوومە باخی کاک سەعید، دیتم میرحاج و مستەفا خۆشناو لەگەڵ «حەمەدی مەولوودی»، «محەمەدی سەلیمۆکەی»، «سمایلی پیرۆزی»، «باقی حەسەنە شەلی»، «حاجی حەسەنە شەلی»، «مارفی پوور زەریفی» و «هاشمی کورد» لەژێر شۆقی فانووسێک دانیشتوون و ناميلكەيەكيان بەدەستەوە. جیا لە هاشم ئەوانی‌تر نەخوێندەوار بوون. منیش چووم لە لایان دانیشتم. میرحاج ناميلكەكەى دامێ و گوتی: «ئەوە بە فارسی نووسراوە، دەکرێ بۆمان بخوێنیەوە بزانین چی تێدایە؟» ناميلكەكەم لێ وەرگرت. دەفتەرچەیەکی بچووکی چرچ و چۆڵ بوو، لە سەری نووسرابوو «حزب توده چه میگوید و چه میخواهد» واتە حیزبی تودە چ دەڵێ و چ دەخوازێ. نووسراوەکەم بۆ خوێندنەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆم لێ بەدی نەکرد کە بۆنی «چەپ»ی تێدابێ. هیچ باسێکی دەربارەی سوسیالیزم و مارکس و لینین تێدا نەبوو. گشت داواکانی لە چوارچێوەی باسای بنەڕەتی ئێراندا زەق کردبۆوە.

بۆم روون نەبوو ئەو ناميلكەیەیان چۆن وەدەست هێنابوو. بەڵام پاشان زانیم «عەزیزی زەند» (عەزیز ئالمانی) و «غەفووری مەحموودیان» خەریکن بە لایەنگری کردن لەو ناميلكەیە شەوانە لە کەرەکی مزگەوتی «سوور» کۆ دەبنەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەن. ئەو کردەوەیە بوو بەهۆی نارەزامەندی گرووپێک لەنێو کۆمەڵەی ژ.کدا. ڕێبەرایەتی ژ.ک کۆبوونەوەیەکی لە چوارچرای شاری مەهاباد پێکهێنا، کە خەڵکێکی زۆر بەشداریان تێدا

کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا «قازی» لەسەر شێوەی هەڵسووڕانی سیاسی وتاری دەدا، لەوکاتەدا کە قازی قسەی دەکرد، لەنێو جەماوەرەکەدا دەنگو داکەوت، کەسانێک دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر کۆبوونەوەکەو تێکی دەن، من لەنێو خەڵکەکەدا بووم کە دیتم گرووپێکی چەکداری دوازدە کەسی لە هاوڕێیانی «حاجی حەسەنە شەلی» هاتنە نێو خەڵکەکە، خەڵکەکەش بە نارەزامەندی تەماشای ئەوانیان دەکردن‌و ئەوانیش لەنێو خۆیاندا هەر بۆڵەیان بوو، بەڵام دەستیان لەنەبزاوت.

چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، «غەفووری مەحموودیان» لە کۆچەی جولەکان کوژرا، ژمارەیەک دەیانگوت ناوبراو دژی کۆمەڵە پێوەندی بە تارانەوە هەبووەو هێندێکیش دەیانگوت ئەو مرۆڤێکی سیاسی‌و دژ بە ژ.ک بووە، بەڵام زۆربەی شارەزایان لەو باوەڕەدا بوون کە «غەفووری مەحموودیان» سەر بە «هاشم‌ئۆف»ە یەکێک لە کاربەدەستانی سۆڤیەت لە «ورمێ» بووە، هەرچی بوو کوژرانەکەی غەفووری مەحموودیان ڕەنگ‌و بۆنی سیاسی هەبوو،و ئێستاش بەدروستی ڕوون نەبۆوە بۆچی کوژرا، بەدوای ئەو ڕووداوەدا، «عەزیزی زەند» مەهابادی بەجێ‌هێشت‌و چووە تەوریزو لەوێ نیشتەجێ بوو، ناوبراو دەگەڵ چەند هاوفکری سیاسی خۆی لقی حیزبی تودەی لە ئازەربایجان دامەزراند، بەڵام بەدوای دروست بوونی «فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان» لە تەوریز، عەزیزی زەندو هەڤاڵانی ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی‌و تێکەڵی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوون. ئیتر ئەوسا عەزیزی زەند کاری تەواو چووە تاران‌و لەوێ مایەوە، ئەو ڕەوتە پێشان دەدا کە «غەفووری مەحموودیان»و «عەزیزی زەند» سەر بەو بیرە سیاسیە بوون کە «هاشم‌ئۆف» وێستوویەتی، بانی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی سەر بەڕێبازو بیروبۆچوونی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە کوردستان‌و ئازەربایجاندا. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێ، مەحموودیان لەو ڕێگایەدا سەری دانا نەک لە ڕێگای پێوەندی لەگەڵ تاراندا.

## دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی ژ.ک دروشمی کوردستانی گەورەی هەڵگرتبوو. سەرۆکایەتی کۆمەڵە بەنیازی هاوکاری دەگەڵ کوردەکانی بندەستی تورکیەو عێراق لە یەکەم هەنگاودا کۆبوونەوەیەکی سێ قوڵی دەگەڵ نوێنەری ئەوان لە چیای «دالانپەر» پێکهێنا، کە ئێستا بەپەیمانی «سێ‌سنوور» دەناسرێ. کۆمەڵە لەنێو جەماوەردا بەراشکاوی دروشمەکانی خۆی بڵاو دەکردەوەو بۆ ئەوەی دەنگی بە دنیا بگەیەنێ، دەیەویست نەک هەر لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بگرە لەگەڵ هەر دەوڵەتێک کە بۆی بکوڕێ پێوەندی بگرێ‌و باروودۆخی ژیانی کوردیان بگوێ بگەیەنێ‌و بۆ ڕزگاری کوردو سەربەخۆیی کوردستانی گەورە داوای پشتیوانیان لێبکات. کۆمەڵە لە پلەی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کوردیدا، ئەو شێوە خەباتەی بەمافی خۆی دەزانی، بەڵام ئەو چەشنە بۆچوونە بابەتی دڵی ڕووسەکان نەبوو.

ڕووسەکان دەیانەویست ئەگەر بۆیان بلوێ ئازەربایجانی بندەستی ئێران بخەنە سەر ئازەربایجانی خۆیان. دیارە ئەوە پتر بۆچوونی «میرجەعفەر باقرئۆف» سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو، کە ڕووسەکانی لە «باکۆ» بۆ ئەو مەبەستە هاندەدا، بەڵام بەپێی پەیمانێک کە «یەکیەتی سۆڤیەت»و «ئینگلیس»و «ئەمریکا» کاتی داگیر کردنی ئێران دژی «نازی»یان مۆر کردبوو، پێشی بەو ئاواتەی «باقرئۆف»و ئازەربایجانی‌یەکان دەگرت، ئەو سێ دەوڵەتانە لە پەیمانی داگیرکردنی ئێراندا بەڵێنیاندابوو شەش مانگ دوای شکاتی نازیستەکان ئێران بەجێ‌بهێڵن‌و بەچاوی ئیحترامەوە تەماشای چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران بکەن.

ڕۆژێک گوتیان ڕووسەکان لە قازی‌یان گێڕاوەتەوە بچێتە تەورێز. سەفەری قازی کورت بوو. دوای گەڕانەوەی قازی باس لە پێوەندی نێوان ئینگلیس‌و کۆمەڵەی دەکراو دەگوترا سۆڤیەت لە پێوەندی نێوان کاربەدەستانی کۆمەڵەو ئینگلیس نارازییە. دوای داکەوتنی ئەو دەنگۆیە، ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە ناوەندی کۆمیتە ناوەندی کۆ بۆوە. من بە نوێنەرایەتی

ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ کرام. تا ئەو جێیەی لەبیرمە قازی سەر قسەکانی کردەوەو گوتی:

**– دروشمی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ هەموومان جێگەی ڕێزەو دەزانین بەتەواوی بەرگری لە مافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکی لە داخوازەکانی ئەمڕۆی ژ.ک ناکات. کەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی پڕ هەورازو نشێوەو ئەمڕۆکە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئەو ئاواتە بەدی ناکرێ. کەواتە پێویستە ئێمە چاوێک بە داخوازەکانماندا بخشێنین‌و لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەین‌و لایەنگریان بۆ بدۆزینەوە. بەڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێ لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێندرێ‌و شتێک لە پرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کە دەگەڵ دەقی یاساو دەستووری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێ. بەپێی ئەو بۆچوونە پێویستە ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێ‌و قالبێکی نوێ دانێین کە لەگەڵ دروشمە تازەکانمان بێتەوە.**

لە ڕەنگ ڕوخسارو شێوەی گوتنی قازی دەردەکەوت کە ڕاگەیاندنەکەی زۆر بەدڵ نییە، بەڵام وەسەرەخۆی نەدەهێنا. لەوە دەچوو کە دۆخی زاڵ بەسەر ڕەوتی دیاردەکاندا قازی کەیاندبێتە ئەو شێوە ڕوانینەو ئامۆژگارییەکانی لە دڵسۆزی ئەو سەرچاوەیان دەگرت. قازی لە دەقی گوتنەکانیدا ئاماژەی بە دۆستایەتی ستراتیژی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت کردو گوتی:

– بەداخەوە جگە لەو هیچ دەوڵەتێک لەو دنیا بەرینەدا لانی ئێمەی کورد ناگرێ. دیارە ئەویش بەرژەوەندی خۆی لەم کارە دەبینی کە سووکە چاوێکمان لێ‌بکات.

بەر لەو ڕووداوەی مەهاباد، لەسەرەتاوە لە ئازەربایجان بیر لە «ئەنجومەنی ئەیالەتی» ئازەربایجان بەپێی یاسای بنەڕەتی ئێران دەکراوەو چونکە دەیانزانی پتر لەوەیان بۆ ناچێتە سەر، سەرئەنجام هاتنە سەر ئەو هەڵوێستەو باقرئۆڤیش ملی بۆ ڕاکێشا. بەڵام، لە کوردستانی ڕزگارکراودا ئاواتی گەلی کورد لەوپەڕی خۆیدابوو،و بیریان لەوە نەدەکردەوە چەندە سەردەکەون. ئەگەر لە خەڵکی کوردی ناوچە ئازاد کراوەکانیان پرسیبا: ئێوە ئامادەن بە وەرگرتنی هێندێک مافی ئازادی بکەڕێنەوە ژێر دەستی دەوڵەتی ئێران، بێگومان هیچکەس ڕازی نەدەبوو. خەڵکی ئاسایی ئاگاداری ئەو ڕاستی‌یە نەبوون کە سەرۆک عەشیرەتەکانی بەتێکرا لەژێرەوە کەین‌و بەینیان لەگەڵ تاران دامەزراندبوو،و «دیموکری»یەکان بە تایبەتی لەگەڵ سەرلەشکر «هومایونی» فەرماندەی عەمەلیاتی ئەرتەشی ئێران لە گرتنەوەی کوردستاندا لە پێوەندی‌دا بوون‌و پیلانی خاینانەیان دژی گەلی کورد دادەڕشت.

بەمجۆرە، لە ڕۆژی دووی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥ کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا ناوی کۆمەڵەی ژ.ک‌و دروشمەکانیان گۆڕی. داخی گرانم گۆڕینی دروشمەکانی ژ.ک پاشەکشەیەکی نالەبار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، کە هەلومەرج بەسەر نەتەوەی ئێمەیدا سەپاند.

بەر لەوەی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات دەست بەکار بکات، چونکە مەهاباد پۆلی دووەمی ئامادەگی نەبوو، من بەناچاری بۆ درێژەدان بەخوێندن چووم بۆ تاران. بەرلە ڕۆیشتنم، نیازی چوونم بە بابم ڕاگەیاند، بەڵام ئەو پێی‌خۆش نەبوو مەهاباد بەجێ‌بهێڵم‌و بچمە وڵاتی غەریب. زۆرم هەوڵدا، بەڵام بۆم ڕازی نەدەبوو. ناچار هانام بۆ «قازی» بردو مەسەلەکەم پێڕاگەیاند. ناوبراو ناردی بە شوێن بابمداو پاش لێدوانێکی زۆر ئەوی ڕازی کرد دەگەڵ چوونم بۆ تاران هاودەنگی بکات‌و پاشان گوتی:

— نیگەران مەبە من فکرم لە دوا ڕۆژی «غەنی» کردۆتەوە. دەگێڕمەوە بۆ مەهاباد‌و دەینێرم بۆ شوێنێکی تایبەتی بخوێنێ، قازی شوێنە تایبەتیکەی لێ ئاشکرا نەکردین.

کاتی حەرەکەت، بابم تا تەورێزم لەگەڵم هات‌و لەوێوە بەچاوی پڕلە فرمێسک بەڕێی کردم بۆ تاران. ئەوە یەکەمجار بوو لە تەمەنمدا کە چاوی بابم بە فرمێسک دەدی، چونکە بابم ڕازی نەبوو لە «دانیشسەرای موعەلیمی» بخوێنم‌و بە وتەی ئەو ببم بە نۆکەری حکومەت، بڕیار وابوو لە «کالج» واتە «دەبیرستانی ئەلبورز» ناوم بنووسم‌و پاش تەواو کردنی خوێندن لەوێ، بمنێرێتە دەرەوەو لە وڵاتانی ئوورووپایی بۆ شوغلی ئازاد بخوێنم‌و لەسەری پێی خۆم ڕاوەستم.

لە کالج دەگەڵ «ڕەحمانی قاسملو» ئاشنا بووم، بەڵام ئەو زۆر نەمایەوەو لە ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥ بۆ خوێندن چووە «پاریس». من‌و چەند هەڤاڵ لە فرۆکەخانەی تاران ئەومان بەڕێ کرد. بەر لەوەی کە ناوبراو سەفەر بکا، ڕۆژێک گوتی: ئەگەر پێت‌خۆش بێ دەچین سەرێکی «ئیحسان نوری پاشا» سەرکردەی بزووتنەوەی کوردەکانی تورکیە دەدەین، کە پاش شکانی شۆڕشەکەی پەنای بۆ ئێران هێناوەو ئێستا لە تارانەو لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا دەژی. ئێمە چووینە لای ئیحسان نوری، ناوبراو گەلێک باسی ڕابردووی خۆی بۆ کردین‌و پاشان ئاخێکی قووڵی هەڵکێشاو بۆ ئامۆژگاری کردنی من کە یەکەمجار بوو دەچوومە خزمەتی، گوتی:

— «سەد مخابن بۆ پاشکەوتوویی خەڵکەکەمان کە قەدرو بایەخی ئەو کەسانە نازانن کە بۆ ڕزگاری نەتەوەو نیشتمانەکەیان تێدەکۆشن.»

وەک بزانم تەنیا من‌و قاسملوو چەند کەسی‌تر کە ژمارەیان لە قامکی دوو دەست

تینەدەپەڕی، چوبوینە لای ئیحسان نوری، ناوبراو بە دیتنی ئێمە دڵی پڕ بوو کەڵێکی داخ‌و حەسرەت هەڵڕشت. ئەو حەقی بوو دڵی پڕ بێ‌و سکاڵا بکات. من کەڵێک بەسەرهاتی مرۆڤی وەک ئەوم بینیوە، کە خەڵک بە رادەی گۆرانیبێژێک قەدریان نەگرتوون. شێخ «مەحمودی حەفید»یش هەرچەند لە ماڵ‌و سەروەتی دنیا بێ‌نیاز بوو، هەر ئەو دەردەی هەبوو. قاسملوو پێی گوت: «بەگم ئەو هەڤاڵەم سەری لە شۆڕش دەخوری، دەکرێ هێندێک ئامۆژکاری پێویستی پێبکەی؟» ئیحسان نوری ڕووی دەمن کردو گوتی:

– کوڕم ئامۆژگارێکت بکەم کە بایی هەموو نەسیحەتێک بێ: ئەگەر دەتەوێ کوردان ڕێزت لێبگرن‌و قەدرت بزانن‌و ڕێنوێنی‌یەکانت لەبەر چاو بگرن، قەت بە کوردی قسەیان دەگەڵ مەکە!

ئەو قسەی ئیحسان نوری پاشا ئێستاش وەک ئاسۆرێک لەسەر دڵم ماوەتەوە. قاسملو ڕۆیشت. هەڤاڵانی هاوولاتیم بەتایبەتی «عەبدوڵڵای حەکیم‌زادە» کە هاوڕێی ژیانی سیاسی کورت تەمەنم بوو، گوتی چۆن دڵت دێ ئێمە بەجێ‌بهێڵی‌و بچی لە مەدرەسەی پوولداران بخوێنی. کالج قوتابخانەیەکی ٢٤ ساعاتە بوو. خوێندکارەکان شەوانەش لەوێ دەمانەوەو جیا لە ڕۆژانی هەینی‌و پشودان مافی بەجێ‌هێشتنی ئەوێیان نەبوو،و دەبوایە بۆ خواردن‌و مانەوەیان لەوێ پارە بدەن. بابم بەهۆی کاک «ڕەحمانی عەلەوی»دا ..٢٥ تمەنی بۆ ناردبووم، کە بچم بەو پارەیە لە کالج ناوم بنووسم، بەڵام من بەدوای گوتنە بەسۆزەکەی عەبدوڵڵای حەکیم‌زادە پارەکەم بە کاک «ڕەحمان»دا ناردەوە بۆ بابم‌و ڕەگەڵ عەبدوڵڵای حەکیم‌زادەو باقی هەڤاڵانم کەوتم‌و چوومە «دانیشسەرا مقەدەماتی». لەوێ چاوەڕوانی ئەو بەڵێنی‌یە بووم کە قازی پێی‌دابووم‌و گوتبووی بۆ خوێندن دەمنێرێتە شوێنێکی شیاو.

ڕۆژی ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤-١٩٤٥، لە دەفتەری دانیشسەراوە ئاگاداریان کردم‌و گوتیان «سەدری قازی» نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە پەرلەمانی ئێراندا دەیەوێ بە تەلەیفۆن قسەت دەگەڵ بکات. چووم گوشی تەلەیفونەکەم هەڵگرت‌و دوای سڵاو‌و چاک‌و خۆشی، سەدری قازی گوتی: قازی ڕایسپاردوە زوو بگەڕێیەوە بۆ مەهاباد. بەو پێیە، بەپەلە چووم بەڵگەکانی خوێندنم لە دانیسەرا وەرگرتەوەو ماڵ ئاوایم لە هەڤاڵانم کردو ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز بە سواری ئوتوبوس بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتم. چوونەوەی من بۆ مەهاباد هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلی ئازەربایجان‌و فیدایی‌یەکانی (پێشمەرگە) بزووتنەوەی ئازەربایجان لە شاری «قەزوین»، پێش ئوتوبوسەکەیان گرتی‌و مسافیرەکانیان دابەزاندو تەماشای پێناسەکانیان کردن‌و کاتێک گەیشتنە من‌و زانیان خەڵکی مەهابادم زۆر بەڕێزەوە گوتیان فەرموو تۆ ئازادی.

ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤- ١٩٤٥، خەڵکی تەوریز بەسەرۆکایەتی «میرجەعفەری پیشەوەری» ڕێبەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ژاندارمەری و شارەوانیان تێکەوە پێچا، بەڵام تخونی ئەرتەش نەکەوتن. بەڕای من، ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەویست. پانی سۆڤیەت هەر لەسەرەتاوە ترسی ئەمریکاو ئینگلیس لە دڵیدابوو، و بە پارێزەوە هەنگاوی بۆ ویستەکانی هەڵدەگرت و تینی دوارۆژی لەبەر چاو بوو، کە نەکا لە سەرەتادا بەجیا کردنەوەی ئازەربایجان لە ئێران تاوانباری بکەن.

من شەوێک لە تەوریز مامەوەو بەیانی ڕۆژی ١٨ی سەرماوەز بە سواری ئوتومبیلی گەڕامەوە مەهاباد و چوومە خزمەت قازی. ناوبراو گوتی: «چەند ڕۆژێک لە مەهاباد مینەوەو بچۆ بۆ خوێندگە تا لەگەڵ ژمارەیەکی‌تر ڕەوانەی باکۆ دەکرێن.» من چوومەوە ئەو قوتابخانەیەی کە پێشتر دەرسم لێ دەخوێندو هەر لەوێش لەگەڵ قوتابیەکان لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماردا مەهاباد بەشداریم کرد.

## دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد

لە بەشی سەرەتای ژیانمدا گوتم کاتێک ئەرتەشی هاوپەیمانەکان ئێرانیان داگیر کردو لەشکری سووری سۆڤیەت لە مەڵبەندی موکریان تا «ئارارات» جێگیر بوو، قەوارەی هێزو تەشکیلاتی حکومەتی ئێران لەو هەرێمەدا هەڵوەشاو دەوڵەتی ناوەندی ئێران دەسەڵاتی بەسەردا نەما. دانیشتوانی ئەو هەرێمە کە نزیک بەنیو ملیون کورد دەبوون، شارو گوندەکانیان ئازاد کرا. مەهابادو دەوروبەری تا نزیک شاری «سەردەشت» لە هێزی حکومەتی پاک کرایەوە. سەردەشت لە دابەشکرنی جوغرافیایی‌دا سەر بە پارێزگای «سنە» بوو، و بە مەڵبەندی داگیرکراوی ئینگلیس دەژمێردراو لەرتەشی ئێراتی تێدا مابۆوە، بەڵام شاری «بۆکان» تا نزیک «سەقز»، شاری «نەغەدە»و دەورو بەری، «شنۆ»و دەورو بەری و ناوچە کوردنشینەکانی «سەلماس» تا دەگاتە هۆزی «جەلالی»یەکان ئازاد کرابوون و کۆمەڵەی ژ.ک بەسەربەستی تێیاندا هەڵدەسوڕا و کۆماری مەهابادیش لەو هەرێمەدا دامەزراو پارێزگاکانی «عیلام»، «کرماشان»و «سنە»ی نەگرتەوە. لەو بەشانە لەژێر دەستی ئینگلیس‌دا بوون و وەک پێشوو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێراندا مابوونەوە.

ناوچە ئازاد کراوەکان گەلێک‌پتر لە ناوچە کوردنشینەکانی‌تر جێی نیگەرانی دەوڵەتی ئێران بوون. بۆیە ڕژیم هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو ناوچانە لە هەموو بارێکەوە لە

دواکەوتوویی‌دا مێننەوەو گەشە نەکەن. مەهاباد نزیکەی بیست هەزار کەسی دانیشتوو هەبوو. بۆ ئەو ژمارەیە تاقە قوتابخانەیەکی ناوەندی‌و تەنیا پۆلێکی ئامادەگی هەبوو. تەنیا قوتابخانەیەکی کچانی لێ‌بوو، کە ئەویش تا پۆلی شەشی سەرەتایی هەبوو. شاری مەهاباد پتر لە قامکی دوو دەست دیپلۆمی نەبوو. هیچکام لە ماموستاکانی قوتابخانە پتر لە دیپلۆم خوێندەوارییان نەبوو، تازە ئەوانیش بەشێکیان ئازەری بوون‌و لە ئازەربایجانەوە هاتبوون. دیکتاتۆری «رەزا» شا بواری بە بچوکترین کاری سیاسی نەدەدا لە کوردستانداو ئێرانی وەک گۆرستانێکی خامۆش لێکربوو. لەبەر ئەوە، لە کوردستاندا زانیاری سیاسی لاواز بوو. ئەزموونی رێکخراوەیی نەبوو‌و تەنانەت ئەزموونی بەرێوە بردنی کاری ئیداریشی لەو بەری لاوازیدا بوو. بۆ هەڵسوڕاندنی دایرەکانی حکومەتی مرۆڤی باوەڕپێکراوی خۆیان لە ئازەربایجان‌و ناوچە فارس نشینەکانەوە دەهێنا. ئابووری دێهات لەو پەری لاوازیدا بوو. کارگای پیشە سازی بواری نەبوو لەو هەرێمەو بەشەکانی‌تری کوردستان دامەزرێ. بەرهەمی کشت‌و کاڵ بە ئامرازو کەرەسەی کۆن بەدەست دەهاتن. دەغڵ‌و دان تەنیا بەشی خەڵکی خۆجێی دەکردو بەدەگمەن بۆ دەرەوە بەرێ دەکران. تەنیا بەرهەمی توتن زیادە لە خەڵکی ناوچەکان بوو، کە ئەویش حکومەت خۆی بە نرخێکی کەم دەیکڕی‌و کەس مافی فرۆشتنی ئازادی نەبوو. گوندەکان قوتابخانەیان نەبوو‌و حکومەتیش قەت خەمی لێ‌نەدەخواردو بگرە پێشی بە هەرچەشنە پێشکەوتن‌و گەشەکردنێکیش دەگرت. بەشی هەرە زۆری کوردستان ناوچەی ئاژەڵداری بوو، کە ئەویش بەشێوەیەکی قرە پاشکەوتوو بەرێوە دەچوو. وەک دەزانین ئێستاش گۆڕانکارێکی ئەوتۆ بۆ راگرتن‌و بە بەرهەم هێنانی ئاژەڵ لە کوردستاندا ڕووی نەداوەو ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش پە لاسا کردنەوە لە ڕژێمی پێشوو هەر بەمجۆرە دەڕوانێتە کوردستان کە لەشکری سووری سۆڤیەتی لێ جێگیر بوو.

هاتنی ئەرتەشی هاوپەیمانەکانی دژی «نازی» بۆ ئێران هەلی بۆ ئەو بەشەی کوردستان رەخساند، کە رێکخراوی «لاوانی کورد»ی لێ دامەزرێ. کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە پلەی حیزبێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی کوردی لە دڵی دانیشتوانی سەر دەریێتی‌و رێبەرانی بەبێ ئەوە هیچ چەشنە زانیارییەک لە کاری سیاسی‌و حیزبایەتی بەو گەلەی کە ئامارەم بەرادەی ئەزموونی سیاسی‌و پلەی زانیاری کۆمەڵایەتی کرد، خەباتی رزگاریخوازانە بەرەو پێش بەری. لە راستیدا ئەوەی رێبەرانی کورد لەنێو کۆمەڵەی ژ.ک‌و حیزبی دیموکرات‌و کۆماری کوردستاندا کردیان لە کەسایەتی خۆیان‌و هێندێکیش رێنوێنی ڕووسەکان بوو. تەمەنی کۆماری کوردستان کورت بوو. وەک کۆرپەیەکی ساوا پێی هەڵگرت‌و زوو جوانە مەرگ بوو، کۆماری کوردستان هەمیشە لە لایەن ئەو دەرەبەگانەوە لە مەترسی‌دا بوو کە هەم لە

ئاخوڕیان دەخوارو هەم لە کادین. ئەگەر داکۆکی ڕوسەکان نەبایە، تەمەنی زۆر کەمتر لەوەش دەبوو. بەراستی هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی‌دا بەدەست ژمارەیەک لە دەرەبەگەکانی کورد بەچۆکدا دەهات. هێزی بارزانی‌یەکان‌و ئەو ئەفسەرە کوردانەی کوردستانی عێراق کە لەگەڵ بارزانی‌یەکان بوون‌و جوامێر ئاغای پشدەرو چەند سەرۆک عەشیرەتی پشدەری خزمی جوامێر ئاغا بەتێکڕا لەمپەری ڕاگری کۆمار بوون. دیارە خەڵکی ئاسایش بەتێکڕایی دڵسۆزی بوون‌و بەشێک بەگردەوەو ژمارەیەک بە پارەو بەشێکیش تەنیا بەقسە لایەنگرییان لێدەکرد.

سەرلەبەیانی دووی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۲۵-۱۹٤٦، مەهاباد هەوایەکی خۆش‌و لەباری هەبوو. جەماوەرێکی زۆر لە زارکی ئەو دوو شەقامە گەورەی شار کۆبوونەوە کە تێکەڵی «چوارچرا» دەبن. پێشمەرگەی چەکدار ناوەندی چوارچرای دەپاراست. فیلم هەڵگرێکی ڕوسی لەبەر ساختمانەکەی ئێستای «فەرمانداری» فیلمی دەگرت. ماقوڵانی شار، سەرۆک عەشیرەتەکانی بارزانی کە سەرۆک بارزانی لە ڕیزی پێشەوەیان بوو، سەرۆکی عەشیرەتەکانی مەنگور، مامەش، گەورک، زەرزا، هەرکی، شکاک، جەلالی‌یەکان‌و عەشیرەتی پشدەری کە بەسەرۆکایەتی جوامێرئاغای تەنگژەو برایمی برای لەو بەری سنوری دەسکردەوە هاتبوون، لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لەبەر «مەحکەمە» لە پاڵ دارە چەپەرەکانی بەستێنی چۆمی مەهاباد چاوەڕوانی هاتنی پێشەوا قازی محەمەدیان دەکرد. ناوبراو لە کاتێکا حاجی «باباشێخ»و چەند شێخ‌و مەلای مەزنی لەگەڵ بوو، بە کۆڵانە لێژەکەی مەحکەمەدا شۆڕ بۆوەو کاتێک گەیشتە پێشوازیکەرەکان لەگەڵ سەرۆک بارزانی‌و سەرۆک عەشیرەتەکانی ڕیزی پێشەوە دەستی دایەوەو پاشان بەرەو چوارچرا چوو. بە نزیک بوونەوەی پێشەوا لە چوارچرا، دەنگی مارشی موزیکی ئەو گۆرە موزیکەی کە بەشداری نومایشی دایکی نیشتمانیان کردبوو، ئاسمانی شاری داگرت. بەرلەوەی قازی بچێتە سەر سەکۆی وتاردان کە لە ناوەندی چوارچرا دامەزرابوو، بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ڕاگەیاند: «بچن قورئان‌و نەخشەی کوردستانی گەورەو ئاڵای کوردستان بێنن.»

دەستبەجێ لێژنەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوو بە دوو لەپشت سەری یەک بەرەو ناوەندی حیزبی دیموکرات وەڕێ کەوتن‌و قورئانی مقەدەسیان لەگەڵ ئاڵاو نەخشەی کوردستانی گەورە لەسەر دەستی مەلا «حوسێنی شکاک» داناو هەر بەمجۆرە گەڕانەوە خزمەت پێشەوا، ئینجا سەرۆکی بەلەدیی مەهاباد «غەنی خوسرەوی» بەپێی پرۆگرامی دیاریکراو، متێنگی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی کردەوەو پیرۆزبایی لە پێشەوا

قازیو نەتەوەی کورد کرد، قازی محەمەد سەرپۆشی لەسەر قورئانو ئاڵاو نەخشەی کوردستان لابردو داپو رەسمی سوێند خواردنی بەجێ هێناو فەرمووی:

**«ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بەئیشتمان، بەشەرافەتی میللی کورد، بە ئاڵای مقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانمو رژانی ئاخرین تنۆکی خوێنم بەگیانو ماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆییو بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێکۆشمو نیسبەت بە جەمهوری کوردستانو یەکیەتی کوردو ئازەربایجان مطیعو وەفادار بم.»**

ئینجا هەموو پێشمەرگەکانو بەشداراتی داپو رەسمی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردو کۆماری کوردستان بەو سوێندەی قازی سوێندیان خواردو وەفاداری خۆیان راگەیاند. لەو کاتەدا چەپلە لێدانی حەشیمەتەکە شاری وەلەرزە خستبوو. دروشمی «بژی کوردستان، بژی حیزبی دیموکرات، بژی پێشەوای کورد قازی» دەگەیشتە ئاسمان. چوارچراو شەقامەکانی شار بە چرا رازێندرابوونەوە. ئاڵای سێ رەنگی کوردستان لەسەر دەرگاو پەنجەرەی ماڵو دووکانەکانو سەربانی ماڵەکانی شار دەشەکایەوە. خەڵک بە رادەیەک شادو بەکەیف بوون، کە مەهاباد لەهەموو ژیانیدا قەت رۆژێکی واخۆشو پڕ لە شادیو شادمانی بەخۆوە نەبینیبوو. هیوای خەڵک پشکوتبوو،و کەس بیری لە دوا رۆژ نەدەکردەوە. پێشەوا، وشەیەکی رێکو بەتاوەرۆک بوو، کە خەڵکەکە لەو رۆژەدا خەڵاتی قازییان کردو بەدوای ئەوڕۆژەدا بوو بە پێشگرو پاشگری ناوی قازی محەمەد.

پێشەوا، بەبەرگی تایبەتی کۆماری کوردستان لە حاڵێکدا کڵاوەکەی بەدەستەوە گرتبوو،و مەندیلی سپی مەلایەتیو قازییەتی بەو مانایە بەسەرەوە بوو، کە هەر قازییەکەی جارانەو خۆی لێ نەگۆڕاوە، لەسەر سەکۆی دروست کراو بەچێو لە «چوارچرا»دا، کە هەم کۆماری کوردستانی لێ راگەیاندو هەم لە رێگای ئاواتی نەتەوەکەیدا سەری لێ دانایەوە، وتاری مێژوویی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیموکراتی خوێندەوە. دەنگی پێشەوا کە وتارەوانێکی بەناوبانگ بوو. ئێستاش لە گوێی ئەو کەسانەدا دەزرینگێتەوە کە ئەو رۆژە لە چێژنی راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بەشداریان کردبوو.

گشت ماقوڵان لە پای سەکۆکە راوەستابوون. مەلا «حوسێنی مجدی» پایە بەرزترین مەلای شاری مەهاباد لە بەرامبەر قازیدا راوەستاو پیرۆزبایی خۆیو گەلی پێراگەیاندو داوای تەمەنی درێژی بۆ کردو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ هەموو گەلانی بندەست دەربڕی. پێشەوا لە وڵامیدا گوتی: ماموستا دوعام بۆ بکە، خۆم لێنەگۆڕێ. ئەوە شەرتی سەرەکی یەکیەتیمانە. پێشەوا هەروەها لە تۆیی وتارەکەیدا دەربارەی مێژووی کوردو هەرێمی جوغرافیایی کورد دواو گوتی:

— «کورد لە کۆنەوە هەزاران پاشاو حوکمدارو تەشکیلاتی هەبووە، هەر لەم کوردستانە ئازاد کراوەی ئێستادا بنەماڵەی موکری کە سەر زنجیرەی ئەوان میر سیف‌الدین بووە تا ساڵی ۱۰۲۰ هە سەربەخۆ بوون‌و دوای میر سیف‌الدین، سارم‌بەگ، شێخ حەیدەر، میر بەگ، میر پاشا تا دەگاتە قوبادخان بەدەسەڵات‌و هێزەوە حکومەتیان کردوە.»

پێشەوا قازی لە درێژەی وتارەکەیدا لە دۆستایەتی خەڵکی کوردو ئازەری دوا‌و سوپاسی لەشکری سووری سۆڤیەتی کرد کە هەلی بۆ کوردان رەخساند کە بتوانن بنەمایەک بۆ دوا رۆژی خۆیان دامەزرێنن. ناوبراو هەروەها باسی دامەزراندنی سوپای میللی کۆمارو کردنەوەی قوتابخانەی بەزمانی کوردی کرد. پاش تەواو بوونی پەیامی قازی محەمەد ۱۷ کەسایەتی وتاریان خوێندەوە، کە پای سەیادیان‌و پای خەجیجەی حەیدەری ژن بوون.

پاش ئەوەی پێشەوا دامەزراندنی کۆماری کوردستانی راگەیاند، لە لایەن چەکدارە تەرخان کراوەکانەوە بۆ ماوەی دە دەقیقە سەدان گوللە تۆپ بە نیشانەی شادی تەقێندرایەوەو حەشیمەت تێکرا دەنگی شادیان بەرز کردەوەو پیرۆزبایی‌یان لە قازی‌و گەل کرد. دەنگی «بژی قازی سەرۆک کۆماری کوردستانستان»، «بژی کوردستانی گەورە»، «شەکاوە بێ ئالای کوردستان» شاری مەهابادی لەنێو خۆیدا نوقم کرد.

دوای راگەیاندنی کۆمار، رێژەی چەکدارانی سوارو پیادە دەستی پێکرد. خوێندکاران بەبێ چەک لە ریزی هەوەڵی رێژەکەدا بوون. من لە حاڵێکدا ئاڵای کوردستانم پێ‌بوو، لە پێش خوێندکارەکان لە ریزی پێشەوە راوەستابووم‌و بەرێژە بەپێش قازی‌دا رۆیشتم. پاشان پیادەو لە ئاخردا سوارە هاتن. لە سەفەرێکمدا بۆ سۆڤیەت، کە لە ساڵی ۱۹۸۷زایینیدا ئەنجامی گرت، هەوڵمدا ئەو فیلمە چەنگ بخەم، بەلام سەرنەکەوتم.

# چوون بۆ خوێندن‌و گەڕانەوەم بۆ مەهاباد بەدوای ڕووخانی کۆماردا

پاش تەواو بوونی ڕێ‌وڕەسمی ڕاگەیاندنی «کۆماری کوردستان»‌و دیداری سەرۆک بارزانی لە قوتابخانەکەمان، من چوومە تەوریز‌و لەوێ، لە قوتابخانەیەکی ٢٤ سەعاتە (شبانە روزی)دا جێم گرت، کە چەند خوێندکاری مەهابادیشی لێ‌بوو. ڕوسەکان، ئەوکاتە لە تەوریز قوتابخانەیەکی ئامادەگی‌یان بۆ منالی بەرپرسەکانی ئازەربایجانیان دانابوو. چونکە پێشەوا پێی گوتبووم تا هاتن‌و کۆبوونەوەی گشت ئەو خوێندکارانەی کە بۆ «باکۆ» بەرێ دەکرێن، لە تەوریز خۆم خەریک بکەم، ڕۆژانە دەچووم لە پۆلی پێنجی ئامادەگی ئەو قوتابخانەیە دەرسم دەخوێند. ماوەیەک لە تەوریز چاوەڕوانی خوێندکارە هەڵبژێردراوەکان بووم، ڕۆژێک «باغرئۆف» لێپرسراوی قوتابخانەکە گوتی: «هەڤاڵانت لە مەهابادەوە هاتوون‌و لە «مسافیرخانە»ی «ژاڵە» دامەزراون.» من ئیتر خۆم ڕانەگرت‌و چووم هەڤاڵانم دۆزییەوە، چەند کەسیان پێشتر لە ڕێکخراوی لاواندا لەگەڵ من بوون‌و تەنانەت لە نومایشی دایکی نیشتمانیشدا بەیەکەوە خەباتمان کردبوو. منیش لە مسافیرخانەی ژاڵە ژوورێکم بەکرێ گرت‌و لە لای ئەوان مامەوە.

چەند ڕۆژێک تێپەڕی، ڕۆژێک ئوتوبوس هات‌و ئێمەیان بردە سەربازخانەی ڕوسەکان لە تەوریز. لەوێ، چەند دوکتوری ڕوس معاینەیان کردین‌و ئاکامی معاینەکەیاندا بە ئەفسەرەکانی ڕوسی‌و ئەوانیش شوێنی خوێندنیان لە بەشە جیاوازەکانی زانکۆی ئەفسەریدا بۆ دیاری دەکردین. من لەگەڵ ئەفسەرێک کە زمانی «ئازەری» دەزانی، قسەم کردو گوتم دەمەوێ لە بەشی فڕۆکەوانی‌دا ناوم بنووسن. ناوبراو قەبووڵی کردو بەڵێنی پێدام ناوم لەو بەشەدا بنووسێ.

ڕوسەکان، ئێمەیان بە سواری قەتار بردە باکۆ. لە ئیستگەی قەتاری باکۆ دایانبەزاندین‌و بەش بەش سواری ئوتوبوسیان کردین. کە نۆبە گەیشتە من، گوتم: من بۆ بەشی فڕۆکەوانی نووسراوم‌و دەبێ بچمە «گەنجە» (کیرۆف ئاوا). بەڵام ئەوان گوێیان نەدامێ‌و گوتیان تۆ لەو بەشەدا نی‌و بۆ بەشی پیادە نووسراوی. بەم پێیە ناردیانم بۆ زانکۆی پیادە بەنێوی

«پێخودنی ئوچیلیشی» (Pekhodni Uchilishi)و لە بەشی «خۆمپارە» (هاون)یان دانام. هەرکام لە ئێمەیان بردە بەشی تایبەتی خۆمان. من بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژان لە پۆشینی بەرگی سەربازی خۆم پاراست. تا سەرئەنجام سەرهەنگ «کاجی‌یۆڤ» فەرماندەی گشتی زانکۆی ئەفسەری ئێمە هات‌و گوتی:

- «هەی «کورسانت» ( Korsant) بۆچی دەستەوەستانی‌و لیباسەکانت دەبەر نەکردوە؟» لەوێ بەخوێندکاری زانکۆی ئەفسەرییان دەگوت کورسانت.

- جەناب، من خۆم بۆ بەشی فڕۆکەوانی نووسیوە. وابزانم دەبێ ڕەوانەی «کیرۆڤ‌ئاوا»م بکەن.

- «نا، تۆ بۆ ئەم بەشەی زانکۆ نووسراوی، بچۆ لیباسەکانت دەبەرکە.»

هەوڵ‌و تەقەلام بۆ چوون بۆ بەشی فڕۆکەوانی زانکۆی ئەفسەری بە ناکامی مایەوە‌و بە ناچار ملمدا‌و لە بەشی خۆمپارە دەستم بەخوێندن کرد. ماوەی خوێندن لەو زانکۆیە بۆ خوێندکاراتی ڕوسی دوو ساڵ بوو. ئەو زانکۆیە، لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانی‌دا ئەفسەری لاوی بۆ شەڕی نیشتمانی پەروەردە دەکرد. لەو زانکۆیەدا زۆر جاران لە ماوەی خوێندنی زمانیان دەبڕی‌و گرنگی تایبەتیان دەدایە سەر لایەنی «تکتیکی سەربازی»و ماوەی خوێندنی ڕۆژانەشیان بۆ زیاد دەکردن. لەبەر ئەوە، ئێمەشیان لەو زانکۆیە دانابوو، کە دوو ساڵەکەمان بەیەک ساڵ تەواو بکەین‌و بەپەلە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. ڕوسەکان ڕۆژانە شەش سەعاتیان دەرس دەخوێند، بەڵام ئێمە دە سەعات. بەڕاستی شەو‌و ڕۆژمان نەبوو، ئەوەندەیان دەرس پێدەگوتین‌و مەشقی سەربازییان پێدەکردین کە کاتی حەسانەوەمان نەبوو.

ئێمە کوردەکان پەنجا (٥٠) کەس بووین‌و ئازەربایجانیەکان سی‌سەدو پەنجا (٣٥٠) کەس، بەڵام بەشێک لە ئازەربایجانیەکانیان ناردبوو بۆ «گیرۆڤ ئاوا» کە فێری فڕۆکەوانی بن. ئێمە هەمووسان بە هیواو هومیدی لاوانی ئاسایی دەژیان‌و ئاسۆی دوا ڕۆژمان ڕوون‌و بێ‌تەم‌وش دەبینی. بەتەواوی تواناوە هەوڵ‌ماندەدا دەرسەکانمان باش بخوێنین‌و فێریان بین. هەر سی (٣٠) کەسەی لە یەکانێکدا بووین‌و سێ ئەفسەری‌شیان بۆ دیاریکردبووین، کە «مەشقی سەربازی‌و چەک ناسی»، «تاکتیکی شەڕ»و «تیئوری‌و سیاسەت»مان فێر کەن. ئەفسەرە سیاسی‌یەکان تێکڕا ئەندامی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت بوون. ئەوان بەزمانی سادە باسی سیاسەتیان بۆ دەکردین‌و لەسەر ڕژێمەکانی سەرمایەداری‌و سیستیمی کلۆنیالیستی‌و ئیمپریالیستی دەدوان‌و چۆنیەتی سیستیمی سوسیالیستی‌یان بۆ شی دەکردینەوە. منی گەنج بەهەموو وجودمەوە ئەو گوتنانەمان دەخستە نێو مێشکم‌و هەرچەند

زۆر شارەزای ئەو سیستێمانە نەبووم، بەڵام خۆم بە لایەنگری ئینترناسیونالی سوسیالیستی دەزانی.

ئەفسەری مەشقی مەیدان‌و چەک ناسی «لیتنانت ئاغایێوف» خەڵکی ئازەربایجان بوو. ئەو هەرچەندە قەرە گەنج بوو، بەڵام زۆر میهرەبان‌و خۆش مەشرەف بوو. ئەفسەری تاکتیک «مایۆر عەلی‌یێوف» پتر لە پەنجا ساڵی هەبوو. ناوبراو لە دەرس گوتنەکەیدا زۆر دڵسۆز بوو، و لە عەمەلیاتی شەوانەشدا خۆی بەرپرس بوو. ئەو بەراستی لەو تەمەنەشدا وەک لاوێک بەتواناو بەهێز بوو. ئینسانێکی کەم دوێ‌و هێدی‌و بێدەنگ بوو. خوێندکارە کوردەکان باشتر لە ئازەربایجانیەکان دەرسەکانی ئەویان وەردەگرت‌و دەکاریان دەهێنا. ئەویش پتر لە ئێمە رازی بوو تا ئەوان. جاروبار لە ئازەربایجانیەکان تورە دەبوو، و دەیگوت لەبەر ئەو بێ مشووری‌و لێ‌نەزانی‌یە کە روسەکان وا بەمجۆرە سواری سەرمان بوون. دیاربوو لە روسەکان ئازاری دیتبوو، و لێ‌یان دڵگیر بوو. بەڵام، کاپیتان «حوسێن‌ئۆف» کە بیچمو دیمەنی لە ئەفسەری سیاسی نەدەچوو، لە دەرسەکانیدا قەرە خورت‌و وشیار بوو. هەمیشە دەرسەکانی دووپات‌و سێ پات دەکردەوەو بە دڵی ئاوەڵە وڵامی پرسیاری خوێندکارەکانی دەدایەوەو پێی‌خۆش بوو گوێگرەکانی باش لە دەرسەکانی بگەن. ناوبراو مرۆڤێکی سەنگین‌و لەسەرەخۆ و وردبین‌و وریا بوو.

پرسیاری زۆری من لە کاپیتان «حوسێن‌ئۆف» باعیس ببوو کە ئەو هەست بکات من دەرسەکانی ئەوم بەدڵە. بەو بۆنەوە لەگەڵم گەرم بوو، و جار جارە قسەی دڵی خۆی لای من نەدەشاردەوەو بە راشکاوی رەخنەی لە بەرپرسانی کۆماری ئازەربایجان دەگرت‌و دەیگوت ئەوان شۆڕشگێڕ نین‌و هەر وەک ئەفسەرەکانی ئێرانی هەمیشە خەریکی خۆرازاندنەوە و خۆ هەڵکێشان‌و خۆ رێکخستنن. ناوبراو ماوەیەک لەگەڵ یەکانەکانی ئەرتەشی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێران ژیابوو، و شارەزای پسیکۆلۆژی خەڵکی ئێران بوو.

بەرە بەرە دەرسەکانمان تەواو بوون‌و لە ئاخرین تاقیکردنەوەکان تێپەڕین‌و لیباس‌و ئەفسەری‌مان وەرگرت. لیباسەکان بەچەشنی بەرگی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوون. گشتمان بووین بە ئەفسەرو ئەستێرەیەکیان دابێن، کە لەسەر شانمانی بدروین‌و بە گوتنی روسەکان بووین بە (Milatshi Litat) «ملاتشی لیتنانت» یانی ستوان۲.

ئێمەی گەنج، کە بووین بە ئەفسەر شایی‌مان لە دل گەڕا و گوێمان دەگەڕینەوە بۆ کوردستانی ئازادو خزمەتی نەتەوەکەمان دەکەین‌و هەر کام پلانێکمان بۆ ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژیانی تایبەتی خۆمان دارشتبوو، بەڵام ئەو خەیاڵە خۆشانە کەم تەمەن بوون‌و

ئاسۆی رووناکمان تەمی بەسەردا هات. هەرکە زانیمان روسەکان رازی بوون ئێران جێ بێڵن‌و ئازەربایجان‌و کوردستان دەگەڕێننەوە ژێر دەستی حکومەتی ئێران، ترس مێشکی هەڵگرتین‌و گومان ئەمجارەش کەوتینەوە ژێر دەستی ئێران‌و رزگارمان نەبوو. بڕیار ئەوە بوو کورو کاڵ بە دەستەو بەکۆمەڵ بەجلی ئەفسەری کۆمار وێنە بگرین‌و خۆ بۆ گەڕانەوە ئامادە بکەین، بەڵام بە بیستنی گەڕانەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستان هەموو ئاواتەکانمان بوو بە بڵقی سەر ئاوو پووچانەوە.

هەواڵی گەڕانەوەی ئەرتەشی ئێرانمان بۆ ئازەربایجان‌و کوردستان لە بەشی فارسی رادیوی هیندوستان بیست. زۆری نەخایاند کە گیران‌و دەسبەسەر کردنی سەرکردەکانی کۆماری کوردستانیستان لە رادیۆ بڵاو کرایەوە. ئەو خەبەرە پشتی چەماندینەوەو هێزی لە ئەژنۆ گرتین‌و یاوکەڕۆی خوێندکاران دەستی پێکردو جنێوو سکاڵا کردن لە روسەکان گەیشتە ئەوپەری خۆی. ئێمە دەورەی خوێندی سەربازی‌مان تەواو کردبوو، بەڵام بەدوای خولقانی ئەو کارەساتەدا روسەکان بۆ ئەوەی سەرمان قاڵ بکەن، داوایان لێدەکردین بچینەوە سەر کلاسەکانمان‌و سەرلەنوێ دەرسەکانی پێشومان بخوێنینەوە. روسەکان دەربارەی کارەساتی کوردستان‌و ئازەربایجان قسەیان بۆ نەدەکردین‌و ئێمەش جیا لە رادیۆ هیندوستان هیچ شوێنێکی‌ترمان بۆ بیستنی هەواڵەکانی کوردستان نەبوو.

زۆری نەخایاند لە رادیۆ بڵاو کرایەوە کە «بارزانی‌یەکان» سەریان شۆڕ نەکردۆتەوەو لە دەوری «سۆفیان»و «سێلوی» بەکرێگیراوانی ئەرتەشی ئێرانیان پەلامار داوەو خەریکن بەرەو «شنۆ» هەڵدەکشێن. ئێمەی بێدەسەڵات‌و ناهومێد کە رۆژانی تاڵی ژیانمان دەپێوا، لە چوونە سەر کلاسی دەرس خۆمان پاراست‌و کلاسەکانمان بایکۆت کرد. داوامان لە کاربەدەستانی روس‌و فەرماندەکانمان کرد بمانێرنەوە لای بارزانی، بەڵام روسەکان قەت نەیانگوت کە بارزانی خەریکە بەرەو چۆمی «ئاراس»و خاکی روسیە دێ. ئاگادار بووینمان لەو رەوتە لەوانە بوو چارەنووسی ئێمە بگۆڕێ‌و لەجیاتی پێداگرتنمان بۆ گەڕانەوە، چاوەڕوانی سەرۆک بارزانی بین تا ئەو بێت‌و چارەمان بکا.

ئەفسەرێکی تۆپخانەمان هەبوو بەناوی سەرهەنگ «عەلی‌یۆف»، کە نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵی تەمەن بوو. ناوبراو هانی‌دەداین کە لە روسەکان داوا بکەین رەوانەی لای بارزانی‌مان بکەنەوە. ئەو دەیگوت: «داوا بکەن منیش لەگەڵ ئێوە بخەن.» سەرهەنگ عەلی‌یۆف لە شەڕی نیشتمانی لەنێو خاکی روسیەدا فەرماندەی پارتیزانەکانی روسی دژی «فاشیزمی هیتلێری» بوو،و لە دەروازەی «مسکۆ» بەرگری کردبوو. ئێمە چەند جاران داوای چوونە لای بارزانی‌مان کرد، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون ئێمە بۆ لای بارزانی بنێرن،

ژێنراڵ «ئاتاکشی‌یۆف»، کە سەردەمێک پایەبەرزترین فەرماندەی ئەرتەشی سۆڤیەت لە ئازەربایجانی ئێراندا بوو، دەیگوت:

— «ئێکەران مەبن لە دوا ڕۆژدا دیسان لە «چورا چرار» ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوەو ئێمەش هاریکاریتان دەکەین، بەڵام چونکە پێشتر لەگەڵ ئینگلیس‌و ئەمریکا پەیمانی بەجێ‌هێشتنی خاکی ئێرانمان مۆر کردوە، لەو هەلومەرجەدا چمان بۆ ناکرێ‌و دەبێ ئێران جۆل بکەین. جیا لەوە، ئێوە پێویستە بزانن وڵاتی ئێمە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا خاپوور کراوە، خەڵکی ئێمە لە لایەک پتر لە بیست ملیون کوشتەی داوەو ژمارەیەکی زۆریشی بێ لاق‌و دەست بەسەردا ماوەتەوەو لە لایەکی‌تریشەوە ئەمریکا چەکی ئەتۆمی سازکردوەو حەشیمەتێکی زۆری لە «هیرۆشیما»و «ناکازاکی» قڕ کردووە، «چرچیل» سەرۆک وەزیری ئینگلیس پەیتا پەیتا ئەمریکامان لێهاندەدا، کە بە چەکی ئەتۆمی لێماندا. لەنێو چوونی ئێمە دەسکەوتوو ئاواتی هەموو ڕەنجبەرانی دنیا بەبا دەدا. لەبەر ئەوە پێویستە وشیار بێن‌و ئەو دەرفەتە بە دوژمن نەدەین کە بە ئاوات بگا.»

من بە بیستنی ئەو قسانە ئاگرم گرتبوو،و دەمەویست بەهەر شێوەیەک بۆم بلوی بگەڕێمەوە کوردستان‌و تا ئاخر هەناسەم لە خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانەکەمدا بەشداری بکەم. لە بێدەنگی‌و توانەوەم دەترسام، بەڵام ئەوەندەی من لە دەروونمدا دەکوڵیم، هەڤاڵاتم هەرچەند ڕواڵەتی متیان هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا وەک من بەگڕ نەبوون.

ڕۆژێک سەرکردەکانی باڵای کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمونیستی ئازەربایجان کە یەک لەوان «حەسەن‌ئۆف» جێگری «باقرئۆف» بوو، هاتن‌و گوتیان ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بگەڕێنەوە یاخود پێتانخۆشە لێرە بمێننەوە، دەبێ هەرکامەتان بەجیا داوای خۆتان بەنووسراوە بۆ ڕەفیق «ستالین» بنووسن. پاشان هەر لەوێ کاغەزو قەڵەمیان داینێ‌و هەرکام لە ئێمە بەویستی خۆمان چی‌مان گەرەک بوو، نووسی‌مان. من داواکانی خۆم لە نامەیەکدا بۆ «ستالین» بەمجۆرە گەڵاڵە کرد:

**ڕەفیق ستالین! من لاوێکی کوردم. هاتووم بۆ سۆڤیەت کە دەرسی سەربازی بخوێنم‌و پاش تەواو بوونی دەرسەکانم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان‌و خزمەتی بزووتنەوەی گەلەکەم بکەم، کە بەداخەوە ئەمڕۆ کارەساتی بەسەردا هاتووە. ئێستا کە خوێندنەکەم تەواو کردووە لە بەڕێزتان داوا دەکەم ئیزن بدەن، من خۆم دیاری بکەم لە مانەوەمدا لە سۆڤیەت چ بخوێنم. من پێمخۆشە بچمە کلاسی «ڕۆژهەڵاتناسی» واتە مەدرەسەی «فەلسەفەو مێژوو». ئەگەر لە کلاسی ڕۆژهەڵاتناسی وەرنەگیریم. پێمخۆشە بچمە لای سەرۆک بارزانی کە لە چیاکانی کوردستان گیرساوەتەوەو دژی دەوڵەتی ئێران خەبات دەکات. لە حاڵەتی سێیەمدا**

**دەمەوێ ڕەوانەی ئێرانم بکەنەوە تاکو بگەڕێمەوە کوردستان‌و بەپێی هەلومەرج درێژە بەخەبات بدەم. من هەر لەسەرەتای لاویمەوە تێکەڵاوی خەباتی ڕزگاریخوازانە بووم‌و بە دامەزراندنی «سازمانی جەوانای کورد» ئەو ڕاستی‌یەم سەلماندوە.**

بەر لە تورە بوونی ئێمە خوێندکارەکان سەبارەت بە ئاشبەتاڵی کۆماری کوردستانستان، کە من باسی گەڕانەوەی کوردستانم دەکرد، ژێنراڵ «سەلیم ئاتاکشی‌یۆف» پێی‌گوتم: «ڕەنگە تۆ بتوانی بگەڕییەوە. باوکت ساماندارەو دەتوانێ «گوندێک» بدات بە «قەوام سەڵتەنە»و ڕزگارت بکا.» من لە وڵامی ناوبراودا ڕامگەیاند: ئەوە زەمانەیەو ئەگەر نەمرین، یەکتر دەبینینەوەو دەبینی من یا لە «چوارچرا» هەڵدەواسرێم یاخود لەریزی خەباتدا دەمێنمەوە. دوای ئاشبەتاڵ‌و مردنی ستالین لە دەورەی سەرۆکایەتی «خرشچۆف»دا زاندرا «میرجەعفەر باقرتۆف»و «ئاتاکشی یۆف» گیران‌و سزا دران.

بەر لە چوونەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ ئازەربایجان‌و کوردستان بە بیانووی هەڵبژاردن، کاپیتان «حوسێن یۆف» ئەفسەری سیاسی یەکانی ئێمە ژن بوو،و بۆ ماوەیەک نەهاتەوە زانکۆو ئێمە لەو بەشەدا بەبێ ماموستا ماینەوە. ڕۆژێک لەگەڵ دوو هاوڕێی خوێندکارم لە حەوشەی زانکۆ ڕاوەستابووین‌و تەماشای فرۆکەیەکی لەکار کەوتوومان دەکرد، کە بۆ ئاموزیش لەوێ داندرابوو. دیتم جیپێکی تۆزو خۆڵ گرتووی لەرتەشی هاتە نێو حەوشەی زانکۆ و بەرەو بارەگای ڕەئیسی زانکۆ ژێنراڵ «مالچانۆف» (Malchanov) چوو. چاوم خەتای نەکردو سەرو ڕوی حوسێن‌ئۆف-م تێدا بەدی کرد. وەدوای جیپەکە کەوتم، بەڵام نەیگەیشتمێ. هێندێک چاوەڕوانیم کرد، بەڵام کابرای گۆڕێن لەوێ گیرسایەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی حوسێن‌ئۆف هاتەوە زانکۆ. بەرەوپیری چووم‌و سڵاوم لێکردو ئەویش دەستی نایە نێو دەستم‌و گوتی:

– «بۆچی واسیس‌و داماوی؟»

– مەسەلەی کوردستان‌و ئازەربایجان پەرۆشی کردوم. گەلێک ناهومێدو دڵشکاوم. دەکرێ لێتان بپرسم چ قەوماوە؟ بۆچی ماوەیەکە ونی‌و سەرو ڕووت ئاوە سووت بووە؟ بەراستی تۆش زۆر گرژو چار ئاڵ دییە بەرچاو.

ئەوەڵ گوتی: «لە مەرەخەسی بووم.» بڕوام پێنەکرد. لە چاوەکانم تێگەیشت باوەڕم بە گوتنەکەی نەکردووە. زۆری پێ‌ناخۆش بوو بە درۆزن لە قەڵەم درێ. دەمی کردەوەو گوتی:

– «لای خۆت بێ‌و مەیدرکێنە، لەگەڵ لیژنەیەکی سیاسی‌و سەربازی چووبووینە تەورێز تا وەزعی ئەوێ هەڵسەنگێنین. بەتێکڕایی بەو ئاکامە گەیشتین کە هەڤاڵانی ئازەربایجانی ئێران گیانی خۆراگری‌یان تێدا نەماوە. لێرە ڕێبەرانی سۆڤیەت بە ئێمەیان گوتبوو بچین

پێیان بڵێین کە ئەگەر حکومەتی ئازەربایجانی ئێران دەیەوێ شەڕ بکات، دەبێ لەسەر خۆی‌و هێزی خەڵکەکەی حیساب بکات‌و ئێمەی ڕوس چمان لە دەست نایە. هەر نەتەوەیەک دەبێ خۆی بۆ مافی خۆی هەوڵ بدات‌و ئەگەر دۆستانی بۆیان گونجا بەپێی توانا یارمەتی بدەن، ئەگینا خۆ ڕاناگرن‌و دەبێ ئەو کەڵ‌و پەلانەی کە «مارکی» ئێمەیان لەسەرە بدرێنەوە بە ئێمە تا ڕایانگوێزین. لەمەڕ کوردستان ئاگادار نیم، ئەوەندە دەزانم «پیشەوەری» بە تەلەیفون لەگەڵ «قازی» قسەی کردووە‌و گوتویەتی ئازەربایجان بەجێ‌دێڵێ‌و دەچێتە سۆڤیەت‌و ئەگەر ئەویش بیهەوێ کوردستان بەجێ‌هێڵێ، ئەو ماتەڵی دەبێ، بەڵام قازی لە وڵامدا گوتویەتی من لە خۆشی‌دا لەگەڵ خەڵک بووم‌و لە ناخۆشیش‌دا لایان دەمێنمەوە. ئیتر خەبەرێکی دروستم لە کوردستان نییە.» گوتم:

- ڕای تۆ لەمەڕ بۆچوونی «قازی» چییە؟

**- «من باش ئاگاداری پسیکۆلۆژی خەڵکی کورد نیم، بەڵام ئەوەندەی کە لە باری تیۆرییەوە دەتوانم ڕای خۆم دەربڕم، ئەوەیە کە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان کە تا ڕادەیەک نیزامی فئۆدالی وەپشت سەر خستووە، ئەو ئێستاش لە قۆناخی فئۆدالی‌دا دەژی، فەرهەنگی عەشیرەتی، گیانی لەخۆ بردوویی‌و پیاوەتی لە کوردستاندا ماوە‌و سەرشۆڕ بوونی لا پەسند نیە. بەڵام ئەگەر باری سیاسی لەبەر چاو بگرین، خۆبەدەستەوە نەدانی قازی بۆ خەباتی دوا ڕۆژی نەتەوەی کورد گرنگە. دنیا هەر ئەمڕۆ نیە. زەمانە دەگۆڕێ‌و چەرخی گەردوون لەگەڕی خۆیدا بەردەوامە.»** حوسێن‌ئۆف ئاماژەی بە ڕێککەوتنەکەی سۆڤیەت‌و «قەوام سەڵتەنە» نەکرد‌و منیش لەو بارەدا شارەزایم نەبوو کە حوسێن‌ئۆف هەڵبچنم.

ماوەیەک لە ناردنی نامەکانمان بۆ «ستالین» تێپەڕیبوو. ڕۆژێک لە لایەن سەرفەرماندەی زانکۆکەمان «گاجی‌یۆف» (Gajeov) خەبەر هات کە کوردەکان لە هۆڵی زانکۆ کۆبنەوە. گاجی‌یۆف ئەفسەرێکی خەڵکی «باکۆ»‌و ئینسانێکی میهرەبانی چوارشانە‌و جوان چاک‌و لێو بەخەندەی بوو. ئەو هات‌و چووە سەر مینبەر‌و لە حاڵێکدا خەمی لەنێو چاوان دەباری‌و بوغز قورگی دەگوشی، گوتی:

- «وڵامی ڕەفیق ستالین ئەوەیە کە ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئێران، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران قسە کراوە‌و گوتراوە ئێوە بۆ خوێندن نێردراون بۆ سۆڤیەت‌و هیچ تاوانتان لەسەر نیە‌و ئەواتیش گیروگرفتتان بۆ ساز ناکەن. خۆتان کۆ بکەنەوە‌و ئامادەی گەڕانەوە بن، ئێوە هەرچەندە لەسەر ویستی خۆتان دەگەڕێنەوە، بەڵام من زۆرتان بۆ بەپەرۆشم‌و لەبیرتان ناکەم.» دوای تەواو بوونی قسەکانی گاجی‌یۆف، «حەبیبوڵڵای قاسملو» ئامۆزای

«ڕەحمانی قاسملو» کە ئەویش لەگەڵ ئێمە بوو، هەستا سەرپێ و گوتی:

- زۆر سوپاس بۆ ئێوە، بەڵام ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان داوای تریشیان هەبوو، داوا دەکەم بفەرموون وەڵامی ئەوان چییە؟

- «ستالین تەنیا وەڵامی ئەو بەشە داخوازەی داوەتەوە.»

ئێمە خوێندکارەکان ئەو خەبەرەمان بەبێ دەنگی وەرگرت. لە لایەک لە گەڕانەوە بۆ نێو خەڵک و نیشتمانەکەمان خۆشحاڵ بووین و لە لایەکی ترەوە بێباوەڕیمان بە ڕژێمی ئێران لە مەترسی خستبووین و دیار نەبوو چارەنووسمان بەکوێ دەکات.

بەیانی ڕۆژی دوایی زۆربەی مامۆستاکانمان و ژێنراڵ «سەلیم ئاتاکشی یۆف» ئێمەیان گەیاندە ئیستگەی قەتاری «باکۆ». ژێنراڵ «سەلیم ئاتاکیشی یۆف» لە وتارێکدا کە کاکڵەکەی لەم چوارچێوەیەدا بوو، گوتی:

- «ئێوە هەرچەندە لە قوتابخێکی دژواری دوای شەڕ و برسێتیدا میوانمان بوون، بەڵام ئەوەندەی بۆمان کرا میوانداریمان کردن. ئەگەر لەسەر پێداویستییەکانی ژیانتان کورتایی کرابێ، دەبێ ئێوە عاتبوورن. ئێوە گەنجن و مەیدانی شەڕ و کوشتار و نەداری و ماڵوێرانیتان بەچاوی خۆ نەدیوە. من پڕ بەدڵ بەختەوەریتان بۆ بە ئاوات دەخوازم و لە لایەن خۆم و گشت ئەو ئەفسەرانەی کە بۆ ماوەیەک زەحمەتیان لەگەڵ ئێوە کێشاوە، سەفەرێکی خۆشتان بۆ ئارەزوو دەکەم و هیوادارم هەرگیز ڕۆژی ڕەش نەبینن.»

«حەبیبوڵڵا خانی قاسملو» بەگوێمدا چرپاندم و گوتی: «دڵم بەرایی نادا خواحافیزییان لێبکەم، تۆ ئەو ئەرکە بە ئەستۆ بگرە.» گوتم: تۆ لەمن بە دەموپل تری و شیاوی خۆتە. بەڵام ئەو ڕەزامەندی نەدا و بەناچار من چوومە بەرەوەو لە وەڵامی «ئاتاکشی»دا گوتم:

- ئێمە زۆر سوپاسی میوانداریتان دەکەین و سوپاسی ئەو ئەفسەرانەش دەکەین کە بۆ پەروەردە کردنی ئێمە زەحمەتیان کێشاوە و بە دڵێکی ئاوەڵە لەگەڵمان بوون. ئێوە خاوەنی کیان و کەرامەتی خۆتانن، بەڵام نەتەوەی ئێمە بندەست و زۆرلێکراوە. بەڵێنی دەدەین تا ئاخری ژیانمان لە خزمەتی نەتەوەکەماندا بین و چاوەڕوانین سۆڤیەت لە پلەی حکومەت کرێکار و زەحمەتکێشاندا پشتمان بگری و یارمەتیمان پێبکات.

دوای تەواو بوونی بەرنامەی بەڕێکردنمان، ئەفسەرەکان دەستیان لە مل کردین و ئینجا سەرهەنگ «ئەسلانۆف» کە فەرماندەی ئەفسەرە سیاسییەکانی زانکۆی سەربازی بوو لەگەڵ کاپیتان «ڕەسووڵ ئۆف» فەرماندەی یەکانی کورد و ئازەربییەکان تا سەر چۆمی «ئاراس»مان لەگەڵ هاتن. لەسەر پردی چۆمی ئەرەس کە هێڵی سنووری ئێران و سۆڤیەتی پێدا تێدەپەڕی، مەئموری ئێرانی وەبەر چاو تەدەکەوت و دەروازەی پردەکە پێوەدرابوو.

چەند ژاندارمەی ئێرانی کە کێشکی سنووریان بەئەستۆوە بوو، لە ژوورەیەکی بچووکدا کە پاسگای سەر سنوور بوو، دانیشتبوون و تریاکیان دەکێشاو هۆشیان بە سنوورەکەوە نەبوو.

چەند دەقیقەیەک گازمان کردن و بە وردە بەردان لە دیواری خانووە بچووکەکەماندا، بەڵام کەس وەجواب نەهات. بەناچار، من بە ئیزنی «ئەسلانۆڤ»و «رەسووڵ ئۆف» چووم دەروازەکەم کردەوەو خۆم گەیاندە بەر دەرگای ژووری ژاندارمەکان. لەوێ بۆنی توندی تریاک مێشکی ئینسانی دەبرد. دەرگام کوتا. لەپڕ ژاندارمەیەکی لاوازی رەقەڵە دەرپەڕی و سەری بە دەرگای ژوورەکە داگرت و گوتی:

- «ها، ها، چیە!»

- مەترسە هیچ نەقەوماوە. ئێمە گرووپێکی خوێندکارین گەڕاوینەتەوە.

- «ئەها ... بە ئێمە خەبەر دراوە.»

چوار ژاندارم بوون. ئەوان رەگەڵم کەوتن و هاتنە بەر دەروازەکەو ئێمەیان وەرگرت. ئێمە ماڵ ئاوایی‌مان لە «ئەسلانۆڤ»و «رەسووڵ ئۆف» کردو ئەوان بەدڵی پڕو چاوی پڕ لە ئەسرین و راوەشاندنی دەست راوەستان تا لە پردی «ئەرەس» پەڕینەوە نێو سنووری ئێران.

شاری «جولفا» جگە لە ژاندارم کەسی تێدا نەبوو. خەڵکەکەی تێکڕا چۆڵیان کردبوو، زۆربەیان بە ماڵ و منداڵەوە پەڕیبوونەوە نێو خاکی سۆڤیەت. بەفر بە نەرمی دەباری و بەفرو سەهۆڵ زەوییان داپۆشیبوو، و سەرما لەشی ئینسانی دەتەزاند. لەپڕ ئوتۆمبیلێکی جیپ هات، کە چوار ئەفسەری ئەمریکایی تێدابوو. ئەوان ئوتۆمبیلەکەیان لە پەنای ئێمە راگرت و بەبێ ئەوەی بماندوێنن بەیتا بەیتا چەند وێنەیان لە چەپ و راست و پێشەوەمان گرت و لێمان دوور کەوتنەوە.

ژاندارمەکان، ئێمەیان سواری لۆرییەکی سەربازی سەرداپۆشراو کردو ناردیانین بۆ «تەورێز». ئێمە تێکڕا لیباسی ئاسایی‌مان دەبەردابوو، بەڵام چونکە هەوا زۆر سارد بوو، کڵاوی زستانی سەربازی رووسی‌مان لەسەر بوو کە لە کەوڵی بەرخ دروست کرابوون. پاڵتۆی سەربازی‌مان دەبەر دابوو، و چەکمەی رووسی تایبەتی‌مان دەپێدابوو، و بە رواڵەت شکڵی سەربازی رووسی‌مان هەبوو.

لە تەورێز لە پێش سینەما «دیدەبان» رایانگرتین و بەرواڵەت چاوەڕوانی فەرمانی سەرلەشکر «هومایونی»یان دەکرد. سەرلەشکر هومایونی ئەو ئەفسەرە بوو کە مەهابادی گرتەوەو «قازی»و هەڤاڵانی زیندانی کرد. لە لۆرییەکەدا بووین کە ژمارەیەک لات و لووت و شەڕانی تەورێزی لێمان کۆ بوونەوەو جنێو و قسەی سووکیان پێگوتین و دەیانەویست پەلامارماندەن. هەرچەندە ژمارەیەک سەرباز بۆ چاوەدێری کردنمان لە لامان بوون، بەڵام

هێرشکەرەکانیان لێ دوور نەدەکردینەوەو تەنانەت بە کردەوەی نالەباری ئەوان پێدەکەنین. ئێمەش چەکمە قورسەکانی ڕوسیمان بەدەستەوە گرتبوو،و کاتێ لێمان نزیک دەبوونەوە، لە سەرو شانی ئەوانمان دەدا، ناچارمان دەکردن لێمان دوور کەون.

بەفەرماتی هومایونی، ئێمەیان بردە زانکۆی تەوریز. «عەلی مەنسوور» هاتە لامان. ئاوبراو ئوستانداری تەوریزو بابی «حوسێنی مەنسوور» بوو کە لە شێستەکانی زاینیدا لە تاران بەدەست تیرۆریستەکانی فیدایی ئیسلام کوژرا. مەنسوور وتارێکداو بەکورتی گوتی:

– «ئێوە هیچ تاوانێکتان نیە. خوێندکار بوون و لە لایەن حکومەتە پووک،و بێ‌ئیوەرۆکەکەی بەناو کوردستان ئیزدرابوون بۆ «سۆڤیەت» تا بتانکەن بە قوربانی خۆیان. ئێوە رۆڵەی ئێرانی،و پارێزەرانی سنوورەکانی ئێرانن. مەنسوور بەو قسانە خەریک بوو شوتی لەبن هەنگڵمان نێ،و چاوەڕوان بوو ئێمەش بە چەپلە لێدان پێشوازی لە گوتنەکانی بکەین، بەڵام هەموو بێدەنگ مانەوە. ڕۆژی دوایی بردیانین بۆ «فێرگەی کوربانی ئەرتەش» لەوێ بە ژەنینی مووزیک،و خوێندنی سرود پێشوازیان لێکردین،و پاش خواردنی فراوێن بەسواری ئوتوبووس ناردیانینەوە بۆ مەهاباد.

## مەهاباد شاری کش،و مات

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارد، کە لە «تاران»ەوە گەڕامەوە مەهاباد. شار گەلێک زیندوو دڵگر بوو. خەڵک بەکەیف،و شاد بوون. وەک پێشتر گوتم، شەقامەکانی بەچراو ئاڵای کوردستان رازاندرابوونەوە. کوڕوکاڵ، شەوانە لە چوارچرا کۆ دەبوونەوەو بەزمی شادییان دەگێڕاو تەنانەت ئەستێرەکانی ئاسمانی وڵاتیش دەدرەوشانەوەو بەشادی خەڵکەکە زریوەیان بوو. بەرە بەیانان، خەڵکی شار بە ڕوی گەش دەچوونە سەرکارو دەرکای دووکانەکانیان دەکردەوە. مەل،و باڵندەکانی سەر دار،و تێلی کارەبای شاریش چریکەی بەختەوەرییان لێدەهات،و دەتگوت ئەوانیش بەو ڕوداوە خۆشە دەزانن،و جێژنەیانە. ڕوخساری لاوان گەش،و هەوای شار دڵرفێن،و عەتراوی بوو. دەتگوت شەماڵ بۆن،و بەرامی «قەندیل»،و «سامرەند»ی بە دیاری بۆ شار هێناوە. مەهاباد هەرگیز ڕۆژانی واخۆش،و لەباری بەخۆوە نەدیتبوو. بەڵام، ئەمجارە کە گەڕامەوە ڕوخساران بێ‌شەوق،و چاوان،و خەمبارو غەریبانە دەڕوانیە مرۆڤ. مەلەکان کز،و مات بوون،و سەرە خنجیلانەکەیان خزاندبووە ژێر باڵیان،و کپ بوون. تەم شاری داگرتبوو. شەقام،و کۆڵانەکانی ببوونە پێخوستی هێزی چەکداری ڕژێمی

تاران، ئێستا ئیتر لە جێی باران، کۆلارە دەیانکرد رازان‌و تەمابوو زرمەی پێی سواران‌و برا بوو دەنگ‌و تریقەی جاران‌و لەبەند کرابوون گەلی «باران».

بە ئاشبەتاڵ کردنی کۆماری «ئازەربایجان»، هەڵبەندی کۆماری کوردستان لە گشت لایەکەوە گەمارۆ درابوو. هێزی ئەیار بەگڵ‌و هەڕەشە چارەڕوانی داگیرکردنەوەی «مەهاباد» بوو. رۆژی رەشی کوردان دیسان سەری هەڵدابۆوەو چرای ئاواتی گەل کوژابۆوەو وڵات کش‌و مات بوو. لەو رۆژە پڕ ماتەمەدا بوو، کە قازی «پێشەوا»ی گەل بەدڵێکی پڕخەم‌و پەژارە بەدیار «بارزانی»یەوە لە حەوشەی مزگەوتی عەباس ئاغا، لە بەرامبەر خەڵکی شار راوەستابوو،و ئەیەزانی چ بڵێ‌و سەرئەنجام زاری کردبۆوەو گوتبووی:

**– ئازەربایجان تەسلیم بۆەو ئەرتەشی ئێران گەڕاوەتەوە «تەوریز»و «ورمێ». ژێنراڵ «هومایونی» بە کۆمەڵێکی زۆر سەربازو عەشایری کوردەوە لە «میاندوئاو» چاوەڕوانی هەلوێستی ئێمەیە. ئەرتەشەکانی تورکیەو عێراق لەسەر سنوورەکان دامەزراون‌و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لایەنی شای ئێران دەگرن‌و دەوڵەتی سۆڤیەت خۆی گێل کردوەو دەستمان بە هیچ جێیەک راناگات؛ چەکوچۆڵێکی فرەمان نیە کە پێی‌بخورێن‌و جیهان لە بەرامبەر ئێمەدا گوێی کپە. ئێستا ئێوەن کە دەبێ بریار بدەن‌و بڵێن «شەڕ یان تەسلیم‌و خۆبەدەستەوەدان»؟**

لە وڵامی پێشەوادا بارزانی گوتبووی: «نەتەوەیەک کە مافی رەوای بوێ، دەبێ قوربانی بۆ بدات!»

ساڵاری میرزا فەتاحی گوتبووی: «شەڕ نە تەسلیم!»

سەید حەمەدەمینی ئیسحاقی لە ناوەندی جەماوەری خەڵکەکەدا دەنگی هەڵبڕیبوو گوتبووی: شەڕ بەچی؟ بەدەستی بەتاڵ‌و بێ پارو یاوەرو پشتیوانی ئەمین؟ بۆچی شەڕ؟ سەید حەمەدەمین بە دوای ئەو گوتنەیدا کپ ببوو. بێدەنگی باڵی بەسەر جەماوەرکەدا کێشابوو. کەس منەقی لێنەهاتبوو،و بەمجۆرە لاپەری مێژووی کورد وەرگەراو ئاواتی کورد بۆ جارێکی‌تریش کەوتە پشت هەوری رەش‌و تاریک‌و ئەرتەشی ئێران گەڕایەوە بۆ مەهاباد‌و باران کەوتنە بەندو چرای هیوای کورد خامۆش بوو، بەڵام خەبات سەری هەڵدایەوەو تا سەرکەوتن درێژەی دەبێ!

## دیسان بەرەو خوێندن بۆ تاران

دوای لە سێدارە دانی پێشەوا و هەڤاڵانی، لەگەڵ چەند دۆست و هەڤاڵم سەرلەنوێ مەهابادم بەجێ هێشت و چووم بۆ تاران. هۆی ئەم کارەم ئەوە بوو کە براکەم گیرابوو، و منیش تازە لە سۆڤییەت گەڕابوومەوە و بابم دەترسا گیرو گرفتم بۆ ساز بێ و نەیدەویست لە مەهاباد بم. لە تاران، لەگەڵ چەند هاوڵاتی کە لە سۆڤییەت لەگەڵ من بوون، چووینە ئەو دانیشسەرایەی کە من بەر لە گەڕانەوەم بۆ مەهاباد و چوونم بۆ سۆڤییەت لێیم دەخوێند. لەوێ ژوورێکیان داینێ و گوتیان لێرە بمێننەوە و چاوەڕوانی دەست پێکردنی کلاسەکانتان بن.

لەو کات، قوتابخانەیەکی ئامادەکی لە «شەهری رەی» تاران هەبوو، کە پێیان دەگوت دەبیرستانی بازرگانی. ئێمە چووینە ئەو قوتابخانەیە تا بەڵکو لەوێ درێژە بە خوێندن بدەین و چاوەڕوانی چوون بۆ دانیشسەرا نەبین. ئەو قوتابخانەیە مودیرێکی هەبوو بە ناوی «ئازاد». لە دەفتەری قوتابخانە بە ئێمەیان گوت:

– «ساڵی داهاتوو ئەو قوتابخانەیە دادەخرێ و ئاغای ئازاد ئێوە وەرناگرێ.» ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان:

– ئێستا پۆلی یەکەمتان هەیە، ئێزن بدەن ئەمساڵ لێرە ئەو پۆلە بخوێنین، ئەگەر ساڵی داهاتوو قوتابخانەکەتان داخست، دەچین لە شوێنێکی‌تر پۆلی دووەم دەخوێنین. گوتنی ئێمە هیچ سوودی نەبوو، و ئەوان لەسەر قسەی خۆیان سوور بوون. ئێمە کەسمان نەبوو یارمەتی لێ وەرگرین، لەبەر ئەوە بە پرسیار کردن بۆمان دەرکەوت، کەسێک بە ناوی دوکتور «رەزا زادەی شەفەق» کە نووسەرێکی ناسراوی ئێرانی و ئازەربایجانی ئەسڵ بوو، لەگەڵ ئازاد دۆستایەتی هەیە. ئێمە چووینە لای دوکتور شەفەق و داوای یارمەتیمان لێکرد. ئەو کارتێکی داینێ کە بۆ ئاغای ئازادی بەرین. گەڕاینەوە دەبیرستانی بازرگانی، ئەمجارە ئێمەیان بردە لای ئاغای ئازاد و ئەو بە گەرمی پێشوازی لێکردین، پاشان دەربارەی رادەی خوێندەوارمان پرسیاری کرد و سەرئەنجام گوتی:

- «لە چ شارێکتان خوێندووە؟»
- لە مەهاباد خوێندوومانە.
- «ئێوە کوردن؟»
- بەڵێ ئێمە کوردین.
- «من لێرە کورد ڕاناگرم.»
- بۆچی کورد ڕاناگری، کورد چی کردووە؟
- «خێرمان لە کوردان نەدیتووە. چەند کوردی کرماشانی لێرە بوون و گیروگرفتیان بۆ خوڵقاندوین. ئێمە ناچار بووین بە یارمەتی وەرگرتن لە پۆلیس ئەوان لەو قوتابخانەیە دەرکەین.»

- ئەوە چ پێوەندیکی بە ئێمەوە هەیە، گوناحی ئێمە چی‌یە کە ئەوان گیروگرفتیان بۆ ئێوە ساز کردووە؟ گوتنەکانمان چ فایدەی نەبوو، و لە ئاکامدا بە شێوەیەکی زۆر نالەبار، بە پاڵپێوەنان لە قوتابخانەکە دەریان کردین. بە دڵێکی پڕ لە دەرد و داخەوە گەڕاینەوە و یەیەکەوە دانیشتین تا فکرێک بە حاڵی خۆمان بکەینەوە. لە ڕۆژنامەدا نووسرا بوو زانکۆی ئەفسەری ئەرتەشی ئێران پێویستی بە ئەندام هەیە. گوتمان ئێمە زانکۆی ئەفسەریمان خوێندوە، باشترە بچین داوا بکەین لە زانکۆی ئەفسەری دامانگرن. چووین، سەرهەنگ «پاڵەوان» فەرماندەی زانکۆ بوو. ئەو پاش چەند پرسیار و وڵام بە ئێمەی گوت:

- «چونکە خوێندکاری سۆڤیەتن، هەڵو مەرجێکی تایبەتی‌تان هەیە، من ناتوانم ئێوە ڕاگرم‌و دەبێ بچن بۆ «زیبدی‌ئیتلاعاتی» (پاراستن) ئەرتەش و ئەوان بە ئێمە بڵێن ئێوە ڕاگرین.»

ئێمە چووینە زیدی‌ئیتلاعات، ئەوان دژی چوونی ئێمە بۆ نێو ئەرتەش ڕاوەستان‌و گوتیان باشترە دەست‌تان بە کڵاوی سەرتانەوە بێ و بڕۆن لە جێیەکی‌تر بخوێنن. ئێوە بۆ ئەوە نابێ بێنە نێو ئەرتەشی ئێرانەوە. پاش ئەو ڕووداوە هەرکامەمان وەدوای چارەنووسی خۆمان کەوتین. من زۆر لە تاران نەمامەوەو چونکە بابم کۆچی دوایی کردبوو، بەناچار گەڕامەوە بۆ مەهاباد. پاش ماوەیەک فکر هەڵیگرتم‌و لای خۆم گوتم من بۆ ئەوە لە سۆڤیەت گەڕاومەتەوە کە درێژە بەخەبات بدەم‌و نەتەوەکەم لەبیر نەکەم‌و پێویستە سەرلەنوێ ڕێبازی خەبات بگرمە پێش‌و چی‌تر دەستەوەستان دانەنیشم‌و سود و قازانجی شەخسی سەرنجم ڕانەکێشێ.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

# زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات

بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بە هەڵسوڕانی سیاسی بکەمەوە، لە چەند دۆستی نزیکو جێ باوەڕم گێڕاوە تا بەڵکو بەیەکەوە هەوڵ بدەین حیزبی دیموکرات زیندوو بکەینەوە. بەم مەبەستە داوام لە «محەمەدی شاپەسەند»، قادری مەحموودزادە و عەزیزی فەرهادی کرد. منو قادرو عەزیز خوێندکاری سۆفیەت بووین. هەروەها، من لەگەڵ «محەمەدی شاپەسەند»یش لەو کاتەوە دۆستایەتیم هەبوو کە ئەو لێپرسراوی چاپخانەی ژ-کاف بوو. دەمزانی ئینسانێکی سیاسیکارەو زمانی کوردیش باش دەزانێ و دەتوانێ هاوکارێکی باش بێ. ئەو سێ کەسە، لە ڕۆژی ١١ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٦-١٩٤٨ هاتن بۆ ماڵی ئێمەو بەیەکەوە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵیمان پێکهێنا. پاش هێندێک باسو گفتوگۆ لەسەر خەباتی سیاسی بەتێکڕایی پێشوازیان لە پێشنیاری من بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات کرد.

بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات پێویستیمان بەبڵاو کردنەوەی بەیاننامەیەکی چاپی هەبوو، کە لەودا بە خەڵک رابگەیەنین، حیزبی دیموکرات نەمردوە و زیندووە و بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد درێژە بە خەبات دەدا، تا بەمجۆرە سەرنجی خەڵک بەرەو خەباتی سیاسی ڕاکێشین. چونکە بۆخۆمان چاپخانەمان نەبوو، بڕیارماندا بۆ چاپی ئەو بەیاننامەیە لە ڕێکخراوێکی سیاسی یارمەتی وەربگرین.

لەو کۆبوونەوەیەدا ساخ بووینەوە کەسێک بنێرینە لای حیزبی تودە. حیزبی تودە ئەو کات تەنیا حیزبی چەپو پێشکەوتووخواز بوو لە ئێراندا و بە ئاشکراش خەباتی دەکرد. ئێمە نەماندەزانی لەگەڵ کێ پێوەندی بگرینو بارەگای حیزبی تودە لە چ جێیەکە، بەڵام بیستبوومان «ئیحسان تەبەری» جارجارە لە «کانوونی ئاشتی» تاران قسە بۆ خەڵک دەکات. بەم پێیە، قادری مەحموودزادەمان نارد بۆ تاران کە بچێ شوێنی «کانوونی ئاشتی» بدۆزێتەوە و ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ باس بکاتو بۆ چاپی بەیاننامەکە یارمەتی لێ وەرگرێ. ناوبراو چاوی بە تەبەری کەوتبووو پاش گەڕانەوە، ڕایانگەیاند، ئیحسان تەبەری گوتوویەتی:

– «ئێوە جیا لەوەی شانەیەکی چوار کەسیتان پێکهێناوە کارێکی‌ترتان نەکردوە کە بەیاننامەی بۆ بڵاو بکەنەوە. پێویستە بەر لە بڵاو کردنەوەی بەیاننامە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستی‌یە کە یاسای زەمانی جەنگ لە کوردستان هەڵنەوەشاوەتەوە، ئەگەر خۆتان ئاشکرا بکەن لەوانەیە گیروگرفتتان بۆ پێک‌بێ، باشترە بەنهێنی پێوەندی بەو کەسانەوە بگرن کە پێشتر لە حیزبی دێموکرات‌دا بوون‌و شانەکانی شارو دێ‌تان بژێننەوەو ماوەیەک بەنهێنی هەڵسوڕێن، پاشان بەرە بەرە خۆ بکەیەننە ئەو پلەیە کە بەپێی هەل‌و مەرج بتوانن بەیاننامە بڵاو بکەنەوە.»

ئێمە لەگەڵ بۆچوونی ئیحسان تەبەری نەبووین. دەمانگوت هەرچەندە دەوڵەتی ئێران ئێستا بەخشینی گشتی راگەیاندوە، بەڵام پێویستە بەدوای رووخانی کۆماری کوردستانستان‌و ئەو هەموو ئیعدام‌و گرتن‌و راکردنەدا، بۆ ئەوەی خەڵک لێمان دڵدونگ نەبن‌و بزانن جوڵانەوەیەک هەیە، ئەوەڵ بەیاننامەیەک بڵاو بکەینەوەو سەرنجی ئەوان راکێشین‌و پاشان بچینە لایان.

پاش ئەوەی لە حیزبی توده نائومێد بووین، بڕیارماندا دوو کەس بنێرین بۆ کوردستانی عێراق‌و لە پارتی دێموکراتی کوردستان یارمەتی وەرگرین. بۆ ئەم مەبەستە من‌و محەممەدی شاپەسەند دیاریکراین کە بچینە لای پارتی. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە رژێمی ئێران دەیەویست لە کوردستاندا سەرباز بگرێ. دەیانگوت ناوی مەشموولەکان لە شەقامەکانی شاری مەهاباد هەڵداوەسن. ئێمە وامان بەچاک زانی، سەبر بکەین تا ئەو کاتەی کە ناوەکان بە دیوارەکانەوە دەدەن، چونکە من‌و محەممەدی شاپەسەند لەوە بێگومان بووین کە ناومان لە لیستەی مەشموولەکاندایە. ئێمە ویستمان مەسەلەی سەربازی بکەینە بیانوو تا ئەگەر دوای گەڕانەوە بۆ مەهاباد، بەچوونی ئێمەیان زانی، بڵێین لە ترسی سەربازی رامانکردوە.

بەر لەوەی کە درێژە بەو باسەو گەلێک باسی‌تر بدەم کە بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات کردمان، باشتر ئەوەیە زیندوو کەرەوەکانی حیزبی دێموکراتتان پێ بناسێنم:

بە گشتی زیندوو کەرەوەکانی ئەسڵی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٢٦-١٩٤٨دا، ئەندامانی کۆنی حیزبی دێموکرات بوون. لەنێو ئەواندا من‌و محەممەدی شاپەسەندی لە ریزی یەکەم‌دا بووین. پاشان قادری مەحموودزادە بوو. قادر ئەندامی سازمانی جەوانانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو، بەڵام چونکە ئەو ئامادە نەبوو کاتی پێشاندانی شانۆی «دایکی نیشتمان» لە شارەکانی نەغەدە و شنۆ، ئەرکی چاوەدێری هەڤاڵان بە ملەوە بگرێ‌و بێتە شنۆو نەغەدە، لە سازمانی جەوانانی ژ.ک وەلاندرا. ئەو دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت سەرلەنوێ هاتەوە ریزی خەبات‌و شێلگیرانە بۆ زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکرات هەڵسوڕا، بەڵام سەرلەنوێ

لە ساڵی ١٣٢٩ی‌هەدا کەڕاوە سۆڤیەت‌و ژیانی سیاسی وەلانا. هەروەکو پێشتر گوتم عەزیزی فەرهادی-ش یەکێک بوو لە زیندوو کەرەوەکانی حیزبی دیموکرات. ناوبراویش لەگەڵ ئێمە لە زانکۆی سەربازی باکۆ بوو. سەدیقی خاتەمی-یش لە ساڵی ١٣٢٧ی‌هەدا، گەڕایەوە ڕیزی حیزبی دیموکرات.

سەدیقی خاتەمی ئەندامی کۆنی حیزب بوو. لە سەردەمی کۆماردا، پێشمەرگەو نووسەری بنکەی پێشمەرگەی کۆماری کوردستانستان لە گوندی «مەکلاوێ» لە نزیک سەردەشت بوو. کاپیتان «حەمەدی مەولودی» فەرمانەدی ئەو بنکەیە بوو. ئەو کات، سەردەشت بەدەست ئەرتەشی ئێرانەوە بوو، و سەروان «کەشاوەرز» فەرماندەی سەربازخانەی سەردەشت بوو، کاتێک هێزەکانی سۆڤیەت ڕژانە نێو خاکی ئێران، خۆیان لە سەردەشت نەدا و ئەوێ وەک خۆی مابۆوە. شاری سەردەشت سەر بە کۆمار نەبوو، بەڵام گوندەکانی دەورو بەری لەگەڵ کۆماری کوردستانستان بوون. چونکە کاپیتان مەولودی خوێندەواری نەبوو، سەدیقی خاتەمی ئەرکی نووسینەکانی ئەوی بەڕێوە دەبرد.

ڕۆژێک، ئەرتەش هەوڵ دەدا ئەو بنکەیە بگرێ. پیرەژنێک لەنێو دارستانەکانی نزیک بنکەی مەکلاوێ خەریکی دار کۆ کردنەوە دەبێ، هەرکە چاوی بە سەربازان دەکەوێ، بە پەلە خۆ دەگەیەنێتە پێشمەرگەکان‌و ئەوان ئاگادار دەکا. چونکە دوژمن گەمارۆی گوندەکەی لە پێشمەرگەکان تەنگ کردبۆوە، ئەوان نەیانتوانی بوو لە مقەرەکەیان بێنە دەرێ بەناچار دیواری مقەرەکەیان کون کردبوو، و لە بەرامبەر تانک‌و تۆپی دوژمن ڕاوەستابوون‌و دەستیان کردبۆوە. دوژمن دەگاتە سەریان و دیواری مەقەرەکەیان بەسەردا دەڕوخێنێ. یەکێک لە پێشمەرگەکان بە «کوکتێل مولوتۆف» هێرشی کردبووە سەر تانکی دوژمن کە بە داخەوە کوژرابوو. سەرئەنجام پێشمەرگەکان لە تاریکی شەو کەڵکیان وەردەگرتبوو، و توانیبوویان خۆ دەرباز بکەن و بچن بۆ نێو دارستانەکە. سەدیق خاتەمی یەک لەو پێشمەرگانە بوو کە لەو شەڕەدا ئازایانە دەستی کردبۆوە.

لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٦- ١٩٤٨، حکومەت ناوی مەشمولەکانی هەڵاوەسی‌و هەر وەکو چاوەڕوان دەکرا، من‌و شاپەسەند لە ڕیزی ئەواندا بووین. بەم پێیە، مەهابادمان بەجێ هێشت‌و بە ڕۆژئاوای مەهاباد‌و ڕێگای «مەیدان»دا پرسان پرسان خۆمان گەیاندە ناوچەی پیرانشار‌و چووینە گوندی «گەسکەسک». سەید «تەها» کوڕی شێخ «عەلائەدین» ئەو کات لە گەسکەسک نیشتەجێ بوو. شەو لە گەسکەسک ماینەوە‌و بەیانی زوو لەگەڵ سۆفیێکی مریدی شێخ «عەلائەدین» بەرەو گوندی «خەلان» وەڕێکەوتین، «کۆنەلاجان»مان وەپشت سەر ناو بە «دۆڵەتو»دا خۆمان گەیاندە ماڵی شێخ عەلائەدین لە گوندی خەلان.

ماوەیەک لە خەلان بووین و ئینجا بە یارمەتی شێخ چووینە کەرکووک و سلێمانی و سەرئەنجام چووینە ماڵی شێخ «لەتیف» کوڕی شێخ «مەحموود»ی گەورە. شێخ لەتیف پیاوێکی زۆر میهرەبان و کورد پەروەر بوو. ناوبراو ماوەیەک ئێمەی لە ماڵی خۆی ڕاگرت و پاشان وای بە چاک زانی بمانێرێتە «سیتەک» کە گوندی خۆی بوو. لە سیتەک چاومان بە ماموستا «حەسەنی قزلجی»، «عەبدولڕەحمانی زەبیحی» و سەید «محەممەدی سەمەدی» کەوت. سەید محەممەد ماڵی لە سلێمانی بوو، و جارجارە دەهات سەری لە ئێمە دەدا.

ئێمە باسی زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکراتمان بۆ ئەو هەڤاڵانە کرد و مەبەستی خۆمان لەو هاتنە بۆ روون کردنەوە. ڕەوتی زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکرات لە لایەن ڕەحمانی زەبیحییەوە بە گوێی شێخ لەتیف گەیشتبوو. شێخ لەتیف هێندێک جار دەهاتە سیتەک و یەک دوو ڕۆژ لە لامان دەمایەوە و لە ڕادە بەدەر ڕێزی لێدەگرتین و خزمەتی پێدەکردین. من تا هەم قەت چاکە و پیاوەتی ئەو لەبیر ناکەم. ئەو کوردێکی زۆر خاوێن و دڵسۆز بوو.

ئەو کاتەی کە «هەمزە عەبدوڵڵا» سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، شێخ لەتیف ئەندامی ئیفتخاری سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بوو. هەمزە عەبدوڵڵا پاشان چوو بوو بە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق. ڕژێمی عێراق ئەوی بە هۆی هەڵسوڕانی سیاسی لە عێراق دەرکرد و تا سنووری تورکیا ڕاوینا؛ بەڵام ئەو بە نهێنی گەڕاوە بۆ ناوچە و بە ناوی «مەلا سمایل» لەنێو هۆزەکانی «یەزیدی»دا بوو بە مەلای یەزیدییەکان. ناوبراو پەرتووکێکی بەنرخی لەسەر ئایینی یەزیدی بە زمانی عەرەبی نووسی و سەرئەنجام هاتەوە نێو ڕیزی شۆڕش. پاشان لەگەڵ برایم ئەحمەد ناکۆکیان پەیدا کرد و برایم ئەحمەد بوو بە سکرتێری پارتی. خێزانی برایم ئەحمەد خزمایەتی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا هەیە و خێزانی هەمزە عەبدوڵڵاش خوشکی برایم ئەحمەدە. ئێمە لەو سەردەمەدا کە هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی بوو، هاتووچۆی پارتیمان دەکرد و ئەو بە نهێنی چاپخانەیەکی لە لای خۆی هەبوو.

شێخ لەتیف گوتی ئامادەیە چاپخانەیەک بۆ ئێمە بەدەست بێنێ. ئێمەش زۆر خۆشحاڵ بووین کە چاپخانەیەکی سەربەخۆمان هەبێ و بۆ خۆمان کاری پێبکەین. لەبەر ئەوە بە سوپاسێکی فراوانەوە پێشوازیمان لە پێشنیارەکەی شێخ لەتیف کرد. محەممەدی شاپەسەند و ماموستا قزلجی و عەبدولڕەحمانی زەبیحی بە یەکەوە وێنەی کەرەسەی پێویست بۆ ئەو چاپخانەیەیان هێنا سەر کاغەز. محەممەدی شاپەسەند هەر جارەی نموونەیەکی دەبرد بۆ ئاسنگەرەکانی سلێمانی و ئەوان پاسک و پێچ و مۆرە و لۆحەکانیان بۆ دروست دەکرد. سەرئەنجام هەر ئاسنگەرەی بەشێکی بۆ دروست کردین و بە بێ ئەوەی هیچکام لەوان ئاگادار بن چاپخانەکەمان ساز کرد.

دوای ئامادە بوونی چاپخانەکە، شێخ لەتیف بە خەرجی خۆی چوو بۆ بەغداو کاغەزو مەرەکەب و پیتەکانی چاپخانەی بۆ کڕین. چاپخانە وەکار کەوت. لەپێشدا چەند بەیاننامەی حیزبی‌مان پێ چاپ کردو پاشان لە سەر دەرکردنی گۆڤارێک ساغ بووینەوەو ناوی «ڕێگا»مان بۆ هەڵبژارد. هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانمان دەرنەکردو «ڕێگا»مان بۆ ئەو قۆناخە هەڵبژاردو ناوی «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»مان لەسەر دانا، ئەوە بوو کە دوژمن وریا نەبێتەوەو دیسان دژی کۆنە دیموکراتەکان ڕانەپەڕێ‌و خەڵک تووشی گیروگرفت نەکا. ڕامان ئەوە بوو، کە پاش بەردەوام بوونی خەبات ئینجا بگەڕێینەوە سەر کوردستان‌و ئەو چاپ بکەین‌و لە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەڵک وەرگرین.

بەر لە چاپی یەکەم ژمارەی ڕێگا، شێخ لەتیف پەڕتووکێکی بچووکی پڕ لە ڕەخنەو گلەیی هێنا کە دژی پارتی دیموکرات‌و حیزبی شیوعی نووسیبووی‌و دەیەویست ئێمە بۆی چاپ بکەین، کە ئێمە بە تایبەت من‌و مامۆستا قزلجی ئامادە نەبووین ئەو پەڕتووکەی بۆ چاپ بکەین‌و گوتمان ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین‌و داوا دەکەین شێخ ئەو هەڵە بچووکانە لەبەر چاو نەگرێ‌و بە چاکی نازانین کە دژایەتی دەگەڵ ئەو هێزانە بکا. دیارە ناکۆکییەکەیان ڕیشەی نەبوو، و لەسەر شتی بچووک‌و سەرەکی پێکهاتبوو. بەڕای ئێمە پارتی دیموکرات‌و حیزبی شیوعی نەیانتوانی بوو وەک پێویست لە شێخ لەتیف کەڵک وەرگرن.

بەر لەوەی چاپخانەکە دامەزرێنین، دەمەویست بچمە خزمەت شێخ مەحموود. ئەو کات شێخ مەحموود لە گوندی «داری‌کەلی» نیشتەجێ بوو. ئەو مەسەلەیەم بە شێخ لەتیف ڕاگەیاندو ئەویش لەگەڵ بابی هێنابوویە گۆڕێ‌و شێخ مەحموود ڕازی ببوو کە بچمە خزمەتی‌و دیداری ئەو گەورە پیاوەی مێژووی نەتەوەکەم بکەم. هەروەکوو پێشتر گوتم، ئێمە لە سەردەمی کۆمەڵەدا وێنەی شێخ مەحموود، شێخ عەبدولقادر، شێخ سەعید و دوکتور فواد-مان بە دیواری بارەگای سازمانی جەوانانەوە هەڵاوەسیبوو، و ئەو کارەمان سەرنجی منی بۆ لای شێخ مەحموود ڕاکێشا کە بچم لە نزیکەوە بەخزمەتی بکەم.

# له خزمەت شێخ مەحمووددا

ڕۆژێک شێخ لەتیف بە سواری ئوتۆمبیلێکی جیپ بردمیە گوندی «داری کەلی» تا چاوم بە شێخ مەحموود بکەوێ. شێخ مەحموود دەستە پیاوێکی هێندێک قەڵەو بوو. سمێڵێکی ئەستوورو پڕ پشتی هەبوو، دەستە لیباسێکی جوانی کوردی دەبەردا بوو، لکی سۆرانێکی بەردابۆوە و ئەویتری لە قۆڵی هالاندبوو، و خەنجەرێکی لەبەر پشتێندەکەی نابوو. هەرکە چوومە ژووری هۆدەکەی بەرەوپیرم هاتو لە باوەشی گرتم. بەرلەوەی کە بچمە خزمەتی، شێخ لەتیف منی بەو ناساندبوو، و ناوبراو دەیزانی بۆچی هاتوومەتە سلێمانی. شێخ مەحموود خۆشحاڵی خۆی لە دیتنی من دەربڕیو فەرمووی:

– «لەوە خوشحاڵم کە ئەمڕۆ گەنجێکی وەک تۆ ئامادە دەبێ بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی، لە بنەماڵەکەی دوور کەوێتەوە، بەلام بیستوومە دەستە برا لە نێو بلشویکەکانەوە هاتوویەتەوە.»

– بەڵێ گەورەم من لەسەردەمی کۆماری کوردستانستاندا چووم بۆ خوێندن. بەسەرهاتی سەردەمی خوێندنەکەم بۆ گێڕاوە. لە کۆتایی قسەکانمدا فەرمووی:

– «زەرەری نیە پیاو هەر کورد بێ و بۆ کورد هەوڵ بدات، ئیتر بیروڕایەکەی هەرچی بێ خۆشەویستە. کورد نەتەوەیەکی لێ قەوماوی سەرکوت کراوە. من یەک لەو کەسانەم کە چارەنووسی نەتەوەکەم خۆش دەوێو بۆ رزگاری گەلەکەم خەباتم کردووە.» شێخ مەحموود لە درێژەی قسەکانیدا داستانی بزووتنەوەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە و فەرمووی، لەنێو کوردانداا ئاینی جیاوازی وەک: سوننی، شیعە، کاکەییو یەزیدیو عیسایی‌و جولەکەش هەیەو ئەوانیش هەموویان بۆ کورد دڵسۆزن. من ژمارەیەکی زۆرم کاکەییو یەزیدی لەگەڵ بوون. لە ڕاستیدا هەرچەند کە من شێخێکی موسوڵمانم، بەلام لە ڕادە بەدەر باوەڕم بە یەزیدییەکانەو هەمیشە لەوە ترساوم کە کۆلکە مەلایەک پەیدا بێو بە پارە خۆی بفرۆشێو بە قازانجی دەوڵەتەکانی ئینگلیسو عیراق هەستی ئاینی چەکدارە موسوڵمانەکان بریندار بکاتو دژی من هانیان بدات. لەبەر ئەوە من پتر یەزیدییەکانم لە دەوری خۆم کۆ دەکردەوەو کێشکم پێدەدان، ئەوان مەلایان کەمەو کەمتریش لە ئەوانیتر ئالودە بوون.

من ئاوا له شێخ مه‌حموود گه‌یشتم كه ئه‌و ده‌یه‌ویست به من بڵێ: مه‌سه‌له‌ی ئاینی له نێو كوردانداا زۆر زه‌ق نیه‌و هه‌ر كه‌س به هه‌ر چه‌شنه ئاین‌و بۆچوونێكه‌وه ئه‌گه‌ر بۆ كورد هه‌وڵ بدات‌و له ڕێگای ڕزگاری نه‌ته‌وه‌كه‌یدا تێبكۆشێ، بۆ كورد خۆشه‌ویسته. ئه‌و له ئاخردا باسی دوور خستنه‌وه‌كه‌ی خۆی به ده‌ست ڕژێمی عێراق بۆ كردم. له باسی شێخ مه‌حموودا واباشه ئه‌و بیره‌وه‌رییه‌شی لێ بگێڕمه‌وه.

هه‌ر له‌و سه‌روبه‌ندانه‌دا بوو كه پارتی دیموكراتی كوردستان‌و حیزبی شیوعی عێراق بڕیاریاندا له هه‌ڵبژاردنی «به‌له‌دیه»ی شاری سلێمانی‌دا به‌شداری بكه‌ن، به یه‌كه‌وه دوو كه‌سیان پاڵاوت‌و خه‌ڵك پشتی پاڵێوراوه‌كانی گرت‌و پاڵێوراوه‌كانی حیزبی شیوعی‌و پارتی سه‌ركه‌وتن، به‌ڵام چونكه حكومه‌تی عێراق ئاماده نه‌بوو، نوێنه‌ری حیزبه‌كان له به‌له‌دیه‌دا بن، هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی هه‌ڵوه‌شانده‌وه. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش پاڵێوراوه‌كان‌و چه‌ند هه‌ڵسوڕی سیاسیشی گرت‌و ناردنی بۆ زیندانی كه‌ركووك. كرده‌وه‌ی ڕژێم، پارتی‌و شیوعی توڕه كردو ئه‌وان به نووسراوه ڕه‌خنه‌یان له حكومه‌ت گرت. خه‌ڵكی سلێمانی به پشتیوانی له‌و حیزبانه دووكان‌و بازاڕیان داخست‌و مانیان گرت.

ئه‌وه یه‌كێك له تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ڕوحی گه‌لی كورده. من به ته‌جربه بۆم ده‌ركه‌وتووه، كه‌سانێك كه به‌رهه‌ڵستی ده‌وڵه‌تی داگیركه‌ر ده‌بن، خه‌ڵك خۆشی ده‌وێن‌و له ڕه‌وتی زه‌مانددا هه‌رچه‌نده سه‌داقه‌تی ئه‌وانیان بۆ ڕوون بێته‌وه، پتر ئاماده ده‌بن فیداكاری بۆ بكه‌ن. من گه‌لێك نموونه‌ی زه‌قم بۆ ئه‌و گوتنه‌م هه‌یه، كه له جێی خۆیاندا ئاماژه‌یان پێده‌كه‌م.

ڕێبه‌رانی پارتی‌و شیوعی له ناوچه‌ی سلێمانی‌و كۆمه‌ڵێك له خه‌ڵكی سلێمانی به‌و ئاكامه گه‌یشتن بۆ دۆزینه‌وه‌ی ڕێگا چاره‌یه‌ك بچن بۆ لای شێخ مه‌حموودو داوای یارمه‌تی لێ بكه‌ن. شێخ مه‌حموود بۆ چاره‌سه‌ر كردنی ئه‌و كێشه‌یه، به شێخ له‌تیفی كوڕی ده‌ڵێ: چه‌ند تفه‌نگچی به‌رێته چیاكانی ده‌وروبه‌ری سلێمانی‌و له‌وێ دامه‌زرێ‌و كرده‌وه‌ی ڕژێمی «به‌غدا» مه‌حكوم بكات. شێخ له‌تیف فه‌رمانی شێخ مه‌حموودی به‌جێ گه‌یاندو چوو، و هه‌ره‌شه‌ی له ده‌وڵه‌ت كرد.

به‌و كاره، وه‌زیری نێوخۆی عێراق «سه‌عید قه‌زاز» هاتبووه خزمه‌ت شێخ مه‌حموودو گله‌یی له شێخ له‌تیف كرد بوو. شێخ مه‌حمودیش گۆتبوی كاتێك حكومه‌ت زوڵم له خه‌ڵك بكات‌و ڕێگایان نه‌داتێ له بنكه‌یه‌كی غه‌یره سیاسی بچووكی وه‌ك به‌له‌دیه‌ی شاردا به‌شداری بكه‌ن‌و به‌كاری بێهداشت‌و پاك‌و خاوێنی شوێنی ژیانیان ڕابگه‌ن، ئیتر خه‌ڵك ئه‌گه‌ر ئه‌وه نه‌كا چ بكا؟ منیش له‌گه‌ڵ ئه‌و خه‌ڵكه‌م‌و پشتی داخوازه‌كانیان ده‌گرم‌و داوا له ئێوه‌ش ده‌كه‌م گوێ بده‌نه ئه‌و خه‌ڵكه. له ئه‌نجامدا، هه‌ڵوێستی شێخ مه‌حموود پاشه‌كشه‌ی به حكومه‌ت كرد.

## گۆڤاری ڕێگا

ئێمه، سەرئەنجام یەکەم ژمارەی ڕێگامان بەشێوەی خوارەوە چاپ کرد. ماموستا «حەسەنی قزلجی» بە نازناوی «پێناو» وتارە فارسییەکەی نووسیوەو منیش بە نازناوی «تەیمور» وتارە کوردییەکەم نووسیوەو ماموستا قزلجی لە کوردی نووسینەکەدا یارمەتی داوم.

پیشکەش بەگیانی پاکی | بژی آزادیو بژی آزادیخوا
شهیدەکانی ریگای آزادی | بمری استعمارو دیکتاتوری

ژمارە ۱ سالی ۱ خ.ز.لو. ه ری ۱۳۲۷

# ریگا

### اورگانی کۆمەلەی ژیانی کورد

## علت تشکیل حزب ژیانی کورد

**هدف ما**

ما در طلیعه مجله بطور اجمال اشاره به موجبات تشکیل حزب «ژیانی کورد» و منظور از انتشار مجله «ریگا» و هدف خود نمودیمو بسیار متاسفیم که سانسور شدید حکومت نظامیو مراقبت سخت شهربانیو کاراگاهیو تعذیبهای دائمی سایر مامورین دستگاه دکتاتوری در کردستان تمام وسائل را از دەست ما خارج کردەو حتی وقت کافی را نگذاشته‌اند که فرصت آورده چنانچه شایسته است بتوان به تفصیل از مطالب سخن راند- ناچار با اختصار تام از لازمترین موضوعهای ضروری بحث خواهیم کردو عجالتا یک قسمت مجله را به زبان فارسی مینویسیم. تا دوستان آزادخواه غیر کرد ما نیز بلاواسطه آنرا خواندەو دستگاه دکتاتوریو مرتجعین هم بعنوان ترجمه لکه اغراض پلید خودشان را به دامن مباحث به تمام معنی حقیقت ما نەنشانند.

روح ملیتو شعور قومیو مصالح کردو کردستان ایران بخصوص زحمتکشانو اکثریت ملت کرد ما را وادار کرد برای بدست آوردن حقوق طبیعی ملت کردو رساندن فریادهای مظلومانه این قوم به‌گوش جهان تمدنو انسانیتو مبارزه با دارودسته حکومت دکتاتوری تهرانو استعمارچیهاو دلالانو نوکران آنهاو مزدوران اربابان دلار در ایرانو علی‌الخصوص در کردستان عزیز حزبی را بنام «ژیان کورد» تشکیل دهیم.

از روزهای اوائل ورود نیروی دکتاتوری کمو بیش فعالیت درکار بوده. امروز که مقامات دولت مرتجع تهران میخواهند به اقدامات پر دامنه‌تری برای نابود کردن ما از جمله کوچاندن عمومی کردهای منطقه مکری دست بزنند ما نیز لازم دانستیم مبارزه پردامنه‌تری را آغاز کنیم. اینک با اینهمه موانع ناهنجارو خطرات بیشمار شروع به انتشار اورگان حزب «مجله ریگا» نمودیمو تصمیم داریم هر اندازه بیشتر در خطرو هرچه زیادتر تضییق شویم باز به انتشار آن ادامه دادهو احساساتو افکار توده کرد را به چشم عدالت و انسانیت دنیای کنونی که عبارت از کرسی نشینان انجمنهای ملل متحد میباشد نشان دادو هر اندازه این دیده عدالت نابینا باشد باز درشت‌تر نشان دهیم تا دست آخر ببینند در زیر سایه سرکارایشان بر ملتهای ضعیف چه میگذرد فعالیت حزب ما مخصوص احوال کردو کردستان واقع در حدود فعلی ایران بودهو سعی برای آزادیو دمکراسی نمودن تمام کشور ایران خواهد بودو نقطه اتکا ما تنها نیروی خلل ناپذیر آزادی خواهان ملتهای ایران با استناد به قانوون اساسی ایران است.

چون برای دستگاه دکتاتوری حکومت تهران تکرارو تصریح زیاد لازم است بازهم با صراحت تمام میگوئیم ما حقوق طبیعی ملت کرد را تحت یک حکومت دمکراسی ایران برای کردو کردستان واقع در حدود فعلی ایران بموجب قانون اساسی ایرانو به فتواو عقل سلیم انسان میخواهیم هادیو رهبر ما روح ملی ماو کمکو یاور ما نیروی آزادیخواهی ماو لوازم کار ما مالو جانو بلاخره همه چیز ما است با اینهمه تکرارو تصریح امیدواریم مرتجعین دیگر پیرایه‌های از سنخ رفتارو کردار خودشان بمرام مقدس ما نه پیوندند گرچه در اینصورت نیز اهمیتی ندارد زیرا حقیقت بر مردم دانا روشن است.

ما بنام پشتیبانی از وجدانو حقیقتو آزادی در این مبارزه خطیر دست تقاضای تشریک مساعیو تائید به سوی احزاب مترقیو آزادیخوا در ایرانو همچنین جمعیات مترقیو آزادیخواه کرد در هر جا باشند دراز کردهو انتظار تقویت از آنها داریم. وبا ملت نجیبو همدرد ما آذربایجانی تشریک مساعی کامل خواهد شدو روابط دوستی تاریخی خود را بمراتب استوار خواهیم ساخت حالا فقط برای اثباط موجودیتو شناساندن حقوق خود

در ایران بشرح زیر ملیتو شرایط اساسی آن بطور عموم می‌پردازیم.

**ملت کردو ملیت آن**

جمعی از انسان را ملت میگویند که حائزو واجد این شرایط باشد. زبان، مذهب، موقعیت جوغرفیایی، تاریخ مشترک، آمالو آرزوی مشترک. کرد دارای مجموع این شرایط بوده‌و در نزد دوستو دوشمن افتخار کلمه ملت را دارد. روحی که ناشی از ایمانو اذعانو علاقمندی باین شرایطو پایه‌ها باشد ملیتو شعور ملی است. خوشبختانه تاریخ مشترک کرد عبارت است از مجموعه از آثارو مظهرهای این روح نیرومند ملی. اینک ما ذیلا نسبت بهریک از این پایه‌های اساسی بطور اختصار بحث خواهیم کرد.

**زبان کردی**

آخرین تحقیقات مستشرقین زبان شناس بر این است که کوردی یک زبان بسیار قدیم آریایی میباشد نیکیتین دانشمند خاورشناس فرانسوی میگوید زبان فعلی کورد از رشته‌های قدیم آری بوده‌و دارای نحوو قواعد خاصی میباشدو خاصیت زبان شرقیو اصول آسیائی صرف را دارا است.

زبان کوردی در نزد مستشرقین اهمیت بسزائی دارد حتی در دانشگاه تاریخی «سوربون» در پاریس که شهرت جهانی دارد از چند سال پیش شعبه برای زبان کوردی تخصیصو تدریس آن بعهده یکی از مستشرقین مبرز فرانسوی واگذار شده.

مطبوعات کوردی بعداز جنگ اول ترقی شایانی کرد مشهورترین آن در روسیه «ریی تازه»و در سوریه «هاوار، روژانویو ستیر»و در عراق «بانگ کورد، ژین، گه‌لاویژ، زار کرمانجی»و کتبو رساله‌های سودمند بیشمار طبعو منتشر شده‌و در مدت جنگ اخیر نهضت مطبوعاتی مهمی شروعو در مدت یکسال جمهوریت کردستان ایران «روزنامه کوردستان، مجله‌های کوردستان، نیشتمان، هاوار نیشتمان، آواتو گروگالی مندالان» در مهابادو «هه‌لاله» در بوکانو «راویژ» در سنه‌و در سایر مناطق کوردستان هم بمراتب بر نشاط مطبوعات کردی افزوده شد.

**مذهب**

قوم کورد باستثنای عده کمی مسیحیو بعضی زوراتی قدیم «یزیدی» عموما مسلمانو اکثر آنها سنی هستندو مبادی انسانیت را از آئین زوراتی قدیم نیاکان خودشان محفوظ داشته‌اندو بهمین جهت با ادیان دیگر بسیار مسامحه دارند بخلاف همسایگانشان که در این قسمت هیچگونه تسمحی ندارند دولتهای ذینفع بر اساس قونیت خشنو تفوق نژادی تجانس دینی را وسیله قرار داده برای استهلاک کورد بنام همکیشی بسیار سعی کرده‌اند

ولی تیر آنها بسنگ خورده است.

**موقعیت جغرافیائی کوردستان**

کردستان ستون فقرات خاورمیانه استو شامل قسم اعظم سلسه جبالی است که از دریای سیاه تا نزدیکیهای «قفقاز» تا خلیج فارس امتداد داردو در قسمت غربی دشتهای وسیعو حاصلخیز جز آن میباشد. در این کشور تنها ملت کورد ساکن است که با اقلیتی له آشوریهاو کلدانیها متجاوز له «۹» ملیون جمعیت دارد. از خصائص این قومو تقالید دیرینه آن شجاعتو وفاداری است همچنین تسامحو حب آزادی. ملت کورد از فجر تاریخ تشکیل یک ملت زنده را داده جز مطالبه حقوق طبیعیو حق حیات چیزی دیگری را نمیخواهد. قوم کرد از همسایگانش چه از حیث عضویتو چه از جنبه لغتو ادت متمایزو کوردستان یک وحدت جغرافیائیو اقتصادیو قومی متصلو متناسب راتشکیل میدهد. بنا بهقول نیکیتین فرانسوی کوردستان شامل منطقه کوهستانی آسیای داخلی بوده چنانچه جبال آرارات نقطه ارتکاز فرض کنیم از خاور محدود است بسلسه «بنتس»و از آنجا جنوبا سرازیر شده تا میرسد به «سیواس»و «کردداخ» -قلعه اسکندرونه- و از آنجا بطرف شرق در امتداد خط مرزی سوریه- تورکیه جبال سنجاررا احاطه دادهو میرود تا موصل باز سلسه جبال زیروس را فرا گرفته تا خط بغداد- کرمانشاه تا دریاچه رضائیهو در امتداد خط غربی دریاچه نامبرده تا آرارات.

این کوردستان بزرک تا جنک بینالملل گذشته در بین حکومهتهای ایرانو عثمانی مجزی بودهو پساز آن در نتیجه معاهداتو پیمانهای بینالدولو باقتضای مصالح استعمارچیها قسمت عثمانی نیز به سه قسم تقسیم یک قسمت جزو تورکیه قسم دوم جزو عراقو یک قسمت دیگر جزو سوریه گردید.

رفتار ترکها باکردها بینهایت وحشیانه بودهو قضیه محکمه استقلالو اعدام نامدارانی کوردو قتل عام کوردها در تورکیه مشهورو یک تاریخ خونین را بیادگار گذاشته. استعمال لغت کوردی قانونا در تورکیه ممنوع است ولی برغم سیاستی «تتریک» فاشستهای تورک کوردهای آنجا مردانه با آنهمه ناملایمات مقاومت کرده زبانو شعائر قومی را در دهاتو قصبات حفظ کرده ولی در شهرها بواسطه فشار شدیدو وحشیانه مامورین فاشیست تورکیه مردم تنها در خانههای خودشان میتوانند کوردی حرف بزنند.

درسوریه تعلیمو تربیت بزبان عربی است گو اینکه تنها شخصی که عربی میداند در قریه خود آموزگار است ولی نشاط مطبوعاتیو ادبی کوردی آزادو چند مجلهو جریده در آنجا بزبان کوردی منتشر میشود. در عراق قانون اساسی بحفظ حقوق اکراد تصریح کرده

در بعضی از استانهای شمالی تعلیمو تربیت بزبان کوردی بودهو در طبعو نشر با آن زبان آزاد است اما تمام اینها تا جائیست که تماس با منافع دولت نداشته باشد.
اما در ایران همین ایران ما- قانون اساسیو سایر قوانین اسمی از کورد نبرده باصطلاح هرگونه استعمال زبان کوردی قاعدتا بایستی مباح قانونی باشد با اینحال رفتار حکومتو مامورین مرتجع- دولت مستبد ایران دستکم از تورکیه فاشیست نداشتهو خطسیر پلید آنها را نسبت باکراد تعقیب کردهاند بخصوص پساز ملاقات دو دکتاتور ایرانو تورکیه یاقرالنحسین «پهلویو مصطفی کمال» دولت ایران از هیچگونه اقدامات نامردانه برای استهلاک کردها فروگذاری نکرد.

**تاریخ مشترک کورد**

آثار مخلوط موجوده «سومری» تایید میکند که کورد از دو هزار سال پیش از میلاد مسیح در قلب کوردستان جایگزین بودهو پی در پی با همسایگان نیرومند مانند بابلیها و حثیهاو آشوریها به جنگو ستیز پرداختهو هیچگاه سر اطاعتو تسلیم برای هیچکدام از مهاجمین خم نکرده است. کردها در جنگ نینواو بابل به «سروس» مساعدت کردندو در زمان امپراطوری هخامنشی امتیازات مستقلی را داشته محافظت هیاکل زوراتی «آتشکدهها» که مقدسترین مقامان آنزمان بوده بعهده داشتهو با گزنفون مهاجم یونانی مقاومت سخت کردهاند. با سلوقیها پیکار سهمگین نمودهو فاتح درآمدهاند باعتراف مورخین ایرانی سلسه ساسانیها کورد بووهو بر تمام ایران حکمراندهاند. در تاختو تاز مغول کوردستان هم خرابو ویران گردید. صلاحالدین کبیر حریف پرشهامت ملک ریشارد «قلببالاسد» خود کورد بودهو اکثر قبائل کورد را تحت حکم خود جمع کردهو یک وحدت کورد را تشکیل دادهو در قرن سیزدهم کورد با تاتارها بهجنگ درآمدهو پیروز گشتهاند. تاریخ جدید نسبت باشغال کوردستان تا زمان سلطان سلیم اول صفحات خود را بستهو تا آنزمان سابقه ندارد کوردستان اشغال شده باشد سلطان سلیم نخستین خلیفه عثمانی با مساعدت امرا کوردو با راهنمائی مورخ کورد ادریس بتلیسی بفکر سیاستی وحدت اسلامی افتادهو توانست با بعضی از دولتها دعوی کردهو ظفریات شود.
سپس این مساعدت بر اساس یک معاهده ثبت گردید که امرا کورد بموجب آن بخلافت سلطان اعتراف کردند بشرط اینکه حقوق امارات آنها در داخله کشورهایشان محفوظ باشدو بر اساس این پیمان کردها در جنگهای سلاطین عثمانی شرکت کردهو خدمات مهمی بآنها نمودند. در تمام کردستان حال بدین منوال بوده تا خاتمه جنگ بینالملل گذشته پیشین که امپراطوری عثمانی منقرضو اوضاع جهان تغییر کردو کوردستان نیز وارد مرحله نوینی شد

که این قسمت شایانی یک بحث علیحده است.

**آمال مشترک**

کورد تنها یک آرزو دارند آنهم آزادی بر اساسی دمکراسی حقیقی است.

ای جهان بشریت اینست ملت ماو اینست پایه‌های استوار قومیت ما. ما موردهای ایران بموجب این دلائلو مدارک تاریخیو بموجب اعتراف صریح آقای مظفر فیروز معاون نخست وزیر وقتو نماینده اختیار دار حکومت مرکزی که در پیمان تهرانو آذربایجان موجودیتو حقوق مارا تصدیق کرده حقوق طبیعی خودرا که عبارت است از یک حکومت خودمختاری دمکراسی ضمن نطاق یک حکومت دمکراسی مرکزی موافق قانون اساسی ایران میخواهیمو تا آخرین نفس در راه مطالبه حقوق خود مبارزه خواهیم کردو اطمنان داریم پیروزی نهائی با ما است زیرا حق بطرف ماااست.

پیناو

## حربه دیکتاتوری یا ارتش ایران

له ناو هەمو دوله‌تاندا ارتش یکی له ارکان زور بەنرخی دوله‌ته. ارتش بو حفظ حدودو ثغوری نیشتمانو پاراستنی له تجاوزاتی بیگانەو بو امنیتو آسایشی گشتیو پاریزگار کاری ناموسو حیثیاتی میللی تشکیل دەدری.

ارتش دەبی بە گویرەی قوانینو متراتیک بوی داندراوه ببزویته‌وەو بە هیچ جوری حقی دخالتی دە اموری دیکەی دەوله‌تدا نیه. پیویسته دەوله‌ت امر بکا بە ارتش کە ارتش تفەنگ هەلگریو شەوو نیوەشەو چاوەدیری حدودی نیشتمانو امنیت بکات. بەلام ارتشی بااصطلاح لەمیژینەی ایران کە اورو «شاهنشاهیکی» بە کلکەوه بەستراوە بە پیچەوانەی هەموو ارتشیکی میللی جیهان دەبزویته‌وە بیجگە لەوەی وظیفەییکی کە لە ئەستویەتی ابدا بەجیی ناگەیینی لە تەواوی اموری داخلی دەوله‌تدا دخالت دەکا. لە قرونی رابردودا وە بەپیی تاریخی نظامی ایران دەردەکەوی کە ارتشی ایران هیچکاتیک انجامی وظیفەی نەکردوەو قەت حدودو سنوری ایرانی لە تجاوزاتی بیگانه نەپاراستو.

پەلاماری سوپای اسکندری مقدونی، اعراب، مغول بو نیشتمانەکەمانو چپاولو کوشتو کوشتاریان نیشانده‌دا کە ایراندا ارتشیک نەبوە بتوانی لە بەرانبەری سوپای بیگانه راویستی وە بەربەرەکانی بکاو میللتی ایران لە شری متجاوزین بپاریزی. لە دەورەی بیست سالەی داش رضای قلدردا ارتش تەنیا انجامی وظیفەییکی نامشروعی دەکردو هیچی دیکە

ئەویش اوە بو سرانی ارتش کە نزیکانی دربار بونو یا آشکراتر بلیین دلالیکی بی‌نرخی خویری رضا شا بون ارتش ایرانیان کردبوە حربەییکی دیکتاتوری بۆ تامینی آرزو ایدالی شومی رضا شا لە داخلەی ایراندا وە کردبویانە گوپالیک بو پاراستنی مقامی سلطنت لە پەلاماری روشنفکرانو آزادیخوازانی ایران.

شروشوری عشایرو دانیشتوانی ایران دەگەل ارتشی رضا شا هەمو بو دفاع لەو جنایاتو خراپکاریانە بوو کە بەدەستی دەستەودایرەی ئەو دیکتاتورە لە ناو میللتی ایراندا دەکراو میللت وەتنگ دەهاتو ناچار دەبون لە تاوانا مل لە ملی ارتش نین. سەرانی ارتشی رضاشا کە ایستاش لە حالی حاضردا زمامی اموری نظامی ایرانیان بەدەستەوەیە عینی رویە پیروی دەکەن همیشە لە ریگای نامشروعەوە مدالو درجە وەردەگرن.

کاتیک برایانی ایرانی چە فارسو چە کورد چە آذربایجانیان قتل‌وعام دەکرد لە لایەن دارودەستەی رضاشاوە سوپاسیانیان دەکرا وە بە پاسی ئەو کوشتوکوشتارە تاجو ئەستیرەیان دەدرایە کەچی نە سوادیان هەبوو نە لیاقت بو نمونە ئەوا ناوی چندنفر لەو افسرە بیسوادو نا لایقو کونە پرستانەی کە لە دەورەی رضاشاو لەم دەورەشدا دەست بکارن دەبەین احمد قصاب. یزدان‌پنا. شابختی. هوشمند افشاری شوفر. ضرابی. ارفع. رزم‌آرا....

رضا شای خائنو دکتاتور بە کومەگی ئەو عناصرە خائنانەی کە هیندکیانمان نیو بردن زمامی امور ایرانی بە تەواوی لەدەست گرتو اشخاصی مخالفی خوی یانی حقیقتگو. لایق. شرافتمند آزادیخوای وەکو داور. سردار اسعدی بختیاری. دکتر ارانی «آزادیخوای مشهور»و عشقی شاعر میللی بە هر طرز بایە لە ناو دەبردن هەر وەکو چند پیاوە ناودارو شریفانە کە انتقادیان لە رژیمی دیکتاتوریو بزوتنەوی ارتش دەکرد بە هوی آمپولی سمی پزشک احمدی لە زینداندا وە گوللەی جنایتکارانی ارتش لە میدانی اعدامدا شهید دەکران.

ارتشی ایستای ایران کە ارتشی شاهنشاهی ناودەبری پاشماوەی رژیمی کونەرستیو دیکتاتوری داش رضایە کە سرپرستی محمد رضای معلوم‌الحال ادارە دەکری.

ارتشی ایستای ایران جگە لەوەی کە بە قازانجی استعمارو اربابانی دولار بە فرمانی شای هەرزەو هیئتی حاکمەی مرتجعو افسرانی خائن «بە استثنای افسرانی تازە پیگەیشتو تحصیل کردو روشنفکر» دەبزونەوەو لەژیر سرپرستی مستشارانی امریکائیدا بەنوکی نیزە سەری میللتی ایران بو آمانجی استعماری انگلو امریک دادەنەوینی. هەر ئەو شاو هیئتی حاکمەو سرانی ارتشی خائنن کە استقلالی سیاسیو اجتماعیو اقتصادیو شئوناتی میللی میللیتی ایرانیان لە پیناوی مصالحی استعمار ناوەو هەر بەهوی ئەوانەوەیە کە محصولاتو قوتی لایموتی میللتی روتو رەجالی ایران رەوانەی انگلستانو امریکا دەکریو بمصرفی

دانیشتوانی والستریتو کوشک نشینانی قراخ چومی تایمز دەکا.

نهضتی میللی کوردستانو آذربایجان کە لە نتیجەی فجایعی رضاشاو هیئتی حاکمە دەسپیکراو میللتی کوردو آذربایجانی بە یارمەتی یەکتر تشکیلی حکومتی تەواو میللیانداو لە لایەن حکومتی مرکزیو رئیسی دەولتی وەختەوە «قوام السلطنە» برسمی ناسراو لە کنفرانسی تەوریزدا کە بەهۆی نوینەری اختیارداری حکومەتی مرکزی دەگەل نوینەری کوردستانو آذربایجان بەستراو مطابقی قانونی اساسی ایران حقوقی میللیو مشروعی ئەو دو میللتە تاریخیە ناسراو تصویبو تائید کرا شاهدیکی بارزە بو ادعای ایمە. بەلام چونکە تشکیلی ئەو دوو حکومەتە میللیە ببوە چقلی چاوی دەولە استعماریەکانی انگلو امریکو مصالحی شومی وان پاش دەکەوت دەلالەکانی خویان لە ایراندا یانی شاو قوام السلطنەو سرانی ارتشیان هانداوە بەهوی دولار دەگیانی ایمەیان بەردان بەکریگیراوەکانی نیوبراویش بی ئەوی پیمانی فیمابین بهیننە بەرچاو بۆ طماعی خویان دەستوریاندا بە ارتش کە بە کوژاندنەوەی نهضتی دیموکراسی ئەو دو میللتە بە اسلحەی امریکا مسلح بنو پەلاماری ئەو دو وولاتە بدەن ۲۱ آذری ۱۳۲۵ ارتشی جنایتکاری شاهنشاهی پەلاماری کوردستانو آذربایجانیداو صحنی ئەو دو وولاتەی شتلی خویناو کرد بەخوینی رەنگینی ئەو دو میللتە تاریخیانە رەنگاندیانو چاکریتی خویان لە بارەگای استعمارو خیانتی خویان بە میللتی ایران اثبات کرد.

هیزی هاشمی خائن لە آذربایجانو هی همایونی لە کوردستان وحشیانە دەستیان بە کوشتو کوشتار هەلاوەسین کرد لە آذربایجاندا هزاران لاوی آزادیخوای آذربایجانیو ارمنیو آسوریان کوشتو لە کوردستان «پیشەوای کبیر مرحومی قاضی محمد»و چند نفر پیاوانی گەورەو آزادیخوای وەکو صدری قاضی، سیفی قاضی. مازوچی. ناظمی. نەغەدەیی. روشنفکر، لە مهاباد علی خانی شیرزاد لە بوکان- احمد خانی فاروقی. حمە خانی فاروقی. حمدبگی فیض‌اللەبگی. علی بگ. آغا صدیق. علی خانی فاتحی. شیخ امین کسنزان. احمد خانی شجیعی. علی آغای جوانمردی. رسول آغای جوانمردی. حسن خانی کانی‌نیاز لە سقز فدای چەند دولاریک کران کە شاو هیئتی حاکمەو سەرانی ارتش لە امریکاو انگلیس وەریان گوتبوو «۲۵» نفر افسرانی جوانو رشیدی آذربایجانی لە مهاباد هر بەو حسابە تیرەباران کران.

ئەو فجایعەی کە ارتشی شاهنشاهی لە ریگای دولاردا مرتکبی بو لەبیر هیچ آزادیخوازیکی شرافتمند ایرانی کوردو آذربایجانی یا فارس ناچیتەوەو تاریخی پرافتخاری ئەو دو میللتە قارەمانەش ناوی ئەو شهیدانە لە هەوەلین لاپەری خویناوی خویدا بە خطیکی

درشت ثبت دەکاو نیوی شاو هیئتی حاکمەی بەکریگیراوو جنایتکارانی ارتش کە بو چند دولاریک هەمو شتیکی ایرانو میللتی ایرانیان خستە ژیر پی هەمیشە بە لعنتو تنفرەوە یاد داکا تا روژی حساب.

میللتی آزادیخوای کورد هەمو ناریکیو کردەوەییکی خراپی دەولتی ایران لە شای دیکتاتور کە عنوانی «فرماندهی کلی نیروی» هەیە وە لە سەرانی ارتش دەزانی چونکو ارتشو فەرماندەی کلی قوا مداخلەی نامشروع لە تەواوی اموری وزارتخانانو اداراتی کشوەریدا دەکەن بەبی چاوەدیری قانون وە هەمو ایشو کاریک لەژیر نظامیدایە وەبی تفاوت وەک رژیمی فاشیستی ژاپونی میکادو لەگەل میللتی ایران رەفتار دەکەن دیارە میللتیش لەگەل ئەم رژیمی فاشیستیە بەتەواوی هیزی خوی مبارزە دەکا آخرین آثاری پیسیان لەسەر صفحەی ایران پاک دەکاتەوە.

**تیمور**

## ای برایانی آزادیخوا

ای جوانان روشنفکران آزاد مەردان ئەم مجلە هی ایوەیەو بو ایوەیە. جا لە بلاوکردنەوەی دریغ مەکەنو بیگەیەنن بە برایانی هاوفکرو خویندەواری خوتان چە کورد چە آذربایجانی چە فارسو بو برایانی نەخویندەواریشی بخوینەوەو حالیان بکەن چونکو بلاو بونەوەی ئەو مجلەیە بلاو افکاری اینگویە. وە لە ناردنی اخبارو نظریاتی خوتاندا مەوەستن.

هیوادارین بەم زوانە بە یاریدەدانی برایانی هاوفکرو مرام بتوانین ئەم مجلەیە جوانتر چاپو تهیە بکەین.

دەنگ و باس

لە مهاباد شیروخورشید لە طرف تیپەوە داگیر کراوە اشخاصی وابستە بە تیپ نەبی کەس قەبول ناکا شعبەییک بو اهالی کراوەتەوە ئەویش تەنیا بو چاونوساندنە. لە سرتاسەری کوردستان لە دیهات دکتورو دەرمان وجودی نیە لە بوکان. سقز. بانە، سردشت. شنو. نغدە. وضعی معارفو روناکی نظافتی شار گەلی خراپە. لە جیاتی هەمو اصلاحاتی تەشقەلەو پول ساندنی ماموران لە گوریدایە.

**)(نرخی مجلە لە هەمو جیگاییک بۆ هەمو کەس دانەی تەنیا قەنیکە)(**

دوای چاپ کردنی گۆڤاری ریگا لە کۆتایی مانگی خەزەلوەری ١٣٢٧-١٩٤٨دا، کە لەسەرەوە وەک خۆی نووسراوەتەوە، بە یارمەتی «هەمزە عەبدوولڵا» سکرتێری ئەوکاتی پارتی گەڕامەوە بۆ مەهاباد. لە گەڕانەوەمدا محەمەد مەحموود کە ئەویش ئەندامی پارتیو وەک بزانم ماموستای قوتابخانەیەکی سلێمانی بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا سەرمام نەبێ

پاڵتۆیەکی دامیٖ و هەمزە عەبدوڵاً-ش دەمانچەیەکی بچووکی شەش تیری دامیٖ و لەگەڵ «قادر تەگەرانی»و «حەمە پۆلیس»یان خستم، کە بگەڕێنمەوە ناوچەی موکریان. ئەو دوو کەسە، کوتاڵ، چا، عەتر، پەڕە سیغار، سابوون و شتی‌تری لەم بابەتانەیان بە قاچاخ دەبردە ناوچەی بۆکان. ئێمە بە «ئالان»و لای «بانە»دا هاتینە «گردی گلان». لە گردی گلان چوومە لای «سەید کامیل»و میوانی ئەو بووم. سەید کامیل (یادی بەخێر بیٖ) شاعیرێکی بەهەست و دڵسۆزی کورد بوو. بە ڕادەی توانای لە خزمەت نەتەوەکەیدا بوو، و بە هەموو توانایشەوە یارمەتی ئێمەی دەدا. بەداخەوە بیستم لەو دوو سیٖ ساڵەی دواییدا کۆچی دوایی کردوە.

لە گردی گلان، لەگەڵ سەید کامیل دوام و داوام لێکرد ئەو بەستە گۆڤارو بانگەوازە لە لای خۆی ڕاگریٖ، تا من لە مەهابادەوە کاکە «مینە»ی، خزمەتکاری ماڵمان بنێرم و ئەوان بێنێتەوە بۆ مەهاباد. لەگەڵ سەید کامیل گۆڤاروبانگەوازەکانمان لە کادێندا خستە نێو کورتانی گوێدرێژێک. دەمانچەو پاڵتۆکەم، لە لای «عەلی قاراواچکۆلە» دانا. عەلی لە سۆڤیەت لەگەڵ ئێمە بوو. بە «قادر تەگەرانی»شم گوت کاتی گەڕانەوە لە ناوچەی بۆکان، دەمانچەو پاڵتۆکە بەرێتەوە بۆ هەمزە عەبدوڵاو محەمەد مەحموود، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کە عەلی پاڵتۆیەکەی دابۆوە و حاشای لە دەمانچەکە کردبوو.

سەر لە بەیانی ڕۆژێک لە گردی گلانەوە وەڕیٖ کەوتم و ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە «کانی پیرێژنیٖ» لە پشت «داشامەجید». کانی پیرێژنیٖ، کانی ناوێکی بە ناوبانگە، شاعیران گەلێکیان شێعرو پەخشان پێهەڵگوتووەو «جەعفەری شێخ‌السلامی» لە شینی هێمن‌دا یادی کردوە. کانی پیرێژنیٖ لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد لە پشت چیای داشامەجید هەڵکەوتوو. لە ڕۆخی کانی‌یەکە دانیشتم و چرو چاوم شوشت و خەوم لێکەوت و بە زەحتی سەرمای ئێوارە وەخەبەر هاتم.

شەو بە «کانی مام‌قەمبەران»دا کە سەیرانگایەکی کۆنی مەهاباد بوو، و لە نزیکی «ئەسحابەی سپی» لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد هەڵکەوتووە، چوومەوە مەهاباد و خۆم گەیاندە ماڵی دۆستێکم بە ناوی «سەدیقی سیاسەری». ناوبراو بەگەرمی پێشوازی لێکردم. دەنگ و باسی مەهابادم لێپرسی و لەمەڕ خۆشم پرسیارم لێکرد. گوتی باشترە ئەمشەو بنووین و بەیانی دەچمە ماڵتان و وەزعی تۆیان لیٖ دەپرسم. سەدیق (یادی بەخێر بیٖ) کوردێکی سالم، زۆر ئازاو نەترس و مێهرەبان بوو. لە دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان‌دا هاوسەنگەرم بوو. بەداخی گرانەوە لە ساڵی ١٩٩٣ی‌زایینی کۆچی دوایی کرد.

بەیانی بۆم دەرکەوت جیا لە جارێک کە مەئمورێکی سەربازگیری چووەو لەمنی پرسیوە،

هیچ شتێکی‌تر ڕووی نەداوە. دوای خواردنی فراوێن چوومەوە ماڵی خۆمان‌و بەر لەوەی بنێرم گۆڤارو بانگەوازەکان بێننەوە، چووم دەورێکی شار گەڕام‌و پاشان چوومە دووکانی بابم. لەوێ دانیشتبووم کە «برایمی ئاژان» (بلە ڕەش) بە هەڵکەوت بەوێدا هات. ئەو پاسەبانی بەشی پاراستنی شارەوانی مەهاباد بوو. کە چاوی بەمن کەوت، گوتی:

- «یاڵلاّ قوربان دیار نەبووی؟»

- دیارم، هەمیشە لێرەم.

- «وەڵلاهی ڕەنگ‌و ڕووت زۆر تاوە سووت بووە. لە سەفەر بووی؟»

- نا، بەلاّم جارجارە دەچم بۆ ئەو چیایانەی دەورو بەر. گوتنەکانی برایمی ئاژان هێندێکیان وەشک خستم‌و لە دڵی خۆمدا گوتم نەکا شتێک لەگۆڕێدا بێ، بەلاّم بەو حاڵەش کاکە مینەم وەشوێن گۆڤارو بانگەوازەکان خست. ئەو دوو ڕۆژی پێچوو،و ئەوانی هێناوە. سەید کامیل گۆڤارو بانگەوازەکانی کە لە نێو کورتانی گوێدرێژ دابوون بە هێندێک کەڵو پەلەوە بۆ ناربوومەوە.

جیا لە محەممەدی شاپەسەند کە دوای چوونمان بۆ لای شێخ لەتیف، ئامادە نەبوو لەگەڵ من بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و چوو لە بەغدا ژنی هێناو لەوێ نیشتەجێ بوو،و دەستی لە سیاسەت هەڵگرت، وەزعی ئێمە بەمجۆرە بوو:

١- کاتی چاپ کردنی ڕێگا، چونکە ئامادە نەبووین بلاّوکراوەکەی شێخ لەتیف چاپ بکەین، زەبیحی ناکۆکی لەگەڵ پەیدا کردین و ئیتر ئامادە نەبوو یارمەتیمان پێ بکات.

٢- هەروەکو گوتم شاپەسەندیش نەگەڕاوە و چوو لە بەغدا نیشتەجێ بوو.

٣- ماموستا قزلجی و سەمەدی ڕایانگەیاند کە یارمەتیمان پێدەکەن، بەلاّم ئەوانیش هیچ چەشنە پێوەندێکیان پێوە نەگرتین‌و تەنانەت نەمانزانی چاپخانەکەش چی بەسەر هات‌و ئێمە شوێنمان نەگرتەوە. ئەوە بوو کە ئەو سێ کەسەکەی‌ترمان کۆ بووینەوەو بڕیارماندا لەگەڵ چەند برادەرێکی کۆنە سیاسی‌ترمان قسە بکەین و بۆ بلاّو کردنەوەی گۆڤار و بانگەوازەکان یارمەتی‌یان لێوەرگرین. پاشان لەسەر ئەوە ساخ بووینەوە کە ئەوەڵ گۆڤارەکان دەست بە دەست بلاّو بکەینەوە، ئینجا سەرلەبەیانەیەکی زوو بەر لەوەی خەڵک بچن بۆ نوێژ، بانگەوازەکان لە مزگەوتەکان، شەقامەکان، مەیدانی ئارد و مەیدانی مەنگوڕان بلاّو کەینەوە و بەشێکیش لەنێو ماڵان هاوێین‌و بە ڕادەی تواناش ژمارەیەک بۆ مەلای گوندەکان بنێرین. سەرئەنجام بۆمان دەرکەوت، گۆڤارو بانگەوازەکان بە دەست ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکانی مەنگوڕان، شاروێران، محاڵ و دەورو بەری نەغەدە گەیشتبوون.

ئەو کارەی ئێمە حکومەتی وشیار کردەوە. یەک لەو کەسانەی یارمەتیمان لێوەرگرت

«سەدیقی خاتەمی» بوو. ناوبراویش چەند گۆڤارێکی دابوو بە «عەزیزی یوسفی» بڵاویان کاتەوە، ئەو گۆڤارەکانی بڵاو کردبۆوەو دانەیەکیشی دابوو بە دۆستێکی خۆی بەناوی «برایمی بابانزادە». برایم گۆڤاری ڕێگا دەباتەوە ماڵی خۆیان، بەڵام لەوێ سەرگورد «فروتەن» سەرۆکی ستادی تیپی مەهاباد کە ئیجارە نشینی ماڵیان بوو، بەهۆی بابی برایمەوە چاوی بە گۆڤارەکە دەکەوێ‌و مەسەلەکە بە بەشی پاراستنی تیپ ڕادەگەیەنێ.

برایمیان لەسەر ئە گوڤارە گرت. ئەو گوتبووی گۆڤارەکەیان لە ماڵی عەزیزی یوسفی هاویشتووە و ناوبراو داویەتی بزانێ چیەو هیچی‌تری لێ نازانێ. برایم بە هۆی تەمەنی کەم‌و منداڵ بوونی ئازاد کرا، بەڵام عەزیزیان گرت‌و بردیان بۆ سەربازخانەو زیندانیان کرد. عەزیزیش وەک «برایم» گوتبووی گۆڤارەکەیان لە ماڵێ هاویشتووەو چونکە سەری لێ دەرنەکردوە ئەوی داوە بە برایم. پۆلیس پاش پشکنینی ماڵی عەزیز نامەیەکی سیاسی «قادر»یان دیتەوە، کە ناوبراو لە سەردەشتەوە بۆ عەزیزی برای ناردبوو. ئەو نامەیە بۆ عەزیز بوو بە بەڵگەو «قادر»یشیان گرت.

## ڕەشبگیری خەڵک و زیندان و سەربازیم

حکومەت لە پێوەندی دەگەڵ بڵاو کردنەوەی ئەم گۆڤارو بانگەوازەدا هیچ بەڵگەیەکی وەدەست نەکەوت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زەختێکی زۆری بۆ خەڵک هێناو بۆ چاوترساندنی جەماوەرو ڕاو ڕووت کردنیان نزیک بە ۳۰۰ کەسی لە ناوچەکانی میاندووئاو، بۆکان، مەهاباد و دەورو بەری ڕەشبگیر کرد. ئەو کات شکەنجە بەشێوەی ئەمڕۆ نەبوو، تەنیا بە شەپ و زللان لە خەڵکیان دەدا، کە ئەویش نەیدەتوانی خەڵک بترسێنێ. منیش بە بێ هیچ بەڵگەیەک گیرام. کەسانێکیان گرتبوو کە قەت سیاسەتیان نەکردبوو. لە نێو گیراوەکاندا، من، سەدیقی خاتەمی‌و عەزیزی یوسفی سیاسی بووین. ئەو دوو کەسە لە ڕاستیدا هیچکامیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخستنی ئێمە نەبوون، بەڵام ئەوان ئینسانی سیاسی‌و خاوەن ڕابردوی سیاسی بوون‌و تازە لە ئێمە نزیک ببوونەوەو گۆڤاری ڕێگاو بانگەوازیان بۆ بڵاو کردبووینەوە..

ئێمەیان بەپەلە تەسلیمی دادگا کرد، بەڵام بەرلەوەی ئێمە بە دادگا بناسێنن، ژمارەیەکی کەم مابووینەوەو ئەوانی‌تریان بەوەرگرتنی بەرتیل ئازاد کردبوو،و مەئمورەکانی «روکنی۲»ی تیپی مەهاباد پارەیەکی باشیان لە خەڵک هەستاند. ئەوانەی تاوانبار کران

بریتی بوون له:

١- کاک مستەفای سوڵتانیان، کە پەروەندەی کۆنی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستانی هەبوو، بەڵام وەبەر بەخشینی گشتی ئازەربایجان‌و کوردستان کەوتبوو. سەرلەنوێ پەروەندەی کاک مستەفایان لێکردە بەڵگە ولە دادگای یەکەمدا، سێ ساڵیان زیندانی بۆ بڕیوە. لە دادگای دووەمدا کە سەرهەنگ «ئەمیر دیوانی» سەرۆکی بوو،و لە ورمێ‌وە هاتبووە مەهاباد، سێ ساڵەکەیان چەسپاندەوە. مستەفا دژی دەنگی دادگا هەستا‌و گوتی:

- من نازانم بۆچی‌و لەسەر چی گیراوم. هیچم نەکردوە، دەمەوێ ئێوە بەمن بڵێن بۆچی سێ ساڵم زیندانی دەکەن؟

دادو هاواری مستەفا هۆڵی دادگای داگرت‌و سەرۆکی دادگای تووڕە کرد. سەرۆکی دادگاش بەبێ ئەوەی رای قازی‌یەکانی‌تر لەبەرچاو بگرێ، بە نووسەری (کاتب) دادگای گوت:

- «خەتێک بەسەر سێ ساڵەکەیدا بکێشەو دوو ساڵی بۆ بنووسە.»

رووداوی گیرانی کاک مستەفای سوڵتانیان زۆر سەیر بوو. ناوبراو لە شەقامێکی مەهاباد پیاسە دەکات‌و تووشی سەید پیرە دەبێ‌و لێیدەپرسێ‌و دەڵێ:

- لە کوێ بووی؟

- «لە حەمام بووم.»

- بەو تەمەنەت بۆچی بەبێ پاڵتۆ دەگەڕێی؟ سەرمات دەبێ. ئینجا پاڵتۆیەکەی خۆی دەداتێ‌و دەڵێ کە چوویەوە بە منداڵەکانتدا بۆم بنێرەوە. ئەوە لە حاڵێکدابووە کە پۆلیس بەشوێن سەید پیرەوە بووە بیگرێ. پۆلیسەکە خەڵکی شار دەبێ‌و شەرم دەکا بۆخۆی سەید پیرە بگرێ‌و دەبینێ پاسەوانێکی عەجەم بە شەقامدا دێ‌و دەڵێ واباشە بەو بڵێم سەید پیرە بگرێ. دەچێتە لای پاسەوانە عەجەمەکەو دەڵێ:

- من رووم نیە «سەید پیرە» بگرم و تۆ بچوو بیگرە. پاسەوانە عەجەمەکە لێی‌دەپرسێ:

- «سەید پیرە کامەیە؟» پاسەوانە کوردەکە بەبێ ئەوەی ئاگادار بێ سەید پیرە پاڵتۆکەی داوە بە مستەفای سوڵتانیان لە روی رەنگی پاڵتۆکەی دەڵێ:

- ئەو پاڵتۆ زەردەیە.

کابرای گۆڕین دەکەوێتە شوێن سوڵتانیان‌و دەیگرێ‌و دەڵێ لە ئیدارەی پۆلیس تۆیان دەوێ. ناوبراو بەو گوتنە مستەفای سوڵتانیان وەپێش خۆی دەداو دەیباتە شارەوانی‌و بەناوی سەید پیرە تەحویلی دەدا. کاک مستەفا دەڵێ:

- من سەید پیرە نیم، ناوم مستەفای سوڵتانیانە. لە پۆلیسەوە تەلیفون بۆ رووکنی۲ی تیپی مەهاباد دەکەن‌و دەڵێن سەید پیرە رای کردووەو لەجێی ئەو مستەفای سوڵتانیانیان هێناوە، کە ناوی لە لیستەی تاوانبارەکاندا نیە. رووکنی۲ لە وڵامدا دەڵێ ئەویش هەر کۆنە دێموکراتە، رایگرن‌و بەشوێن سەید پیرەشدا بچن، کە سەرئەنجام سەید پیرەش دەگرن‌و کاک مستەفای بێ‌تاوان لەخۆوە دوو ساڵ گیرا.

۲- جەعفەری کەریمی، کە پەروەندەی کۆنی سەردەمی کۆماری دێموکراتی هەبوو، لە دادگای یەکەمدا سێ ساڵیان زیندانی بۆ بڕیوەو لە دادگای دووهەم بۆیان کرد بە دوو ساڵ. ئەویش بۆ ئەوە بوو کە داوای بەرتیلێکی زۆریان لێکردبوو، بەڵام چونکە جەعفەر ئاغا ئەوەندەی نەبوو بیدا، دووساڵیان زیندانی کرد.

۳- عەزیزی یۆسفی بە چوار ساڵ مەحکوم کرا.

٤- سەدیقی خاتەمی بە چوار ساڵ مەحکوم کرا. هۆی مەحکوم بوونی سەدیق ئەوە بوو: روکنی۲ گۆڤارێکی «نیشتمانی» سەردەمی بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە ماڵی «چووکەڵی شافعی» دۆزیبۆوە، کە لە «رەحمانی عەلیاڵی» وەرگرتبوو. حکومەت فشاری بۆ چوکەڵ دەهێنا کە بزانێ کێ ئەو گۆڤارەی داوەتێ. چووکەڵ بۆ ئەوەی رەحمان لە داوی پۆلیس نەکەوێ، داوای لە سەدیق کرد گۆڤارەکە بەئەستۆ گرێ. ئەویش قەبووڵی کردو بۆیان کرد بە بەڵگە.

٥- حەسەنی مفتی بە شەش ساڵ مەحکوم کرا. ناوبراو هیچ پێوەندی‌یەکی بە ئێمەو بە هیچ خەتێکی سیاسی‌یەوە نەبوو. کتێبێکی لە پاریسەوە بۆ هاتبوو بە ناوی «کوردو حەق» کە بە زمانی فەڕانسە نووسرا بوو. کوردستان ئەو کاتیش وەک ئێستا لە ژێر زەختی سانسۆر دابوو. مەئمورەکانی حکومەتی لە پۆستخانە پاکەتی کتێبەکەیان کردبۆوە و پاش خوێندنەوەی چەسپیان کردبۆوە و بۆ حەسەنیان ناردبوو. لە رەشبگیرەکەدا ماڵی حەسەن گەڕابوون‌و کتێبی «کوردو حەق»یان دۆزیبۆوەو حەسەنیان گرتبوو،و بە تاوانی خوێندنەوەی کتێبی «کوردو حەق» شەش ساڵیان پێدا. ناوبراو چوار ساڵی کێشاو پاشان دوو ساڵەکەی‌تریان پێ بەخشی‌و لە زیندان هاتەدەرو وەشوێن کاری سیاسی نەکەوت.

٦- سەید پیرە (سەید خدری سەید نیزامی) کە رەئیسی شارەوانی کۆماری کوردستان بوو، بۆ «بەندەر عەباس» تەبعید کرا. حکومەت بۆ خۆی سەید پیرەی نەبرد بۆ ئەو شارە، بەڵکو پێیانڕاگەیاند کە بۆ خۆی بچێ بۆ شوێنی دیاریکراو، بەڵام سەید پیرە لە چوون خۆی پاراست‌و بۆ ماوەیەک لە ناوچەی مەنگوڕان خۆی حەشارداو لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی دوکتور «مصدیق»دا گەڕایەوە بۆ مەهاباد.

٧- سەید محەمەدی ئیسحاقی برای عەبدوڵلاّ کە ئەفسەری کۆماری دیموکرات بوو، بۆ «بەندەر عەباس» تەبعید کرا. سەید محەمەدیش لە چوون بۆ بەندەرعەباس خۆی پاراستو رەگەڵ سەید پیرە کەوت.

٨- عەبدوڵلای نەهری، بەتاوانی بەشداریکردن لە شانۆی دایکی نیشتمان بۆ «خورڕەم ئاوا» تەبعید کرا. ئەو چونکە موچەخۆری حکومەت بوو،و لە ئیدارەی دارایی کاری دەکرد بۆ ئەوەی کارەکەی لەدەست نەدا، بۆ خۆی چوو بۆ شوێنی دیاریکراو.

٩- من لە دادگای ئەوەڵدا بە سێ ساڵ مەحکوم کرام، بەڵام لە دادگای دووهەم ئازاد کرام.

ئێمە لە زیندان بووین کەسێک بە ناوی «ناسری فەخرئارایی» لە ساڵی ١٣٢٧ی‌هەدا تەقەی لە «شا» کرد. حکومەت بە دوای ئەو تەقە کردنەی ناسری فەخرئارایی‌دا، ڕێبەرانی حیزبی تودەی زیندانی کردو نەیهێشت حیزبی تودە بە ئاشکرا خەباتی بکا، بەڵام ڕێبەرانی حیزبی تودە توانیان بە هاریکاری ڕێکخراوی نهێنی خۆیان لەنێو پۆلیسی ئێراندا لە زیندان رابکەنو خۆیان گەیاندە دەرەوە.

هاوکات بوونی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی ئێمە لەگەڵ ئەو رووداوە لە لایەن دادگای شاری ورمێیەوە، کە ئەندامەکانی بۆ دادگایی کردنی ئێمە بەکۆمەڵ هاتبوون بۆ مەهاباد قورسایی خستە سەر پەروەندەکانمان، بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لە من نەبوو، توانیم بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی کاک «رەحمەتی شافعی» کە ئاشنای «سەرهەنگ ئەمیردیوانی» رەئیسی دادگا بوو، دوای شەش مانگ خۆ لە زیندان دەرباز بکەم. من قەت ئەو چاکەیەی کاک رەحمەتی شافعی لەبیر ناکەم. ناوبراو خزمی ئێمەو دۆستی نزیکی بابم بوو.

دادگا منی لە زیندان ئازاد کرد، بەڵام چونکە مەشموول بووم، یەکڕاست تەسلیمی سەربازخانەی کردم. ماوەیەک لە سەربازخانەی مەهاباد بوومو پاشان نەقلی سەربازخانەی سەردەشت کرام. لەوێ، سەروان «رەنجبەری» رەئیسی دیژبانی سەربازخانەی سەردەشت بەپێی راپۆرتی ئیدارەی «مەرزبانی»، کە چاوەدێری سنووری دەسکردی بەملەوە بوو، بە تاوانی پێوەندی لەگەڵ عەشایری ناوچە گرتمیو ناردیانم بۆ زیندانی سەربازخانەی مەهاباد. لە زیندانی سەربازخانەی مەهابادەوە رەوانەی زیندانی سەربازخانەی تەورێز کرامو سەرئەنجام لە زیندانی سەربازخانەی ورمێ خۆم گرتەوە. نزیک بە ساڵێک لە زیندانی سەربازخانەی ورمێ بوومو هەر لەوێش بەرگەی تەواو کردنی سەربازیم وەرگرت.

هەموو دەزانین ژیانی مرۆڤ پڕە لە رووداوی سەیرو سەرنج ڕاکێش. لێرە، من ناچارم ئاماژە بە چۆنیەتی سازکردنی پەروەندەیەک بکەم کە کاربەدەستانی رژیمی شایەتی بۆ منیان

سازکرد:

کاتێک لە ساڵی ١٣٢٨-١٩٤٩دا، منیان لە زیندانی «تەوریز»ەوە برد بۆ ورمێ، لەوێ رایان نەگرتم و دوو سەربازو گروبانێکیان رەگەڵ خستمو ناردیانم بۆ «مەوانە» کە گوندی رەشید بەگی هەرکی بوو لە نزیک سنووری دەسکردی تورکیە. گورهانێکی پیادە لەو جێیە جێگیر کرابوو، فەرماندەی ئەو گورهانە سەروانێک بوو، بە ناوی «وەکیلی». سەروان وەکیلی بە گورهانەکەی سەربازخانەیەکی بچووکی دروست کردبوو،و چاوەدێری لە سنوور دەکرد. ناوبراو خەڵکی ورمێ بوو، بەڵام خێزانی لە بنەماڵەی «وەتەمیشی»یەکانی مەهاباد بوو.

کاتێک لەگەڵ ئەو دوو سەربازو گروبانە چووم بۆ «مەوانە»و سەروان وەکیلی نامەی نەقڵەکەمی خوێندەوە، چەند پرسیاری لێکردم. کە زانی خەڵکی مەهابادم بردمی بۆ ماڵی خۆیانو بە ژنەکەی گوت هاووڵاتێکت هاتووە. بۆ فراوێن میوانیان بوومو چونکە هاووڵاتی ژنی سەروان وەکیلی بووم، ئەو بە چاوی رێزەوە تەماشای دەکردمو بەبێ ئەوەی کە هیچ ئاگادارێکی لە رابردوی من هەبێ، لە دەفتەری سەربازخانەی دانامو کاری نووسەری پێسپاردم.

ماوەیەک پێچوو رۆژێک دیتم پاکەتێکی هێندێک قەبەمان بۆ هات، کە ووشەی نهێنی لەسەر نووسرابوو. نەمدەزانی کە نابی ئەمجۆرە نامانە بکەمەوەو دەبێ سەروان بۆ خۆی سەریان هەڵگرێ. سەروان وەکیلی کە هاتەوە و دیتی من ئەو کارەم کردوە، گوتی لەمەو پاش بۆ خۆی نامەکان دەکاتەوەو من نابی سەریان هەڵپچرم.

ئەو پاکەتە، پەروەندەی منی تێدابوو. بە نامەیەک ناردبوویان. سەرهەنگ «جاوید» رەئیسی روکنی٢ی لەشکری چواری ورمێ ژێر نامەکەی ئیمزا کردبوو. خوشکی سەرهەنگ جاوید ژنی سەیفی قازی بوو،و بۆ خۆیشی ئەندامی «سازمانی نیزامی حیزبی توده» بوو،و لە رێکخراوی نهێنی لقی سەربازی حیزبی تودەدا خەباتی دەکرد. من ئەو کات نەمدەزانی کە سەرهەنگ جاوید ئەندامی حیزبی تودەیە، بەڵام پاشان لە زیندان یەکترمان گرتەوە. ئەو ئینسانێکی زاناو شاعیرێکی بەهەست بوو. ناوبراو لەسەر کاغەزێکی ناسکی رەنگ نارنجی نووسیبووی «نهێنی راستەوخۆ». ئینجا نووسیبووی:

**«سەرباز غەنی بلوریان کە ناردراوە بۆ لای ئێوە، خاوەن رابردووی سیاسی‌یە و لە زانکۆی سەربازی روسیە خوێندوویەتی. لەبەر ئەوە پێویستە بە تەواوی لە ژێر چاوەدێریدا بێ. لە دەفتەرو شوێنی گرنگی سەربازی کار نەکاتو چەکی مەدەنێ»**. ئەو نامەیە سەرنجی منی راکێشا و لە خۆوە ژمارەو مێژووی نامەکەم لەسەر لاپەڕە کاغەزێک نووسی و

هەڵمگرت، کە پاشان زۆری یارمەتی پێگەیاندم.

سەروان بە خوێندەوەی نامەکە، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. چونکە بۆ خۆی ڕووی نەبوو چم پێ‌بڵێ، بە گروبانی بەرپرسی بێسیمی گوتبوو، بە من ڕابگەیەنێ تا دوا خەبەر هاتووچۆی دەفتەر نەکەم. ئەوە بوو من لەکن ئەو گروبانەی بێسیم دەمامەوە و نەدەچووم بۆ دەفتەرو سەربازخانە. سەروان وەکیلی بروسکەیەکی ناردبوو بۆ ڕوکنی۲ی لەشکری ورمێ و گوتبووی:

**ئێرە سنووری تورکیەو ناوچەیەکی گرنگی عەشایری کوردە. بەمەسڵەحەت نیە سەربازێکی ئاوا بەم ڕابردووە سیاسی‌یەوە لێرە بێ. من ناتوانم بەرپرسایەتی ئەو سەربازە بەئەستۆ بگرم، تکایە دەسبەجێ لێرەی نەقل بکەن.** گروبانی بەرپرسی بێسیم کە ئەو بروسکەی ناردبوو، مەسەلەکەی پێڕاگەیاندم.

بە دوای ناردنی ئەو بروسکەیەدا، دەسبەجێ منیان گەڕاندەوە بۆ ورمێ و نەقڵی گوردانی «فەننی» (خەدەمات) کرام، بەڵام پاش ئەوەی خۆم بە فەرماندەی گوردانی فەننی ناساند، یەکڕاست منیان برد بۆ زیندانی سەربازخانەی ورمێ و سەرلەنوێ زیندانیان کردمەوە. فەرماندەی گوردانی فەننی، سەرگورد «تەقی پوور» ئازەرییەکی ملهۆڕو زۆر نزم و بێ‌شەخسیەت و دژ بەکورد بوو.

بەبێ ئەوەی کارێکم کردبێ، لە ژوورێکی بەتەنیا (ئینفراد)ی کردبووم، بەڵام دەرگاکەی لەسەر گاڵە نەدابووم. نزیکەی ۲۰-۲۵ سەربازو گروبان بە تاوانی بێ دیسیپلینیو ڕاکردن لە سەربازی زیندانی بوون. کاتێک سەرگورد تەقی‌پوور نۆرە کێشکی سەربازخانەی وەبەر دەکەوت و دەبوو بە «ئەفسەری سەرکێشک»، دەهاتە زیندانو هەموو زیندانی‌یەکانی بە ریز ڕادەگرت و منیشیان دەهێنا بە تەنیا لە قەراخ زیندانیەکانیان ڕادەگرتم. ناوبراو، یەکە یەکە پرسیاری لە بەندییەکان دەکردو دەیگوت بۆچی زیندانی کراون. کاتێک دەگەیشتە من دەیگوت:

- «تاوانی تۆ چییە؟»
- نازانم.
- «جاسوسی؟»
- نەخێر من قەت جاسوسیم نەکردوە.
- «کومونیستی؟»
- نەخێر کومونیستیش نیم.
- «کوردی؟»

- بەڵێ کوردم.

کە دەمگوت کوردم بە شەق و مستان وەرمدەگەڕایەو هەموو دەم و لوتی بریندار دەکردم و سەرەڕای ئەوە گەلێکی جنێوی سووک پێدەدام و تەنانەت زیندانی‌یەکانیشی فێر دەکرد کە جنێوم پێبدەن و بێحورمەتیم پێبکەن و پاشان لە ژوری‌یان دەکردمەوە. ئەو کابرایە هەموو جارێ کە نۆرە کێشکی دەهات، ئەو پەندەی بەسەر دەهێنام. منیش چم لە دەست نەدەهات کە لە بەرامبەری‌دا بیکەم. هەرچەندە زۆر بایەخم بە لێدانەکەی نەدەدا، بەڵام جنێوەکانی زۆریان ئازار دەدام.

ئوستوارێک هەبوو بە ناوی «خامنەیی»، ئەویش هی گورهانی فەننی بوو. رۆژێک، ئەو هاتە لام و گوتی:

- «سەرگورد «تەقی‌پوور» ئەفسەرێکی بەرتیل خورە، بۆچی ۲۰۰-۳۰۰ تمەنی نادەیەی و خۆت لە شەڕی رزگار ناکەی؟»

- من سەربازم، لە کوێ پارە بێنم، بیدەم بە سەرگورد تەقی‌پوور؟

وام هەست کرد تەقی‌پوور بۆ خۆی ئوستوار خامنەیی فێر کردوە، بێتە لام و پێشنیاری دانی بەرتیلم پێ بکا. لەبەر ئەوە وەفکری تۆڵە هەستاندنەوە کەوتم.

سەربازێکی خەڵکی مەهاباد هەبوو، بە ناوی «سمایلی ساحیب» کە لە دەفتەری «فێرگەی گروبانی» کاری دەکرد. کاتێک خوێندکارەکانی فێرگەی گروبانی دەبوونە پاسدار و کێشکی سەربازخانەیان بەملەوە دەگرت، ئەو بە بیانوی یەکانەکەی دهات سەری دەدام. رۆژێک داوام لێکرد بچێتە لای دوستێکم بە ناوی «مستەفای موئمنی» کە کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگی ورمێ بوو، و پێی بڵێ ۱۰۰ تمەنم ئەسکیناسی وردی جۆراوجۆر بۆ بنێرێ. سمایل کە جاری دوایی یەکانەکەیان کێشک بوو، هاتە لام و ۱۰۰ تمەنەکەی دامێ.

بەگەیشتنی ئەو پارەیە، داوای دیتنی سەرگورد «تەقی‌پوور»م کرد، کە ئەو کات جێنشینی سەرۆکی ستادی هەنگی ورمێ بوو. هەر لەو کاتەشدا ژمارەی ئەسکیناسەکانم نووسی و ئەوانم لە پاکەتێک نا. تەقی پوور، داواکەی لێ قەبووڵ کردم و منیان بردە لای. ئیحترامی سەربازییم بۆ بەجێ هێنا و پاشان پاکەتەکەم لە پێش دەستی لەسەر مێزی کارەکەی دانا. هەرکە سەری پاکەتەکەی هەڵگرت و چاوی بە پارەکە کەوت، قامکی بە دووکمەی زەنگەوە نا و دەست‌بەجێ سەربازێک وەژوور کەوت و گوتی: «بەڵێ قوربان».

تەقی پوور رایگەیاند: ئەوە بگەڕێنەوە بۆ زیندان. منیان بردەوە بۆ زیندان.

ماوەیەک لە ژوورەکەمدا دەست بە ئەژنۆ دانیشتم و فکرم کردەوە. سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتم کە بە شێوەیەک تۆڵەی ئەو هەمووە لێدان و جنێودان و ئەشکەنجە روحی‌یە لەو

ناپیاوه بستێنمەوە. ئەوە بوو نامەیەکەم بۆ فەرماندەی ئەرتەشی ئێران و ستادی لەشکری چواری ورمێ نووسیو بە توندی رەخنەم لە ئاکارو کردەوەی سەرگورد تەقیپوور گرت و پەنجەم بۆ ئەو ژمارە جنایەتانە راکێشا کە لە ئەرتەشی ئێراندا روو دەدەن. پاشان نووسیم:

- ئێوە دەزانن کە من لە سۆڤیەت بووم، بەلاّم سەرگورد تەقیپوور ئێستا ئەوەی لە من کردۆتە بیانوو،و هەمیشە هەڕەشەم لێ دەکاتو دەڵێ ئەگەر بەرتیلی نەدەمێ، پەروەندەی جاسوسیم بۆ ساز دەکاتو بەئیعدام کردنم دەدا. تەنانەت بۆ ئەوەی من باوەڕی پێبکەم نامەیەکی رەنگ نارنجی ئیمزاکراوی سەرهەنگ جاوید سەرۆکی روکنی٢ی لەشکری پێشان داوم و داوای پارەی لێکردوم.

من ژمارە و مێژووی نامەکە و ژمارەی ئەو ئەسکیناسانەشم بۆ نووسین کە سەعاتێک پێش لە دەفتەری جێگری فەرماندەی هەنگ پێمدابوو. پاشان نامەکانم دا بە سمایلو داوام لێکرد دەست بەجێ ئەوەی کە بۆ فەرماندەی لەشکرم نووسیوە، بیگەیەنێتە دەستی ئەو سەربازەی کە لە پشت دەرگای فەرماندەی لەشکر رادەوەستێ، تا ئەو نامەکە راستەوخۆ بە فەرماندەی لەشکر بدات.

سەعات نزیکەی سێی پاش نیوەڕۆ بوو، کە سەرهەنگ «حەداد» فەرماندەی لەشکری ورمێو سەرهەنگ جاوید سەرۆکی روکنی٢ی لەشکری ورمێ هاتنە زیندان. سەرهەنگ حەداد بەمنی گوت:

- «تۆ تاوانت بۆ سەرگوردێکی ئەرتەش هەڵبەستووە، ئەگەر بێتوو نەتوانی ئەوانەی کە نووسیوتن، بیانسەلمێنی، سزا دەدرێی.»

- قوربان بچن تەماشای ئەو نامەیە بفەرموون کە پەنجەم بۆ راکێشاوە، بزانن داخوا ئەوانەی من بۆ ئێوەم نووسیوە درۆن؟ ئەگەر ژمارە و مێژوو،و رەنگی نامەکەو ئیمزاکەرەکەی بەمجۆرە نەبوو، کە ئاماژەم پێکردوە، ئێوە سزام بدەن، بەلاّم ئەگەر گوتنەکانم راست بوون و ژمارەی ئەو ئەسکیناسانەی کە ئەو لێی وەرگرتووم دروست بوون، بزانن کە سەرگورد تەقیپوور ئەفسەرێکی بەرتیل خۆرە و لێی داوم و پارەی لێ هەستاندوم. لەوانەیە ئێستاش ئەو ١٠٠ تمەنەی لابێ، کە ئەمڕۆ لە مقەڕی جێگری هەنگ لێی وەرگرتووم.

فەرماندەی لەشکر بە بیستنی ئەو قسانە سەرهەنگ جاویدی بەشوێن سەرگورد تەقیپووردا نارد. سەرهەنگ جاوید ئەوی هێنا بۆ مقەڕی ئەفسەری کێشکی سەربازخانەو منیشیان برد بۆ ئەو جێیە. فەرماندەی لەشکر ئینجا رووی لە سەرگورد تەقیپوور کردو گوتی:

- «ئەو سەربازە شکایەتی لە تۆ کردوەو دەڵێ تۆ بەرتیلت لێوەرگرتووە، و نامەی نهێنی رووکنی۲ی لەشکرت پێ نیشان داوەو پێت گوتووە ئەگەر پارەت نەداتێ، بە ئیعدام کردنی دەدەی.»

ئێستا قسەکانی فەرماندەی لەشکر تەواو نەببوو، کە ئەفسەرێک پەروەندەکەی منی هێنا و تەسلیمی فەرماندەی لەشکری کرد. سەرگورد تەقیپوور، کە بە تەواوی پەشۆکا بوو، چاوی لەسەر منو فەرماندەی لەشکر هەڵنەدەگرت. فەرماندەی لەشکر تەماشای پەروەندەکەمی کردو دیتی ئەوانەی من دەربارەی نامەی روکنی۲ی لەشکرم گوتووە، هەموو راستن. بە سەرگورد تەقیپووری گوت: «ئەو پارانەی کە پێتن دەریان هێنە.» کاتێک کیفەکەی لە باخەڵی دەرهێناو تەماشای ژمارەی ئەسکیناسەکانیان کرد، دەرکەوت کە پتر لە شێست تمەنی منی پێمابوو.

سەرهەنگ حەداد هەر لەوێ سورەت مەجلسێکی پێ نووسیو بە هەموویانی ئیمزا کرد. پاشان بە سەرگورد تەقیپووری گوت: «لە ژێر ئەو سورەت مەجلیسە بنووسە، کە ئەو پارانە لە لای تۆ بوون.» ئەویش نووسیو ئیمزای کرد. بەمجۆرە لە دەست سەرگورد تەقیپوور رزگارم بوو.

رۆژێک منیان لە زیندانەوە برد بۆ لای سەرهەنگ جاوید. کە چووم سەرهەنگ جاوید کتێبێکی زۆری سیاسی پیشان دام، کە لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەی هەڵچندرا بوون. ئەو کتێبانەیان، لە هاوڕێیەکی ئێمە بە ناوی وەستا «کاکڵ»ی پینەچی گرتبوو. ئەو دەیەویست ئەوان لە ورمێوە بێنێ بۆ مەهاباد، بەڵام لە نزیک گوندی «وسوو کەند»ی کەوتبۆە داوی ژاندارمانو گیرابوو،و سەرئەنجام بە دوای ٥-٦ مانگ زیندانی، سەرهەنگ جاوید ئازادی کردبوو. سەرهەنگ جاوید بو خۆی داستانی گیرانو ئازاد بوونی وەستا کاکڵی بۆ گێڕامەوە، بەڵام من گوتم وەستا کاکڵ ناناسمو ئاگاداری ئەو شتانەش نیم کە تۆ باسیان لێدەکەیو ئەوەندەشم خوێندەواری نیە کە بتوانم ئەو کتێبانە بخوێنمەوە.

پاشان، سەرهەنگ جاوید لە پەروەندەیەک دوا کە سەرگورد تەقیپوور بۆ منی ساز کردبوو. گشت سەربازەکانی یەکانی «فەننی» کاغەزێکیان ئیمزا کرد بوو، کە گۆیا من نەخشەی گرتنی سەربازخانەی ورمێ-م داڕشتووەو ئەوانم هانداوە بۆ ئەنجامی ئەو پلانە هاریکاریم بکەن. سەرهەنگ جاوید گوتی:

- «تۆ ویستووتە دەست بەسەر سەربازخانەی ورمێ دابگری.»

- ئەوە راست نیە، بفەرموون یەک لەو سەربازانە بێنن کە ژێر ئەو نامەیەی ئیمزا کردوە، تا من قسەی لەگەڵ بکەمو راستی مەسەلەکەتان بۆ روون بێتەوە.

- «زۆر باشە.»سەربازێکی ئاسۆری هەبوو بە ناوی «سەرگیس» کە بابی قەشەی ئاسۆرییەکانی ناوچەی ورمێ بوو. ناوبراو زۆر لەمن نزیک بوو،و ئەو ماوە کورتەی کە من لە گوردانی فەننی بووم، هاوخەرجم بوو. داوای هاتنی «سەرکیس»م کرد. ئەو هات و من گوتم:

- تۆ عیسایی و وەک ئەوانە نی. تۆ دین و ئیمانی خۆت خۆش دەوێ و بابت قەشەیە. وەرە سوێندت دەدەم بە دینی مەسیح، من قەت قسەی ئاوام لەگەڵ کردوی؟ ناوبراو بەو گوتنەی من وەگریان کەوت و بە سەرهەنگ جاویدی گوت:

- «سەرگوروبان ئەو نامەیەی پێ ئیمزا کردوم، ئەگینا من قەت قسەی ئاوام لەو سەربازە نەبیستووە.»

سەرهەنگ جاوید تەلیفونی کرد بۆ گوردانی فەننی و داوای سەرگروبانی کرد. ئەو هات و لە وڵامی سەرهەنگ جاویددا گوتی:

- «سەرگورد تەقیپوور دەستووری پێداوم و منیش بە سەربازەکانم ئیمزا کردووە.»

ئەوە بوو کە ئەو پەروەندەیەش کەوتە سەر پەروەندەی سەرگورد تەقیپوور و سەرئەنجام نەمزانی چ چارەنووسێکی تووش بوو، ئەوەندەم زانی ناردیان بۆ تاران.

چارەنووسی منیش پاش ئەو بەسەرهاتە وای بەسەر هات، کە لە ڕەوتی خەباتدا گیرام و دادگای نیزامی تاران بە ئیعدامی مەحکوم کردم، بەڵام ئیعدامیان نەکردم و زیندانی ئەبەدیان بۆ بڕیمەوەو سەرهەنگ جاوید-یش لەوێ بە زیندانی ئەبەد مەحکوم ببوو. ئەو کاتە بوو من زانیم سەرهەنگ جاوید ئەفسەری ڕێکخراوی نهێنی لقی سەربازی حیزبی تودە بووەو یارمەتی‌یەکانی بەمن لە چوارچێوەی دید و بۆچوونی سیاسی و فکری دابووە.

## گەڕانەوەم بۆ نێو ڕیزی خەبات

بەر لە ئازاد بوونم لە زیندان و تەواو بوونی سەربازیم، قادری محمودزادە و عەزیزی فەرهادی بڕیاریاندابوو بچن بۆ سۆڤیەت. ئەوان، لە بانەمەڕی ١٣٢٩- ١٩٥٠دا هاتنە لام و پرسیان پێکردم، بەڵام من لە وڵامی ئەواندا گوتم، ئێرە جێی خەباتی ئێمەیە. ئێمە لە سۆڤیەت گەڕاوینەتەوە و دەبێ بزانین بۆچی هاتوینەوە و ئەگەر بمانەوێ بچینەوە بۆ سۆڤیەت دەبێ مەبەستەکەمان روون بێ. من سەرئەنجام هاودەنگیم لەگەڵ نەکردن، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان بردەسەرو گەڕانەوە بۆ سۆڤیەت. قادر خوێندی و بوو بە دوکتور. ماوەیەک

له هەولێر کاری پزیشکی کرد و سەرئەنجام بەدوای شۆڕشی ١٣٥٧-١٩٧٩ گەلانی ئێراندا گەڕایەوە بۆ مەهاباد، بەلاّم بۆم روون نەبوو عەزیزی فەرهادی بۆچی لە «باکۆ» بە تەناف خۆی خنکاند.

من لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٢٩-١٩٥٠، لە سەربازی هاتمەوە. دوای گەڕانەوەم لەسەربازی بەتوندی لە ژێر زەختی حکومەت دابووم‌و ئەوەندەیان هێنام‌و بردیانم کە لە ژیان هەراسان بووم، لەبەر ئەوە لەگەڵ هەڤاڵێکم بەناوی «عەزیزی‌حیسامی» بڕیارماندا بەیەکجاری مەهاباد بەجێ هێڵین‌و وەک قادری مەحمودزادەو عەزیزی فەرهادی بچین لە سۆڤیەت بمێنینەوە. من‌و عەزیز چووینە شاری «ئەردەوێل»و لە نزیک سنووری سۆڤیەت لە دەرەوەی شاری «بیلەسەوار» ژاندارمان پێش «لۆری»یەکەیان گرتین‌و من‌و عەزیزیان دابەزاندو بردیانین بۆ ئیدارەی مەرزبانی «نەمین». لەوێوە بردیانین بۆ ئەردەوێل‌و ١٨ رۆژیان لە زیندانی شارەوانی راگرتین‌و پاشان تەسلیمی تەورێزیان کردین‌و لەوێوەش بردیانینەوە بۆ مەهاباد. نزیکەی ٢٠ رۆژ لە مەهاباد زیندانی بووین‌و پاشان بردیانین بۆ دیژبانی تاران. شەش مانگان بەبێ پرسو جۆ بەتەنیا لە ژورێکی زیندانی دیژبان بووین، کە من لە خواردن مانم گرت.

ئەو کات، سەرتیپ «سارم» سەرۆکی دادستانی ئەرتەش بوو،و سەهەنگ «موبەشیری» جێگری. سەرلەشکر «عەزیمی»ش سەرۆکی دیژبان بوو. عەزیمی هات‌و هۆی مانگرتنەکەمی پرسی. گوتم:

- بە ناحەق منیان گرتووەو بەبێ ئەوە کەس لێم بپرسێ بەتەنیا لە ژوورێکیان کردوم‌و دەرگاکەیان لەسەر گاڵە داوم‌و تەنانەت مافی چوونەدەرو هەواخۆریشم پێنادەن.

- «باشە، نان بخۆ دەستوور دەدەم لە پەروەندەکەت بکۆڵنەوە.»

- هەتا ئەو کاتەی نەمبەن بۆ دادستانی ئەرتەش درێژە بە مانگرتنەکەم دەدەم‌و لە خواردن خۆ دەپارێزم.

بەمجۆرە بردیانم بۆ لای سەرتیپ «سارم». ناوبراو هۆی مانگرتنەکەمی پرسی، گوتم: لەخۆوە گیراوم و شەش مانگە بە تەنیا لە ژورێکدا رایانگرتووم‌و تەکلیفم روون ناکەنەوەو ئامادە نین پەروەندەکەم بدەن بە دادستانی‌و لە دیژبان‌و روکنی٢ رایانگرتووە. سەرتیپ سارم دەستووریدا بە سەرهەنگ «موبەشیری»، کە لە کاری من بکۆڵێتەوە. موبەشیری منی بردە ژوورەکەی خۆی. سەرهەنگ «وەزیریان»یش لەوێ کاری دەکرد. سەرهەنگ موبەشیری گوتی:

- «بۆ چی لە سنووری سۆڤیەت نزیک بوویەوە؟»

- بۆ گەڕان چووم بۆ ئەردەوێل. ئەوێ ئاوی گەرمی لێیەو پێمخۆش بوو بچم بۆ ئەو شوێنە. پاشان ویستم شاری «بیلەسەوار» ببینم، کە لە ڕێگادا لە «لۆری» دایانبەزاندمو گرتیانم. موبەشیری منی تەسلیمی سەرگورد «ئیمامی» کرد، کە پرسیارم (بازجوئی) لێ بکاتو پاشان کە پرسیارو وڵامەکانی خوێندەوە. گوتی:

- «بڕۆ نان بخۆ، بەیانی ئازادت دەکەم.»

- ئەگەر ئازادتان کردم نان دەخۆم. ئەو بەڵێنییەکەی بردەسەرو بۆ ڕۆژی دوایی منو عەزیزیان ئازاد کرد. ئەو کات من نەمدەزانی کە موبەشیریو وەزیریان ئەندامی ڕێکخراوی سەربازی حیزبی تودەی ئێرانن‌و ئەوان یارمەتییان پێکردوم. پاشان، کە لە ساڵی ١٣٣٨-١٩٥٩دا گیرامەوە، دیتم سەرهەنگ وەزیری زیندانی هەمیشەیی پێدراوەو موبەشیریش لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی ئیعدام کرا.

پاش ئازاد بوونم لە زیندان سەرلەنوێ گەڕامەوە بۆ مەهابادو لەگەڵ ڕەحیمی سوڵتانیان، کەریمی وەیسی، ڕەحیمی خەرازی، عەزیزی حیسامیو عەبدوڵڵای ئیسحاقی کۆمیتەی حیزبمان بوژاندەوە. ئەو کات سەدیقی خاتەمیو عەزیزی یوسفی هەر لە زینداندا ڕاگیرابوون، بەڵام عەزیز لە کۆمیتەدا نەبوو. عەزیز پاش ئازاد بوونی لە زیندان لە مانگی مای ١٩٥٢زاینیدا هاتە نێو کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکڕات. هەروەها لەگەڵ کۆمیتەکانی سەردەشت، سەقز، نەغەدەو ژمارەیەک لە گوندەکان کە کۆمیتەی حیزبییان مابوو پێوەندیمان گرتەوە. کۆمیتەی مەهاباد سەرەڕای بەڕێوە بردنی ئەرکی خۆی، ڕێبەرایەتی گشتی کۆمیتەکانی حیزبی دیموکڕاتی بەئەستۆوە بوو.

## یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی لە جێژنی میللی کردنی نەوتدا

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٩-١٩٥١، بە دوای بەربەرەکانێکی دوورو درێژو مانگرتنی کرێکارانی «بەندەری مەعشوور»و زانکۆی فەننی شاری «ئابادان»و سەرئەنجام مانگرتنی گشت کرێکارانی ناوچە نەوتییەکانی ئێران، شا ناچار بوو بۆ ڕاگرتنی خۆیو پێشگیری کردن لە ڕوخانی دەوڵەتەکەی هاودەنگی لەگەڵ میللی کردنی نەوتی ئێران بکا. بەمجۆرە نەوتی ئێران لە دەست دەوڵەتی ئینگلیس هاتەدەر. دوای میللی کردنی نەوت، حکومەتی دوو مانگەی «عەلا»ش ڕوخاو دوکتور مصدیق سەرۆکی «جبهەی میللی» لە ١٠ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٣٠-١٩٥١ کرا بە سەرۆک وەزیری حکومەتی ئێران. لە

راستیدا، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ شاو دەرباری پەهلەوی بوون، بەلاّم دوکتور مصدیق توانی لە ماوەیەکی کورتدا وەزعی سیاسی ئێران بگۆڕیو فەزایەکی دیموکراتی بۆ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی سەرتاسەری ئێران برەخسێنێ.

ساڵی ۱۳۳۰، خەباتی ئێمەش حاڵەتی تەواو نهێنی خۆی لە دەستداو شێوەی نیوە نهێنی نیوە ئاشکرای بەخۆوە گرتو بە کەڵک وەرگرتن لە مەسەلەی نەوت خۆپێشاندانێکی ئاشکرامان پێکهێناو داوامان لە خەڵک کرد بەشداری ئەو خۆپێشاندانە بکەن. کۆمیتە بەڕێوەبەری بڕیاری‌دا، من و عەبدوڵڵای ئیسحاقی بچین بۆ لای سەرۆکی شارەوانی مەهاباد سەرگورد «پەنبە بەگوش» و ئیزنی ئەو خۆپێشاندانەی لیٚ‌وەرگرین. ئێمە چووین و گوتمان:

- ئێمە بە نوێنەرایەتی ژمارەیەک لاو هاتووین ئیزنتان لیٚ وەرگرین، بۆ ڕێز گردن لە ڕۆژی میللی کردنی نەوت، خۆپێشاندانێکی ئارام بکەین.

- «فەرماندار بۆ پیرۆز کردنی ئەم ڕۆژە خەریکە لە پشت شەریکەی نەوت جێژن دەگریٚ‌و ژمارەیەکی زۆر مەلا، سەرۆکی ئیدارەکان، فەرمانده‌کانی ئەرتەش، ئەندامانی ئەنجومەنی شار و پیاوە ماقووڵەکانی شار بەشداری ئەو جێژنە دەکەن. ئێوەش دەتوانن دوو سیٚ کەستان بێن‌و بە نوێنەرایەتی ئەو لاوانە بەشداری جێژنەکە بکەن.

- جێژنی میللی کردنی نەوت جێژنی کاربەدەستەکانی دەوڵەت و کەسانی پایەبەرز نیە، ئەوە جێژنی هەموو خەڵکە و هەموو کەس مافی هەیە لەو جێژنەدا بەشداری بکات‌و ئاکامی خەباتەکەی جێژن بگریٚ. خەڵک پتر لەو کەسانەی کە فەرماندار کۆیان دەکاتەوە شیاوی بەشداریکردن لەو جێژنەدان. ئەوانن بۆ میللی کردنی نەوت خەباتیان کردوە.

- «بەش بەحاڵی خۆم ڕازی نیم ئێوە بڕژێنە نێو شەقامەکان و خۆپێشاندان بکەن، بەلاّم چونکە من تەنیا بەرپرسی ئاسایشی مەهاباد نیم، ئێوە دەتوانن بچنە لای فەرماندەی تیپ‌و ڕای ئەویش بزانن. ئەگەر ئەو کارە نەکەن و بە بیٚ ئیزن بڕژێنە نێو شەقامەکان، فەرمانی گرتنتان دەدەم.»

ئێمە گەڕاینەوە لای هاوڕێیەکانمان‌و ئەمجارە بڕیارماندا عەبدوڵڵای ئیسحاقی‌و عەزیزی حیسامی بچن بۆ لای فەرماندەی تیپی مەهاباد سەرهەنگ «وەفا» کە ئینسانێکی زاناو مێهرەبان‌و بە زەوق بوو. ئەو هێندێک باسی فەلسەفی لەگەڵ برادەرانی ئێمە کردبوو. پاشان هاوڕێیانی ئێمە گوتبوویان:

- چ دەبیٚ ئەگەر ئێمە ژمارەیەک لاو بێین بە شادمانی ئەم ڕۆژە جێژن بگرین؟ ئێمە ئێرانین و بەوە شادین کە بە دوای خەباتێکی چەندین ساڵە شەریکەی نەوت لە چەنگ ئینگلیس ڕزگار کراوە. داوات لێدەکەین بۆ خۆتان لە خەڵک بگێڕنەوە، بێن لەو جێژنەدا

بەشداری بکەن. ئەوە باش نیە کە چەند سەرۆکی ئیدارەو گەورە پیاوی شار کۆ بکەنەوە، شیرنی بخۆن و خەڵکەکەی‌تر لەبەر چاو نەگرن. بە دوای ئەو باسانەدا، سەرهەنگ «وەفا» وەک سەرگورد «پەنبەبەگوش» دژی برادەرانی ئێمە رانەوەستابوو، بەڵام راستەوخۆش ئیزنی خۆپێشاندانی پێ نەدابوون.

سەرئەنجام، ئێمە بۆ خۆپێشاندانی رۆژی میللی کردنی نەوتی ئێران نزیک بە سێ هەزار کەسمان کێشایە نێو شەقامەکانی شاری مەهاباد. بۆ ئەم مەبەستە، خەڵکەکەمان دەستە دەستە کردبوو، و ئەوانمان لە مەیدانی ئاردی، مەیدانی ئاسینگەران، سەر بەرداشیو بەر دەرگاو ژووری مزگەوتی هەباس ئاغای کۆ کردبۆوە. بەر مزگەوتی هەباس ئاغای، ئەمڕۆ بە حەق ناوی چوار ڕێی ئازادی لەسەر داندراوە. بریارمان ئەوە بوو هەموو لە کاتێکی دیاریکراودا بێن بۆ «چوارچرا»و لەوێوە بەتێکڕا بە خۆپێشاندان بەرە شەریکەی نەوتو شوێنی جێژنەکەی فەرمانداری بچین، کە لەنێوان مەیدانی مەلا جامیو تەکیەی بابا خەڵیفە هەڵکەوتبوو.

دروشمەکانمان بەگشتی لە چوارچێوەی نەوتو میللی بوونی نەوت دابوون. دەمانگوت، نابی بە داهاتی نەوت چەک بکردرێ، داهاتی نەوت دەبێ سەرفی دانانی قوتابخانە، پێڕاگەیشتنی بێهداشتو دەرمان، ئاوەدان کردنەوەی گوندو شارەکانو بارهێنانی خەڵک بکرێ.

لەو خۆپێشاندانەدا ئێمە میکرۆفۆنو بڵندگۆمان نەبوو کە دەنگمانی پێ بەرز کەینەوە، ناچار داوامان لە «عیمادی» کرد کە بووقی گرامافوونی چاپخانەکەیمان بداتێ کەڵکی لێوەرگرینو دەنگی دروشمدەرەکانی پێ بەرز بکەینەوە. کاتێ خۆپێشاندان دەستی پێکرد هیچ پۆلیسێک لە «چوارچرا» نەبوو. زۆربەی ئەفسەرەکانی پۆلیسو ژاندارمو سەربازەکانیان بۆ پاراستنی شوێنی جێژنەکە لە مەیدانی مەلا جامی کۆ کردبۆوە. لەبەر ئەوە کەس پێشی بە ئێمە نەگرت، بەڵام هەرکە گەیشتینە مەیدانی مەلا جامی، کە ئەو کات بنکەی فەرمانداریش لەو جێیە بوو، پۆلیس رژانە سەرمان.

من و عەبدوڵڵای ئیسحاقی لەریزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکە بووین. گورج چووینە لای ئەفسەرێکی پۆلیسو گوتمان ئێمە بۆ ئەو خۆپێشاندانە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیو فەرماندەی تیپ قسەمان کردوە. ئەوان رازی بوون کە ئێمە بێینو بەشداری بکەین لەو جێژنەداو ئێستاش پێمانخۆشە ئێوە پێشمان نەگرنو بچن ئەو مەسەلەیە لە سەرۆکی شارەوانی بپرسن. ئەفسەرەکە چۆ لای سەرگورد «پەنبە بەگوش»، بەڵام ئەو دیتی لەگەڵ عەمەلێکی ئەنجام گرتوو رووبە روو بووە. خەڵک دووکانو بازاریان داخستبوو، و هەروەک گوتم ژمارەی ئێمە نزیک بە سێ هەزار کەس بوو، ئەو ژمارەیە بۆ شاری مەهابادی ئەو

کات ژمارەیەکی بەرچاو بوو، و دەیتوانی ئەوان تووشی گیروگرفت بکات.

لە ئاکامدا، سەرۆکی شارەوانی جیا لەوەی ئیزنمان بدات لە جێژنەکەدا بەشدار بین، هیچ چارەیەکی تری نەبوو. ئێمە چووینو دیتمان تەواوی کاربەدەستانی حکومەتیو کەسایەتییە بانگهێشتن کراوەکان لەسەر سەندەڵی دانیشتوونو ئێمەش لە دەوریان کۆ بووینەوەو ئەوانمان لەنێو خۆمان گرت. فەرماندارو چەند کەسیتر قسەیان کرد. ئێمەش داوامان کرد ئیزنمان بدەن نووسراوەی خۆمان سەبارەت بە میللی بوونی نەوت بخوێنینەوە، بەڵام ئیزنیان پێ نەداین. ئێمە بۆ ئەوەی ڕێگای قسە کردنمان پێبدەن، لە مینبەرێک دەگەڕاین.

شۆفێرێکی ئوتووبووسی «میهەن توور» هەبوو بەناوی «مەشەدی برایمی شەش بارماخ»، کە ئەندامی «فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان» بوو. ناوبراو پێشتر لە خەتی تەورێزو مەهاباد کاری دەکردو بەنهێنی ڕۆژنامەی «ئازەربایجان» ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی بۆ دەهێناین. ئەو کات ئێمە هێشتا نەمانده‌توانی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات «کوردستان» چاپ بکەین. مەشەدی برایم ڕۆژنامەکانی دەهێنا بۆ کارێژی «میهەن توور» و «سوارەی سیامەندی»ش (سوارە کوێر) کە کارگەری کارێژ بوو لێیوەردەگرتو دەیدا بە «مەحموودی مەنگوڕی» کە ئەندامی حیزب بوو،و ئەویش بۆ ئێمەی دەهێنا. ئێمە چووینە لای مەشەدی برایمو پێمانگوت ژمارەیەک لە برادەرانی ئێمە وەک مسافیر سواری ئوتووبووسەکەی بکاتو بەرەو جادەی «میاندووئاو» بازوێ. ئینجا ئێمە لە نزیک بنای شەریکەی نەوت پێش بە ئوتوبوسەکە دەگرینو بەو بیانووە کە تۆ خەریکی جێژنەکە تێکدەدەی ئوتووبووسەکەت لێ داگیر دەکەینو وەک مینبەر کەڵکی لێوەردەگرین.

پلانەکەمان سەری گرتو بەبێ هیچ چەشنە ڕووداوێکی ناخۆش ڕەحیمی خەرازی-مان وەسەر ئوتووبووسەکە خستو ناوبراو نووسراوەکەی خوێندینەوەو خەڵکەکەش بە چەپڵە لێدان پشتیان گرت. بە دوای تەواو بوونی جێژنەکەدا، سەرۆکی شارەوانی هاتە لامانو داوای لێکردینو گوتی:

- «ئێوە بەزۆرەملی کاری خۆتان کردو ئێستاش کە پرۆگرامەکەتان تەواو بووە داواتان لێدەکەم بە خۆپێشاندان مەگەڕێنەوە نێو شار. ئەو خەڵکە بڵاو بکەنەوەو هەرکەس بگەڕێتەوە سەر کاری ڕۆژانەی خۆی.» ئێمە بە خەڵکەکەمان گوت:

- ئەمجارە بە خۆشی تەواو بوو. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گیروگرفتمان بۆ نەخوڵقێنن، داواتان لێ دەکەین بڵاوەی بکەنو بەبێ هیچ چەشنە دروشمدانێک بە کۆڵانەکاندا بگەڕێنەوە بۆماڵی خۆتان.

ئێمە، هەرچەندە لە ساڵی ۱۳۳۰-۱۹۵۱دا خاوەنی دەسەڵات بووین لە شاری

مەهابادا، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی ئەندامانی حیزب لە ۱۵۰ کەس تێنەدەپەڕی لەو شارەداو دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم ئەوە خەڵکەکە بوو کە بە لایەنگری کردن لە حیزب بەو پەڕی ئیمانەوە یارمەتییان پێدەکردین. ئێمە تەنانەت بۆ هێنانو بردنی نامەو ڕۆژنامەش بۆ شارەکان لەو خەڵکەمان کەڵک وەردەگرتو ئەوان بە پارەی خۆیانو بەنهێنی ئەو کارەیان بۆ دەکردین.

بەدوای ئەو خۆپێشاندانە مەزنەدا، کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی پێهات، حیزبی تودە زانی حیزبی دیموکرات لەنێو خەڵکدا ڕیشەی هەیەو ئەندامانی بەنهێنی خۆیان ڕێکخستۆتەوە، داوای پێوەندی لێکردین، کە وەک دوو حیزبی پێشکەوتووخواز لەمەڕ دروشمە هاوبەشە سەرانسەرییەکانمان دژی ڕژیم هاوکاری بکەین.

هەروەها، لەو ساڵەدا چەند ڕۆژنامەی پێشکەوتووی بەنێو سەربەخۆ، بەڵام سەربەرێکخراوەکانی سیاسی وەک ڕۆژنامەی «بەسووی ئایەندە»و «شەهباز»و «جەوانانی دیموکرات»و... لە تاران بە ئاشکرا چاپو بڵاو دەکرانەوە، بەڵام بەنهێنی دەگەیشتنە کوردستان. بەرپرسانی حیزب بەکاک «ئەسعەدی خودایاری»یان ڕاگەیاند ببێتە هەواڵدەری «تیهران مسەوەر»و ناوەندی ڕۆژنامە فرۆشی «لالەی درەخشان» دانیو لەپەناوەش ئەو ڕۆژنامانە بڵاو بکاتەوە، کە پەنجەم بۆ ڕاکێشان. مەحمودی مەنگوڕیش کە کارگەری «دووخانیات»ی مەهاباد بوو، کاتی بێکار بوونی یارمەتی کاک ئەسعەدی دەکردو چەند ڕۆژنامەی بەدەستەوە دەگرتو لەنێو شاردا دەیفرۆشتن. ناوبراو گەلێک جار دەکەوتە دەست پۆلیسو دیژبانانو لێدانی دەخوارد، بەڵام کارەکەی خۆی دەکرد. هەموو ئەندامێکی حیزبیش دەبوایە چەند ژمارەی لەو ڕۆژنامانە لەنێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە.

لە ڕۆژی ۱۱ی گوڵانی ساڵی ۱۳۳۱-۱۹۵۲دا، بە بۆنەوی ڕۆژی جیهانی کرێکاران کۆبوونەوەیەکی نیوە ئاشکراو نیوە نهێنیمان پێکهێنا. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە بە ئەندامانی حیزبمان ڕاگەیاند کە بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیە بێن بۆ باخی «خەلیلی مجەی» لە نزیک پردی مەهاباد کە ئێستا خانووبەرەی لێ سازکراوە. هەروەها، بە ئەندامانی حیزبمان ڕاگەیاند، ئەگەر دەتوانن دۆستو برادەرانی خۆیشیان بێنن. نزیکەی ۵۰۰-۶۰۰ کەس بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد، کە جیا لە حوسێنی زێرینگەران ئەوانیتر هەموو لاو بوون.

کاتی کۆبوونەوە لەپڕ ژمارەیەکی زۆر سەربازی سوارە دەوریان گرتین. ئێمە کردەوەی ئەوانمان وەسەر خۆ نەهێناو بەپێی بەرنامەی لەپێش دیاریکراو لەسەر ڕۆژی جیهانی کرێکارانو مەسەلەی دەست تێوەردانی ئینگلیس لە کارو باری نێوخۆی ئێرانو مافی

زەحمەتکێشان قسەمان کردو خەڵکەکەش بە چەپڵە لێدان هەستی خۆیان دەربڕی. دوای تەواو بوونی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی وەبەر پەلاماری سەربازەکان نەکەوین بە جەماوەرەکەمان ڕاگەیاند بەنێو باخەکانی دەورو بەردا بلاوەی بکەن‌و بە کۆمەڵ نەگەڕێنەوە بۆ نێو شەقامەکانی شاری مەهاباد. من‌و حوسێنی زێرینگەران‌و ۱۰-۱۵ کەسیش بەرەو شار گەڕاینەوەو هیچ ڕووداوێک بۆ کەس نەخولقا. پاش خۆپێشاندانی نەوت ئەوە یەکەم کۆبوونەوەی سیاسی ئێمە بوو کە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ئەنجامی گرت.

## هاوکاری لەگەڵ حیزبی توودە

ئێمە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ساڵی ۱۳۳۰-۱۹۵۱دا هەستمان کرد بۆ هەڵسوڕاندنی حیزب کاڵ‌و ساواین‌و پێویستیمان بە یارمەتی هەیەو دەبێ گەشە بە زانیارییەکانی تیئۆریمان بدەین. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە، بەپێی نزیکایەتی پێشووی حیزب لەگەڵ «فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان»، من‌و ڕەحیمی سوڵتانیان‌و ڕەحیمی خەرازی دیاریکراین بە نێوی لێژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بچین بۆ تەوریزو داوا لە ڕێبەرایەتی فیرقە بکەین، کە لەباری تیئۆرییەوە یارمەتیمان پێبکات.
بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە، من نامەیەکم نووسی‌و لەگەڵ ڕەحیمی سوڵتانیان‌و ڕەحیمی خەرازی بردمان بۆ تەوریزو چووینە لای ئەندارزیار «ئیرانشەری» کە لێپرسراوی کۆمیتەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەناوی «هومام» بوو. ئێمە داوامان لێکرد کادرێکمان بۆ بنێرن تا کۆمیتەی حیزبی ئاموزیش بدات. لە ڕاستیدا، ئێمە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب هەرچەندە کتێب‌و ڕۆژنامەشمان دەخوێندەوە، بەلاّم هیچکامەمان لە پلەیەکی بەرزدا نەبووین‌و پێویستیمان بە کەسێک هەبوو، کە بارمان بێنێ‌و ڕێنوێنیمان بکات. موهندیس ئیرانشەری نامەکەی خوێندەوەو گوتی:

- «ئەو کەسەی کە توانیویەتی ئەم نامەیە بنووسێ، توانای بارهێنانیشی هەیە.» لە وەلاّمدا سوڵتانیان گوتی:

- ئەو هەڤاڵەمان نامەکەی نووسیوە، بەلاّم لەخۆی ڕانابینێ ئەم کارە بەملەوە بگرێ. ئێمە هەستمان کرد ئەوانیش کەسێکی وایان نیە، کە بتوانێ ئەو ئەرکە بەڕێوە بەرێ‌و لە ئاکامدا بەدەستی بەتاڵ گەڕاینەوە.

هەروەکو گوتم بە دوای خۆپێشاندانی میللی کردنی نەوتدا، حیزبی توودە کە دیتی

خاوەن هێزێن لە کوردستاندا پێوەندی پێوە گرتێن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو، کە «عەبدولڕەحمانی قاسملو» تازە لە ئوروپا گەڕابۆوەو لە چکوسلواکی کلاسی مارکسیست لینینیستی تەواو کردبوو. حیزبی تودە ڕەحمانی قاسملوی نارد بۆ مەهاباد. ئەو بەشداری کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کرد، کە لە ماڵی ئێمە بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا، قاسملو پەنجەی بۆ پێوەندی نێوان حیزبی تودەو حیزبی دیموکرات ڕاکێشاو دوای چەند پرسیارێک لە ئێمە، گوتی:

- «حیزبی تودە پێی خۆشە هەر کارێکی لە دەست بێ بۆ ئێوەی بکات.»

لەم کۆبوونەوەیەدا، مەسەلەی پێوەندی نێوان حیزبی دیموکراتو حیزبی تودە، مەسەلەی چاپی بەڵگەی یارمەتی، کە لە جیاتی «تەمر»یان بۆ چاپ کردین،و مەسەلەی چاپو ناردنی ڕۆژنامە هاتە بەرباس. ئێمە داوای چاپخانەیەکمان لێکردنو گوتمان ئەگەر حیزبی تودە ناتوانێ چاپخانەمان بداتێ، داوا دەکەین ڕۆژنامەمان بۆ چاپ بکات. هەروەها داوامان کرد حیزبی تودە کادرێکمان بۆ بنێرێ تا لەباری شێوە کاری نهێنی حیزبیو کاری ڕێکخستندا یارمەتیمان پێ بکا. گوتمان تەنیا حیزبی تودە لە ئێراندا حیزبی پێشڕەوەو پێویستە یارمەتیمان پێ بکاتو ئێمە لەم باوەڕەداین کە تا ئێستا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە کۆتایی کردوە.

تا ئەو کاتەی قاسملو بە نوێنەرایەتی حیزبی تودە لەگەڵ ئێمە دانەنیشتبوو، ئێمە پێوەندی ڕاستەوخۆمان بە حیزبی تودەوە نەبوو،و فیرقەی دیموکرات لە «تەوریز»ەوە ڕۆژنامەی بۆ دەناردین. قاسملو، شکلی ڕەسمیدا بە پێوەندی نێوان حیزبی دیموکراتو حیزبی تودەو پاش ریفڕاندۆمیش بۆخۆی وەک نوێنەری حیزبی تودە هاتە لامانو لە نزیکەوە یارمەتی پێدەکردین.

دوای گەڕانەوەی قاسملو بۆ تاران، حیزبی تودە کادرێکی بۆ ناردین بە ناوی «ئیحسانوڵلا»، کە «بەهایی» و ئەندازیارێکی شەریکەی نەوتی «ئابادان» بوو. ئیحسانوڵلا لە ئابادان قاچاخ بوو. حیزبی تودە لە لایەک بۆ ئەوەی ئەو لە دەست ڕژیم بپارێزێو لە لایەکیترەوە یارمەتی بە ئێمە بکات، ئەوی نارد بۆ مەهاباد. ئیحسانوڵلا هەرچەندە مرۆڤێکی بەتەمەن نەبوو، بەڵام زۆر زاناو تێگەیشتوو بوو. ئەو کتێبی بۆ دیاری دەکردین کە بیخوێنینەوەو لە کۆبوونەوەی حیزبیدا باسی لەسەر بکەینو ئەگەر پرسیارێکمان هەبا لێمان دەکرد.

لە نێو هەمووی ئێمەدا تەنیا عەبدوڵلای ئیسحاقی ئامادە نەبوو کتێب بخوێنێتەوەو هەمیشە وەبەر ڕەخنەی ئیحسانوڵلا دەکەوت. ناوبراو هەوڵی نەدەدا زانیاری خۆی بەرێتە

سەرو گوتنەکانی ئێمەش شوێنیان لەسەر دانەدەنا، بەڵام بەو حاڵەش ئینسانێکی کاری بوو،و هەمیشە لە خۆپیشاندانەکاندا نەخشی بەرچاوی هەبوو. هەمیشە خەریکی دروشم نووسین‌و بڵاو کردنەوەی راگەیاندراوەکانی حیزبی بوو. ئێمە گەلێک جاران رەخنەمان لێدەگرت‌و دەمانگوت: بڵاو کردنەوەی راگەیاندراوەکانی حیزبی ئەرکی تۆ نیەو بەرپرسی خۆی هەیە، بەڵام گوتنی ئێمە هیچ فایدەی نەبوو. ئەو کە دەیدیت ئەندامێکی حیزب خەریکە دروشمێک لەسەر دیوار دەنووسێ، خامەکەی لێ‌وەردەگرت‌و بۆ خۆی دروشمەکەی بۆ دەنووسی. عەبدوڵڵای ئیسحاقی «ئەحمەد تۆفیق» بەراستی ئاشقی کار بوو. زۆر ئازاو نەترس بوو، لە هیچ خەتەرێک نەدەپرینگایەوەو لە کارەکانیدا سادق‌و سالم بوو، بەڵام داخەکەم پاشان بەرێگای چەوتدا کەوت.

ئیحسانوڵڵا نزیکەی حەوت مانگ لە لای ئێمە مایەوە، پاشان حیزبی توودە کەسێکی‌تری بۆ ناردین بە ناوی «جەوهەری» کە کرێکارێکی خەڵکی سنە بوو. جەوهەری سەرەڕای شارەزایی لە کاری رێکخستن‌و تەشکیلاتدا، دەستی لە کاری شانۆگەری‌و هونەریشدا هەبوو، و زۆری یارمەتی پێکردین. ئەویش نزیک بە مانگێک لە لامان بوو، بەڵام کۆمیتەی ئێمە لەو کاتەوە هێزو توانای بەخۆوە گرت کە قاسملو هاتە لامان. قاسملو بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکردین، بەڵام بە ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕات نەدەژمێردرا.

لە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جیا لە قاسملو، «سارمەدینی سادق وەزیری» قازی دادگاو «سەدیقی هەنجیری ئازەر» کارمەندی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ هاریکاریان دەکردین. سەدیق لە ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ لە نووسینی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یارمەتی دەداین.

## گەشە کردنی سەرلەنوێی حیزبی دێموکڕات

بۆ پەرە پێدانی کاری حیزبی، چەند کۆمیتەی دووکانداراغان هەبوو لە شاری مەهاباددا کە پێیان دەگوترا: کۆمیتەی «سەڕاجان»، کۆمیتەی «کەوش فرۆشان»و کۆمیتەی «شیرینی فرۆشان»و.... لە گوندەکانیشدا، ئەو کەسانەی کە خۆیان بە دێموکڕات دەزانی‌و پێشتر لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوون، کۆمیتەکانی حیزبیان ژیاندبۆوە. هەر ئەو سەید کامیلە شاعیرو پیاو چاکەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد بەرپرسایەتی ناوچەی خۆی بە ئەستۆوە بوو. من ئێستا ناوی ئەو کەسانەم لەبیر نیە کە لە گوندەکاندا هاریکاری ئێمەیان دەکرد، بەڵام

لەنێو ڕێبەرایەتی حیزبدا، ئەم کەسانە خوارەوە لێپرسراوی ناوچەکانیان بەئەستۆوە بوو.

من بەرپرسی پێوەندی لەگەڵ شارەکانی سەردەشتو سنە بووم. عەزیز بەرپرسی سەقزو بۆکان بوو. ڕەحیمی سوڵتانیان بەرپرسی نەغەدەو پیرانشار بوو. هاشمی حوسێن زادە کە کادرێکی لێوەشاوەی حیزب بوو، نێردرا بۆ سەقز تا بەنهێنی لەوێ بژیو هاریکاری کۆمیتەی سەقز بکات. هەروەها هاشمی حوسێنزادەو سەدیقی خاتەمی ئەندامی کۆمیتەی جوتیاران بوون. هاشم بە کاروباری ناوچەکانی «چۆمی مەجید خان»و «شامات»و «محاڵ» رادەگەیشتو سەدیقی خاتەمی ناوچەکانی گەورکو مەنگوری سەرپەرەشتی دەکرد.

ئێمە بۆ ئەوەی جوتیاران بەرو حیزب ڕاکێشین، دەگەڕاین سەرۆکی تیرەی عەشیرەتەکانمان دەدۆزییەوە. ئەگەر توانیبامان ئەو بۆ لای حیزب ڕاکێشین، تەواوی کەسانی سەر بە تیرەی ئەومان لە حیزبدا کۆ دەکردەوە. هەروەها، ئێمە بەشوێن کەسانی وەک «هومەر پاشای جەنگەڵ»و «مام ڕۆستەم» دا دەگەڕاین. «هومەر پاشای جەنگەڵ»و «مام ڕۆستەم» لە عەشیرەتی سویسنی چەتەی سەردەمی «ڕەزا شا» بوون. ئەوان، لە ناوچەکانی مەنگوڕ، مامەش، گەورکو سوێسنایەتیدا ناسراوو ناودار بوونو جوتیاران یارمەتیان پێدەکردنو لە بەرامبەر حکومەتدا دەیانپاراستن. ئێمە، ئەوانمان ڕەگەڵ خۆمان دەخستو بەمجۆرە جوتیارەکان پشتی حیزبیان دەگرت.

ئەو چەتانە دژی خەڵک نەبوونو خەڵکیان ڕووت نەدەکرد، بەڵکو ئاسایشی ژاندارمەیان تێک دەداو نەیاندەهێشت ئازار بە خەڵک بگەیەنن. بەگشتی ئەوان خاوەنی بیری ناسیونالیستیو کوردایەتی بوونو ڕوحی نەتەوەیییان هەبوو،و بەمجۆرە هەستی خۆیان دەردەبڕی. ئەوان ئەگەر چەکێکیان وەچەنگ کەوتبا، یان ئەسپی مالکێکیان ڕفاندبا، لە جیاتی یارمەتیان بە جوتیارە هەژارەکان دەکرد.

خەڵک بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە تەماشای دەکردنو بە ئینسانی باشی نێو کۆمەڵیان دەناسینو لە کارەکانیاندا پرسیان پێدەکردن. بە گشتی، لە ژیانی کوردەواری ئەو سەردەمدا، دیاردەی چەتەگەری ئەو ماناو مفهوومەی نەدەبەخشی، کە لەنێو فەرهەنگی فارسو عەرەبو تورکەکاندا هەیبوو. چەتەگەری لە نێو کورداندا بە دیاردەیەکی گرنگ دەژمێردرا. هەروەکو قاچاخچی کوردیش ئەو مانایەی نەبوو، کە لەنێو نەتەوەکانیتردا مانایان دەکردەوە، دیارە ئەمڕۆ ئەو دیاردەیە لەنێو خەڵکی کوردیش وەک پێشوو نەماوە.

ئەو کات، لە کوردستاندا کوردان قاچاخچییەتی تریاکو هێرۆئینیان نەدەکرد. قاچاخچییەکانی ئەو سەردەم سەرەڕای هێنانی کوتاڵ، چا، پەڕە سیغار، عەترو شتیتری لەم بابەتانە، ئەرکی گرنگی پێوەندی حیزبیان بە ملەوە بوو،و نامە، کتێبو ڕۆژنامەیان لە

باشووری کوردستانەوە دەهێنا. حوسێنی زێرینگەران و حەمەدی مەولودی، دوو ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ-ک، یەک لەو قاچاچی‌یانە بوون، کە هەستی کوردایەتی‌یان لەنێو خەڵکدا بەهێز دەکرد.

هەرکام لە قاچاخچی‌یەکان بە لانی کەمەوە ١-١٢ بنەماڵەیان لەسەر ڕێگای هاتووچۆی خۆیان لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیاندو لە نێو شارەکانیشدا خەڵکێکی زۆر سودیان لێ دەبردن، بە گشتی دەکرێ بڵێین ئەوان بازرەگانێک بوون کە گومرگیان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەدەدا.

جیا لەوانە چەند کەسێکی‌تریش هەبوون بە ناوەکانی «بەحرالعلوم»، «قاسمی ئەحمەدی»و «عەلی عەجەم» کە پێشتر ئەفسەری «فیرقەی دێموکڕات»ی ئازەربایجان بوون‌و لە سەردەمی «پیشەوەری»دا رایان کردبوو،و هاتبوون لە کوردستان گیرسابوونەوە. ئاغاکان ئەوانەیان ڕاگرتبوو،و بۆ خوێندەوار کردنی منداڵەکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرتن. ئەوانیش بۆ خۆیان فێرە کوردی ببوون‌و ژنی کوردیان هێنابوو. ئەوانە تێکەڵاوێکی زۆریان لەگەڵ خەڵک هەبوو. چونکە یارمەتی خەڵکیان دەدا، خەڵک ڕێزی لێدەگرتن، بەلام پاش ناوی عەجەمیان هەرلەسەر بوو.

ئەوان نامەیان بۆ خەڵک دەنووسی‌و پینەچی‌یەتیان دەکرد. بەحرلعلوم، گوند بە گوندی ناوچەکانی گەورک، مەنگوڕ، شامات‌و محاڵ دەگەڕاو بە بێ وەرگرتنی پارە پێلاوی خەڵکی چاک دەکردەوە. ئێمە ئەوانەمان کرد بە ئەندامی حیزب‌و بە هۆی ئەوانەوە ژمارەیەکی زۆرمان بۆ نێو حیزب ڕاکێشا.

ئەو کات، حیزب لە گوندەکاندا شانەو کۆمیتەی هەبوو،و خەڵک بە تێکڕایی باش بوون‌و کەس سیخوری بۆ دوژمن نەدەکرد. تەنانەت ئەو کاتەش کە ئێمە لە مەهاباد ڕامان کرد بوو، و لە گوندەکاندا مابووینەوە و کاری حیزبی‌مان دەکرد، ئاغاکانی سەر بە «ڕوکنی ٢»ش گیروگرفتیان بۆ نەدەخولقاندین.

«حەمەدی کیسەڵان»ی بۆ خۆی دەیگوت بۆ «ڕوکنی ٢» کار دەکات، بەلام ئەگەر ئێمە ڕۆژێک بە نزیکی دێیەکەیدا تێپەڕ باین‌و لامان نەداباو نانێکمان لەگەڵ نەخواردبا، دەهات‌و گلەیی لێدەکردین. ئاغاکان دەهاتن بۆ لای ئێمەو دەیانگوت: «ئێمەش ماڵێن‌و پیاوەتیمان لە دەست دێ‌و پێمان خۆشە خزمەتتان پێ بکەین.» ئێمەش هەر جارەی ٤-٥ کەس دەچووینە لایان‌و لە ماڵیان دەماینەوەو لە پەناوەش کارەکانمان دەکردو ئەوانیش خزمەتیان پێدەکردین. بە دوای تەواو بوونی کارەکانمان، خانەخوێیەکانمان دەیانگوت: «ئێوە بڕۆن‌و منیش دەچم ڕاپۆرتێک دەنووسم بۆ «ڕوکنی٢»و دەڵێم فلان کەسێکم دیتووە کە بە

ناوچەدا تێپەڕ بووە.»

من و عەزیزی یوسفی لە ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣دا بۆ بەشداریکردنی لە پرسەی کۆچی دوایی خێزانی کاک «سلەمان» چووین بۆ گوندی «سۆیستان». سەیفی خاتەمی لەوێ دەمایەوەو کاک سلەمان پاریزگاری لێدەکرد. لە دیوەخانی کاک سلەماندا، ژمارەیەکی زۆر ئاغای چەکدار دانیشتبوون. لەوێ چاومان بە «عەولاغای مەنگوڕ» سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕان کەوت کە سەرهەنگی فەخری ئەرتەشی ئێران بوو. عەولاغا پرسی: «ئەوانە کێن؟» ناوبراو، بەدوای ناسینی ئێمەدا، میرزاکەی نارد تا نامەیەکی سەرتیپ «مزەفەری»، فەرماندەی تیپی مەهابادی بۆ بێنێ. سەرتیپ «مزەفەری» لەودا داوای لە عەولاغا کردبوو ئێمە بگرێ و تەسلیمی ئەرتەشمان بکا. عەولاغا لەکن ئاغاکانی‌تر گوتی:

- «ئێوە چەکتان پێ‌نیەو من دەتوانم بتانگرم، بەلاّم نە تەنیا ئەو کارە ناکەم، بەڵکو بە رونی دەزانم کە لە سایە سەری ئێوەیە شای ئێران ئەو دەرەجەو تفەنگانەی بە ئێمە داوەو دەبێ سوپاستان لێ بکەم. ئەگەر ئێوە نەبن، نەک دەرەجەو تفەنگ بە ئێمە نادەن، بەڵکو دەبێ چاوەڕوان بین وەک زەمانی «ڕەزا شا» کە سەردەمی کلاّوی پەهلەوی بوو، کاتی هاتنمان بۆ مەهاباد، «ئاژانان» نێفەکمان ببڕن و بە تاوانی دەبەرکردنی لیباسی کوردی سەزامان بدەن. لەبەر ئەوە، ئێمە دەبێ خۆمان بە دەینداری ئێوە بزانین و پێ‌تان بخەینە سەرچاومان. ئەو ئاغایانەش دەبێ بزانن کە ئێوە میوانی ئێمەن و یارمەتی‌تان پێبکەن.»

ئەوان ڕوحی کوردایەتی‌یان هەبوو، و چونکە دەیانزانی ئێمە بۆ کورد هەڵدەسوڕێن، دڵسۆزیان بۆ دەکردین. لەبەر ئەو جۆرە تێکەلاّوی‌یە، بە ئاسانی دەمانتوانی خەڵک بۆ ڕیزی خەبات ڕاکێشین. لە هەر گوندێکدا، کۆمیتەیەکی سێ کەسیمان دامەزراند بوو. ئەو کۆمیتانە بەرپرسی کاری ڕێکخستنی خەڵکی گوندەکانیان بە ئەستۆ بوو، و گشت دانیشتوانی گوندەکانیش خۆیان بە ئەندامی حیزب دەزانی. دیارە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە لەباری کاری ڕێکخستندا، زۆر ساواو لاوازو ناپووخت بووین، بەلاّم خەڵکەکەمان ئەوەندە بەهەستو مێهرەبان بوون و ڕوحی نەتەوەیی‌یان تێدا زیندوو بوو، کە دەرەتانی ئەوەیان دەداین لە جیاتی ئەوە بچین بەنهێنی قسەیان بۆ بکەین، دەچووینە سەر خەمانەکانیان و لە کاتی پشوو دانی ڕۆژانەدا لەنێو کۆمەڵێکی ٣-٤ کەسیدا قسەمان بۆ دەکردن.

قسەکانمان لە چوار چێوەی هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی کۆماری میللی کوردستان، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانی باشتر بۆ جوتیاران و هەوڵدان بۆ دانانی قوتابخانە بۆ گوندەکاندا بوو. خەباتی ئێمە، خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، بەلاّم لە شارەکانیشدا کۆمیتەی فێرکردن و بارهێنان‌مان هەبوو کە کادری حیزبی پەروەردە دەکرد.

لەنێو شارەکاندا، بۆ ئەوەی خەڵک لە دەوری حیزب کۆ بکەینەوە، لەهەر چەشنە دەرەتانێک کەڵکمان وەردەگرت. یەکێک لە گرنگترین خەباتی ئێمە تەریک کردنی حکومەت و جیا کردنەوەی خەڵک لە حکومەت بوو. نەمانەهێشت حاکمیەتی ئێران دەسەلاتی مەعنەوی بەسەر خەڵکدا داسەپێنێ.

بۆ وێنە کاتێک لە ساڵی ۱۳۳۰-۱۹۵۱دا، سێلاو گەرەکی «شوانان»ی داگرت، کە گەرەکی فەقیرنشینی مەهاباد بوو، ئێمە دەست بەجێ ئەندامانی حیزبمان کۆ کردەوەو ئەوانمان نارد تا یارمەتی بەو خەڵکە هەژارە بکەن. گروپێکی زۆر ئینسانی رووناکبیر لەنێو قوڕو چڵپاودا دەگەڕان و یارمەتیان بە خەڵکەکە دەکرد. ئینجا، تا فەرماندار وەخۆ کەوتو دەوڵەمەندەکانی شاری کۆ کردەوەو داوای یارمەتی بۆ ئەو خەڵکە لێکردن، ئێمە چەند سندوقمان بە سنگی قوتابییەکانی سەرەتایی هەلاوەسی و لەگەڵ هەر سندووقێک دوو ئەندامی ناسراوی حیزبمان نارد بۆ نێو بازارەکانی شاری مەهابادو پارەمان کۆ کردەوە. بەمجۆرە، لەو ساڵەدا نزیکەی هەشتاو پێنج هەزار تمەنمان بۆ سێلاو گرتووەکان کۆ کردەوە.

پارەکەمان هێنا بۆ مزگەوتی «حاجی سەید بایز» و سەیدە «گوڵەی» نووشتوو نووس، کە لەنێو خەڵکدا خاوەنی رێز بوو، لەگەڵ چەند سەیدو مەلاو ریش سپی شارمان کۆ کردەوە. ئەوان زارکی سندووقەکانیان کردەوەو پارەکەیان بژاردو بەکۆمەڵ لەگەڵ نوێنەری حیزب سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی بەرەو گەڕەکی «شوانان» چوونو سەری ماڵی سێلاو گرتووەکانیانداو لەو پارەیە یارمەتیان پێکردن. رۆژی دوایی، سەیدەگوڵەی دوعا نووس لە مەیدانی مەنگوڕان لەبەر چایخانەی «سۆفی حەسەن» چووە سەر چوارپایەیەکو گوتی:

- «کوان ئەو پاڵودەو مەشکەفیو زولوبیا خۆرانەی کە دەیانگوت ئەو لاوانە لەدین وەرگەڕاون؟ بەخوا ئەگەر ئەوانە نەچنە بەهەشت، من رووی تێناکەم!»

مەبەست لە وتەکانی سەیدە گوڵە ئەوە بوو، روکنی۲ی تیپی مەهاباد بۆ هانداندو جیاکردنەوەی خەڵک لە ئێمە بەهۆی چەند سەیدو مەلای ساویلکەوە «حیزبی ساداتی» دروست کرد بوو. ئەوان شەوانی رەمەزان لە ماڵێک کۆ دەبوونەوەو پاڵودەو زولوبیایان دەخواردو دژی ئێمە قسەیان دەکرد. سەیدە گوڵە بۆخۆیشی یەک لەو کەسانەبوو کە پێشتر لەو کۆڕەدا بەشداری کردبوو. وتاری سەیدە گوڵە و کردەوەی بەجێی ئێمە بوو بەهۆی هەڵوەشاندنی حیزبی ساداتو بلاو بوونەوەی لایەنگرەکانی ئەو رێکخراوە دەستکردە.

رێبەرایەتی حیزب هەروەها بەکاتو گورجانە رووداوەکانی دەقۆستەوەو هەڵوێستی شیاوی لەسەر دەگرتن. بۆ ئەنجامی ئەو کارە، چەند کەسێکی وریاو ژیری بە سەرپەرەستی «هاشمی ئەقەلەتوللاب» (قادرشەریف) تەرخان کردبوو کە رۆژانە رێبەرایەتی حیزب لە

رووداوو کارەساتەکانی نێو شاری مەهاباد ئاگادار بکەن. بۆ وێنە لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٣١ی هەدا خەبەرمان پێدرا گروبانێکی عەجەم لە مەیدانی «ئاردی» سەرەڕای جنێودانی بە حەزرەتی عومەر، لە «حەمبالێکی بەڵەد»ی دابوو. ئێمە چووین خەڵکمان کۆ کردەوەو «هاشمی حوسێنزادە»مان وەسەر کورسی یەک خستو پێمان گوت بە خەڵک بڵێ: «بۆچی دەبێ بە بوونی ئێوە لێرە کەسێک بێ‌و جنێو بە پێشرەوەکانی ئاینی ئێوە بداتو ئێوە نەتوانن بەرگری لە ئاینی خۆتان بکەن.»

پاشان، داوامان لە خەڵکەکە کرد دژی ئەو کردەوەیە، دووکانو بازار داخەنو داوای سزا دانی ئەو گروبانە بکەن. دەرگای تەواوی دووکانو بازاری شاری مەهاباد قفڵ کرانو خەڵک سێ رۆژی تەواو دووکانەکانیان نەکردەوە. چونکە خەڵکەکە یەک پارچە بوون، حکومەت نەیتوانی بە زۆر دووکانیان پێ بکاتەوەو تەنانەت کارمەندی ئیدارەکانی حکومەتیش بە رێکوپێکی نەچوونەوە بۆ سەر کارەکانیان. سەرئەنجام کاربەدەستەکانی حکومەت تەسلیمی ویستی خەڵک بوونو دوای سێ رۆژان سەرهەنگ «ساڵاری زادە» سەرۆکی «زیدی ئیتلاعات» (پاراستن)ی تیپی مەهاباد گروبانەکەی بە ماڵو منداڵەوە هێنا بۆ «چوارچرا» و سواری ئوتومبێلێکی کردو ناردی بۆ «مەراغە»و بە خەڵکەکەی گوت:

- «ئێمە ئەو گروبانەمان لە مەهاباد دەرکرد. داوا دەکەین ئێوەش بچن دووکانەکانتان بکەنەوە.» بەم حاڵەش، ژمارەیەک ئامادە نەبوون دووکان بکەنەوەو دەیانگوت ئێمە دەبێ تکلیفی خۆمان لەگەڵ حکومەت رون بکەینەوە. سەرئەنجام بە تکاو رجا دووکانەکانمان پێنکردنەوە.

## راپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان

لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٣٣١ی هە (١٩٥٢ز)دا، بەربەرەکانێکی زۆر توندو تیژ لەنێوان دوکتور «مصدق»و بنەماڵەی پەهلەوی‌دا زەق ببۆوە. دوکتور «مصدیق» لە پەرلەماندا بڕیاری وەرگرتبوو بیست لەسەدی داهاتی خاوەن مڵکەکان وەربگیرێ، دە لە سەدی بدرێ بە وەرزێرەکانو دە لەسەدەکەی تریشی خەرجی بێهداشتو ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان بکرێ. ئەو مەسەلەیە فەزایەکی لەباری بۆ خەباتو هەڵسوڕانی سیاسی پێکهێنابوو.

ژمارەیەک لە دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکان زەوی‌و مڵکیان بە جوتیارانو خەڵکی شاری بۆکان فرۆشتبوو. ئەوان پارەی زەوی‌و مڵکەکانیان لە خەڵکەکە وەرگرتبوو، بەڵام ئامادە

نەبوون قەباڵەی زەوییەکان بدەن بە کڕیارەکان. خەڵکەکە بەکەڵک وەرگرتن لە جەوی پێکهاتوو داوایان لەو تاقمە خاوەن مڵکانە کردبوو، کە قەباڵەی فرۆشتنی زەوی‌و مڵکەکانیان بدەنێ، بەلاّم دەرەبەگەکان بە هەڕەشە ولاّمیان دابوونەوە. سەرئەنجام یەکێک لە دانیشتوانی بۆکان بە ناوی حاجی «قاسم» کە بەرگ دروییەتی دەکردو زەوی لە ئاغاکان کڕیبوو، کڕیارەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوەو ئەوانی بەگژ خاوەن مڵکەکان داکرد. ئەرتەش‌و ژاندارمەش کە هەمیشە هەوڵیان دەدا بەهەر شێوەیەک بۆیان بلوێ ئێران بشلەژێنن‌و بە ساز کردنی ئاژاوەو نائەمن کردنی ئێران ڕێگای ڕوخاندنی حکومەتی دوکتور «مصدیق» خۆش بکەن بە پشتیوانی دەرەبەگەکان بەرەنگاری جوتیاران‌و دانیشتوانی ناوچەی بۆکان بوون.

لە کۆمیتەی بۆکانەوە ئاگاداریان کردین خەریکە لە بۆکان‌و دەورو بەری ڕوداوێکی دڵتەزێن دەخولقێ. جووتیارەکان لە بەشێک لە گوندەکاندا دەیانەویست دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕن. ئێمە کۆمیتەی مەهاباد کۆبووینەوە تا ڕێگا چارەیەک بۆ پێشگیری کردن لە توندو تیژ بوونی ڕوداوەکە بدۆزینەوە. بڕیاردرا بچینە بۆکان‌و بەشێوەیەک شکڵی سیاسی بە ڕاپەڕینەکە بدەین‌و بە جوتیارەکان بسەلمێنین بۆ وەرگرتنی قەباڵەی مڵکەکانیان بچن لە تێلگرافخانەی بۆکان مان بگرن‌و خەڵکی بۆکان-یش بە داکۆکی کردن لە ئەوان دووکان‌و بازار داخەن‌و مان بگرن.

من‌و کاک سارمەدینی سادق وەزیری لە مسافیرخانەی «حەقیقەت» لە تاران چاومان بە حاجی قاسم کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بۆمان دەرکەوت حاجی قاسم پێوەندی بە «جبهەی میللی»ەوە گرتووەو ئەوان هانیان داوە دژی خاوەن مڵکەکان ڕاپەڕێنێ. ئێمە لەگەڵ حاجی قاسم دانیشتین‌و داوامان لێکرد شکڵی سیاسی بەکارەکانی بداتو لە حاڵەتی تەقینەوەی دەر بێنێ، چونکە چاوەڕوان دەکرا دارو دەستەی شا دەستی تێوەردەن‌و دژی حکومەتی «مصدیق» کەڵکی لێوەرگرن. کەچی جبهەی میللی بیری لەو دیاردەیە نەدەکردەوەو نەیدەزانی کە لایەنگرەکانی بنەماڵەی پەهلەوی، ئاغاو خاوەن مڵکەکانیان هان دەدا لە دانی قەباڵەی زەویە فرۆشراوەکان و بیست لە سەدی داهاتەکەیان خۆ بپارێزن‌و بەشێوەی ناراستەوخۆ خەریکی سازکردنی ئاژاوە بوون.

من دیاریکرام بچم بۆ بۆکان‌و بۆ بەرگری کردن لە تەقینەوەی ئەو ڕوداوە هەوڵ بدەم‌و پاشان بچم سەر لە کۆمیتەکانی سەقزو سنە بدەم. کۆمیتەی سنە پێشتر لە لایەن حیزبی تودەوە دامەزرابوو، و ئێمە تازە ئەم کۆمیتەیەمان لە حیزبی تودە وەرگرتبۆوە. من پێشنیارم کرد بۆ ئەنجامی ئەو مەئموورییەتانە عەزیزی یوسفی-م لەگەڵ بێ. ئەو ماوەیەکی زۆر نەبوو

لە زیندان ئازاد کرا بوو، چونکە ئەرتەش دەوری بۆکانی گەمارۆ دابوو،و هاتووچۆی خەڵکی خستبۆ ژێر چاوەدێری؛ ئێمە نەمانتوانی بە ئوتومبێل بچین بۆ بۆکان‌و ناچار بووین بە ڕێگای گوندەکانی «بەیرەم‌و بەرەجۆ»دا بە پێی‌و بە پرسیار کردن بەرەو بۆکان وەڕێ کەوین. هەوا ساردی کردبوو،و بەفر پەڵە پەڵە لەسەر کێوەکان دەبیندرا. گەلێک جاران لوورەی گورگانمان دەبیست، بەڵام تووشیان نەبووین، تا سەرئەنجام بە سواری «لۆتکە» لە چۆمی بۆکان پەڕینەوە.

خزمێکم هەبوو بە ناوی «ئەحمەدی ساڵحیان» کە لە بۆکان مامۆستای قوتابخانە بوو. من‌و عەزیز چووینە ماڵی ئەحمەدو ئەومان نارد بچێ بۆ ماڵی «حوسێنی فاتحی» بەرپرسی کۆمیتەی بۆکان‌و ئەو لەگەڵ خۆی بێنێ. ناوبراو هات، ئێمە بڕیاری حیزبمان پێڕاگەیاندو داوامان لێکرد بە ناوی حیزب پێوەندی بە حاجی قاسمەوە بگرن‌و هەوڵ بدەن ئەو هێمن بکەنەوە و شکڵی سیاسی‌و قانوونی بە ڕاپەڕینەکە بدات‌و بە مان گرتن‌و شکایەت کردن لە حکومەتی دوکتور «مصدیق» بخوازن، نەهێڵێ مافیان بفەوتێنن. ئێمە لەگەڵ ژمارەیەک لە وەرزێرەکانی ئەندامی حیزبیش دانیشتین‌و داوامان لێکردن بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ بدەن‌و نوێنەری خۆیان بنێرنە بۆکان‌و لە مانگرتندا بەشداری بکەن.

ئێمە زۆرمان هەوڵدا بۆکان ئارام بکەینەوە، بەڵام بنەماڵەی «ئیلخانی زادە»کان بە پشتیوانی تیپی مەهاباد بە سەرۆکایەتی سەرتیپ «موزەفەری زەنگەنە» کۆڵیان نەدا. سەرئەنجام ڕاپەڕینەکە شکڵی عەمەلی بەخۆوە گرت. لە ژمارە گوندیکدا، فئوداڵەکان گوندییەکانیان پەلاماردا‌و لە ژمارە گوندێکی‌تر گوندییەکان ئەو کارەیان کرد. ئەوان ماڵ‌و عەنباری چەند فئوداڵێکیان تاڵان کردو چاڵە گەنمی ئەوانیان دەرهێنا. جوتیارەکان چەکدار نەبوون‌و بە شەنە و داسان هێرشیان دەکردە سەر ماڵی چۆلکراوی ئاغاکان. بنەماڵەی ئیلخانی زادە، ماڵی حاجی قاسمی خەیاتیان لە بۆکان سوتاند. حاجی قاسم ڕایکردو من ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ ئەوم لە «زینویی شێخی» دیتەوە، کە بەرگ درویەتی دەکرد.

لە درێژەی ئەو ڕووداوەدا، دەرەبەگەکان بە پشتیوانی ئەرتەشی ئێران هێرشیان کردە سەر خەڵکی بۆکان‌و خەریکی دەستدرێژی بۆ سەر نامووسی خەڵک بوون کە ١٢ کچ لە ترسان خۆیان لە چۆمی بۆکان هاویشت‌و خنکان‌و لە گوندەکانیشدا ماڵی وەرزێرەکانیان تاڵان کردو بەمجۆرە بەسەر بزووتنەوەی جوتیارانی ناوچەی بۆکاندا زاڵ بوون. من‌و عەزیز ئەو کاتە لە سەقز بووین‌و پاشان بڕیار بوو بە ناوچەی «هۆوەتوو»دا بچین بۆ سنە، بەڵام چونکە هۆوەتوو پتر لە دوو میتری بەفر لێ کەوتبوو، بە ناچار گەڕاینەوەو بە «میاندووئاو» و «تەورێز»و «هەمەدان»دا چووین بۆ سنەو پێوەندیمان بە «ڕەحمەتی شەریعەتی» بەرپرسی کۆمیتەی سنە

گرتو ئەوانمان خستە سەر کۆمیتەی مەهابادو لەگەڵ عەزیز گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

دوای دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە داوامان لێکردبوو، کە کۆمیتەکانی سنەو کرماشان بداتەوە بەحیزبی دیموکڕات. ئەو کۆمیتەی سنەی داینەوە، بەلاّم ئامادە نەبوو کۆمیتەی کرماشانمان بداتەوەو ئەوێی بە مەڵبەندی کرێکاری دادەنا. دیارە لەگەڵ «فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان»یش لەسەر ڕێکخراوەکانی دەورو بەری «ورمێ»و «ماکۆ»و «میاندوئاو» ناکۆکیمان هەبوو. ئێمە ئەو سنوورانەمان بە کوردستان دەزانی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە کوردستان دەناسران، بەلاّم فیرقەی دیموکڕات ئامادە نەبوون ئەو ڕاستی‌یە بسەلمێننو ئەو شوێنانەیان بە ئازەربایجان دەناسی.

تیپی مەهاباد ٧٠-٨٠ جوتیاری گرتبوو. بنەماڵەی ژمارەیەک لەو جوتیارانە هاتبوون بۆ مەهابادو لە کاروانسەرای «کۆسە»و «تاجرباشی» دەمانەوە. ئێمە بە ناوی حیزب پێوەندیمان پێوە گرتن. ئەو کات حاجی «مەلا خالیدی دەربەندی» ئیمام جومعەی مەهاباد بوو. ناوبراو ئەندامی نهێنی حیزب و پیاوێکی ئازاو نەترس بوو. ئێمە داوامان لێکرد دژی جنایەتی دەرەبەگەکانو کردەوەی ڕژیم ڕاوەستێ. مەلا خالید لە نوێژی جومعەدا ڕەخنەی لە ئاغاکانو حکومەت گرتو بە خەڵکی مەهابادی ڕاگەیاند بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێ، یارمەتی گوندییەکان بدەن. ئێمە هەروەها بە ژمارەیەکمان گوت بچن لە تێلگرافخانەی مەهاباد دژی جنایەتی ناوچەی بۆکان مان بگرن. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە مالیکو فئوداڵەکانیش هاتبوون بۆ مەهاباد. «برایمی باپیر ئاغای»، «حوسێنە زەرد»و «هەمزە خەلیل» لە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»ەوە هاتبوون لە مسافیرخانەی «گوڵشەن» دەمانەوەو دەستیان لە کارەساتی بۆکاندا هەبوو.

ئێمە بیستمان ئەو ئاغایانە پارەیان داوە بە «عەلی‌یەشەل»ی قومارباز تا گیروگرفت بۆ بنەماڵەی بەندی کراوەکان پێک بێنێ. عەلی‌یەشەل کابرایەکی شەڕانیو قوماربازێکی ناسراوی مەهابادی بوو، کە لەگەڵ ژمارەیەک نەوچەی قوماربازو شەڕانیو لاتوولوتو چەقۆکێشی دەچوو لە ناوچەکانی «میاندووئاو»، «بناو» و «ورمێ» قوماری دەکرد.

ماوەیەک بەرلە ڕودانی ئەو کارەساتە، ڕۆژێک خەریک بووم بە بەر گاراژدا دەڕۆیشتم بە هەڵکەوت چاوم بە عەلی‌یەشەل کەوت کە لەبن دیواری گاراژ دانیشتبوو،و لەگەڵ ژمارەیەک لە نەوچەکانی وەک «شێرەی عاشیرەتی»، «سەدیقە درێژ»و «سمایل تی‌تی» تۆویان دەقرتاند. سمایل تی‌تی برای ئەو کاکە مینەیە بوو کە لە ماڵی ئێمە کاری دەکردو منی بەرەو خەباتی کوردایەتی هانداو خزمی دایکم بوو. سمایل تی‌تی کە منی دیت، هەستاو سلاّوی کردو ئەوانی‌تریش هەستانە سەرپێو سلاّویان کرد. من وەلاّمی سلاّوەکەم دانەوە پرسیم:

- بۆچی لێرە بە بێکاری دانیشتوون؟

- «چ بکەین! ئەوە لە شارویران زەماوەندەو ئێمە لێرە بێ پارە ماوینەتەوەو ناتوانین بچین قومار بکەین.»

- پێویستیتان بە چەندە؟

- «٥٠٠ تمەن.»

سمایل تیتیو عەلییەشەلم لەگەڵ خۆم بردنە کن «حەمە غەریبی دەباخی» کە لە نزیکی گاراژ دووکانی بەقاڵی هەبوو. حەمە غەریب ئەندامی حیزب بوو. من داوام لێکرد پێنج سەد تمەن بە حیسابی من بدات بە کاک سمایل. ئەوان پارەکەیان وەرگرتوو چوون بۆ شایی. دوای سێ رۆژ، سمایل تیتیو عەلییەشەل هاتنە ماڵێیو گوتیان دوو هەزار تمەنیان بردۆتەوەو ئامادەن هەزار تمەنی بە یارمەتی بدەن بە حیزب. من قەبووڵم نەکردو گوتم بچن پێنج سەد تمەنەکەی غەریبی دەباخی بدەنەوەو پێویست ناکا یارمەتی بە حیزب بکەن، ئێوە بۆ خۆتان فەقیرنو باشترە دەردێکی خۆتانی پێدەرمان بکەن.

کە بیستم ئاغاکان پارەیان داوە بە عەلییەشەلو خەریکن ئەو دەگیانی بنەماڵەی جوتیارە بەندیکراوەکان بەردەن، کە پەنایان بۆ مەهاباد هێناوە، تا حیزب یارمەتییان پێبکات. من ناردم سمایل تیتیو عەلییەشەل بێنە ماڵمان. ئەوان بەپەلە هاتن. ٧-٨ کەس بوون. کارەساتی بۆکانم بۆ گێڕانەوەو پاشان گوتم:

- بە داخم کە پارەتان وەرگرتووە جوتیارەکان نائومێد بکەن. ئەوان لێیان قەوماوەو پەنایان بۆ خەڵکی شاری ئێمە هێناوە تا یارمەتییان پێبکەین، بەلاّم ئێوە خەریکن بە پیلانی ئاغاکان ئومێدیان کوێر دەکەنەوە. من چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئێوە ئەو جۆرە کارانە بکەن. عەلی گوتی:

- «کاکە من بەو کارەم نەزانیوە. ئێمە نەخوێندەوارین. کەم تێدەگەینو لەوانەیە منداڵێکیش فریومان بدات. ئێستا کە تۆ رونت کردینەوە، دەزانین چ بکەین.»

عەلییەشەل و دارودەستەکەی هەستانو یەک راست چووبوونە مسافیرخانەی گوڵشەن تا ئاغاکان ببینن، کەچی دەبینن «فەتحی» سەرۆکی بەشی پاراستنی شارەوانی مەهابادو ئاغاکان بەیەکەوە لە رەستورانی مسافیرخانەکە دانیشتوون. عەلییەشەل لێیان دەچێتە پێشو ئاغاکان وەبەر پلاری جنێوو قسەی سووک دەداو دەڵێ:

- «ئێوە دوو هەزار تمەنتان داوینێ بچین ئەو خەڵکە چارەڕەشە ئازار بدەین، کە بۆخۆتان زوڵمتان لێکردوونو بوونەتە هۆی ئاوارە بوونیان. فەتحی سەرۆکی بەشی پاراستنە، ئەگەر رۆژێک ئێمە ئارەقی بۆ نەکڕین، پارەی ئارەق خواردنەوەی نیە.» عەلییەشەل بەمجۆرە فەتحی لە لای ئەوان دەشکێنێو پاشان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:

- «ئێمە باکمان لە حکومەت نیە و لە زیندانو لێدانیش ناترسین. هیچ لەوەش ناترسین کە خەڵک پاش ملە قسەمان پێ بڵێو بڵێن ئابڕومان دەچێ. ئێمە ئەو شتانە لەبەر چاو ناگرین، بەڵام ئێوە ئاغاوەتنو خۆتان بە پیاوی ماقووڵو خاوەن ئابڕوو دەزانن. من دەتوانم لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵمن لە نێو شەقامەکانی مەهاباددا بتانگرمو لەبەر چاوی خەڵک نێفەکتان ببڕمو کارێکی واتان بەسەر بێنم کە قەت ڕوی هاتنەوەتان بۆ مەهاباد نەبێ.»

عەلی بە دوای ئەو گوتنانەی‌دا دوو هەزار تمەنەکە داوێتە پێش ئاغاکانو مسافیرخانەی گوڵشەن بەجێ دێڵێو لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەچێتە کاروانسەرای «کۆسە»و «تاجرباشی»و گشت جوتیارەکان لەگەڵ خۆی دەباتە کەبابخانەی «حەمەشەل»و کەبابیان بۆ دەکڕێو پاشان دەیانباتە چایخانەی «عیمادی» چای‌یان دەداتێو سەرئەنجام دەچێ ئوتوبووسێک بەکرێ دەگرێو هەمووان سوار دەکاتو لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەیانباتەوە بۆ گوندەکانیانو بە ئاغاکان ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر دەست لەوانە بدەن نێفەکیان دەبڕن.

دوای ئەمە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان نوێنەرانی حکومەتو ئاغاکان پێکهات لە فەرمانداری مەهاباد. ئاغاکان لەو کۆبوونەوەیەدا، داوایان لە کاربەدەستەکانی حکومەتی کرد ژمارەیەک بەتاوانی هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین لە گوندەکان دەربکرێن. حکومەت داوای ئەوانی بەجێ گەیاند، بەڵام بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو داوایە پێشتر بەندییەکانی لە بەندیخانە ئازاد کردو پاشان ئەوانو ژمارەیەکی‌تری بە بنەماڵەوە بە زۆرەملی لە گوندەکان برد بۆ گوندێکی تازە سازکراو بە ناوی «داشخانە» لە نزیک «دوڕگە» لەنێوان مەهابادو نەغەدە، کە ئێمە پێمان دەگوت ئاوایی «سوور». دوای تەواو بوونی کارەساتی ناوچەی بۆکان، مەسەلەی ڕیفراندۆم هاتە کایەوە.

## ڕیفراندۆم

چونکە زۆربەی ئەندامانی «پەرلەمان» سەر بە بنەماڵەی پەهلەوی بوونو داکۆکیان لە شا دەکرد، دوکتور مصدیق نەیدەتوانی پێشنیارەکانی بە دەنگی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بگەیەنێ. ئەو لە ئاکامی ململانێی لایەنگرانی شا لە پەرلەماندا ناچار بوو بە دوای پەیامی ڕۆژی پێنجی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢دا، بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران داوای هەڵوەشاندنی پەرلەمان بکات. دوکتور مصدیق لە پەیامەکەیدا کە لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە، گوتی:

- «بەم وەزعەی کە پەرلەمانی خولی هەڤدە هەیەتی، هیوای هیچ چەشنە ئومێدێک بۆ

سەرکەوتن لە خەباتی نەتەوەیی ئێراندا بەدی ناکرێ. حکومەت ناچارە لە ئێوە خەڵکی نیشتمانپەروەر داوا بکات رای خۆتان بۆ مانەوە یان هەڵوەشاندنی پەرلەمان بە راشکاوی رابگەیەنن. پەرلەمان لەو مانگانەی دواییدا بۆتە بنکەیەکی ئاژاوەگێڕی. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، دەبوایە رای زۆربەی خەڵکی ئێران وەرگرێ. دوکتور مصدیق بەم بۆنەوە لە رۆژی پێنج شەممە سێزدەی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۳۲یەهە ریفراندۆمێکی رێکخست تا لە خەڵک بپرسێ پەرلەمان هەڵوەشێ یان وەک خۆی بمێنێتەوە.

دەرباری پەهلەوی دژی هەڵوەشاندنی پەرلەمان بوو. لەبەر ئەوە دوو سندووقیان دانا بە ناوەکانی سندووقی «بەڵێ»و سندووقی «نەخێر». سندووقی «بەڵێ» دەنگی لایەنگرەکانی دوکتور مصدیقی تێدا کۆ دەکرایەوەو سندووقی «نەخێر» دەنگی لایەنگرەکانی شا. لە مەهابادیش دوو سندووقیان دانا. سندووقی «بەڵێ» لە حەوشەی مزگەوتی هەباس‌ئاغاو سندووقی «نەخێر» لە حەوشەی مزگەوتی حاجی سەید بایز. فەرمانداری مەهاباد بەرپرسی بەسەر راگەیشتنی ئەو سندووقانە بوو. ئەو چەند مەئمورو ژمارەیەک پیاوی ناسراوی شاری لەسەر ئەو سندووقانە دانابوو، تا بەسەر سندووقەکان رابگەن‌و خەڵک بەسەربەستی دەنگ بدەن.

ئێمە بۆ داکۆکی کردن لە بۆچوونی دوکتور مصدیق، خەباتێکی نەپساوەی شێلگیرمان دەست پێکرد. گشت ئەندامان‌و لایەنگرانمان لە نێو خەڵکدا بلاو کردەوە تا ئەوان هان بدەن دژی شا راوەستن‌و بچن بۆ بەر مزگەوتی هەباس‌ئاغاو دەنگی «بەڵێ» لە سندووق هاوێژن. من و عەبدوڵلای ئیسحاقی‌و هاشمی حوسێن‌زادە لە لایەن حیزبەوە دیاریکراین بچین لە شوێنە جیاوازەکانی شاری مەهاباد خەڵک کۆ بکەینەوەو دەربارەی ریفراندۆم قسەیان بۆ بکەین و رای خەڵک بەرەو هەڵوەشاندنی پەرلەمان راکێشین.

من ۷-۸ کەسم لەگەڵ بوو. لە دوو شوێنی مەیدانی مەنگوڕان‌و شوێنێکی مەیدانی ئاردی‌و چوار چرای مەهاباد قسەم بۆ خەڵک کرد. کاتێک لە مەیدانی ئاردی لە نێوان حەمامی میرزا رەسووڵ‌و گاراژی مەهاباد خەریکی قسە کردن بۆ کۆمەڵێک خەڵک بووم، پۆلیسان هێرشیان کردە سەرم، بەلاّم خەڵکەکە لە بەرامبەریاندا راوەستان‌و بەبێ ئەوەی رووداوێکی تاڵ بخوڵقێ بەرەو چوارچرا چووم‌و لەوێش قسەکانم بۆ خەڵک دووپات کردەوە.

عەبدوڵلای ئیسحاقی لەبەر مزگەوتی هەباس‌ئاغای قسەی بۆ خەڵک دەکردو هاشمی حوسێن‌زادە لە مەیدانی «حەمەخرچە»و «سەربەرداشی». ئێمە، بۆ هەر شوێنێک دەچووین جەماوەرەکەش وەشوێنمان دەکەوتن‌و هەردەهات ژمارەیان زیادی دەکرد، تا سەرئەنجام ئەو کۆبوونەوە بچووکانەمان لەگەڵ کۆبوونەوەیەکی گەورەی بەر مزگەوتی هەباس‌ئاغا

تێکخستەوە. لەوێ، خەڵک دەنگیان دەدا.

دوای ژماردنی دەنگەکان دەرکەوت گشت خەڵکی مەهاباد بەقازانجی دوکتور مصدیق دەنگیان داوەو سندووقی لایەنگرەکانی شا لە مزگەوتی حاجی سەید بایز تەنیا دەنگێکی هەبووە. یەکێک لە لێپرسراوان کە لەسەر سندووقی مزگەوتی حاجی سەید بایز بوو، پێی رایگەیاندین کە ئەو دەنگە هی «سمایلی شافعی»یە. لەبەر دەرمانفرۆشی «ساڵحزادە» چاوم بە سمایل کەوتو هۆی ئەو کارەیم لێپرسی. ئەو گوتی:

- «چونکە هاشمی حوسێنزادە پێی گوتووم «ئاغای ژیگۆل بۆچی دەستت لە گیرفانت ناوەو ناچی دەنگ بدەی»، منیش لە داخی ئەو کردەوە نالەبارەی ئەو چووم دەنگمدا بە شا، ئەگینا نەمدەویست بە هیچکامەیان دەنگ بدەم.

ئێمە رەخنەمان لە هاشمی حوسێنزادە گرتو گوتمان لەو کاتانەدا ئەندامی حیزب دەبێ هێندێک ئارامو لەسەرەخۆ بێ.

ریفراندۆم بەشێوەیەکی زۆر پانو بەرین لە مەهاباد ئەنجامی گرت. هەرچەندە ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو، بەڵام ئێمە پێمان راگەیاندبوون رۆژی هەڵبژاردن لەبەر مزگەوتی هەباسئاغا کۆ ببنەوە. ئەوە یەکەم خۆپێشاندان بوو، کە ژنان بەشداریان تێدا کرد. من بەرپرسی رێکخراوی ژنان بوومو بەرلە من عەزیزی یوسفی ئەو ئەرکەی بەئەستۆوە بوو.

ریفراندۆم لە شارەکانی نەغەدە، شنۆ، سەردەشت، سەقز، سنەو بانە بە شێوەی جۆراوجۆر بەرێوە چوو، بەڵام لە هەموو لایەک خەڵک لەگەڵ رای دوکتور مصدیق بوو. هەروەها لە باقی هەرێمەکانی ئێرانیشدا خەڵک بە سوودی دوکتور مصدیق دەنگیان دابوو. لە ئاکامی ئەو ریفراندۆمەدا، دوکتور مصدیق «پەرلەمان»ی هەڵوەشاند.

## هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانی ئێران

بەر لەوەی ئەندامانی پاڵێوراو بۆ خولی ١٧ی پەرلەمان بە خەڵک بناسێندرێن، رێبەرایەتی حیزبی تودە داوای لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کرد نوێنەرێکمان بچێتە تاران‌و ئەوان ببینێ. ئێمە رەحیمی سوڵتانیانمان نارد. نوێنەری حیزبی تودە بە رەحیمی سوڵتانیانی گوتبوو:

- «ئەگەر حیزبی تودە کەسێک بە نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد بۆ «پەرلەمان» بناسێنێ، ئێوە ئامادە دەبن دەنگی بدەنێ.» رەحیمی سوڵتانیان لە وڵامدا رایگەیاندبوو:

- ئەگەر ئەو پاڵێوراوەی ئێوە کورد بێ‌و بەو شەرتە رژیم بە زۆری سەرنێزە پێشمان پێنەگرێ، ئێمە دەتوانین لە هەموو ناوچەکانی مەهاباددا دەنگی بۆ کۆ بکەینەوە. تەنانەت ئەگەر رژیم بە زۆری سەرنێزەش پێشمان پێ‌بگرێ دیسانیش ئێمە دەتوانین بە نهێنی خەباتی بۆ بکەین‌و دەنگی بۆ وەرگرین.

پێش‌بینی‌یەکەی رەحیمی سوڵتانیان دروست بوو. رێبەرایەتی حیزبی تودە بەپێی ئەو بۆچوونە، «سارمەدینی سادق‌وەزیری» بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد ناساند. سادق وەزیری هاتە مەهاباد‌و ئێمە لەماڵی رەحیمی خەرازی شوێنمان بۆ دیاریکرد. ناوبراو لە باری فیکری‌یەوە یارمەتی دەداین‌و پێی دەگوتین بەچ شێوەیەک بەشداری خەباتی هەڵبژاردن بکەین‌و بۆ خۆیشی لە بڵاوکراوەیەکدا خۆی بە خەڵکی مەهاباد ناساندو ئێمەش چەند راگەیاندراوی بچووک‌مان لەسەر بڵاو کردەوەو داوامان لە خەڵک کرد بە سادق وەزیری دەنگ بدەن. سادق‌وەزیری لە بڵاوکراوەکەیدا راگەیاند ئامادەیە لە «پەرلەمان»دا بە نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد داکۆکی لە مافی گەلی کوردستان بکات.

جیا لە سادق وەزیری، دوکتور محەممەدی موکری‌ش لە لایەن «جبهەی میللی» یەوە بۆ نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد پاڵێورابوو. دوکتور موکری هاتبووە مەهابادو لە ئیدارەی فەرهەنگ جێگیر ببوو. «هاشمی شیرازی» بۆی هەڵدەسوڕاو دەیەویست دەنگی بۆ کۆ بکاتەوە. بە دوای کودیتای ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣دا، دەرکەوت دوکتور شیرازی ئەندامی

بەشی پاراستنی حیزبی تودەیەو لە ژێر دەستی دوکتور «یەزدی»دا کار بۆ حیزبی تودە دەکات. رژێمی ئیران، دوکتور شیرازی بە تاوانی ئەندام بوونی لە حیزبی تودەدا گرتو نۆ مانگی زیندانی کرد.

دوکتور موکری ناربووی من بچمە لای. هەروەکو پێشتر گوتم ئەو کاتەی کە ئێمە لاوەکانی سازمانی جەوانانی ژ-ک نومایشی دایکی نیشتمانمان هێنایە سەرشانۆ ئەو رەئیسی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو. من چوومو ئەو داوای لێکردم هەوڵی بۆ بدەم خەڵک دەنگی بداتێ. منیش داوام لێکردو گوتم ئەگەر خۆبکێشیتەوەو بگەڕێتەوە بۆ تاران سەنگینترە، چونکە لە مەهاباد دەنگ ناهێنێتەوە. دوکتور شیرازی لە بلاوکراوەیەکدا ئەوی بە خەڵک ناساندبوو،و داوای لە خەڵکی مەهاباد کردبوو کە دەنگی بدەنێ. دوو کەسیتریش هەبوون بە ناوەکانی «نەوشیروانی» خەڵکی سەقز کە مودیری رۆژنامەیەک بوو لە تارانەوە هاتبوو بۆ مەهاباد تا ببێتە نوێنەری خەڵکی مەهابادو مەلایەکی عەجەمی سەر بەدەرباریش کە پێیان دەگوت «ئیمام خۆیی» لە لایەن دەربارەوە بۆ نوێنەری خەڵکی مەهاباد دەستنیشان کرابوو، کە تیپی مەهاباد لایەنگری لێدەکرد. ئەو کات فەرماندەی تیپی مەهاباد ئەفسەرێکی خەڵکی کرماشان بوو بە ناوی سەرتیپ موزەفەری.

خەبات بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ کۆ کردنەوەی دەنگ بۆ پالێوراوەکان دەستی پێکرد. لێرەدا، دیسان نەخشی «عەلی شەلی» قومارباز زەق بۆوە. لە روکنی۲ی ئەرتەش پارەیان دابوو بە عەلی شەلو پێیان‌گوتبوو، سادق وەزیری هەموو رۆژێ ئیواران دێتە نێو شەقامەکانی شارو خۆی بە خەڵک نیشاندەداو دەیەوێ بەمجۆرە سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆی راکێشیو دەنگیان لێوەرگرێ. پێویستە ئەو کاتەی ئەو لەنێو خەڵک دایە، تۆ بچیو چەند قسەی سووکی پێ‌بڵێیو بیشکێنی. کاتێک بەو دیاردەیەم زانی، چووم عەلی شەلم دیتەوەو داوام لێکرد فریوی روکنی۲ی ئەرتەش نەخوا. ئەو داواکەی منی سەلماندو چوو بۆوە روکنی۲ و پارەکەی دابوونەوەو بە سەرۆکی روکنی۲شی گوتبوو، ئەوە کاری من نیەو ناتوانم ئەو کارە ئەنجام بدەم.

لە هەڵبژاردنی خولی ۱۷ی پەرلەماندا، روکنی۲ بەبێ راگەیاندنی حکومەتی سەربازی کۆمەڵە سەربازو پۆلیسێکی زۆری لە شەقامو بازاڕەکانی شاری مەهاباددا بلاو دەکردەوە و نزیک بە بیست ئەندامی ئێمەی گرت. هەموو رۆژێ ئەو بیست بەندیانەیان بەبیانووی بردن بۆ دادگاو نەخۆشخانە بەدەستی بەستراو دەهێناو بەنێو شەقامەکانی شاردا دەیانگێران تا بەمجۆرە خەڵک چاوترسێن بکەنو لە بەشداریکردنی هەڵبژاردن بپرینگێننەوە. ئەندامە دەست بەسەرکراوەکانی حیزبیش بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەو دۆخەو شەپو زللەی سەربازو

پۆلیسەکانی مەئمور کە لێیان دەکەوت، دروشمیان دەداو بە دەنگی بەرز داوایان لە خەڵک دەکرد، نەترسێن‌و سادق وەزیری بە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. ئێمەش کە نفوزێکی زۆرمان لەنێو خەڵکدا هەبوو، هەم لە ڕێگای بڵاوکراوەی ڕەسمی‌و هەم بەسەردان لە دووکاندارەکان‌و داریرەکانی حکومەتی داوامان لە خەڵک دەکرد، بە سادق وەزیری دەنگ بدەن.

بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ئازاد ئەنجام بدرێ، دوکتور مصدیق بە نووسراوە بە گشت فەرمانداری شارەکانی ئێرانی ڕاگەیاندبوو، دەبێ بە تەواوی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردندا بکەن‌و هەلێکی لەبار بۆ خەڵک برەخسێنن کە هەموو کەس بتوانێ بە ئازادی دەنگ بدات. من بە ڕێنوێنی سادق وەزیری چوومە فەرمانداری‌و بە فەرماندارم گوت:

- ئێمە ژمارەیەک لە خەڵکی مەهاباد دەمانەوێ ڕێکخراوێک دروست بکەین بە ناوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن». بۆ ئەو مەبەستە داوا دەکەین ڕونووسێکمان لەو فەرمانە بدەنێ کە دوکتور مصدیق بۆ هەموو فەرماندارەکانی ئێرانی ناردوە. هەروەها داوا دەکەین فەرماندار دەستور بدات نوێنەرانی ڕێکخراوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن» ئیزن بدرێن لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بن‌و بۆ چاوەدێری کردنی هەڵبژاردن یارمەتی بە مەئمورەکانی ئێوە بکەن. فەرماندار ئامادە نەبوو هاودەنگی لەگەڵ پێشنیارەکەی من بکات، بەڵام من ڕونووسی ڕاگەیاندراوەکەی دوکتور مصدیق‌م لە گیرفانم دەرهێناو گوتم:

- دوکتور مصدیق لەو ڕاگەیاندراوەدا ئێوەی مەئموور کردوە کاتی هەڵبژاردن مافی خەڵک بپارێزن‌و چاوەدێر بنێرنە سەر سندووقەکان‌و هەلێک برەخسێنن کە هەموو کەس بتوانێ بە ئازادی دەنگ بدات. ئەگەر ئێوە ئامادە نەبن دەقی ڕاگەیاندراوی دوکتور مصدیق لەبەر چاو بگرن، ئێمە ناچار دەبین شکایەتت لێ بکەین. فەرماندار لە وڵامدا گوتی:

- «ئاغایی بلوریان من تۆ بە نوێنەری خەڵک ناناسم. تۆ تاقە کەسێکی هاتووی خۆت کردۆتە نوێنەری خەڵک.»

- ئەگەر ژمارەیەکی زۆر هاتن‌و پشتی گوتنی منیان گرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن» تۆ چ دەڵێی؟

- «ئەگەر ژمارەیەکی زۆر بێن‌و لە بۆچوونی تۆ پشتیوانی بکەن، منیش داواکەیان لەبەر چاو دەگرم.»

من گەڕامەوە لای سادق وەزیری‌و مەسەلەکەم پێڕاگەیاندو پاشان چووم لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتە کۆ بووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا ڕێکخراوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن» دامەزرێنین. ئینجا من چووم لە نزیک چوارچرا دووکانێکم بکرێ گرت.

میزێک‌و سەندەڵی‌و دەفتەرێکم لێ داناو یەکێک لە هاوڕێیانیش چوو تابلۆی بۆ نووسی‌و ئەوانی‌تریش چوون ئەندامانی حیزب ئاگادار بکەن، بێن ناویان لەو دەفتەرەدا بنووسن‌و بە خەڵکی‌تریش رابگەیەنن بە پێناسەوە بێن‌و ناوی خۆیان بنووسن. نزیک بە ۱۵۰ ناومان بە ئادریسەوە کۆ کردەوە. من دەفتەرەکەم لەبن هەنگڵم ناو چوومەوە بۆ لای فەرماندارو ئەوم پیشانداو گوتم:

- ئەوانە پشتی ئەو رێکخراوە دەگرن. فەرماندار چاوێکی بە دەفتەرەکە داخشاندو گوتی زۆر باشەو من لەگەڵتانم. فەرماندا بە مستەفای نژادی کارمەندی فەرمانداری گوت:

- حوکمێک بۆ ئاغای بلوریان بنووسە. ئەو دەتوانێ بە شێوەی کاتی تا تەواو بوونی رۆژی هەڵبژاردن رێکخراوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن» دامەزرێنێ.

مستەفای نژادی حوکمەکەی بۆ نووسیم‌و فەرماندار ئیمزای کردو دوای ئەوە کە من حوکمەکەم وەگرت، گەڕامەوە لای هاوڕێیەکانم‌و تابلۆکەمان لەسەر دەرگای دەفتەری رێکخراوەکەمان هەڵاوەسی. ئێمە بریارماندا بوو ئەگەر فەرمانداریش نکوڵی لەگەڵ داواکەمان بکا، ئێمە ئەو رێکخراوە دامەزرێنین‌و بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان، تەنانەت ئەگەر بەقیمەتی گیانیشمان تەواو بێ، پێشتریش ئەوەمان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردبۆوەو دەزگاکانی حکومەتیش دەیانزانی. هەروەها بە خەڵکمان راگەیاندبوو پشتمان بگرن‌و لەکاتی پێویستدا دووکان‌و بازارەکان داخەن‌و مان بگرن.

ژمارەیەک قۆڵبەندی سپی‌مان دروست کرد، کە لەسەریان نووسرابوو «پارێزەرانی بەرگری کردن لە مافی ئازادی هەڵبژاردن». بۆ هەر سندووقەی دوو چاوەدێرو هەواڵنووسێکمان بە دووربینی وێنە گرییەوە دیاریکرد. ئەوانە لە لایەن فەرماندارەوە بەرەسمی ناسرابوون‌و لەگەڵ مەئمورەکانی حکومەتی بەیەکەوە دەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان لە شارو گوندەکاندا.

ئێمە پێشتر لەگەڵ کۆمیتەکانی حیزبی لە گوندەکاندا قسەمان کردبوو. لە ئەندامانی کۆنی حیزب کە بە کۆنە دێموکرات دەناسران وەک حوسێنی فروهەر، مستەفای سوڵتانیان، خەلیلی خوسرەوی، وەهابی بلوریان، سەدیقی حەیدەری‌و چەند کەسی‌تر کۆمیتەیەکمان پێکهێناو چونکە ئەوانە ئێمەیان قەبووڵ نەبوو،و بە منداڵیان دەزانین، رەحمانی قاسملومان کرد بە بەرپرسیان. بە فەرهەنگی کوردەواریش ئەو کات نەدەکرا، کوڕ ببێتە بەرپرسی بابی خۆی، بەڵام قاسملو کە خەڵکی مەهاباد نەبوو، بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەندامی حیزب بێ، ئێمە بۆ ئەو کارە کەڵکمان لێوەرگرت.

بە قاسملومان گوت داوا لەوان بکا پێوەندی بە ئەندامانی کۆنی حیزب‌و ئاغاکانەوە

بگرن‌و ئه‌وان هان بده‌ن پشتی ئێمه بگرن‌و به سادق وه‌زیری ده‌نگ بده‌ن. ئاغاکان ولأمیاندا بۆوه‌و گوتبوویان، ئه‌گه‌ر حکومه‌ت راسته‌خۆ له ئێمه‌ی نه‌وێ به ئیمام جومعه «خۆیی» ده‌نگ بده‌ین، ئێمه ده‌نگی خۆمان به ئێوه ده‌ده‌ین، به‌لأم ئه‌گه‌ر ئه‌وان راسته‌خۆ ده‌ستوور به ئێمه بده‌ن، ئێمه ناتوانین ئه‌و کاره بکه‌ین.

هه‌روه‌ها پێوه‌ندیمان به شێخ محه‌مه‌دی شێخی بوورهان‌و شێخ حه‌سه‌نی غه‌وس‌ئاواو خه‌لیفه ئامین قه‌مته‌ره‌وه گرت‌و داوامان لێکردن به خه‌لیفه‌کان‌و مریده‌کانی خۆیان رابگه‌یه‌نن که یارمه‌تیمان بده‌ن. شێخ محه‌مه‌د به نامه خه‌لیفه‌کانی ئاگادار کردو خه‌لیفه ئامینش له رۆژانی چوار شه‌ممه‌دا که ژنان ده‌چوونه مالی‌و «ختم»یان ده‌کرد، داوای لێکردن، مێرده‌کانیان هان بده‌ن پشتی حیزبی دیموکرات بگرن‌و به سادق وه‌زیری ده‌نگ بده‌ن.

حیزب، رێکخراوێکی به‌هێزی ژنانی هه‌بوو له مه‌هاباددا. ئه‌و رێکخراوه، ٨ی مارس‌و رۆژی «ساوایان»ی جێژن ده‌گرت. له جێژن‌و ئاهه‌نگه‌کانی رێکخراوی ژناندا گرووپی مووزیک ئاهه‌نگی ده‌گێراو کاک محه‌مه‌دی ماملێ به ده‌نگی خۆش‌و زولالی کۆره‌کانی گه‌رم ده‌کرد. ژنان هه‌رچه‌نده به‌پێی یاسای ئێران مافی ده‌نگدانیان نه‌بوو، به‌لأم هێزێکی کاری بوون بۆ راکێشانی پیاوان بۆ سه‌ر سندووقه‌کانی ده‌نگدان. هه‌ولدانی ژنان بۆ هه‌لبژاردن، ژماره پیاوێکی زۆری هاندا له هه‌لبژاردندا به‌شداری بکه‌ن. له سازمانی ژناندا، له مافی به‌رامبه‌ری ژن‌و پیاو ده‌دواین.

رۆژێک به‌ر له هه‌لبژاردن حکومه‌ت ناچار بوو به‌ندییه‌کان ئازاد بکات. دوای ته‌واو بوونی هه‌لبژاردن ده‌رکه‌وت که خه‌لکی مه‌هاباد به تێکڕایی ده‌نگیان به سادق وه‌زیری دابوو. له‌نێو مه‌نگوڕان، سندووقی ده‌نگیان له‌کن پاسگای ژاندارمه‌ری «کوێنچکه‌ده‌رێ» دانابوو، هه‌رچه‌نده سندووقه‌که لێپرسراوی خۆی هه‌بوو، به‌لأم به‌پێی ژماره‌یه‌ک وێنه که عه‌بدوللای ئیسحاقی له‌و جێیه گرتبوونی، ده‌رکه‌وت که ژاندارم‌و ئاغاکان وه‌رزێره‌کانیان ناچار کردبوو، ده‌نگ به سادق وه‌زیری نه‌ده‌ن. ئه‌وان بۆ گه‌یشتن به‌م مه‌به‌سته جوتیاره‌کانیان له ریزێکدا راگرتبوو،و ده‌ستێکیان پێ به‌رز کردبوونه‌وه‌و به‌ریز بردبوویانن بۆ سه‌ر سندووقی ده‌نگدان، به‌لأم لادێیی‌یه‌کان کاغه‌زی ده‌نگی سادق وه‌زیری‌یان له ژێر کلأو پێنچه‌کانیان له‌بن گوێنچکه‌یان نابوو، کاتێک ده‌گه‌یشتنه سندووقی ده‌نگدان کاغه‌زه‌که‌یان ده‌رده‌هێناو له سندووقه‌که‌یان داهاویشت.

عه‌بدوللای ئیسحاقی چه‌ند وێنه‌ی هێنابۆوه، که پێشانیان ده‌دا ئاغاو ژاندارمان له وه‌رزێره‌کانیان داوه‌و ته‌نانه‌ت به زۆری ریخیان پێده‌رخوارد داون. ئه‌و هه‌روه‌ها چه‌ند پێناسی مندالی ته‌مه‌ن ١٢- ١٣ سالّه‌شی وه‌چه‌نگ که‌وتبوو که مۆری ده‌نگدانیان پێوه

بوو. ئاغاکان بۆ ئەوەی ژمارە دەنگێکیپتر لە سندووق هاوێژنو بەمجۆرە وەفاداری خۆیان بە کاربەدەستانی حکومەت بسەلمێنن، گەلێک کاری دژ بە یاسایان ئەنجام دابوو. عەبدوڵلای ئیسحاقی گشت ئەو بەڵگانەی کردبۆە سورتمەجلیسو بە دانی بەرتیل، ئەوانی بە ئیمزای پاسگای «گوێچکەدەری»ی گەیاندبوو.

کەسێک هەبوو لە مەهاباد بە ناوی «ساڵحی شاتری» کە پاشان بە حاجی ساڵحی شاتری دەناسرا. ئەو مودیری شەریکەی نەوتی مەهابادو میاندووئاو، و سەرۆکی ئەنجومەنی شاری مەهاباد بوو. فەرماندار کاتی هەڵبژاردن ئەوی کردبوو بە سەرۆکی لیژنەی چاوەدێری هەڵبژاردن. رادیۆ فیرقەی دێموکرات کە پاشان کرا بە رادیۆ «دەنگی میللی» سەرەڕای بڵاو کردنەوەی پرۆگرام بە زمانی تورکی، پرۆگرامێکیشی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە.

ئەو رادیۆیە زۆر جاران ناوی خەڵکی بڵاو دەکردەوەو هێرشی دەکردە سەریان. ئێمە نەماندەزانی کێ ئەو ناوانەیان دەداتێ. ناوی ساڵحی شاتریش لەو رادیۆیە بڵاو کرابووەو بە ناوی نۆکەری دەربارو ئینگلیس ناساندبوویان. ساڵحی شاتری، شەوێ پاش هەڵبژاردن میرزاکەی خۆی بە ناوی «حەسەن چۆلەکە» ناردبووە لای منو گوتبووی بەپەلەو بەنهێنی بچم بۆماڵیان. سەعات نزیک بە ١٢ی شەو بوو. بەفرێکی زۆر باریبوو. من لەگەڵ حەسەن چۆلەکە بە کۆلاناندا چوومە ماڵی ساڵحی شاتری. ئەو گوتی:

- «روکنی٢ خەریکە ئەمشۆ سندووقەکانی مەهاباد بگۆڕێو سندووقیتریان لەجێ دانێ. ئەگەر ئێوە ئەمشۆ چاوەدێری لە سندووقەکان نەکەن، بێگومان ئەوان دەگۆڕنو هەوڵو تێکۆشانەکەتان پووچەڵ دەبێ.» من سوپاسم لێکردو بە پەلە ئەندامانی کۆمیتەم ئاگادار کرد.

روکنی٢ شەوانە ٥-٦ گروبانی بە بەرگی شەخسییەوە لە دەورو بەری ماڵی رەحیمی خەرازی دادەناو هەر کەس چووبایە ئەو ماڵە، لە پەنایەکی تاریک دەیانگرت لێیان دەدا. لەبەر ئەوە من ٨-٩ کەسم هەڵگرتو چوومە ماڵی رەحیمی خەرازی. نەخشەی روکنی٢م بۆ سادق وەزیری گێڕاوە. گوتی:

- «بەو نیوە شەوە چمان بۆ دەکرێ؟ پێشنیارتان پێدەکەم ژمارەیەکیپتر کۆ بکەنەوەو بچن بۆ بەر دەرگای فەرمانداریو بە فەرماندار بڵێن ئێمە بەدوای تەواو بوونی دەنگدان، سندووقەکانی دەنگمان تەسلیمی فەرمانداری کردوەو ئێستاش داوادەکەین چەند چاوەدێر لە رێکخراوی «پارێزەرانی بەرگری کردن لە ئازادی هەڵبژاردن» بنێرێتە سەر سندووقەکان، تا لەگەڵ مەئمورەکانی ئێوە بە یەکەوە چاوەدێری لە سندووقەکان بکەن.»

ئێمە بە پەلە ژمارەیەکیترمان لە خەڵکی شار لە خەو هەستاندو چووینە بەر دەرگای

فەرمانداری. سەعات دووی نیوە شەو بوو. لەسەر کۆما بەفرەکانی بەر دەرگای فەرمانداری ڕاوەستاین‌و لە دەرگاکەماندا. بەهەڵکەوت مستەفای نژادی کێشک بوو. گوتمان، دەمانەوێ چاومان بە فەرماندار بکەوێ، ئەگەر ئەو ناتوانێ بەو شەوە ئێمە ببینێ، داوا دەکەین بە تەلیفوون قسەمان لەگەڵ بکا.

مستەفای نژادی بە تەلیفوون داواکەی ئێمەی بە فەرمانداری ڕاگەیاند. ئەو نەهات ئێمە ببینێ، بەڵام من چووم بە تەلیفوون قسەم لەگەڵ کردو گوتم:

- ئێمە ئەو کردەوەیە قەبووڵ ناکەین‌و تۆ بە بەرپرس دەناسین، چونکە بە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردن سندووقەکانمان داوەتە دەست ئێوە. پاشان داوام لێکرد ئیزن بدات سێ کەس بچن لەگەڵ مەئمورەکانی ژاندارمەری‌و فەرماندار تا بەیانی کاتی خوێندنەوەی دەنگەکان لەکن سندووقەکان بمێننەوە. فەرماندار گوتی:

- «نیو سەعاتی دیکە زەنگم بۆ لێدە.»

نیو سەعات تێپەڕی‌و من تەلیفونم بۆ کردەوە. بۆم دەرکەوت ناوبراو تەلیفونی بۆ سەرتیپ «مزەفەری» کردوەو ئەویش گوتوویەتی مەئموور بنێرن لێیان بدەن. هەوا زۆر سارد بوو. سەعات لە ۳ی بەیانی تێپەڕیبوو، کە ژاندارمان هاتن. ئێمە دەستی یەکترمان گرت‌و لەسەر بەفرەکان ڕاکشاین. ئەوان زۆریان بە قۆنداخە تفەنگان لێداین، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا. ژاندارمەکان لێمان کشانەوە، بەڵام دوور نەکەوتنەوە. ئێمە هەستاینە سەرپێ‌و بە تۆپی بەفر لە دەرگای فەرمانداریماندا. پاشان چووینە پێش‌و بە مستان وەرگەڕاینە دەرگاکە تا دەرگایان کردەوەو بەمنیان گوت:

- «فەرماندار دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا.» من چووم گۆشی تەلیفونەکەم وەرگرت‌و بە توندی ڕەخنەم لە فەرماندار گرت‌و گوتم:

- تۆ لە جیاتی ئەوەی ئەرکی خۆت بەرێوە بەرێ، ژاندارمەت وەسەر گێڕاوین.

- «ئاگادار ئەوە نیم، فەرماندەی تیپ ناردونی‌و من ناتوانم دەست لە کاری ئەو وەردەم.»

فەرماندار سەرئەنجام ڕازی بوو لەگەڵ فەرماندەی تیپ قسە بکاتەوەو لەترسی لەدەست دانی پلەو پایەکەی داوای ئێمە بسەلمێنێ‌و ئێمە مستەفای بارنجی‌و دوو کەسی‌ترمان ناردە لای سندووقەکان. دوای تەسلیم بوونی فەرماندار، ئێمە سوپاسی خەڵکەکەمان کردو ئەوان چوونەوە بۆ ماڵەکانیان. سەرلەبەیانی زوو داوامان لە خەڵک کرد بچنە پێش فەرمانداری‌و داوا بکەن چی‌تر سندووقەکان ڕانەگرن‌و دەنگەکان بخوێننەوە. نزیک بە ۱۰۰۰ کەس لە بەر دەرگای فەرمانداری کۆ بووینەوە، تا سەر ئەنجام فەرماندار دەستووری خوێندنەوەی دەنگەکانی دا.

دەنگەکان خوێندرانەوە. «ئیمام خۆیی» نوێنەری دەرباری پەهلەوی تەنیا ٣٢ دەنگ هێنابۆوە و باقی دەنگەکان بە تێکڕایی هی «سادق وەزیری» بوون. لەوە دەچوو ئەو ٣٢ دەنگەش هی کەسانێک بن کە مەهابادی نەبووبن. بە کورتی ئێمە لە مەهاباد کە ناوەندی هەڵبژاردن بوو، سەرکەوتین. سادق وەزیریش ئەو بەڵگانەی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ تاران کە عەبدوڵڵای ئیساقی کۆی کردبوونەوەو لە رۆژنامەکاندا چاپی کردن‌و چەند وتووێژێکیشی دەربارەی فێڵ‌و تەڵەکەی حکومەت لە هەڵبژاردندا کرد. بەمجۆرە، ئەگەر ئەو بەڵگانە روو نەکرابایەن لەوانە بوو حکومەت «ئیمام خۆیی» بکات بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد. بەڵام ئەو بەڵگەو وتووێژانەی سادق‌وەزیری باعیس بوون هەڵبژاردنی مەهابادی بە هۆی دەست تێوەردان‌و فێڵ کردن قەبووڵ نەکەن‌و لە ئەنجامدا کورسی نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد لە خولی ١٧ی «پەرلەمانی ئێران»دا بە بەتاڵی مایەوە.

دوای هەڵبژاردن، ئەرتەش گەلێک توندو تیژی لەگەڵ خەڵک‌و بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەکرد. رۆژانە گروبانیان بە کۆمەڵ دەنار بۆ شەقام‌و کۆڵانەکانی شاری مەهابادو لەگەڵ خەڵکیان بەشەر دەدان. ئێوارەی رۆژێک، عەزیزی یۆسفی‌یان گرتبوو، و لەبەر چاوی خەڵک لە چوارچرا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە برینداریان کردبوو. لەوە دەچوو ئەگەر «حشمەت» سەرۆکی پۆست‌و تێلگراف مەهاباد بە فریای نەگەیشتبا بە دەست گروبانان بکوژرێ. برینەکانی عەزیز ئەوەندە قووڵ بوون کە ناچار بوو پازدە رۆژان لە نەخۆشخانە بێ. ئێمە بە ناچارو بۆ ئەوەی بیانوو بە ئەندامەکانمان نەگرن، بە ئەوانمان راگەیاندبوو ئێواران کەمتر هاتووچوی نێو شار بکەن‌و کاتی خوولانە لەنێو شاریش هەوڵ بدەن بە کۆمەڵ بگەڕێن‌و خۆ لەشەڕ بپارێزن.

سەرەڕای لەبەر چاو گرتنی ئەو تێبینی‌یانە، من شەوێک لە شەوانی هاوینی دوای هەڵبژاردن خەریک بووم لەگەڵ «عەلی‌سەدیقی» ژن برام لە ماڵی ئەوانەوە دەچووین بۆ ماڵی ئێمە، کە لە نزیک گەڕەکی ئەرمەنیان لە داوی ژمارەیەکی ٣٠ کەسی گروبان کەوتین. ئەوان بە چەقۆو دەمانچان پێشیان پێگرتین‌و رژانە سەرمان‌و تا خودا حەز بکات بە دەسکی دەمانچان لێیان داین‌و چەقویەکیشیان لە کەلەکەی چەپی نزیک دڵی عەلی‌دا. ئەوان خەریک بوون بە راکێش راکێش ئێمەیان دەبرد بۆ دیژبان‌و ئێمە هاوارمان دەکردو داوامان دەکرد خەڵک بە هانامانەوە بێن.

چونکە وەرزی هاوین بوو، و خەڵک لەسەر بانان دەنووستن، دەنگی ئێمەیان بیست‌و بە هانامانەوە هاتن. شەڕێکی توند لەنێوان خەڵک‌و گروبانەکان روویدا. نزیک بە ٢٠ کەس بە چەقۆو قونە دەمانچەی گروبانان بریندار بوون. کاتێک ئەوان دیتیان ژمارەی خەڵکەکە هەر

دیتوو زۆر دەبێ، پولیس بە فیتفیتە لێدان داوای یارمەتیان کردو ژمارەیەکی زۆر پۆلیسو دیژبانی چەکدار بەفریایانەوە هاتن. خەڵکەکە ئێمەی دەرباز کردو بردیانین بۆ لای دوکتور «زولفەقاری». ئەو برینداره‌کانی برین پێنج کردو «عەلی»شی عەمەلیات کرد. دوای ئەوە، سەرۆکی دیژبان هاتو دەستووری گرتنی داینو نزیکەی ۱۷-۱۸ کەسیان گرتین.

بەیانی رۆژی دوایی، لە کاتێکا هەموو سەرو گوێلاکمان بریندار بوو، پۆلیسو دیژبانی چەکدار، ئێمەیان بە دەستی بەستراو لە نێو خۆیان گرتو بەنێو شەقامەکانی مەهابادا بردیانین بۆ دادگا. فەرماندەی تیپ بۆ دادگای نووسیبوو: «ئەوانە خەریک بوون دیژبانی کێشکی شار چەک بکەن.» ئێمە قسەکانی فەرماندەی تیپی مەهابادمان وەدرۆ خستەوەو چۆنیەتی روداوەکەمان بۆ سەرۆکی دادگا گێراوەو گوتمان: ئەگەر خەڵک بەفریامانەوە نەهاتبان بە چەقۆو قونە دەمانچان دەیانکوشتین. ئەندامانی حیزب لەو کاتەدا کە پۆلیسو دیژبانان خەریک بوون ئێمەیان دەبرد بۆ دادگا وێنەیان لێ‌هەڵگرتبووینەوەو لە رۆژنامەکانی «شەهباز»و «بەسوی آینده»دا چاپیان کردبوو. سەرۆکی دادگا بە دیتنی سەرو گوێلاکی ئێمەو پاشانیش بە دیتنی وێنەکانمان لە رۆژنامەکاندا ناچار بوو ئێمە ئازاد بکا.

دوای ئازاد بوونم، بە ناوی خۆم تێلگرافێکم بۆ رۆژنامەی «بەسوی ئاینده» نارد، کە لەودا هاتبوو:

سەرتیپ موزەفەری نۆکەری دەرباری پەهلەوی لە قینی رووداوی هەڵبژاردنی خولی ۱۷ی پەرلەمان ئێران لە مەهاباد دەستووری بە چەقۆ کێشەکانی بەردەستی داوە لێم بدەن. گروبان «مەنسووری»، گروبان «نەقەوی»و ۳۰ کەسی‌تر پێشیان پێگرتوومو برینداریان کردوم. رۆژنامە «بەسوی ئاینده» تێلگرافەکەی چاپ کردم. ئەو کات جەوی سیاسی بەمجۆرە بوو. کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوەو رۆژنامەکانیش هەموو شتێکیان دەنووسیو لایەنگرەکانی شاش نەیاندەتوانی پێشان پێبگرن.

من هەروەها لە دادگای مەهابادیش شکایەتم لە سەرتیپ مزەفەری کرد، کاتێک شکایەتەکەم برد بۆ دادستانی مەهاباد، ناوبراو گوتی:

- «من ناتوانم ئەم شێوە نووسینە قەبووڵ بکەم. تۆ خەڵکت لە پشتەو ئەوانیش سەرنێزەیان هەیە. لەو نێوەدا، من تەنیامو بەیانی شانەی هەردوو لاتان لەسەری مندا دەشکێ.» ئەو هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گلەیی لە حیزب کردو گوتی:

- «ئێوە وەک حیزب زۆربەی کارەکانی ئێمەتان بە ملەوە گرتووە. خەڵک بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیان خۆ لە ئێمە نادەنو دێنە لای ئێوە.»

دادستان راستی دەکرد. حیزبی دێموکرات بە رادەیەک لە لای جەماوەردا خۆشەویست

بوو، که خەڵک بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیان دەهاتنە لامان. بە کورتی لە ئەنجامی پشگیری ئێمەو نەوستانمان لە شکایەت کردن لە موزەفەری، ئەرتەشی ئێران ناچار کرا بە دەستووری دوکتور مصدیق ئەو لە مەهاباد هەڵگرێو بیباتە شاری «قوم». لە تاران چەند کوردی مەهابادی چاویان بە موزەفەری کەوتبوو. ئەو گوتبووی:

- «بە هەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە بۆ مەهاباد. ئەگەر لەو هەوڵەمدا سەرکەم، دەزانم چ بەسەر ئەو کەسانە بێنم کە دژی من هەڵسوڕانو باعیسی دوور خستنەوەم بوون. ناوبراو گەڕایەوەو پاشان لە جێی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەم.

## کۆبوونەوەی ئەوەڵی مانگی مای

بو ئەوەی کۆبوونەوەی رۆژی جیهانی کریکاران لە ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ وەک کۆبوونەوەی ساڵی پێشوو لە مەترسی نەکەوێو کارەساتێک روو نەدا، بڕیارماندا لە رۆژی ١١ی گوڵان بچین لە باخی مکایلی کۆببینەوە، کە شوێنەکە دوورتر لە شوێنی ساڵی پێشوو بوو. کۆبوونەوەی ئەمجارە مەزنترین کۆبوونەوەی سیاسی ئێمە بوو. عەبدوڵڵای ئیسحاقی لێپرسراوی بەڕێوە بردنی ئەو کۆبوونەوەیە بوو. لەسەر بڕیاری گشتیو مەترسی گیرانی تێکڕایی رێبەرایەتی حیزب، منو باقی ئەندامانی بەرێوەبەری مافی بەشداریکردنی راستەخۆمان لەو کۆبوونەوەیەدا نەبوو.

کاتی کۆبوونەوەکە، ژاندارمو دێژبانو ئەرتەش هێرشیان کردبووە سەر خەڵکەکەو کوڕێکی مێرمنداڵیان بە ناوی «حەسەنی رەمەزانی» ئەندامی رێکخراوی خوێندکاران کوشتبوو، و چەند کەسی تریشیان بریندار کردبوو. هاوڕێیان، لیباسە خوێناوییەکانی حەسەن بەسەر دارانەوە دەکەن و لەگەڵ تەرمەکەی بەسەر شانان دەیهێننەوە بۆ مەهاباد.

منو ئەندامانی تری کۆمیتەی حیزبی کە بەشداری کۆبوونەوەی رۆژی جیهانی کرێکارانمان نەکردبوو، بڕیارماندا تێکەڵی جەماوەرەکە بینو بەخۆپێشاندان تەرمی حەسەنی رەمەزانی بەنێو شەقامەکانی شاردا بگێڕین.

ئێمە لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای کۆبووینەوەو دژی ئەو کردەوە دڕندانەیەی ئەرتەش قسەمان کردو پاشان بەرەو چوارچرا وەڕێ کەوتین کە پۆلیسو ژاندارمو ئەرتەش پەلاماریان داینو بە قونداخە تفەنگان هەموو سەرو سەکوتو لەشیان تێک شکاندینو تەرمی حەسەنی رەمەزانی‌یان لێ هەستاندین، بەڵام جلو بەرگە خوێناوی‌یەکەی بە دەست

خۆپیشاندەرەکانەوە مایەوە. ئەوان تەقەیان لە خەڵکەکە نەکرد، بەلاّم بە تەقەی هەوایی ژمارەیەکیان شووشەو پەنجەرەی خەڵک شکاند.

ژنان کە لەم خۆپیشاندانەدا نەخشی بەرچاوو سەرەکی‌یان هەبوو، هێرشیان کردە سەر بنکەی سەرکردایەتی «ستاد» تیپی مەهاباد. ئێمە هەوڵماندا پێشی توندو تیژی ژنان بگرین، بەلاّم نەمانتوانی‌و ئەوان دەستیان بەسەر بنکەی سەرکردایەتی تیپی مەهاباد داگرت. چونکە سەرۆکی دیژبان دەستی هەبوو لە کوشتنی حەسەن رەمەزانی‌دا، زاتی ئەوەی نەبوو سەرلەنوێ فەرمانی تەقە کردن لە خەڵک دووپات کاتەوە. من‌و ئەندامانی کۆمیتەی حیزب دوای ئەو کارەساتە، ١٣-١٤ رۆژان خۆمان شاردەوە و پاشان کە ئاگادار بووین گیرو گرفتمان بۆ ناخولقێ هاتینەوە نێو خەڵک.

## ٢٨ی گەلاوێژ

دوای ریفراندۆم‌و تەنانەت هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانیش، ناکۆکی نێوان لایەنگرانی شاو دوکتور مصدیق کۆتایی پێنەهات‌و بگرە توندو تیژتریش بوو. لە درێژەی ئەو ناکۆکی‌یەدا، شاو لایەنگرەکانی پیلانێکی نوێیان دارشت. لە ئەنجامی ئەو پیلانەدا، شا بە روالەت رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ لە ئێران رایکردو چوو بۆ بەغداو لەوێوە بۆ ئیتالیا. بە هەلاّتنی شا لە ئێران خەڵک لە هەموو شارەکانی ئێران‌و کوردستانیش رژانە نێو شەقامەکان‌و بە خۆپیشانداو هەڵپەرکێ ئەم رۆژەیان جێژن گرت.

لە مەهاباد کە ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو، ئەو جێژنە بە بەرفراوانی گیراو پتر لە ٤-٥ هەزار کەسمان کۆ کردەوە. لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر دژی شاو دەرباری پەهلەوی وتاریان خوێندەوەو قسەیان کرد. سەرۆکی پۆست‌و تێلگراف «حشمەت» کە کاتی خۆی زاتی ئەوەی نەبوو زۆر بێتە نێو خەڵک، لەو کۆبوونەوەیەدا دژی شا قسەی کرد. دادستانی مەهاباد «حاجی سمساری» بە لایەنگری کردن لە دوکتور مصدیق لەو کۆبوونەوەیەدا دژی شا قسەی کرد. «حەسەنی داودی» کە بە لایەنگری شا ناوبانگی دەرکردبوو، دژی شا وتاریدا. ماموستا هێمن شێعرە ناسراوەکەی «بەغدا نیوەی رێیەت بێ»ی خوێندەوە. وەک گوتم پتر لە ٤-٥ هەزار ژن‌و پیاو لە مەهاباد لەو مێتینگەدا بەشداریان کرد.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەرتەش بە تانک‌و ئوتومبێلی پڕ لە سەرباز دەوریان تەنیبووین.

تانکێک لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغا ڕاوەستابوو، و سەرگورد «هوما» سەرۆکی تازەی دیژبان لەسەری دانیشتبوو. ئێمە لە ڕو بەڕوی ئەواندا دژی شا دروشممان دەدا. خەڵکی مەهاباد لەو ڕۆژەدا زۆر بەکەیفو هەڵسوڕ بوون، بەڵام داخەکەم لایەنگرانی بەبنەماڵەی پەهلەوی لە هەل کەڵکیان وەرگرتو بە یارمەتی ئەرتەشبوود «زاهدی» لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا پیلانەکەیان جێبەجێ کرد.

بە هۆی کودیتایەک کە بە پیلانی شاو زاهدی ئەنجامی گرت، دوکتور مصدیق لە حکومەت کەوت. دوای کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژ، مەئمورەکانی حکومەتی چوون عەبدوڵڵای ئیسحاقی، حوسێنی فروهەر، «گوڵێ ڕیحان»و ژمارەیەکی تریان گرت. حوسێنی فروهەریان بەتوندی بریندار کردبوو. گوڵی ڕیحان، یەکەم شێرە ژنی پێشڕەوی کۆمەڵی کوردەواری ئێمە بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە بە تاوانی سیاسی گیراو سێ مانگ لە بەندیخانەدا مایەوە. ئێمە دوای گیرانی ئەو هاورێیانە، بۆ ئەوەی وەدەست پۆلیس نەکەوین، بە ناچار ژیانو خەباتی تەواو نهێنیمان گرتە بەر. بەم پێیە کادیرە ناسراوەکان لە نێوان ٣٠ی گەلاوێژ تا ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٩٥٣ی زاینی، لە حالێکدا سەربازان دەوری شاری مەهابادیان گەمارو دابوو، مەهابادمان بەجێ هێشتو چووینە ناوچەی مەنگوڕان.

بەرپرسانی حیزب بە سێ هۆ، ناوچەی مەنگوڕانمان بۆ ئەمکارە هەڵبژارد. یەکەم ناوچەی مەنگوڕان ناوچەیەکی شاخاوییە. دووهەم خەڵکەکەی سەرەڕای ئەوە کە لەگەڵ ئێمە بوون، ڕێو ڕەسمو دابو نەریتی عەشیرەتیان بە تەواوی پاراستبوو، و سێهەم ڕێگای پاشەکشەی هەبوو بۆ گەرمێن. کاتی دەستدرێژیو هێرشی دوژمن بۆ سەر ئەو ناوچەیە ئێمە بە سانایی دەمانتوانی بەرەو باشووری کوردستان بکشێینەوە. منو ژمارەیەک لە هەڤاڵانی حیزب نزیک بە دوو ساڵ لە ناوچەکانی مەنگوڕ، گەورک، سویسنایەتیو دەورو بەری بانە درێژەمان بەکارو خەباتی حیزبدا. لەو ماوەیەدا گەلێک جاران هێزەکانی دوژمن وەشوێنمان کەوتن، بەڵام هەرکە پێیان لە یەکەم دێ دەکەوت، خەڵکەکە بەپەلە دێیەکانی دەورو بەریان ئاگادار دەکردو دەیانگوت «عەجەم» هات. لەمجۆرە کاتانەدا، من هاورێیەکانم پەنامان بۆ چیاکان دەبردو خۆمان حەشار دەدا. چەکدارەکانی ڕژیم خەڵکیان کۆ دەکردەوەو لە سەربانی دێیەکاندا شێللاقان لێدەدانو لەوانیان دەویست شوێنی ئێمەیان پێبڵێن، بەڵام ئەوان ئێمەیان ئاشکرا نەدەکرد.

جارێک لەگەڵ «عەزیزی فەللاحی» لە «سیاقوڵ»ی سەرو بووین کە ئەرتەش لە سەعات چواری بەیانی گوندەکەی گەمارۆدا. خەڵکی دێیەکەیان لە ماڵەکان کێشایە دەرو زۆریان لێدانو ماڵەکانیان پشکنی، بەڵام نەیانتوانی ئێمە بدۆزنەوە. خەڵکەکە ئامادە بوون دیواری

ماڵی خۆیان کوون بکەن‌و ئێمەی پێدا رزگار بکەن‌و بەدەست چەکدارەکان کوتەک بخۆن، بەڵام ئامادە نەبوون ئێمە بەدەستەوە بدەن.

دوای ٥ی خەرمانان و بەجێ هێشتنی شاری مەهاباد، من، عەزیزی یوسفی، سەدیقی خاتەمی، هاشمی حەق تەڵەب (قادرشەریف)، «محەمەدئەمینی راتبی»و ژمارەیەکی‌تر چووین لە نزیک گوندی «چوارتا» کە خاوەنەکەی «قادر ئاغا» بوو کۆ بووینەوە. قادر ئاغا یەکێک بوو لە ئەندامە هەرە دڵسۆزو فیداکارەکانی حیزب. ناوبراو زۆر ژیرانە لەگەڵ جوتیارەکانی رێککەوتبوو. ئەوان قادر ئاغایان لەخۆیان دەزانی‌و خۆشیان دەویست. قادر ئاغا کوێرەوەرێکی زۆری دیت. ئەو لە دەست حکومەت رای کردو ماوەیەک لە کوردستانی باشوور ژیا.

ئێمە، لەو کۆبوونەوەیەدا بە دوای رێکخستنەوەی سەرلەنوێی خۆمان‌و دیاری کردنی ئەرکی نوێ بۆ کادرەکانمان، سێ خاڵی سەرەکی‌مان خستە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە، کە بریتی بوون لە:

ئا- ئەخلاقی‌و داوێن پاکی ئەندامان لە گوندەکاندا.

ب- ئیحترام بۆ شێوەی بیر کردنەوەی خەڵک‌و لەبەر چاو گرتنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی گەلەکەمان لە کاتی پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەواندا.

پ- نەترسی‌و پێشاندانی ئازایەتی لە خۆمان لە کاتی تەنگانەدا.

لە راستیدا بە پێی فەرهەنگی کوردەواری هەمیشە ئەو لاوانەی کە لە دێیەکان دەژین خۆیان بە ئازاو نەترستر لەوانە دەزانن کە لە شارەکانن. ئێمە دەمانەویست بە پێشاندانی ئازایەتی لەخۆمان ئەو بیرە لە مێشکی لادێیی‌یەکان پاک بکەینەوە، تا بەڵکو باوەڕمان پێبکەن، کە توانیمان. بۆ وێنە، کاتێک خەڵکی گوندەکانی ناوچە، بەهۆی کردەوەی ئازایانەی کادیرەکان رایان گۆڕا، لە زستانی ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٤دا ئێواران کە هەوا بەرەو تاریکی دەچوو، رەشاییەکیان لە دووری دێیەکان لەسەر بەفر دیتبا، دەیانگوت: «ئەوە ئەگەر گورک نەبێ، سەر رووتە!» لادێیی‌یەکان، ناوی ئێمەیان نابوو سەررووت. چونکە لە نێو شارەکاندا ئازایانە بەگژ هێزەکانی حکومەتی‌دا دەهاتین‌و نەدەترساین‌و سەریشمان رووت بوو، و پێچ‌و کڵاومان لەسەر نەدەنا، ناوی سەررووتیان لێ‌نابووین.

کادرەکانمان بەسەر ناوچەکانی گەورک، سویسنایەتی، بانە، نەغەدەو شارویراندا بڵاو کردەوە. من‌و عەزیزی یوسفی‌ش لە ناوچەی مەنگوڕان ماینەوە. هەر کەسە لە ناوچەی خۆیدا بەرپرسی کاری رێکخستن‌و تەبلیغاتی بوو، و دەبوایە خۆیشی لە پەلاماری مەئمورەکانی حکومەتی بپارێزێ. هیچکام لە ئێمە بنکەیەکی دیارمان نەبوو، بەڵام گوندی

«بینگوین»مان له ناوچەی مەنگوڕان دەست نیشان کرد بوو، کە هاوڕێیان کاتی پێویست نامەکانیان بنێرن بۆ ئەو جێیەو منو عەزیزیش سەرمان لەوێ دەداو نامەکانمان دەبینیو ئاگاداری خەباتو هەڵسوڕانی کادیرەکان دەبووین.

گوندی «بینگوین» دێی «سوارەی ئەحمەدی گولاوی ئاغا» بوو. سوارە پیاوێکی ئازاو بە دەستو تفەنگ بوو،و زۆربەی کاتەکان لە حکومەت قاچاخ بوو،و لە گوندەکەی خۆیدا بە قاچاخی دەژیا. ئەو دێیە زۆر جێیەکی متمانە بوو.

## خوازبێنیو مارە کردنی مەرزەی خێزانم

لەسەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣دا، خەباتگێڕانی هەڵگری بیری نەتەوەییو چەپو سوسیالیستی لەو باوەڕەدا بوون، کە حەمەرەزا شا دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەماوە، کە جێگەی مەترسی بۆ ئەوان بێو هەموو لایەک چاوەڕوانی رووخانی یەکجارەکی رژێمی پاشایەتیان دەکرد لە ئێراندا و کەس نەیدەزانی کە چەرمەسەری سیاسی دوا رۆژ ئەوەندە توندو تیژ دەبێ، کە مرۆڤ هەست بە مەترسی بکات. لەبەر ئەوە، منیش بڕیارمدا چیتر دەست لەسەر دەست دانەنێمو بە تەمای خوا ماڵ پێکەوەنێمو ژن بخوازم.

٢٩ ساڵ تەمەنم بوو، کە باسکم لێهەڵکردو خوازبێنی «مەرزیە»، ئەم خێزانە بەرێزەو بەنرخەی ئەمڕۆی خۆم کرد، کە ئەو کات کیژۆڵەیەکی فرە گەنج بوو،و بە تەمەن نۆ ساڵ لەمن بچووکتر بوو. «ساحەب» خانم خوشکی گەورەی مەرزیە باوەژنم بوو. ئەو ژنێکی لەسەرخۆو هێدیو دڵپاکو مێهرەبان بوو،و بە راستی جێگای دایکی خۆمی گرتبۆوە. باوەژنم رۆژێک هاتە ماڵی ئێمەو گوتی:

- «وابزانم کاری خێرت بەدەستەوە؟»

- بەبێ پرسو رای تۆ هیچکارێک ناکرێ، تۆ رات لەسەری چیە؟

- «زۆرم پێخۆشە، مەرزەی خوشکم شیاوی تۆیەو هەر ئەو لەگەڵ تۆ دەگونجێو دەتوانی لێی ئەرخەیان بیو پشتی لێبکەیەوە. هەروەکوو من تۆ بناسم هەمیشە لێقەومان هەرشەت لێدەکا. گومان ناکەم کەس بۆ تۆ لەو بە وەفاتر بێو ئێوە شیاوی یەکن.» منیش گوتم:

- خوشکی تۆیەو دڵنیام دەبێ هەروا بێو خەڵکو خزمو دۆستانیش لەو رازینو ئەو بە کیژێکی بەنرخ دادەنێن.

باس‌و خواسی ژن هێنانی من هەر ئەوەندە بوو. دیارە بۆخۆیشم لە نزیکەوە مەرزیەم دەناسی‌و جگە لەمە خزم بووین‌و براکانیشی هاوڕێی‌و هاو ئامانجم بوون‌و لەهەموو باریکەوە گونجاو بوو. دوا ڕۆژی ژیانیشم ئەم ڕاستی‌یەی سەلماند کە «مەرزە» چ ئینسانێکی بەڕێزو بەحورمەتی لێدەرچوو،و هەموو ئەو کەسانەش کە دەیناسن دان بەم ڕاستی‌یە دێنن‌و من لە جێی خۆیدا پەنجەی بۆ رادەکێشم.

کاتێک حەمەرەزا شا رایکردو دوکتور مصدیق شۆڕای سەلتەنەتی پێکهێنا، ئێمە تازە لێک مارە کرا بووین‌و بڕیارماندا بوو پاش دوو مانگ زەماوەند بکەین، کەچی داخەکەم لەپڕ وەرەق هەڵگەڕایەوەو هەلومەرج ڕێگای نەدا لە کاتی خۆیدا بەیەک بگەین‌و زەماوەندەکەمان بۆ ماوەیەکی نادیار وەپاش کەوت‌و کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی بەسەرداهات‌و من‌و زۆر کەسی‌تر ناچار بووین ڕاکەین‌و ژیانی نهێنی بگرینەبەر. کیژی مارەکراوم مەرزە تەنیا مایەوەو ماڵیان لە مەهاباد باری کردو چونە ناوچەی سندوس‌و لە گوندی «تازەقەڵا» کە مڵکی خۆیان بوو گیرسانەوە. بەر لە مارەکردن من هێندێک دەربارەی چارەنووس‌و سەربەهۆدەی خۆم بۆ مەرزە دوابووم‌و گوتبووم:

- ئەو ڕێگایەی لەبەرمە تاسەر بەری نادەم‌و چونکە چارەنووسی نەتەوەکەم لە هەلومەرجی دژوار دایە، ڕەنگە کۆسپ‌و کەندالی زۆرم بێتە سەر ڕێ‌و ئەگەر مرۆڤێک ویژدانی وەخەبەر هاتبێ‌و خۆ گێل نەکاو ئەگەر زانیاری سیاسی هەبێ، ناتوانێ خۆ لە خەبات بۆ رزگاری نەتەوەکەی ببوێرێ‌و پێ لە ویژدانی خۆی نێ؛ لەم ڕێبازەدا کە تۆش چارەنووسی خۆت لە چارەنووسی من گرێداوە، تووشی ڕەنجەڕۆیی‌و تاڵی‌و سوێری دەبی‌و منداڵەکانیشمان ڕۆژگارێکی لەباریان بۆ چاوەڕوان ناکرێ. پێویستە تۆ بە ئاگاداری تەواو مل ڕاکێشی بۆ ژیان لەگەڵ من‌و بڕیاری خۆت بدەیت.

- «من بڕیاری خۆم داوەو پاشگەزیش نابمەوەو ئاگاداری ژیان‌و هەل‌و مەرجی خەباتگێری تۆش هەم. وەک هەموو ژنە کوردێک کە پیاوەکانیان لە پێناوی ئامانجی کوردایەتیدا تووشی سەخڵەت بوون، منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەوەم لەدەست دێ حورمەت‌و ڕێزی تۆ بگرم‌و مل بۆ چارەنووس ڕاکێشم. ئیتر ئەوە قسەی ئاخرمەو بەسەرهات هەرچی بوو بەخێربێ‌و تۆش کاتی تەنگانە لەبەر دوا ڕۆژی من خۆت مەدۆڕێنە؛»

دوای کودیتای «شا» دژی مصدیق لەگەڵ دایکی مەرزەش دوام‌و ناوبراو گوتی: «بڕۆ نیگەران مەبە؛ ژنی مەردان لەبن بەردان».

بەمجۆرە، من لە مەرزە جیابوومەوەو خۆم گەیاندە هەڤاڵانم لە گوندی «سیاقوڵ» لە ناوچەی مەنگوڕان‌و بە دوای تێپەر بوونی پێنج ساڵ چاوەڕوانی، لەگەڵ مەرزەی دەسگیرانم زەماوەندم کردو ئەوم گواستەوە، کە پاشان ئاماژە بەچۆنیەنیەکەی دەکەم.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

# سەفەر بۆ باشووری کوردستان

بەدوای کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣دا کە لایەنگرانی «محەمەد رەزا شای پەهلەوی» دژی دوکتور «محەمەدی مصدیق» سەرۆک وەزیری ئێران ئەنجامیاندا، گشت ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بەفەرمانی دەرباری پەهلەوی راونران. کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر گیرانو کوژرانو ژمارەیەکی زۆریش رایانکردو ئاوارە بوون. ئێمەش کادیرە ناسراوەکانی حیزبی دێموکرات بە دوای گیرانی ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب رامانکردو چووین بۆ ناوچەی مەنگوڕان. ئەوسا، وەزعی ماڵی حیزبی ئێمە باش نەبوو،و بۆ یارمەتی‌دانی بەندییەکانو خێزانیان زۆر دەستەنگ بووین. لەبەر ئەوە، لە بەڕێوەبەری حیزبدا بریاردرا، من بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بچم بۆ لای «پارتی دێموکرات» لە کوردستانی بندەستی عێراقدا.

بەپێی ئەو بریارە، من لەگەڵ «حەمەدەمینی راتبی» کە رێگای سلێمانی بەڵەد بوو، لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣دا چووم بۆ «سلێمانی»و میوانی «عومەردەبابە» یەکێک لە بەرپرسانی پارتی بووم. ئەو کات، «ئەسعەدی خودایاری»ش لە سلێمانی لە ماڵی «شێخ لەتیف» بوو. بەچوونی من بۆ سلێمانی ئەویش لەگەڵ خێزانی هاتنە ماڵی «عومەر دەبابە». بە یارمەتی پارتی نزیکەی بیست هەزار تمەنم کۆکردەوەو ئەوم بە ئەسعەددا ناردەوە بۆ حیزب. ئەسعەد پارەکانی تەسلیمی «عەبدوڵڵای ئیسحاقی» کردبوو. عەبدوڵڵا نامەیەکی بە ئەسعەددا بۆ ناردبووم کە بەپەلە بگەڕێمەوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان. ئەو نووسیبووی حیزب بریاریداوە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب دەرکات. ئێمە تا ئەوکات دەرەتانی دەرکردنی رۆژنامەمان نەبوو.

بەدوای چوونی ئەسعەد بۆ لای حیزب، بەرپرسانی پارتی داوایان لێکردم بۆ ماوەیەک لای ئەوان بمێنمەوەو بۆ دامەزراندنی رێکخراوێکی نهێنی حیزبی یارمەتیان بدەم. ئەوسا، من شارەزای ئەمجۆرە رێکخستنە بووم، بەڵام پاشان کە ئەسعەد گەڕایەوە لەبەر گرنگی دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان نەمتوانی بمێنمەوە. بەو حاڵەش چوومە کەرکووکو چاوم بە

«برایم ئەحمەد» لێپرسراوی ئەوکاتی پارتی کەوت، کە بەهۆی ناکۆکیو سەرهەڵدانی هێندێک گیروگرفت لەگەڵ رژێمی عێراق بەنهێنی لە کەرکووک دەژیا. لەوێوە، ناوبراو بەرێی کردم بۆ بەغداو چوومە لای ماموستا «هەژار».

لەو سەردەمدا ناکۆکی کەوتبووە نێوان ئەندامانی پارتیو کۆمەڵێک بە سەرۆکایەتی «محەرەم»، کە لە پارتی جیا ببوونەوە. بۆ پێکهێنانەوەی هەڤالانی پارتی یارمەتیان لێ‌خواستمو لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداری «جەلال تاڵەبانی» کە ساڵی دوو یان سێی حقوقی لە «بەغدا» دەخوێندو «حەبیب»و «محەرەم» بۆ ئاشت کردنەوەی هەڤالان تێکۆشاینو سەرکەوتین. پاش ئەوە، حیزبی شیوعی عێراق بەسەرۆکایەتی «سەلیم چەڵەبی» داوی چاوپێکەوتنی لێکردم.

حیزبی شیوعی عێراقیش ببوو بە سێ بەشو هەر بەشەی بە ناوی ئۆرگانی ناوەندی خۆی دەناسرا، وەک: حیزبی شیوعی «القاعده» بە سەرۆکایەی «سەلیم چەڵەبی»، «وحدت الشیوعیون» بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریفو «رایت الشغیلە» بە سەرۆکایەتی «جەماڵ حەیدەری». گشت ئەو سێ سەرۆکانە بەنهێنی دەژیان. لەگەڵ جەلال تاڵەبانی چوومە لای «سەلیم چەڵەبی» سەرۆکی «القاعده». بەرلە چوونم بۆ لای سەلیم، چاوم بە پەرتووکێکی بچووکی دەستنووس کەوت، کە سەلیم بەناوی حیزبەکەی دژی پارتی نووسیبووی. ناوبراو لەو پەرتووکەدا گوتبووی: «پارتی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی بورژوا ناسیونالیستی هەڵگری دروشمی ئەمریکایی سەربەخۆیی کوردستانە». ئەوە لە حالێکدابوو کە پارتی بەچەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا بۆ وەدەست هێنانی «ئوتونۆمی» لە چوارچێوەی عێراقدا هەوڵی دەدا.

«جەلال تاڵەبانی» گوتنەکانی بۆ وەرگێرامەوە. من بەپێچەوانەی بۆچوونی سەلیم لە نووسراوەکەیدا، گوتم: لەوە دەچێ تۆ ئاگاداری مێژووی خەباتی کورد نەبی. کورد لە پلەی نەتەوەیەکی ژێردەستدا مافی خۆیەتی داوای حەقی رەوای بکات. ئێوەی بەشیوعی ئەگەر بتانەوێ لە عێراقدا خەباتی چەکدارانە بکەن، پاڵپشتی گەلی کورد بۆ ئێوە زۆر گرنگەو پێویستە بۆ راکێشانی رای ئەو گەلە دروشمی تایبەتی‌یان بۆیان هەبێ. ئێوە هەرگیز لە بەشی عەرەب نشینی عێراقدا ناتوانن بەچەک بەرنگاری حکومەتی عێراق بن. ئەگەر لە نێو دەشتو سەحرای وشکو بێ ئاوی خۆتان چەک هەڵگرن، حکومەت پێویستی بەوە نابێ بەرەنگاریتان بکات. ئەو تەنیا «ئاو»تان لێ‌ببری تا بە تینی هەتاو قڕ بن. کەوابوو مەڵبەندی خەباتی ئێوە شاخو بەندەنو کوێستانو دارستانەکانی کوردستانە. سەلیم لەبەرامبە ئەو قسانەی مندا چی‌پێنەبوو،و پەیتا پەیتا گوتنەکانی دووپات دەکردەوە، تا

سەرئەنجام منی ماندوو کردو بە جەلال تاڵەبانیم گوت: کاکە هەستە بڕۆین ئەوە بەمن حاڵی نابێ.

پاشان لەگەڵ هەژار چووین بۆ حەشارگەی «عەزیز شەریف» کە سەرۆکی «وەحدەت الشیوعیون» بوو. عەزیز شەریفم وەک ئینسانێکی زاناو لێهاتوو هاتە بەرچاو،و بۆ ئەوە دەبوو دەرسی لێوەرگرم. ئەو بەدڵپاکی لە کێشەی کورد دەگەیشتو گوتی: «من هەوڵدەدەم لە کوردان نزیک بمەوە.» دوای دیتنی عەزیز شەریف لەگەڵ برادەرێک بەناوی «پارس» چوومە لای «جەماڵ حەیدەری» ڕێبەری حیزبی کومونیست «رایت الشغیلە»، کە ئەویش بەنهێنی دەژیاو کوردێکی هەولێری بوو. ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتینو باسی چارەنووسی نەتەوەی کوردمان کرد. «جەماڵ حەیدەری» بەهۆی مانگرتنی درێژخایەن لە زیندان، ڕیخۆڵەکانی وشک هەڵاتبوونو تووشی نەخۆشی «ڕیخۆڵە» ببوو. دوام لێکرد ئیزنم بدات هەڤاڵانی پارتی هانبدەم بەهۆی کاکە «زیاد»ەوە هەوڵی بۆ بدەن، بەڵکو لە عێراق دەرباز بێو لە «لیبنان» نەخۆشیەکەی چارە بکات. من ئەو داوایەم لە پارتی کرد، بەڵام نازانم پاشان یارمەتییان پێکرد یان نا.

لەگەڵ هەر سێ بەرپرس، لەمەڕ یەکگرتنەوەیان قسەم کردو گوتم: ئێوە لەباری بۆچوونەوە جیاوازییەکی سەرەکیتان پێکەوە نیە. گشتتان خۆ بە شیوعی دەزانن‌و باوەڕتان بە ئینترناسیونالیزم هەیە، کەواتە بۆچی لە ئۆرگانەکانتاندا دژی یەک وتار دەنووسن‌و ئەندامەکانی خۆتان بەگژ یەکتردا دەکەن؟ لە کاتێکدا ئەمڕۆ ڕێبەرانی «سوسیالیزم‌و ئیمپریالیزم» لەسەر زۆر دیاردەی جیهانی بەیەکەوە دادەنیشن‌و گیروگرفتەکانیان چارەسەر دەکەن، ئێوە بۆچی دەبێ نەتوانن ڕێککەون. گشت لایەنەکان بەرواڵەت لە بیستنی وتەکانی من خۆشحاڵ بوون، بەڵام لەو قۆناخدا بەکردەوە هەوڵیان بۆ یەکگرتنەوە نەدەدا، تا سەرئەنجام هەلێکی مێژوویی ڕەخساو بوونەوە یەک حیزب.

لە بەغدا، لە ماڵی کاک هەژار شاعیری مەزنی کورد دەمامەوەو چەند ڕۆژێکیش لە ماڵی «وریاو عەبدوڵڵای کانی ماران» بووم. ڕۆژێک «خوسرەو دارا» لە بەرەی «القاعدە» هاتە لام‌و گوتی: «هاوڕێیانی ئێمە پێیان خۆشە بێیە لای ئەوان‌و ئێمە جێگەی ژیانت بۆ تەرخان بکەین.» کورد گوتەنی، ئەوان دەیانەویست «نمەکگیر»م بکەن‌و نەهێڵن تەنیا «نمەکگیری» پارتی بم. ڕەزامەندیم پێشانداو لە بەغدا لە ماڵی کرێکارێکی لایەنگریان جێگەیان بۆ دیاریکردم. شەو لەگەڵ «خوسرەو» چووینە ئەو ماڵە. کرێکاری نەدار، بە ژن‌و منداڵییەوە تاقە هۆدەیەکی هەبوو. لەبەر ئەوە، من دڵم بڕوای نەدا سەرباری ژیانیان بم‌و گوتم دێمە لاتان، بەڵام ئەمشۆ هێندێکم کار هەیە، دەڕۆم سبەی شەو لەگەڵ خوسرەو

دەگەڕێمەوە لاتان. بەیانی رۆژی دوایی کە بریار بوو شەوەکەی بچم بۆ ماڵی ئەو کرێکارە، هەژار منی بردە «ئەستودیۆ»ی وێنەگەرییەکەی، کە لە «فضل» بوو. لە ئەستودیۆ بووم کە کاک خوسرەو بە هانکە هانک هاتو گوتی: «کاکە نەچییە ئەو ماڵەی بۆمان دیاریکردبووی. شەو پۆلیس بە بیانووی ماڵی قاچاخ ئەوێی گەمارۆ داوەو پشکنیوێتی.»

بەدوای ئەو روداوەدا، «داود صایغ» بەهۆی کاک هەژارەوە داوای چاوپێکەوتنی لێکردم. ناوبراو، یەکێک لە بەرپرسانی «حیزبی شیوعی» بوو، کە لەگەڵ «داود سلمان» (فەهد)و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی گیرا، بەڵام لە ئیعدام رزگاری بوو،و پاش ماوەیەک لە زیندان ئازاد کرا. ئەو گۆیا لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی «کەریم قاسم»دا هەوڵیدا حیزبێکی شیوعی نەتەوەیی دامەزرێنێ، کە سەرنەکەوت. لەگەڵ کاک «زیوەر» یەکێک لە هەڤاڵانی چوومە لای. ناوبراو، گەلێک لەمەڕ رابردوی خۆیو زیندانو بەسەرهاتەکانی قسەی بۆ کردم. لە تۆپی قسەکانیدا گەرەکی بوو بەرگری لە خۆی بکاتو بڵێ: «داود سلمان»و هەڤاڵانی لە زینداندا توندرەوییان دەکردو منیش توندرەوییم لە بەرژەوەندی خۆماندا نەدەبینیو دەمگوت رژیم لێمان بە قینەدا دەچێو زیانمان پێدەگەیەنێ، بەڵام ئەوان لەگەڵ بچوونی من نەبوون. «داود صایغ»و گشت سێ حیزبە کومونیستەکان داوایان لێکردم نامەیان بۆ بەرمە ئێرانو بۆیان تەسلیمی رێبەرایەتی حیزبی تودە بکەم، کە ئەو کارەم بۆ کردن.

## گەڕانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

لەگەڵ کاک «نوری ئەحمەد تەها» لە بەغداوە گەڕامەوە بۆ سلێمانی. کاک نوری، یەکێک لەو ئەفسەرانە بوو کە کاتی دامەزراندنی کۆمار هاتبوو بۆ مەهابادو پاش روخانی کۆمار گەڕابۆوە عێراق. من دوای گەڕانەوەم لە سۆڤیەتو چوونم بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٣٢٧-١٩٤٨دا لەگەڵ کاک نوری ئاشنا بووم. ناوبراو ئینسانێکی مێهرەبانو لەخۆبردو بوو. بەر لە چوونم بۆ بەغدا، رۆژێک لە سلێمانی لە ماڵی «عومەر دەبابە»وە لەگەڵ ئەو چووم برادەرێک ببینم. کاک نوری هەوڵیدەدا بە شەقامەکاندا بۆ شوێنی دیاریکراوم بەرێ. من ئەوسا گەنجێکی بیستو چوار ساڵانە بوومو تازە لە «باکۆ» گەڕابوومەوەو ئەوەندەم «سۆمی» رەشی سەربازیو گۆشتی چەورو قەڵەو خواردبوو، کە هێندێک قەڵەو سوور داگیرساو و بەکەیف بوومو بیچمم زۆر لە روسان دەچوو. جلی کوردی لای خۆمانم

دەبەردابوو، و ئاغابانووی لای گەرمێنم لەسەر بەستبوو. لە چوار ڕێیەکدا، کۆمەڵێک گەنجی هاوتەمەنم ڕاوەستابوون. کاک نوری کە ئەوانی بینی دەستی منی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشام. کە گەیشتە لاوەکان گوتی: «تەواریش بێرەدا.» لاوەکان قوت بوونەوە و مشت و مڕیان تێکەوت، بەڵام کاک نوری بەشێوەیەک منی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، کە کەم مابوو سەرمەقولاتم پێبدات و گوتی: «زوو برۆ با لەو نێوە دەرچین.»

دواجار کە بیرم لە کردەوەی کاک نوری دەکردەوە، زانیم کە ئەو کۆمەڵە گەنجەی تووشیان بووین، گشتیان شیوعی بوون. ناوبراو بۆ ئەوەی چاوبزی ئەوان بدات و پێشان بدات کەوا کابرایەکی «ڕوس» لە لای بارزانییەکانەوە هاتۆتە لای پارتی، ئەو پەندەی بەسەر من هێنا. ئەو بیرەوەرییە هەمیشە لام زیندووە و تا ئێستا بۆ زۆر کەسم گێڕاوەتەوە. یادی کاک نوری بەخێر بێ.

هەروەکوو گوتم ئەسعەدی خودایاری پارەکانی گەیاندبوو، و گەڕابۆوە و نامەیەکی عەبدوڵڵای ئیسحاقی بۆ هێنابووم کە بەپەلە بۆ چاپی ڕۆژنامەی کوردستان بگەڕێمەوە. من و حەمەدەمینی ڕاتبی و ئەسعەد خۆمان ئامادە کردو پارتی یارمەتی گەڕانەوەی داین. کاک عومەر دەبابە، «شێخ مارف»ی ڕەگەڵ خستین. ناوبراو، ئێمەی سواری ئوتومبێلی جیپی خۆی کردو بەرەو «میرزا ڕۆستەم» چوو تا لەوێ بەسواری «قەیاخ» لە ڕووباری «سندۆلان» بپەڕێنەوە. شێخ مارف کە مرۆڤێکی ناسراوو لە شێخەکانی سلێمانی بوو، ئێمەی تەسلیمی خاوەنی قەیاخەکە کرد کە بمانپەڕێنێتەوەو بۆ خۆی گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

نامەی ڕێکخراوەکانم لەژێر پشتێنەکەمدا شاردەوەو بەنیگەرانی لەوەی کە نەکا لەداوی پۆلیس بکەوم، لەگەڵ حەمەدەمین و ئەسعەد چووین لە چایخانەی قەراخ ڕووبارەکە دانیشتین و چاوەڕوانی کابرای خاوەن قەیاخمان کرد تا لە ڕووبارەکە بمانپەڕێنێتەوە. قەیاخوانەکە چاوەڕوانی مسافیری تریشی دەکردو نەیدەویست بە سێ کەسان بچێتە ئەوبەری چۆمی «سندۆلان». شوێنەکە جەماوەرێکی زۆری لێبوو. «حەمە پۆلیس» کە مەئمورێکی ناسراوی حکومەتی بوو، لەنێو خەڵکەکەدا هاتوچۆی بوو. ناوبراو ئینسانێکی ڕوخسارناس بوو، و چونکە بیچمی من سوورو سپی بوو، و لە خەڵکی ناوچە نەدەچووم، دەترسام چاوی پێمبکەوێ و گرفتارم بکا. هەرجارەی کە دەهاتە نێو چایخانەکە، من ئەوێم بەجێ دەهێشت یان بە بیانووی ئەوەی کە شتێکم لێکەوتووە سەرم لەژێر کورسی چایخانەکە ڕادەکردو بەمجۆرە خۆم لە دیدی حەمە پۆلیس دەپاراست. حەمە، پۆلیسی قەلادزی بوو، بەڵام بۆ تەڵەکە هەستاندن خۆی دەگەیاندە «میرزا ڕۆستەم» و ملۆمۆی دەکرد.

ئێمە دەچووین بۆ قەلادزی تا بە یارمەتی «عەلی وەستا غوڵام»ی لە شار دەرباز بین.

کابرای «قەیاخوان» دەیزانی کە ئێمە غەریبین‌و لە کوێستانەوە هاتووین‌و «شێخ مارف» ئێمەی بەو ئەسپاردوە. جابۆیە ئەویش لە حەمە پۆلیس دڕدۆنگ بوو،و زۆرجاران سەری بە قسان قاڵ دەکرد، بەڵام چاوەکانی حەمە پۆلیس هەموو وڵاتی سەنگوسووژن دەداو دیواری دەکۆلی. ئەو بە مەئمورێکی وشیار ناسرابوو، بەڵام وریایی «قەیاخوانەکە» ئەوی وەستاندو لەسەر کورسی‌یەک دایشاندو چایەکی لەپێش دەستی داناو خافڵاندی. کاتی ئامادە بوونی قەیاخ بۆ پەڕینەوەی لە روباری «سندۆلان»، «قەیاخوانەکە» لەوە نیگەران بوو کە نەکا حەمە پۆلیس‌یش لەگەڵ ئێمە سواری قەیاخ بێ، بەڵام ئەو لەگەڵ ئێمە سوار نەبوو،و بەمجۆرە پشویەکی راحەتمان هاتەوە بەرو بەسلامەتی رووباری سندۆلانمان بەجێ هێشت.

هەور پێش ئاسمانی کرتبوو،و دەنکە دەنکە باران دەباری‌و هەواش بەرەو تاریکی دەچوو. ئێمە لەو رێیەدا هیچ‌جێیەکمان نەبوو سەری پێداکەین. تاریکی شەو بە تەواوی باڵی بەسەر زەوی‌دا کێشابوو. ئێمە گەیشتینە نێو کۆڵانە تەنگ‌و قوڕ گرتووەکانی قەڵادزێ، نووری لاوازی چرای «فانووس»ی ماڵی «عەلی وەستا غوڵام»ی ئێمەی بەرەو خۆ رادەکێشا. ئێمە شارەزای ماڵی کاک عەلی بووین‌و کاتی چووینمان بۆ سلێمانی لە ماڵی ئەو مابووینەوە. شەو لە ماڵی کاک عەلی ماینەوەو بەیانی رۆژی دوایی ناوبراو ئێمەی گەیاندە ئاوایی «تەنگژە»، کە هی جوامێر ئاغای پشدەری بوو.

سەرەتای رەشەمە بوو. کاتێک لە قەڵادزێ دەرکەوتین بەفر پروشەی دەکرد. تەنگژە لە بناری کوێستانی بەناوبانگی «مامەندە» هەڵکەوتبوو. بۆ فراوین گەیشتینە ئاوایی «حەسار»و پاش فراوین بەرەو «تەنگژە» رێگەمان درێژە پێداو تاریکی داکەوتبوو کە گەیشتینە تەنگژە. ماڵی جوامێر ئاغا لە پاڵ چیا هەڵکەوتبوو. رەسمی پشدەریان، کە هۆزێکی گەورەی کوردن لە کۆنەوە وابووە، کە بۆ ئاسایش‌و پاراستنی خۆیان لە دەست ناحەزان شەوانە هەموو کون‌و کاژێری ماڵیان بە پەڕۆو پاڵ کوێر دەکردەوە تا رووناکی بۆ دەرەوە نەچێ. ئێمە لە دێیەکەو تەنانەت لە دەرگای دیوەخانی جوامێر ئاغا نزیک ببووینەوە، کەچی لەبەر تاریکی نەماندەزانی، تا سەگی دێ پەلاماریان داین. من قوڵە خەنجەرێکم لابوو. لە پەلاماری سەگەکانی تەنگژەدا دەستم دایەو کوێرانە هەڵمسوڕاند کە لاقی چوارپێیەکم پێ بریندار کرد. سەگ قولاندی‌و چەند چەکدار لە چەخماخی تفەنگیانداو گوتیان کێن؟ کاک عەلی گوتی: کاکە خۆمانین؛ میوانی ئاغاین. چەند لایت بەدەست لێمان نزیک بوونەوەو ئێمەیان بەژوری دیوەخانی ئاغادا کرد. خزمو میوانێکی زۆر لە دیوەخانی ئاغا دانیشتبوون. ئەوان تازە لە راوە کەو گەڕابوونەوە. سەگی بێ زمان کە سەری زل‌و پەنجەی ئەستووری هەبوو،و قاچی بە نووکی خەنجەر برابوو، لە نووزە نەدەکەوت. دوای خۆناساندنمان ئاغاکان گوتیان:

- «جگە لە ئێوە ئەگەر کەسێکی‌تر «سە قوڵەی» ئەنگاوتبا بێگومان تۆڵەمان لێدەستاندەوە، بەڵام ئیتر لەگەڵ ئێوە چ ناکرێ.» من لە وڵامدا گوتم:

- بە ڕاستی ئەوەندە بێدەنگ‌و لە ناکاو ئامبازمان بوون کە خۆشم نەمزانی چۆن بوو بەم چالاکی‌یە دەستم بۆ خەنجەر چوو،و تەنانەت بەهۆی تاریکی شەو بەبێ ئەوەی چاوم بیبینێ لە بەد شناسی خۆی بریندارم کرد.

بەیانی کە لەخەو هەستام دوو کولێرەم هەڵگرت‌و چوومە لای سەقوڵەی بریندارو لاواندمەوەو دڵم هێندێک سێبوری هاتێ. من وەبیرم نایە قەت لە ژیانمدا بەردم بەسەگ‌دا دابێ، چونکە بە مێرمنداڵی سەگەوانی بەناو بانگ گەڕەکی خۆم بوومو زۆرجاران بابم لەسەر سەگ ڕاگرتن گوێچکەی کێشاوم، بەڵام خۆشم دەویستن‌و لەخۆم دوور نەدەکردنەوە. ئێستاش هەستی بە بەقایی‌و وەفاداری سەگ لە مێشک‌و دڵم دایە.

دوای بەرچایی داوامان لە «جوامێرئاغا» کرد، کە بە «مامەندو سواس»دا دەربازی «توژەڵ»مان بکات. جوامێرئاغاو میوانەکانی ڕەزامەندییان نەدەدا کە ئێمەی بە وتەی ئەوان شارستانی بەو زستانە سەختە بە مامەندەدا بڕۆین. گەلێکیان ترس وەبەر نایین‌و گوتیان: «ئەو کوێستان بێ‌ڕەحمە تا ئێستا خەڵکێکی زۆری قڕ کردوەو بە زستانان بۆ گاڵتە پێکردن نابێ.» ئەوان هەروەها گوتیان: «تەماشای هەتاوی ئێرە مەکەن، کوێستانەکانی ئەو نێوە بەهاوینش سەریان بەتەم‌و بەفرینە.» جوامێر ئاغا گوتی: بە پۆستی پۆلیس‌دا دەربازتان دەکەم‌و پۆلیسەکان دەناسم‌و جێی ترس نین. بەڵام، لەبەر نامەی حیزبەکان من نیگەران بوومو ملم نەدا بە پاسگای پۆلیسی سەر سنووردا بڕۆم. هەرچەندە خەڵکی خۆجێ هاواریان کرد گوێم نەدانێ‌و لەسەر کەللە ڕەقی لاوەتیم ڕاوەستام‌و گوتم: کوێستانی مامەندە گورگ نیە ئینسان بخوا!

جوامێر ئاغا ناردی بەدوای کابرایەکدا کە ناوی «ڕەحیم» بوو. کاک ڕەحیم هات‌و جوامێر ئاغا پێی‌گوت ئەوانە بە «ئاوەسپی»دا بەرە بۆ «توژەڵ». کاک ڕەحیم لە وڵامی جوامێر ئاغادا گوتی: «ئاغا گیان، ئەوانە ناشارەزان‌و کوێستانەکانی «بێگلاس، هەڵشۆ، چواس‌و بولفەت» ناناسن، خۆ ئێوە باش دەزانن لەو وەرزەدا بەفر دایپۆشیون‌و بۆ ئەوە نابێ مرۆڤ خۆیان لێدا؛ ئەوانە چۆن دەتوانن بە «ئاوەسپی»دا بچن بۆ «توژەڵ»؟ ڕەنگە ئەو برادەرانە ماخولیا بن، ئەگینا ئینسانی عاقل چۆن ئەو کارە دەکات؟» کاک جوامێر گوتی: لەخۆیان بپرسە. کاک ڕەحیمیش زۆرمان لەگەڵ خەریک بوو، بەڵام بەهۆی پێداگرتنی ئێمە گۆفتی‌دا بەیانی لەگەڵمان بێ.

تەنگژە لەبەری سنووری باشووری کوردستان هەڵکەوتووەو ئاوای «توژەڵە» لە دیوی

ڕۆژهەلات، واتە لە کوردستانی بەشی ئێرانو کوێستانە پانو بەرینو بەرزەکانی «مامەندە، بێگلاس، هەلشۆ، چواس، بولفەتو ئاوەسپی» لێکی جیا کردونەوە. ئێمە دەبوایە بەنێوان «بێگلاسو هەلشۆ»یەدا «ئاوەسپی» ببڕینو بە تەنیشت «بولفەت»دا بەرەو تۆژەلە داکشێین. جوامێر ئاغا نامەیەکی چەند دێری بۆ کاک «سولتان»ی تۆژەلْ نووسیو داوای لێکرد لەوێوە ئێمە ڕەوانەی شوێنی خۆمان بکات. کاک ڕەحیم شەو هاتەوە لامانو گوتی بە دوای خواردنی نانی بەیانیدا وەڕێ دەکەوین.

شەو تا درەنگایەک خەو بەچاومدا نەهات. بیرم لە کوێستانەکانی سەر ڕێمان دەکردەوە. نیگەرانو بێقەرار بوومو لای خۆم دەمگوت بۆچی بەقسەی ئەو خەلکە ناکەمو ئەوەندە لەسەر ڕێگەی «مامەندە» پێدادەگرمو پتر لە هەڤالانم پێدەچەقێنم. هەستم دەکرد پۆلیسەکانی سەر سنوور گوێ لەمستی جوامێر ئاغانو زات ناکەن لە قسەی ئەو دەرچنو باش دەزانن بێدلی کردنی جوامێر بەمانای مەرگیانە. کە واتە ئەو پێداگرتنەی من لەچێ بوو؟!

هەروەکوو پێشتر گوتم کاتێک ئێمە ئەندامانی بەرێوەبەری حیزبی دێموکرات لە مەهاباد دەرباز بووین، لە کۆبوونەوەی «چوارتا»دا بەلێنیماندا بۆ ئەوەی خەلکی دێیەکان پێمان نەلێن «شارەیی دەست بەخەنە» و بزانن شارەیی‌ش هەر لەوانەو وەک ئەوان بەغیرەتە، تا کاری بێباکانە بکەین. ڕەنگە ئەو هەستە بوو منی هاندەدا خۆم بە ئاوو ئاگر دادەم، تا بلێن کابرا نەترسو بێباکە. ئەوە بیرو رای لاوەتی‌یە کە بەسەر عەقلو مەنتقدا زالْ دەبێ، ئەگینا مرۆڤی بە ئەزموونو دنیا دیتوو کوا کاری واشێتانە دەکاتو لە جێیەک کە ڕێگای ڕێکو ئاسایی هەبێ، بەرەو چەرمەسەریو ئاژاوە دەچێ، بەلام بریار درابوو،و غیرەتی پاشگەز بوونەوەی دەویست کە من نەمبوو.

تینی هەتاوی بەیانی تەنگژە دلی ئێمە گەرمتر کردو زیاتر هانی‌داین کە لەسەر بریاری خۆمان بمێنین. کاک ڕەحیم تفەنگێکی کۆنی پێنج تیری دەشانی دابوو،و فیشەکدانێکی لە پشتێندی بەستبوو، کە نزیکەی بیست فیشەکی تێدابوو. من چاوم لە تفەنگو فیشەکدانەکەی بڕیبوو، کە ڕەحیم گوتی: «تفەنگەکەم لەبارەو ئەزموونم لەسەری هەیەو ئەوەندە فیشەکەش بۆ گورگ بەسە، گورگی پێدەکوشترێ.» هەرکام لە ئێمەش هێندێک نانو گۆچانێکمان هەلگرتو بەرەو مامەندە وەڕێ کەوتین. کاک ڕەحیم نزیکەی شێست سالی تەمەن بوو. ناوبراو، لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماردا لە گەلْ جوامێر ئاغا هاتبوو بۆ مەهابادو پیاوێکی وریاو چالاکو پتەو بە ئەزموون بوو.

مالْ ئاواییمان لە جوامێرو ئاغاکانی‌تر کرد. ئەوان گوتیان هەرچی بەسەرتان بێ

لەئەستۆی خۆتانەو ئێمەش قەبوولمان کرد. کاک رەحیم لە پێشەوەو ئێمەش بە دوایدا نزیکەی چوار سەعات لە تەنگژە دوور کەوتینەوە کە هەوا تێکچوو. ئاسمان رەشداگەڕا. زریانێکی سارد هەڵی کردیو هەوا بە تەواوی ئاڵۆز بوو. پشت سەرو پێش چاوی خۆمان نەدەبینی. ترسمان لە دڵ نیشت، بەڵام وەسەر خۆمان نەدەهێنا. کاک رەحیم راوەستاو پەنجەی بەسەر چاوانی داگرتو روانییە دەوروو بەریو پاشان گوتی:

- «کاکی برا با وەگەڕێین، لەوانەیە تووشی مەترسی بین!» لە وڵامدا گوتمان:

- نیوەی رێگەمان بڕیوەو زۆرمان نەماوە، ئاوەژو بینەوە ئەو دیو، رزگارمان دەبێ. پیاوی چاک هیممەت بکە بڕۆ، بەڵام ئەو گوتی:

- «من ناتوانم وەک شێتان خۆم فیدا بکەم. چیترتان لەگەڵ نایەم.» لە وڵامیدا گوتم:

- وەگەڕێ، ئێمە درێژە بە رێیەکەمان دەدەین.

- «جا ئەگەر ئێوە دیسان پێدادەگرنو دەتانەوێ بڕۆن، کوتە کاغەزێک بۆ جوامێر ئاغا بنووسن، کە ئێوە بۆ خۆتان کۆڵتان نەداو سوور بوون لەسەر رۆیشتن بەو رێیەدا.»

دەفتەرەکی بچووکم پێبوو. لاپەڕێکم لێکردەوەو لەسەریم نووسی: کاک جوامێری بەرێز! کاک رەحیم تا نزیک ئاوابوونەوەمان بۆ ئەو دیو لەگەڵمان هات، سوپاسی دەکەینو ئیتر پێویستیمان بەو نەما. لەبەر ئەوە رەوانەمان کردەوە. نامەکەم چوارلا نوشتاندەوەو نامە دەستی رەحیم. ئەو گەڕایەوە بۆ تەنگژەو ئێمەش سەری خۆمان هەڵگرت بەرەو کەس نەزان درێژەمان بە رێگەدا.

بەفر گۆشاوگۆشی کوێستانە پانو بەرینەکانی داپۆشیبوو. هەرچەندە، چەند رۆژێک لە مانگی رەشەمە تێپەڕیبوو، بەڵام دەتگوت تازە هەوەڵی زستانە. نزیکەی سەعاتێک بەدوای گەڕانەوەی رەحیمدا، کڕێوە دەستی پێکردو بای تووڕەو سەرشێت پەیتا پەیتا مێزەری سەرمانی بڵاو دەکردو بەفری زەوی هەڵدەگرتو کونی دەمو لوتو چاوی پێدەئاخنی. دەم چاومان لە زەختی سەرما تەزیبوو. رێگەمان ون کردبوو. بەدەوری خۆماندا دەسوڕاینەوەو بەهۆی سپی بوونی هەرد، عەرزو ئاسمانمان لێ تێکەڵ ببوو، و نەماندەزانی بەکام لادا بڕۆین. هەرکە تووشی تەپۆڵکە بەفرێک دەبووین، لێمان لادەداو نەماندەزانی چ بکەین. ئێمە بە هاوین لەو جێیە ون دەبووین، جا چ بگات بەو وەرزە. ئەو پەندەی پێشینیانمان وەبیر هاتبۆوە کە: لە زستاندا ئاو رادەوەستیو مرۆڤ نابێ کاتی سەفەر راوەستێو دەبێ ببزوێ، ئەگینا رەق هەڵدێ. چونکە لێمان قەومابوو، ئەو پەندەشمان رەچاو دەکرد، ئەگینا ئەویشمان لا فیشاڵ بوو. هەستمان بەمەترسی دەکردو دەستمان لەخۆمان شووشتبوو، بەڵام ئێستاش بەرەواڵەت پاڵەوان بووینو هیچکامەمان ترسمان دەرنەدەبڕی.

حەمەدەمینی راتبی لە پێشەوەو من لە ناوەندو ئەسعەد لە دواوە گۆچانی یەکترمان گرتبوو تا لێک هەڵنەبڕێن‌و ون نەبین. ئەوەندە بە دەوری خۆماندا سوڕابووینەوە کە شەومان بەسەردا هات. نەماندەزانی لە کوێین‌و بە کوێدا دەڕوین. حەمەدەمین گوتی: کاکە پسام. گوتم: منیش. ئەسعەد گوتی: ئەوە دەمرم، چارە چییەو چ بکەین؟ حەمەدەمین گوتی: با هێلانە بەفرێک دروست بکەین‌و خۆمانی تێدا بشارینەوە، ئەگینا توانامان نەماوەو دەبەفر دەگیرێن.

هەر سێ بە گۆچانان دەبەفرەکان ڕۆبووین‌و بەفرمان کۆڵی. کونێکی چکۆلەمان ساز کردو تێخزاین‌و پاڵمان وەیەکدا. ڕەنگە پازدە دەقیقەیەک توانیمان تاقەت بێنین، چی نەمابوو ڕەق ببینەوە. ئەسعەد گوتی: کاکی برا بیستوومە کاتی زستان‌و سەرماو سوڵ ئەگەر مرۆڤ دانیشی‌و نەجوڵێ سەرما ڕەقی هەڵدێنێ. ئێمە خەریکین خۆمان ڕەق هەڵدێنین. ئەسعەد بە دوای ئەو گوتنەیدا لە کونکە چووەدەر و ئێمەش بە دوایدا. چارە نەبوو، دەبوایە بڕۆین، بەڵام بۆ کوێ؟ دیار نەبوو. شەوی تاریک‌و زریانی سارد تەنگیان پێهەڵچنیبووین‌و ترسی گیانمان هەڵی‌پێچابووین‌و لینگمان دەلەرزی‌و ڕێمان بڕ نەدەکردو لە دەوری خۆمان دەسوڕاینەوە. حەمەدەمینی راتبی گوتی:

– «ئێمە دەبێ بە پێچەوانەی تەنگژە بڕۆین‌و هەر چەشنە کەندو کۆسپێکمان بێتە سەر ڕێ دەبێ بیبڕین، ئەگینا بەمجۆرەی کە بە دەوری خۆماندا دەسوڕێینەوە، هەموومان قڕ دەبین.» لەسەر پێشنیاری حەمەدەمینی راتبی، خەریک بووین کەنداڵمان بە کەنداڵ دەبڕی‌و دەچووینە پێشەوە، کە لە ناکاو حەمەدەمین هاواری لێ‌هەستاو گوتی: «کورە بمگەنێ!» ئەو کەوتبووە نێو چاڵە بەفرێک‌و چونکە بەفرەکە بەستبووی‌و لووس بوو، نەیدەتوانی خۆ رزگار بکا. ئێمە پشتێندی خۆمان بۆ شۆڕ کردەوەو بەدژواری هێنامانەوە دەر. سەرئەنجام بە هەزاران زەحمەت‌و کوێرەوەری تووشی لێژایی بووین‌و زانیمان بەرەو دیوی کوردستانی ژێر دەستی ئێران دەچین، بەڵام نەدەکرا بەپێ بڕۆین‌و بە ناچار لەسەر بەفرەکان دانیشتین‌و یەک بەدوای یەکدا خۆمان خوللۆر کردەوەو بە مەودایەکی زۆر لەو بەری چیاکە خۆمان گرتەوە. ئەوەندە باش بوو لە چاڵە بەفران نەکەوتین، ئەگینا دەخنکاین. دۆڵاو دۆڵ بە شیوی نێوان چیاکاندا ڕێکەوتین، تا گەیشتینە شوێنێکی بەرینی پڕ دارو درەخت، بەڵام ئیتر لاقی ڕۆیشتنمان نەبوو. پێڵاوەکانمان وەک بەردیان لێهاتبوو،و قاچ‌و قوڵمان لەسەرمادا وشک.

لە دوورەوە شۆقی چرایەکی کەم سۆمان بینی‌و زانیمان بەرە بەیانەو لادێیەکان تازە لە خەو هەستاون. هەر سێ کەسمان بە یەکەوە هاواری «اللّٰە ئەکبەر»مان بەرز کردەوە. ئەوە ڕەسمی لادێیەکان بوو، کە کاتی لێ قەومان دەنگی «اللّٰە ئەکبەر»یان بەرز دەکردەوە تا

بەهانایانەوە بێن. وڵامی دەنگمان لە ئاوای بەرز بۆوەو «سەلای اللاو ئەکبەر» لە ئاوایی کەوت. واتە، دەرپەڕن کارەساتێک قەوماوە. دە پازدە فانووس و لایت بەدەست لێمان نزیک بوونەوەو لەسەر دەستانیان داناین‌و بردیانین بۆ ئاوایی.

لە ماڵی کاک سوڵتانی گۆڕین دابەزین‌و بردیانینە ژوورێ‌و جل‌و بەرگ‌و پێڵاو‌و گۆرییەکانیان لەبەر کردین‌و دەلێفەی گەرمیانەوە پێچاین‌و لە قوژبنی ماڵی‌یان داناین‌و نەیانبردینە ژێر کورسی‌و گوتیان تینی گەرمای راستەخۆ زیانتان پێدەگەیەنێ‌و لەشتان ئازار دەدا. پاشان لیباسەکانیان بەگڕی تەنور وشک کردینەوەو «شلەبرویش»یان بۆ هێناین‌و هەر کامەمان قاپێکمان لێ‌خواردو دڵ‌و دەروونمان گەرم بۆوە. شەوو رۆژێک لە ماڵی کاک سوڵتان بووین‌و لە نامەیەکدا بۆ جوامێر ئاغا بەسەرهاتەکەم بۆ نووسی‌و گوتم «کەللە شەقی‌و نەزانی ئێمە» خەریک بوو بەکوشتمان بدات‌و ئێستا دەزانم کوێستانەکانی ئەونێوە بۆ گاڵتە پێکردن نابن.

## چاپی رۆژنامەی کوردستان

چەند رۆژێک لە سیاقوڵ مامەوە. پاشان چوومە گوندی «لاچین». لەوێ چاوم بە حەمەدی ئاغای کەوت. کاک حەمەد خاڵی هێمن بوو. ئەو گوتی: هێمن گوتویەتی ئەگەر غەنی رێی لێرە کەوت، ئاگاداری بکەم. لەبەر ئەوە، دوو رۆژیش لە لاچین مامەوەو پاش دیتنی هێمن چوومە گوندی «پیروەلی‌باخی»و بە پشت کارخانەی قەندی «میاندووئاو»دا خۆم گەیاندە تەورێز. قاسملو و عەزیز لە تەورێز بوون. منیش ماڵێکم لە گەڕکی «بارن‌ئاوا» بەکرێ گرت، کە بە گەڕەکی ئەرمەنیان دەناسرا. خاوەن ماڵەکەم ژنێکی ئەرمەنی زۆر مێهرەبان بوو، و پێ‌یان دەگوت «مادام مەروسیا». دوای چوونی من بۆ تەورێز، «سەدیقی هەنجیری ئازەر»یش لە تارانەوە هات بۆ تەورێز.

ئێمە ئەو چوار کەسە کۆ بووینەوە و لەسەر دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان بریارماندا، قاسملو ئێمە بە رێبەرانی فیرقەی دێموکرات بناسێنێ‌و ئێمەش داوایان لێبکەین بۆ چاپی رۆژنامەی کوردستان یارمەتیمان بدەن. رێبەرایەتی فیرقەی دێموکرات بۆ چاپی رۆژنامەی کوردستان یارمەتی پێکردین‌و ئێمە لەسەرەتای ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ یەکەم ژمارەی کوردستانمان دەرخست. سەدیقی هەنجیری‌و عەزیزی یۆسفی بە زمانی فارسی وتاریان بۆ کوردستان دەنووسی‌و من دەمکردن بە کوردی‌و بۆ خۆیشم بە کوردی وتارم دەنووسی. ئەو

نامەو وتارانەش کە بە زمانی فارسی لە کوردستانەوە دەگەشتن، من دەمکردن بە کوردیو قاسملو بەسەریاندا دەهاتەوە. قاسملو هەروەها بە زمانی کوردیش وتاری دەنووسی. هەموو بەیەکەوە رۆژنامەکەمان مۆنتاژ دەکردو من دەمبرد بۆ چاپخانەی فیرقەی دیموکرات. ئەوان نووسراوەکانیان تایپ دەکردو پاش تەواو بوونیان من هەڵەکانم راست دەکردەوەو پاشان چاپ دەکران. دوای چاپی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ئازەربایجان ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ئەوانمان دەبرد بۆ ماڵی ئەندامێکی فیرقە بە ناوی «حوسێن» کە لە سۆڤیەت گەڕابۆوەو لەو ماڵەوە بڵاومان دەکردنەوە. ئێمە کوردستانی ژمارە ١و٢مان بە «مەحمودی مەنگوڕی»دا ناردەوە بۆ مەهاباد، بەڵام پاشان لەگەڵ برادەرانی فیرقە بریارماندا تەتەرێکی هاوبەشمان هەبێ بۆ ناردنی رۆژنامەکانی کوردستانو ئازەربایجان. لە هەر ژمارەی کوردستان ١٠٠ دانەمان دەنارد بۆ کوردستانەکانی ژێر دەستی عێراقو تورکیەو ١٩٠ دانەشمان لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراندا بڵاو دەکردەوە.

خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان نامەیان بۆ دەناردین. ماموستا هێمن لە نامەیەکدا سوپاسی لێکردبووین. رێکخراوەکانی کوردستانی ژێر دەستی عێراق داوای ژمارەیەکی پتریان لێدەکرین، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی پتر لە دوو هەزار دانە چاپ بکەین. زۆرمان هەوڵدا چاپخانەیەک لە ورمێ دانێین، بەڵام سەرنەکەوتین. دوای بڵاو کردنەوەی هەشت ژمارەی کوردستان، چاپخانە فیرقە ئاشکرا بوو. «جەعفەری قەوسی» سەرنووسەری رۆژنامەی ئازەربایجان گیراو رژیم دەستی بەسەر چاپخانەکە داگرت. دوای ئاشکرا بوونی چاپخانەی فیرقە، ئێمە لە ترسی پەلاماری مەئمورەکانی حکومەتی ئێران لەگەڵ قاسملو چووین بۆ تاران. ئەوەش دەبێ بڵێم، کە عەزیزی یۆسفی بە دوای دەرچوونی دووهەمین ژمارەی کوردستاندا لە مسافیرهانەی «شەبستەری» گیراو نزیک بە ساڵێک لە زیندان مایەوە.

لە تاران، قاسملو ژوورێکی لە «دەردەشتی» بەکرێ گرتبوو. دەردەشتی گورانیبێژێکی دەنگخۆش و بەناو بانگی مووسایی بوو، کە لە رادیو تاران گۆرانی دەگوت. من چوومە ماڵی سەدیقی هەنجیریو لە لای ئەو دەمامەوە. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە رێکخراوی سەربازی حیزبی تودە تازە ئاشکرا ببوو،و یەکەم گروپی ئەفسەران گیرابوونو ژمارەیەکیان لێ ئیعدام کرابوو، بەڵام «خوسرەوی روزبە» ئێستا نەگیرابوو. رێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودە لە ساڵی ١٣٢٣-١٩٤٤ بەهۆی دوکتور «رادمەنیش»، «خوسرەوی روزبە»و «عیزەتوڵلای سیامەک» دامەزراو لە پوشپەڕی ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ ئاشکرا بوو. زۆربەی

ئەفسەرانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا تا کۆتایی ساڵی ١٣٣٤یهه گیرانو ژمارەیەکیشیان ڕایانکردو لە ئێران چوونەدەر. لە ماڵی سەدیقی هەنجیری چاوم بە «پەرویزی حکمەتجو» کەوت. پەرویز دۆستی نزیکی سەدیق بوو. ناوبراو بەدوای ئاشکرا بوونی ڕێکخراوی نهێنیی سەربازی حیزبی تودە، بە نهێنی لە ماڵی سەدیق دەژیاو ئێمە نزیک بە دوو مانگ لەو ماڵە بەیەکەوە بووین. من یەکەمجار لە «کافە سیروس» لە مەیدانی «موخبرالدەولە» بە هۆی سەدیقەوە لەگەڵ پەرویز ئاشنا بووم. «حوسێن ئاغا» خاوەنی کافە سیروس کوردی کوردستانی ژێر دەستی تورکیە بوو. سەدیقی هەنجیریو قاسملوو باقی تودەیییەکانیتر ڕۆژانە لەو کافەیە یەکتریان دەبینی.«حکمەتجو» ڕۆڵێکی گرنگی لە خۆپیشاندانی ڕۆژی ٣٠ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٣١-١٩٥٢ی تاران هەبوو،و منیش ئەو کاتە میوانی مامۆستا «سادق وەزیری» بوومو لە تەوای ڕووداوەکانی ٣٠ی پوشپەڕدا بەشداربووم. پەرویز هەمیشە دەمانچەیەکی پڕ لە گوللەی پێبوو، و دەیگوت ئەگەر مەئمورەکانی حکومەتی بێنو من نەتوانم خۆم لە دەستیان ڕزگار بکەم، گوللەیەک لە خۆم دەدەمو خۆم دەکوژم.

من دژی ئەو هەڵوێستەی پەرویز بوومو زۆر جاریش داوام لێکرد بڕواو ئێران بەجێ هێڵێو بچێ بۆ ئورووپا، بەڵام ئەو کۆڵی نەدەداو دەیگوت تا ئەوکاتەی «خوسرەوی ڕوزبە» لە ئێران بێ، ئێران بەجێ ناهێڵم. ئەو کات، سەرهەنگ «فولاد دژ» بەشی پاراستنی ئەرتەشو ئەفسەرێکیتر کە لێپرسراوی لقی دەرەجەدارانی ڕێکخراوی نهێنیی سەربازی حیزبی تودە بوو، لە ئێران مابوونەوەو ئەوانیتر یا گیرابوون یاخود ڕایان کردبوو،و ئێرانیان بەجێ هێشتبوو. پەرویز لەسەر داواو پێداگرتنی منو سەدیق لەگەڵ خوسرەوی ڕوزبە قسەی کردبوو. خوسرەو پێیگوتبوو بە قسەی ئێمە بکاتو بڕوا. دوای ئەوە، پەرویز بەمنی گوت دەمەوێ بچم بۆ ماڵی دایکم، شەو لەوێ بمێنمەوەو بەیانی هاوڕێیەکانم ببینمو لەوێوە بڕیاری چوون یان مانەوەم بدەم.

سەعات نزیکەی دەی شەو بوو. من لەگەڵی چووم بۆ ماڵی دایکی. پەرویز پارەی پێنەبوو، منیش بە هەڵکەوت دە تمەنم پێبوو. لە گەڕەکی «سەرسەبیل»ەوە کە ماڵی سەدیقی لێبوو، سواری تاکسی بووینو چووین بۆ «قولهەک»، ماڵی دایکی پەرویز. من دە تمەنەکەم دا بە شۆفێری تاکسییەکەو لەگەڵ پەرویز ڕاوەستاین کە باقی پارەکەمان وەرگرینەوە، کەچی کابرای شۆفێر پێی بە گازی ئوتومبێلەکەیەوە ناو ڕۆیشتو منی بەبێ پارە هێشتەوە. پەرویز زۆر نارەحەت بوو،و گوتی: تۆ بەبێ پارە چۆن دەگەڕێیەوە، وەرە ئەمشۆ لە لای ئێمە بمێنەوە. من قەبووڵم نەکردو گوتم نیگەرانی من مەبە، خۆم دەگەیەنمەوە. ئەو ڕۆیشت. بڕیار ئەوە بوو، لەگەڵ فولاددژ پێوەندی بگرێو پاشان لە ئێران دەرکەوێ. پەرویز لە ساڵی

۱۳٤۳ی‌هه لەگەڵ «عەلی خاوەری» سەرۆکی ئێستای حیزبی تودە گەڕابۆوە ئێران‌و بەدەست پیاو کوژەکانی شا بەدیل گیرا. من پەرویزم لە زیندانی «برازجان» دیتەوە. ئەو، دوای دە ساڵ مانەوە لە بەندیخانە، لە رۆژی ۲٤ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳٥۳ی‌هه لە ژێر شکەنجەدا کۆچی دوایی کرد.

## کۆبوونەوەی تاران

ئێستا پەرویزی حکمەتجو لە ئێران نەرۆیشتبوو،و لەماڵی سەدیقی هەنجیری دەژیا، کە من داوام لە برادەران کرد، بێن لە تاران کۆ بینەوە. سلێمانی موعینی، هاشم ئەقەلەتوللاب، حەمەدەمینی راتبی، عەبدوڵلای ئیسحاقی‌و ئەسعەدی خودایاری هاتن بۆ تاران. رەحمانی قاسملو و سەدیقی هەنجیری‌ش بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد. سەدیقی هەنجیری لە حیزبی تودە بڕابوو،و زۆر بەجیدی هاریکاری ئێمەی دەکرد. چونکە عەبدوڵلای ئیسحاقی‌و هاشم ئەقەلەتوللاب لەنێو بزووتنەوەی کوردستاندا بە ئەحمەد تۆ فیق‌و قادر شەریف ناوبانگیان دەرکردوە، من هەوڵ دەدەم لەمەو پاش عەبدوڵلای ئیسحاقی بە ئەحمەد تۆفیق‌و هاشم ئەقەلەتوللاب بە قادر شەریف بناسێنم. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە بەهاری ساڵی ۱۳۳٤- ۱۹٥٥ بەسترا، ئەو خاڵانەی خوارەوە کەوتنە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە:

**۱- پساندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە. بەهۆی رەگاژۆی کردنی پۆلیس لە نێو رێکخراوەکانی حیزبی تودەداو هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ رێکخراوەکانی حیزبی تودە، لەوانە بوو ئەندامانی حیزبی دێموکراتیش تووشی گیروگرفت بکا. لەبەر ئەوە داوامان لە رەحمانی قاسملو کردو گوتمان ئەگەر پێت‌خۆشە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات بکەی، دەبێ پێوەندی خۆت لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕی. من بە قاسملوم گوت بەو گرفتەی کە بۆ حیزبی تودە خوڵقاوە، ئەگەر تۆ پێوەندی بە ئەوانەوە بگری‌و بێیتەوە لای ئێمە، لەوانەیە رێکخراوی ئێمەش ئاشکرابێ. قاسملو کە لەبیرو بۆچوونی ئێمە گەیشت، بەڵێنی پێداین، کە لەگەڵ حیزبی تودە پێوەندی ناگرێتەوەو دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات.**

**۲- شیکردنەوەی کارەساتی ۲۸ی گەلاوێژ. لە لێکۆڵینەوەی کارەساتی ۲۸ی گەلاوێژدا بەو ئاکامە گەیشتین کە کارەساتی ۲۸ی گەلاوێژ بەهۆی نەبوونی ورەی شۆڕشگێڕانە لەنێو رێبەرایەتی حیزبی تودەداو نەگرتنی هەڵوێستی خورت‌و جیددی‌و کات لە لایەن رێبەرانی حیزبی تودەوە، «شاو زاهیدی» توانیان کودیتا بکەن. لەبەر ئەوە بڕیارماندا بەناوی حیزبی**

**دیموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەک بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی توده لە دەرەوەی ئێران بنووسین‌و لە هەنگاوی لاوازو بێ‌ وره‌ی ڕێبەرایەتی حیزبی توده لە سەرهەڵدانی کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژ ڕەخنە بگرین. بریار ئەوە بوو قاسملو ئەو نامەیە بەرێتە ئوروپاو ئەو بەدەستی ڕێبەرایەتی سۆڤیەت بگەیەنێ‌و کۆپیەیەکیشی لێ بدات بە سەرۆکایەتی حیزبی توده لە دەرەوەی وڵات‌و ڕێگەیەک بکاتەوە بۆ پێوەندی ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سۆڤیەت.**

دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە، حکمەتجو چووە ماڵی ڕەحمانی قاسملو پاش دوو ڕۆژ گەڕایەوە بۆ ماڵی سەدیق. ناوبراو لە باسەکانی‌دا گوتی: «من هەستم کرد کیانوری هاتە ماڵی قاسملوو، و ناوبراو ئاکامی کۆبوونەوەی ئێوەی پێڕاگەیاند.»

گوتنی حکمەتجومان پێ سەیر بوو، لەبەر ئەوە هەموومان بەتوندی ڕەخنەمان لە ڕەحمانی قاسملو گرت. من گوتم:

- چونکە قاسملو بیر لە پاراستنی ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکرات ناکاتەوەو بە دوای بەڵێنی پساندنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی توده، دیسان لەگەڵ کیانوری دانیشتوە، من قەبووڵ ناکەم لەگەڵ ئێمە پێوەندی هەبێ‌و تەنانەت هەستام‌و کۆبوونەوەکەم بەجێ هێشت. سلێمان موعینی، قادر شەریف‌و ئەحمەد تۆفیق زۆریان هەوڵدا بمێنمەوە، بەلاّم نەمامەوەو گوتم دەچم بۆ «پارکی شار».

لە پارکی شار بووم کە سلێمان موعینی، قادر شەریف‌و ئەحمەد تۆفیق هاتن‌و گوتیان قاسملو بەتوندی ڕەخنەی لەخۆی گرتووەو گوتویەتی: چیتر پێوەندی لەگەڵ حیزبی توده ناگرێ. ئەوان داوایان لێکردم بگەڕێمەوەو گوتیان قاسملو کوردێکی دڵسۆزەو ئێمە دەتوانین کەڵکی لێوەرگرین‌و نابێ بە بریاری ئاوا توند پاڵی پێوەنێین. ئەوان بەمنیان سەلماند کە توندو تیژیم کردوەو لە ئەنجامدا لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە.

قاسملو ئەمجارەش بە بەشداری هەمووی ئێمە ڕەخنەی لەخۆی گرت‌و گوتی ئیتر پێوەندی لەگەڵ حیزبی توده ناگرێتەوەو نامەی ڕەخنەگرانەی ئێمە لە حیزبی تودەش بە حیزبی کومونیستی سۆڤیەت دەگەیەنێ. دوای چەند ساڵان، کە ئەحمەد تۆفیق‌و قاسملو لە باشووری کوردستان ناکۆکیان لێ‌پەیدا بوو، ئەحمەد تۆفیق بەچاوی قاسملوی داداببوەو گوتبووی: «غەنی ڕاستی دەکردو ئێمە لە بارەی تۆدا بەهەڵە چووین.» سەرئەنجام ڕەحمانی قاسملو بەڵێنی‌یەکانی بەجێ نەگەیاندو نەک هەر نامەی ئێمەی نەدابوو بە بەرپرسانی حیزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، بەڵکو هەر دوو نامەکانی لە عێراق دابوو بە «رادمەنیش» کە ئەو کات سەرۆکی حیزبی توده بوو.

دوای تەواو بوونی ئەو کۆبوونەوەیە، ئەحمەد تۆفیق گەڕایەوە بۆ سنەو ئەوانی‌تریش چوونەوە بۆ ناوچەی بەرپرسایەتی خۆیان‌و منیش چاوەڕوان بووم «قاسمی سوڵتانی» لە «هەمەدان» خوێندنەکەی تەواو بکات‌و بچم لەگەڵ خۆم بیگەڕێنمەوە بۆ کوردستان. دوای ڕۆیشتنی حکمەتجو ئیتر ماڵی سەدیقی هەنجیری لە مەترسی کەوتبوو، و دەترسایین پۆلیس هێرشی بکاتێ، لەبەر ئەوە منیش ئەو ماڵەم بەجێ هێشت‌و چووم بۆ ماڵی «ساڵحی ئوقلیدوس». ناوبراو، ئەندامی ڕێکخراوی «سنە»ی حیزبی دێموکرات بوو، و چونکە ترسی ڕێنیشتبوو، هاتبووە تاران‌و بە نهێنیێ کاری ڕەنگرێز ساختمانی دەکرد.

دوای ماوەیەک چاوەڕوانی کردنی قاسمی سوڵتانی چووم بۆ «هەمەدان»و قاسمم دیتەوە. ئەو لە ماڵی کاک «ئەحمەد»ی مامی دەژیا. قاسم تازە لە کوردستان گەڕابۆوەو پاش هێندێک گفتوگۆ بۆم دەرکەوت پێی شلەو نایەوی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. قاسم بەر لە کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣زایینی کادری حیزبی بوو، و لە کۆمیتەی «بلباس»دا خەباتی دەکرد. ئەو بۆ ئەوەی بتوانی دیپلۆم وەرگرێ، ئیزنی وەرگرت بچێتە هەمەدان‌و پاش تەواو بوونی دەرسەکەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

من کە دیتم ئەو ئامادە نیە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ماڵ ئاوایم لێکردو لە «هەمەدان»ەوە چووم بۆ تەورێز. لە تەورێز کۆت‌و شەلوارەکەم لەگەڵ کوردێکی خەڵکی مەهاباد بە ناوی «ڕەحمانی عاشیرەتی» گۆڕیەوەو بە جل‌و بەرگی کوردی سواری «تانکێر»ێکی نەوتکێش بووم‌و لەکن کارخانەی قەندی «میاندووئاو» دابەزیم. شەو چوومە دێی «ساروقامیش»و لە ماڵی کاک «ڕەحیمی جەوانمەردی قازی» مامەوەو بەیانی بە گوندی «پیروەلی‌باخی»دا چوومە «قزلجە»و میوانی مام «حوسێنی فەتاحی» بووم. مام حوسێن لەگەڵ من لە سۆڤیەت بوو. لە قزلجەوە چوومەوە ناوچەی مەنگوڕان.

ئەحمەد تۆفیق ئەو کاتە لە ماڵی «عوبێدی خالەقی»، کە ئەندامی حیزب بوو، لە سنە بەنهێنی دەژیا. ڕۆژێک، «مەزهەری خالەقی» نامەیەکی بۆ عوبێدی برای بۆ تاران ناردبوو،و گوتبووی عەبدوڵڵای ئیسحاقی لە مەترسی ئاشکرا بووندایە. بۆ ئەوەی کە ناوبراو لە مەترسی گرتن ڕزگاری بێ‌و ئەندامانی حیزب لە سنە بتوانن درێژە بە کاری خۆیان بدەن، لە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕدا کە لە گوندی «بێنگوین»ی پێکهات، منیان دیاریکرد بەجێی ئەحمەد تۆفیق بچم بۆ سنە. بە پێی ئەم بڕیارە من ئەرکی بەرپرسایەتی سنەم قەبووڵ کردو لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٤-١٩٥٥ چووم بۆ سنەو ئەحمەد تۆفیقیش گەڕاوە بۆ ناوچەی مەنگوڕان.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

## چوون بۆ سنەو گیرانو زیندانی بوونم

کۆمیتەی حیزبی لە سنە، ماڵی ئەندامێکی حیزبی بە ناوی سەید «عەتا یونسی» بۆ دیاری کردم، کە وەک ماڵی نهێنی لێی نیشتەجێ بم. دەیانگوت سەید عەتا پێشتر ژنو کچێکی هەبووە، بەڵام لە ژنەکەی جیا ببۆوە و منداڵەکەشی بە «تایان» دابوو. خانووی سەید عەتا «لەسەر تەپۆڵە» هەڵکەوتبوو،و تەنیا تاقە هۆدەیەکی هەبوو. ئەو ماڵە ژێرخانێکی بێ دەرگاشی هەبوو کە ئاوردووی زستانی تێدا کۆ دەکرایەوە. هۆدەکە شەش پلەکانی هەبوو،و دەرگاکەشی بەرەو حەوشە دەکرایەوە. پەنجەرەیەکی هێندێک گەورەی تێدابوو، کە ئەویش بەرەو حەوشەکە دەکرایەوەو پەنجەرەیەکی بچووکیشی هەبوو کە رووی لە کۆڵان بوو، بەڵام نەدەکراوە. منو سەید عەتا بەیەکەوە لەو هۆدەیەدا دەژیان. من جیا لە هێندێک لیباسو شەڕەوبڕە، چەمەدانێکی پڕ کتێبی مێژوویی، رۆمانو کتێبی ئیدەلۆژی پێبوو.

رۆژانی هەینی منو سەید عەتا بەیەکەوە دەچووین بۆ باخی «هاشم شێخانی». شێخانی ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی حیزبی لە شاری سنەو زاوای کاک رەحمەتی شەریعەتی بەرپرسی ئەو رێکخراوەیە بوو. رۆژێک لەگەڵ سەید عەتا دەچووین بۆ باخی شێخانی، کە لەپڕ سەربازێک لە دوورەوە بە ناوی خۆم بانگی کردم. لام سەیر بوو،و سەرم سوڕماو لەجێی خۆم چەقیمو چاوم تێبڕی، کە نزیک بۆوە، دیتم خەلیلی سەدیقی ژن برامو هاورێیەی حیزبیمە. خەلیل مرۆڤێکی دڵپاک بە بەژنو باڵا جوانو شیرینو دەنگ خۆش بوو. لەباری سیاسییەوە زۆر چالاک نەبوو، بەڵام وەک گۆپاڵی حیزبی دەژمێردرا و هەر کارێکی دژوار و پڕلە مەترسییان پێئەسپاردبا، لێی نەدەپرینگایەوە. ناوبراو ماوەیەک لەترسی گرتن رایکردە سلێمانیو بەغداو لەکن هونەرمەندو هونەر دۆستانی کوردی کوردستانی ژێردەستی عێراق بوو،و پاشان گەڕاوە بۆ مەهابادو بەگەنجی کۆچی دوایی کرد.

من لای سەید عەتا ناوم «موحسینی پەرتەوی» بوو. ناوبراو لەوە زیاتر هیچی لەمن نەدەزانی، بەڵام کاتێک خەلیل منی بەناو بانگ کرد، قوشقی بوو،و رەنگی بزرکاو وتی:

کەوا بوو تۆ هەمان غەنی بلوریانی کە لە لای من بوویتە «موحسینی پەرتەوی». منو سەید عەتاو خەلیل چووینە باخی شێخانیو دوای گەڕانەوە نەدەکرا خۆڵقی خەلیل نەکەم، کە بێتە ماڵەکەم. بەمجۆرە، ئەو هاتو شەو لە لای ئێمە مایەوەو بەیانی چۆوە بۆ سەربازخانە.

لەم ڕۆژەوە سەید عەتا گۆڕانکارێکی سەیری بەسەردا هات. بەسەختی پەشۆکا بوو، و لەوە دەترسا لە ماڵەکەیدا بگیرێمو چارەنووسی بە چارەنووسی منەوە گرێ بدرێ، لەبەر ئەوە دەستیکرد بە پەلپو بیانوان و لە چەمەدانە کتێبەکەی هەڵکێلاو گوتی:

«خۆت لێرەی ئیتر ئەو چەمەدانە کتێبەت چی‌یە؟ ئەگەر تۆ لێرە بگرن ڕەنگە بێژم ایناسمو من چەرچیمو ئەوەش ڕۆن کرەو قەرارە ڕۆنی پێ‌بفرۆشم، بەلاّم ولاّمی ئەو کتێبانەت چۆن بدەمەوە. دەبێ هەر ئێستا ئەو چەمەدانە کتێبە ڕاگوێزی!» گوتم:

– پیاوی چاک بە، من غەریبمو لێرە کەس ناناسم، بیبەمە کوێ؟ سەبرت بێ ئەگەر چاوم بە کاک ڕەحمەت کەوت ڕێگایەک بۆ ئەو چەمەدانە دەدۆزمەوە.

گشت ڕۆژانی شەممە، لە سەعاتی حەوتی ئێوارەوە بۆ کۆبوونەوە دەچوومە ماڵی ڕەحمەت و سەعات نۆی شەو دەگەڕامەوە بۆ ماڵی سەید عەتا. یەکەم شەممەی دوای ئەو ڕووداوە کە چوومە لای کاک ڕەحمەت، بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕاوەو گوتم:

– کابرا زراوی چووە، ڕێگا چارەیەک بۆ منو کتێبەکانم بدۆزەوە.

– «پەیدا کردن ماڵێکی وەک ماڵی سەید عەتا بۆ ئینسانی سەڵتە زۆر دژوارە. زۆربەی ئەندامانی ئێمە لاونو لەکن دایکو بابیان دەژین. دەبێ سەبرت بێ، بەشێنەیی شوێنێکت بۆ پەیدا بکەم، بەلاّم ئەگەر بخوازی دەتوانی بێی بۆ ماڵی منو دەست لە سەید عەتا دەشوێن.»

– ئەگەر بێمە لای تۆ سەید عەتا دەزانێو ئەوەش کارێکی دروست نیە، چونکە من هیچ باوەڕم بەو کابرایە نەماوەو پیاوی ترسەنۆک جێی باوەڕ نیە، لەوانەیە کاتی مەترسی تۆش لە داو بخات. باشتر ئەوەیە تۆ بەگورجی جێیەکم بۆ بدۆزیەوەو منیش تا ئەو ڕۆژە سەید عەتا بە زمان ڕادەگرم.

کاک ڕەحمەت ئاگاداری کردم چەمەدانەکە لە نزیک گەڕەکی سەرتەپۆڵە تەسلیمی مەجید ناوێک بکەم. مەجید کوڕە گەنجێکی تازەکاری بیستو دوو ساڵە بوو. پێشتر لە کۆبوونەوەی ئامۆژگاری سیاسی‌دا کە خۆم بەرپرسی بووم، چاوم پێی کەوتبوو. لە کۆبوونەوەکاندا هەستی بەمەترسێکی سامناکی نادیار دەکردو کەمتر هۆشی لە قسەکانی من بوو، و هەمیشە لە ژووری کۆبوونەوەدا، کە دەنگی پێی دەبیست، قوت دەبۆوەو دەیگوت ئەوە چیە؟

مەجید لە زارکی کۆڵانێک راوەستاو من چووم چەمەدانەکەم بە زەحمەت گەیاندە لای. ئەو حەمباڵێکی تورکی ئازەری لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەویش بۆ ئەوە حەمباڵی تورکی غەریبی هەڵبژاردبوو، کە ناسیاو نەبێ‌و پاشان کۆڵانەکان نەدۆزێتەوە. کابرای حەمباڵ دەستی دایە چەمەدانەکەو گوتی: «ئەی دەدەم وای، نەئاغر دی» واتە (ئەی بابەڕۆ چەندە قورسە). ئەو چەمەدانەکەی لە کۆڵی ناو وەشوێن مەجید کەوت. بە لاچوونی چەمەدانەکە من حەسامەوەو گەڕامەوە بۆ ماڵی سەید عەتاو گوتم:

- چەمەدانە رەشە بۆی دەرچوو، ئیتر خەیاڵت تەخت بێ. سەید عەتا مۆڕەیەکی کردو بێدەنگ مایەوە.

دوا جار ئاگاداری چارەنووسی چەمەدانەکە بوومەوە. گۆیا مەجید لە پێشەوەو حەماڵی چەمەدان بەکۆڵ بە دوایدا دەگەنە راستە شەقامێک. پاسەوانێکی ناسیاو تووشی مەجید دەبێ‌و چاک‌وخۆشی لەگەڵ دەکاو لێی دەپرسێ:

- «بۆکوێ دەچی؟»

- بەرەو ماڵ دەچمەوە. پاسەوانەکە بێخەیاڵ لەوەی مەجید خەریکی چ کارێکە، لاپرەسەنی دەڵێ:

- «ئەو حەماڵە چییە وا چاوەڕوانتە؟»

- رەنگە ماندوو ببێ، کە لەوێ پاڵی داوەتەوە، ئەگینا لەگەڵ من نیە. بەمجۆرە مەجید حاشا لە چەمەدانەکە دەکات‌و لەگەڵ پاسەوانەکە دەچێتە چایخانەیەک‌و سەرئەنجام خۆی لە حەمباڵەکە دەشارێتەوە. کابرای حەمباڵیش کە دەبینێ خاوەنی چەمەدانەکە بەجێی هێشتوە ئێوارەیەکی درەنگ بە ناچاری چەمەدانەکە دەباتەوە بۆ ماڵی خۆیان‌و ژنەکەی لێی دەپرسێ: «ئەوە بۆچی ئاوا درەنگ هاتیەوە.» حەماڵی ماندوو پشویەک دەداو روداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ژنە وەشک دەکەوێ‌و دەڵێ: «با بزانین ئەو چەمەدانە قورس‌و نەحسە چی تێدایەو بۆچی ئاوا گرانە.» هەرکە زارکی چەمەدانەکە دەکەنەوەو چاویان بە کاغەز دەکەوی، زراویان دەچێ‌و دەستبەجێ تەنوور دادەگیرسێنن‌و ئاگر لە گیانی ئەو کتێبانە بەردەدەن کە من بەخوێنێ دڵ وەچەنگم خستبوون.

سەید عەتا، کە بەو کارەی زانی شەرمی پێداهات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پاش چەند رۆژان گوتی:

- «کاکی خۆم تۆ چیت گەرەکە لەم شارە، بۆ دەرباز نابی.»

- من لێپرسراوێکی حیزبی‌م‌و بەپێی بڕیاری حیزب هاتوومەتە ئێرەو ناتوانم سەربەخۆ ئێرە بەجێ هێڵم، تا حیزب بڕیار نەدا من دەبێ لێرە بمێنمەوە.

سەید عەتا، بەیانی‌یان کە دەچووە بازار، دەرگای حەوشەکەی لە دەرەوە قفلْ دەکرد تا کەس هەست بە ئاوەدانی لە ماڵەکەیدا نەکا. ئێوارەی ڕۆژێک چەند کوچکە بەردیان لە دەرگای ماڵەکەماندا. لای خۆم گوتم ڕەنگە منالْ بن. ڕۆژی دوایی‌و ڕۆژانی‌تریش ئەو کارە دوو پات‌و سێ پات کرایەوە، بەلاْم من خۆم گێل کردو زاتم نەبوو ڕووداوەکە بۆ سەید عەتا بگێڕمەوە. ڕۆژانی‌تریش دیتم چەند زیپکە (زیخ) بەردیان لە پەنجەرە بچووکەکەدا، کە دیسان گوێم نەدایەو خۆم بۆی شلوێ نەکرد. پاشان کە ئەو کارە هەر دەهات‌و دووپات‌و سێ پات دەبۆوە، لە سەید عەتا وەشک کەوتم، بەلاْم لام وانەبوو کە ئەوە پەندی خۆیەتی دەیگێڕێ تا بەڵکو من بترسێنم‌و بۆی دەرچم.

ئێوارەیەک، سەید عەتا لە حاڵێکدا ترس هەموو گیان‌و لەشی داگرتبوو، و ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەمابوو، هاتەوەو گوتی:

- «چەند ئێوارەیەکە کە من دێمەوە، دەبینم پاسەوانێکی بەشی پاراستنی شارەوانی لەم کۆلاْنە دەخولێتەوەو لەوانەیە هەستی بە بوونی تۆ لەو ماڵەدا کردبێ.»

بەو گوتنەی سەید عەتا بۆم دەرکەوت ئەو درۆ دەکات‌و فێڵبازەو گشت ئەو بەردانە ئەو بە دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەی داداوە، چونکە ئەگەر پۆلیس هەست بە شتێک بکا، دەکەوێتە شوێنی تا سەری لێ دەرهێنێ، ئیتر گاڵتە بە ماڵەکە ناکات‌و بە کوچک‌و زیپکە بەردان لە دەرگاو پەنجەرەی ماڵە خەڵک نادات.

شەوی شەممە کە بۆ کوبوونەوە چوومە ماڵی ڕەحمەت، فێڵبازی سەید عەتام بۆ باس کردن‌و گوتم:

- کاکی برا مەترسی هەیەو سەید عەتا بڕاوەو دەترسێ‌و خۆی دۆڕاندوەو چارەم بکەن.

ڕەحمەت گوتی:

- «چەند ڕۆژێکی‌تریش سەبرت بێ بزانم چم لە دەست دێ بۆتی بکەم.»

حەوتوویەکی‌تریش سەبرم کردو سەعاتی حەوتی ئێوارەی ڕۆژی شەممە چواری خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٤-١٩٥٥ چوومەوە بۆ ماڵی کاک ڕەحمەت‌و وەک هەمیشە سەعات نۆی شەو ماڵْ ئاوایم لێکرد. ئەویش وەک هەمیشە تا بەر دەرگای ماڵەکەیان لەگەڵم هات‌و بەر لەمن دەرگاکەی کردەوەو چۆ دەرکە چاوێک بە کۆلاْنەکەیاندا بخشێنێ‌و من بە شێنەیی دەرباز بم.

لە زارکی کۆلاْنی تەلیفونخانە دوو کەس لە تاریکی‌دا ڕاوەستابوون. لە ڕەحمەتم پرسی:

- ئەوانە کێن، کە ڕو بە ڕوی ماڵتان ڕاوەستاون؟

- لەسەرو پۆریان دەردەکەوێ کە شەڕلاْت بن.

ماڵ ئاواییم لە کاک رەحمەت کردو رۆیشتم، کەچی دوو کەسەکە کەوتنە شوێنم. هەنگاوەکانم توند کردو بەگورجی کۆڵانەکەم بڕی‌و بۆ ئەوەی بەرەو ماڵی سەید عەتا نەڕۆمو شوێنەونکە بکەم، هەرکە گەیشتمە بەر گۆڕەپانەکەی بەر شارەوانی بەدەستی چەپەدا بامداوەو بە کوچەی زینداندا داکشام، بەڵام ئەوان دەمانچەیان کێشاو گەینە سەرمو گرتیانم.

هێندێک، یادداشتی کۆبوونەوەکەم لە گیرفاندابوو، کە بە گوێرەی ئەو، باسی سیاسی لەمەڕ مەسەلەی کوردستانو چۆنیەتی ژیانی خەڵکو بە تایبەتی لاوەکانو هەڵویستی رژێم لە بەرامبەر داخوازەکانی حیزبی دێموکراتیان لەسەر نووسرابوو. دوو کەسەکە، منیان بەرەو شارەوانی دەبرد، لەبەر ئەوە دەبوایە ئەوان بهاروژێنمو تووڕەیان بکەم تا بکەونە گیانم، بەڵکو بەمکارە هەلێکم بۆ برەخسی یادداشتەکان بخەمە زارمو قوتیان بدەم. نەخشەکەم گرتی، لەو دوانە تووڕە بوومو چەند قسەی سووکم پێگوتن. ئەوانیش وەبەر شەپو زللەو قونە دەمانچانیان دامو منیش دەرفەتم بۆ رەخساو کاغەزی یادداشتەکانم تورهەڵداو ئیتر ئەمجارە دەستم کرد بە لامە لامەو لاواندنەوەی ئەو پاسەوانەکانو گوتم کاکە بۆچی لێمدەدەنو چیتان لە گیانم دەوێ، ئیتر ئەوانیش ئەهوەن بوونەوە و بردیانم بۆ شارەوانی کە شوێنەکەی لە مەیدانێکدا هەڵکەوتبوو.

لەوێ، گیرفانەکانیان پشکنیم، جیا لە پاندانێکی گران بایی‌و چەند تمەن پارە چم لا نەبوو. پاشان بۆم دەرکەوت ئەو دوو کەسە ناویان «عەلی گوڵشەن»و «فیکری» بووە و پاسەوانی بەشی پاراستن بوون. سەرۆک کێشکی ئەم شەوەی شارەوانی ئوستوارێکی باڵا بەرزی موو بۆر بوو. ئەو گوتی:

- «تۆ کێی؟»
- ناوم موحسینی پەرتەوی‌یە.
- «خەڵکی کۆیی؟»
- خەڵکی هەمەدانم.
- «بۆ چووبووی بۆ ماڵی رەحمەت؟»
- من رەحمەت ناناسم، رەحمەت کێ‌یە؟
- «رەحمەت خاوەنی ئەو ماڵەیە کە تۆی تێدا بووی‌و کاتی هاتنە دەر ئەو مەئمورانە دەردەستیان کردوی.»
- من بە کۆڵانێکدا بەرەو هۆتێل دەڕۆیشتم کە ئەوان منیان گرتووەو راست ناکەن.
- «کام هۆتێل؟»

- هۆتیل درەخشان.

- «نامەیەک بنووسە بۆ خاوەنی هوتێل درەخشان بیٚو ببێتە کەفیلت، ئازادت دەکەم.»

- من ئێستا هۆدەم لە هۆتێل نەگرتوەو خاوەنی هوتێلەکە ناناسم، چۆن نامەی بۆ بنووسم؟

- «تۆ کەی هاتویەتە سنە؟»

- دوو سەعات دەبیٚ، بەڵام چونکە بەیانی زوو دەگەڕێمەوە بۆ هەمەدان ویستم شار ببینمو بەر لە گرتنی هوتێل هێندێک بە شەقامو کۆڵانەکانیدا بخولێمەوە.

- «باشە بنووسە بۆ خاوەن هوتێلی درەخشان، بەڵکو ئەو کەفالەتت بکاو ئێمەش یارمەتیت دەکەین رزگار بی.»

- چ بنوسم، تۆ فەرموو پێم بڵیٚ من بنووسم. ئەو چەند دێڕێکی پێگوتمو من بە ئیملای غەڵەت نووسیم. پاشان گوتی:

- «بۆچی هاتووی بۆ سنە؟»

- چێودارمو رۆنو کەڵو پەل دەکرم.

- «بە پێنج تمەن توجارەت دەکەی؟»

- گەرەکم نەبووە پارە لەگەڵ خۆم هەڵگرمو ترسام گیرفانم ببڕن.

- «ئەرواحی نەنەت منالٚ فریو دەدەی؟ دیارە ئینسانێکی لیزانو وریا نیتو بە باشی خۆت بۆ ئەم سەفەرە تەیار نەکردوە، بەڵام تۆ هەمەدانی نیتو شێوە خەتەکەت لە نووسینی مەهابادی دەچیٚ!»

- تازە دەزانم خەتی هەر شارە چەشنی تایبەتی هەیەو تۆ پسپۆڕی خەت ناسی!

- «لێت بەشکم. بە پێنج تمەن هاتووی توجارەت بکەی. پێنووسەکەت دەرەجە یەکە، بەڵام خوێندەواریت کەمەو ئیملاکەت پڕە لە غەڵەت. ئەمانە هەموویان جێی گومانو ئێمە ناچارین تۆ راگرینو لێت بکۆڵینەوە.»

ئەو پرسیارانە دەری خست کە گرتنی من ئاسایی نەبوو. پۆلیس ئاگادار کرابوو کە من دەچم بۆ ماڵی کاک رەحمەتو سەعاتی نۆ لەویٚ دەردەچم. ئەوەی پۆلیس گوتی خەتی تۆ لە خەتی مەهابادییان دەچیٚ، تێگەیشتم کە منیان ئاشکرا کردوەو پولیس بۆ گرتنم کۆڵانی ماڵی کاک رەحمەتی خستۆتە ژێرچاوەدێری.

بەیانی رۆژی دوایی منیان بردە بەشی پاراستنی شارەوانیو «عەتایی» سەرۆکی ئەو بەشە، پرسیارەکانی کابرای ئوستواری لیٚ دووپات کردمەوەو منیش هەر وڵامەکانی پێشووم داوە. ئینجا عەتایی بەیاننامەیەکی دەست نووسی پێشاندامو گوتی:

- «تۆ لە سەعاتی حەوتی ئێوارەوە خەریکی بڵاو کردنەوەی ئەو بەیاننامە بووی کە پۆلیس وەشوێنت کەوتووەو خۆت بە ماڵی رەحمەتدا کردوە.»

- نا، وانیە! من هیچ بەیاننامەیەکم بڵاو نەکردۆتەوەو چونکە ئەو دوو کەسە هیچ نیشانەیەکی پۆلیسیان پێوەنەبوو، من پێموا بوو ئەوانە جەردەنو روتم دەکەن، بۆیە ئامادە نەبووم خۆم بەدەستەوە بدەمو رامکرد.

- «وادیارە زۆر حازر بەجوابیو شتێکت لە باراندا هەیە؟»

- بە حەدسو گومان ناکرێ خەڵک بگرنو ئازاری دەن.

- «زۆریش بێ تاوان نیێ، وڵامی ئەو بەیاننامەیە چۆن دەدەیەوە؟» بەیاننامەکە دەستنووس بوو،و بە رواڵەت لە زمانی حیزبی تودەوە دژی رژیم نووسرابوو، بەڵام خۆیان سازیان کردبوو. بە دیتنی ئەو، گوتم:

- خاک، بەسەری حیزبی تودە کە ناتوانێ بەیاننامەیەک چاپ بکاو بە قەڵەمی قامیشو مەرەکەب دەینووسێ. ئەم وڵامەی من سەرۆکی پاراستنی شارەوانی وشیار کردەوەو گوتی:

- «ئەوە بەرن بۆ زیندان!»

بردیانمە زیندانی گەرەکی «قەڵاچوالان». چونکە هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نەبوو، لە ژوری پاسەوانەکانی کیشکی زینداندا تەختێکی خەویان بۆ دانامو بە شێوەی کاتی لەوێ رایانگرتم. من بۆ ئەوەی پاسەوانە کوردەکان نەزانن کوردم، کاتی پرسیار کردنیان زۆر بەکورتی وڵامم دەدانەوە. رۆژی دووهەم سەرلەنوێ بریانمە لای «عەتایی». ناوبراو ئەمجارە بەیاننامەیەکی چاپکراوی بە دەستەوەوە بوو،و گوتی:

- «تۆ کاتی بڵاو کردنەوەی ئەو بەیاننامەیە گیراوی.» بۆم دەرکەوت عەتایی وشیار بۆتەوە. بە راستی پۆلیسی شاری سنە زۆر ساکارو لەباری سیاسیەوە کەم ئەزموونن، بەڵام بەتێکڕایی ملهۆر نەبوونو ئینسانی لەسەرەخۆو ئاسایی‌شیان تێدابوو. من لە وڵامی عەتایی‌دا گوتم:

- نازانم لەو بەیاننامەدا چ نووسراوە، دەتوانم چاوی لێ بکەم. عەتایی بەیاننامەکەی دامێ. دەقی بەیانەکە هی پێشوو بوو، بەڵام لە چاپخانەی «شیرکەتی چاپی سەنەندەج» لە چاپ درابوو،و مارکی چاپخانەکە لە ژێر بەیانەکە بوو. هەرکە مارکی چاپخانەکەم دیت بۆم رون بۆوە کە پۆلیس پەروەندەی بۆ دروست کردوم. بەیاننامەکەم داوە بە عەتاییو گوتم:

- ئاگام لەوە نیە.

- «تۆ دەبێ وابێژی چونکە بە تەڵەوە بوویو رێگای رزگاربوونت نیە.»

منو عەتایی لەو قسانە دابووین، کە سەروانێکی پۆلیسی خەڵکی هەمەدان وەژور

کەوت. عەتایی هێنابووی لەگەڵم بدوێ و بزانێ داخوا هەمەدانیم. سەروان بە زاراوەی هەمەدانی لەگەڵم دوا، بەڵام من هەر تەقەم لەسەری دەهاتو چی لێ تێنەگەیشتم. لە ئاخردا سەروان بە عەتایی گوت:

- «دەتوانم بڵێم ئەوە ئاوی هەمەدانی نەخواردۆتەوە.» لە وڵامدا گوتم:

- «منداڵ بووم کە هەمەدانم بەجێ هێشتووەو چوومەتە تاران، جا بۆیە زاراوەی هەمەدانیم لەبیر کردوەو زاراوەی فارسی تارانیشم نیە. سەروان گوتی:

- «خەڵکی کام گەڕەکی هەمەدانی؟»

- خەڵکی «حەسەن ئاوا».

- «حەسەن ئاوا بە قەد شاری سنەیە، لە کام گەڕەکو ماڵی کێ بووی؟»

- لە گەڕکی «کولەپا» و ماڵی مەشەدی حوسێن. من کە ئەوەم گرت، سەروان چی‌تری نەپرسی، بەڵام بە تەواوی لێیان رون بوو کە هەمەدانی نیم.

رۆژی دوایی، لە حەوشەی زیندان لەپڕ چاوم بە کاک رەحمەتو شێخانی کەوتو زانیم ئەوانیشیان گرتووە. لە توالت لەگەڵ کاک رەحمەت دوامو گوتم:

- من باسی ئێوەو ماڵی ئێوەم نەکردوە. وریا بن فریو نەخۆن!

- «لای ئەوان رونە کە تۆ مەهابادیو لە ماڵی منیش بووی. ئەوەیان پێگوتوومو دەشزانم ئەوە پەندی سەید عەتایە.»

چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لە کاک رەحمەتو شێخانی نەبوو، دوای ماوەیەک بە وەرگرتنی کەفیل ئەوانیان ئازاد کرد. رۆژێک، لە زیندانەوە منیان برد بۆ «ئەنگوشت نیگاری» و قامکەکانیان لە مرەکەب ناو سێچوار کاغەزیان پێ‌مۆر کرد. پاشان سەرۆکی زیندان گوتی: «چونکە تۆ مرۆڤێکی گومان لێکراوی خەریکن دەدبەن بۆ تاران.» کە گەڕاندیانمەوە بۆ زیندان، فکر هەڵێگرتمو بیرم کردەوەو گوتم ئەگەر بکەومە بەردەستی «فەرمانداری سەربازی» تارانو دارو دەستەی «بەختیار» سەرۆکی نوێی ساواک، کارم شڕ دەبێو لەوانەیە لە بەرامبەر شکەنجەدا خۆم بۆ رانەگیرێ. واباشە خۆم بناسێنمو بەرگری لە ناردنم بۆ تاران بکەم. چونکە لە مەهابادیش وەک سنە شکەنجە رەواجی نیەو کاربەدەستەکانی پولیسو دادگاو روکنی۲ ساکارنو وەک مەئمورەکانی تاران نین، کە لێپرسراوانی فەرمانداری سەربازیی لە کادیرە خۆ فرۆشو خۆ بەدەستەوەدەرەکانی حیزبی تودە شت فێر ببوونو بە وتەی پێشینیان «ماریان خواردبوو، و ببوونە ئەژدیها».

بەپێی ئەو بۆچوونە، نامەیەکم بۆ سەرهەنگ «فەروخ کیش» سەرۆکی دادستانی لەشکری ۱۱ی سنە نووسیو پێمراگەیاند من غەنی بلوریانمو لە مەهاباد دەژیم. کاتی فراوێن کە

سەرۆکی زیندان چووبۆوە بۆ ماڵی خۆی، نامەکەم تەسلیمی پاسەوان «میناگەری»و پاسەوان «عەبدولکەریم» کرد. هەروەک پێشتر گوتم لە هۆدەی پاسەوانەکانی کێشک رایانگرتبووم‌و نەیانبردبووم بۆ هۆدەکانی بەندیخانە، کە زیندانی ئاسایی‌و سیاسی‌یان تێدا بوو. پاسەوانەکان هەمیشە بۆ خواردنی فراوێن‌و شیو لەو هۆدەیە کۆ دەبوونەوەو چونکە لەوان وابوو من هەمەدانی‌م بەراشکاوی بە زمانی کوردی بەیەکەوە قسەیان دەکرد. کە باسی من دەهات هەرکامەیان رایەکیان دەردەبڕی، یەک دەیگوت: «بەخوا رەنگە ئەم کابرایە قاتڵ بێ.» ئەویتر دەیگوت: «رەنگە بانکی بڕی بێ.» ئەوی‌تریان دەیگوت: «ئەمە دەبێ لە راکردوەکانی حیزبی تودە بێ.» کەچی بەشی پاراستنی شارەوانی ئالبۆمی ئەفسەرە راکردووەکانی حیزبی تودەی تەماشا کرد و من لەو دانەبووم.

پاسەوانێکی پیری ئیختاریان تێدابوو بەناوی «ئاوەلی» واتە ئاغا وەلی، کە بە زاراوەیەکی تەواو سنەیی قسەی دەکرد. رۆژێک، پاسەوانەکان دانیشتبوون‌و شیویان دەخوارد، کەچی ئاوەلی لەمن قوت بۆوەو بە پاسەوانەکانی گوت: «بەخوا ئەم باوەحیزە لەوانەیە پوڵی بۆ جولەکەکانی فەلەستین کۆ کردبێتەوە». من لە دڵی خۆمدا بە قسەکانی ئاوەلی پێکەنینم دەهات، بەلاّم لەترسی ئاوەلی زاتی دەربڕینم نەبوو.

رۆژێک زیندان شڵەژاو رایانگەیاند کوڕە کوردێکی گەنجی خەڵکی دەوروبەری سنە لە زیندان رایکردوە. پاسەوانەکان هەموو رۆژی بەیانان ئەم گەنجەیان لە زیندانەوە دەبرد و دەفتەری بەندیخانەو حەوشەو دالاّنەکانی دەرەوەی زیندانیان پێ خاوێن دەکردەوە. ئەو کوڕە لە هەل کەڵکی وەرگرتبوو، و خۆی لە پشت بانی زیندان هاویشتبووە خوارو بە کۆلاّنێکدا رایکردبوو. ئەو چووبۆوە بۆ ماڵی خۆیان، بەلاّم کەس‌و کارەکەی زەمیان کردبوو، و دژی راکردنەکەی راوەستابوون‌و گوتبوویان تۆ چیت نەکردوە کە راکەی. تەنیا بەڕەیەکت دزیوەو چونکە جاری یەکەمت بووە رەنگە چەند مانگێکت بگرن‌و ئازادت کەن. کوڕە لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیانەدا پەشیمان ببۆوە گەڕابۆوە شارو چووبووە ماڵی سەرۆکی زیندان «سەروان موشرفی» کە پیاوێکی هێدی‌و بەئیحترام بوو. سەروان موشرفی تەلیفونی کردبوو بۆ شارەوانی‌و پاسەوانێک چووبوو کوڕەکەی هێنابۆوە بۆ زیندان‌و لەسەر دەستووری سەرۆکی زیندان هیچ کەس ئازاری نەدا، بەلاّم لە باری یاسای زیندانەوانی‌یەوە پاسەوانەکانی بەپرسی زیندان تووشی چەرمەسەری بوون.

چەند رۆژێک بوو ئوستوار «میناگەری» سەرکێشکیان راگرتبوو، و پەروەندەیان دابوو بە دادگاو خەریک بوون ئەو، و پاسەوانەکانی‌تری زیندان لە شارەوانی دەر بکەن. ئەو بۆ خۆی لای من گوتی:

- «بریار ئەوەیە زیندانیمان بۆ ببرنەوەو لە شارەوانی دەرمان کەن. ئەگەر شتێکی ئاوا ئەنجام بدرێ نان براوو ماڵ ویران دەبم.»

- وەکیلتان گرتووە؟

- «وەکیلێک هەیە کە بە منالْی «ئاوەلی» و ژنەکەی تایانی بوونو بەخێویان کردوە. ئەو دیفاعمان لێدەکا.»

- شتێکت بۆ دەنووسم بیدە بە وەکیلەکەت کەڵکی لێوەرگرێ.

- «دەبێ کەس بەو شتە نەزانێ، ئەگینا سەرمان تێدا دەچێ!»

- مەترسە، کەس نازانێ.

نووسراوەکەی من تەنیا یەک دەلیلی بەهێزی تێدا بوو، کە وەکیلەکەیان لە مەبەستەکە گەیشتبوو، و کەڵکی لێ وەرگرتبوو. لێرەدا پێویست ناکات ئاماژە بە تەواوی نامەکەم بکەم، بەڵام پێویستە دەلیلەکە بنووسم.

بەپێی یاسا، هەر زیندانییەک کە بەهەر مەبەستێک لە زیندانەوە ڕەوانەی دەرەوەی زیندان کرابا، بەرپرسی کێشکی نێو زیندان دەبوایە لە پاسەوانی پشت دەرگای زیندان ڕەسید وەرگرێ، ئینجا زیندانیەکە ئیزن بدا لە دەرگای زیندان بچێتە دەر. ئەمە کردەوەی هەموو پاسەوانەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە، چونکە هەموویان بەپێچەوانەی ئەم یاسایە جوڵابوونەوەو هیچ بەڵگەو نووسراوەیەکیان لە بەرامبەر دەرحستنی ئەو گەنجە لە مەئمورەکانی دەرەوە بەدەستەوە نەبوو، و هەموو ڕۆژی ئەویان بەبێ بەڵگە لە زیندانەوە ناردبووە دەرو دەفتەری زیندانو شوێنەکانیتریان پێ‌خاوێن کردبۆوە. من لە نووسراوەکەمدا هەوڵمدابوو تەنیا ئەم دەلیلە ڕەد کەمەوە. لە دەقی نووسراوەکەمدا گوتبووم: لەنێو کۆمەڵدا زۆرجاران دابو نەریت جێگای یاسا دەگرێتەوە. بەساڵان لەسەر دابی هاوولاتی بوونو متمانە کردن بەیەکتر، بە پێویست نەزاندراوە ئەو کوڕە هەموو ڕۆژێ لە بەرامبەر وەرگرتنی نووسراوەدا بچێ دەفتەی زیندان و شوێنیتر خاوێن بکاتەوە. ئەم کارە ڕاستە لەسەر ئەساسی دەستور کارێکی نارەوایە، بەڵام دابو نەریتو فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵدا، دیاردەیەکە کە دەبێ لەبیر نەچێ... ئاماژە کردنم بەو عادەتە یارمەتێکی زۆری بە پاسەوانەکان کرد.

ئەو کارەی من ڕەزامەندی پاسەوانەکانی بە دواوە بوو، و کاتێک وڵامی نامەی دادستانم بۆ هاتەوەو ئەوان زانیان کوردمو خەڵکی مەهاباد زۆری پێ شاد بوونو بەتەواوی ڕایان دەرحەق بەمن گۆڕاو بە حورمەتەوە دەستیان لە مل کردمو لە بەرامبەر تانە لۆمەکانیان کە لە بوونی مندا دەیانکردو نەیاندەزانی من کوردم داوای لێبوردنیان لێکردم. ئەمجارە

«ئاوەلی» روی تینکردمو گوتی: «حەقە کە کوڕی قازی محەمەدی». لیرە بۆم دەرکەوت کە قازی محەمەد لای ئەو پاسەوانە کوردانە جێی تایبەتی هەیە.

هەرکە، سەروان موشرفی سەرۆکی زیندان ئاگادار بوو «موحسینی پەرتەوی» بە کورد و مەهابادی دەرچووە، هاتە زیندان گوتی:

- «لە رۆژی هەوەڵەوە لام رون بوو کە تۆ دەبێ کورد بی، ئەگینا خەڵکیتر ئاوا بە سانایی خۆیان بۆ هەڤالأنیان قوربانی ناکەن. تۆ شەش مانگە خۆت راگرتووەو ئێستا کە ئەوان دەرباز بوون، خۆت ناساندوە. بەگشتی کارێکی باشت کردوە.»

دوای گەیشتنی نامەکەم بە دادستانی، سەرلەبەیانی رۆژێک منیان بردە دادستانی لەشکری ١١و تەسلیمی سەرگورد «ئەیوبی»یان کردم. سەرگورد «ئەیوبی»، ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی سنە بوو. ناوبراو ئەو کەسە بوو، کە پاش رووخانی کۆماری کوردستان کرابوو بەمەئموری کۆکردنەوەی ئەو چەکوچۆڵانەی کە بەدەست خەڵکەوە مابوونەوە. «ئەیوبی» گوتی:

- «ئەوەی دەیزانی دەبێ بیڵێی ئەگینا تەواوی نینۆکەکانت دەردێنم.»

- چونکە هەڕشەم لێدەکەی، وڵامی پرسیارەکانت نادەمەوەو تۆش هەرکارێکی لە دەستت دێ دەگەڵ منی بکە.

ئەو چەند پرسیاری لێکردمو من بێدەنگ مامەوە. لە ئاخردا توڕە بوو، و چوو سەرهەنگ «زەهیرتەعزەمی» هێنا، کە تەویش کوردی خەڵکی سنەو سەرۆکی ستادی لەشکر١١ی سنە بوو. ناوبراو گوتی:

- «کوڕم بۆچی پرسیارت لێدەکرێ وڵام نادیەوە؟»

- من تەنیا لەکن سەرلەشکر «نەسروڵلاهی» قسە دەکەم. ئەو زۆرم لەگەڵ خەریک بوو، کە دیتی قسە ناکەم بە ناچار چووە لای سەرلەشکر «نەسروڵلاهی» و گەڕایەوەو لەگەڵ سەرگورد ئەیوبی منیان بردە لای. ناوبراو کە فەرماندەی لەشکر بوو، گوتی:

- «ئەمانە بەرپرسنو دەبێ وەزعی تۆ رون بکەنەوە، بۆچی وڵامی پرسیارەکانیان نادەیەوە؟»

- لەبەر ئەوە هەوڵمداوە بێمە لای ئێوە کە لێرە لەکن ئێوە قسە بکەم ئەگینا ئەگەر لە لای ئەوانە قسەم کردبا و پەردەم لەسەر پیلانی «عەتایی» سەرۆکی پاراستی شارەوانی لا دابایە، ئەوانە بە هاوارییەوە دەچوونو بەڵگەی سەر پەروەندەی منیان لەنێو دەبرد و من هیچ قسەیەکم بۆ گوتن پێنەدەما.

- «بیربکەوە چ دەڵێی! ئەم قسانەی تۆ جورمی هەیە. تاوان هەڵبەستنی بە درۆ بۆ مەئموری حکومەت سەزای قورسە!»

- قوربان گۆیا من به تاوانی بڵاو کردنەوەی ئەم بەیاننامە چاپی‌یە گیراوم کە لە خزمەتی ئێوەدایە. داوات لێدەکەم چاوێک بە بەیاننامەکەدا بەخشێنە تا هەموو شتێکت بۆ رون بێتەوەو بزانی من تاوان بۆ عەتایی هەڵنابەستم.

سەرلەشکر نەسروڵڵاهی بەیاننامەکەی خوێندەوەو گوتی:

- «ئەمە گشتی دژی دەوڵەتی خاوەن شکۆ شاهنشای ئێران نووسراوەو تۆ چۆن زاتت هەبووە شتی ئاوا بڵاو بکەیەوە.»

- قوربان، من ئەوەم بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵکو عەتایی بڵاوی کردۆتەوەو «شیرکەتی سەهامی سەنەندج»یش بۆی چاپ کردوە. فەرموو بروانە مارکی ژێر ئەو بەیاننامەیە.

سەرلەشکر نەسروڵڵاهی کە ئەوەی دیت واقی وەرماو تەماشای ئەفسەرەکانی کردو گوتی: «ئەوە راست دەکا ئەم بەیاننامەیە مارکی شیرکەتی سەهامی سەنەندجی لەسەرە.» بەمجۆرە پیلانی عەتایی پووچەڵ کرایەوەو دواجار لە پاسەوانەکانم بیست کە عەتایی‌یان فت کردوەو کارەکەیان لێ هەستاندۆتەوە.

لە زیندانی سنە لەگەڵ مامە «عەزە»ی خەڵکی «هەشەمیز»ی ناوچەی «ژاوەرۆ» ئاشنا بووم. مامە عەزە چواردە ساڵ چەتەگەری کربوو، و نەبەزیبوو، و ژاندارمەکان نەیانتوانیبوو زەفەری پێبەرن، بەڵام بە پیلانێک لە داو کەوتبوو، و یەخسیر کرابوو، کە روداوەکەی بەمجۆرە بوو:

کوڕێکی گەنجی بەرواڵەت بیستو هەشت ساڵە بە ناوی «عیسا» هەوا هەڵی دەگرێو لاسای مامە «عەزە» دەکاتەوە، کەچی بە هۆی ناشارەزا بوونی زۆر زوو لە داوی ژاندارمان دەکەوێ. کاتی لێپرسین لە ژاندارمەری دەڵی:

- «من بێکار بوومو چونکە ئیشم نەبوو، ویستم تەنانەت ئەگەر بۆ خۆ خافڵاندنیش بێ چەتەگەری بکەمو لەو ڕێگایەوە ناودار بم، بەڵام تا ئێستا تەقەم لە تفەنگ نەهاتووەو کەسیشم ئازار نەداوەو بە تەواویش لە کردەوەی خۆم پەشیمانم.» ژاندارمەکان کە دەبینن ئەو کوڕە رووخاوەو لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆتەوە، بۆ لە داو خستنو گرتنی مامە عەزە کەڵکی لێوەردەگرنو بە یارمەتی ئەو مامە عەزە لە کاتی خەودا گەمارۆ دەدەنو دەیگرن.

مامە عەزە دەستە پیاوێکی چاو رەشی، ددان درشتی بەئێسکو بەتوانا بوو، بەڵام چونکە تەمەنی خۆی لە شێست دەدا، بەرە بەرە کەوتبوو. سمێڵێکی پڕپشتی بە گوتنی خۆی شێخ مەحمودانەی هەبوو. رۆژانە لەبن دیواری زیندان پیاسەی دەکردو دەستبێحێنکی دەنگ درشتی دەچەرخاندو لەبەر خۆیەوە «نارنارۆکی»ی دەگوت.

رۆژێک هەلم بۆ رەخسا خۆم گەیاندێو بە فارسی لەگەڵی دوام. ئەو گوتی:

- «فارسی نازانمو نازانم چ دەبێژی؟»

- گوتم پێمخۆشە بەسەرهاتی خۆتم بە کوردی بۆ وەگێری من لێت تێدەگەم.

- «بەسەرهاتێکی دوورو درێژم نیە. چواردە ساڵ لەمەوبەر سەری خۆم هەڵگرتو چوومە لای شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی گەورەو لە «سیتەک» گیرسامەوە. لەوێ تاقەتم چوو لە دەست تەنیاییو نەمدەزانی بۆچی چوومەتە عێراق. ڕۆژێک شێخ لەتیف هاتە سیتەکو من چوومە خزمەتیو گوتم، گەورەم زۆر بەپەرۆشمو نازانم چبکەم، چم لە دەست نایە. دەکرێ هێندێکم پارە بدەیەی تفەنگێکی بۆ خۆم پێبکڕمو خۆمی پێبخافڵێنم؟ شێخ لەتیف گوتی، ئەی بەسەر چاو، هەر تۆو پارە. «موحەیدین چنارەیی» بانگ کردو پێی‌وت، هێندێک پارە بدە بە مامە عەزەو دڵنیای بکە. کابرا هێندێکی پارە وێدامو منیش چووم تفەنگێکی کۆنی ئینگلیسیو هێندێکم فیشەک پێکڕیو گەڕامەوە بۆ ئێرانو بووم بە چەتە، بەڵام زوڵمێکی زۆرم بۆ خەڵک نەبوو. لە شوێنێک کە ڕێگەی کاروانچیان بوو،و ئەوان لە عێراقەوە ماڵی قاچاخیان پێدا دەهێنا جێگیر بوومو باجم لە کاروانچی‌یەکان دەستاندو دەمگوت ئەو مەڵبەندەتان بۆ دەپارێزمو ناهێڵم ژاندارمەی ئێرانیتان لێ نزیک بێتەوەو ئێوەش بارانە بدەن بە نۆکەری خۆتان. بەمجۆرە بوومە باج بگیری ئەو مەڵبەندەو کاروانچی‌یەکانیش بەویستی خۆیان یارمەتی‌یان پێدەکردم.

لەو مەڵبەندەی کە من خستبوومە ژێر ڕکێفی خۆم، ڕێگام بە ئینسانی بێ‌ناموسو چاوهیز نەدەداو ڕێزم لە ژن دەگرتو هەر کاروانێک ژنی لەگەڵ بایە، بە پیاوەتیم نەدەزانی لە پێشی ڕاوەستمو باجی لێ‌بستێنم، بەڵام پاشان کە کاروانچی‌یەکان بەو ڕەوشتەی منیان زانی دەچوون لە گوندەکانی دەورو بەر ژنیان بەکرێ دەگرتو لەگەڵ خۆیان دەهێنا کە باجم نەدەنێ. منیش کە بەکردەوەی ئەوانم زانی لێیان کەوتمە فێڵ. لە دوورەوە بە دووربین سەیری کاروانەکانم دەکرد، کە دەمبینی ژنیان لەگەڵە، ئاوی شەدەی سەرم دەهێنا سەربرۆمو بە دەست ئاماژەم بە ئافرەتەکە دەکردو دەمگوت، وەگەڕێ ئەگینا خراپ دەبینیو دوو گوللەشم بەسەردا هەڵدەتۆقاندو ئافرەتەکە ڕایدەکردو دەچووە گوندەکەی خۆیو بارانەی کاروانچی‌یەکانیشم دوو قات دەکردو دەمگوتم جا وەڕێکەون بڕۆن. خوا بتحەسێنێتەوە هیچ ئافرەتێک ئیتر نەیدەوێرا ڕەگەڵ کاروانچی‌یان کەوێ. دوای ئەو ڕوداوە، کارواچی‌یەکان هاتنە لامو وەلامە لامە کەوتنو داوایان لێکردم باجەکەیان بۆ بشکێنم. منیش بۆم هێنانەوە سەر قەراری جاران. ڕۆژێک دانیشتبووم شوانێک هاتە لامو جامێکی شیر بۆ هێنابوومو گوتی، مامە عەزە کۆمەلێک ژاندارم لەو شیوەی پشتەوە خەریکی حەسانەوەن. من سیو دووم نەکردو وەڕێ کەوتم. هەرچەندە تا دوا ڕۆژەکانی چەتە بوونم هیچ شوانێک خەیانەتی

پێنەکردم، دیسانیش لەو ترسەی کە نەکات شوانە خۆی فرۆشتبێ‌و لە داوم بخا، زۆر بە وریایی چووم بەسەر شینوەکەدا زاڵ بووم. کە دیتم ئەو راستی کردوە بۆیان داکشام‌و خۆم گەیاندە بان سەریان. ژاندارمەکان باش دەیانزانی من ئەنگێوم‌و موو نابوێرم‌و تا ئێستا کۆمەڵێکم ژاندارم لە تۆڕ خستۆە، بەلاّم چونکە کورد بوون‌و ماڵ منداڵیان هەبووە ئازادم نەکردون. لەبەر ئەوە، ئەوانیش تێمگەیبوون‌و ترسیان شکابوو،و هەرکە لێیان دەڕاسام هەرکامەیان بەستە فیشەکێکیان بۆ دەهاویشتم‌و ماڵ ئاواییان لێدەکردم‌و دوور دەکەوتنەوە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا چەند ژاندارمەیەک لە ناوچەدا کوژران، کە حکومەت کوشتنی ئەوانی هاویشتە سەرشانی من، بەلاّم من نەمکوشتوون.»

ئەوەی مامە عەزە دەیگوت نازانم چەندەی راستە، بەلاّم کەس نەیتوانی قاتڵی ئەو ژاندارمانە بناسێ. کاتێک من خۆم ناساندو ناو شوێنی خۆم ئاشکرا کرد، مامە عەزە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هاتە لام‌و گەرم دەباوەشی گرتم‌و گوتی:

- «بریا زووتر تۆم ناسیبا. باوەڕکە پترم خۆش دەویستی. جا وەرە ئەمجارە بە زمانی کوردی خۆمان قسە بکەین.»

بە داخەوە زۆری نەخایاند منیان رەوانەی بەندیخانەی مەهاباد کردو مامە عەزەم لەکیس چوو.

## لە بەندیخانەی سنەوە بۆ بەندیخانەی مەهاباد

گروبانێک‌و چوار سەرباز لە بەندیخانەی سنەوە بردیانم بۆ بەندیخانەی مەهاباد. ئەوان لەنێو رێگای سنەو سەقزدا بێ‌حورمەتیان پێنەکردم. لە سەقز منیان تەسلیمی زیندانی پاسگایەک کردو خۆیان بۆ حەسانەوە چوونە ماڵی خزمانیان. بەرپرسی پاسگاکە ناوی گروبان «پاشایی»و خەڵکی تەوریز بوو. ناوبراو دەیگوت لەسەردەمی پێشەوەریدا فیدایی بووەو پاش تێکچوونی کۆماری ئازەربایجان بۆ ئەوەی لە دەسدرێژی ناحەزانی نەتەوەکەی رزگاری بێ، چۆتە فێرگەی گروبانی‌و بەپێچەوانەی مەیلی خۆی بۆتە گروبان.

کاتی تێکچوونی کۆماری ئازەربایجان بەدەست رژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، بە داخەوە رۆڵە نەفام‌و چەپەڵەکانی ئازەربایجان بۆ ئەوەی پێشان بدەن ئێرانین‌و شاپەرەست، بیست هەزار هاووڵاتی خۆیان کوشت. پاشایی کە پیاوێکی زۆر روخۆش‌و مێهرەبان بوو، گوتی:

- «ئێمە لێرە لەو پاسگایەدا زیندانمان نیەو هۆدەیەکی بچووک‌و وێرانمان هەیە کە

بەندییەکانی تیدەکەنو بۆ روناک کردنی کولانەیەکیان تیکردوە، کە ئینسانی تیوە دەچی.
تۆ ئەگەر دەزانی دوا رۆژیکی تاریکت لەپیشە، بە کونی زیندانەکەدا راکا. کە دەرچووی کەس دەستی پیتراناگاو لە دییەکانی کوردستان خەلک دەتپاریزن. رەنگە پاش دەرچوونت شەش مانگ بگیرمو لە ئەرتەش دەربکریم، کە بە بروای من ئەگەر تۆ دەرچی ئەوەم لا گرنگ نیەو چ باشتر لە ئەرتەش دەرکریم!»
من تا هەم قەت پیاوەتیو مەردایەتی ئەو گروبانە پیاوچاکەم لەبیر ناچی. من دەمزانی لەنیو ئەرتەشی ئیراندا بە تایبەتی لەنیو دەرەجەدارانی ئەرتەشدا گەلیک پیاوی ئازاو نەترسو فیداکار هەیە. چونکە، هەستم بە مەترسیکی سامناک نەدەکرد، ئامادە نەبووم بەخاتری چەند سالْ زیندانی خیزانیکی شەریف فیدای خۆم بکەم. لەبەر ئەوە، لە پیاوەتی گروبان پاشایی سوپاسم کردو هەستام نیوچاوانیم ماچ کردو گوتم:
- ئەو کارەی من دەیکەمو ئەو رەنجەی دەیکیشم بۆ مەردایەتییە، نەک بۆ کاری نامەردانە.
بەمجۆرە شەو لە ژووریکی خۆلەپۆتیندا رایانگرتمو بەیانی بە سواری ئوتومبیلیکی «کەمانکار»ی سەربازی بردیانم بۆ مەهابادو پاش نیوەرۆیەکی درەنگ لەبەر دیژبانی مەهاباد دایانبەزاندم. لە دەفتەری دیژبان رو بە پەنجەرە دانیشتبوومو چاوەروانی بەسەرهاتی دواییم بووم، کە دیتم کابرایەکی کوردی شرو وریان لە ژیرخانی دیژبانەوە، کە وەک زیندان کەلکیان لیوەردەگرت، هینا سەر. بۆ ئەوەی کابرا نەناسریتەوە پەتوویەکی سەربازیان لە سەروگویلاکی هالاندبوو، بەلام چونکە من دەمزانی «حەمەدەمینی راتبی» برای حەمەدی مەلودی گیراوە، بە قەدو بالاو ریگا رۆیشتنەکەی بۆم دەرکەوت ئەو کەسە «حەمەدەمینی راتبی»یە. پاش ئەوەی حەمەدەمینیان برد، منیان رەپیچەکدا و بە پالْ پیوەنان لە ژیرخانەکەیان هاویشتمو دەرگایان لی گالەدام. هەرچەند هەموو دیژبانەکان بە ئەفسەرو دەرەجەدارەوە دژی من بوونو رکو کینەیان لەنیو چاوان دەباری، بەلام قەت بیحورمەتیان پی نەکردم.
دیژبانی مەهاباد لە مالە کۆنەکەی «ئەرمیا» جوودا بوو. «شەمۆیل» کوری ئەرمیا هاوالم بوو، و لەگەلْ «داود»ە جووی کوریشی ئاشنا بوومو تا ئەو کاتەی نەچووبوونەوە ئیسرایل هاتووچۆی مالیانم دەکرد. ئەو ژیرخانەی منیان تیکردبوو، تاریکخانەی وینەگری ئەرمیاو داودی کوری بوو. من زۆر جار لەگەلْ شەمۆیل چووبوومە ئەو تاریکخانەیە. خانوەکە لە روبەرووی مالی «سیمەنتۆ» جوو، و لە نزیک چوارچرا هەلکەوتبوو، و ئەو جییەی منی تیدا زیندانی کرابووم ئیستا نوی کراوەتەوەو بۆتە «بانکیسپە».

زیندانی دیژبان هۆدەیەکی بچووکی دوو لە چواری نیوە تاریک‌و خۆڵەپۆتینەی دیوار ڕەشی چڵکن بوو. تەنیا کونێکی بچووکی تێدا بوو، کە هێندێک روناکی دەکرد. شەوی ئەوەڵی زیندانیم لەو جێیە کەس بە لامدا نەهات‌و بەبێ ڕاخەر لە نێو خۆڵەکەدا نووستم. سەرلەبەیانی رۆژی دوایی بردیانم بۆ لای سەرهەنگ «خواجەنوری» کە بازپرسی سوپای مەهاباد بوو. خواجە نوری دوای هێندێک تۆپ‌و تەشەرو هەڕەشەی کوشتن‌و بڕین بە بێ ئەوەی قسەکان یادداشت بکا، گوتی:

- «بەر لەهەموو شتێک دەبێ بەرپرسایەتی خۆت لە حیزبی دیموکراتی کوردستان یان حیزبی تودەدا رون بکەیەوە. دەبێ ئەوەش بزانی کە وڵامی تۆ چۆنیەتی کردەوەی من لەگەڵ تۆ رون دەکاتەوەو ئەو کات بەشێوەی رەسمی پرسیارت لێدەکەم.»

- من فڕم بە هیچکام لەوانەوە نیەو ناشتوانم بۆ پێخۆش بوونی ئێوە درۆ بکەم. کە ئەوەم گوت دەستی لەسەر زەنگی میزەکەی داناو بە گروبان‌و سەربازەکانی گوت:

- «ئەوە بەرنەوە زیندان تا خۆم دێم.»

منیان گەڕاندەوە زیندان. یەک دوو سەعات تێپەڕی، «خواجەنوری»و سەرۆکی دیژبان، کە ناوی سەرگورد «موحتەشەمی» بوو، لەگەڵ چەند سەربازو گروبان هاتنە لام. سەرۆکی دیژبان، بە گروبان‌و سەربازەکانی گوت زنجیرم بکەن‌و ئاوم بکەنە ژێر تا نەتوانم لەسەر هەرد راکشێم. دوای رۆیشتنی خواجەنوری، سەرۆکی دیژبانی مەهاباد منی دایە بەر شەپ‌و زللان. من توانیم دەستی راستی ئەو بگرم، بەڵام بەو کارەم گروبان‌و سەربازەکان رژانە سەرم‌و زۆریان لێدام. بەفەرمانی سەرۆکی دیژبان، گروبان «نەقەوی»و چەند سەربازی تورکی خەڵکی «بناو»و «عەجەبشێر» دەست‌و پێیان زنجیر کردم‌و تا سەر گوێزینگی پێم بەستلاّن ئاویان لە ژوری زیندانەکەم کردو دەرگاکەیان لەسەر گاڵەدام. هەروەها، سەرۆکی دیژیان کێشکی لەبەر کونی زیندانەکەم دانابوو، و گوتبووی جارجارە قاوم بکەن‌و نەهێڵن پاڵ بە دیوارەکەوە بدەم‌و خەوم لێبکەوێ‌و بحەسێمەوە. دوو شەو رۆژان، منیان بەمجۆرە راگرت. ئەو کاتە، دوو لاوی مەهابادی بە ناوەکانی سەید «هاشمی حوسێنی»و «مەحمودی حاسڵی» سەربازی دیژبان بوون‌و دوو کەسیش بە ناوەکانی سەید «عەلی حوسێنی»و «عەلی شینکی» گروبانی دیژبان بوون.

دوو رۆژ تێپەڕی. سەعات نزیکەی چواری ئێواری بوو. لەکاتێکا خەڵک لە شەقامەکانی مەهاباددا خەریکی پیاسە کردن بوون، منیان بەدەست‌و پێی زنجیرکراو لە زیندان هێنادەرو بەم روانینە، کە لە لای خەڵک سەرشۆڕم کەن، بەنێو خەڵکەکەدا بردیانمەوە لای خواجەنوری. ئەوان نەیاندەزانی بەو کارە نەک من لە لای خەڵک سەرشۆڕ و بێحورمەت

نابم، بەڵکۆ حورمەتم لە لای ئەوان دەچێتە سەر. من بەچاوی خۆم ئەو خەڵکەم دیت کە بە دانواندنی سەر سڵاویان لێدەکردم. هەر لەو کاتەدا دیتم «ساڵحی شاتری» لەپێشم قوت بۆوەو حاڵی پرسیمو منیش سوپاسم لێکردو گوتم باشم. ساڵحی شاتری کە سەرۆکی ئەنجومەنی شاری مەهاباد بوو،و کاربەدەستەکانی رژیم ڕێزیان دەگرت، چووبۆوە لای «وەرەهرام» و گوتبووی:

- «ئەو کارەی کە ئێوە لەگەڵ غەنی بلوریانی دەکەن، خەڵکی مەهابادی تورە کردووەو خەڵک بێزی لەو کردەوەتان هەڵدەستێ. غەنی لە بنەماڵەیەکی بەرێزی شاری مەهابادەو حەق نیە ئێوە وای بەسەر بێنن‌و ئێواران بەدەست‌و پێی زنجیر کراو بە شەقاماندا بیگێڕن.»

بەیانی رۆژێک شەق‌و تەق دەولات کەوت‌و دیژبان شڵەژا. سەرگورد «موحتەشەمی» هەر ئەو لاو ئەم لای دەکردو گروبان‌و سەربازەکانیش وەخۆ کەوتبوون، ولاتیان خاوێن دەکردەوەو هەردیان ئاوپرژێن دەکرد. بەو هەلات هەلات‌و هاتوو چۆیە لای خۆم گوتم رەنگە وەرەهرام دەیەوێ بێتە دیژبان، بۆیە دیژبانەکان ئاوا وەخۆ کەوتوون‌و ترسیان لێ‌نیشتۆە. هێندەی پێنەچوو، کە سپەهبود «وەرەهرام» لەگەڵ چەند سەرهەنگ‌و ئەفسەران هاتە دیژبان‌و لەبەر دەرگای زیندان راوەستا. دەرگای هۆدەکەیان بۆ کردەوەو ناوبراو سەری بەژوری زیندانەکە داکرد. تیشکی رۆژ بە کونی دیوارەکەدا خۆی خزاندبۆە ژورەکەوەو هێندێک هۆدەکەی روونا‌ک کردبوو. من بەدەست‌و پێی زنجیر کراو لە ناوەراستی هۆدەکە راوەستابوومو لاقەکانم تا سەر گوێزنگ لە قوڕدا بوو. من باش ئاگاداری کاراکتری وەرەهرام بوومو باشم دەناسی. پێش ئەوەی قسەم لەگەڵ بکا، روی لە سەرۆکی دیژبان کردو گوتی:

- کێ دەستووری داوە ئاو بکەنە ژێر ئەمە؟ سەرۆکی دیژبان سەری قیت راگرت‌و پاش بەجێ هێنانی ئیحترامی سەربازی، گوتی:

- «گەورەم، سەرهەنگ «خواجەنوری» سەرۆکی بازپرسی سوپا.»

وەرەهرام ئەمجارە روی لە من کردو گوتی:

- مەهابادت شێواندو چووبووی سنەش بشێوێنی؟

ئەمە شێوەی راوێژو قسە کردنی وەرەهرام بوو. بەم پێیە مرۆڤ دەتوانێ بیر لە کاراکتر ئەو فەرماندە پایە بەرزەی رژێمی شای ئێران بکاتەوە. من لە بەرامبەر گوتنی وەرەهرامدا بێدەنگ مامەوە، چونکە دەمزانی ئەگەر زار بکەمەوە، دەڵێ بێدەنگ، قسەش دەکەی؟ وەرەهرام رۆیشت‌و سەرۆکی دیژبان گەڕایەوە لای من‌و بە گروبان‌و سەربازەکانی گوت: «کوڕینە گورج بچنە سەرچۆمی هێندیک رەڵمو چەوی وشک بێنن‌و قوڕەکانی نێو ئەو

هۆدەیە لابەن‌و بەجوانی وشکی کەنەوە.» سەربازان وەخۆ کەوتن‌و ژمارەیەک چوون بۆ قەراخ چۆمی رەڵم بینن‌و ژمارەیەکیش دەستیان کرد بە خاوێن کردنەوەی ژووری زیندانەکەو بە تەواوی پاکیان کردەوە. ئەمجارە ژوورەکە بەچەشنێک بوو، کە قەت ئەوەندە خاوێنی بەخۆوە نەدیتبوو. ئەوەندەیان رەڵم تێکرد، کە دەتگوت دۆشەکی لۆکەیان لەسەر راخستوە. سەید هاشم ئەو کات سەرجۆخە بوو. ئەو هەمیشە پتر لە جیرەی رۆژانەم خۆراکی دەدامێ‌و جارجارەش بە نهێنی رۆنی‌کەرەی بۆ دەهێنام تا برسییەتی کەمترم کارم تێ‌بکا. بەگشتی سەید هاشم زۆری پیاوەتی دەگەڵ کردوم‌و قەت لەبیری ناکەم.

لەو زیندانەدا بووم کە بۆ یەکەمجار گۆرانی «لەوسەرە دەنگی ساز دێ، هەلاڵەو زمزمە»م بیست. لە سەید هاشمم پرسی:

- ئەوە کێ‌یە گۆرانی دەڵێ؟

- «سەربازێکی مەهابادی‌یە بە ناوی «مەحمودی حاسڵی»و ئەویتریش کە ویڵۆن دەژەنێ، سەربازێکی خەڵکی شاری «بناو»ە»

- بەراستی ئەو ئاهەنگەم پێخۆشە.

ئەو چوو بەنهێنی بە مەحمودی حاسڵی گوتبوو، غەنی بلوریان ئەو گۆرانی‌یەی پێخۆشە، جارێکی‌تریشی بڵێ. مەحمود جارێکی‌تری گوتەوە. من نزیک بە پێنج مانگ لە بەندیخانەی دیژبان زیندانی بووم، لەو ماوەیەدا مەحمودی حاسڵی گەلێک جاران لەگەڵ سەربازەکانی‌تر دادەنیشت‌و گۆرانی «لەو سەرە دەنگی ساز دێ»ی دەگوت‌و منیش لە ژێرخانەکەدا دەمبیست.

دوای رۆیشتنی وەرەهرام، کاتێک دەیانبردم بۆ لێپرسینەوە زنجیرەکانیان لێدەکردمەوە. نامەوێ لێرەدا باسی شێوازی کاری بازجویی بکەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کاتی بازجوییم لە لای خواجە نوری، سەرهەنگ «سالاریزادە» سەرۆکی بەشی پاراستنی سوپای سێی مەهاباد‌و سەروان «گۆلی» ئەفسەری پاراستن لە لای خواجە نوری دانیشتبوون. سەرهەنگ خواجە نوری‌و سەرهەنگ سالاریزادە دەیانەویست دژی سەرلەشکر «موزەفەر زەنگەنە» فەرماندەی پێشووی تیپی مەهاباد مامڵەم لەگەڵ بکەن‌و بەم مەرجە ئەوەی ئەوان دەیانەوێ من دژی «موزەفەری» بینووسم‌و ئەوانیش لە بەرامبەردا شەش مانگ زیندانیم بۆ ببڕنەوەو ئازادم کەن.

سەرلەشکر «موزەفەر زەنگەنە» ئەفسەرێکی فرە شادۆست بوو،و بە کردەوەش ئاوای هەست پێدەکرا. لەسەر رەوتی هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانی ئێران من‌و سەرلەشکر زەنگەنە توندو تیژیمان لەنێو پەیدا بوو. ئەو دەیەویست پاڵێوراوی دەرباری شا بە ناوی

ئایەتوڵڵا خۆیی بەزۆر بکات بە نوێنەری خەڵکی مەهابادو حیزبی دێموکراتیش دەیەویست لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دێموکراتیدا سارمەدینی سادق‌وەزیری سەربخا، کە سەرکەوت.

بەفەرمانی موزەفەری چەند گروبانی نۆکەر سفەت بە سەرۆکایەتی گروبان «مەنسوری»، بە توڵەی بەربەرەکانی هەڵبژاردنی خولی ١٧ کە پێشتر لە بەشی «هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانی ئێران»دا پەنجەم بۆ ڕاکێشا، ڕۆژێک کاک عەزیزی یۆسفی‌یان بریندار کردو ١٥ ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتو شەوێکیش منو عەلی ژن برامیان بریندار کرد، کە پاش نووسین بۆ ڕۆژنامەکانو شکایەت لە موزەفەری، ئەویان لە مەهاباد گۆاستەوەو ناردیان بۆ شاری «قوم»، بەڵام ئەو لە تاران هەڕشەی کردبوو، بە هەر شێوەیەک بێ بۆ تۆڵە هەستاندنەوە لە چەند کەسێک، کە بێگومان یەک لەوانە من بووم، دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.

خواجە نوری دەیەویست من لە پەروەندەکەمدا دژی سەرلەشکر زەنگەنە بدوێمو بڵێم «موزەفەری کاتی خۆی لە مەهاباد هاوکاری لەگەڵ کردوینو یارمەتی داوین» تا بەو جۆرە لەبەر چاوی شای ئێران سووک بێ، بەڵام من نەچوومە ژێر باری ئەو بۆچوونەو گوتم: ئەوە ناپیاوەتی‌یەو ناتوانم بە هیچ قیمەتێک شتی ئاوا بڵێم. من لەگەڵ موزەفەری شەڕو ناکۆکی خۆم هەیە، بەڵام ئەو ئینسانێکی شادۆستەو لەمبارەدا هیچ گومانم نیەو نامەوێ ناپیاوەتی لەگەڵ بکەمو شەریکە جورم بۆ خۆم بدۆزمەوە. چونکە ویستی «خواجەنوری»و «سالاریزادە»م بەجێ نەگەیاند، ئەوان بەگژمدا هاتنو ڕژانە سەرمو کوتایانم.

ڕۆژێک کە نانی بەیانی‌یان بۆ هێنام، نانەکەم وەرنەگرتو گوتم: دژی ڕاگیر کردنم لێرە مانم گرتووەو نان ناخۆم تا دەمرم. سەرۆکی دێژبانو چەند گروبان هاتنو بە تۆبزەی نانیان لە زار کردم، بەڵام من ڕۆم کردەوە. سەرۆکی دێژبان مانگرتنەکەمی بە وەرەهرام ڕاگەیاندبوو. ڕۆژی دوایی وەرەهرام هاتو گوتی:

- «مانت گرتووە بتبەنە زیندانی شارەوانیو هۆدەو نوێنبانی نوێت بدەنی؟ بەسەری بابت شتی وا نابینی. هەڵیگرن بە زنجیرەوە ببەن بۆ زینەانی سەربازخانەو لەوێ ڕایگرن.»

ئوتۆمبێلێکیان هێناو منیا سواری ئوتۆمبیلەکە کردو بردیانم بۆ زیندانی سەربازخانەو بەتەنیا لە ژورێکی بچووکی نەمداریان کردمو دەرگاکەیان لەسەر گاڵەدام. دەرگاکە کونێکی بچووکی تێدابوو،و لە بن کونەکە کاغەزێکیان پێوەدابوو،و لەسەریان نووسیبوو: جیا لە بازپرسو ڕوکنی٢و لێپرسراوی پاراستنی ئەرتەش کەسی‌تر نابی ئەو زیندانی‌یە بدوێنێ! من بە دەستو لاقی زنجیرکراو لەو هۆدەیەدا بوومو بەگشتی تا ساڵێک ئەو زنجیرەم پێوەبوون.

ڕۆژێک لەپڕ کونی دەرگای ژورەکەمیان بە مقەبا گرت. بۆ ئەوەی بزانم چ بووە، بە

خشەخش لە دەرگاکە نزیک بوومەوە. دەنگێکم بیست کە دەیگوت: «کەس پێوەندی لەگەڵ نەگریو بە توندی چاوەدێری لێبکەن.» کاتێک وەزعەکە هێندێک ئەهوەن بۆوە بۆم دەرکەوت کە ئەو زیندانی‌یەی کە هێنابین، «ئەسعەدی خودایاری» بوو. دیارە بەر لەوەش من بەرنە زیندانی سەربازخانە، حەمەدەمینی راتبی لەوێ زیندانی بوو. ئەسعەد و حەمەدەمین دوای ماوەیەک بە زەمانەت ئازاد کرانو من لەوێ مامەوە.

جگە لە شەش مانگ زیندانی سنە، بەگشتی نزیک بە ساڵێک لە زیندانی دیژبانو زیندانی سەربازخانەی مەهاباد راگیرام. لەو ماوەیەدا تەنیا جارێک حاجی خزمەتکاری ماڵمان هاتبوو هێندێک توتنو پارەو نوێنی بۆ هێنابووم کە گرتبوویانو لێیان پرسی‌بوو: «کێ پێی گوتووی غەنی لێرە زیندانی‌یە کە ئەو شتانەت بۆ هێناوە.» حاجی لە وڵامدا رایگەیاندبوو: من «حەمباڵی بەڵەد»مو غەنی ناناسمو بە پارە ئەو شتانەم لە لایەن بنەماڵەکەیەوە هێناوە. جیا لە حاجی، ژمارەیەک سەربازو دەرەجەداری مەهابادیش لەو ماوەیەدا کە دەبوونە کێشکی زیندان دەهاتنە لام.

رۆژێک ئەسعەدی خودایاری خۆی لە کونی ژوورەکەم نزیک کردەوەو گوتی:

– «بیستوتە دەڵێن موزەفەری زەنگەنە گەڕاوەتەوە بۆ مەهابادو بۆتە فەرماندەی سوپای سێ. بەخوا ئەگەر ئەوە راست بێ بە پیلان لەنێومان دەباتو تۆڵەی سەد ساڵەمان لێدەستێنێتەوە. راستی غەنی ئەگەر موزەفەری هاتو لەبەر چاوی زیندانیەکانو ئەفسەرەکانی هاورێی قسەی سووکی پێگوتین، ئێمە چ بکەین؟»

– ئێمە یەخسیرین و وڵامی ملهۆرێکی ئاوامان پێنادرێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتو شتێکی ئاوا رویدا، ئێمە نابێ بێدەنگ راوەستین. لام وایە ئەگەر جنێوی دا، پێویستە بڵێین: «مرۆڤی نەجیب زار پیس نیە»؛ ئەمە گەڕاندنەوەی جنێوەکانی بۆ خۆیەتیو لەوە زیاتر چیمان لەدەست نایە.

– «زۆر باشە لەگەڵتم.»

بەدوای ئەم گفتوگۆیەدا، منو ئەسعەد هەمیشە لە فکری تۆڵە کردنەوەی زەنگەنەدا بووین، کە دیتمان ئەفسەرو گروبانەکان سرتو خورتیانە. خۆم لە کونی ژوورەکەم نزیک کردەوە و لە کاک ئەسعەدم پرسی:

– ئەوە چی‌یە، ئەوانە بۆچی ئاوا وەخۆ کەوتوون؟

– «رەنگە فەرماندەیەکی پلە بەرزیان بێو لەوانەشە کابرای گۆرین بێ.»

سەعات، سێی پاش نیوەڕۆ بوو. چاوەڕوان بووین کێشکی کۆن زیندان تەسلیمی کێشکی نوێ بکات، کەچی زرمەی تەپڵی «پاسدارخانە» بێدەنگی شکاندو لە جیاتی گۆڕینەوەی کێشک، موزەفەریو چەند ئەفسەری بڵند پایەی سوپای مەهاباد گەیشتنە نێو

زیندان. هۆدە تاکە کەسی‌یەکانی زیندان کە من لە یەکێک لە ئەواندا بووم رویان لە هۆدەی زیندانە گشتی‌یەکە بوو. زیندانە گشتی‌یەکە ٨-٩ سەربازو گروبانی بە تاوانی بێ دسیپلینی‌و راکردن لە ئەرتەش تێدابوو. ئەفسەری کێشکی زیندان دەفتەری ناوی زیندانی‌یەکانی بۆ موزەفەری راگرت تا ئەو ناوو تاوانی زیندانی‌یەکان بخوێنێتەوەو بۆ خۆ نواندن چەند زیندانی ئازاد بکا.

چونکە من‌و ئەسعەدو حەمەدەمینی راتبی زیندانی کۆن بووین، ناومان لە سەروی ناوی زیندانی‌یەکانی‌تر نووسرابوو. موزەفەری کە چاوی بە ناوی من کەوت، ئیتر چاوی لە ناوی ئەوانی‌تر نەکردو پرسی:

- غەنی لێرەیە؟ ئەفسەری کێشکی زیندان وڵامی دایەوەو گوتی:

- «بەڵێ گەورەم لە زیندانی رو بە رو دایە.»

موزەفەری روی لە ژورەکەی من کردو هاتە پێش. زیندانەکەی من هۆدەیەکی بچووک بوو،و پەنجەرەیەکی بچووکی لە میچەکەی دابوو، کە میلەی ئاسنی تێگیرابوو. شوشەی پەنجەرەکە بە رادەیەک تۆزی لەسەر نیشتبوو، کە ژورەکەی پێ روناک نەدەکرا. راخەرێکی بچووکی تاکەکەسی‌و پەتویەکی سەربازیان دابوومێ‌و زنجیرەکەم هەر پێوە بوو. خۆم شلوێ نەکردو لەسەر جێگەی خۆم دانیشتم‌و رووم لە دیواری روبەروم کرد. موزەفەری گوتی: «ئاغای بلوریان.» کە گوتی ئاغای بلوریان من پێم سەیر بوو. تامی زاری نەجیبانە بوو،و بۆنی رێز گرتنی لێدەهات. من لە نزیکەوە «موزەفەری»م نەدەناسی‌و نەمدەزانی لەباری کەسایەتی‌یەوە جیاوازێکی زۆری لەگەڵ وەرەهرام هەیە. کاتێک دیتم ئەو بە حورمەتەوە بانگی کردم، منیش بە خلە خلی زنجیرەکانمەوە لێی نزیک بوومەوەو گوتم:

- جەنابی تیمسار ئێوەن؟ سڵاو.

موزەفەری دەستوریدا قفڵی دەرگاکەم هەڵگرن‌و ئینجا هاتە ژورەکەم. لە کاتێکا هاورێیەکانی لە پشت دەرگاکە راوەستابوون‌و گوێیان لە قسەکانی بوو، گوتی:

- «ئاغای بلوریان بە ئاوات نەبووم تۆ لەو حاڵەدا ببینم. ئەوە شیاوی تۆ نیە بەم چەشنە بی. تۆ لە بنەماڵەیەکی کۆن‌و خاوەن رێزی مەهابادی. دەبوایە ئاوا نەبی!» لە وڵامدا گوتم:

- تیمسار، گەهی زین بە پشت‌و گەهی پشت بەزین. واتە کاتێک پیاو سوارەو کاتێکیش تێکشکاو.

- «چم لە دەست دێ بۆتی بکەم؟»

- لەمێژە زیندانیم، رێگە نادەن لەماڵی خۆمەوە پێخەفم بۆ بێ‌و جارجارەش خۆراکم بۆ بنێرن. کەسیش لێرە بوارمان ناداتی کە رۆژانە لە هەوای ئازاد کەڵک وەرگرین‌و نزیک بە شەش مانگیشە ئاو لە لەشمان نەکەوتوەو زۆر درەنگیش سەرو ریشمان دەتاشن. بەهاتنی

ئێوه بۆ ئێره سەرو رویان خاوین کردوینەوه.

- «بە کۆ قسه دەکەی لەمه دەچێ تەنیا نەبی؟»

- بەڵێ وایه، ئەسعەدی خودایاریو حەمەدەمینی راتبی‌ش لەو ژورانەی‌تر دانو لەگەڵ ئەوانیش وەک من رەفتار کراوه.

قاوی کرده گروبانێک به ناوی «حوسێنی غەفاری»، کە لە تارانەوه لەگەڵی هاتبوو،و گوتی:

- زیندان تەحویل وەردەگری، بەیانیو ئێواران ئاغای بلوریانو هەڤالانی بۆ سەعاتێک دەبەن بۆ حەوشەی زیندان هەوای تازه بخۆن. ئەگەر پێخەفو خۆراکیان لە ماڵەوه بۆ هێنا وەریگرنو بەدوای پشکنینی تەسلیمی ئاغای بلوریانی بکەن، بەڵام ئەو بۆخۆی نابی بەبێ ئیزنی دادگا بنەماڵەکەی ببینێ. حەوتووی رۆژێک بیانبەن بو حەمامی «شێروخورشید»، کاتی پێویست سەرتاشیان بۆ بێنن. ئەگەر پێویستسان به دوکتور هەبوو، دوکتور بێنه لایان، نەک ئەمانه بەرن بۆ لای دوکتور. سەرلەشکر موزەفەری لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بە داخەوه نازانم به دەستوری کێ زنجیر کراوی، ئەگەر دەستوری وەرەهرام نەبێ کارێکیان لەگەڵ دەکەم.»

دوای ئەو دیداره زنجیرەکانیان لە دەستو پێی من کردەوه، بەڵام بە داخەوه سەرهەنگ خواجە نوری ئەمجاره ئەوانی لە دەستو پێی ئەسعەد خست.

سەرئەنجام لە دادگای یەکەمدا سێ ساڵیان زیندانی بۆ بڕیمەوەو بۆ دادگای دووهەم رەوانەی زیندانی تەورێزیان کردم. زیندانی تەورێز ئەو کات بۆ بەندییەکانی سیاسی وەک هەمیشە نالەبارترین زیندانی ئێران بوو. کاربەدەستانی زیندان بەبێ وەرگرتنی بەرتیل تەنانەت رێگای چوونە سەر دوکتوریشیان بە زیندانی‌یەکان نەدەدا. بۆ دیتنی بنەماڵەکانیان پێویست بوو بەرتیل بدەنو لە دەرەوەی زیندانیش هەتا بەرتیلیان لە بنەماڵەکان وەرنەگرتبا، نەیاندەتوانی ئەندامی بەندیکراویان ببینن. ئەگەر زیندانی‌یەک دژی ئەو دیارده نالەباره راوەستابا تووشی دژواریو چەرمەسەرەیان دەکرد. هەر رۆژەی بیاونوویەکی نوێیان به بەندییەکان دەگرتو گەلێک جاران لەخۆوه زیندانی‌یەکیان دەبرد لە زیندانی تاریکی بێ رایەخی تاکەکەسی‌یان دەکردو ئازاریان دەدا تا مل بۆ دانی بەرتیل دانوێنێ. من چونکه پتر لە ساڵێکم زیندانی نەمابوو، بە بنەماڵەکەم راگەیاندبوو لە هاتن بۆ زیندان خۆ بپارێزنو بۆ ساڵێک زیندانی مل دانەنوێنن. بەمجۆره چونکە شتێکی ئەوتۆ لە پەروەندەکەمدا نەبوو، دادگای تەورێزیش سێ ساڵەکەی دامەوه و پاش تەواو بوونی لە رەزبەری ساڵی ١٣٣٧-١٩٥٨ لە زیندانی تەورێز ئازادیان کردم.

## ئازاد بوونم لە بەندیخانەو چەند ڕووداوێک

لە ١٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٣٧-١٩٥٨ لە زیندانی تەوریز ئازاد کرام. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە تازە سەرۆک بارزانی لە سوڤیەت گەڕابۆوە بۆ عێراق. هەرکە گەیشتمەوە مەهاباد وێنەیەکی سەرۆک بارزانیم پێگەیشت کە بە خەتی خۆی پشتی نووسیبوو، و دابووی بە «ئەحمەد تۆفیق» کە بۆمنی بنێرێ. من بەدیتنی ئەو وێنەیە گەلێک شاد بووم، چونکە سەرۆک بارزانی هەروەک لای کۆمەلانی خەڵکی کورد خۆشەویست بوو، منیش پڕ بەدڵ خۆشم دەویستو ئەو بە گەورەترین پارتیزەنی شۆرشگێری مێژووی کورد دەزانم.

هەروەکوو پێشتر گوتم لە ساڵی ١٣٣٢-١٩٥٣ «مەرزە»م مارە کرد، بەلاْم بەهۆی کارەساتی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ نەمتوانی زەماوەند بکەمو بۆ ماوەی دوو ساڵان پەڕیوەی لادێیەکان بوومو پاشانیش لە شاری «سنە» گیرامو سێ ساڵ زیندانی کرامو بەگشتی بۆ ماوەی پێنج ساڵان «مەرزە»م بە مارەکراوی بەجێ هێشت. هەرکە لە زیندانی هاتمەدەر، بەو هیوایەی کە مەرزە لە سەرگەردانی ڕزگار دەکەم، زەماوەندم کرد، بەلاْم هەر بەمجۆرەی کە بەر لە مارەکردنی، پێمڕاگەیاندبوو دەستم لە تێکۆشانی سیاسی پێهەڵناگیرێ، سەرلەنوێ گەڕامەوە گۆڕەپانی خەباتی حیزبی، بەلاْم ئەمجارە زۆر بەنهێنی کارم بۆ حیزب دەکردو تەنیا لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمیتەی شاری مەهاباد بەناوەکانی کاک «یۆسفی ڕیزوانی»و «هاشمی حوسێنزادە» پێوەندیم هەبوو، و بەکردەوەش لەگەڵ کۆمیتەی «بلباس» هەڵدەسوڕام کە لە کادیرە جێگیربووەکانی لادی پێکهاتبوو، و «قادر شەریف» لێپرسراوی بوو. دوای گەڕامەوەم لە زیندان، «ئەسعەد خودایاری» یەکەم کەس بوو، هاتە لام. ناوبراو، کە ئەندامی کۆمیتەی «بلباس» بوو، گوتی:

- «ئەحمەد تۆفیق ناچاری کردوم بچمە نێو «ساواک»و دەنگوباس بۆ حیزب کۆ بکەمەوە، بەلاْم ئەو کارە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک بەچاوی سووک تەماشام بکەن. ئەگەر تۆش لەترسی خەڵک دورە پەرێزیم لێ بکەی، فەرمانی حیزب لەژێر پێ دەنێم». گوتم:

- من ئاگام لێت دەبێ، بەلاْم ناتوانم بە خەڵک بڵێم حیزب تۆی خستۆتە نێو

«ساواک». تۆ دەزانی ناکرێ ئەو رازە بۆ خەڵک ئاشکرا بکەم، چونکە بەو کارە تۆ سەرت تێدا دەچێو حیزبیش پەکی دەکەوێ، بەڵام من گوێ نادەمە تانەو لۆمەی خەڵکو هامشۆت دەکەم.

ماڵی ئەسعەد مەکۆی پێوەندی ئەو کادیرانەی حیزب بوو، کە شاریان بەجێهێشتبوو،و بە نهێنی دەگەڕانەوە مەهابادو من پێوەندیم دەگەڵ دەگرتن. شەوێک ئەسعەد هاتو گوتی:

– «کاک عەبدوڵڵای عیزەتپوور لە لایەن قادر شەریفەوە هاتووەو دەیەوێ چاوی بەتۆ بکەوێ».

لە گەڵ ئەسعەد چوومە لای کاک عەبدوڵلا. ناوبراو پاش باسو گفتوگۆو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حیزب گوتی:

– «قادر شەریف کاری پێتەو دەیەوی چاوی پێت بکەوێ».

بڕیاردرا کاتێک قادر شەریف هاتە ناوچەی مەهاباد، ئەسعەد ئاگادار بکاتو من بچمە لای. ماوەیەک پێچوو، رۆژێک ئەسعەد پێیڕاگەیاندم بۆ دیتنی قادر شەریف بچمە ئاوایی «دێبوکر» لە چەند کیلومیتری مەهابادا.

ئێوارەیەکی ساردی مانگی خەزەڵوەر سواری ئەسپ بوومو بەرەو رۆژئاوایی مەهابادو گوندی «دێبوکر» وەڕێ کەوتمو خۆم گەیاندە ماڵی سەید «عەبدوڵڵای مرادی» کە مجێوری مزگەوتو لێپرسراوی حیزب لە دێبوکر بوو. قادر شەریفو عیزەت پوور لەوێ چاوەڕوانم بوون. دوای سلاو و چاکو خۆشی، بە دوورو درێژی لەسەر کارو باری حیزب دواین. قادر شەریف بەنهێنیو بە دوور لە چاوی سەید عەبدوڵڵا گوتی:

– ئەحمەد تۆفیق راسپاردەیەکی ناردوەو دەڵێ: «بارزانی رای وایە کە ئێمە لە کوردستانی ئێران دەست بەجموجۆڵی چەکدارانە بکەین». ناوبراو لە قەولی بارزانییەوە گوتویەتی: «بەدانی بەڵێنی ئوتۆنۆمی بە کوردستانی عێراق لە لایەن «کەریم قاسم»ەوە، زەمینەیەکی لەبار بۆ راپەڕینی چەکدارانەی حیزبی دێموکڕات لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران رەخساوە». ئەحمەد تۆفیق هەروەها رایگەیاندبوو: «ئێمە دەتوانین بۆ ئەو بزووتنەوەیە پێوەندی بە ئەمریکاوە بگرین».

من لەو پەیامەی ئەحمەد تۆفیق سەرمسوڕماو نەمدەزانی چ وڵامێک بدەمەوە. کاتێک «کەریم قاسم» کودیتای کردو سەرکەوت، پەیامی بۆ بارزانی نارد کە لە سوڤیەت بگەڕێتەوەو یارمەتی بداتو سەرپەرەشتی ئەو مافە بکات کە بە کوردی دەدات. قاسم هەروەها یاسای دابەشکردنی زەوی لەنێو جوتیاراندا لە عێراق کردە بەرنامەو دەستی کرد بە دابەشکردنی زەوی بەسەر لادێیەکاندا. بەو بۆنەوە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد کە

بەرژەوەندی خۆیان لە مەترسیدا دەبینی، ژمارەیەکیان لە خۆ کۆ کردەوەو دژی دابەشکردنی زەوییەکانیان راوەستانو سەرئەنجام ژمارەیەکیان چوون بۆ تورکیەو بەشێکی مەزنیشیان پەنایان بۆ رژێمی پاشایەتی ئێران هێنا.

قاسم هەروەها چاوی لە «کویت»و پارێزگای «خوزستان»ی ئێرانیش بڕیبوو،و دژی ولاتانی ئوروپای رۆژئاواو ئەمریکاش دەجولایەوەو پێوەندی گەرمی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، «چین»و ولاتە بەناو سوسیالیستیەکان دامەزراندبوو. ئەو هەڵوێستانەی قاسم مەترسی بۆ ولاتانی رۆژئاوایی دروست کردبوو. ئەمریکا بەتوندی وەدەستو پێ کەوتبوو،و دەیەویست بەهەر بەشێوەیەک بۆی بکرێ پێش بە کردەوەی قاسم بگرێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە عەشیرەتە راکردووەکانی کوردستانی عێراقی لەژێر رێبەرایەتی شێخ «رەشیدی لۆلان»دا کۆ کردبۆوەو لە بەرامبەر رژێمی قاسمدا رایگرتبوونو پارەو چەکوچۆلی دەدانیو رژێمی ئێرانیش یارمەتی دەدان. ئەمریکاو ئێران دژی رژێمی قاسم هاودەنگ بوون، بەلام ئەمریکا رێبازێکی جیاواز لە شای ئێرانی گرتبۆ بەرو بە رواڵەت بەگوێی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەتی کوری ئێرانی هەڵێنابوو، کە لایەنگری مافی کوردانەو ئامادەیە بۆ دابین کردنی مافی رەوای کوردان یارمەتییان بدات.

لە کوردستانی ئێران «برایم ئاغای عەلیار»ی بۆ کۆ کردنەوە عەشیرەتەکانی کورد هەڵبژاردبوو. ژمارەیەک لە کۆنە دێموکراتەکانی هاورێی پێشەوا «قازی»ش وەک برا گەورەکەی من «وەهاب»، «محەمەدئەمینی شەرەفی»، «سەدیقی حەیدەری»، «مستەفا سوڵتانیان»و «سەید مستەفای سەیدی» کە پێشتر لە کۆماری کوردستاندا بوون، هەرچەندە باوەڕیان بە ئەمریکا نەبوو، بەلام گوێیان بۆ ئەو گوتنە شل کردبوو،و لەگەڵ برایم ئاغا کەوتبوونو هاودەنگییان پێشاندابوو. سەرلەشکر «تەیموری بەختیار» سەرۆکی ئەو کاتی ساواکی ئێرانیش وای پێشاندەدا کە لە رەگەزی کوردانەو دڵی بۆ کورد لێدەداو ئەویش وەشوێن ئەو گوتنەی ئەمریکا کەوتبوو. بەرونی دیاربوو، کە بەختیار لە ژێر تەسیری ئەو سیاسەتە تازەیەی ئەمریکادایەو شای ئێرانیش لەم بابەتەوە لێی دڕدۆنگ بوو.

بەختیار لەگەڵ کاربەدەستەکانی ئەمریکایی نیشتەجێ لە ئێراندا وەهەوڵ کەوتبوو، کە کوردەکانی سوریەو عێراقیش بۆ لای ئەو سیاسەتە راکێشێ. ناوبراو «وەهاب»ی برامو «محەمەدئەمینی شەرەفی»و «سەدیقی حەیدەری» نارد بۆ لای کوردەکانی سوریەو عێراق تا لەمبارەدا رای ئەوانیش بۆ لای خۆی راکێشێ. لەمبارەدا رەنگە «برایم ئەحمەد» باشتر ئاگاداری ئەو چەمکە بێ.

من ئێستا هاتبوومە سەر ئەو بڕوایە کە پەیامەکەی ئەحمەد تۆفیق لەمەڕ هەلایساندنی بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران، لەو سیاسەتە سەرچاوەی دەگرت،

بەڵام باوەڕم نەدەکرد کە ئەوە بیری راستەخۆی بارزانی بێ. چونکە ئاگاداری ئەو رەوتە بووم، لە وەڵامی قادر شەریفدا گوتم:

- کاکی برا، رژێمی ئێران خۆی سەر بە ئەمریکایەو لە ئاخوڕی ئەمریکا دەلەوەڕێ‌و بەختیاریش ناتوانێ سەری بەو ئاخوڕەوە نەبێ. لەو هەلومەرجەدا کە رژێمی «قاسم» بەرژەوەندی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوای لە مەترسی خستووە، ئەمریکا چۆن ئامادە دەبێ ئێران بشێوێنێ‌و پشتی بزووتنەوەی کورد بگرێ. ئێمە بە رونی دەبینین کە تەواوی هەوڵ‌و تەقەلای ئەمریکا لەو ناوچەیەدا بەچۆکداهێنانی رژێمی قاسمە. سیاسەتی بە رواڵەت پشتگرتنی بزووتنەوەی کورد لە لایەن ئەمریکاوە بەو مانایەیە کە یەکیەتی کوردان‌و قاسم تێک‌بدرێ‌و رژێمی قاسم تووشی تەنگ‌و چەڵەمە بێ. لە لایەکی‌تریشەوە بەڵێنی قاسم لەمەڕ دانی ئوتونۆمی بە کوردی باشوور لەسەر کاغەزەو ئێستا نەچەسپاوە. رەنگە ئەویش بۆ بەرژەوەندی خۆی یاری بە کورد بکات، بەڵام بەو حاڵەش ئێمە دەبێ بزانین ناوبراو بەڵێنی‌یەکانی بەجێ دەگەیەنێ یان‌نا. بە رای من، ئێمە دەبێ تا ئەو کاتە سەبر بکەین. هەروەها داوات لێدەکەم ئەحمەد ئاگادار بکە، بگەڕێتەوە لای تۆو منیش هەڤاڵانی‌تر ئاگادار دەکەم لە تارانەوە بێن تا بەتێکڕایی لەسەر ئەو پێشنیارە بدوێن.

ئەوسا رێبەرایەتی حیزب گۆڕانکاری بەسەر هاتبوو. «رەحیمی سوڵتانیان»و «کەریمی وەیسی» بەدوای کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژدا حیزبیان بەجێهێشتبوو،و لە سیاسەت دوور کەوتنەوەو خەریکی ژیانی خۆیان بوون. تەنیا عەزیزی یوسفی، رەحمەتوڵڵای شەریعەتی، ئەحمەد تۆفیق‌و من لە کۆمیتەی ناوەندیدا مابووینەوەو دوکتور عەلی مەولەویش مشاویری کۆمیتەی ناوەندی بوو. قادر شەریف‌و ئەسعدی خودایاری‌و چەند کەسی‌تریش ئەندامی کۆمیتەی «بلباس» بوون‌و لە هێندێک کۆبوونەوەی تایبەتی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشداریان دەکرد. لەنێو ئەو کەسانەدا کە ئاماژەم پێکردن، ئەحمەد تۆفیق لە کوردستانی ژێردەستی عێراق بوو. کاک عەزیزی یوسفی گیرابوو،و لە زیندان قزلقەلعەی تاران بەندی کرابوو. رەحمەتی شەریعەتی‌و دوکتور عەلی مەولەوی لە تاران بوون‌و قادر شەریف لە دەرەوەی مەهاباد هەڵدەسوڕاو لەنێو ئەوانەدا، تەنیا من لە مەهاباد بووم. بۆ وەرگرتنی بڕیاری خەباتی چەکدارانە، داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیم کرد. بەمبۆنەوە نامەیەکم بۆ رەحمەتی شەریعەتی نووسی، کە لەگەڵ دوکتور مەولەوی سەرێک لە مەهاباد بدەن، بەڵام چونکە دوکتور مەولەوی نەیدەویست کارەکەی لە تاران لەق بکات‌و بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، ناوبراو براکەی «ئەحمەد»ی لە تاران هاندابوو، بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد‌و لەوێوە ئەحمەد تۆفیق ئاگادار بکات کە لەسەر داوی من نەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. ناوبراو گوتبووی: «غەنی پیلانی بۆ دارشتووی‌و دەیەوێ لە بەرپرسایەتیت بخات». بەمجۆرە، ئەو

کۆبوونەوەیە سەری نەگرت.

لە زیندان شارەوانی مەهاباد پێیراگەیاندبووم بە بێ ئیزن ئەوان لە شاری مەهاباد نەچمەدەر. بۆ ئەوەی بتوانم هاتووچۆی دەوروبەری مەهاباد بکەمو هاوڕێیانی حیزبی ببینم، بە ناچار شوغڵی «چینوداری»م هەڵبژاردو لە ڕێگای کڕینو فرۆشتنی ئەسپ ژیانی خۆم دابین دەکردو چاویشم بە هاوڕێیانی حیزبی دەکەوت. ڕۆژێک بە سواری «دووچەرخە» چوومە قاوەخانەی «دێبوکری» کە گامێشێک بکڕم. لە گەڕانەوەدا لە مەیدانی «مەنگوڕان» سەرهەنگ «بەهارمەست» سەربازپرسی سوپای سێی مەهاباد پێشی پێگرتمو گوتی: «تۆ دەچی بۆ دێیەکان کاری سیاسی دەکەی!» ئەو بەتوندی هەڕەشەی لێکردمو منیش لێی توڕە بووم. چونکە خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆ ببۆوە، سەرهەنگ بەهارمەست دەستی لێهەڵگرتم، بەلاْم چوو بوو گوتبووی غەنی بلوریان خەڵکی لێهانداوم. سەرئەنجام کێشەی منو بەهارمەست گەیشتە ساواک.

ئەسعەد خودایاری ئاگاداری کردم بۆ ماوەیەک خۆم بشارمەوە تا ڕێچارەیەک بۆ ئەو ڕوداوە بدۆزێتەوە. من بە هەڵکەوت ڕامگەیاند بوو گامێشەکەم بۆ بەرنە ماڵی «ڕەشەی قاچاخچی». ڕەشەو ئەسعەد لە خانووبەرەیەکدا دەژیان. ئەسعەد کە دەبینی گامێشەکە لە لای ڕەشەیە، بە ساواکی ڕاگەیاندبوو: «غەنی لە مەیدانی مەنگوڕان مامڵەی گامێشی کردوەو بۆ دیتنی گامێش بەسواری دووچەرخە چۆتە قاوەخانەی دێبوکریو پاش کڕینی گامێش، ئەویان بۆ هێناوەتەوەو ئێستا گامێشەکەی لە حەوشەی ماڵی ئێمەیە.» لە ڕاستیدا ڕوداوەکەش هەر بەمجۆرە بوو کە ئەسعەد گوتبووی. ناوبراو کێشەکەی بۆ چارەسەر کردم، بەلاْم چونکە من بەبێ ئیزنی شارەوانی چووبووم بۆ دێبوکری، ئەوانیش بانگیان کردمو دوای پرسیارو وەلاْم، کە بۆیان دەرکەوت ڕاستم گوتووە، گوتیان:

– «چیتر نابێ بەبێ ئیزنی ئێمە لە مەهاباد دەربچی.» من لە وەلاْمدا گوتم:

– کارم چینوداری‌یەو بۆ ئەوەی بژیمو خێزانمو خوشکەکانم بەخێو بکەم ناچارم بۆ کڕینی ئەسپ ڕۆژانی پێنج شەممە بچم بۆ بازاری «قەباکەندی» لە نزیک «میاندووئاو»ی.

– «ئێمە ئێستا ناتوانین ئیزنی چوونە دەرەوەت پێ بدەین، بەلاْم تا حەوتویەکی‌تر وەلاْمت دەدەینەوە.» حەوتووی دوایی وەلاْمیان دامەوەو گوتیان:

– «ئەگەر ویستت لە مەهاباد دەرکەوی، پێویستە بەر لە ڕۆیشتنتو دوای گەڕانەوەت ئێمە ئاگادار بکەی.

من بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلە، جارجارە ڕەشەی قاچاخچیو شەریکەکانی‌ترم دەنارد بۆ بازاری قەباکەندیو بۆخۆم دەچووم بۆ لای هاوڕێیەکانمو پێوەندیم لەگەڵ دەگرتن.

## ئەسعەد خودایاری

زۆر جاران باسی «ئەسعەد» کراوە. بەداخەوە دەرفەتێکی لەبار بۆ من هەڵنەکەوت کە ئاماژە بە چارەنووسی ئەو کادیرە وریاو تێکۆشەرە لێهاتووە حیزبی دێموکرات بکەم. لێرەدا بەپێویستی دەزانم بۆ رون بوونەوەی ئەو کەسانەی «ئەسعەد» باش ناناسنو لە تێکۆشانی ئاگادار نین، چەند دێڕێک بنووسم. ئەسعەدی خودایاری خەڵکی «بیجار» بوو. کاتی دامەزرانی کۆماری کورد لە مەهاباد، ناوبراو دەرەجەدار روکنی۲ی ئەرتەشی ئێران بوو لە سەقز، بەڵام بەهۆی هەستی پتەوی کوردایەتی خۆی پێڕانەگیراو بە چەکەوە لە ئەرتەش رایکردو پاڵی بە کۆماری کوردوە داو لە کۆماری کورددا کرا بە ئەفسەرو لە سوپای نەتەوەییدا خزمەتی دەکرد.

پاش رووخانی کۆمار، ناوبراو دەربازی باشووری کوردستان واتە کوردستانی ژێر دەستی عێراق بوو. ساڵی ١٣٢٨- ١٩٤٩ بەنهێنی گەڕایەوە بۆ مەهابادو لە ماڵی «فاتمی چاوشینی» پۆلیس گرتی. ناوبراو وەک گشت تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمار وەبەر بەخشینی گشتی کەوتو لە زیندان ئازاد کرا، بەڵام پاش ماوەیەک هاتەوە ریزی خەبات لە حیزبی دێموکراتدا.

ئەسعەد تێکۆشەرێکی نەترسو چالاکو مرۆڤێکی پاکو لێهاتوو بوو. دوای کودیتای شاو زاهیدی دژی دوکتور «مصدیق» لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢-١٩٥٣دا، ناوبراو چووە کوردستانی بندەستی عێراقو پاش ماوەیەک کە من چوومە ئەو هەرێمە، لەگەڵ منو حەمەدەمینی راتبی بەیەکجاری گەڕایەوە بۆ ناوچەی «مەنگوڕان»و خۆی بە «قادر شەریف» ناساندو تێکۆشانی حیزبی دەست پێکردەوە.

لەساڵی ١٣٣٤- ١٩٥٥، کە من لە شاری سنە گیرامو پاشان بردیانم بۆ زیندانی سەربازخانەی مەهاباد، ئەسعەدو حەمەدەمینی راتبیشیان لە دەرەوەی شاری مەهاباد گرتبوو،و پاش ئەوەی منیان بۆ دادگای دووهەم رەوانەی «تەورێز» کرد، ئەوانیشیان بە کەفیل لە زیندان ئازاد کرد. لە ساڵی ١٣٣٥- ١٩٥٦، سەرلەنوێ ئەسعەدو حەمەدەمین

گیرانەوەو ڕەوانەی زیندانی «قزل‌قلعه»ی تاران کران‌و پاش ماوەیەک دادگا ئازادی کردن. لە تاران «ساواک» داوای لە ئەسعەد کردبوو کە هاوکارییان لەگەڵ بکات، بەلاّم ناوبراو ئیزنی وەرگرتبوو ماوەیەک بیر لەو پێشنیارە بکاتەوە. بەمجۆرە، ئەو لە تارانەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەهابادو دەچێتە ناوچەی «مەنگوڕان»و چاوی بە «قادر شەریف»و «ئەحمەد تۆفیق» دەکەوێ. ئەسعەد کە گیرا ئەندامی کۆمیتەی «بلباس» بوو. بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر بەرپرسایەتی خۆی دەبوایە بچێتە لای «قادر شەریف»، کە لێپرسراوی کۆمیتەی بلباس بوو،و لە گوندی «سیسیر» دەمایەوە.

ئەحمەد تۆفیقیش کە ئەو کاتە بەرپرسی یەکەمی حیزبی دیموکرات بوو، بەرلەوەی بچێتە باشووری کوردستان لەو مەڵبەندە دەمایەوە. ئەسعەد لە تۆپی قسەکانیدا پێشنیاری «ساواک» بۆ «ئەحمەد» دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

- «ساواک پاش ئازاد بوونم لە زیندانی «قزل‌قلعه»ی تاران داوای هاوکاری کردومو من بۆ ئەوەی دژی خۆم هانیان نەدەم، گوتوومە ئیزنم بدەن ماوەیەک فکر لە پێشنیارەکەتان بکەمەوە، بەلاّم ئێستا کە گەڕاومەتەوە ئێرە، باکم لە «ساواک» نیەو ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ مەهاباد». ئەحمەد لە وەلاّمی ئەسعەددا دەڵێ:

- «ئەوە هەلێکی باشە کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات بتوانین کەسێک لە ناو «ساواک»دا جێگیر بکەین‌و بتوانین ئاگاداری کردەوەکانیان بین‌و بۆ پاراستنی حیزب لەو هەلە سوود بەرین. بە ڕای من تۆ دەبێ وەک مەئموری حیزبی دیموکرات بچیەوە بۆ مەهابادو ئەگەر «ساواک» دیسان داوای هاوکاری لێکردی، قەبووڵی بکەی».

ئەسعەد دژی ئەو بۆچوونەی ئەحمەد ڕادەوەستێ، بەلاّم «قادر شەریف» لای بۆچوونی ئەحمەد دەگرێ‌و دەڵێ: «ئەسعەد تۆ مرۆڤێکی بە ئیمانی‌و باوەڕی پتەوت بە حیزبەو لە ڕوکنی۲ی ئەرتەشی ئێرانیش کارت کردوەو گونجاوی ئەو کارەی‌و دەبێ قەبووڵی بکەی. ئەوە ئەرکی تۆیەو پێویستە بە قازانجی حیزب ئەنجامی بدەی». ئەسعەد لە وەلاّمدا دەڵێ: «خەڵکی مەهابادو شوێنەکانی‌تر من بە نیشتمان پەروەرو تێکۆشەر دەناسن‌و ڕێزم دەگرن، بەلاّم ئەو کارە دەبێتە هۆی ڕەنگانەوەی خەڵک لە من‌و وەبەر «لەعنەت»یان دەکەوم». بەکورتی، ئەحمەدو هاشم بەتوندی بەسەریدادەبڕن‌و ئەحمەد پێی دەڵێ: «بۆ ئەوەی ساواک وەرتگرێ، ئێمە بە ناوی حیزب لە مەهاباد لە قاو دەدەین کە ئەسعەد جێگای باوەڕی حیزب نیە». بەمجۆرە ئەسعەد بەفەرمانی حیزب خۆ دە ساواک دەخزێنێ‌و گەلێکی کاری بەنرخ بۆ حیزب ئەنجامدەدا.

من کە لە زیندان گەڕامەوە بۆ مەهاباد، ئەسعەد بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوەو منیش

چۆنیەتیەکەم لە «قادر شەریف» پرسیو ئەو گوتی: «بەڵێ، ئەسعەد راستی گوتووەو ئەو لەسەر بریاری ئێمە ملی بۆ ئەو کارە راکێشاوەو تۆش دەبێ ئاگات لێبێو دوری لێنەکەیو نەهێڵی نارەحەت بێ، چونکە ئەگەر تۆ پشتی تێبەکەی، لەوانەیە پاشگەز بێتەوەو تەنانەت کارێک بداتە دەستی خۆیو زیانی پێبگات». بەو پێیە من ئاگام لە ئەسعەد بوو،و ئەویش بەمە دڵی خۆش بوو، کە من دوریم لێنەدەکرد.

ماڵی ئەسعەد حەشارگەی حیزب بوو. دیدارەکانی نهێنی من لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دەرەوەرا دەهاتن لە ماڵی ئەسعەد ئەنجامی دەگرت. «عەبدوڵڵای عیزەتپوور» هەوەڵین کادری نهێنی حیزب بوو کە بەشەو دەهات بۆ ماڵی ئەسعەدو من چاوم پێی دەکەوت. ئەسعەد لە گشت کاراندا ساواکی هەڵدەخەڵەتاندو هەڤاڵانی ئێمەی دەپاراست. لە سەردەمی «کەریم قاسم»دا، ساواک ئەسعەدی دەنارد بۆ باشووری کوردستان تا بە بیانووی هێنانی ماڵی قاچاخ، دەنگو باسی عێراقو کوردستانی بۆ بێنێتەوە. ناوبراو دەچووە لای ئەحمەد تۆفیقو ئەویش کە باوەڕپێکراوی سەرۆک بارزانی بوو، چەند وێنەی کەریم قاسمو بارزانیو چەند بەیانو رۆژنامەی رێکخراوەکانی عێراقی دەدایەو ئەویش بە هێندێک قسەی بەتاڵ دەگەڕایەوە بۆ مەهابادو دەیدان بە ساواک. کارەکانی ئەسعەد زۆر بەنهێنی ئەنجامیان دەگرتو جیا لە «ئەحمەد» تەنانەت منیش ئاگاداریان نەدەبووم. ئەسعەد بۆ ئەوەی منو «هاشمی حوسێنزادە»و «یوسفی ریزوانی»، کە لێپرسراوی کۆمیتەی حیزب لە مەهاباد بوون، لەدوا رۆژدا تووشی مەترسی نەبن، زۆر شتی لای ئێمە نەدەدرکاندو تەنیا بەرپرسی کارەکانی ناوبراو ئەحمەد تۆفیق بوو.

تەنیا ئەرکێک کە من بە ئەسعەدم ئەسپارد ئەوە بوو، کە من بۆ ئەوەی «هاشمی حوسێنزادە»و یوسفی ریزوانی» لە مەهاباد لە داوی پۆلیس نەکەون، ئەوانم بە ئەسعەددا نارد بۆ باشووری کوردستان، کە تەسلیمی ئەحمەد تۆفیقیان بکات، کە ئەو کارەی کرد. هەرکە هاشمو یوسف مەهابادیان بەجێ هێشت، ساواک وەدەستوپێ کەوتو ئێستا ئەسعەد لە باشووری کوردستان نەگەڕابۆوە، کە هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێکراو ئێمە گیراین. هەرکە خەبەری گیرانی ئێمە بەگوێی ئەحمەد تۆفیق دەگات، ناوبراو بۆ ئەوەی ئەسعەدیش نەگیرێ، رێگە بە گەڕانەوەی دەگرێو دەڵێ:

- ساواک هێرشی سەرتاسەری بۆ کردوینو گەلێک لە هەڤاڵانمان گیراونو ژمارەیەکی زۆریش رایانکردووەو خەریکن دێنە لای ئێمە. من دەچم بۆ دیتنی هەڤاڵانی راکردومانو تۆش لێرە بمێنەوەو لە چوونەوە خۆت بپارێزەو مەترسیت لێدەکەم. ئەسعەد دڵنیا بوو کە ساواکی فریو داوەو لەم روانگەوە کە ئەوان ئاگایان لە کردەوەی ئەو نیە، بۆ گەڕانەوە پێدادەگرێو دەڵێ:

– «ئێستا کە کشت هەڤاڵان گیراون‌و کەس نیە کاروباری حیزب راپەڕێنێ، بۆچی من نەچمەوە؟ دڵنیام ساواک نەیتوانیوە سەرلە کاری من دەربێنێ‌و من دەتوانم بەباشی ئەرکی حیزبی بەئەستۆ بگرم‌و نەهێڵم حیزب لەبەر یەک بچێ.» ئەحمەد رازی نابی ئەسعەد بگەڕێتەوەو دەڵێ:

– گیرانی تێکڕایی هەڤاڵان هەروا ئاسایی نیەو دەبێ هەڤاڵانی گیراو لە تاران شتیان درکاندبێ‌و ناوی تۆش هاتۆتە ئاراوەو بێگومان چونکە تۆ ئەرکێکی گرنگ‌و پڕلە مەترسیت بەئەستۆ بووە، وەک ئەندامانی‌تر تەماشات ناکەن‌و لەناوت دەبەن.

ئەسعەد ئەوەندە ئیمانی بە کاری خۆی دەبێ، کە بەبێ ئیزنی ئەحمەد رێگە دادەگرێ، کە بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، بەڵام ناوبراو لەو کردەوەیەی ئەسعەد وەشک دەکەوێ‌و دەڵێ نەکا «ئەسعەد» خۆی ئەو پەندەی بەسەر حیزب‌دا هێنابێ‌و هەڤاڵانی لە داو خستبێ. لەبەر ئەوە چەند چەکدار دەنێرێتە سەر رێگەی ئەسعەدو فەرمانیان پێدەدات بیگەڕێننەوەو ئەگەر هاتو ملی نەدا، بیکوژن. ئەسعەد بایەخ بەقسەی راسپاردەکانی ئەحمەد نادات‌و هەر ئەو ولامەیان دەداتەوە کە بە ئەحمەدی دابۆوەو ئەوانیش لە نزیکی «قەبری عوسمان» لەسەر سنوری دەسکردی ئێران‌و عێراق دەیکوژن. بەمجۆرە ئەسعەد کوڕی باش‌و نەجیب‌و تێکۆشەر لەنێو چوو.

بە دوای رون بوونەوەی گیرانی ئێمەدا کە پەنجە بۆ چۆنیەتی‌یەکەی رادەکێشم، ئەحمەدی تاوانبار لە بەرامبەر ئەو کارە ناحەزەیدا، کە دەرحەق بە ئەسعەد کردبووی، نازانێ چۆن ولام بداتەوە. ناوبراو لە بەرامبەر پرسیاری ئێمەدا، کە لە زیندانەوە بەهۆی «هاشمی جەلالی» لێمان کردبوو، لەنێو کادیرەکانی حیزبدا بڵاوی کردبۆوە کە «ئەسعەد» بۆ مەئموریەتی حیزبی نێردراوە بۆ باکووری کوردستان واتە کوردستانی تورکیە، بەڵام دواجار هەموو شت رون بۆوە.

## ٢١ی سەرماوەز ١٣٣٧

چەند رۆژ بەر لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٣٧-١٩٥٨، ساڵرۆژی رووخانی کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان، روکنی٢ی مەهاباد کە سەرۆکەکەی سەرهەنگ «سالاری‌زادە» تورکی ئازەربایجانی بوو لە چەند کەسی خاوەن رابردوی سیاسی وەک «عەزیزی فەلاحی» ویستبوو رۆژی ٢١ی سەرماوەز بچن دژی سەرهەڵدانەکەی ئازەبایجان‌و کوردستان لەسەر

رادیۆ وتار بخوێننەوە. چونکە ئەو دوو سێ کەسە موچەخۆری حکومەتی بوون، لەترسی دەرکردنیان لەکار ملیان دابوو، بەلأم «عەزیزی فەلاحی» کە ماموستای قوتابخانە بوو، و لە پۆلی دووهەمی قوتابخانەی «خەیام»ی مەهاباد دەرسی دەگوت، قەبوولی نەکردبوو، و لە ئەنجامدا ناوبراو دەگرن‌و دەیبەن بۆ دیژبانی مەهاباد. مەلا «عەبدوڵلای ماوارانی» دەچێتە دیژبان‌و بۆ عەزیز دەبێت بە کەفیل‌و ئازادی دەکا، کە بچێ لە رۆژی دیاریکراودا وتار بخوێنێتەوە، بەلأم کەس بەشوێن من‌و ئەو کەسانەی‌تردا نەهاتبوو کە موچەخۆری حکومەتی نەبووین‌و پاشانیش دەرکەوت کە سەرهەنگ «سالاری‌زادە» بە بێ پرس‌ورای فەرماندەی سوپای مەهاباد سپەبۆد «وەرەهرام»و ساواک بریاری کۆ کردنەوەی ئەو کەسانەی داوە.

عەزیز کە لە دیژبان دێتە دەر، دەچێتە لای کەریمی حیسامی. کەریم ئەوکاتە دوکانی سەوزی فرۆشی دانابوو. عەزیز روداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو کەریم بە دەرفەت دەزانێ کە لەو هەلە کەڵک وەرگرێ، ناوبراو گورج دەرگای دوکانەکەی قفل دەکات بە عەزیز دەڵێ: «بەگەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق‌و دەسەلأت پەیداکردنی، کوردستانی عێراق بۆ رابواردن‌و کاری‌تر لەبارە. پێویستە بچین «غەنی» رازی بکەین رەگەڵمان کەوێ‌و راکەین بۆ عێراق».

ئێوارەیەک، نزیکی خور پەرین «عەزیزی‌و کەریم» بە هانکە هانک لێم وەژور کەوتن. گوتم: چ قەوماوەو بۆچ ئاوا هەراسان‌و پەشۆکاون؟ کەریم دەستی پێکردو روداوەکەی وا زل کردەوە کە ترسی وەبەرنام‌و گوتی: «لەخۆوە تووشی زیندان دەبین‌و دەگەڵ عەزیز بریارمانداوە خۆ بەدەستەوە نەدەین‌و بێینە لای تۆ کە تازە لە زیندان رزگارت بووە، با دەگیر نەکەوی‌و رەگەڵمان کەوی بۆ گەرمێن». من هێندێک بوژامەوەو هاتمەوە سەرخۆو بە هێمنی گوتم:

– من وا لە ماڵی خۆم بووم‌و کەس نەهاتووە بەشوێنمداو کاک کەریم تۆش لە دوکانی خۆت بووی‌و کەس یەخەی نەگرتووی‌و بۆچی خۆت رەگەڵ خستوە. بەڕای من ئەم دیاردەیە ئەوەندە زل نیە، کە خۆتانی پێ بدۆڕێنن. کارێک روی نەداوە. نەخوێندنەوەی وتارو مل رانەکێشان بۆ ئەو کارە تاوان نیە، کە خەڵکی لەسەر بگرن. تەنانەت ئەگەر بشتانگرن، ئازادتان دەکەن. تازە ئێوە هیچکامەتان کار بۆ حیزب ناکەن‌و پێوەندیتان بە حیزبەوە نیە، کە ترستان رێ‌نیشێ. ئەگەر خۆتان دڵتان لەسەر چوون بۆ عێراقە، بە مەیلی خۆتان بکەن. ئێوە سەربەخۆن‌و دەتوانن بریاری خۆتان بدەن، بەلأم من بەرپرسایەتیم لەسەر شانەو ناتوانم‌و بەبێ راو تەکبیر لەگەڵ ئێوە بکەوم. بەڕای من واباشە ئێوە بچن ماڵی دۆستێک بدۆزنەوەو تا تەواو بوونی رێ‌ورەسمی ۲۱ی سەرماوەز خۆ حەشار بدەن‌و منیش دەچمە ماڵێک‌و لەوێوە ئاگامان لێک دەبێ. پاش ۲۱ی سەرماوەز، ئەگەر بێنیمان وەشوێنمان کەوتوون

وەک جاران خۆ دەگەیەنینە نێو هۆزی مەنگوڕو لەویش بەپێ هەل‌و مەرج بڕیار دەدەین. ئیتر بۆچێ دەبێ لەخۆوە گۆڕەپانی خەبات کە ئێرەیە جێی‌هێڵین‌و بچینە گەرمێن، بەلاٌم دیسانیش بۆخۆتان سەرپشک بن‌و بڕیاری خۆتان بدەن. ئەوەی من دەیڵێم، گوتنی بەرپرسێکی حیزبی‌یە «ئێوە سەربەخۆن‌و دەتوانن هەرچی پێتان خۆشە بیکەن». ئەوان لە وەلاٌمدا گوتیان: «قسەکانت زۆر بەجێ‌یەو ئەوەی تۆ گوتت ڕەچاوی دەکەین». ئەوان بۆ ماوەیەک مانەوە، بەلاٌم سەرئەنجام بڕیاری خۆیان بردەسەرو ماوەیەک بە دوای ٢١ی سەرماوەزدا لە مەهاباد دەرباز بوون‌و گەرمێن بگرە هاتم!!

چونکە کەریمی حیسامی لە بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانیدا ئەو ڕووداوە بە پێچەوانە دەگێڕێتەوەو چیرۆکێکی پاڵەوانانەی ناڕاستی بۆ پێکەوەناوە، من ناچار بووم ئەو دیاردەیە ڕوون بکەمەوە، ئەگینا قەت لەو کتێبەدا باسی حیسامیم نەدەکرد.

کاک حامید گەوهەری کە بەسەر گشت بیرەوەرییەکانی حیسامیدا چۆتەوە، بۆ ڕاستکردنەوەی دیاردەکانی مێژوویی، چەند پرسیاری لە بیرەوەرییەکانی ناوبراو هەڵبژاردوەو ناردنی بۆ من کە ڕای خۆمیان لەسەر بنووسم. من وەلاٌمی ڕاستی ڕووداوەکانم بۆ نووسیوە. ناوبراو کتێبێکی تایبەت بە بیرەوەرییەکانی حیسامی بلاٌو کردۆتەوەو ئیتر من لێرەدا بەپێویستم نەزانی خۆ بە وەلاٌمدانەوەی نووسراوە ناڕاستەکانی حیسامی ماندو بکەم. بەڕای من حیسامی لەبەشی زۆری بیرەوەرییەکانیدا مەبەستی شلتاخ کردن‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤی خەباتکاری سادق بووە.

Kurdistanpost

## ڕەحمانی قاسملو

لە بەشی کۆبوونەوەی تاراندا ئاماژەم بە نامەیەک کرد، کە دەبوایە ڕەحمانی قاسملو بیباتە ئورووپاو تەسلیمی کاربەدەستانی حیزبی کومونیستی سۆڤیەتو ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە دەرەوەی وڵاتی بکات. ڕەحمان، لە ساڵی ١٣٣٦-١٩٥٧ ئەو کاتەی کە من لە تەورێز زیندانی بووم، لە ئورووپا گەڕابۆوە بۆ ئێران. ئەو کات عەزیزی یۆسفی ئازاد بوو. ڕەحمان چاوی بە عەزیز کەوتبوو، و پێی ڕاگەیاندبوو نامەکانی حیزبی کومونیستی سۆڤیەتو ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی گەیاندوە. ئەو ١٥٠٠ تمەنی دابوو بە عەزیزو گوتبووی: «ئەوە برادەرانی سۆڤیەت ناردویانە.» پاشان بۆمان دەرکەوت قاسملو کاربەدەستانی سۆڤیەتی نەدیتوەو هەر دوو نامەکانی دابوو بە «ڕادمەنیش» کە ئەو کات سەرۆکی حیزبی تودە بوو، و پارەکەش ڕادمەنیش ناردبووی نەک حیزبی کومونیستی سۆڤیەت.

هەر چەندە ڕەحمانی قاسملو بەڵێنی بە ئێمە ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتدا کە بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتو ئاشکرا نەبوونی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕات، هاوکاری حیزبی تودە نەکاتو پێوەندی خۆی لەگەڵ ئەو حیزبە دەپچڕێ، بەڵام ئەو لەژێر بەڵێنییەکەی داو تەنانەت لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە مەئموریەتیشی وەرگرت، بەرگری لە پچڕانی پێوەندی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ بەدەنەی حیزبی تودە بکا. حیزبی تودە هەروەها قاسملوی مەئمور کردبوو، بچێتە تارانو «ئەرسەلانی پوریا» ببینێو پێوەندی بەدەنەی حیزبی دێموکڕات لە تاران بە ئەرسەلانەوە گرێ بدات، کە ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکانی حیزبیو گیرانی زیاتر لە ١٢٠ ئەندامی نهێنی حیزبی دێموکڕات.

ئەرسەلانی پوریا ئەندامی کۆمیتەی ئەیالەتی (پارێزگا) حیزبی تودە بوو. ناوبراو پاش ئاشکرا بوونی «ڕێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودە» لە داوی پۆلیس کەوتبوو، و بەڵێنی هاوکاری بە ساواک دابوو، و بە فەرمانی «تەیموری بەختیار» سەرۆکی ساواکو سەرهەنگ «زیبایی» جەلادی ساواکی شا هەڵدەسوڕا. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە ڕێبەرایەتی

حیزبی توده له ده‌ره‌وه‌ی وڵات بوو، و «ئه‌رسه‌لانی پوریا» پێوه‌ندیگری نێوان ڕێبه‌رایه‌تی حیزبی توده‌و ڕێکخراوه‌کانی حیزبی توده‌ی له‌نێو ئێرانی به‌مله‌وه بوو. ڕێبه‌رایه‌تی حیزبی توده ئاگاداری خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دانو خۆفرۆشی «ئه‌رسه‌لانی پوریا» نه‌بوو، و نه‌یده‌زانی ئه‌و خۆی به ساواک فرۆشتۆه.

قاسملو، که پێوه‌ندی به ئه‌رسه‌لانه‌وه ده‌گری، ناوبراو داوای لێده‌کات، بچێ له کۆبوونه‌وه‌یه‌کی حیزبی توده‌دا به‌شداری بکا. قاسملو پێیڕاگه‌یاندبوو که چاوه‌ڕوانی عه‌زیزی یۆسفی یه‌کێک له به‌ڕێوه‌به‌رانی حیزبی دیموکراته‌و په‌یامی بۆ ناردوه له مه‌هاباده‌وه بچێ بۆ تاران. لێره ناوی عه‌زیزی یۆسفی بۆ ئه‌رسه‌لانو ساواک زه‌ق ببۆوه‌و زانیبویان عه‌زیزی یۆسفی به‌دوای ئازاد بوونی له زیندان ده‌ستی له خه‌بات هه‌ڵنه‌گوتووه. ئه‌رسه‌لان داوای له قاسملو کردبوو، عه‌زیزیش به‌شداری کۆبوونه‌وه بکا. قاسملو هه‌وڵده‌دا، به‌لاّم عه‌زیز ده‌ره‌تانی چوونی بۆ تاران نابێ. قاسملو که ده‌بینێ عه‌زیز ئاماده‌ی چوون بۆ تاران نیه، بۆ ئه‌وه‌ی وه‌درۆ نه‌که‌وێته‌وه به‌ناچار داوا له خزمێکی خۆی به ناوی «سمایلی قاسملو» ده‌کات که به ناوی عه‌زیزی یۆسفی له‌گه‌ڵی بچێو به‌شداری بکات له‌و کۆبوونه‌یه‌دا. سمایلی قاسملو ئه‌و کات له ساڵی دووی زانکۆی فه‌ننی تاران ده‌یخوێندو ئه‌ندامی ساده‌ی حیزبی دیموکراتیش بوو.

ڕه‌حمانی قاسملو و سمایلی قاسملو ده‌چن بۆ کۆبوونه‌وه‌ی حیزبی توده، که سه‌رهه‌نگ «زیبایی»ش به ناوی «سالاری» بازره‌سی حیزبی توده، تێیدا به‌شدار ده‌بێ. سالاری (زیبایی) له ڕه‌حمانی قاسملو ده‌پرسێ:

- «ئێمه ته‌نیا ئاغای عه‌زیزی یۆسفی‌مان هه‌یه له کوردستاندا یان که‌سێکی‌تریشمان هه‌یه که به‌ناوبانگ بێو خه‌ڵک ڕێزی بگرنو حیسابی له‌سه‌ر بکه‌نو کاری حیزبی بکا» ؟ ئه‌و هه‌روه‌ها ده‌ڵێ: «ناسینی ئه‌و جۆره ئینسانه خاوه‌ن رابدوانه بۆ ئێمه زۆر پێویسته».
ڕه‌حمانی قاسملو له وڵامدا راده‌گه‌یه‌نێ:

- له حاڵی حازردا که‌سێکی ئاوام به مێشکدا نایه، پێویسته به دوای کارکردندا ئه‌وجۆره که‌سانه‌مان بۆ رون بێته‌وه. دیاره قاسملو ئاگادارێکی زۆری له‌سه‌ر به‌ده‌نه‌ی حیزبی دیموکرات نه‌بوو. ئه‌و بۆ ماوه‌یه‌کی که‌م به‌رپرسی پێوه‌ندی حیزبی توده له‌گه‌ڵ ڕێبه‌رایه‌تی حیزبی دیموکرات بوو. ئه‌و ته‌نیا هاوکاری ئێمه‌ی ده‌کردو شناختێکی ئه‌وتۆی له‌سه‌ر به‌ده‌نه‌ی حیزب نه‌بوو.

دوای ته‌واو بوونی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه، ساواک پشو به ڕه‌حمانو سمایلی قاسملو نادات‌و ده‌ستبه‌جێ هه‌ردووکیان ده‌گرێو ده‌یانباته «تیپی زره‌هی» تاران. له‌وێ سه‌رهه‌نگ زیبایی

دەچێتە لایانو پێیان دەڵێ:

- «من دەناسن؟» ئەوانیش وڵام دەدەنەوەو دەڵێن:

- تۆ ئاغای ساللاریی.

- «نەخێر من سەرهەنگ زیبایی‌م.» ئینجا سەرهەنگ زیبایی روو لە رەحمانی قاسملو دەکاتو دەڵێ:

- «بڵێ بزانم دوێنێ پرسیارم لێکردی بۆچی وڵامی دروستت نەدامەوەو درۆت لەگەڵ کردم.»

- من درۆم نەکردۆە. من کادری حیزبی تودەمو تازە لە ئورووپا گەڕاومەتەوەو تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم ئەویش لە ساڵی ٣١-٣٢دا بەرپرسی پێوەندی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بووم. من لەنێو کوردەکاندا جیا لە عەزیزی یوسفیو غەنی بلوریان کەسی‌تر ناناسمو ئەو کەسەش کە من بەناوی عەزیزی یوسفی هێناومە بۆ کۆبوونەوە، عەزیزی یوسفی نیە، بەڵکۆ سمایلی قاسملویە، کە لە ماڵی میوان بوومو بەتکا هێناومە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.

سەرهەنگ زیبایی بۆی دەردەکەوێ رەحمانی قاسملو ئاگای لە وەزعی نێو حیزبی دێموکڕات نیە، بەڵام پێیڕادەگەیەنێ ئەگەر ئامادە نەبێ هاوکاری ساواک بکا، دەساڵت زیندانی دەکەن. رەحمان بۆ ئەوەی خۆ رزگار بکا، ئامادە دەبێ بۆ ساواک بنووسێ، ئامادەیە هاوکاریان لەگەڵ بکاو بەمجۆرە پاش چەند رۆژ بەندی ئازادی دەکەن. رەحمانی قاسملو لە نامەیەکی چەند لاپەڕەیی‌دا روداوی گیرانو چۆنیەتی ئازاد بوونەکەی بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودە نووسیوە کە من دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ز نووسراوەی قاسملوم وەچەنگ کەوت.

سمایلی قاسملوش هەر بەم شێوەیە لە زیندان ئازاد بوو. دوای ئازاد بوونیان، رەحمان بە سمایل دەڵێ: «من بەڵێنی هاوکاریم بە ساواک داوە، بەڵام ئامادە نیم هاوکاریان لەگەڵ بکەمو ناچارم ئێران بەجێ هێڵم.» سمایل کە ئاوا دەبینێ، دەڵێ: «تۆ بۆچی منت لەو گێژاوە هاویشت، ئێستا من چ بکەم؟» رەحمان، سمایل رازی دەکا ژنو منداڵەکەی بە «سەقز»و «بانە»دا بۆ بگەیەنێتە «سلێمانی»و ماڵی «نژادی ئەحمەد عەزیزئاغای»و لەوێوە رەحمان ئەو دەباتە «چەکوسلاۆاکی» تا درێژە بە خوێندنەکەی بدات.

سمایل، ژنو منداڵەکەی رەحمانی قاسملوی گەیاندبۆە سلێمانیو رەحمانیش بۆ خۆی بە یارمەتی بنەماڵەی «زەرزا» بە «شنۆ»دا چوو بووە ئەو جێیە. لە سلێمانی ژنو منداڵی قاسملو گەڕابوونەوە «چەکوسلاۆاکی»و پاشانیش رەحمان خۆی چوو بووە ئەو وڵاتە، بەڵام

سمایل لەوێ مابوو. ئەحمەد تۆفیقیش کە دەبینی سمایل بەبێ کاری دەخولێتەوە، داوای لێ دەکاتو دەڵێ:

- تۆ مرۆڤێکی خوێندەواریو باشترە تا کارەکەت جێبەجێ دەبێ، بچی بۆ ناوچەی بانە. سمایلی قاسملو دەچێتە ناوچەی بانەو بە نازناوی «حوسێن» دەست بەکاری حیزبی دەکا.

لە لایەکیترەوە چونکە رەحمانی قاسملو کاتی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی بەناو حیزبی تودەدا، سمایلی قاسملوی بە عەزیزی یوسفی بە سەرهەنگ «زیبایی» ناساندبوو، ساواک سەرلەنوێ عەزیزی یوسفی دەخاتەوە ژێر چاوەدێری روکنی۲ی سوپای مەهاباد. گوشاری روکنی۲، عەزیزی ناچار کردبوو مەهاباد بەجێبهێڵێ. ئەو چووبووە تارانو بەهۆی دوستو ئاشنایانییەوە لە بەشی «بایەگانی» (ئارشیو) زانکۆی زەراعی «کەرەج» دامەزرابوو. ناوبراو لەوە بێخەبەر بوو، کە کەوتۆتە ژێر چاوەدێری ساواکی تاران.

بەرلە گەڕانەوەی «بارزانی» لە سۆڤیەت لە ۲۳ی گەلاوێژی ساڵی ۱۹۵۸دا، عەزیزی یوسفیو «ئەحمەد تۆفیق» لەسەر گەلاڵەیەک بۆ پرۆگرامی دوا رۆژی حیزب ناکۆکی پەیدا دەکەن. هەرچی ئەحمەد تۆفیق بوو، لە چوارچێوەی دەوڵەتی پاشایەتیدا خودموختاری دەویستو عەزیز لە چوارچێوەی رژێمی کۆماری دیموکراتیدا. عەزیز، بە رووخانی رژێمی «فەیسەل» لە عێراق دەرفەت پەیدا دەکات بچێتە باشووری کوردستانو دەقی گەلاڵەکەی خۆی ئاراستەی هەڤالانی جێگیر لە باشووری کوردستان بکاتو رای ئەوانی بۆ راکێشێ. بەو ئومێدەوە لە «کەرەج» سواری ئوتوبووس دەبێو بێخەبەر لەوە کە ساواک بەشوێنییەوە، بەرەو «ورمێ» دێ. لە ورمێ لیباس دەگۆڕێو جلی کوردی دەبەر دەکات تا بەشێوەی نەناسراو بچێتەوە مەهابادو لەوێوە دەربازی باشوری کوردستان بێ.

لە پاسگای «بالانیش»، کە لە ۲۰ کیلومیتری جادەی ورمێ بۆ مەهاباد، ژاندارمان ئوتوبوسەکە رادەگرنو قاو دەکەن: «عەزیزی یوسفی دابەزێ». عەزیز بە پەلە گەلاڵەی پرۆگرامەکە دەخاتە نێو زاری، بەلام ژاندارمە دەگەنە سەریو بە مستان لە زارو ئەوکی دەردێننەوەو قۆڵبەست دەیبەن بۆ ژاندارمەری ورمێ. ئوستوار «محەمەد زادە»ی ژاندارم کە ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بووە، گرتنی کاک عەزیزی یوسفی بە کۆمیتەی فیرقەی دیموکرات لە شاری ورمێ، رادەگەیەنێ، کە «کازمی پوور» لێپرسراوی بوو، بەلام چونکە حیزبی دیموکرات لەسەر بریاری کۆبوونەوەی «تاران» پێوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی تودەو فیرقەی دیموکراتی سەر بەحیزبی تودە بری بوو، کۆمیتەی فیرقە نەیتوانیبوو یا نەیویستبوو خەبەری گرتنی کاک عەزیز بە هەڤالانی ئێمە لە مەهاباد راگەیەنێ.

ژاندارمەری ورمێ «عەزیز» دەباتە تارانو تەسلیمی «ساواک»ی دەکاو لە زیندانی «قزلقەلعە» رایدەگرن.

سەرهەنگ «زالتاش»و سەرهەنگ «عیسا پژمان» کە کوردی خەڵکی «سنە» بوون، دەکرێن بە مەئموری پشکنینی عەزیزو لەمەڕ پرۆگرامەکە لێی دەپرسن. کاک عەزیز لە وەڵامدا دەڵێ:

- عەبدوڵڵای ئیسحاقی دەچوو بۆ «کوێت»و ئەوەی دا بەمن بیبەم بۆ ورمێ‌و ئێوارەی رۆژێکی دیاریکراو لەسەر پردی «شەهرچایی» بیدەم بە «حوسێن» ناوێک. من چوومە سەر قەرارو حوسێن نەهات کە ئەوی بدەمێ.

سەرهەنگ «زالتاش»و سەرهەنگ «عیسا پژمان» بە لێدانو ئەشکەنجە عەزیز ناچار دەکەن کە راستی مەسەلەکە بدرکێنێ‌و لە ئەنجامدا ناوی حوسێن کە هەمان «سمایلی قاسملو» بوو، دێتە گۆڕێ. عەزیز لەم روانگەوە کە ژاندارم وەک پێشوو لە گوندەکانی کوردستاندا دەسەڵاتی نیەو ناتوانێ دژواری بۆ کادیرەکانی حیزب بخوڵقێنێ‌و گوندییەکان پارێزگارییان لێدەکەن، ناوی حوسێن دەدرکێنێ. ئەو بیری لەوە نەکردبۆوە کە ئێستا ساواک بەهۆی بەشەکانی پاراستنی ژاندارمەری‌و مەرزبانی لە هەموو جێیەک ریشەی داکوتاوەو دەیان کۆلکە مەلاو ئاغاو تەنانەت کوێخا کاری بۆ دەکەنو دەتوانێ جێگەی سمایل بدۆزێتەوە.

بەمجۆرە، سمایل لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٣٧- مارسی ١٩٥٩دا، بەهۆی ئاغایەکی خەڵکی «نێزەرۆ» بە ناوی «رەحمان خان» لە نزیک گوندی «نمەشیر» لە بانە لە داوی مەئمورەکانی مەرزەبانی دەکەوێ. حوسێن کە هەمان سمایلی قاسملو بوو بەهۆی گەنجی‌و کەم ئەزموونی‌و تۆڕە بوونی لە حیزب تەواوی زانیارییەکانی دەدات بە ساواک. ناوبراو لەوە تورە بوو کە کوڕە مامەکەی یانی «رەحمانی قاسملو» بێ‌قەولی دەگەڵ کردبوو. ناوبراو دەیگوت:

- «رەحمانی ئامۆزام ژنو منداڵەکەی پێگەیاندومەتە سلێمانی‌و لەوێوە خۆی‌و ژنو منداڵەکەی دەربازی چەکوسلواکی بوونو ئاوڕی لەمن نەدایەوەو منی توشی ئەو رۆژە کردوە کەوا لە زیندانمو منیش لە رقی ئەو هەموو زانیارییەکانی خۆم لەسەر وەزعی حیزب داوە بە ساواک».

لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا حیزبی دیموکڕات لە ساڵی ١٣٣٨-١٩٥٩ کەوتە بەر پەلاماری ساواک‌و هێزەکانی پاراستنی حکومەتی ئێرانو زەبری سەختی بینی‌و سەدوبیست کادیری گیراو بەساڵان زیندانی کران.

سمایل ئەندامی کۆمیتەی بازرەسی حیزب بوو. ئەو گشت کۆمیتەکانی حیزب گەڕابوو، و هەرکەسی دیتبوو یان ناسیبووی ئاشکرای کردبوو. ئەو گوتبووی عەزیزی یۆسفی ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیموکڕاتە، بەلاْم عەزیز گوتبووی پێشتر کاری سیاسی کردووەو ئێستا لە سیاسەت کشاوەتەوەو تەنیا چونکە عەبدوڵلای ئیسحاقی باوەری پێی بووە، نامەیەکی داوەتێ بیدات بە حوسێن ناوێک. من پێویستە ئەوەش بڵێیم، کە ئێمە بەندییەکان هیچکامەمان پەروەندەی ئەو بەسەرهاتانەمان نەبینیوەو تەنانەت لە دادگاکانیشدا ئەوانیان پێشان نەداوین، ئەوەی من دەیڵێم گوتنی سمایلی قاسملوو عەزیزی یۆسفی یە کە لە زینداندا بۆیان باس کردووم.

سمایلی قاسملو، کە عەزیزی یۆسفی بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزب دەناسێنێ، ساواک ئەو لە زیندانی عمومی «قزل قەلعە» دەگوازێتەوەو بەتەنیا لە ژوورێکی دەکاتو سەرلەنوێ پەروەندەکەی دێنێتەوە بەرباسو لێکۆڵینەوە. نزیک بە شەش مانگ بوو کە سمایلی قاسملو گیرابوو، بەلاْم ساواک گوێی خۆی کپ کردبوو، و ئەندامانی حیزبی دیموکڕاتی نەدەگرت، تا سەرئەنجام بە هێرشێکی کوتوپڕی سەرتاسەری ۱۲۰ کەسمانی گرت. هاشمی حوسێنزادە کە بارپرسی حیزب بوو لە مەهاباد، بەهۆی «حەسەن زیرەک»ی خۆشخوانەوە، پێوەندی بە عەزیزی یۆسفییەوە هەبوو لە زیندانی «قزلقەلعە»دا. عەزیز ئەو کات ئێزنی ملاقاتی هەبوو. حەسەن زیرەک خەبەری گیرانی سمایلی قاسملوی بە حوسێنزادە دابوو. دوای ئازاد بوونم لە زیندانی سێ ساڵە، هەرکە هاشم باسی عەزیزی بۆ کردمو زانیم سمایل گیراوە نیگەرانی دوا ڕۆژ هەڵیگرتم. یەک لەو هۆیانەی کە هاشمو یۆسفی ڕیزوانیم بە ئەسعەدی خودایاریدا نارد بۆلای ئەحمەد تۆفیق، گیرانی سمایل بوو.

## گیرانو زیندانی بوونم

بەدوای گیرانی سمایلی قاسملودا، کاک «جەلیلی گادانی» لە ڕۆژی ۲۷ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۳۸هە لە ناوچەی بۆکانو کاک «هاشمی جەلالی» چەند ڕۆژی دوای ئەو لە ناوچەی «هەوشار» گیرانو لە زیندانی «قزلقەلعە»دا کەوتبوونە بەر فشارو لێپرسینەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا، ڕێکخراوی «فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجان» ئاشکرا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە کادیرو ئەندامانی لێهاتووی فیرقە گیران. ئەو کاتە من لای خۆم گوتم ئۆخەیش کە ئێمە لە ساڵی ۱۳۳٤- ۱۹۵۵ پێوەندیمان لەگەڵ حیزبی تودەو فیرقەی

دیموکراتی ئازەربایجانی سەربە حیزبی تودە پچڕاند، ئەگینا ئیستا ئیمەش دەگیراین، بەڵام رووداوەکانی دوای گیرانی رەحمانی قاسملو، عەزیزی یوسفی، سمایلی قاسملوو پاشانیش جەلیلی گادانیو هاشمی جەلالی بەتێکڕایی دەستیان دایە دەستی یەکو بوون بە هۆی ئاشکرابوونی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتو ساواک زەبری کاری خۆی لێداینو رێکخراوەکانی حیزبی هەڵوەشاند.

ماوەیەکی کورت دوای گیرانی کاک جەلیلی گادانیو هاشمی جەلالی، رەحمەتی شەریعەتیو دوکتور عەلی مەولەوی لە «تاران» گیراون. چونکە هەڤاڵانی گیراو لە تاران پێوەندی راستەخۆیان بە «یوسفی ریزوانی»و «هاشمی حوسێنزادە» لێپرسراوانی کۆمیتەی حیزبی لە مەهاباد هەبوو، لەگەڵ هاشمو یوسف بریارماندا ئەوان بچنە لای ئەحمەد توفیق لە باشووری کوردستان. ئێمە لامان وابوو ئەگەر ئەو دوو هەڤاڵانە بپارێزرێن لەوانەیە کۆمیتەکەمان لە مەهاباد لە داوی پۆلیس نەکەوێ.

هەروەکو پێشتر گوتم، ئەسعەدی خودایاری، «یوسفی ریزوانی»و «هاشمی حوسێنزادە»ی لەگەڵ خۆی بردە باشووری کوردستان، بەڵام بەچوونی ئەو دوو کەسە بۆ باشووری کوردستان، ساواک نیگەرانی راکردنی کەسانیتریش بوو، لەبەر ئەوە پیلانی گرتنی ئەندامانی حیزبی دارشتو لە رۆژێکی تایبەتدا بەشێوەیەکی سەرتاسەری لە هەموو ناوچەکاندا پەلاماریداینو سەدو بیست کادیرو ئەندامی حیزبی لێگرتین. بەر لەوەی ساواک پەلامارماندا، هەڤاڵان هەستیان دەکرد کە چەند رۆژێکە خراونەتە ژێر چاوەدێری مەئمورە نهێنییەکانی ساواک. زەنگی خەتەر لەبن گوێمان دەزرینگایەوەو هەر کەسە بەشێوەیەک دەفکری دەرباز کردنی خۆیدا بوو.

ئێوارەی رۆژی دەی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٨- ١٩٥٩ منو سلێمانی موعینی بریارماندا بەیەکەوە دەرباز بینو شار بەجێ هێڵین. من بە سلێمانم گوت جلو بەرگی کوردیو ئەسپی سواریم هەیە. ئەو چوو دەستێک لیباس لە هەڤاڵانی وەرگرێو بگەڕێتەوە، بەڵام زۆری پێچوو. نەگەڕانەوی بەکاتی سلێمان، منی نیگەران کرد. لەبەر ئەوە بریارمدا وەشوێنی کەوم. لە ماڵمان دەرکەوتم. هەرکە گەیشتمە «چوارچرا»، ئەو جێیەی کە ئێستا پاسازی لێدروست کراوە، چەند گروبانی روکنی٢ گرتیانمو بردیانم بۆ ساواک. لە دالانی ساواک تووشی سەرهەنگ «بابا ئەمجەدی» بووم. بابا ئەمجەدی سەرۆکی روکنی٤ی ساواکی ئێرانو مەئموری زەبر لێدان لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانو حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. ناوبراو، کە منی دیت دەگروبانەکان راخوڕیو گوتی:

- «ئەوە کێیە؟»

- غەنی بلوریان.

بابائەمجەدی بە بیستنی ناوی من بە تورەیی لێم هاتە پێش‌و تا هێزی هەبوو زللەیەکی لە بناگوێ دام‌و گوراندی‌و گوتی:

- «مردیکە، جاسوس لە ساواک دەخزێنی!»

ئەو گوتنەی «بابائەمجەدی» بۆی دەرخستم کە تێخزاندنی ئەسعەدیان بۆ نێو ساواک زانیوەو لە زیندان روون بۆوە کە سمایلی قاسملو ئەوی ئاشکرا کردبوو. ناوبراو گوتبووی ئەسعەد یەکێک لە ئەندامانی لێهاتووی کۆمیتەی «بلباس»ی حیزبی دیموکراتە. بابائەمجەدی کە تورکی ئازەربایجانی بوو، زللەیەکی‌ترشی لێدام‌و گوتی: «دەژورێی کەن.» ساواکی‌یەکان رژانە سەرم‌و رەکێشیان کردم بۆ ژێرخانە ناسراوەکەی ساواک کە دەیان کەسی تێدا شکەنجە کرابوو. خەریک بووم بەرەو دەرگای ژێرخانەکە دەچووم، کەچی بابائەمجەدی پێلاقەیەکی پێدادام‌و خستمی‌یە سەر پلەکانەکان‌و بەزۆر خۆم گرتەوە.

لە ژێرخانەکەدا، چاوم بە چەند هەڤاڵم کەوت کە بەر لەمن گیرابوون. یەک لەو هەڤالانە «سەدیقی خاتەمی» بوو. سەدیق بەدیتنی من گوتی:

- «ئۆخەیش، تۆشیان هێنا. بەراستی ئەگەر تۆیان بەر لەمن گرتبا، دەمگوت تۆ ناوت درکاندوم. ئێستاش هەرچەند نازانم لەسەر چی‌یان گرتووم، بەلام بۆم دەرکەوت کە دەربارەی تۆ چەوتم بیر کردۆتەوە.»

کاک سەدیق چەند ساڵێک بوو پێوەندی بە جەستەو بەدەنەی حیزبەوە نەمابوو. کاتێک من لە زیندانی سێ ساڵە ئازاد کرام، هاتە لام‌و گوتی:

- «ئەو چەند ساڵەی، کە لە دەربەدەری گەڕاومەتەوە، پێوەندیم بە حیزبەوە نەگرتوو، چونکە بە راستی بڕوام بە کەس نەبوو، کە رازی پێوەندییەکەم راگرێ‌و نەیدرکێنێ.»

کاک سەدیق راستی دەگوت، چونکە ئێمە هەموو لایەکمان خۆمان بۆ رژیم ئاشکرا کردو تەنانەت نەمانکرد کادیرەکانی سەروش بەنهێنی بهێڵینەوە. ئەگەر ئێمە کادیرەکانی رێبەرایەتی حیزب ئاشکرا نەباین، بێگومان نەدەگیران‌و لە کاتی خۆیدا دەمانتوانی حیزب ببوژێنینەوەو نەهێڵین هەرەس بەحیزب بێ. داخەکەم ئێمە لە چەم‌و چۆنی شێوازی کاری نهێنی حیزبایەتی نەگەیشتین. هەمیشە خەریکی خۆ زەق کردنەوەو خۆ نواندن بووین‌و ئەوەش هۆی گیرانی لێپرسراوانی حیزب زۆر ئاسان کردەوە.

ئێوارەی رۆژی دوایی، ساواکی‌یەکان قۆل بەستیان کردم‌و خستیانمە نێو ئوتومبیلێکی تایبەتی ساواک‌و بردیانمەوە بۆ ماڵەکەی خۆم‌و ئەوێیان پشکنی. یەکێک لە لێپرسراوانی ساواکی تاران بەناوی سەرگورد «لیقوانی» بەرپرسی پشکنینی ماڵی من بوو. لیقوانی، لە

«زولفەقاری»یەکانی دەوروبەری «زەنگان»و مرۆڤێکی هێمنو خاوەن حورمەت بوو. لە کاتێکا مەئموری ساواک بوو،و پڕ بەدڵ خزمەتی بە رژێم دەکرد، بەڵام ئینسانێکی هێدی بوو،و بەحورمەتەوە لەگەڵ خەڵک دەجوڵایەوە. سەرگورد «لیقوانی» بە دوای سەرکەوتنی شۆرشی خەڵکانی ئێران بەدەست کۆماری ئیسلامی ئیعدام کرا.

لیقوانیو سەرۆکی شارەوانی مەهابادو چەند ساواکیترماڵەکەمیان پشکنی، بەڵام چیان دەست نەکەوت. لە ئاخردا سندووقی ماڵمانیان هێنا گورێ، کە جلو بەرگی ژنانەی خێزانمی تێدا بوو. لیقوانی بە خێزانمی گوت:

- «ئیزن بدە چاوێکیش بەو سندووقەدا بخشێنین، ئیتر تەواو دەبێ.»

سندوق کرایەوە، خێزانم بووخچەی سەرەوەی کردەوەو دەسرۆکەیەکی حەریری زەردی هەڵگرتو خستییە بەر پشتێندیو سندوقەکەی بۆ لیقوانی بەجێ هێشت. سەرۆکی شارەوانی دە لیقوانی خوری کە ئەو خانمە بەستەیەکی خستە بەر پشتێندی، بەڵام ناوبراو گوێی نەدایە. دەسرۆکە زەردەکە کتێبێکی فەرهەنگی زمانی ئینگلیسیو چەند وێنەی منی تێدابوو، کە یەک لەوانم بە بەرگی خوێندکارانی زانکۆی سەربازی لە سۆڤیەت گرتبوو.

دوای تەوا بوونی پشکنین، ساواکییەکان خەریک بوون بەرەو ساواکم بەرنەوە. لەو کاتەدا، خێزانم کە سکی نزیک نۆ مانگە بوو، زۆر بە نارەحەتی هاتە لامو سەری نایە سەر شانم. من ئێستاش ئەو کاتەم لەبیر نەکردوەو ئەو بە تاڵترین ڕووداوی ژیانم دەزانم. لەو حاڵەتەدا مەرزە گوتی:

- «نیگەران مەبە، هەروەکوو دایکم گوتی (ژنی مەردان لەبن بەردان.) دڵنیا بە پشتت قایم بێو خۆت مەدۆڕێنەو خەمی من مەخۆ.»

ئەو ووشە دڵخۆشکەرەی «مەرزە» ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوەو ناهێڵێ تاڵی ئەو رۆژە لەبیر خۆم بەرمەوە. گوتنەکانی مەرزە کە لە کانگای دڵییەوە سەرچاوەیان دەگرت، منی هاندا لە رۆژانی تاڵدا خۆم ڕاگرمو مەرزە سەرشۆڕ نەکەم. کاتێک لە مەرزە جیا بوومەوەو بەرەو دەرگای ماڵمان رۆیشتم، دەستم لە گیرفانی باخەڵم خست، پێنج تمەنم پێبوو، زۆر بەشەرمەوە گەڕامەوەو ئەوم لە دەستی مەرزە نا. مەرزە دەستی درێژ کردو پێنج تمەنەکەی دامەوە. من نازانم بۆچی نەبووم بەئاو و نەتوامەمەوە.

«ڕەشیدی فەللاحی» (ڕەشەی قاجاخچی) شەریکم، کە پارەکانی منی لا بوو، خۆی دەرباز کردبوو،و دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ تەنیا دوو سەد سێ سەد تمەنی بۆ ناردبۆوەو تا ئەو رۆژەش کە لە زیندان بووم کەس سەری لە ماڵو منداڵم هەڵنەهێنایەوە. سەرئەنجام گەڕادیانمەوە بۆ زیندانو پەرۆشو خەمبار دەست بە ئەژنۆ دانیشتمو بە قسەی سەدیقی

خاتەمی کە گوتی: خەم مەخۆ، منیش بە دەردی تۆ چووم‌و مناڵەکانم بێکەس‌و دەزانم کەس سەریان لێنادات، هێندێک سێبووریم هاتێ. بیرم کردەوە زۆربەی هەڤاڵانی زیندانیم خاوەن ژن‌و منداڵن‌و بە دەردی من‌و سەدیق چوون.

ئێوارەی ١٤ی خەزەڵوەر، لە کاتێکا شەقامەکانی شاری مەهاباد پڕ بوون لە خەڵک‌و هەرکام لە فکری ژیانی خۆیاندا بوون، مەئمورەکانی ساواک من‌و هەڤاڵانی زیندانیان بە دەستی بەستراو یەکە یەکە خستە نێو جیپێکی سەربازی‌و دوو گروبانی چەکداریان لەکن دانایەن‌و بەرەو جادەی «تەورێز»یان بردین. لەبەر ماڵی «بابە خەلیفە» لە نزیکی پردی «یەرغو» لۆری «زیلی روسی» ڕێچکەیان بەستبوو. لەپێشدا چم لێ حاڵی نەبوو، بەڵام کاتێک ئێمەیان لە جیپەکان دابەزاندو سواری لۆری سەربازی‌یان کردین، تازە بۆم دەرکەوت چ قەوماره. ئەو لۆرییەی کە منیان تێخست پێنج زیندانی‌تری تێدابوو. لۆرییەکانی‌تریش وەک ئەوە بوون‌و پاشان دەرکەوت سەدوبیست کەسیان لێگرتووین.

ساواک هاوکات لە یەک ڕۆژدا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی لە سەرانسەری کوردستان پەلامار دابوو. بۆ هەرکام لە ئێمە دوو گروبانی ئەرتەشی‌و ژاندارمەیەکیان دیاریکردبوو. ناوی هەرکام لە ئێمەیان بە ئادریسی شارو گوند نووسیبوو،و دابوویان بەو سێ کەسەو ئەوانیان مەئمور کردبوو لە ڕۆژی دیاریکراودا ئێمە بگرن. ئەوانە بەپێ ئەو بەرنامە لەپێش دارشتراوەیەدا دیلی خۆیان گرتبوو،و تەسلیمی نزیکترین پێگەی حکومەتی‌یان کردبوون‌و پاشان ئەو بەشەی ناوچەی مەهاباد لەبەر دەرگای ماڵی «بابە خەلیفە» یەکیان گرتبۆوە.

لۆرییەکان بە فەرمانی فەرماندەی کاروان وەڕێ کەوتن. شەش زیندانی دەست بەستراو،و شەش گروبانی چەکداریان لە لۆرییەک کردبوو،و سەری لۆرییەکانیان بەستبوو. بێدەنگێکی بەسام نێو لۆرییەکەی ئێمەی داگرتبوو. هیچکام نەماندەزانی بەرەو کوێ‌مان دەبەن. لە تاریکی شەوانگادا، کە تەنیا دەنگی موتۆری لۆرییەکەم دەبیست، بەدەستی بەستراو دانیشتبووم و فکرم لە چارەنووسی دوا ڕۆژ دەکردە و ڕوح‌و گیانم باڵیان گرتبوو،و لەبان سەری ماڵەکەم دەخولانەوە. چاوی پڕ لەخەمی مەرزە، سکی پڕی نۆ مانگەی و بێ سەرپەرەست بوونی ئەو، و سێ خوشکی بێ بنەوانم بەراستی ئازاریان دەدام و لە لای خۆم دەمگوت: کێ قووت‌و بژیوی ڕۆژانەیان بۆ دابین داکا؟

لەسەر هۆش نەبووم‌و نەمدەزانی چەندە لە شەو تێپەڕیوەو فکری بنەماڵەکەم ساتێک لێم دوور نەدەکەوتەوە، کە لۆرییەکەی ئێمە ڕاوەستاو زارکی دەرگاکەی کرایەوەو کابرایەکی ساواکی ملهۆری دەنگ گڕ بەزمانی تورکی گوتی: «گیالن ئەشاخی!» واتە، دابەزن. ئێمە بەدەستی بەستراو خزاینە خواری، کەچی کابرای ملهۆری ساواکی منی وەبەر شەپ‌و

مستان‌داو گوتی: «کەپیک‌ئوغلی، ئیسترسەن، شاهمزە خیانەت ئیدرسەن؟» واتە، هەتیوە دەتەوێ خەیانەت بە شایەکەمان بکەی. من رووم لە کابرا کردو بە تورەیی لێی مۆڕ بوومەوە، بەلام کاک سەدیق گوتی:

- «لەسەری مەڕۆ باچی‌تر نەیخۆی».

وتەی کاک سەدیق هێندێکی ئەهوەن کردمەوە. ئێمەیان برد بۆ ساواکی تەورێزو لەوێ منیان لە هەڤالانم جیا کردەوەو بە تەنیا لە ژوورێکیان کردم، کە جیا لە گلۆپێک‌و زیلویەکی چڵکنی پڕ لە ئەسپێ چی‌تری تێدا نەبوو. ماوەیەک لەسەر زیلۆیەکە هەڵتوتەکام‌و بێزم نەدەهات ڕۆنیشم، بەلام هیچ چارەم نەبوو. ژوورەکەی من‌و سێ ژووری‌تر لە دالانێکی بچووکدا بوون. دالانەکە کێشکی نەبوو،و تەنیا کەسێک لەبەر دەرگای بەستراوی دالانەکە ڕاوەستا بوو. دالانەکە بێدەنگ‌و خوست بوو. هەستامە سەرپێ‌و چوومە بەر کونی دەرگای بەستراوی ژوورەکەم‌و هەستم ڕاگرت. وەرتەیەکی کزم بیست، بەلام دەنگەکە تێکەلاوی دەنگی پێی کێشکچیەکەی بەر دەرگای دالانەکە دەبوو،و لێی تێنەدەگەیشتم. ئەمجارە وەرتەکە هێندێک بەرز بۆوەو زانیم سێ ژوورەکەی‌تری ئەو دالانە خەڵکیان تێدایە. دەنگەکە هێندێک بەرز بۆوەو بیستم دەڵێ:

- «هۆی کاکی‌برا، تۆ کێی؟»

- تۆ بۆخۆت کێی؟

- «ناوم عەزیزی یۆسفی‌یە.»

- ئاخ کاک عەزیز تۆی؟ من غەنیم.

- «ئای غەنی گیان ئەوا تۆی؟ ماوەیەک بوو چاوەڕوانت بووم.»

- بەڵێ خۆمم.

- «چەند کەست لەگەڵ گیراوە؟»

- ١٢ کەسێک دەبین. ئەمجارە من پرسیارم لە کاک عەزیز کردو گوتم:

- ئێوە چەند کەسن لێرە؟

- «هۆدەی بنەبان، دوکتور مەولەوی‌و سمایلی قاسملوی تێدایە. جەلیلی گادانی‌و هاشمی جەلالی‌و ڕەحمەتی شەریعەتیش لەو هۆدەیەی‌تر دان‌و منیش لێرەش بە تەنیام.»

- باشە، کامەتان ناوی منتان درکاندوە لە پەروەندەکانتاندا؟

- «من گوتوومە تۆ کادیری حیزبی بووی‌و لە بەندیخانەی تەوریز زیندانی، بەلام نەمگوتووە چ بەرپرسایەتیکت لە حیزبدا هەبووە.»

- ئەوانی‌تر چی‌یان گوتوە؟

- «دەتوانی لە خۆیان بپرسی، ئەوانیش دەنگی تۆ دەبیسن.»

پێویست بوو بزانم کێ دەربارەی من دواوە. لەبەر ئەوە کەوتمە پرسیار کردنو ئینجا دەنگی رەحمەتی شەریعەتیم داو دوای ئەحواڵپرسین گوتم:

- تۆ لەمەڕ من چت گوتووە؟ کاک رەحمەت گوتی:

- «من گوتوومە، غەنی کادیری حیزب بووەو بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب پاڵێوراوە، بەلاّم نازانم جێی خۆی گرتووە یان ناو چیترم دەربارەی تۆ نەگوتووە.»

ئەوسا بانگی دوکتور مەولەویم کردو لێمپرسی. ئەو گوتی:

- «من گوتوومە ئەندامی بەڕێوەبەریو کادیری لەمێژینەی حیزبی.»

- کاتێک کاک عەزیزو کاک رەحمەت خۆیان بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناساندوەو تۆ بۆچی دەبێ باسی منت کردبێ؟ تۆ تازە هاتوویتە نێو حیزبو کاتێک بووی بە مشاویر من لە زیندانی تەورێزدا بوومو هێشتا ئازاد نەببوومو کارێکی باشت نەکردوە کە منت بە ساواک ناساندوە.

- «چۆن تۆ لە شەقامەکانی مەهاباددا پیاسە بکەیو من وەکوو «بنبەلا» بە فڕۆکە بێننە تەورێزو گیانم لە مەترسی بخەنو دەربارەی تۆ بێدەنگ بم؟»

- ئاخر پیاوی چاک من تازە لە زیندان رزگارم ببوو،و دەمتوانی لە نەبوونی کادیرەکاندا خزمەت بە بوژاندنەوەی حیزب بکەمو جێگەی ئێوە پڕ کەمەوە. بە رای من ئەوەی تۆ کردوتە دژایەتی لەگەڵ ئەو حیزبەیە کە تۆی لەسەر گیراوی. تۆ دەبوایە کادیرە نەناسراوەکان بپارێزی، نەک بۆ تۆڵە هەستاندنەوە لە داوی ساواکیان بخەی.

- «من چاوم بەرایی نەدەدا تۆ ئازاد بخولێیەوەو منیش لە زیندان کەومو چارەڕەش بم.»

هیچکام لەو هەڤاڵانەی پرسیارم لێکردن، شکەنجە نەکرابوونو کاتێک سمایلی قاسملو ئەوانی وەک کادیری حیزب ناساندبوو، ئیتر ئەوان هەرچی زانیبوویان بە ساواکیان گوتبوو. رازو نهێنی حیزب بۆ کەس نەمابوو، کە باسی لێ بکاتو هەموو شت گوترابوو. کەواتە بۆ ئێمە ۱۲. کەسی تازە گیرا زۆر دژوار بوو خۆ لە ئەندامەتی حیزب دەرباز بکەینو بڵێین ئێمە دەحیزبی دیموکراتدا نەبووین. ئێمە تەنیا دەرەتانی ئەوەمان هەبوو کە نەچینە ژێر بەرپرسایەتی خۆو خەڵکی زیادە پێوە نەکەین. بەم پێیە بەهۆی پێوەندی گرتنی نهێنی لەگەڵ یەکتر لە کاتی چوونە سەرئاودا رامانگەیاند، گوتنەکانمان تەنیا ئەو ۱۲. کەسەو ئەندامانی راکردوی حیزب بۆ باشووری کوردستان بگرێتەوەو کەسانی ئازادو نەگیراو بپارێزینو ئەوان بەگرتن نەدەین.

دوکتور مەولەوی کە گوتبووی ئەندامی لەمێژینەی حیزبم، گەلێک ئازارو دژواری بۆ پێکهێنام. ساواک گوشاری خستە سەرم کە بیوگرافی خۆمیان لە هەوەڵ رۆژی خەباتەوە بۆ بنووسم. ئەوە، زیانێکی زۆری بە حیزبی دێموکراتو خەڵکی‌تر دەگەیاندو هەر ئەوەش دەبوو بەهۆی ئەشکەنجەی سەختو دژوارم.

سمایلی قاسملو دەربارەی من گوتبووی: «نازانم بەرپرسایەتی ئەو چیە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ناوبراو هەڤاڵی بابم بووەو کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەیەکەوە چوونەتە یەکیەتی سۆڤیەتو لەوێ زانکۆی سەربازییان خوێندوە.» هەرچەند ماوەیەکی زۆر بەسەر چوونو گەڕانەوەم بۆ سۆفیەت تێپەڕ ببوو، بەڵام چونکە ئەو کاتەی کە ئێمە گیرابووین دەوڵەتەکانی ئێرانو رووس لە رادیۆو رۆژنامەکانیاندا بەتوندی دژی یەکتر پروپاگەندەیان بلاو دەکردەوە، لەو بارودۆخەدا گوتنی سمایلیش گەلێک دژواری بۆ رەخساندم. کێشە نێوان «نیکیتا خرۆشچۆف»و «محەمەد رەزا پەهلەوی» پەروەندەی ئێمەی قورس کردبوو. من کاتی کۆماری کوردستان چووبووم لە ئازەربایجان بخوێنم، بەڵام ساواک بە تۆبزی مۆری جاسووسی روسیەی لێدەدامو دەیەویست بە دەستی خۆم بۆیان بنووسم کە من جاسووسی رووسیەم. ساواک ئەوەندەی شکەنجە کردم، کە توانای رۆنیشتنو نووستنی لێبڕیم. بۆ ماوەی سێ مانگان لەژێر چاوەدێری دوکتوری زینداندا رایانگرتم، تا لەشم تیمار کرا. برینەکانم ئەوە قووڵ بوون کە ئێستاش بەدوای تێپەربوونی نزیک بە چل ساڵ، جێگەی زامی شکەنجە لەسەر لەشم بەرونی دەبیندرێ.

ئاماژە کردن بەو پرۆسەش کە باری مەڵبەند بەهۆی کودیتای «عەبدولکەریم قاسم» لە لایەکو گەڕانەوەی سەرۆک بارزانی لە لایەکی‌ترەوەو دەستێوەردانی ئەمریکایی‌یەکان لە کێشەی کورد بەمەبەستی بەرگری کردن لە بەرەو پێشچوونی سیاسەتی قاسم لەمەڕ راکێشانی سەرنجی کوردی پارچەکانی‌تری کوردستانو هەوڵی «محەمەد رەزای پەلەوی» بۆ کپ کردنی دەنگی کوردانو وەلا نانی « تەیمووری بەختیار» سەرۆکی ساواکی ئێران و کردنی بە سەفیر جێگەی باسن.

بەفەرمانی شای ئێران، سەرۆکی دادستانی ئەرتەش، ژێنراڵ «ئازمودە» ئەشکەنجەگەرەکانی ساواکی خستە ژێر دەستی سەرهەنگ «وەزیری». «ئازمودە» بەقازانجی سیاسەتی شاو بۆ زەق کردنەوەی ئەو چەمکە، کە کوردەکانی ئێران هیچ داخوازێکی نەتەوایەتی‌یان نیەو حیزبی دێموکرات بە سوڤیەت بەستراوەتەوەو دژی سیاسەتی ئەمریکایە، وەزیری هاندا بە زەبری لێدانو ئەشکەنجە ئەندامانی بەدیل‌گیراوی حیزبی دێموکرات ناچار بکات مل بۆ ئەو سێ خاڵانەی خوارەوە راکێشنو ئەوان لە پەروەندەکانیاندا بگونجێنن:

١- من کادیر یا خود لێپرسراوی حیزبی دیموکڕات کۆمونیستم.
٢- دژی کونسرسیونی نەوتی ئێرانم.
٣- بە سەرۆکایەتی بارزانی دەمەوی هەموو کوردستان رزگار بێ‌و دەوڵەتی خۆی هەبێ.
ساواکیەکان بەشکەنجە کردنی ئێمە، کە لەبەر چاوی هەموو بەندیکراوەکاندا ئەنجامی دەگرت، نووسینی ئەو خاڵانەیان بەسەر تاق تاقی ئێمە لێپرسراوانی حیزب داسەپاند.
بۆ ماوەی پازدە رۆژان بەتەنیا لە هۆدەیەکدا بووم. رۆژی شانزدە، دەرگای هۆدەکەم کرایەوەو کابرایەکی کوردی مەنگوڕیان خستە ژوورەکەی منو گوتیان ئەوە لای تۆ دەمێنیەتەوە. کابرای گۆڕین پیاوێکی پەنجا ساڵانەی ئەسمەری ئاڵ بوو. لێمپرسی:
- کاکە ناوت چیە؟
- «قوربان ناوم عەزیزی حەمەسووری»یە.
- خەڵکی کوێندەرێی؟
- «مەنگوڕایەتی، خەڵکی «کۆنە دێم.»
- بۆچی گیراوی؟
- «بەڕاستی نازانمو ئاگاداری هیچ نیمە.»
- ئاخر چۆن دەبێ؟ لە خۆوە نەیانگرتووی، ئەگەر بەدرۆش گیرابی ناوێکیان لەسەر داناوی!
- «پێمدەڵێن تۆش دیموکڕات بووی.»
- پێوەندیت بە کام هەڤاڵی ئێمە لە حیزبی دیموکڕاتدا هەبووە؟
- «لەگەڵ کەس. من دژی ئەو فڕو فێڵانە بوومو قەت کارم بۆ حیزب نەکردوە.»
- هەڤاڵانی ئێمە هاتووچووی «کۆنەدێ»یان دەکرد؟
- «بەڵێ، کابرایەکیان لەو مەڵبەندەدا هەڵدەسوڕا، کە ناوی جەلیل بوو. رەنگە ئەو ناوی منی بە دەهۆ گوتبێ.»
مام عەزیز دوو ژنو چەند منداڵی هەبوو. ناوبراو شەوانە تا بەیانی خەوی بەچاواندا نەهاتو پەیتا پەیتا دوعای دەکردو بۆ ماڵو منداڵەکانی دەیناڵاند. منیش هەرچەندە مەرزەو بنەماڵەکەم جێهێشتبوو، بەلام زۆر بۆ مام عەزیز بەپەرۆش بووم.
رۆژێک لاوێکی مەهابادی‌یان بە ناوی «کەریم» خستە هۆدی «عەزیزی یوسفی». کاک عەزیز قاوی کردمو گوتی:
- «غەنی ئەستێرەی بەختت گەشە.»
- چۆن؟

- «ئەو برادەرەی کە تازە گیراوە، دەڵێ: خێزانت دوو کچی وێکڕا بووە. دوانەکانت پیرۆزە.»

من کە گیرام خێزانم لەسەر زان بوو. پێمگوت ئەگەر کچت بوو ناوی بنێ: «هێرۆ» یان «نەشمیل» و ئەگەر کوڕیشت بوو ناوی «دارا»ی لەسەر دانێ، کە مانای ناوی خۆم دەدات. دوو گیژۆلەکان کە بە دنیا دێن خێزانم هەر دوو ناوی «هێرۆو نەشمیل»یان لەسەر دادەنێ. من لە لایەک بەبوونی ئەوان خۆشحاڵ بوومو لە لایەکی‌تریشەوە بۆ «مەرزە» بە پەرۆش بوومو دەمگوت بەو دۆخە نالەبارەی ژیانی ئابووری، مەرزە بەدەست ئەو دوو منداڵانەوە تووشی ئازار دەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی کە دڵی خۆم ئارام کردبێ دەمگوت چ نیەو مەرزە بەو منداڵانە سیبوری دێتیو کاتی تەنیایی خۆی بەوانەوە پڕ دەکاتەوە.

ئەو خەیاڵانە هەڵیانگرتبووم، کە دەرگای هۆدەکەم کرایەوەو «ئەبروکەمان»و ساواکێکی‌تر هاتنە ژوورو بە جنێودان پڕیان پێداگرتمو گوتیان هەستە سەپێ: «نیکیتا» من لە حاڵێکدا لەو ووشەیە نەگەیشتم، هەستامە سەرپێو ڕەگەڵیان کەوتم. ماوەیەک تێپەڕی کە زانیم مەبەستی «ئەبروکەمان» لە «نیکیتا خروشجۆف»» سەرکۆماری وڵاتی سۆڤیەتی بووە.

هەر وەکوو گوتم ئەو کاتەی کە ئێمە هەڤاڵانی حیزبی دێموکڕات گیراین لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی ئێرانو سۆڤیەتدا شەڕە جنێوێکی توند هەڵگیرسابوو. ئێمە کەوتبووینە نێو ئەو دۆخە نالەبارەو ئەندامانی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجانیش لەو هەلومەرجەدا گیرابوونو ئەو ڕەوتە سیاسی‌یە قورسایەکی فرەی خستبۆە سەر پەروەندەکانی ئێمە. بەتایبەتی پەروەندەی من کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ خوێندن ڕەوانەی سۆڤیەت کرابووم. شکەنجەگەرەکانی ساواک بەتوێزی دەیانەویست مۆری «جاسووسی»م لێدەنو بە جاسووس پێشاندانی من بە ئەمریکا بسەلمێنن کە دروشمی کوردایەتی‌و کوردخوازی حیزبی دێموکڕات پەردەیەکە بەسەر ڕێکخراوی جاسوسی سۆڤیەتدا کێشراوە ئەو حیزبە کوردخواز نیە. ڕژێمی ئێران لەوە دەترسا کە نەکات دەستێوەردانی ئەمریکا لە کێشەی کوردان بەقازانجی ئەو نەتەوەیە تەواو بێ.

دوو ساواکی بردیانمە نێو هۆدەیەکی هێندێک مەزن، کە هۆدەی شکەنجە بوو. مێزی نووسینی سەرهەنگ «وەزیری» ئەشکەنجەگەرو سەردەستەی ساواکی‌یەکانو مەئموری دادستانی ئەرتەش لە لای پەنجەرەی هۆدەکە چێنی گرتبوون. وەزیزی ئەشکەنجەگەری «ڕێکخراوی نهێنی سەربازی» حیزبی تودە بوو،و «خوسرەوی ڕوزبە»، «سیامەک»، «موبەشیری»و ئەفسەرەکانی‌تری ڕێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودەی شکەنجە کردبوو ،و بە جەللادی ساواک ناوبانگی دەرکردبوو.

له نێوەڕاستی هۆدەکەدا مێزێکی پایە کورتی درێژ داندرابوو. مێزەکە دوو قامچی (خەرەزەن) لەکن بوو کە ساواکی‌یەکان پێ‌یان‌دەگوت (کابل). بە تەختەکەوە خوێنی وشک بووی لەشی شکەنجەکراوەکان دەبیندرا. بەر لە گیرانی ئێمە، ئەندامانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان لەو شوێنە شکەنجە کردبوو. کاتێک ئێمەیان هێنا بۆ ساواکی تەورێز ئێستا شکەنجەی ئەوان کۆتایی نەهاتبوو. کاتێک ئەوانیان شکەنجە دەکرد، ئێمە لە ژوورەکانماندا قیژەو هاواری ئەوانمان دەبیستو ترسو خۆفی شکەنجە هەلێگرتبووین.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتیان لە سێ لایەکەی‌تری هۆدەکە ریز کردبوو. بەستەیەک کاغەزو قەڵەمێکیان دابوونێ کە رابردوی خۆیانو شێوەی چوونیان بۆ نێو حیزبی دێموکراتو بەرپرسایەتی خۆیانو هەڤاڵانیان بنووسێن. هەڤاڵانی بەندیکراویش بۆ ئەوەی شکەنجە نەکرێن خەریکی نووسێن بوون.

وەزیری لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو،و ساواکی‌یەکان منیان برد لە رووبە رووی ئەویان راگرتم. ماوەیەکی خایاند تا وەزیری سەری بەرز کردەوە، ئینجا نزیکەی دەقیقەیەک چاوی دە چاوم بڕی‌و بیچمی تەماشا کردمو پاشان پرسی:

- «ناوت چییە؟»
- غەنی.
- «شورەتت؟»
- بلوریان.
- «شوغلت؟»
- کاسب.
- «نا بێژە جاسووس، خاین بە شاو نیشتمان.»

ئەو گوتنەی وەزیری هەڵویستی روونی رژێمو ساواک بوو لە بەرامبەر مندا. گوتنەکانی وەزیری دەریاندەخست کە ساواک بەرلە گیرانم پەروەندەی بۆ ساز کردومو ئێستاش وەزیری دەیەویست تاوانە سازکراوەکەیان بە تۆبزی بەسەرمدا بسەپێنێ. وەزیری کوتە کاغەزێکی دامێو گوتی:

- «ئیمزای کە!»

منیش بۆ ئەوەی بزانم چی تێدا نووسراوە، دەستم کرد بەخوێندنەوەی، کە چی وەزیری هەتا هێزی لە باسکانی‌دا هەبوو، زللەیەکی لێدامو دوای چەند جنێوی سووک، گوتی:

- «پێویست بەخوێندنەوە ناکات، ئیمزای بکە!» گوتم :
- مافی خۆمە بزانم چ ئیمزا دەکەم.

وەزیری بە بیستنی ئەو گوتنەم دە «ئەبروکەمان»ی ئەشکەنجەگەر خوڕی‌و گوتی:
- «رایکێشن!»

ساواکی‌یە مل‌ئەستورەکان پڕیان پێداگرتم‌و لەسەر میزی ئەشکەنجەیان راکێشام‌و بە قامچان وەرمگەڕانێ. هەڤالانی حیزبی، کە لە سێ لای هۆدەکە دانیشتبوون، بەژێر چاوەکانیاندا تەماشایان دەکردم. لەشم رووت بوو. خوێنی لەشم بەمیزەکەدا دەتکایەوە. هەرکە وەزیری دیتی خوێنم لەبەر دەڕوا گوتی:

- «جارێ بەسیەتی. ئەوە وریا کردنەوەیەک بوو، کە بزانێ هەرچی لێرە گوتیان دەبێ ئەنجامی بدات.»

دوای ئەوەی لیباسەکانم کردەوە بەرم، سەرلەنوێ بردیانمەوە پێش میزەکەی وەزیری. ناوبراو رووی تێکردم‌و گوتی:

- «ئەمجارە بووی بە ئینسان.»

نامەکەی خستەوە بەردەستم کە ئیمزای بکەم‌و منیش بەبێ چاولێکردن ئیمزام کرد. نامەکە بریاری زیندانی کردنی منی تێدا نووسراو بوو. مەبەست لەو بریارە راگرتن‌و زیندانی کردنی بەندییە کە تاوانی گیران‌و زیندانی کردنەکەی تێدا دەنووسرێ‌و دەبێ کەسی بەندیکراو ئیمزای بکات، بەلام خۆ لە رژێمی دیکتاتۆردا قانوون‌و داب‌و نەریت لەبەر چاو ناگیرێ، ئەگینا بەپێی قانوون کەسی بەندیکراو دەتوانێ لە ژێر ئیمزاکەی خۆیدا بنووسێ بێ‌تاوانەو بوختانی پێکراوە. دوای ئیمزای کوتە کاغەزەکە، وەزیری بەستەیەک کاغەزو پێنووسێکی وێدام‌و گوتی:

- «وا بزانە کە من «مستەفا بارزانیم»و تۆش غەنی بلوریانی. راپۆرتی تەواوی ئەو سالانەی تێکۆشانی سیاسیتم بۆ بنووسە، تاکو خەلاتت بکەم.»

مرۆڤ بە نووسینی بیوگرافی ئیتر ناتوانێ هیچ سالێکی خەباتی بپەڕێنێ‌و دەبێ بە نووسینی رۆژو مانگ‌و سالْ کردەوەکانی سیاسی خۆی بنووسێ، کە ئەوە بۆ من زۆر جێگەی مەترسی بوو. چونکە ئەگەر ناوی تەواوی ئەو کەسانەم نووسیبا کە کاری سیاسیم لەگەلْ کردبوون‌و بەرپرسایەتی ئەوانم درکاندبا، بەراستی گیروگرفتێکی دژوارم دەخولْقاند. ئەوەشم بە ناپیاوەتی دەزانی کە خەلْک لە داوی ئەو رژێمە خوێنمژە دیکتاتۆرە بخەم. بەم روانینە کاغەزو پێنووسەکەم وەرگرت‌و لە شوێنێکی هۆدەکەدا کە بۆم دیاریکرابوو رۆنیشتم‌و دەستم کرد بەنووسین. هەوەلْ ناوو نیشانی خۆم نووسی. دەبێ ئەوە بلْێم، کاتێک منیان خستە ژووری تاقەکەسی، شانسم هێنا کە هەڤالانی رێبەرایەتی زانیارییەکانی خۆیان پێدام‌و ئێستا دەمزانی ساواک تا چ رادەیەک ئاگاداری رابردوی سیاسی منە. منیش بۆ ئەوەی لە کاتی

ئەشکەنجەدا خۆم نەدۆڕێنم، لە مێشکمدا پەروەندەیەکم دروست کردبوو،و دەمەویست بۆ ڕزگارکردنی خۆم لە شکەنجە بەرە بەرە ئەوان بدرکێنم. بەم پێیە، دوای نووسینی ناوو نیشانی خۆم، دەستم لە نووسین هەڵگرتو لە دیواری هۆدەکە رامام. وەزیری هەمیشە گۆشەی چاوی لەمن بوو. کە دیتی من نانووسم، لێم هاتە پێشو گوتی:

- «بۆچی نانووسی؟»

- هەرچی هەوڵدەدەم نازانم چ بنووسم، چونکە رادەی خوێندەوارێکی ئەوتۆم نیە، کە لە خۆمەوە شت بنووسم. داوادەکەم پرسیارم لێبکەن تا وڵامتان بدەمەوە.

- «لە دەزگاکانی جاسووخانەی سۆڤیەت فێر بووی، کە خۆت لە نووسینی بیوگرافی ڕزگار بکەی؟ ئەرواحی نەنەت، دەتەوێ من پرسیارت لێبکەمو تۆش درۆو دەلەسەم تەحویل بدەی. رایکێشن!»

دیسان ڕایانکێشامەوەو تا شلوکوت بوون بەقامچان کوتایانمو پاشان ڕاستیان کردمەوە. لەشم زۆر کوڵەوار بوو. چونکە قامچەکانیان لە «سمت»ەکانم دابوو، نەمدەتوانی ڕۆنیشم. وەزیری گوتی:

- «دەسبەندی قەپانی بکەن.»

باسکێکیان بەسەر شانمدا بردە سەر پشتمو دەستەکەیتریان بادامو بە ژێر شانمدا چەپاو چەپ لەوتریان قفل کرد. هێندی نەمابوو شانو پیلم لەبەر یەک بچێو گەلێکم ئازار دیت، بەڵام خۆم ڕاگرتو بێدەنگ مامەوە. ئەمجارە وەزیری بۆخۆی قامچێکی هەڵگرتو دوو لۆی کردو تا ماندوو بوو لە سەرو پشتی ڕوتی دام. کە ماندوو بوو ڕاوەستاو گوتی:

- «ئەو جارە بوویە ئینسان. برۆ بیوگرافیەکەت بنووسە.»

تەسلیمی نووسینی بیوگرافی جگە لە ئابروچوون هیچی بۆ من تێدا نەبوو. لەبەر ئەوە چارم نەبوو ئەگەر سەد جاریتریشیان شکەنجە کرابایەم، دەبوایە خۆراگرمو نەچمە ژێرباری نووسینی «بیوگرافی». ئەوە بوو هەرچەندە زامی لەشم زۆریان ئازار دەدام، بەزەحمەت لەجێی خۆم دانیشتمو دەستم بۆ قەڵەم نەبرد. وەزیری هاتە لامو گوتی:

- «هێشتا لێدانت دەوێ؟» من متەقم نەکرد. گوتی:

- «گەرەکتە ببی بە قارەمانی حیزبی دیموکرات؟ نەخێر، پەندێکی وات بەسەر دێنم کە وەک پەڕۆ کۆن بتخەنە نێو زبڵدانو ڕێگەت نادەمو دەبێ بیوگرافی خۆت بنووسی».

من دیسان بێدەنگ مامەوە، بەڵام ئەو دەستی لێهەنەدەگرتم. تا سەرئەنجام لێی وەدەنگ هاتمو بەسەریدا گوڕاندو گوتم:

- چ بنووسم «مەرد» ناتوانم ڕۆنیشم، لەشم ئازارم دەدات. گوتنی مەرد بە مانای پیاو

بە زمانی فارسی، لەمجۆرە کاتانەدا مانای باش نادات.

- «لەسەر ئەو خشتانە راکشێ‌و بنووسە.»

گوێم نەدایەو خۆم تورەو گرژ نیشاندا. وەزیری باش دەیزانی بەدوای ئەو هەمووە لێدان‌و شکەنجەیەدا ناتوانم بنووسم‌و تابوشتم براوە، بەڵام بۆ ئەوەی پترم ئازار بدات، گوتنەکەی دووپات دەکردەوەو دەیگوت:

- «بیوگرافی خۆت بنووسە. نازانم بۆچی پەشۆکاوی‌و خۆت دۆڕاندوە قارەمان».

وەزیری گاڵتەی پێدەکردم‌و نەیدەزانی ئاکارو کردەوەکانی پتر هانم دەدەن خۆراگرم‌و سەری بۆ شۆڕ نەکەمەوە. بەمجۆرە سەرم بەرز کردەوەو بەتەواوی قینەوە تەماشای نێو چاوەکانیم کرد. نەمزانی چ بوو کە «ئەبروکەمان»ی بانگ کردو گوتی:

- «ئەوە بەرنەوە ژوورەکەی خۆی.»

قۆڵەکانیان گرتم‌و لە حاڵێکدا لاقەکانم بۆ کۆ نەدەکرانەوەو لە زەوی دەخشان، ڕەکێشیان کردم‌و بردیانمەوە هۆدەکەم‌و چەند جنێوی سووکیان پێدام‌و دەرگاکەیان گاڵەداو ڕۆیشتن.

لە هۆدەکەمدا بەرەوڕو کەوتم. هێزنم نەبوو خۆم بەرز بکەمەوەو ئەژنۆکانم دەلەرزین. مام «عەزیزی حەمە سووری» لێم نزیک بۆوەو بە گریان‌و ڕۆ ڕۆ دڵخۆشی دەدامەوە. گوتم

- خاڵە گیان مەگری ئەو دەم‌و ڕۆژگارەش بەسەر دەچێ. مام عەزیز گوتی:

- «ئەرێ کاکە غەنی تۆ بڵێی ئەو بەڵایەش وەسەر من بێنن؟»

- نا گیانە، تۆ نەخوێندەواری‌و کاریان بەتۆ نیەو ئەو بەڵایە هەر بۆ مرۆڤی خوێندەوارە.

مام عەزیز ئەمجارە بەحاڵەتێکی نیوە گریان‌و پێکەنینەوە گوتی:

- «جا سەد رەحمەت لە باوکم کە نەهێشت بخوێنم‌و دەیگوت، بەر گوێلکان باشترت دەتکاتە پیاو لە خوێندن. دیارە بابم بیری لەو ڕۆژە کردبۆوە. سەد ڕەحمەتی لێبێ».

- باوکت باشی بۆچووە، هەدادە من تاقەتی گاڵتە کردنم نیە.

لەو قسانەدا بووین کە لە ناکاو دەرگای هۆدەی زیندان کرایەوەو «ئەبروکەمان» وەژوور کەوت. من بە دیتنی ئەو ڕاچلەکیم‌و خورپەم لە دڵی هات‌و وامزانی دەمباتەوە بۆ شکەنجە، بەڵام ناوبراو دوکتوری بۆ هێنابووە‌و خۆی ڕۆیشت. لام وابوو کابرا پزیشکیاری ئەرتەش‌و مەئموری ساواک بوو،و لەبەر دەستی وەزیری‌دا کاری دەکردو شکەنجەکراوەکانی دەرمان دەکرد. دوکتور دەرمانی کردم‌و شریقەیەکی لە باسکم‌داو گوتی:

- «ئەوە دەردو ئازاری لەشت هێدی دەکاو دەتنوێنێ».

ناوبراو، هەروەها لە ئیستکانێکدا هێندێک دەرمان‌و کەمێکی لۆکەدا دەست مام عەزیزو گوتی:

- «بە لۆکە، زامەکانی دەرمان بکە».

دوکتور رۆیشتو مام عەزیز بەگریان لەشی دەرمان کردم. ئەو دەمێک بۆ من دەگریاو دەمێکیش بۆ چارەنووسی خۆیو لای وابوو ئەویش بەمجۆرە ئازار دەدەن. لەو کاتەدا «عەزیزی یوسفی» بە کونی دەرگای هۆدەکەیدا قاوی کردم. مام عەزیز چووە بەر کونی دەرگای هۆدەکەمانو گوتی:

- «کاکە غەنی زۆر شپرزەیەو ناتوانێ لەسەر پێ راوەستێ». عەزیز گوتی:

- چییان لێدەوێ؟

بە مام عەزیزم گوت، بڵێ بیوگرافییان لێی دەوێ، بەڵام هەرچی کردم ئەو نەیتوانی ووشەکە بڵێو گوتم بڵێ ژیاننامەیان دەوێ، کە مام عەزیز گوتی. ئەمجارە عەزیزی یوسفی گوتی:

- «لە گشت ئێمە لێپرسراوانی حیزبیان ویستووەو تۆش دەبێ بۆیان بنووسی. خۆت لەخۆوە بە لێدان مەدە».

من نەمتوانی هەستم وەڵامی عەزیز بدەمەوە. ئەو شەوە تا بەیانی ناڵاندم. دەرزیو دەرمان کاری لێنەکردمو ئێشو ئازار تاقەتی لێبریم. لەو هەلومەرجەدا، ئێمەی بەندیکراو شەوانە دەحەساینەوەو بە ئاوات بووین قەت رۆژ نەبێتەوە. هەرچەندە زیندانی ساواکی «تەوریز» پترلە ۱۲۰ کوردو ژمارەیەکیشی ئازەربایجانی تێدا بوو، بەڵام تا بڵێی بێدەنگ بوو،و جگە لە خرمەی پۆتینی کێشکچییەکان، کەس دەنگی لێنەدەهات. ولآت بێهەست بوو، ترسو خۆف دارو دیواری زیندانی داگرتبوو. روناکی رۆژ، بەمانای ئازارو تاریکی شەو کاتی حەسانەوە بوو. لەبەر ئەوە، شەوەکان خۆشەویست بوونو رۆژەکانیش ناحەزو بەدفەر!!

سەرلە بەیانی زوو سەربازی کێشکچی هاتو گوتی: زووکەن نۆرە سەرئاوی ئێوەیە. منو مام عەزیز لەژێر چاوەدێری کێشکچییەکی بێبزەی تورکدا چووینە سەرئاو، کە چی بەرلە تەوا بوونمان لەگەڵ سەربازێکیتر بە قونداخە تفەنگیان کەوتنە گیانمانو نەیانهێشت کارەکەمان تەواو بکەینو گەڕاندیانینەوە بۆ هۆدەکەمان. مەبەست لەو کارە ئەوە بوو، نێو سکمان بەتاڵ نەبێو کاتی شکەنجە نەتوانین خۆراگرینو لەسەر مێزی ئەشکەنجە خۆ پیس کەین. هەر وەکوو پێشتر گوتم، لە کاتی ئەشکەنجە کردندا گشت هەڤاڵانی ئێمەیان لەبن دیواری هۆدەی ئەشکەنجەخانەکەدا ریز دەکردو وەزیری دەیەویست ئەوانەی شکەنجەیان دەکات لەبەر چاوی هەڤاڵانیان خۆ پیس بکەنو بەمجۆرە بەناچار خۆ تەسلیم بکەن.

دوای گەڕانەوەمان لەسەر ئاو، هێندێک نانی سەربازیو کەمێک پەنیرو دوو ئیستکان

چای بێ تامیان بۆ هێنایین‌و پاشان «ئەبروکەمان» گەیشتە سەرم‌و دەگەڵ دوو ساواکی‌تر بردمیێ هۆدەی ئەشکەنجە. هۆدەکە وەک هەمیشە پڕ بوو لە هەڤالأنی زیندانی. کاک «محەمەدی مەولایی» کادیری حیزب لە مەڵبەندی «هەوشار»یان لەسەر میزی ئەشکەنجە ڕاکێشابوو،و دوو ساواکی لە دوو لای بە قامچان کەوتبوونە گیانی‌و بە تەواوی بێ‌لەزەتیان کردبوو. خوێن بە دەم‌و لوت‌و سمتەکانیدا ڕێچکەی بەستبوو. ئەویش وەک من جگە لە هاوارو ناڵە کردن چی لەدەست نەدەهات. پاش لێدان‌و کوتانێکی زۆر بەرزیان کردەوەو دەسبەندی قەپانی‌یان لێدا. ناوبراو بەزۆر خۆی بەسەر پێوە ڕاگرتبوو. دیار بوو پێشتریش شکەنجە کرا بوو،و خوێنی وشک بووی برینی کۆن لەسەر لەشی دەبیندرا. زام لەسەر زام قامچی‌یان لێدابوو. وەزیری سێ جاری شکەنجە کردبوو، بەلأم ئەو نەچووبۆوە ژێر باری ویستەکانی‌و تەسلیمی نەببوو. وەزیری جەلاد زۆری لێ تووڕە بوو،و بۆ ئەوەی شکەنجەی بکات، بەهەموو شێوەیەک بیانووی پێدەگرت. مەولایی‌یان بەدوای شکەنجەیەکی زۆر گەڕاندەوە بۆ هۆدەکەی، بەلأم من نەمزانی هۆدەکەی لە کام شوێنە.

سێیەمین ڕۆژی شکەنجەی مەولایی بەسەرچوو،و دووهەمین ڕۆژی من هات. وەزیری پەنجەی بۆ ڕاکێشام‌و گوتی وەرە. کە چوومە لای، گوتی:

- «مادەر بەختا، ئەگەر ئەمڕۆ بیوگرافی‌یەکەت تەواو نەکەی ڕەوانەی گۆرستانت دەکەم، سەگە بەڕەڵلا! بڕۆ دانیشەو بنووسە.»

- ئەگەر لەت لەتم بکەی‌و بمکوژی ناتوانم بیوگرافی بنووسم، چونکە نووسەر نیم‌و توانای نووسینم نیە، خۆ بەزۆر کتێبم پێ نانووسی.

وەزیری بەو گوتنەی من شێت‌و سوور هەڵگەڕا. چاوەکانی زەق کردەوەو بە توڕەیی گوتی:

- «ئەبروو کەمان، ئادەم نەشدە.»

واتە، ئێستا نەبۆتە ئینسان، یانی تەسلیم نەبووە. ئەبروو کەمان بەفیتی وەزیری دەزانی‌و بە بیستنی ئەو گوتنە لەگەڵ ساواکی‌یەکانی‌تر پڕیان پێداگرتم‌و ئەمجارە بەتەواوی ڕووتیان کردمەوەو لەسەر میزی ئەشکەنجەیان دانام‌و بە قامچان وەگیانم کەوتن. برینەکانم کولانەوەو برینی تازەشم لێ پەیدا بوو. ساواکی‌یەکان لەشیان شەلاڵەی خوێن کردم‌و بە ڕووتی لەسەر پێ‌یان ڕاگرتم‌و دەسبەندی قەپانی‌یان لە دەستەکانم کردو وەزیری بۆخۆی بەقامچان کەوتە گیانم‌و سەروپۆی داگرتم. ئەو جەلادە خوێنمژە تۆسقاڵێک بزەیی لە گیاندا نەبوو، تەنانەت دەستی لەسەرو چاویشم نەدەپاراست. وەهانکە هانک کەوتبوو، کە لیقوانی بە هانامەوە هات‌و گوتی:

- «جەنابی سەرهەنگ، بۆ ئەمجارە بەسێتی. تۆ لەبان کاغەزێکی جیاوازدا پرسیارەکانت بنووسە با ئەو لەبان پەروەندەکەیدا وڵامی پرسیارەکان بنووسێ». وەزیری لە وڵامی لیقوانیدا گوتی:

- ئەو ...... هەر مەبەستی ئەوەیە کە خۆ لەنووسینی بیوگرافی رزگار بکات. ئەو دەزانێ بنووسێ، بەڵام خۆی لێ دەپارێزێ.

بەمجۆرە وەزیری تەسلیمی ویستی لیقوانی بوو. ناوبراو لەسەر پەرە کاغەزێک چەند خاڵی ریز کردو لەودا قورسترین‌و خراپترین تاوانی لێدام. کاغەزەکەی دایە دەستم‌و روی دە لیقوانی کردو گوتی:

- «بەقسەی تۆم کرد، بەڵام ئەوە ناچێتە ژێر ویست‌و داخوازەکانی من.» پرسیاەکانی وەزیری بەمجۆرە بوون:

١- چ لێپرسراوێکت هەبووە لە حیزبی دیموکراتدا؟

٢- لە زانکۆی ئەفسەری یەکیەتی سۆڤیەت دەرسی کام چەکت خوێندوە؟

٣- ناوی مامۆستاکانی زانکۆی ئەفسەری‌و ناوی ئەو ئەفسەرەی کە دەرسی سیاسی فێر دەکردن بنووسە.

٤- دەرسی جاسوسیت لەو زانکۆیە خوێند یان شوێنی تایبەتی‌یان هەبوو بۆ بارهێنانی جاسووس؟

٥- کاتی سەربازیت لە ئەرتەشی ئێراندا لەگەڵ کام ئەفسەرو دەرەجەدار دۆستایەتیت هەبوو،و ئەوان چ چەشنە یارمەتیکیان پێکردوی؟

٦- راپۆرتی کارەکانت بە چ رێگایەکدا دەگەیاندە سۆڤیەت؟

ناوبراو زۆر شتی‌تری لەم بابەتەی وەک سەفەر بۆ عێراق، پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان، پێوەندی لەگەڵ گەورە پیاوان، بەرپرسایەتیم لەمەڕ کاروباری کۆمەڵایەتی‌و دایرەکانی حکومەتی‌و...هتد لێپرسیم.

ئەو پرسیارانە تەنیا بیانوویەک بوون، کە وەزیری بۆ شکەنجە کردنی من هەڵبژاردبوون‌و ئەگەر چووبامە ژێریشیان ئەوە پێویستییان پێ‌یان هەبوو. بە تایبەتی لەگۆڕ جاسووسی کە دەیانەویست من بکەن بە جاسووس‌و حیزبی دیموکراتی پێ‌بکەن بە رێکخراوێکی نهێنی جاسووسی سۆڤیەت‌و مایەو بنەمای کوردایەتی لەسەر هەڵگرن‌و وەک شەبەکەیەکی جاسووسی بە ئەمریکای بناسێنن‌و چاوبزی سۆڤیەتیشی پێبدەن، کە ئێستا ئاژاوەیان کەوتبووە نێوو لە رادیۆو رۆژنامەکانیاندا قسەی سووکیان بەیەکتر دەگوت.

من دەبوایە لە بەرامبەر ئەو تاوانە دەستکردانەدا چ بکەم؟ ئەگەر چووبامە ژێریان، لە

لایەک پەروەندەکەی خۆم قورس دەکردو لە لایەکی‌ترەوە ئابروی حیزبی دێموکراتم دەبرد. بەم روانینەوە، ولامی من لە بەرامبەر پرسیارەکاندا روون بوو،و دەبوایە لەبەرامبەر ئەشکەنجەدا خۆم راگرم‌و بە ولامی «نەخێر» پیلانی وەزیری‌و دەزگای جاسووسی رژیمی شا بتاسێنم. لەمەڕ ولامی پرسیارەکاندا نووسیم: **«من سەرداری حیزب نیم‌و هیچ پێوەندییەکەم بە بارزانی‌یەوە نەبووەو ئەو پرسیارانەش، ولامیان نیە، چونکە بەمنەوە ناچەسپێن.»**

وەزیری کە دیتی لە نووسین بوومەتەوە، هاتە لام تا بزانێ چم نووسیوە. لەپشت سەرم راوەستاو تەماشای نووسراوەکەمی کرد. کە دیتی تەنیا ئەو دێرەی سەرەوەم نووسیوە، پڕی بە کاغەزەکەدا گرت‌و گوتی:

- «(چەرت‌و پەرت) دەنووسی (پدەر سوختە)، جاسووسێکت لێ ساز بکەم کە خۆت کەیفی پێوە بکەی. تۆ رێبەری ئەو رێکخراوە جاسووسی‌یەی کە حیزبی دێموکراتی ناوە، بۆچی ولامی پرسیارەکان نادەیەوە».

بە دەستوری وەزیری بردیانمەوە سەر مێزی شکەنجەو تا توانیان لێیانداموپەندێکیان بەسەر هێنام کە ئیتر توانام نەبوو لەسەر پێ راوەستم. پاشان رەکێشیان کردم بۆ دالانی بناکەو دەمەو روو کەوتم. دوو سەرباز چوونە بن پیلم‌و وەسەر پلیکانی بناکەیان خستم‌و بردیانمە لای سەرهەنگ «بابائەمجەدی» بەرپرسی گرتنی ئێمەو ئازەربایجانییەکان لە قاتی دووهەمی بناکەدا. ناوبراوی بەگرتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات رایگەیاندبوو مەترسێکی مەزنی لەسەر خاکی ئێران‌و رژیمی شای هەلگرتووەو بەم‌بۆنەوە لە تەوریز جێژنی گرتبوو،و ژمارەیەکی زۆری بانگهێشتن کردبوو. ئەو کاتەی ئێمە گیراین، حیزبی دێموکرات سێ‌هەزار ئەندامی هەبوو،و بە مەترسی دوار رۆژی رژیمی شا دەژمێردرا. بابائەمجەدی، لە پشت مێزی کارەکەی دانیشتبوو، دەنگی سەربازەکانی‌داو ئەوانی نارده دەرەوەی هۆدەکەی‌و لەگەڵ من بەتەنیا مایەوەو گوتی:

- «تۆ دەزانی لە چ وەزعێکی نالەبار دای؟ جگە لە بەردەوام بوونی شکەنجە، مەترسی دادگای دوا رۆژیش هەڕەشەت لێدەکاو رەنگە ئیعدام بکرێی. ئەگەر جارێکی‌تر شکەنجەت بکەن رەنگە لەژێری دەرنەچی، بەلام ئەگەر رازی بی‌و بلێی بۆ سۆڤیەت جاسووسیت کردوە، ئیتر شکەنجە ناکرێی‌و من خۆم لە دادگادا یارمەتیت دەدەم کە ئیعدام نەکرێی‌و دوای ماوەیەکی کورت لە زیندان ئازاد بی. ئەگەر عاقل نەبی، بەردەوام شکەنجە دەکرێی‌و ئیعدامیش هەڕەشەت لێدەکات. تۆ تەنیا بێژە من «جاسووس» بووم‌و بەرپرسایەتی حیزبی دێموکراتم بە ئەستۆ بۆە، ئیتر پێویست ناکات هیچ زانیارێکی‌تر بدەی‌و ئێمەش لێت ناپرسین لەگەڵ کێ‌و لەکوێ چیت کردۆە». لە ولامدا گوتم:

- ئەوەی تۆ دەیڵێی بەو مانایەیە کە باش دەزانی من قەت جاسووسیم نەکردوە. چونکە ئەگەر جاسووسیم کردبا، تۆ داوات لە من نەدەکرد کە تەنیا بێژم جاسووس بووم‌و ئیتر هیچ. ئێوە دەتانەوێ لەو گوتنەی من بە قازانجی سیاسی خۆتان دژی سۆڤیەت کەڵک وەرگرن‌و لە رۆژنامەکاندا لەقاو بدەن کە حیزبی دێموکرات ئامانجی نەتەوەیی نیەو رێکخراوێکی جاسووسی‌یەو غەنی بلوریان کە لە سۆڤیەت دەرسی خوێندوە، سەرۆکایەتی ئەو رێکخراوە جاسووسی‌یەی بەئەستۆ بووە. من ئایشارمەوە کە مرۆڤێکی خاوەن بیرو باوەڕی کوردم‌و بۆ ئازادی کورد خەباتم کردووە، بەڵام قەت جاسووس نەبووم‌و حیزبی دێموکراتیش فڕی بە سۆڤیەتەوە نیەو تەنانەت ئەگەر من خاوەنی بیری ئینترناسیونالیستیش بم، شێوەی بیرکردنەوەی من پێوەندی بەخۆمەوە هەیەو هیچکام لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات باوەڕیان بە ئینترناسیونالیسم نیە. ئامانجی سەرەکی حیزبی دێموکرات کوردایەتی‌یەو ئێوە ناتوانن بە شکەنجەو مەرگ من ناچار بکەن کە تاوانی گڵاوی جاسووسی وەئەستۆ بگرم. ئێوە دەتوانن لەسەر کوردایەتی‌و خزمەت بە نەتەوەی کورد من بکوژن، بەڵام من جاسووس نیم‌و ناچمە ژێرباری هەڕشەی مردن‌و شکەنجەی ئێوە. بابائەمجەدی بە بیستنی ئەو وڵامەم سوور بۆوەو بە تووڕەیی گوتی:

- «تۆ مەگەر ئەسعەدی خودایاریت نەناردبۆە نێو جەرگی ساواکەوە تا جاسووسیت بۆ بکات؟ ئەدی ئەگەر ئەوە جاسووسی نەبێ. چی‌یە؟»

- ئەسعەدی خودایاری بەرپرسی کاری خۆیەتی. هەرچی کردویەتی پێوەندی بەمنەوە نیە. بابائەمجەدی گوڕاندی‌و گوتی:

- «ئەدی کام (پدر یوختە) ئەسعەدی ناردۆتە نێو ساواکەوە؟»

- لەخۆی بپرسە. من وەکیلی ئەو نیم‌و ئاگاداری کاری ئەو نیم‌و تەنانەت پێوەندی دۆستانەشم لەگەڵی نیە.

بابائەمجەدی قاوی سەربازەکانی کردو گوتی: «ئەوە بەرنەوەی لای وەزیری.» منیان بردەوە لای وەزیری. ناوبراو گوتی:

- «برۆ دانیشەو وڵامی پرسیارەکان بنووسە».

وەک گشت هەڤاڵانی‌تر، من نەمدەتوانی دان بە ئەندامەتی خۆم لە حیزبی دێموکراتدا نەهێنم. هەروەکوو پێشتر گوتم پەروەندەیەکم لە مێشکمدا ساز کردبوو تا لە بەرامبەر پرسیارەکانی ساواکدا تێکیان خەمەوەو خۆمیان پێ رزگار بکەم‌و بیوگرافی نەنووسم. بەرلە گیرانی ئێمە ۱۲ . ئەندامی حیزب، ساواک لە رێگای شکەنجەوە زۆر شتی لە هەڤاڵانی پێشتر گیراوی حیزب وەچەنگ خستبوو. سمایلی قاسملوش هەرچی زانیبووی بە راشکاوی

گوتبووی‌و هیچی تێدا نەهێنشتبۆوە. ڕازێکی ئەوتۆ نەمابوو کە ئەو ۱۲۰ کەسە لەژێر پەردەدا بیهێڵنەوە. ئەوەی ئێستا بۆ ساواک گرنگ بوو مەسەلەی پێوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت‌و بارزانی‌و ئامانج‌و بۆچوونی حیزبی دێموکرات‌و ئیدئولوژی ئەو بوو.

درکاندی بەشێک لەوانە زیانی بۆ کەس نەبوو،و تەنیا پەروەندەی ئەو کەسەی قورس دەکرد کە باسیان لێدەکات‌و منیش چونکە شکەنجە شپرزەی کردبووم، بۆ ئەوەی پتر تووشی ئازار نەبم، بیروباوەڕی سیاسی خۆم لەمەڕ ئامانجی حیزب‌و بیرو بۆچوونی حیزبم لەباری ڕژیمی پاشایەتی ئێران‌و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئالترناتیوی دوا ڕۆژ بۆ ئەو ڕژیمە نووسی، بەڵام خۆم لە بەرپرسایەتی حیزب دەرباز کردو هەروەها نەچوومە ژێرباری نووسینی بیوگرافی.

لەمەڕ ئامانجی حیزب گوتم حیزب ڕێبازی هەر ئەوەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ۱۹٤٥-۱۹٤٦ هەیبۆوە. جیا لەوە، ساواک بەزۆر پێی‌نوسیم «مەبەستی من لە خەبات لە حیزبی دێموکراتدا ڕوخاندنی ڕژیمی پاشایەتی بووە». لەمەڕ ئالترناتیوی دوا ڕۆژی ڕژیمی پاشایەتی ئێراندا نووسیم: ئالترناتیوێکی کە من لە بەرامبەر ڕژیمی شادا دەمەوێ، ڕژێمێکی دێموکراتی بە ئیدئولوژی سوسیالیستی‌یە بۆ گشت ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستانە لە چوارچێوەی ئەو ڕژێمەدا. من لایەنگری بیری ئینترناسیونالیستی‌و هاوکاری لەگەڵ ڕژێمە سوسیالیستەکانی مەوجودم. شای ئێران نۆکەری ئیمپریالیستەکانەو بە وەرگرتنی بەرتیل لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا «کنسرسیوم»ی نەوتی پێکهێناو دەست ڕەنجی خەڵکی ئێرانی بە پارە فرۆشت بە بێگانەو.... ساواک بەبیستنی ئەم بابەتانە لە زمانی زیندانیەکان زۆر خۆشحاڵ دەبوو. من کە خەریک بووم ئاماژەم بە کونسوسیومی نەوت دەکردو پەنجەم بۆ خیانەتی شا ڕادەکێشا، وەزیری لە پشت سەرم ڕاوەستابوو نووسینەکەی تەماشا دەکردم‌و گوتی:

- «بۆچی پاشگری ناوی شات نەنووسیوە؟»

- مەبەستت لە ئاریامێهرە؟

- «نا ئەوە هی خۆمانە. مەبەستم لەو پاشگرەیە کە ئێوەی خائین‌و دوژمن بۆتان داناوە؟»

من لە مەبەستەکەی گەیشتم، بەڵام خۆم گێل کرد. وەزیری فەرمانیدا بە ساواکی‌یەکان تا سەرلەنوی بە لەشی زامدارەوە قامچ بارانم بکەن. بەمجۆرە دیسان بردیانمەوە سەر مێزی ئەشکەنجەو ڕایانکێشام‌و تا شل بوون، کوتایانم. هاوارو ناڵەم دەگەیشتە ئاسمان‌و دەمگوت

وەبیرم هاتەوەو دەینووسم، بەڵام ئەوان دەستیان لێ هەڵنەدەگرتمو دوای ماندوو بوونیان سەرلەنوێ دەستبەتی قەپانییان لێدام. وەزیری لە بچووکترین بیانوو دەگەڕا کە منی پێ شکەنجە بکات، پاش هەر قامچکارێک دەیەویست دانیشمو وڵامی پرسیارەکانی بۆ بنووسم، بەڵام ئەمجارە من توانای ڕۆنیشتنم نەبوو. لەسەر پێ ڕایانگرتمو لەسەر میزێکی چڵکن لە گۆشەی هۆدەی شکەنجەخانەکە ڕایانگرتمو لەپێش ناوی شا پێیان نووسیم «شای خاینی ئێران».

پێنج ڕۆژان، لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا نۆی شەو منیان بردە شکەنجەخانەو هەموو جاری سێ چوار جاریان لێدەدامو دەسبەندی قەپانیان لە دەستەکانم کرد. لەنێو ئێمەدا دوو کەسی تریان زۆر ئازاردا. یەکەم «محەممەدی مەولایی» بوو، کە زۆر پیاوانە خۆی ڕاگرتو تەسلیمی وەزیری نەبوو،و ویستی وەزیری بەجێ نەگەیاندو ئەویتریش سەید «محەممەدی مرادی» لێپرسراوی حیزب لە مەڵبەندی پیرانشار بوو. سەید محەممەدیان لە هۆدی «عەلی مەولەوی» کردبوو. سەید محەممەد لەنێو ئێمەدا تاقە کەس بوو کە تەنانەت نەچووە ژێر باری ئەندامەتی حیزبی دیموکراتەوەو حاشای لەهەموو شتێک کرد. چوار ڕۆژی تەواو شکەنجەیان کردو بە تەواوی لەشی شەلاڵەی خوێن کرابوو، بەڵام سەری شۆڕ نەکردەوە.

منو کاک عەزیزی یۆسفیو دوکتور عەلی مەولەوی لەبەر سمایلی قاسملو پاڕاینەوەو داوامان لێکرد گوتنەکەی لەمەڕ سەید «محەممەدی مرادی» وەرگرێتەوە تا بەڵکو لە شکەنجە ڕزگاری بێ. ناوبراو لە وڵامی ئێمەدا گوتی:

- «من ڕاستم گوتووەو چۆن دەتوانم لەژێر قسەی ڕاستی خۆم بدەم.»

ئێمە دەستمان لە سمایل هەڵنەگرتو سەرئەنجام سمایلمان ڕازی کرد تا یارمەتی بە سەید محەممەد بکات. سمایل گوتی:

- «سەید محەممەد ئەمجارە بێژی کێ ناوی منی هێناوە، بێ ڕوو بە ڕووم بێنەوە.»

بەمجۆرە سەرلە بەیانییەکی زوو سەید محەممەدیان بردە ئەشکەنجەخانە. وەزیری بە سەید محەممەدی گوتبوو:

- «هەموو بەندییەکان دانیان بە ئەندامەتی خۆیان لە حیزبی دیموکراتدا هێناوەو بەرپرسایەتی خۆیان گوتووە، ئەمجارە ئەگەر تۆش وەک ئەوانیتر مل نەدەیو دان بە ئەندامەتی خۆت لە حیزبی دیموکراتدا نەهێنی لە ژێر قامچاندا دەتکوژم.» سەید محەممەد هەرچەندە پێشتر مەلایەتی کردبوو، بەڵام لە زینداندا خۆی لە گێلی دابوو،و گوتبووی:

- من نەخوێندەوارم، ئێوە هەرچی بۆم بنووسن من قامکی پێوەدەنێم، بەڵام واباشە هەر کەسێک ناوی منی داوەو بۆتە سەبەبی گیرانم بێت لە ڕوو بە ڕووی خۆمدا بڵێ من کارم بۆ حیزب کردوە، من ویستی ئێوە بەجێ دەگەیەنم.

ئەو کەسانەی شتێکیان دەدرکاند ساواک ئاشکرای نەدەکردن، بەڵام چونکە سەید محەمەد کۆڵی نەدەدا، وەزیری ناچار بوو بەشوێن سمایلی قاسملودا بنێرێو لێی بپرسێ:

- «مەگەر تۆ لە پەروەندەکەتدا نەتنووسیوە سەید محەمەدی مرادی لێپرسراوی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی پیرانشار بووە.» سمایل لە وڵامی وەزیریدا گوتبووی:

- بڵێ هەرچی من لە پەروەندەی خۆمدا گوتوومە راستە.

وەزیری روو لە سەید محەمەد دەکاتو دەڵێ:

«ئەدی ئەو مل ئەستوورە بۆچی ناچێتە ژێری.»

سمایل روو لە سەید محەمەد دەکاتو بە درۆ لێی ورد دەبێتەوەو دەڵێ:

- قوربان، ئەمە ئەو کەسە نیە کە من ناوم بردووە، ئەو سەید محەمەدەی کە من ناوم بردوە، پیاوێکی شیرین‌گرویی بارێکی درێژە، رەنگە بە هەڵە ئەوە بەجێی ئەو گیرابێ.

سەرهەنگ وەزیری تا هێزی دەبێ زللەیەک لە بناگوێ سمایل دەداو بە پرتو بۆڵە دەینێرێتەوە بۆ هۆدەکەی. کردەوەی سمایل، سەید محەمەدی لە شکەنجەو تەنانەت زیندان رزگار کرد. ساواک ئێمەو ئازەربایجانیەکانی بەنهێنی دادگایی دەکردو سیاسەتی ئەوە بوو چەند کەسێکمان بەنهێنی لێ ئیعدام بکاتو ئێمەش هەستمان بە کردەوەی ساواک کردبوو. بەم بۆنەوە داوامان لە سەید محەمەد کرد پیاوەتی بکات، ئەگەر ئازادیان کرد بچێتە گەرمێنو «ئەحمەد تۆفیق» بدۆزێتەوەو بارودۆخی نالەباری ئێمەی پێرابگەیەنێو بڵێ گیانمان لە مەترسی دایە.

سەرلەبەیانی زوو «ئەبروکەمان» هاتو بە فارسێکی تێکەڵاوی تورکی قاوی سەید محەمەدی کردو پێی گوت خۆت کۆ بکەوە ئازادی. ئەبروکەمان ئینسانێکی زۆر بێ‌بزەو نەفام بوو. هەرچەند ئێمە بەندییەکان هەموو ناخۆشمان دەویستو دەنگی ئازاری دەداین، بەڵام بانگ کردنەکەی ئەو رۆژەی کە گوتی سەید محەمەد ئازادی وەک دەنگی شمشاڵ نەرمو دڵنەواز بوو. ئازاد بوونی سەید محەمەد موژدەی رزگار بوونی ئێمەی لە کوشتن بە دواوە بوو. ئێمە خۆشحاڵ بووین کە خەڵک لە دەرەوەی زیندان ئاگاداری چۆنیەتی وەزعی ئێمە دەبنو دەزانن چۆن ئەشکەنجەمان دەکەنو مەرگ هەرەشەمان لێدەکات. سەید محەمەد کاتی ماڵ ئاوایی کردن لە ئێمە گوتی:

- «ئەو ماڵەتان بەسەر رژێمی نگریسی پاشایەتیدا وێران بێو خۆتان بە سەربەرزی بێنەوە نێو خەڵکەکەتان.»

ئازاد بوونی سەید محەمەد هاوارو گەرمەو هەرەشەی «رادیۆ بەشی کوردی بەغدا»ی بە دواوە بوو. «شەوکەت بابان» بە دەنگی زۆلاڵی بارودۆخی پڕلە مەترسی ئێمەی لە

زیندانەکانی رژێمی ئێراندا بەگوێی خەڵک دەگەیاند. رادیۆ کوردی بەغدا ئەو کات بەهۆی بەهێند گرتنی بارزانی لە لایەن قاسمەوە، بە سەربەستی قسەی دەکردو بەری پێنەدەگیرا. هەڤاڵانی ئێمە لە باشووری کوردستان دۆخی نالەباری ئێمەیان بەگوێ خەڵکو ڕێکخراوە ئینسانییەکانی جیهان گەیاندو لەم بابەتەوە گەلێک رەخنە لە رژێمی شاگیرا، بەڵام پاشان بێدەنگ بوونو پشتیان لە ئێمەو ماڵو منداڵی بێدەسەڵاتو بێسەرپەرەستی ئێمە کردەوە.

رۆژێکی ساردی پایز زرەو کوت پەیدا بوو،و ئێمە هەموو پەشۆکاین. هەر گۆڕانکارییەک لە زینداندا پێکدەهات، دەبۆوە هۆی نیگەرانیو مەترسی ئێمە. ئەگەر دەرگای داڵانی زیندانەکەی ئێمە ئاوەڵەبایە، من دەمتوانی بەکونی دەرگاکەمدا گۆشەیەکی حەوشەی زیندان ببینم. ئەو رۆژە یاساوڵەکانی زیندان دەرگای داڵانی زیندانەکەیان کردبۆوە. من دیتم هەڤاڵانی ئێمەیان بەریز لە حەوشەی زیندانیدا راگرتبوو. هەرکام لە ئێمە بەشێوەیەک بیرمان لەو کارە دەکردەوەو نەماندەزانی ئەوانەیان بۆچی لە حەوشەی زیندان کۆ کردۆتەوە. لەناکاو ژمارەیەک ساواکی رژانە نێو داڵانی زیندانی ئێمەو دەرگای ژوورەکانیان کردینەوەو بە پاڵئەستۆ ئێمەشیان دەحەوشەی زیندان کرد. لەوێ چاومان بە هەڤاڵانمان کەوت. گشتمان لاوازو پەشۆکاوو لێو بەبار بووینو دەتگوت لە چاڵ دەریانهێناوینەوە. کاک «سەدیقی خاتەمی» دۆستی لەمێژینەم بەرەوپیرم هاتو دەئامێزی گرتمو گوتی:

- «کورە غەنی ئەوە بۆچی وات لێهاتووە؟ خۆ نەتم ناسیوە.»
- نەخۆشم تابووشتم نیە راوەستم.
- « رۆنیشە عەرزی.»
- ناتوانم دانیشم. هەموو لەشم زامدارە.

لەو قسانەدا بووین کە «ئەبروکەمان» گەیشتە سەرمانو بە دەستبەند دەستی منو سەدیقی لێک گرێداو گوتی:

- «خەم مەخۆ بە فرۆکە دەتابین بۆ تارانو ئەگەر لەوێ ئێعدامیان کردن، من ئاخر تیرت لە مێشک دەدەم، کە زۆر ئازار نەبینی.»

بەو گوتنەی ئەبروکەمان بۆمان دەرکەوت کە خەریکن ئێمە دەبەن بۆ تاران.

## له بەندیخانەی تەوریزەوە بۆ بەندیخانەکانی تاران

## و

## چەند رووداوێک

سواری لۆری سەربازییان کردین‌و بردیانین بۆ فڕۆکەخانەی تەوریزو لەوێوە بە فڕۆکەیەکی سەربازی بردیانین بۆ تاران‌و لە فڕۆکەخانەی «قەلعەمورغی» تارانیان دابەزاندین. لەوێ چەند ئوتوبووس چاوەڕوانی ئێمە بوون. بە سواری ئەو ئوتووبوسانە بردیانین بۆ زیندانی «قزل‌قەلعە» (قەلای سوور).

بەر لە ئێمە، گیراوە سیاسی‌یەکانی ئازەربایجانیان بردبۆە ئەو جێیەو ژمارەیەکیش لە ئەندامانی بەرپرس‌و کادیرەکانی حیزبی تودە لە هۆدەکانی تاقە کەسی‌و گشتی ئەو زیندانەدا بوون. بۆ ئێمە ۱۲. زیندانی کورد دوو هۆدەی سی(۳.) کەسەیان تەرخان کردبوو. هەر شێست کەسمان لەو دوو هۆدەیەدا زیندانی بووین. شەوانە کاتی خەو نیوەمان دەنووستین‌و نیوەکەی‌تریشمان دەست بە ئەژنۆ دادەنیشتین‌و نۆرە خەومان دەکرد. کاتێک کۆماری ئیسلامی دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، زیندانی «قزل‌قەلعە»ی وێران کراو ئاسەواری نەهێشت.

لێپرسین‌و بازجویی لە بەرپرسانی حیزب لە تەوریز کۆتایی پێهاتبوو، بەلام پرسیارو لێکۆلینەوە لە ژمارەیەک لە زیندانی قزل‌قەلعەشدا بەردەوام بوو. لە زیندانی قزل‌قەلعە لێدان‌و شکەنجەیان نەدەکردین. شەوێک لە خەودا بووم، کە «تەیموری» شکەنجەگەری بێ‌ڕەحم‌و بێ‌بزەی ساواک بەشەپ لە لەشی برینداری دام‌و لە خەوی راستی کردمەوەو گوتی: «وەپێشم کەوە.» جێی برینی سمت‌و باسک‌و پشتم چلکیان کردبوو. رۆژانە دوکتوری زیندان دەرمانی دەکردم. پلیتەیەکی بیست سانتی‌میتریان لە برینی سمتی لای چەپەم نابوو،و زۆر کۆلەوار بووم. شەپی «تەیموری» جنایەتکاری برینی لەشمی کولاندەوەو خوێنێکی گەش بە لەشمدا رێچکەی بەست. ناوبراو، بەو حالە بردمی بۆ لای سەرهەنگ «بابائەمجەدی» جەلادی ساواک، کە هۆدەکەی لەنێو حەوشەی زینداندا بوو. چوار کەس لە

هەڤالانی شاری «بۆکان» بە ناوەکانی حوسێن، حاجی حەمە رەسوولْ، عەبدوڵڵای رۆستەمی و سالح بە رەنگ پەریوی لەپێش بابائەمجەدی راوەستابوون. بابائەمجەدی رووی دەمن کردو گوتی:

- « دایک... بۆچی لە بازجوییدا باسی ئەو کارتی ئەندامەتیت نەکردوە کە لە یەکیەتی سۆڤیەتەوە بۆت هاتووەو بەسەر ئەندامانی حیزبیدا بلاْوت کردۆتەوە؟»

لە حالێکدا هەستم دەکرد خوێن بە زامەکانی لەشمدا رێچکەی بەستووەو خەریکە لیباسەکانم تەڕ دەکات، لە ولاْمدا گوتم:

- کام یەک لەوانە گوتویەتی کارتی ئەندامەتی هەیە؟ سەرهەنگ بابائەمجەدی ئاماژەی بە رۆستەمی کردو گوتی:

- «ئەو گەنجە.»

- ئیزنم هەیە خۆم پرسیاری لێبەکەم؟

- «پرسیاری لێ بکە»

رووم لە عەبدوڵڵای رۆستەمی کرد. ناوبراو بە تەمەن لە هەمووی ئێمە بچووکتر بوو،و وەک بزانم ئێستا پێی لە هەژدە سالْ نەنابوو. گوتم:

- چیت گوتووە؟

- «گوتوومە کارتی ئەندامەتیم هەبووە. بارزانی لە یەکیەتی سۆڤیەت چاپی کردوەو ناردویەتی بۆ غەنیو ئەویش داویتی بە من هەڤالانم. کارتەکە بە قەد پێناسی ئێرانی بووە، بەلاْم من سوتاندومە.»

پاشان رووم لە حاجی حەمە رەسوولْ کردو گوتم:

- تۆ حاجیو چوویتە حەج. مەترسە وەک مەردان بڵێ بزانم ئەوەی عەبدوڵڵاْ گوتویەتی تۆش وات گوتوە؟

- «منو سالْحش هەر ئەوەمان گوتووە.»

- تۆ حاجیو پیاوچاکی بە راستی ئەوەی گوتوتە راستە؟

حاجی بە بیستنی ئەو گوتنەی من وەغیرەت کەوت. ناوبراو رووی لە سەرهەنگ بابائەمجەدی کردو گوتی:

- «عەبدوڵڵاْ ئەو قسەی ساز کردوەو لە پەروەندەکەیدا نووسیویەتیو چونکە ئێمە ئەو چوار کەسەمان بە یەکەوە گیراوین، ئێمەش لەترسان دووپاتمان کردۆتەوە کە خۆمانی پێ رزگار بکەین. ئەگینا ئەوە راست نیەو ئێمە هەرگیز کارتی ئەندامەتیمان نەبوە.»

بابائەمجەدی بە عەبدوڵڵای گوت:

- «تۆ دەڵێی چی؟»
عەبدوڵلاّ بەترس‌و لەرزەوە وڵامی دایەوەو گوتی:
- «جەنابی سەرهەنگ من درۆم کردووەو ئەوە ڕاست نیە. ئاغای بازپورس پرسی‌و گوتی کارتی ئەندامەتیت هەبووە، منیش لام وابوو هەموو گوتویانە کارتمان هەیەو منیش لەترسان گوتم بەڵێ، ئەگینا ئەوە ڕاست نیە.» بەو گوتنەی عەبدوڵلاّ لە چەنگ بابائەمجەدی ڕزگارم بوو.

حوسێن بەرپرسی حیزب لە بووکان بوو. ناوبراو بەپێی ڕاپۆرتی سمایلی قاسملو لە لایەن ساواکەوە گیرابوو. ئەو بۆ ئەوەی ڕێکخراوی بووکان بپارێزێ، لە جیاتی ناوی ئەندامانی کۆمیتە بدات، ناوی ساڵح‌و حەمە ڕەسووڵ‌و عەبدوڵڵای دابوو، ئەگینا ئەو سێ کەسە فریان بەسەر حیزبەوە نەبوو. کەسانی دەوڵەمەندو ساماندار بووکان بوون‌و ساواک بەپێی وتەی حوسێن ئەوانی بەتاوانی ئەندامەتی لە کۆمیتەی بووکانی حیزبدا گرتبوو، بەڵاّم دواجار بۆ ساواک ڕوون بۆوە کە حوسێن ناوی ئەوانەی بە درۆ داوەو لایان وابوو تەنیا حوسێن لە بووکان حیزبی بۆە.

گرتنی کادیرەکانی حیزبی بۆ ساواک گرنگ بوو، بەڵاّم ئەو زۆری بۆ گرنگ نەبوو کەسانی بەلاوە بگری، هەرچەندە خۆی لە بەشێکی ئەوانیش نەدەپاراست. ناوی زۆر کەسیش لە گیرفانی کادیرەکانی حیزبی دوزرانەوەو ساواک بەلایاندا نەچوو. ساواک زۆر باشی دەزانی ئێمە گیراوەکان بریارمانداوە ناوی یەکتر بڵێین‌و لە درکاندنی ناوی کەسانی‌تر خۆ بپارێزین.

ساواک دەیەویست بەسەر زیندانیەکاندا بسەپێنێ کە جیاوازی خوازن‌و گەرەکیان بووە کوردستان لە ئێران جیا بکەنەوەو ئەوان کومونیستن‌و پلانی کوشتنی شایان دارشتووەو دژی ئیمپریالیزم‌و مامڵەی نەوتی ئێران‌و کونسرسیومی نەوت بوون‌و گشت ئەو خاڵانەشی بەسەر ئەندامانی حیزبیدا سەپاندبوو. ئێمەش بۆ ئەوەی لە لێدان‌و بێحورمەتی کردن ڕزگارمان بێ، ئەوانەمان دەنووسی‌و خۆمان دەرباز دەکرد. لەباری پێوەندی حیزبیشەوە هەرکەسە ناوی کەسێکی دەگوت کە خۆی زیندانی بوو،و دەیگوت من لەگەڵ ... لە شانەیەکدا بووم.

کاتێک لێکۆڵینەوە لەسەر پەروەندەی ئەندامانی حیزب کۆتایی پێهات، ئیتر قسە نەما. ساواک بریاریدا دادگایەکی تایبەتی بۆ ئێمەی کورد پێک‌بێنێ‌و بە پەلە ئیعدامان بکات. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە ئێمەیان کردە دوو گروپ. گروپی یەکەم من‌و عەزیزی یۆسفی، ڕەحمەتی شەریعەتی، سمایلی قاسملو، عەلی مەولەوی‌و گشت مەهابادییەکان بووین، کە لە ئەوانی‌تریان جیا کردینەوەو بردیانین بۆ زیندانی دیژبان لە شەقامی سیی «اسفند»

(ڕەشمە)و ئەوانی‌تریان نارده زیندانی شارەوانی کە ناوی زیندانی «قەسری قاجار» بوو.

دادگای سەربازی بە فەرمانی شای ئێران «محەمە ڕەزا»و بە سەرۆکایەتی سەرلەشکر «ئازموودە» یەکێک لە ئەفسەرە دیکتاتۆرو کۆنەپەرەستەکانی ناسراو پێکهاتو چەند ئەفسەری گوێ لەمست بۆ محاکمەی ئێمە دیاریکران. بەپێی یاسای بنەرەتی لە ئێراندا، ئێمە گیراوەکانی سیاسی دەمانتوانی وەکیلی تایبەت بەخۆمان هەبێ‌و پەروەندە سازکراوەکانی خۆمان بخوێنینەوە، بەڵام دادگای کارتۆنی بواری پێ‌نەداین‌و ئەو مافەی لێ زەوت کردین. محاکمەی ئێمە بەنهێنی لە هۆدەیەکی دەرگا بەستراودا دەستی پێکردو قازییەکان بەفەرمانی «ئازمودە» بۆ هەرکام لە ئێمە حوکمێکی تایبەتیان بریبۆوەو پێکهاتنی دادگاو کۆکردنەوەی ئێمە لەوێ تەنیا شانۆیەکی ڕەواڵەتی بوو.

بۆ منو عەزیزی یوسفی، ڕەحمەتی شەریعەتی‌و سمایلی قاسملو حوکمی ئیعدامیان بریبۆوەو هەڤاڵانی‌ترمان لە دە ساڵ تا ئەبەد حوکم درابوون. لە سەرەتای دادگاکەماندا، ئێمە دژی ئەو پەروەندانە ڕاوەستاین کە بە زۆری شکەنجە بەسەریاندا سەپاندبووین، بەڵام سەرۆکی دادگا لە وەڵامی ئێمەدا گوتی:

- «من ئێوە محاکمە ناکەم من ئەو پەروەندانە محاکمە دەکەم کە بە ئێمە دراون. ئەوەی لەو پەروەندانەدا نووسراون بۆ من بەڵگەن نەک قسەی ئێوە.»

چەند وەکیل بۆ بەرگری کردن لە مافی ئێمە دیاریکرابوون، کە هەموویان ئەفسەری ئەرتەش بوون‌و لە بەرامبەر گوتنە ناقانوونیەکانی سەرۆکی دادگادا وزەیان لێ‌نەدەهاتو دەمیان نەدەکرایەوە.

دادگا لە سەرەتادا بە پەلە کاری خۆی تەواو کردو بڕیارەکانی بە ئێمە ڕاگەیاندو گەڕاندییانینەوە بۆ زیندان. بەشێک لە هەڤاڵانی ئێمە کە لە زیندانی «قەسری قاجار» زیندانی کرابوون، دەهێندران بۆ دادگا. ئێمە چوار کەس کە حوکمی ئیعدامان درابوو لە زیندانی دیژبان لە هۆدەیەکی تایبەتی‌دا بووین. «داریوشی فروهەر»یش گیرابوو،و لەگەڵ ئێمە لە زیندانی دیژبان بوو. ناوبراو مافی خوێندنەوەی ڕۆژنامە هەبوو،و تەنانەت ڕادیۆشی لە لابوو. ئەو زۆرجاران دەنگوباسەکانی ڕادیۆی لەمەڕ زیندان‌و شکەنجەی ئێمە لە زیندانەکاندا پێڕادەگەیاندین کە لە لایەن ڕادیۆ کوردی بەغداو ڕادیۆ «پەیکی ئێران» ڕادیۆی حیزبی تودە بڵاو دەکرایەوە. تەنیا ئەو دوو ڕادیۆیە لە مافی ئێمە وەدەنگ دەهاتن، ئەگینا هەموو دەوڵەتانی جیهان‌و تەنانەت ڕێکخراوی بەخشینی زیندانیان، خاچی سوور، مافی مرۆڤ‌و... لە بەرامبەر زۆرداری‌و جنایەتی ڕژیمی شای ئێراندا گوێیان کپ کردبوو،و متەقیان لێ‌نەدەهاتو تەنانەت بۆ جارێکیش کردەوەی دادگاکانی کارتۆنی ڕژیمی شایان مەحکوم نەکرد.

هەروەکوو پێشتر گوتم دادگای ئەوەڵی ئێمە بە پەلە کاری خۆی تەواو کردو حوکمی خۆیدا. رژیمی ئێران بۆ یەکسەرە کردنی وەزعی ئێمە دادگای دووهەمی «تجدیدنظر» بۆ پێکهێناین. ئەو هەڤاڵانەی کە لە زیندانی شارەوانی «قەسری قاجار» بەندی کرابوون بەگشتی سێ بەش بوون. بەشێکیان ماموستاکانی ئاینی‌و مرۆڤی باش‌و دڵسۆزی کوردو خاوەنی ژن‌و منداڵ بوون. ئەوان لە باری ئاینی‌یەوە وشک‌و توندو تیژ نەبوون‌و دژایەتی‌یان لەگەڵ بیروباوەڕی جیاواز نەدەکردو دەیانزانی هەمە جۆرە بیروبۆچوون‌و ئاینێک لە حیزبی دێموکراتدا کۆ بۆتەوە، بەڵام حیزب بۆ ئامانجی کوردایەتی‌و دێموکراتی هەوڵ دەدا. بەشی دووهەم کادیرەکانی حیزب بوون کە ئەوانیش خاوەنی ژن‌و منداڵ بوون. هەرچەندە زۆربەی کادیرەکانی حیزب نەخوێندەوار بوون، بەڵام کەسانی وریاو لێهاتوو بوون‌و دەیانزانی بۆچی خەبات دەکەن‌و چیان دەوێ. بەشی سێهەمیان رووناکبیرانی شار بوون کە جیا لە سێ چوار کەسیان، ئەوانی‌تریان سەڵتەو بێ ژن‌و منداڵ بوون‌و دادگا بەتێکرایی لە دە تا ئەبەدی پێدان.

دادگای دووهەم واتە «تجدید نظر» بە سەروکایەتی سەرتیپ «عەبدی»و چوار قازی پێکهات. ئەو دادگایە پێشتر بریاریدابوو کە ئیزن بە ئێمە بدات کە لەگەڵ وەکیلەکانمان بەیەکەوە پەروەندەکانمان بخوێنینەوە، بەڵام ئەویش لە بریاری خۆی پاشگەز بۆوەو لێمان وەفیل کەوت. بەیانان هەڤاڵانی ئێمەیان لە زیندانی قەسرەوە دەهێنا بۆ زیندانی دیژبان‌و ئێمە چوار مەحکوم بەئیعدامەکانیشیان دەبردە لای ئەوان‌و بۆ ماوەی پێنج سەعاتان بەسەر پێوە رایاندەگرتین‌و ئینجا دەیانگەراندینەوە بۆ شوێنی خۆمان. مەبەست لەو کارەیان ئەوە بوو کە بە رواڵەت پێشان بدەن ئێمە دەبەن بۆ خوێندنەوەی پەروەندەکانمان. دادگا بە نامەی رەسمی بۆ لێپرسراوانی زیندانی قەسری نووسی بوو، بە پێی لیستەی ناردراو بۆ ئێوە زیندانییەکان بێنن بۆ زیندانی دیژبان کە پەروەندەکانیان بخوێننەوە، بەڵام کاتێک دەیانهێنان وەک ئێمە ئیزنی خوێندنەوەی پەروەندەکانیان پێنەدەدان‌و تەنیا ئەو کارەیان بۆ دانانی بەڵگە لەسەر پەروەندەکان بوو.

بۆچی نەیاندەهێشت ئێمە دەستەی یەکەم کە حوکمی ئیعدامان پێدرابوو، پەروەندەکانمان ببینین، بۆ کەس روون نەبوو. بەڵام، من وام هەست دەکرد کە ساواک‌و دادستانی ئەرتەش یانی سەرهەنگ «ئازمودە» ئیزنی بەدادگا نەدابوو، کە پەروەندەکان پێشانی ئێمە بدات. ئەوان نەیاندەویست گوتنی ژمارەیەک لە ئێمە ۱۲ ـ کەسەکە ئاشکرا بێ‌و کاتی لێپرسینەوە لە دادگادا هەرکەسەی شتێک بڵێ‌و جیاوازی بکەوێتە نێو پەروەندە دەستکردەکانیان‌و بەڵگەی ئیعدام‌و زیندانی قورسی ئێمەی پێ پووچەڵ بێتەوە.

بۆ دادگای دووهەم ساواک ئەفسەرێکی کوردی سنەی ناردبوو بە ناوی «کەمانگەر» تا ئێمە بە دیتنی ئەو دژی زۆڵمو ئەشکەنجەکانی قسە نەکەین. کەمانگەر کە ناوی بچووکی نازانم زۆر بێشەرمانە بەربینگی پێدەگرتینو هەڕەشەی لێدەکردینو دەیگوت نابی دژی ساواک قسە بکەن، ئەگینا زیانتان پێدەگات. ئێمە هەرچەندە دەمانزانی بایەخ بەقسەکانمان نادرێ، بەلاّم هیچکام گوێمان نەدا بە گوتنەکانی کەمانگەرو دژی جنایەتەکانی ساواک بەتوندی هەڵوێستمان دەگرتو لە چۆنیەتی شکەنجەو سازکردنی پەروەندەکانمان قسەمان دەکرد.

لە سەرەتای دەست پێکردنی دادگای دووهەمدا منو عەزیزی یوسفی لەگەڵ سەرهەنگ «ئەمین‌پوور»ی وەکیل‌مان روو بە روو بووین، گوتمان:

- هەرکامەمان . . ٥ تمەنت دەدینێ، کە بەرگریمان لێ بکەی.

- «من پارە لە مردوو وەرناگرم.» عەزیز پرسیاری لێکردو گوتی:

- یانی ئێمە دەکوژن؟

- «حوکمی دادگای یەکەمی ئێوە لە لایەن ئەو دادگایەشەوە دووپات دەکرێتەوەو ئیعدامتان دەکەن. دادگای ئێوە، دادگایەکی ئاسایی نیەو دادگایەکی سیاسی‌یەو ئەگەر تەنانەت بۆ چاوترساندنی خەڵکیش بێ ئیعدام دەکرین، بەلاّم پێویستە ئێوە وەک قازی محەمەدی رەحمەتی بچنە پای دارو مەردانە بمرن، چونکە رژیم بڕیاری خۆی داوەو ئەو دادکایانەش کارتۆنین.»

کە واتە ئێمە بەر لە دادگایی کردن دەمانزانی حوکمی ئیعداممان دووپات دەکرێتەوەو حوکمی هەڤالانی‌تریشمان وەک خۆ دەمێنێتەوە. لە راستیدا دادگای دووهەم حوکمی دادگای ئەوەڵی بەسەردا سەپاندینو تەنیا حوکمی سمایلی قاسملویان بەبۆنەی ئاشکرا کردنی حیزبی دێموکرات شکاندو بەجێی ئیعدام زیندانی ئەبەدی بۆ بڕیوە. سەرۆکی دادگا بەشێوەیەکی کورتو سەرەکی پرسیاری لە ئێمە ئیعدام دراوەکان کردو ئێمەش تەواوی پەروەندەکەمان بە درۆ ناساندو ئامارەمان بە ئەشکەنجەی ساواک کرد. رەنگە ئەگەر پەنجە بۆ هەموو گوتنەکانی دادگا راکێشم خوێنەر ماندوو بکەم، لەبەر ئەوە تەنیا ئامارە بە ولاّمێک دەکەم کە کاک «سەدیقی خاتەمی» (یادی بەخێر بێ) بەدادگای دایەوە. سەرۆکی دادگا لە کاک سەدیقی پرسی:

- تۆ چ دەڵێی، داخوا ئەوانەی دەپەروەندەکەتدا گوتووتن قەبووڵیان دەکەی؟ کاک سەدیق لە ولاّمدا گوتی:

- «پەروەندەی منیش هەروەک پەروەندەی ئەوانەی‌تر بە شکەنجەو لێدان بەسەرمدا

سەپاوە. ئەوانەی گوتوومن هیچکامەیان راست نین. «وەزیری» شکەنجەگەر لەبەر چاوی ئەو جەنابە -ئاماژەی بە کەمانگەر کرد- کە خۆی یەکێک لە ئەشکەنجەگەران بوو، بە توێزی پێی‌نووسیومو پەروەندەی بۆ ساز کردوم، ئەگینا من هیچ فرم بەسەر حیزبەوە نەبۆەو سیاسەت ناکەم. بەلاّم چونکە گیرابووم، دەبوایە پەروەندەم بۆ ساز بکرێ. هەروەکوو ئەوانەی خەڵکی بۆکانیش بە درۆ پەروەندەیان بۆ ساز کراوەو بۆ خۆیان بۆ ئەوەی شکەنجە نەکرێن لە لای ئەوانەی‌تر شێوەی دروست کردنی پەروەندە فێر بوونو ناوی شانەو کۆمیتەیان پرسیوە، ئەگینا ئەوانیش قەت کاری سیاسی‌یان نەکردوە. من خۆم لەگەڵ دوو مردوو تێکخستۆتەوە بە ناوەکانی «محەمەدی قادر چاورەقی»و «مرادی کەرناچی» کە هەر دووکیان ساڵەها پێش مردوون. کەواتە، ئاغای سەرۆکی دادگا ئێستا من سەرم بێ کلاّوەو لە شانەیەکدا بووم کە ئەندامی نەبۆە. چۆنم مەحکوم دەکەن؟ بچن بپرسنو بزانن ئەو دوو کەسە چەند ساڵ لەمەوبەر مردوونو داخوا فریان بە کاری سیاسی‌و حیزبایەتیەوە بووە؟» ئێمە هەموو بە قسەکانی کاک سەدیق لە قاقای پێکەنین‌ماندا.

دادگای دووهەم، زیندانی ئەبەدی دادگای پێشووی کاک سەدیقی لەبەرچاو گرتەوەو نزیکەی دە ساڵ لە زینداندا رایانگرت. دەبێ ئەوەش بڵێم کە کاک سەدیق پێوەندی بە بەدەنەی حیزبەوە نەبوو. کاتێک من لە ساڵی ۱۳۳۷- ۱۹۵۸ لە زیندانی تەورێز ئازاد بووم، هاتە لامو گوتی:

- «غەنی من پێوەندیم بە حیزبەوە نیە، بەلاّم پێمخۆشە بە تاقە کەسی پێوەندیم لەگەڵ تۆ هەبێو مانگی دوو تمەنیش ئەندامەتی خۆم بدەمو قیت هەڵپەڕم، بە شەرتێک تۆ لای هەڤالانت باسم نەکەی.»

کاک سەدیق لە پەروەندەکەیدا باسی ئەو دیاردەیەی نەکردبوو،و ساواکیش بەو رەوتەی نەزانی. کەوابوو دەتوانم بڵێم بەبێ هیچ تاوانێک نزیکەی دە ساڵیان گرت.

پاش شانۆی لێپرسینەوە، ئەندامانی دادگا ئێمەیان لە هۆدەکەدا بەجێ‌هێشتو بۆخۆیان چوون بۆ هۆدەیەکی‌تر تا بەرەسمی دادگاکانی قانوونی بەرواڵەت بەیەکەوە دانیشنو بریار لەسەر وەزعی ئێمە بدەن. زۆری نەخایاند دەرگاکە کرایەوەو ئەوان گەرانەوە بۆ لای ئێمە. هەوەڵ رەحمەتی شەریعەتی‌یان بانگ کردو پاشان عەزیزی یۆسفی‌و نەفەری ئاخر منیان برد. لەبەر دەرگای هۆدەی هۆڵی دادگاوە تا بەر دەرگای ئەو هۆدەیەی کە ئێمەیان دەبردێ، نزیکەی پەنجا سەرباز دەست بەتفەنگ ریز کرابوون. منیش وەک رەحمەتو عەزیز بەو کۆلاّنە دروستکراوەدا تێپەڕیمو چوومە نێو هۆدەکەوە، کە حوکمی دادگام پێڕابگەیەنن. پتر لە بیست ئەندامی ساواکو نوێنەری حکومەتی لە سوچاسوچی هۆدەکە دانیشتوونو هۆدەکە

کپ‌و بێدەنگ بوو. نووسەری دادگا پەنجەی بۆ ڕاکێشام کە بچم ژێر بڕیارنامەی حوکمی ئیعدامی خۆم ئیمزا بکەم. پێنووسەکەم هەڵگرتوو،و ژێر حوکمەکەم ئیمزا کردو گوتم:

- لاتان وانەبێ ئەو بڕیارە بۆ ئێمە شتێکی تازە بێ. بەر لەوەی کە ئێمە دادگایی بکرێین ئاغای «ئەبرۆکەمان» لە تەوریز حوکمی ئیعدامی پێڕاگەیاندین‌و گوتی هەرخۆیشی مەئموری تیرخلاسەو ئاخر گوللەمان لێدەدا. ئیتر ئەو شانۆگەرییەتان لەچی‌یە؟

لە هۆدەکە هێنایانمە دەر. ڕەحمەت‌و عەزیزیان لە ژێر پلیکانەکانی دادگا ڕاگەتبوو،و چاوەڕوانی من بوون، کە بەیەکەوە بمانگەڕێننەوە بۆ زیندان. ڕەحمەت بە پێکەنینەوە گوتی:

- «تۆش موچەی خۆت وەرگرت؟»

- بەڵێ بارێکی گرانە. عەزیز گوتی:

- «دەبێ هەتا پای دار لە کۆڵی کەیت.»

لە کاتێکا هەر سێ‌مان پڕ بەدڵ نارەحەت بووین‌و دەراوی ڕووغمان وەبەر چاو نەدەهات‌و مردنی خۆمان بە هەنگاوێکی پاشگەزنەکراو دەزانی، بە گاڵتەو پێکەنین وەپێش سەربازە چەکدارەکان کەوتین‌و چووینەوە بۆ زیندانی دیژبان.

پاش تەواو بوونی دادگای «تجدیدنظر»، زیندانی بەپێی یاسا دە ڕۆژی ماوە هەیە کە ڕای خۆی بنووسێ‌و داوای دادگای سێهەم بکات، بەڵام لە ئێراندا ئەو مافە بە زیندانی نادرێ‌و ڕژێم ئیزنی بەئێمە نەدا کە داوای دادگای سێهەم بکەین. ئاکامی دادگایان دەبردە لای شاو ئاخر جار ئەو بوو کە بڕیاری دەدا حوکمی ئیعدام بەڕێوە بچێ یاخود بە دەرەجەیەک بەخشین لە ئیعدام چاوپۆشی بکرێ‌و ئیعدامەکە بکەن بە زیندانی ئەبەد. بەمجۆرە پەروەندەی ئێمە بە ئاخرین حوکمی دادگاوە کە ئیعدام بوو، بردرا لای شای ئێران تاکو بڕیاری کوشتن یان زیندانی ئەبەدیان لەسەر بدات.

بەو زانیارییە کە هەرچەندە ژیان تاڵ بێ، بەڵام گیان شیرینە، کاتێک بە کۆڵەباری قورسی حوکمی ئیعدامەوە لە دادگا دەگەڕاینەوە، دڵمان نیگەران بوو،و ترسی مەرگی لێ‌نیشتبوو، بەڵام لەبەر چاوی مەئمورەکانی حکومەتی‌و تەنانەت زیندانی‌یەکانی بەندیکراودا خۆمان شلوێ نەکردو نەمانهێشت زەدەخەنەی سەرلێوەکانمان باری خەمیان لێ بنیشێ.

زیندانی دیژبان دوو قاتی هەبوو. قاتی یەکەمی دوو بەش بوو. بەشێکی زیندانی تاقەکەسی بوو،و بەشەکەی‌تری زیندانی گشتی، کە بەشە گشتی‌یەکەیان بۆ ئەندامانی ئاسایی ئەرتەش تەرخان کردبوو،و بەشەکەی‌تریشی زیندانی سیاسی‌یان تێدەکرد. هەر وەکوو لە بەشی گەڕانەوەم بۆ نێو ڕیزی خەباتدا ڕامگەیاند، لە ساڵی ١٣٢٩- ١٩٥٠دا بۆ

ماوەی شەش مانگان لە بەشە تاقەکەسی‌یەکەی ئەو زیندانەدا بەندی کرابووم. ئەندامە سیاسی‌یەکانی ئەرتەش لە قاتی سەرەوەدا زیندانی دەکرانو ڕێگای زیندانیش بەو قاتەدا بوو. کاتێک لە دەرگای قاتی دوو وەژوور دەکەوتی، دەچوویە نێو دالأنێک کە بە دەرگایەکی ئاسنی میلەدا دەبەسترا. ئەو دەرگایە زیندانی ئەفسەرەکانی لە ئەوانی‌تر جیا دەکردەوە. دالأنەکە چەند هۆدەی تێدا بوو، کە جیا لە بەشی ئەفسەران، ئەوبەری دەرگا ئاسنەکە بەشی دەرەجەداران بوو. لەویندەریٚ هۆدەیەک بۆ منو عەزیزی یۆسفیو ڕەحمەتی شەریعەتیو سمایلی قاسملو تەرخان کرابوو،و ئێمە لەویٚ زیندانی کرابووین. پەنجەرەی ئێمە دەیڕوانیە حەوشەی دیژبانو ژێر پەنجەرەکەمان شوێنی پارکی ئوتومبیلی کارمەندانی دیژبان بوو.

لە هۆدەیەکی‌تری زیندانی دیژباندا کەسێک زیندانی بوو بە ناوی «عەلی بەهاری»، کە پاشان هێنایانە لای ئێمە. ناوبراو ئەندامی ڕێکخراوی «فیدائی‌یان ئیسلام» -نەوابی سەفەوی- بوو، کە بەتاوانی دارشتنی پلانی کوشتنی سەرلەشکر «ئازمودە»ی جەللادو جنایەتکار لە دادگای یەکەمدا بە ئیعدام مەحکوم کرابوو، بەلأم لە دادگای دووهەمدا ژمارەیەک مەلای بەدەسەلأت توانیبوویان حوکمی ئیعدامەکەی بشکێننو بۆی بکەن بە پازدە سالْ. بەهاری گەنجێکی ۲۳ سالەی زۆر مێهرەبان بوو. ناوبراو، کە دیتی ئێمەیان گەڕاندەوە، بەرەوپیرمانەوە هاتو گوتی:

- «شێرن یان ڕێوی؟» من بەپێکەنینەوە گوتم:

- سەرمان شێرەو بنمان ڕێوی. عەلی گوتی:

- «وێکڕا دەمرین. مردن لەگەلْ دۆستان جێژنەیە.»

کاتێک گەیشتینەوە نزیکی هۆدەکەمان داریوشی فروهەر ئاکامی دادگای لێپرسینو هەرکە زانی دادگای دووهەم حوکمی ئیعدامی دادگای ئەوەلی پەسند کردووە، پێی‌تێکچوو،و بۆ لاواندنەوەی ئێمە گوتی:

- «از این درخت به آن درخت فرجی است» واتە، لەم دارە بۆ ئەو دار پەرین هیوا.

چوار ڕۆژ بەسەر حوکمی ئیعدامی ئێمەدا تێپەری. من لە ناخی دلْمەوە ئالۆزو خەمبار بوومو لەبەر پەنجەرەی هۆدەکە دانیشتبوومو بۆ لاواندنەوەی دلْی خۆمو هەڤالأنم نارنارۆکانم دەگوت. لەو حالْەدا بینیم کاک ڕەحمەتی شەریعەتی کە هەڤالْی زۆر نەجیبو مێهرەبانمان بوو، چۆتە گۆشەیەکی هۆدەکەو وەک هەوری بەهاران فرمێسک هەلْدەوەرێنیو خەریکی نووسینی وەسێت نامەیە.

ڕەحمەت ژنو پێنج منداڵی هەبوو. ناوبراو پێشتر کارمەندی ئیدارەی مالْیەی سنە بوو،و

جیا لە موچەی حکومەتی کە بۆ منداڵەکانی بەجێ‌هێشتبوو، چی‌تری نەبوو. باوکی رەحمەتیش «یادی بەخێر بێ» هەر لەو ئیدارەیە کاری دەکردو خانەنشین کرابوو، بەڵام بەدوای گیرانی رەحمەتدا دەستی بەکار کردبۆوە، کە ئەوە تەنیا ئومێدی ژن‌و منداڵەکانی رەحمەت بوو. گریانی خەمبارانەی رەحمەت هەستی منیشی بزواندو خەمی چەند قات کردم. منیش تازە زاوا بووم‌و خەبەری لە دایک بوونی دوو کچۆڵەی دوانەم لە ژێر ئەشکەنجەی ساواک لە زیندانی تەوریزدا لە «کەریمی خامچی» خەڵکی مەهاباد بیست، کە بە دوای ئێمەدا گیرابوو. عەزیز دڵی پڕ ببوو،و خۆی لە ژێر پەتو خزاندبوو، کە چاوی بە ئێمە نەکەوێ. بەدوای دادگای یەکەمدا، من وەسیێتنامەیەکی کورتم نووسیبوو،و دابوومە دەست «قاسمی خوسرەوی» کە لەگەڵ ئێمە گیرابوو، تا لە دەرفەتێکی لەباردا بۆ بنەماڵەکەمی بنێرێ. عەزیز لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە تۆ بۆچی وەسیێتنامە نانووسی؟ گوتی:

- «چ بنووسم. نە ماڵم هەیەو نە ژن‌و منداڵ. کابرایەکی سەڵتەم. زۆر کەس بەسەرهاتی ژیانم دەزانێ‌و پەکیشم بەوە ناکەوێ، بەمردوویی لە مێژووی خەباتی کورددا باسم بکەن. دڵنیام مردنم بۆ پەز زیانی نیەو رەنگە تا زیندووش بم کەس چاوی بەرایی نادات تەماشام بکات‌و گەلێکیشم زەم‌و سەرکۆنە دەکەن‌و دەڵێن بۆچی خۆت دەئاور هاویشتووەو بۆچی کارو کاسپیک نادۆزییەوەو منداڵی خەڵک تووشی سیاسەت‌و چەرمەسەرە دەکەی، بەڵام لە دوا رۆژدا گەلێکم خزم‌و دۆست بۆ پەیدا بێ‌و ئەوان پێم‌هەڵبڵێن.»

- کاکی خۆم، خۆ ئێمەش بیرەوەی نانووسین. چەند دێڕێک دەنووسین بۆ منداڵەکانمان تا ئەوان بزانن ئێمە لە ڕێگای نەتەوەکەماندا گیانمان لەدەست داوە.

- «مرۆڤی‌تر هەن کە لەجیاتی من ئەوە بڵێن لەدوا رۆژدا.»

لەو کاتەدا، کە لەبەر پەنجەرەی هۆدەکەمان دانیشتبووم‌و بە گوتنی نارنارۆکان دڵی خۆم دەلاواندەوە، لەپڕ چەند ئوتومبێلی «کەمانکار»ی تۆز لینیشتووی ئەرتەشیم بینی، کە هاتن لە پارکینگی دیژبان قوت بوونەوەو دە پازدە گروبانی چەکداری سوپای سێی مەهابادیان لێ دابەزین. من گروبانەکانم دەناسین. لەنێو ئەواندا گروبان «خروسی»و گروبان «مەنسووری» ملهۆرو نەفام دەبیندران. گروبان خروسی گۆایە لەو کەسانە بوو، کە لە ئیعدامی ئەندامانی سازمانی سەربازی حیزبی توودەدا بەشداری کردبوو،و مەئموری «تیر خلاس»ی ئیعدام کراوەکان بووە. من بەدیتنی ئەوان دەنگم کپ بوو،و دەنگم برا، کە رەحمەت گوتی:

- «کاکە بۆچی نارنارۆکەت بڕی؟»

- ئیتر بەسیەتی ماندوو بووم.

رەحمەت‌و عەزیز بەهاتنی گروبانەکانیان نەزانی‌و منیش ئاگادارم نەکردن. لە دڵمدا

گوتم، ئێستا کە خۆم نیگەرانم بۆچی ئەوانیش نارەحەت بکەم. دڵنیا بووم، ئەوان هاتبوون ئێمە بەرنەوە مەهابادو لەوێ ئیعدامان بکەن. ئەو شەوە خەو بەچاومدا نەهاتو تا بەیانی لەسەر جێیەکەم جنگڵمدا. بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر نیوەشەو هاتن ئێمە بەرنەوە، چۆن عەزیزو رەحمەت وەخەبەر بێنم.

شەو، بە شوشەی پەنجەرەکەدا ئەستێرەکانی ئاسمانم دەبینی کە دەدرەوشانەوەو بروسکەیان دەدا. زریوەی ئەستێرەکان لە گوێمدا دەزرینگایەوە. لایەکی پەنجەرەکە ئاوەڵە بوو. بە ئاسپایی هەستامو چووم تەماشای ئوتومبێلەکانم کرد. وڵات بێدەنگو ئارام بوو. دەنگی بەسۆزو خەمباری «کوند»ێک، کە لەسەر چلی دارێک هەڵنیشتبوو، بێدەنگی شەوی شکاندو لە قوڵایی تاریکی شەودا نوقم دەبوو. بیرم لە ژنو منداڵو کەسو کارم دەکردەوەو دەمگوت، داخوا لە مەهاباد ئیزنم پێدەدەن پێش ئیعدام ئاخر دیداریان لەگەڵ بکەمو چاوم بەخۆشەویستەکانم بکەوێ. هەیاران ئێستا خێزانی رەنجەڕۆم خەونی ئاڵۆز دەبینی. مەرزە جارو بار کوتە کاغەزێکی بۆ دەناردمو دەینووسی: **«هەموو شەوێ لە خەودا بە جلی سپیەوە دەبینمو گەلێکت بۆ نیگەران دەبم. ئاخوا جلی سپی رووناکاییە یان مانای خەراپی هەیە».** ئەو قەت مانا خراپەکەی نەدەنووسی، بەڵام مەبەستی لە «کفن» بوو. رۆژێک لە مەهاباد دەنگۆ داکەوتبوو کە ئێمەیان بردۆتەوە لەوێ ئیعدامان بکەنو لە قشڵەی سەربازییان داناوین. خێزانمو خزمان بە کۆمەڵ خۆیان گەیاندبووە سەربازخانە، بەڵام بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو خەبەرە راست نیە.

داریوشی فروهەر زۆرجاران خەبەری رادیۆکانی بۆ دەگێرایەنەوەو دەیگوت ژێنرال «دوگل»و «ئاندرە مالرۆ» نووسەری پایە بەرزی فەرانسیو «سوکارنو»و «عەبدولناسر»و... داوایان لە شا کردوە کە ئێمە نەکوژن. هەوڵی هەڤالانی حیزبی دێموکرات لە رێکخراوی بەخشینی گشتی زیندانیانی جیهانو خۆپێشاندانی کوردان لە باشووری کوردستان واتە کوردستانی بندەستی عێراقو دەنگوباسی تری لەم بابەتانە لە ئورپا، کە چەند نومنەیان کە کۆتایی ئەو بەشەدا دەنووسم، دەبوونە هۆی لاواندنەوەی دڵی ئێمە.

ئەو شەوە تابەیانی چاوم وێک نەناو خەو بەچاوانمدا نەهاتو تەواوی رابردوی ژیانم وەک پەردەی سینەما بە بەر چاوەکانمدا تێدەپەڕین. زیندانو دەربەدەرییەکانی پێشووم، ئاوارەییو بیرەوەرییەکانی تاڵو شیرینیو سەرئەنجام یادی دایە پیرەی گوندی «ئامێدی» هەوێنی بیری ئەو شەوە تاڵەم بوو.

دوای کودیتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ لەگەڵ عەزیزی یۆسفی رێمان لە ئامێدی کەوت. هەرچەندە ماڵی ئاغا لە نیوەڕاستی گوندەکە هەڵکەوتبوو،و خانووبەرەیەکی دووقاتی خۆشی

هەبوو،و دەکرا بچین میوانی بین، بەڵام ئێمە رومان لە هەوەڵین خانووی ئاوایی کرد. خانوەکە بە دابی لادییەکانی مەنگوڕایەتی دروست کرابوو. عەرزیان کۆڵیبوو. لای پشتەوەی ماڵەکە پاڵی بە کێو دابوو،و سێ لایەکەیتری بە بەردو قوڕ هەڵچندرابوو. تاقە هۆدەیەکی بەرفراوانی لەپاڵ تەویلەیەک هەبوو. وەژوور کەوتین، بینیمان دایە پیرە تەندوری داگیرساندەو بڵێسەی ئاگر پڕ بە زارکی تەندورەکە هاڵاو بۆ میچی ماڵەکەی دەباو بۆخۆیشی خەریکی ماڵ ماشتنە. بە دابی کوردەواری دەستی راستمان بەرز کردەوەو سڵاومان کرد. دایە پیرەی پشت چەماو، سەری بەرز کردەوەو بە چاوەکانی کەم سۆی، چاوی دەئێمە بڕیو گوتی:

- «ئەی سەرچاوان».

- دایە میوان رادەگری؟

- «میوان سەرچاوان. بەخێر هاتن.»

زوو تاقە لبادی ماڵەکەیو حەسیریکی شڕی لە پاڵ تەندورەکە بۆ راخستینو گوتی فەرموون دانیشن. لە بان لبادەکە دانیشتینو دایە پیرە گوتی:

- «ئوغرو خێر؟»

- خەڵکی شارینو لێمان قەوماوەو رامان کردوە.

دایە پیرە بە دڵی پڕ لە ئێشو ئۆفەوە گوتی:

- «لاڵ بم کەسکو سووری سابلاخی، لە ماڵو کەسو کار پەرەوازە بوون. رەبی ماڵی ئەو عەجەمانە بەقوڕ گیرێ کە ناهێڵن کوردی مەزلوم بحەسێتەوەو دەیکوژن. ئێستا لێم حاڵییە ئێوە کێن. سەرچاوم هاتن ماڵی خۆتانە.»

بڵێسەی ئاگری تەندور دامرکاو بەرە بەرە بۆە ژیلەمۆ. دایە پیرە کەترێکی حەوجۆشی پڕ لە ئاو کردو هێندێک چای تێکردو رۆیهێنشتە خوارێو لە سەر ژیلەمۆیەکەی داناو چەند قرۆشکەی لیچو لێو خواری شین، بەڵام خاوێنی لەسەر سینییەک داناو نایە بەر دەستی ئێمە.

کات بەرە بەرە بەسەر دەچوو. لادییەکان لە مەزرا دەگەڕانەوە. دایە پیرە دوو کوڕی سیو هەژدە ساڵانەو دوو کچی بەشووی هەبوو. بووکی کورە گەورەکەی سێ منداڵی قژنی هەبوو. هەموو بەیەکەو وەژور کەوتنو هەرکە چاویان بە ئێمە کەوت هەرکام بەنۆرەی خۆیان بەخێرهاتنیان کردینو لە دەوری تەندوورەکە دانیشتن. پاش هێندێک باسو لێدوان، دایە پیرە قەڵانگی رۆهێنشتە نێو تەندوورەکەو کەترییە حەوجۆشەکەی دەرهێناو قرۆشکەکانی پڕ کرد لە چاییو لە پێش ئێمەو منداڵەکانی دانا. قاپێکی داری پڕ لە کشمیش لە پێش

منداڵەکانی داناو هەستا سەرپێو چوو پرێسکەیەکی سپی لە سندووقێکی تەختەی تێنکقرماوی بۆر بە دووکەڵی تەندور دەرهێناو هاتەوە لامان. پرێسکەکەی کردەوە، دیتمان دوو بەردی خاوێنو کلۆ قەندێکی تێدایە. کلۆ قەندەکە نزیکەی سێسەد گرەم دەبوو. دەستیکرد بە شکاندنیو پاشان قەندە شکاوەکانی لە پیاڵەیەک کردو لەپێش منو عەزیزی دانا. کورە گەورەکەی بە پێکەنینەوە وەدەنگ هاتو گوتی:

- دایە! ئەدی بۆچی ئەو قەندەت نەداوە بە ئێمەو چەند ساڵە چای بە کشمیش دەخۆینەوە؟ دایە پیرە لە وڵامدا گوتی:

- «رۆڵە گیان! ئەو کلۆ قەندە تەنیا سەرمایەی منە کە رامگرتووە بۆ رۆژێکی واڵە کە میوانی خۆشەویستم بێتو لەپێشی دانێم. ئەم لاوە باشانە ژیانی خۆیان بۆ رزگاری ئێمە تەرخان کردووەو دەربەدەرو ئاوارە بوون. ئەوان کۆشکی دووقاتی ئاغایان بینیوە، بەڵام سەری منیان بەرز کردۆتەوەو هاتوون بوونەتە میوانی منو منیان بەسەر کردۆتەوە. جا بۆیە ئەو قەندانەیان لەپێش دادەنێم.» کورەکەی گوتی:

- حەق بەتۆیە دایە گیان، رووت سپی بێ.

منو عەزیز کە بە تەواوی کەوتبووینە ژێر تەسیری وتەکانی دایە پیرە لە وڵامدا گوتمان:

- ئێمەش کوری تۆو خزمەتکاری گەلەکەمانین. پێشوازی تۆ لە ئێمە هەموو دەردو ئازارێکی لەسەر پەڕاندینو ئیمانی بە خەباتو تێکۆشان پتەوتر کردین.

بە زیندوو بوونەوەی بیرەوەی دایە پیرەی ئامێدی هێندێک حەسامەوەو گوتم ئێمە لە رێگای ئینسانی ئاوا دڵسۆزی کورددا دەمرین. دەبێ دڵم قورس بێو لێنم سوور بێ کە هەستی دایە پیرەو بنەماڵەکەی نموونەی هەستی نەتەوەیی ئێمە سەبارەت بە تێکۆشەرانی رێگای ئازادیو رزگاری گەلەکەمانەو با گوێ نەدەمە قسەو قسەلۆکی چەند کەسێکی چاوچنووکی ترسەنۆک.

بەیانی زوو لە جێگە هاتمەدەر. عەزیزو رەحمەتیش هەستانو بەیەکەوە بەرچاییمان خواردو خۆمان بە خوێندنەوەی رۆژنامە کۆنی داریوشی فروهەرەوە سەرگەرم کرد. سەعاتی نۆی بەیانی، سەرهەنگ «موبەین» جێگری سەرهەنگ «زروفی» سەرۆکی زیندان دەرگای هۆدەکەی کردینەوەو دوای ئەحواڵ پرسین، لەحاڵێکدا زەردە خەنەی بەلێوانەوە بوو، گوتی:

- «غەنی، تۆ لیباسەکانت دەبەرکە لە دادستانی ئەرتەش ویستوویانی. نیگەران مەبە شتێکی گرنگ نیەو بۆ کارێکی ئاسایی قسەت دەگەڵ دەکەن.»

سەرهەنگ موبەین ئەفسەرێکی بە رەچەڵەک ئازەربایجانی بوو، بەڵام ژنەکەی کوردی خەڵکی سنە بوو. لەبەر ئەوە گەلێک حورمەتی دەگرتین. ناوبراو هەموو رۆژی بەیانان کە

دەهاتە زیندان سەری ئیمەی دەداو دڵخۆشی دەداینەوەو پاشان بە گروبانەکانی زیندانی دەسپاردین کە سەخڵەت نەبینین.

لیباسەکانم کردە بەرم. عەزیز، رەحمەت، سمایلو عەلی بەهاری لە پەنام راوەستابوونو دەیانلاواندمەوەو دەیانگوت، بانگ کردنی دادستانی ئەرتەش ئاسایییەو جێگەی نیگەرانی نیە. بەڵام، خۆم بە چاو کەمانکارەکانی پڕ لە گروبانی ئەرتەشیم دیتبوو،و لام روون بوو دەمبەنەوە بۆ مەهابادو ئیعدامم دەکەنو بەشوێن منیشدا رەحمەتو عەزیز دێن، بەڵام بەو حاڵەش وەسەر خۆم نەهێنا. منو رەحمەتو عەزیز هەرکاممان قاتێک کۆتو شەڵوارو کراسو کراواتی تازەمان ئامادە کردبوو،و بریارماندابوو کاتێک بردیانین بۆ ئیعدام ئەوان بکەینە بەرمان. ئەوە بوو کاتێک من جلەکەم هێنا دەبەری بکەم، رەحمەت گوتی:

- «بەرای من ئەو لیباسانە هی رۆژی تایبەتینو باشترە ئەمرۆ دەبەریان نەکەی. هیچ خەبەر نیەو بەتەنیا تۆ بۆ ئیعدام نابەن.»

- ئەگەر بردیانمو نەگەرامەوە لیباسەکانم لەکیس دەچی.

- «ئەگەر منو عەزیزیان قاو کرد، بۆتی دێنین.»

چونکە من لە لای خۆم دڵنیا بووم بۆ ئیعدام کردنم دەبەن، گوێم بۆ قسەکانی رەحمەت شل نەکردو جلەکانم کردە بەرم. عەزیزو رەحمەتو دوو کەسەکەیتر دەستیان دەمل کردمو لە کاتێکا ئەسرین لە چاوەکانماندا قەتیس ببوو، لێک جیا بووینەوە. دوو گروبانو دوو سەرباز لەبەر دەرگای زیندان لە پشت میلە ئاسنەکان راوەستابوونو چاوەرێم بوون. داریوش فروهەرو ئەفسەرانی زیندانی گشت لەبەر دەرگای هۆدەکەیان راوەستابوون. داریوشی فروهەر دەستی لە مل کردمو گوتی:

- «دڵت پتەو بێ.»

من لە حاڵێکدا زەردە خەنەم لەسەر لێوان بوو، گوتم: سوپاست دەکەم.

دەرگاکە کرایەوەو لە پێش چاوی زیندانییەکان کۆتو زنجیر کرامو چاوەکانیان بەستم. بەم کارە ئیتر شکم براو زانیم دەمبەن بۆ ئیعدام، بەڵام کابرای گروبان گوتی:

- «ئەوە دابی ئیمەیە، کەسێک لە زیندان راگوێزین چاوی دەبەستین. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە بە ئیعدام مەحکوم کرابێ.»

دەستیان گرتمو لە پلیکانەکانی زیندان کە دوو قات بوو بردیانمە خوارێو سواری ئوتومبیلیان کردمو رێ کەوتین. دادستانی ئەرتەشو دیژبان مەودایەکی زۆریان نەبوو. گروبانەکان قۆڵیان گرتمو وەسەر پلیکانیان خستمو لەبەر دەرگای هۆدەیەک رایانگرتمو دەستو لاقو چاویان کردمەوەو بردیانمە ژووری هۆدەکە. هۆدەکە پەنجەرەیەکی تێدابوو.

وەزیریو لیقوانی لە راستو چەپی پەنجەرەکە دانیشتبوون. منیان لە روو بەرووی ئەوان راگرت. وەزیری بەتەوسەوە حالی پرسیمو گوتی:

- «لە چ حالێک دای.»

- زۆر خراپ نیم.

- «تۆ تازە ژنت هیناوەو دوو مندالی ساوای دوانەشت هەیە. ئەگەر بۆ خۆت بەپەرۆش نیێ، خەمی ئەوانت بیێ. ناوی کچەکانت چیە؟»

- نەشمیلو هێرۆ.

- «ئەوە چ ناوێکن؟»

- کوردین.

- «مانایان چیە؟»

مانای ناوی کیژۆلەکانم پیێ گوت. رووی لە لیقوانی کردو بە تەوسەوە گوتی:

- «تەماشای مانای ناوی کچەکانی بکە. ئاغا کوردە.»

وەزیری لەو بابەتەوە کە ناوی کچەکانم کوردی بوون، زۆر تورە بوو، بەلاَم چارەی نەبوو. ناوبراو رووی تێکردمو گوتی:

- «پرسیارێکت لێدەکەم، ئەگەر راست بێژی بەگیانی خاوەن شکۆ داوای یەک دەرەجە بەخشینت بۆ دەکەمو ناهێلم ئیعدامت بکەن. تۆ دەزانی چوار رۆژت زیاتر عومەر نەماوە. دە رۆژ پاش دادگای دووهەم ئیعدام دەکریی؛ ئامادەی وەلاَمی دروستم بدەیەوە یان نا؟»

- ئەگەر پرسیارەکەت پێوەندی بەمنەوە هەبیێ، وەلاَمی دروستت دەدەمەوە.

- «ئەبریشمی دەناسی؟»

- ئەوەی دەرمان فرۆش؟

- «بەلیێ.»

- بەلیێ دەیناسم.

- «ناوبراو پێوەندەی بە حیزبەوە هەیە؟»

- نازانم.

- «چۆن نازانی؟ ئەو کاتی خوێندن لە تەوریز سیێ مانگ گیراوە؟»

- من بۆچی دەبیێ بزانم ئەو گیراوە؟

- «وەک بزانی پێوەندی بە سلێمانی موعینییەوە هەبووە؟»

- نازانم!

وەزیری رووی کردە لیقوانیو گوتی: «پێمگوتی وەلاَم ناداتەوە.» ئینجا هەستا سەرپیێو

بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی لێدام‌و گوتی: «تۆ بۆ مردن باشی.» دەنگی گروبانەکانی‌داو گوتی: «وەرن بیبەنەوە شوێنی خۆی، تاکو بە خزمەتی دەگەن.»

بەمجۆرەی هێنابوویانم، گەڕاندیانمەوە بۆ زیندان. لەبەر میلەکانی زیندان عەزیز، رەحمەت‌و دوو کەسەکەی‌تر لە هۆدەکەیان دەرپەڕین‌و لەبەر میلەکەکان راوەستان‌و داریوشی فروهەریش لە هۆدەکەی هاتە دەرو لەبەر دەرگاکەی پرسی:

- «چ بوو؟»

چەند پرسیارێکیان لێکردم. کە چوومەوە نێو هۆدەکەمان رووم کردە عەزیزو رەحمەت‌و گوتم:

- ئێوە بۆچی خۆتان تێک ناوە؟

- «بە دوای بردنی تۆدا، ئێمەش چاوەڕوان بووین بەشێوێنماندا بێن. بەراستی لامان وابوو تۆیان برد ئیعدامت بکەن. چ بوو، بۆچیان بووی؟»

رووداوەکەم بۆ گێڕانەوە. ئەوان بە بیستنی حەسانەوەو لەسەر جێیەکانیان دانیشتن‌و هەناسەیەکی قوڵیان هەڵکێشا. منیش لیباسەکانم دەرهێنا. سمایل‌و عەلی سفرەیان راخست‌و چاوەڕوان بووین خواردنی سەربازیمان بۆ بێ. پاش خواردنی فراوین، سمایل چای وەسەرناو منیش بە ئاسپایی‌و بەبێ ئەوەی ئەوان هەست بکەن لە پەنجەرە نزیک بوومەوەو چاوم لە پارکی ئوتومبێلەکان کردو بینم «کەمانکار»ەکان هەر لەوێن. ئەو رۆژە تا شەوێ لە دالانی زیندانەکە پیاسەم کردو چاوەڕوانی ئەو کاتە بووم، کە بماندەنە دەست گروبانەکانی رەوانە کراوی مەهابا. شەو کاتی شیو خواردن عەزیز پرسی:

- «ئەمڕۆ تەواوی رۆژ چاوم بە تۆوە بووە، کە هەوڵت دەدا بە تەنیا پیاسە بکەی‌و خۆت لە ئێمە دوور رادەگرت. پێمخۆشە بزانم لەچی نارەحەتی؟»

- بیر لەوە دەکەمەوە چۆن بە ئەبریشمی رابگەیەنم، کە وریای خۆی بێ‌و لە داوی ساواک نەکەوێ.

- «تۆ کە گوتووتە پێوەندی بە تۆوە نەبووە، باشترە چی‌تر خۆتی پێوە ماندوو نەکەی. ئەگەر بیانەوێ بیگرن هۆیەکی بۆ دەدۆزنەوە. ئێمە پێوەندیمان بەکەسەوە نیە کە پێیرابگەیەنین»

ئەو شەوەش بۆ دووهەم شەو تا بەری بەیانی خەو بەچاوەکانمدا نەهات‌و جارجارە هەڵدەستام‌و لە پەنجەرەکەوە چاوم لە ئوتومبێلەکان دەکردو ئەوانم بە قاتڵی خۆم دەزانین. کاتێک ئاسۆی رووناکی دڵی شەوی بڕی، ئیتر دڵنیا بووم کە ئەو شەوەش رابردو کەس بەشوێنماندا نایەت. لە نێوان خەو بێداریدا کۆتری خەیاڵم پەڕی گرت‌و منی بۆ سەردەمی

لاوەتیم بردەوە، کە لەگەڵ دەستەی یاران بیٚخەیاڵ لەو ڕۆژە تاڵە لە باخی میکایلی کۆ دەبووینەوەو لە گۆمی پردی سوور مەلەمان دەکرد. شەوگەڕیمان دەکرد بە دەنگی زولاڵی محەمەدی مامڵیو خەلیلی سەدیقی دڵی چیا سەربەرزەکانی «کانی شێخان»و «سیٚبەردان»مان دەدڕیو لە شاییو زەماوەندی گەڕەکەکانی شاردا بەشداریمان دەکرد. ئینجا چەرمە سەرییەکانی زیندانو دەربەدەرییەکانم کاسەی خەیاڵیان پڕ دەکردمو وەک پەردەی سینەما بە بەر چاومدا داهاتن. بەو خەیاڵانەوە خەوم لێکەوتو بەیانی هەتاو گزنگیدا بوو کە هەڤاڵان دەنگیان دامو گوتیان رابە ڕۆژە.

دوای خواردنی بەرچایی، خۆمان کۆ کردەوەو هەرکام لەسەر جێگەی خۆمان دانیشتین. ڕۆژانە تا تەواو بوونی کاری ئیداری لە ژورەکەماندا دەماینەوەو پاشان دەمانتوانی بچینە دالانی زیندانو پیاسە بکەین. ئێوارانە جیا لە ئێمە، زیندانییەکانیتر مافیان هەبوو بچنە حەوشەی زیندانو بۆ ماوەی سەعاتێک لەویٚ پیاسە بکەن.

هەڤاڵان خەریکی خوێندنەوەی کۆنە ڕۆژنامان بوون، کە هێندێک دەنگی نا ئاسایم لە حەوشەی زیندان بیست. بەهێمنی هەستام لە پەنجەرەکە نزیک بوومەوە، دیتم گروبانەکانی ناردراو لە مەهابادەوە خەریکن دەڕۆنو دۆستەکانیان بەرێیان دەکەن. بەدیتنی ئەو دیمەنە دڵم گەشایەوەو قاوی عەزیزو ڕەحمەتو ئەوانیترم کرد. هەموو هاتنە بەر پەنجەرەکەو من گروبانەکانم پێشاندان. عەزیز ئەوانی دەناسیو هەرکە ئەوانی دیت گوتی:

- «غەنی ئەوانە بۆ ئێمە هاتوون، کە بمانبەنەوە مەهابادو ئیعدامان کەن!»

عەزیز بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر نارەحەت بوو، بەلاّم من بەپەلە هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوەو گوتم:

- ئیتر ترسم برا، چونکە ئەوانە بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە مەهاباد.

عەزیز ئەهوەن بۆوەو ڕەحمەت گوتی:

- «زۆرت سوپاست دەکەم کە لە ڕۆژی هەوەڵەوە ئەو ڕەوتەت بە ئێمە نەگوتووە.»

بەراستی هێمن کردنەوەی دەروونی ئینسان لەو هەلومەرجانەدا ئاسایی نیە. گیان خۆشەویستەو ژیان بە هەموو تاڵو سوێرییەوە لە مەرگ شیرینترە، بەلاّم لەهەموو شتێک تاڵتر ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ڕزگار کردنی گیانی لە سنوورێکی تایبەت تێپەڕیٚ. زۆر کەس ئامادە نابن لەو سنوورە تێپەڕنو بۆ ڕزگار کردنی خۆیان سەر بۆ دوژمن شۆڕ کەن.

بەر لەوەی سمایلی قاسملو بگیریٚ، عەزیزی یۆسفی لە زیندانی «قزلقەلعە»دا بوو. ئەو کاتە، ساواک ویستبووی مامڵە لەگەڵ عەزیز بکات. بۆ ئەم مەبەستە داوای لێکردبوو، ئەگەر بەنووسراوە بەڵێنی بدات بە ساواک کە هاوکارییان لەگەڵ بکات، لە زیندان ئازادی

دەکەن. ساواک ویستبووی عەزیز بنێرێتەوە بۆ نێو حیزبی دیموکرات تا لەنێو حیزبدا کاری بۆ بکات. ساواک سێ رۆژی ماوە دابوو بە عەزیز کە رای خۆی رابگەیەنێ. عەزیز ئەو کات لەگەڵ موهندیس «عەلەوی» یەکێک لە رێبەرانی حیزبی تودە لە هۆدەیەکدا دەبێ. عەزیز کە لە ساواک دەگەڕێتەوە، عەلەوی لێی دەپرسێ:

- «ساواک بۆچی بووی؟» عەزیز لە وڵامدا دەڵێ:

- داوای هاوکاریم لێدەکەن.

- «چت وڵام دانەوە؟»

- سێ رۆژیان ماوە داوم کە وڵامیان بدەمەوە.

- «رات چیە هاوکارییان لەگەڵ دەکەی؟»

- زۆرم لەبەر گرانە مل بۆ کاری پیس‌و گڵاوی ئاوا راکێشم. تەنانەت ئەگەر بەدرۆو فیلْ کردنیش بێ، ناتوانم پێیان بڵێم هاوکاریتان دەکەم.

- «دەکرێ بۆ هەڵخەڵەتانی ساواک بۆیان بنووسی‌و خۆ دەرباز بکەی‌و بچی‌یە کوردستانی عێراق‌و درێژە بەکاری سیاسی خۆت بدەی.»

- بەڵێ، ئاسانە و دەکرێ، بەڵام دوا رۆژ لەنێو هەڤاڵان‌و خەڵکدا چۆن سەر هەڵێنم؟ ئەگەر زار بکەمەوەو قسان بکەم لە دەمم دەدەن‌و دەڵێن برۆ برۆ تۆ ئەو کەسە بووی، کە سەرت بۆ ساواک شۆڕ کردو نەتوانی چەند ساڵ زیندانی بکێشی؟ نا، قەت من ئەو کارە ناکەم، تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانیشم تەواو بێ.

- «دیارە ئەوە راستە، بەڵام لە رەوتی خەباتی سادقانەدا جێی لۆمە نامێنێ.»

- رەنگە کەسی وا پەیدا بێ مل بۆ نووسینێکی ئاسایی راکێشێ، بەڵام بەراستی من ناتوانم‌و دژی پێشنیارەکەیان رادەوەستم.

عەزیز هەر بەمجۆرەی کرد کە بە موهندیس عەلەوی گوتبوو،و سەری پیاوانەی بۆ دوژمن شۆڕ نەکردەوە. جاری دووهەمیش کە من‌و عەزیز لە زیندانی قزلقەلعە چاوەڕوانی ئیعداممان دەکرد، بەیەکەوە دانیشتین‌و لەسەر ئیعدام‌و زیندانی درێژخایان قسەمان کردو هاتینە سەر ئەم باوەڕە کە ئەگەر ئیعدامیان کردین بەسەری بەرزو بەدانی دروشمی «بژی کوردستانی ئازادو سەربەخۆ» بچینە پای داری ئیعدام. چونکە شێوەی ئیعدامەکەمان روون نەبوو، بڕیارماندا ئەو رازە لای خۆمان راگرین‌و لای کەسی نەدرکێنین. تەنیا ئەوە پێویست بوو لەبەر چاوی بگرین، کە لە دادگاکاندا دوژمن تووڕە نەکەین‌و هێدی‌و هێمن بین‌و دژی ئەشکەنجە بدوێن. گوتمان ئەگەر ئیعدامیان نەکردین‌و زیندانی‌یان بۆ بڕینەوە خۆ رادەگرین‌و بۆ رزگاری خۆمان مل بۆ ویستی دوژمن راناکێشین‌و تەنانەت هەڤاڵانی‌تریش هان دەدەین تەسلیمی ویستی دوژمن نەبن.

سەرلە بەیانی رۆژی ۲۳ی مانگی گولانی سالی ۱۳۳۹- ۱۹٦۰، تەنیا سێ رۆژمان بۆ ئیعدام مابوو بە کاک رەحمەتیان راگەیاند لیباسەکانی بکاتە بەری‌و کارییان پێیەتی. بانگ کردنی رەحمەت ئەمجارە ئێمەی ئالۆز کردو لای خۆمان گوتمان رەنگە رەحمەت بەرنەوە بۆ سنەو ئیعدامی بکەن. رەحمەت جلی نوێ دەبەر کردو کراواتی بەست‌و وەکو من بە روالەت زەردە خەنەی لەسەر لێوەکانی بوو. دەستمان لە ملی کردو بەرەو میلەکانی زیندان وەرێ کەوت. تەنیا کەسێک لەبەر دەرگاکە چاوەڕوانی بوو. رەحمەتیان زنجیر نەکرد. ئێمە زۆرمان پێ سەیر بوو. لە لای خۆمان گوتمان رەنگە لە دەفتەری زیندان زنجیری بکەن. رەحمەتیان بردو ئێمەش بە پەرۆشەوە گەڕاینەوە هۆدەکەمان. دەرگای هۆدەکەمان ئاوەلە بوو، دەستەو ئەژنۆ دانیشتبووین‌و چاوەڕوانی خەبەری رەحەت بووین‌و لامان وابوو دێن ئێمەش دەبەن. لەپڕ رەحمەت گەڕایەوە. ناوبراو لەوبەری میلەکانی بەر دەرگای زیندان راوەستابوو،و لە حالێکدا پێکدەکەنی، دەستی بۆ رادەوەشانیدین. ئێمە دلمان کرایەوەو سێبوریمان هاتێ. هەرکە پێی لە دالانەکەی لای خۆمان نا، عەزیز پێی گوت:

- «خۆش خەبەر بی؟» رەحمەت لە ولامدا رایگەیاند نەباش‌و نەخراپ. ئەمجارە رەحمەت لیباسەکانی دەرهێناو بەرێکوپێکی نایەوە نێو بوخچەکەی‌و دانیشت‌و گوتی:

- «بابم بوو. بابم پەیامی سەرلەشکر تەیموری بەختیاری بۆ هێناوین. ساواک دەلێ: ئەگەر ئێمە رازی بین لەسەر ویستی ئەو شەریتێک پڕ بکەینەوە، بەلێنی دەدات لە ئیعدام رزگارمان بکا.»

عەزیز بە پێکەنینەوە ولامی دایەوەو گوتی:

- نرخەکەی چەندە، بێگومان دەبێ ئەو شریتە لە دەقی وتاران تۆمار بکەین. کردەوەو رابردووی خۆمان بخەینە ژێر پێ‌و مەحکومیان بکەین‌و خۆمان بە خاین بە رژیمی پاشایەتی بناسێنین‌و لە شای ئێران بخوازین بە گەورەیی خۆی لێمان ببووری‌و بمانبەخشی‌و ئێمەش بەلێنی دەدەین مرۆڤێکی خزمەتکارو بە ئەمەک بین بۆ رژیمی شاو دەولەتی ئێران. عەزیز لە درێژەی قسەکانیدا بە گالتە گوتی ئەدی خودموختارییەکەمان چی لێدێ، داخوا شا لە بەرامبەر ئەو کارەی ئێمەدا خودموختاری بە کورد دەدات؟ رەحمەت پێکەنی‌و گوتی:

- «ئەگەر بەخشراین دەبێ سەرلەنوی بۆ خودموختاری تێهەلێنینەوەو دیسان بگەڕێینەوە چاوەڕوانی داری ئیعدام بین.»

لەو قسەو باسانەدا بووین کە سەربازێک ئاگاداری کردین بچینە دالانی زیندان. وێکڕا چووینە دەر. باوکی بەرێزو بە حورمەتی رەحمەت هاتبوو بۆ زیندان‌و لە پشت میلەکان راوەستابوو،و گوتی:

- «بیرتان لێکردەوە، دەبێ چ بکەن؟» ڕەحمەت لە وڵامدا بە باوکی گوت:

- بیری ئێمە هەر ئەوەیە کە پێم گوتی. بابی ڕەحمەت بە بیستنی ئەو گوتنە سەری داخستو ڕۆیشت. ڕەحمەت بە دوای ڕۆیشتنی بابیدا بەمنو عەزیزی گوت:

- «عەبدوڵلای ئیسحاقی بەزۆر منی ڕاکێشا بۆ نێو ڕێبەرایەتی حیزب. زۆرم پێگوت ئەوەندەم بەسە کە لێپرسراوی حیزب لە شاری سنەم، بەلاّم دەستی لێ هەڵنەگرتم. ئەمڕۆ، بۆم دەرکەوتووە کە ڕاستم بەو گوتووەو ئێستاش بە ئێوە دەڵێم، کە من تا پای ئیعدامتان لەگەڵ هاتووم. ئەگەر ڕژیم خۆی چاوپۆشی لە ئیعدام کردنم بکات، من لای خۆم بەڵێنیم داوە چیتر وەشوێن سیاسەت نەکەومو بچم درێژە بە ژیانی ئاسایی بدەمو لەوە زیاتر لەخۆمدا شک نابینم. من خێزانم زۆر خۆش دەوێو هەر پێنج منداڵیشم پتر لە گیانم خۆش دەوێنو ڕام وایە پێویستە خزمەتی ئەوان بکەم. ئەگەر ڕژیم ئیعدامی نەکردم، بۆ ئازاد بوونی خۆم لە زیندان جگە لە جاسووسیو خۆ فرۆشی هەموو کارێک دەکەم. پەشیمان نامەیان بۆ دەنووسمو لە جێژنی دەوڵەتیدا بەشداری دەکەم. دەزانم ئێوە بەنرخی گیانی خۆتان لە کردەوەکانتان پەشیمان نابنەوەو درێژە بە ڕێگای خۆتان دەدەن. منیش بۆ ئیعدام لەگەڵ ئێوەمو لەگەڵ ئێوە ڕادەوەستمو بۆ ڕزگار بوونم لە ئیعدام تەسلیم نابم، بەلاّم ئەوەی ڕاست بێ، ناتوانم لە زینداندا بمێنمەوەو وەک ئێوە تاقەت ناهێنمو هەر ئەوەشم بە بابم گوتووە. سەربەزی ئێوە بە ئاوات دەخوازمو داوام ئەوەیە لێم نارەحەت نەبن.»

ڕەحمەت ئینسانێکی نەجیبو ڕاستو بە بەقا بوو. ئەو هەموو بەڵێنییەکانی بەجێ گەیاندو لەگەڵ ئێمە پێشنیاری سەرلەشکر بەختیاری ڕەد کردەوەو ئامادە نەبوو بۆ ڕزگار کردنی خۆی لە مەرگ تەسلیمی ویستی ساواک بێ. وڵامی ئێمە بە ساواک ئەو ڕاستیەی دەسەلماند کە لە تەواو بوونی دە ڕۆژەکەدا ئیعدامان دەکەن.

بەیانی ڕۆژی دە خەریک بووین خۆمان خاوێن دەکردەوە کە بۆ ئیعدام ئامادە بین. عەزیز چووە حەمامو پاشان منو ڕەحمەت بەیەکەوە چووین. دەرگای حەمام بە ژووری زینداندا دەکرایەوە. ڕەحمەت بەر لەمن چووە ژووڕو من بە دوای ئەودا. ڕەحمەت شیرەی ئاوەکەی کردەوە، بەلاّم لەجیاتی ئاو، هەڵمێکی زۆر بە توندی لە شیرەکە هاتە دەرو هۆدە بچووکەکەی حەمامی پڕ کرد. ئەوەندەم زانی ڕەحمەت خۆی بە دەرگای حەمامەکە دادا. من گێژو وێژ گوتم داخوا چ قەوماوە. ڕۆ بوومە دەستگیرەی دەرگاکە، بەلاّم ڕەحمەت وەهای پاڵ بە دەرگاکەوە دەنا، کە چی نەمابوو لە ڕێسمەی بەرێ. بەتوندی تێمخوڕیو گوتم: چ دەکەی کابرا دەرگاکە بکەوە. بەدەنگی من ڕەحمەت وەهۆش هاتەوەو ڕۆنیشتە سەر هەردی حەمامەکەو قاقا پێکەنی. منیش دەرگاکەم کردەوەو گوتم:

- چ قەوماره؟

- «بەراستی پێم وابوو، کە ئێرە وەتاخی گازەو خەریکن بە گاز دەمانکوژنو ئیتر نەمزانی چ دەکەم. لام وا بوو دەرگای هۆدەکە لە لای دەرەوە قفلْ کراوەو لەبیرم کردبوو بە لای ژورەوەدا دەکرێتەوە.»

ئینجا منیش هاتمەوە سەرەخۆ، تێگەیشتم رەحمەت چی لیْقەوماوەو ئەوەندە پێکەنیم تا شلو کوت بووم. رەحمەت بێشتر کتێبێکی دەربارەی زیندانێکی مەحکوم بە ئیعدامی ئەمریکایی خوێند بۆوە، کە دە وەتاخی گازدا خنکاندبوویان. دوای ئەهوەن بوونەوەی رەحمەت، سەرلەنوێ چووینەوە ژووری حەمامەکەو خۆمان خاوێن کردەوە. ئەو رۆژە بۆ مردن سات ژمێریمان دەکردو کات بە هێمنی تێپەڕ دەبوو. هەر کەسە بە تەنیا لە دالاْنی زینداندا پیاسەمان دەکردو فکرمان دەکردەوە. لەو کاتەدا بەدەنگی سمایلی قاسملوو وەهۆش هاتینەوە، کە گوتی وەرن چایی بخۆنەوە. سەعات نزیک بە یازدەی بەیانی بوو، خەم هەموو لەشی داگوتبووین. سمایل پتر لە ئێمە نارەحەت بوو،و ویژدانی زۆری ئازار دەدا. ناوبراو لە دادگای ئەوەڵدا لەگەڵ ئێمە بە ئیعدام مەحکوم کرابوو،و هەرچەندە لە دادگای دووهەمدا حوکمەکەیان بۆ شکاندبوو، بەلاْم دیسان دەترسا لەگەڵ ئێمە ئیعدامی بکەن.

سمایل ئینسانێکی نەجیبو مێهرەبان بوو. ئەو هەرگیز لە زینداندا سەری بۆ جاسووسی کردن بۆ ساواک نزم نەکرد. ناوبراو کاتی گیرانی زۆر گەنجو کەم ئەزموون بوو،و هیچی لە سیاست نەدەزانی. قەت زیندانی نەبینیبوو، بەلاْم لەوەی کە هەڤالاْنی بە تایبەتی ئامۆزاکەی خۆی رەحمانی قاسملو بەڵێنییەکەی بۆ بەجێ نەهێنابوو، کە بیباتە «چەکوسلاْواکی» زۆر تورە بوو. سمایل دەیگوت، کاتێک گیرام بۆم دەرکەوت هەڤالاْنم چ پەندێکیان بەسەر هێناوم، چۆن لە سەرەتای لاوەتیمدا لە دەرسو زانکۆیان کردمو دوای ئەوەی کە ئاواریان کردم، بۆخۆیان چوون وەشوێن ژیانیان کەوتن. هەرچەندە سمایل زیانی گەیاندبوو، بەلاْم چونکە ئینسانێکی نەجیبو مێهرەبان بوو، من لە زینداندا لە خۆم دوور نەدەکردەوە.

تازە یەکەم ئیستکانی چاییمان خواردبۆوە، کە لەناکاو سەرهەنگ «موبەین» بە پێکەنین لێمان وەژوور کەوتو گوتی:

- «مزگێنیم دەنیْ، خەبەرێکی خۆشم بۆ هێناون.» گوتمان:

- لە گیانمان بەدەر چمان نیە، کە ئەویش لە مەترسیدایە. ئەگەر دەتەویْ دەیدەین بەتۆ.

- «گیانتان بۆخۆتان راگرن، چونکە شا فەرمانی راگرتنی حوکمی ئیعدامی ئێوەی داوەو بە مانای قانوون حوکمی ئیعدامی ئێوە تعلیق کراوە.» رەحمەت گوتی:

- پیاو ئیعدام بکرێ لەوە باشترە هەموو رۆژی جارێک بمرێ. سەرهەنگ مویەین لە وڵامی رەحمەتدا گوتی:

- «وانیە زیندو مان دەرفەتە، ئەگەر تەنانەت بۆ چەند رۆژیش بێ.»

ئێمە هەرکام لە شوێنی خۆمان پاڵماندایەوەو دیاردەکەمان دایە بەرباس. من گوتم:

- سەرهەنگ راست دەکات، باشە کە جارێ نامانکوژن و بۆ ماوەیەکی تر دەمێنینەوە، بەڵکو پاشان شتێکی تر روو بدات و بە قازانجی ئێمە تەواو بێ. عەزیزیش ئەو دیاردەیەی بە دەرفەت زانی، بەڵام گوتی:

- «بە راستی چونکە کاتەکەیان بۆ دیاری نەکردوین و دیار نیە کەنگی ئیعدامان دەکەن، دەبێ هەمیشە لە دڵەکوتەی رۆژی مەرگدا بین و ئەوە بۆخۆی شێوە ئەشکەنجەیەکی ناخۆشە، کە پیاو چاوەڕوانی مەرگ بێ.» من لە وڵامدا گوتم:

- ئەوەی عەزیز دەیڵێ بەتەواوی راستە، رەنگە لە ئەنجامدا بمانکوژن، بەڵام ئەوەش خۆشە کە لە پێش ئەو پەنجەرەیە دانیشین و هاتووچۆی خەڵک و باڵ لێدانی مەل بۆ ئەم چڵ و ئەو چڵ تەماشا بکەین و ببینین مانگ چۆن لەبن هەوری رەش خۆی رزگار دەکات و بەدەنگی شنەی با ئاهەنگ بگێڕین و ئاگامان لە گۆڕانکارییەکانی سروشت و ئەم دنیایە بێ. ئەرێ ژیان بەهەموو دەردو ئازارییەوە لە مەرگ شیرینتر نیە؟

دوای ماوەیەکی کورت، لە تورکیە کودیتا کرا. بە خولقانی ئەو دیاردەیە، ئێمە لە زینداندا زەندەقمان چوو، و گوتمان رژێمی شای ئێران رەنگە لەو کودیتایەی تورکیە ترسی ڕێبنیشی و بۆ چاوترساندنی خەڵک و بە تایبەت هێزەکانی ئەرتەش بمانکوژێ. بەم بۆنەوە چەند رۆژان بە نیگەرانی چاوەڕوانی ئیعدام بووین، بەڵام بەرە بەرە لە ژێر تەسیری کودیتای تورکیە رزگارمان بوو.

بداخەوە پێنج کەس لە دۆستانی ئازەربایجانی بە ناوەکانی «کەلانتەری»، «فروغی»، «زەهتاب»، «جیهانبان»و «عەزیمزادە» کە بەر لە ئێمە گیرابوون و لە زیندانی قزلقەلعە بە ئیعدام مەحکوم کرابوون، بە دوای شکەنجە کردنێکی سەرسام هێنەری ساواکدا لە رۆژی ١٤ی گولانی ساڵی ١٣٣٩- ١٩٦٠. لە تەورێز ئیعدام کران. چونکە ئێمە خاوەن رابردویەکی پتر لە خەبات و تێکۆشاندا بووین، مافی خۆمان بوو کە بە روودانی ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئێران و تەنانەت دەرەوەش بترسێن. هۆی ئەوەیکە ئێمە لە ژێر حوکمی ئیعدامدا ڕاگیرابووین و ئیعدامیان نەدەکرین، هەوڵی دوستانی کورد لە دەرەوەی ئێران و بە تایبەتی هەڕەشە شەخسی سەرۆک بارزانی بوو، کە رژێمی ئێرانی وریا کردبۆوە. سەرۆک بارزانی، بە رژێمی ئێرانی راگەیاندبوو:

- «ئەو کوردانەی ئەمڕۆ دەتانەوێ ئیعدامیان بکەن وەک ئەوانەی سەردەمی قازی محەمەد نین، کە بیانکوژن‌و کەس دەنگ نەکات. ئەوانە کەسیان هەیە کە لەسەریان وەجواب بێ. من تۆڵەی خوێنی ئەوان دەستێنمەوە.»

بەرای من ڕاگەیاندنی بارزانی ئێمەی لە ئیعدام ڕزگار کرد. ڕژێمی ئێران بۆ ماوەی نزیک بە شەش مانگ ئێمەی لەژێر حوکمی ئیعدامدا ڕاگرت‌و هەمیشە لە هەلێک دەگەڕا کە حوکمەکەی بەڕێوە بەرێ، بەڵام زاتی نەدەکرد. سەرئەنجام بەبۆنەی لە دایک بوونی تاقە کوڕی شا لە ڕۆژی ٩ی خەزەڵوەریساڵی ١٣٣٩- ١٩٦٠دا، شا حکومی ئیعدامی ئێمەی شکاندو بۆ کردین بە زیندانی هەمیشەیی.

ئەو ڕۆژەی، کە «فەرەح» لە نەخۆشخانە کەوتبوو،و دوکتوری تایبەتی سەعات بە سەعات وەزعی ئەوی لە ڕادیۆکاندا بڵاو دەکردەوە، عەزیز بەگاڵتە گوتی:

- «غەنی، ئەگەر منداڵی شاژن کوڕ بێ، ڕەنگە ئێمە لە ئیعدام ڕزگار بین، بەڵام ئەگەر کچ بێ، بێگومان هەر ئەم شەو ئیعداممان دەکەن.»

چەند سەعاتێک لە گاڵتەی عەزیز تێنەپەڕیبوو، کە دەنگی تەقەی گوللە تۆپان دەستی پێکردو ڕادیۆ ڕایگەیاند شاژن زاوەو کوڕی بوە. ئەو شەوە هیچ خەبەرێک لە وەزعی ئێمە نەبیستر ا، بەڵام بەیانی ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر سەرلەشکر «حوسێنی ئازمودە»ی جەللاد لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا ڕایگەیاند، بە بۆنەی لە دایک بوونی شازادە «ڕەزا پەهلەوی» سێ زیندانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە مەحکوم بە ئیعدام کرابوون، دەرەجەیەکیان بەخشین پێدراو ئیعدام ناکرێن.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە، داریوشی فروهەر ڕۆژنامەی «کەیهان»ی بۆ هێناین‌و وتوویژەکەی «ئازمودە»مان خوێندەوە، بەڵام ناوی ئێمەی تێدا نەنووسرابوو. لەبەر ئەوە عەزیز دڵی سارد بۆوەو گوتی:

- «ئەوە ئێمە نین. ڕەنگە ئەوانە لە یەکێک لە شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا زیندانی بن.»

سەعاتی دوایی سەرهەنگ «موبەین» هات‌و لە دوورەوە دەستی بۆ ڕاوەشاندین‌و بەپێکەنینەوە لێمان نزیک بۆوەو دەستی لە مل کردین‌و خەبەری بەخشینی پێڕاگەیاندین.

لێرەدا پەنجە بۆ چەند نامەو ڕاگەیاندراوی گۆڤاری هەتاو و کەسایەتیەکانی کورد ڕادەکێشم، کە بۆ ئازاد بوونی ئێمە لە زیندان نووسیویانە:

**نامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی ئوروپا لقی مسکو بۆ حکومەتی ئێران لە گۆڤاری هەتاودا بۆ حکومەتی ئێران بە ڕێگای باڵوێزخانەی ئێران لە مسکۆ:**

"لیژنەی ئامادە کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە مسکۆ نارەزایەتی توندی خۆی دژی ئەو هێرشە ناڕەوایە دەردەبڕێ، کە دەسەلأتدارە کۆنە پەرەستەی ئێرانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکای داگیرکەر بۆ سەر گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێرانیان هێناویەتی. دەسەلأتداریەتی ئێران دوژمنی گەلی کوردو فارس‌و کۆماری دیموکراتی عێراقمانەو دەیەوێ ئێران بکاتە پێگەیەک بۆ بەجێگەیاندنی پیلانەکانی ئەمریکا دژی گەلی کوردو کۆمارەکەمان‌و چونکە گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێراندا پشتگرو پاڵپشتی کۆمارە دیموکراتیەکەی گەلی عێراقمانە هێرشی نارەوای بردۆتە سەری.

لەم دوایانەدا کۆنە پەرەستی خۆ فرۆشی ئێران دەیەوێ چوار رۆڵەی ناوداری گەلی کوردی تێکۆشەرمان بە ناوەکانی: غەنی بلوریان، سمایلی قاسملوو، عەزیزی یۆسفی‌و رەحمەتی شەریعەتی لە سێدارە بدات. ئێمە سەرەڕای ئەوە کە دژی ئەو پیلانە درندانەیە رادەستین، وەبیریشتان دێنینەوە کە گەلی کوردمان دەیان رۆڵەی خۆی لە پێناوی ئازادیدا فیدا کردوەو خاوەنی خەباتی دوورو درێژەو بەهیچ شێوەیەک بەو کردەوە درندانەیە چاوترسێن نابێ‌و بەرەنگارتان دەبێتەوەو وەک لوتکەی چیاکانی بەرز رادەوەستێ. ئەگەر ئێوە حوکمی لە سێدارە دانیان بەڕێوە بەرن بێگومان تۆڵەتان لێدەکرێتەوەو هەروەک برای عەرەبمان لە عێراقدا بەسەر «نوری سەعید»و «عەبدول ئیلا»یان هێناو تۆڵەیان لێکرایەوە. دەبێ چاک بزانن کە سەوکەوتن بۆ گەلی کوردەو رووڕەشی‌و سەر شۆڕی بۆ تاوانبارانە.

بژی تێکۆشانی گەلی کوردمان لە پێناوی ئازادی‌و سەربەخۆییدا

بژی تێکۆشانی گەلی کوردو فارسمان لە پێناوی رزگاربوونیان لە دەست خوێن مژانیان

لیژنەی ئامادە کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا لقی یەکیەتی سۆڤیەت لە مسکۆ"

کۆتایی مانگی ٦ی ساڵی ١٩٦٠.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا

نووسراوەکانی هاوڕێیان مامۆستا «عسمەت شەریف»و دوکتور «وریا رەواندزی»مان پێگەیشت‌و زۆر خۆشحاڵ بووین. ئەو هەڵوێستە ئازاو گورجوگۆڵانەی ئێوە، ئەو هەستە بەرزو دڵسۆزانەی ئێوە بۆ رزگاری گیانی قارەمانان‌و رابەرەکانی نەتەوەکەمان مامۆستا عەزیزی یۆسفی، غەنی بلوریان‌و رەحمەتی شەریعەتی جێگای هەموو جۆرە سوپاس‌و قەدرزانی‌و شایانی شانازییە.

**سلاْو و سوپاسی:**
**خۆشکه «چەواهێر»ی دایکی عەزیزی**
**تازه بووک خوشکه «مەرزە»ی هاوبەشی ژیانی غەنی**
**کوڕو کچەکانی شەریعەتی «هوما»و «عەلی» بۆ ئێوه خوێندکارەکانی نەتەوه چەوساوەکەمان.**

**سلاْو دیسان هەر سلاْو**
**له گۆڕی پێشەوای شەهید قازی محەممەدی نەمرەوه، له گۆڕی خەلیل خۆشەوی نەبەزەوه، له گۆڕی «نەغەدەیی»و «فاروقی»و «جوانمەردی»یەوه بۆ ئێوه هەڵسوڕێنەری رزگاری گیانی یۆسفیو شەریعەتیو بلوریان.**

## بۆ گیانی غەنی بلوریان

۱۹٦. (حەمه ساڵح‌دیلان)

لەو دیو دیوار
که تاسه ئەیبەستێ قەتار (۱)
هەنگی گیانی ئەفڕێ بۆ دوور
بۆ ناو بەهار
وەنەوشە، نێرگس، گوڵی سوور
چریکه، سۆز، ناڵینی نەی
هاژە، خوڕەی ئاوی بێ پەی (۲)
زەوی سەوز، ئاسمانێکی شین
لووتکەی سپی، دامێن رەنگین (۳)
لەو دیو دیوار
که سەرنج ئەکەیته کار
له شێوەی بەهاری نازدار
ژیان خۆشه
هیوا و هەست و نەست هۆشه
کێ بۆ ژیان به پەرۆشه
کام چاو برسی گەشەی گوڵه؟

کام گیان سەودای ورشەی چڵە؟(٤)
کام گوێ قوڵاغی ئاوازە؟
پڕە لە هەڵبەستی تازە...؟
ژیان خۆشە...!
بۆ کێ جەستە و ئەندامی..
کفتی دارکاری کردنی بێ
قەمتاغەی کولاوەی زامی(٥)
سستی قەپڵ لێگرتن بێ..!
بۆ یەکێ.. پێست ئیسقانی
شەکەتی.. داغ و سووتانی بێ(٦)
چەرمی ئەستۆ و ملو شانی
لەتی زنجیری گران بێ...
بۆ یەکێ نینۆکی مردن
نزیک دڵی راوەستا بێ
دانی جێگەر پارچە کردن
بە گۆشت خۆی لە هەستا دابێ
ئەوەندەی خوێن لێ تکابێ...(٧)
ژیان خۆشە..
بۆ ژیان چی بە پەرۆشە
یا چی لە هەموویان زیاتر
ئەسووتی وەک گڕی ئاگر
قاچە، دەستە، لەشی خاوە
دڵو سی‌یە یاخود چاوە...؟؟
یا مێشک...؟
کامیان لە پاش جووڵە نەمان
پاش بوون بە خۆڵ
بڵێسەیە بەبێ وچان
لەگەڵ چەرخا لەگەڵ زەمان
ئەگرێ هەرگیزاو هەرگیز

مەشخەڵە بۆ هێنوای ئازیز..؟
ئەڵێن پیرە..
ئەڵێن مێشک تیٚیا چەسپیوەو گیرە
بە چەکوشی بیقڵیشینیٚ
ئەم رەگ ئەو رەگی دەربینیٚ(٨)
بی سووتێنیٚ، بیٚ مرێنیٚ
بی پژێنیٚ... بیٚهوودەیە...!(٩)
لەم سەرتدا ئەو دیارە
لە جێگەی یەکیٚ هەزار...!
ئەی چوار سەری ناو زیندانی
کۆنەپەرستی ئێرانی
سەر زۆر پژا
خوێن زۆر رژا
کەچی لە جێگەی هەر سەریٚ
سەد سەریتر دێتە دەریٚ
لەجێی هەر دڵۆپە خوێنیٚ
سەد گوڵ سەری دەرئەهێنیٚ...!!
ئاسودە بن، زەبری زیندان
هەڵواسین و پەت بۆ خنکان
تەوژمی خەبات لەق ناکا
هێزی تێکۆشان شەق ناکا(١٠)
ئاسودە بن، بەکوشتی بیٚ وە یا مردن
ریشەی کورد قەد نایە لەبن(١١)

غەنی بلوریان لە ساڵی ١٩٥٩یا حوکمی خنکاندنی بەسەرا دراو دوای کرا بەحوکمی هەمیشەیی (موبد).. ساڵی ١٩٧٩ لە ئەنجامی راپەرینی گەلی ئێرانا بەرەڵڵاو ئازاد کرا.

١- غەنی بلوریان: ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ساڵی ١٩٥٩دا خۆیو چەند هاوریەکی کۆمیتەی ناوەندی هەمان حیزب لە لایەن شالاٚوێکی ناهەمواری رەژێمی کۆنەپەرەستی حەمەرەزا شاوە گیرانو حوکمی خنکاندنیان بەسەردا درا، هەرکە دەنگ گەیشتە شاری سلێمانی لە لایەن رۆلاٚنی شارەوە دەنگی

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

نارەزایی بڵند بووەوە و لە شێوەی بیرخەرەوەو یادداشتا ئیمزا کۆ کرایەوە و رەوانەی رژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی ئێرانی و دەزگا رەسمی دەوڵەتی‌یەکان کرا.

٢- ئاوی بێ پەی= ئاوێکی لەبن نەهاتوو.

٣- دامێن رەنگین= داوێن رەنگین، قەدپاڵی رەنگین.

٤- سەودای ورشەی چڵە= عەشقی ورشەی چڵە

٥- قەتماغەی کولاوەی زامی= کە برین کەمێک سارێژ ئەبێتەوە خوێنەکەی سەری ئەیبەستێ‌و پێی ئەوترێ قەتماغەی برین‌و زام. جا کە ئەو قەتماغەیە بریندار یا لێ بکرێتەوە خوێنی لێ‌دێت‌و ئەڵێن: کولایەوە.

٦- شەکەتی.. داغ و سووتانی بێ= واتە هیلاک و ماندوی سووتان‌و داغ کردنی بێ. داغ بە واتای سوتان دێت. ئەڵێن کوێچکەی مەڕەکەی داغ کرد، واتە بۆ نیشانە گوێچەی سووتاندوە.

٧- بە گۆشت خۆی لە هەستا دابێ

- ئەوەندەی خوێن لێ تکابێ: ئەوەندەی خوێن لێهاتبێ

٨- بە چەکوشی بیقڵیشینێ= بە چەکوش لێدان درزو دەلاقەی تێ‌بخا.

٩- بێ‌بڕینێ= زیاتر بۆ مێشک وردو خاش بوون بەکار دێت وەک ئەڵێن: مێشکی پڕا-بێ‌هوودەیە= بێ قازانجە، بێ‌کەڵکە، بێ‌سوودە یان هیچ‌و پوچە.

١٠- هێزی تێکۆشان شەق ناکا= واتە هێزی خەباتگێران دوو کەرت ناکاو دوو بەرەکی دروست ناکا.

١١- ئاسودە بن= هێمن‌و ئارام‌و لەسەرخۆ بن.

## لە زیندانی قەسردا

رۆژی ١٢ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٩-١٩٦٠، یانی سێ رۆژ بەدوای راگەیاندنی بەخشینی ئیعدامەکانمان، من‌و رەحمەتیان بردە زیندانی «قەسر»و لە عەزیزیان جیا کردینەوەو پاش تێپەڕ بوونی مانگێک ئەویشیان هێنا لای ئێمە، بەڵام ئێستاش نەزاندرا بۆچی ئەو یەک مانگە لێکیان جیا کردینەوە.

زیندانی «قەسر» کە قەسری قاجاریشیان پێدەگوت، پێشتر کۆشکی پاشاکانی بنەماڵەی «قاجار» بوو، بەڵام دوای بەدەسەڵات گەیشتنی «رەزا» شا لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٤-

١٩٢٥دا، ئەو کۆشکە کرابوو بە زیندان. قەسری قاجار حەوشەیەکی پانو بەرینی هەبوو، کە دوو حەوشەی لێ جیا دەبۆوە. خانووەکانی نزیکو دوور لە یەکتر ساز کرابوونو جیا لە زیندان، ئیدارەی زیندان، نەخۆشخانەو کارگای پیشە سازی جیاوازیشی تێدابوو.

بەندییە سیاسیەکان سێ بەش بوون، کە لە سێ حەوشەی جیا لە یەک رادەگیران. بەشێکیان ئەفسەرانی رێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودە بوون. کە ژمارەیان نزیکەی شەش سەد کەس دەبوو. ئەو رێکخراوە لە خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەرییەوە تا دەرەجەی سەرهەنگی لەنێو خۆدا کۆ کردبۆوە. هەرکام لەو ئەفسەرانە لێپرسراوی ئۆرگانێکی گرنگی ئەرتەش، ژاندارمەریو شارەوانی بوونو رێبەرایەتی حیزبی تودە بە هۆی ئەوانەوە لە گشت بەرنامەکانی ئەرتەش ئاگادار بوو. تەنانەت چاوەدێری شای ئێران سەرگورد «سەمەدی خێرخوا» ئەندامی رێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودە بوو. کاتی کودیتای «شاو زاهیدی» لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢- ١٩٥٣دا، کە زاهیدی لە باخی «سەبا» خۆی حەشاردا بوو،و کودیتاکەی رێبەری دەکرد، رێکخراوی سەربازی حیزبی تودە ئەوی کۆنترۆڵ دەکردو رێبەرایەتی حیزبی تودە ئاگاداری گشت هەڵوێستەکانی ناوبراو بوو. تەنانەت بەرلەوەی زاهیدی کودیتاکەی دەست بکات، رێبەرایەتی حیزبی تودە ئەو بزاڤەو شوێنی «زاهیدی»یان بە دوکتور «مصدیق» راگەیاندبوو، بەڵام مصدیق لای وابوو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەرتەش‌دا هەیەو بایەخی بە راپۆرتی حیزبی تودە نەدابوو.

ئەوەی راست بێ حیزبی تودە بە ئاسانی دەیتوانی بەرگری لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ بکاتو تەنانەت توانای کوشتنی شاو زاهیدیشی هەبوو، بەڵام چونکە رێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ ئەنجامی هەرچەشنە پرۆژەیەک پێشتر پرسی بە یەکیەتی سۆڤیەت دەکردو پاشان لەسەر ویستی ئەوان نەخشەکەی بەرێوە دەبرد، ئەم کارەی نەکرد. هۆیەکەشی ئەمە بوو، کە سۆڤیەت لەو سەردەمدا بە چاکی نەدەزانی رژیمی شا بروخێو بە وتەی ئەوان مصدیقی لایەنگری ئەمریکا بەدەسەڵات بگا. کاتێک لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودە باسی ئەو رەوتە دەکرا، دەیانگوت بە رووخانی رژیمی شا، مصدیق حکومەتی بۆ رانەدەگیرێو ئێران بە تەواوی ئاڵۆز دەبوو، بەڵام لە راستیدا بە بۆچوونی رێبەرایەتی حیزبی تودە شا بۆ ئێران کەڵکی پتر بوو لە مصدیق، کە ئەوەش لە بۆچوونی سۆڤیەت سەرچاوەی دەگرت، کە دەیانگوت شای سەر بە ئینگلیس باشترە لە مصدیقی سەر بە ئەمریکا. لە لایەکی‌تریشەوە رێبەرایەتی حیزبی تودە قەت روحی شۆڕشگێری تێدا نەبووەو ئەو حیزبە تەنیا لەسەر بنەماو روانینی بەرژەوەندی ئینترناسیونالیستی تەماشای بزووتنەوەکانی نەتەوەیی کردوە، کە لەو ئاستەشدا تەنیا بەرژەوەندی سۆڤیەت لەبەر چاو بووە.

بەشی دووهەم، ئەندامانی سویلی حیزبی توده بوون. ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش لەو بەشەدا زیندانی کرابوون، بەلاْم زیندانی جیاوازیان هەبوو. ئەندامانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەناوی کۆمیتەی ئەیالەتی حیزبی توده لە حەوشەی سێهەمدا بوون. چونکە حیزبی دیموکرات جیا لەو ماوەیەی کە ڕێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی توده ئاشکرا ببوو، لە کۆنەوە تێکەلاْوێکی دۆستانەو پتەوی لەگەلْ حیزبی توده هەبوو، زۆر کەسی ناشارەزا بە یەک چاو تەماشای ئەو دوو حیزبەی دەکردو ڕژێمی ئێرانیش قەت لە بەرژەوەندی‌دا نەبوو کە ناوی حیزبی دیموکرات بێنێ‌و تەنانەت کاتێک لە ئێعدام کردنی ئێمەش خۆش بوون، گوتیان: «سێ زیندانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە بە ئێعدام مەحکوم کرابوون، حوکمەکەیان کرا بە زیندانی هەمیشەیی‌و ناوی کوردو حیزبی دیموکراتیان نەهێنا.»

پاش تەواو بوونی دادگای ئێمە ئەندامانی حیزبی دیموکرات‌و بەر لەوەی کە من‌و ڕەحمەت بەرنە زیندانی قەسر هاوڕێیانی ئێمەیان لە زیندانی دیژبانەوە بردبۆە ئەو زیندانە. کاتی گواستەوە ئێمە بۆ زیندانی قەسر، هەڤالاْن بەرەوپیرمانەوە هاتن‌و خۆشحالْ بوون کە لە ئێعدام ڕزگاریمان بۆە. مانگێک دوای من‌و ڕەحمەت، عەزیزیشیان هێنا بۆ ئەو جێیە، بەلاْم ڕەحمەت هەروەکوو پێشتر گوتبووی: «ئەگەر ئێعدام نەکرێم ئیتر ناکەومەوە شوێن سیاسەت‌و هەولْ دەدەم خۆ لە زیندان ڕزگار بکەم‌و بە ژن‌و منداڵەکانم ڕادەگەم» خۆی لە زیندان ڕزگار کردو پیاوانە لەسەر بڕیاری خۆی مایەوەو بەبێ ئەوەی خراپە بکات، درێژەی بە ژیانی خۆیدا.

دوای ماوەیەک، بەرە بەرە ناکۆکی کەوتە نێو هەڤالاْنی زیندانی. بەشی ئاسایی لە زیندانی سیاسی جیا کرایەوە. ئەو بەشەی ئێمەی تێدا زیندانی کرابووین، بە زیندانی سیاسی دەژمێردرا، بەلاْم ڕژیم قەت دانی بە بوونی زیندانی سیاسی لە ئێراندا نەهێنا. ڕژێمی ئێران بە زیندانییەکانی سیاسی دەگوت زیندانی «ئەمنیەتی» واتە تێکدەرانی ئاسایشی ولاْت، بەلاْم هەرگیز نەیتوانی لەو بۆچوونەیدا سەرکەوی‌و بەخەلْکی ئێران‌و جیهان بسەلمێنێ، کە ئێمە زیندانی سیاسی نین. ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی زیندانیانی سیاسی (Amnesti International) فشارێکی زۆری بۆ ڕژێمی ئێران دەهێنا تا ڕژیم ڕێگا بە نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە بدات، بێنە ئێران‌و دەربارەی وەزعی زیندانیانی سیاسی بکۆلْنەوە، بەلاْم ڕژیم بە بیانووی نەبوونی زیندانی سیاسی لە ئێراندا ئەو مافەی لێ زەوت دەکردن. ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی زیندانیانی سیاسی لەسەر بڕیاری خۆی مایەوەو لە ئەنجامدا نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە توانیان لە سالْی ١٣٥٧- ١٩٧٩ خۆ بگەیەننە نێو زیندانەکانی ئێران کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەم.

ناکۆکی بەتەنیا لەنێو کوردەکاندا سەری هەڵنەدا، بەڵکو بەرلە ئێمە لە نێو لایەنگرانی حیزبی تودەو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا سەری هەڵدابوو. پۆلیس کەسانی لاوازی بێ‌وورەی گوڵبژێر دەکردو بەدانی بەڵێنی ئازاد کردن، ئەوانی لە گیانی ئێمە بەردەداو کەسانی‌تری پێ فریو دەدان کە بچن بڵێن لە کردەوەی خۆیان پەشیمانن‌و غەڵەت نامە بنووسن. پۆلیس بەمجۆرە دووبەرەکی خستبووە نێو زیندانیە سیاسی‌یەکان. ئەو مرۆڤە لاوازانە بە لایەنگری کردن لە دەوڵەتی ئێران لە جێژنەکانی رەسمی دەوڵەتی‌و دابو رەسمی بەیانی‌و ئێوارانە «صبحگاو شامگا»دا بەشداریان دەکرد بە دوعا کردن بۆ گیانی پاشای ئێران‌و بەقای حکومەتەکەی رای ئەوانیان بەرەو خۆ رادەکێشا. ئەوان تەنانەت ئەرکی جاسووسی کردن لە زیندانیەکانیان بەئەستۆ دەگرت‌و دەنگوباسی نێو زیندانیان بە پۆلیس رادەگەیاند. لەنێو زیندانیەکانی تودەیی‌و فیرقەی دێموکراتدا ئەو دیاردە ناشایستە جێ کەوتبوو، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانە کەم بوو.

ئەو چەشنە زیندانی‌یە بێ‌وورەو لاوازانە چەند بەش بوون. بەشێکیان بە تەواوی خۆیان دەفرۆشت‌و ملیان بۆ ویست‌و داخوازەکانی پۆلیس رادەکێشا. بەشێکی‌تر دەچوون بەنهێنی غەڵەت نامەیان دەنووسی، بەڵام جاسووسی‌یان نەدەکردو بە ئاشکراش نەدەچون بەشداری بکەن لە جێژنەکای حکومەتیدا. ئەوان بەدانی بەرتیل بە مەئمورەکانی پۆلیس ناوی خۆیان لە ریزی تۆبەکارەکاندا دەنووسی‌و بەمجۆرە وەبەر بەخشین دەکەوتن. بەشی سێهەم جیا لەوەی پەشیمان نامەیان دەنووسی بەئاشکراش دەچوون لە جێژن‌و دابو رەسمەکانی حکومەتیدا بەشداریان دەکرد. لەنێو کوردەکانیشدا ئەو دیاردەیە دەبیندراو تەنانەت چەند کەسێکیش خۆیان فرۆشت‌و بوون بە جاسووس‌و کاتی ئازاد بوونیشیان لە زیندان بە نهێنی کاریان بۆ ساواک دەکرد.

لەنێو ئێمە کوردەکاندا کە رێژەمان دەگەیشتە ۱۲۰ کەس پتر لە سێ بەشمان لادێی‌و کەم خوێندەوار بوون. ئەو بەشەی کە ماڵ‌و منداڵیان هەبوون‌و بە دوای گیرانیاندا هیچ دەرەتانێکی ژیانیان نەبوو، کە ماڵ منداڵەکانیانی پێ بحاوێتەوەو ژیانیان دابین بکات. ئەوان بەهۆی ئەو هەلومەرجەی ژیانیان ورەیان بەردەداو بە نابەدڵی دەچوون لە ریزی ئەو کەسانەوە کە بۆ ئازاد بوونیان تۆبە نامەیان دەنووسی. ئەوان کەسیان نەبوو کە لە دەرەوەی زینداندا بە هانای ماڵ‌و منداڵەکانیانەوە بێ. ئەو ئەندامانەی حیزب کە خۆیان دەرباز کردبوو،و چووبوون بۆ باشووری کوردستان بۆ جارێکیش بیریان لەو لێقەوماوانە نەکردەوە. لەبەر ئەوە بە رای من کردەوەی ئەو گروپە رەخنە هەڵناگری‌و نابی مرۆڤ سەرکۆنەیان بکات.

بەشێکی ترمان کە توانای مانەوەیان لە زینداندا نەبوو، زۆربەیان سەڵتەو رووناک بیری شارەکان بوون. ئەوان نەیانتوانی حورمەتی کەسایەتی خۆیان رابگرن‌و بە ئاشکراو نهێنی هەوڵیان دەدا خۆ لە زیندان دەرباز بکەن‌و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەو بۆ ئەوەی تاوانی قورسیان نەبێ‌و لەبەر چاوی پۆلیس نەکەون، ریزی خۆیان لە ریزی ئەو زیندانی‌یانە جیا کردەوە کە ورەیان بەرنەدابوو،و بە سەربڵندی خۆیان راگرتبوو،و زیندانیان دەکێشا. ژمارەیەک لەوان دژایەتیان لەگەڵ خۆراگرەکان دەکردو وایان پیشاندەدا کە تەنانەت هیچ نزیکایەتیان لەگەڵ ئەوان نەبووە.

ژمارەی زیندانی خۆراگر لەنێو کوردەکاندا زۆر نەبوون. تەنیا چەند کەسێکی خەڵکی سەردەشت‌و مەهاباد بوون، کە توانیان پیاوانە ماوەی زیندانی خۆیان بەرنە سەرو ژمارەیەکیش بەخشران کە لەجێگەی خۆیدا باسیان لێدەکەم.

لەو نێوەدا، دوکتور «عەلی مەولەوی» گیانی خۆڕاگری لاواز بوو. ئەوانەی وەک ئەو لە دەوری کۆ ببوونەوەو دژی ئێمە بوون. لاوەکانی سەردەشتی‌و «سەدیقی خاتەمی»، «کەریمی خامچی»، «حەبیب‌پەنا»و سەید «رەسوولی بابی گەوەرە»و ژمارەیەکی‌تر لە زینداندا باوەڕیان بە خۆڕاگری هەبوو. ژمارەی هاوبیرانی مەولەوی لە زینداندا کەم نەبوون‌و تەنانەت کەسانی‌تری وەک مەلا «عەبدوڵڵای سەرباز»و «ئەحمەدی نهضت‌زادە»و چەند کەسی‌تریش هەبوون، کە کاری پۆلیسیان لەسەر ئێمە دەکردو نەیاندەهێشت کوردەکان لێمان نزیک بنەوەو قسەمان لەگەڵ بکەن.

شایانی باسە، کاتێک لە ژیانی کوردەواریدا مرۆڤ دەست بە خەباتی سیاسی دەکات‌و تووشی زیندان دەبێ، هیچکەس بە هانایەوە ناچێ‌و بە تەواوی لەبیر دەکرێ‌و ماڵ‌و منداڵەکەشی بێ‌دەرەتان دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی روناکبیرانی کورد خۆ لە سیاسەت دەپارێزن. ئەندامان‌و لێپرسراوانی حیزب کە نەگیران‌و چوون بۆ باشووری کوردستان هیچ ئاوڕێکیان لە ماڵ‌و منداڵی هەڤاڵانیان نەدایەوەو ئەوانیان فەرامۆش کرد. بوونی ژن‌و منداڵ، بێدەرەتانی‌و نەداری‌و بێکەسی‌و بێ‌پەنا بوونی بنەماڵەی زیندانی هۆی سەرکی رووخانی زیندانی لە بەندیخانەکاندایە. هەروەکوو پێشتر گوتم بە داخەوە کەسی وامان تێدا هەڵکەوت کە ژنەکەی بۆ دابینکردنی ژیانی منداڵەکانی لە رێگای هەڵدێر کەوت. بەڕای من هۆی سەرەکی ئەوانەی خۆرادەگرن‌و سەر شۆڕ ناکەن، بوونی سەرپەرەستی نەجیب‌و شەرافەتمەندو کەسایەتی‌و کەرامەت‌و نەجیب بوونی خێزانی زیندانی‌یە کە بەسەر بڵندی رەنج‌و ئازاری مادی‌و روحی بەگیان وەردەگرێ تا خۆی‌و مێردەکەی سەریان بەرز بێ. جیا لەوەش گیانی لەخۆبردوویی‌و خۆراگری زیندانی‌و باوەڕی بە کەسایەتی خۆی‌و

نەتەوەکەیەتی کە ئەو لەسەر پێ‌ڕادەگرێ. ئەوەی بێ ژنە تەنیا لەسەر کەسایەتی نەتەوەکەی‌و کەرامەتی خۆی حیساب دەکات.

هۆی تێکچوونی دۆستایەتی لەنێو هاوبەندیەکانی زیندانیدا دەگەڕایەوە سەر ئەو بۆچوونە فیکرییە، کە هەڤالانی کوردی دوو بەش کردبوو. بەشێکی کەم، ئاوانە بوون کە باوەڕیان بە خۆراگری هەبوو. ئەو بەشە ورەیان لە دەست نەدا، بەلام ئەوانی‌تر زۆربەیان بەهۆی نەبوونی دەرەتانی ژیانی ژن‌و منداڵیان کە بەڕای من بۆیان بەتاوان ناژمێردرێ، توانای خۆراگریان نەبوو،و یەک بەدوای یەکدا رووخان. بەشێک لەو کەسانە سەڵتەی بێ ژن‌و منداڵ بوون. ئەوانە دەیانتوانی خۆڕاگرن‌و دەرەتانی مانەوەیان هەبوو لە زینداندا، بەلام داخەکەم خۆیان دۆڕاند.

ئەو کاتەی کە ئێمەیان بردە زیندانی قەسر، بەندییەکان ژیانی ئاساییان هەبوو. لەنێو ئەفسەرەکانی رێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودەدا مرۆڤی بە کەڵک‌و لێهاتوو دەبیندرا. ئەوان توانیبوویان شوێن لەسەر زیندانیەکانی‌تر دانێن‌و رێزو حورمەت‌و کەسایەتی خۆیان بپارێزن‌و بەشێوەیەک پێوەندی لەگەڵ زیندانەوانەکان دامەزرێنن، کە ژیانێکی باشیان هەبێ‌و تووشی گیروگرفت‌و ئاژاوەی نێو زیندان نەبن‌و زیندانێکی بێ قرەو قاڵیان هەبێ. ئەوان بە وشاری خۆیان نەیاندەهێشت هیچ گۆلمەزێک تەنگ‌و چەڵەمەیان بۆ برەخسێنێ. کتێبی خوێندنەوەو رادیۆیان هەبوو. ژمارەیەکیان تەنانەت خەریکی نووسین‌و کاری وەرگێڕانی کتێب بوون. ئەوان رێزیان بۆ داب‌و رەسمەکانی خۆیان دادەناو جێژنی نەورۆزیان دەگرت‌و یادی رۆژە مێژوویەکانی خۆیان دەکردەوەو پۆلیسیان بێ لایەن رادەگرت. دیتنی کەس‌و کاریان بۆ دژوار نەبوو،و تەنانەت ماڵ‌و منداڵیان دەهاتنە نێو زیندان‌و لە جێژنی نەورۆزی ئەواندا بەشداریان دەکرد، بەلام بەرە بەرە کە کات تێپەر بوو،و رەوتی سیاسی ئێران گۆڕانکاری بەسەردا هات، ژیانی نێو زیندانیش گۆڕاو زیندانیەکان تووشی گیروگرفت‌و تەنگانە بوون، کە لە شێوێنی خۆیدا پەنجەی بۆ رادەکێشم. بەگشتی لە جەوی ئاسایی‌و ئارامی زینداندا کە بەهۆی لێوەشاوەیی ئەفسەرانی تودەیی پێکهاتبوو، بە بەرفراوانی دەرەتانی فێر بوون‌و بارهاتن هەبوو.

لە ساڵی ١٣٤٠- ١٩٦١وە کە ئێمەیان بردە زیندانی قەسر تا ١٣٤٩- ١٩٧٠ کەمتر زیندانی سیاسی دەگیران، چونکە بە دوای زەبر دیتنی حیزبی تودەو هەڵوەشانی رێکخراوی نهێنی سەربازی ئەو حیزبەدا، ئیتر حیزبی تودە شتێکی بەرچاوی لێ نەماو رێکخراوێکی چالاکی سیاسی ئەوتۆی نەبوو کە رژیم هەوڵی گرتنی بدات. لەبەر ئەوە دەرگای زیندانەکان لەسەر سێ رێکخراوی سیاسی حیزبی تودە، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان‌و حیزبی

دیموکراتی کوردستان گاڵە درابوو. زانیاری لە چۆنیەتی وەزعی زیندان تەنیا لە دەوری بنەماڵەی ئەو سێ گروپانەدا چەنگ دەکەوت‌و بنەماڵەی ئەو زیندانی‌یانە مافیان پێدرابوو حەوتووی جارێک بۆ دیتنی زیندانیەکانیان بێنە زیندان.

چونکە لە دەرەوەی زیندانەکاندا چالاکی نەبوو، زیندانیش کش‌و مات‌و بێدەنگ بوون. زیندانی دەردەست کراو لەنێو زینداندا جگە لە ڕێز گرتنی ڕێ‌و ڕەسمی نەورۆزو بیرەوەرییەکان‌و ڕۆژی دامەزرانی حیزبەکان، هیچ چەشنە چالاکیکی سیاسی‌یان نەبوو، کە ئەوانەش بەشێوەی ئاسایی دەگیران‌و پۆلیس کۆسپی بۆ نەدەخوڵقاندن، بەلاْم جارجارە زیندانەوانێکی نەحس‌و نالەبار پەیدا دەبوو، کە زیندانیەکان لە بەرامبەریدا رادەوەستان‌و بە مانگرتن دژی ئەو چەشنە زیندانەوانانە، لێپرسراوەکانیان ناچار دەکرد، کە کابرای ملهۆڕ بگۆڕن‌و زیندان ئەهوەن بکەنەوە.

## دوور خرانەوەم بۆ زیندانی «بەرازجان»

ساڵی ١٣٤٢- ١٩٦٣، هاوکات لەگەڵ کودیتای دژ بە «کەریم قاسم» لە عێراقدا، پۆلیس دەستی لە زیندانی‌یە کوردەکان وەشاندو من‌و عەزیزی یۆسفی‌و «جەلیلی گادانی» لە زیندانی قەسرەوە بۆ شوێنێکی بەد ئاب‌و هەوا دوورخستەوەو بردیانین بۆ زیندانی «بەرازجان»، کە لە هەرێمی کەنداو هەڵکەوتووە. تاوانی ئێمە ئەوە بوو کە بەرگریمان دەکرد لە رووخانی ورەی ئەو گیراوە کوردانەی کە پۆلیس چالاکانە بۆ رووخاندنی ورەی زیندانی‌یە خۆراگرەکان کەڵکی لێوەردەگرتن‌و ناکۆکی خستبۆە نێو زیندانیە کوردەکانەوە. مەبەستی پۆلیس لە دوورخستنەوەی ئێمە ئەوە بوو بەشێنەیی کار بکاتە سەر زیندانیەکان، ورەیان بڕووخێنێ‌و بەدانی بەڵێنی ئازاد کردن ڕێبازی چەوتیان لەبەر نێ‌و ئاژاوە بخاتە نێو زیندانیەکانەوە. لەو نێوەدا، ژمارەیەک لە زیندانیە کوردەکان فریوی فڕو فێڵی پۆلیسیان خواردبوو، و دژی هەڤاڵە خۆراگرەکانی خۆیان رەفتاری نالەباریان گرتبووە بەرو بەمجۆرە هاریکاری پۆلیسیان دەکرد، کە من پێشتر پەنجەم بۆ ناوی چەند کەسێکیان ڕاکێشا.

بەر لە دوور خستنەوەی من‌و عەزیزی یۆسفی‌و جەلیلی گادانی بۆ «بەرازجان» رووداوێکی سیاسی گرنگ لە ئێراندا رووی‌دا کە جێگەی سەرنجە. وەک ئاگادارن پاش دەرکردنی «رەزا» شا لە ئێران بە دەستی هاوپەیمانەکانی دژی فاشیزم لە شەڕی دووهەمی دنیاگرداو ناردنی بۆ دورگەی «موریس» و بە دەسەلاْت گەیشتنی «محەمەد رەزا»ی کوڕی

له ئێراندا، حەمە ڕەزا شا بەپێچەوانەی بابی بە لای ئینگلیس و ئەمریکادا خووشیو بۆ مانەوەی خۆیو رژێمەکەی بەرە بەرە خۆی بە ئەمریکاوە هەلاوەسیو بە یارمەتی ئینگلیسو ئەمریکا دیکتاتۆریەتی خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. دوای رووخانی حکومەتی دوکتور مصدیقو پاش هەڵوەشاندنی ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەو فیرقەی دیموکراتو حیزبی دیموکراتو گیرانو زیندانی کردنی ئێمە لە ساڵی ۱۳۳۸- ۱۹۵۹داو ئەهوەن بوونەوەی ئێرانو نەمانی بەربەرەکانی ڕاستەوخۆ بەدژی رژێمی محەمەد ڕەزا شا، ئەمریکایەکان بۆ ئەوەی پێش بە سەرهەڵدانی نەتەوەکانی جێگیر لە ئێراندا بگرێ، گوشاریان خستە سەر شا کە زەوی لەنێوان جوتیاراندا دابەش بکاتو فەزایەکی سیاسی ئاوەڵە لە ئێراندا پێکبێنێ.

چونکە ئەمریکا باوەری بە کردەوەی شا نەبوو،و دەیزانی «محەمەد رزا» شیاوی ئەو کارە نیە، دوکتور «عەلی ئەمینی» مۆرەی باوەڕپێکراوی خۆی بۆ ئەنجامی ئەو هەڵوێستە بەسەر شای ئێراندا سەپاندو بەرپرسایەتی ئەو ریفۆرمەی پێ سپارد، کە لە مێژووی ئێراندا بە «شۆڕشی سپی» دەناسرێو بەگشتی مەبەستی شۆڕشی سپی لە چوارچێوەی ئەو شەش خالانەدا بوو:

١- میللی کردنی دارستانەکان.
٢- فرۆشتنی ژمارەیەک لە کارخانەکانی دەوڵەتی.
٣- بەشدار کردنی کرێکاران لە سودی داهاتی کارخانەکان لە ڕێگای کرینی سەهام.
٤- ئیزندانی ژنان لە دەنگداندا.
٥- دانانی سوپای دانیش بۆ خوێندەوار کردنی گوندییەکان.
٦- دابەشکردنی زەویو زار.

عەلی ئەمینی سەر بە بنەماڵەی «قاجار»ەکان بوو،و محەمەد ڕەزا شا خۆشی نەدەویست، بەلام ناچار بوو مل بۆ ویستی ئەمریکا راکێشێو عەلی ئەمینی بکاتە سەرۆک وەزیری حکومەتی ئێران. ئەمینی لە کابینەی خۆیدا مۆرەی وەک «مستەفا ئەلەمووتی»و «ئەرسەنجانی» دەست نیشان کردبوو، کە خاوەنی رابردووی سیاسی چەپو کومونیستیو دژ بە رژێمی پاشایەتی بوون، بەلام ئەو کاتە لایاندا بوو،و سازی نەتەوەیی ئێرانیان لێدەدا. ئەلەمووتی کرا بە وەزیری عەدل (دادگستری)و ئەرسەنجانی بوو بە وەزیری گشتو کاڵو ریفۆرمی دابەشکردنی زەوی بە دەستی ئەرسەنجانی دەست پێکرا. ئەلەمووتی‌ش بەشێک لە ریفۆرمی سیاسی ئەنجام دا. عەلی ئەمینی بەمجۆرە خەریک بوو فەزای سیاسی ئێران بگۆڕێ. ناوبراو، بواری دابوو بە رووناکبیرانی نەتەوە پەرەستی ئێرانی کە زۆربەیان پێشتر

لایەنگرانی دوکتور مصدیق بوون، بە ئاشکرا کۆبوونەوەی سیاسی پێک بێنن. لە ئەنجامی ئەو کردەوەیەدا، لایەنگرانی بیری نەتەوەی کۆنگرەیان بەستو خۆپێشاندانەکان دەستی پێکرایەوە. لەو بوارەدا ژمارەیەک ڕووناکبیری چەپو نەتەوەیی خۆیان خزاندبۆە نێو ڕیزی نەتەوە پەرەستەکانەوەو لە ڕیزی لایەنگرانی دوکتور مصدیقدا چالاکیان دەنواند. لەو هەلو مەرجە گونجاوەدا بوو کە عەلی ئەمینی داوای لە ژمارەیەک کەسایەتی خاوەن سیمای سیاسی نەتەوەیی وەک موهندیس «مهدی بازرگان»و «زیرەکزادە»و چەند کەسیتری لایەنگری بیری مصدیق کرد، کە بچن لە کابینەی ئەودا بەشداری بکەن، بەڵام ئەوان داوای عەلی ئەمینییان ڕەد کردەوەو ڕایانگەیاند کابینەی عەلی ئەمینی سەر بە ئەمریکایە. ئەوان دەیانگوت شا بە یارمەتی ئەمریکا مصدیقی لێخستوەو ئەو کردەوەیە هەرگیز لە لایەن لایەنگرانی مصدیقەوە فەرامۆش ناکرێ.

ریفۆرمی دابەشکردنی زەوی‌و زار بە ناکاملی دەستی پێکردو بنەمای سیستیمی فئودالی لە ئێراندا لەق کردو هەڵیوەشاند، بەڵام لە باری سیاسییەوە چونکە عەلی ئەمینی لەنێو ڕووناکبیرانی ئێراندا بە ئینسانێکی کۆنە پەرەستی سەر بە ئەمریکاو ولاتانی ڕۆژئاوایی ناسرابوو، نەیتوانی سەرکەوێ. لەو هەلومەرجەدا مستەفا ئەلەمووتی کە یەکێک لە یارانی دوکتور «ئەرانی» کەسایەتی کومونیستی ناسراوی ئێران بوو،و لەگەڵ ٥٣ زیندانی ناسراو زیندانی کرابوو، لەو جەوە کەڵکی وەرگرتو ژمارە زیندانێکی بەرچاوی لە زیندان ئازاد کرد. ئەو کاتە نزیک بە ٥٠٠ کەس بەتاوانی بیری سیاسی لە زیندانی قەسر زیندانی بوون. ئەلەمووتی لە ڕێگای بنەماڵەی زیندانیەکانەوە بە نهێنی ناوی گیراوەکانی وەرگرتبوو،و لە ڕێگەی ڕەسمیشەوە لە زیندانەوانەکانی ویستبوو لیستەی گیراوەکانی بۆ بنێرن. بەم چەشنە سێ مانگ دوای دامەزرانی حکومەتی دوکتور عەلی ئەمینی زۆربەی زیندانیە سیاسییەکانی سەر بە حیزبی تودە، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانو حیزبی دێموکرات کە حەبسی دە ساڵ تا ئەبەدیان بەسەردا سەپێندرابوو لە زیندان ئازاد کرانو ئێمەش نزیکەی ١٣٠ کەس ماینەوە. ئەلەمووتی بەڵێنی ئازاد کردنی باقی زیندانیەکانیتریشی دابوو، کە منو عەزیزی یوسفیش لەگەڵ ئەو ١٣٠ کەسە بووین.

ئەو کاتە دۆخی سیاسی ئێران بۆ هەڵسوڕانی سیاسی قانوونی لەبار بوو. فەزای کراوەی سیاسی لە حکومەتی ئەمینیدا پێکهاتبوو، ڕێگا بۆ دامەزراندنی حیزبی سیاسی ئاوەڵە بوو. لەو کاتەدا، لایەنگرانی مصدیقو «جبهەی میللی» (بەرەی نەتەوەیی) وەخۆ کەوتنو خەریکی دامەزراندنی حیزبو ڕێکخراوی قانوونی بوون. ئەو ڕەوتو بزاڤانە ببوونە چەقلی چاوی شای ئێرانو لایەنگرەکانی لە دەرباری پەهلەویداو ئەوان هەستیان بە مەترسی دەکرد،

کە نەکا هەڵیک برەخسیٚ‌و داموودەزگاکەیان لە ئیٚراندا کۆ بکریٚتەوەو رژیٚمیٚکی کۆماری جیٚی رژیٚمی پاشایەتی بگریٚتەوە. لەو روانگەوە محەمەد رەزا شا وەپەلەقاژە کەوت‌و خۆی گەیاندە ئەمریکاو «کەنەدی» سەرۆک کۆماری ئەمریکای رازی کرد کە ئیزن بدات بۆخۆی بەرپرسایەتی پلانە داریٚشتراوەکان بەئەستۆ بگریٚ، کە ناوی «شۆڕشی سپی» لەسەر داندرابوو.

محەمەد رزا پەهلەوی ترسی نابووە دڵی «جۆن کەنەدی»و گوتبووی هیٚزەکانی نەتەوەیی‌و چەپی ئیٚران لەو جەوەی کە ئەمینی بۆی رەخساندون خەریکی پیلان گیٚڕان دژی ئەمریکان. رژیٚمی کومونیستی سۆڤیەتیش چاوی بڕیوەتە ئەو رووداوانەی ئیٚران‌و هەوڵدەدا دارودەستەی خۆی لە ئیٚراندا بە دەسەلاٚت بگەیەنیٚ‌و بەمجۆرە شای ئیٚران سەرۆک کۆماری ئەمریکای فریو دابوو. محەمەد رەزا شا بە وەرگرتنی بەڵیٚنی لە ئەمریکا گەڕایەوە بۆ ئیٚران‌و دەستبەجیٚ، ئەمینی لە حکومەت خست‌و هەموو کارو باری ئیٚرانی هیٚنایەوە ژیٚر دەستی خۆی. هیٚزو دەسەلاٚتی سەرلەنویٚی شا ئومیٚدی ئیٚمە گیٚراوە سیاسیەکانی کویٚر کردەوە. ئەوان لە ئازاد کردنی ئیٚمە چاوپۆشیان کردو ئیٚمە زیندانیە سیاسیەکانیان لە زینداندا راگرت‌و ئازاد بوونی ئیٚمە کەوتەوە دەست ساواک‌و بڕیاری شاو لە ئاکامدا تا راپەڕینەکانی پیٚش شۆڕشی ١٣٥٧-١٩٧٩ لە زیندانداماینەوە.

پاشگەز بوونەوەی جان کەنەدی لە پشتیوانی کردنی دوکتور عەلی ئەمینی‌و گەڕاندنەوەی دەسەلاٚتی سەرلەنویٚ بە شای ئیٚران، دوا رۆژیٚکی تاڵی بۆ نەتەوەکانی جیٚگیر لە ئیٚراندا پیٚکهیٚنا. ئەمجارە ساواک‌و شا بە پشت ئەستوری ئەمریکا دیکتاتۆریەتیٚکی توندو تیژتر لە پیٚشوویان بەسەر خەڵکدا سەپاندو وزەیان لە خەڵک بڕی. ئەو هیواو هومیٚدەی کە لە دەورانی عەلی ئەمینیدا لە دڵی خەڵک‌و رووناکبیران نیشتبوو، جیٚگای بە ناهومیٚدی‌و کەسادی‌داو لە ئاکامدا رووناکبیرانی نەتەوەکانی هاندا بە توندی بکەونە دژایەتی کردنی ئەمریکاو قین‌و بیزاری خەڵکی ئیٚران دژی ئەو بەرز کەنەوە. ئەو کردەوەیەی ئەمریکا، مەلاکانی شیعەی وەخۆ خست‌و ئایەتوڵلاٚ «خومەینی» توانی بەباشی ئەو هەلە بقۆزیٚتەوە بە کەڵک وەرگرتن لەو، دەست بە خەباتی سیاسی بکات. لە ئەنجامی ئەو کیٚشەو بیزارییەدا بوو کە شا لە ساڵی ١٣٤٢- ١٩٦٣ خومەینی لە ئیٚران دەرکردو بۆخۆی بوو بە هۆی زەق کردنەوەی ناوی خومەینی لە ئیٚران‌و تەنانەت دەرەوەی ئیٚرانیشداو خۆش کردنی ریٚگا بۆ بەدەسەلاٚت گەیشتنی خومەینی لە شۆڕشی ١٩٧٩دا. لە حاڵیٚکدا ئەگەر حکومەتی دوکتور ئەمینی خۆی گرتبا بەو فەزا سیاسی‌یە قانوونی‌یەی کە دەهات لە ئیٚراندا جیٚ بگریٚ، ئەمڕۆ نەتەوەکانی ئیٚران تووشی ئوختوپووسی ئاخوندی نەدەهاتن‌و

رۆژگاریان بەشێوەی ئێستا تاڵ نەدەبوو. دەتوانم بە راشکاوی بڵێم سیاسەتی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوایی لە بەرامبەر نەتەوەکانی ئێراندا هەمیشە تێکەڵاوی هەڵەی نالەبار بووەو ئەو هەڵانەش کێشەو دژواری نەتەوەکانیان پێ چارەسەر نەکراوە.

ئێمە گیراوە سیاسیەکان بووینە قوربانی سیاسەتی جان‌کەنەدیو بۆ ساڵانی درێژ دەرگای زیندانمان لەسەر گاڵە درا. بە دوای ئەو رووداوەدا بوو کە منو عەزیزی یۆسفیو جەلیلی گادانیان بۆ زیندانی «بەرازجان» دوورخستەوە. زیندانی بەرازجان قەڵایەکی کۆنی سەردەمی شا «عەباسی سەفەوی» بوو، کە ماوەیەک وەک کاروانسەرای وشترەوانان کەڵکیان لێوەرگرتبوو.

ئەو کاتەی کە ئێمەیان بۆ بەرازجان تەبعید کرد، ئەو جێیە لادێیەکی زۆر دواکەوتوو بوو. ئاوی خواردنەوەو دوکتورو دەرمانو نەخۆشخانەی نەبوو. خەڵکی بەرازجان ناچار بوون بۆ دوکتورو دەرمان بچنە شاری «بوشهر» کە لەسەر کەنداوی فارس هەڵکەوتبوو. ئاوو هەوای بەرازجان زۆر نالەبار بوو. هاوینان رادەی گەرما سەری لە ٤٥-٥٠ دەرەجە دەداو بە هۆی «شەرجی» بوونی واتە هەڵمی زۆری دەریا هەمیشە لیباسی ژێرەوەی خەڵک تەر دەبوو، و لەشی ئینسان چەوری پێدا دەتکایەوە. تۆزو خۆڵی «عەرەبستانی سعودی»ش ژیانی بە خەڵک تاڵ کردبوو. دەکرێ بڵێم تۆزو خۆڵ مانگی جارێک ئاسمانی بەرازجانی بەچەشنێک دادەپۆشی، کە ئەستێرەکانی ئاسمان بەدی نەدەکران. خۆل بۆ ماوەی سێ رۆژان لە ئاسمانی ناوچەی کەنداوی دەمایەوەو زارو گەرووی خەڵکی دەئاخنی. لەبەر ئەوەیە کە پتر لە نەوەد لەسەدی خەڵکی هەرێمی بەرازجان نەخۆشی دەردەباریکە (سیل)و چاوئێشە (تەراخۆم)یان هەیە. من بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەو ناوچە نالەبارە زیندانی بوومو پاشان بەهۆی نەخۆشی لەساڵی ١٣٤٦- ١٩٦٧ گەڕاندیانمەوە بۆ زیندانی تاران.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا تەنیا جارێک ماڵومنداڵی خۆم دیت. ئەوان لەبەر دووری رێگاو خەرجی گرانی توانای هاتووچۆیان بۆ لای من نەبوو، و زیندانی بەرازجان بۆ ئێمە لە فەرامۆشخانەک دەچوو، کە دنیای دەرەوەمان لێ بێگانە بوو. تەنیا ساڵی جارێک مافی دیتنی بنەماڵەکانمان هەبوو، کە ئەویش پتر فارسەکان کەڵکیان لێوەردەگرت. مافی بوونی رادیۆمان نەبوو. چونکە خەڵکی بەرازجان فرە هەژارو نزیک بە نەوەدو پێنج لە سەدیان نەخوێندەوار بوون، رۆژنامە بۆ بەرازجان نەدەهات. دێهاتەکانی جێی کشتوکاڵ نەبوونو ئاژەڵیان لێ‌رانەدەگیراو بەم پێیە دووکانی سەوزەو شیرو ماست فرۆشی نەبوو. ئەو بەرهەمانە لە ماوەی سەعاتێکدا لە بەرازجان بۆگەن دەبوون. ئێمەی زیندانی لە ماوەی پێنج ساڵدا قەت چاومان بە شیر، ماست، پەنیر، میوەجاتو سەوزە نەکەوت.

بەرازجان گۆشتی نەبوو. ئەگەر جارێک گۆشتی «بزن» وەچەنگ کەوتبا، ئەویش ئەوەندە لەڕو لاواز بوو کە کاتی کوڵاندن جیا لە مستێک کەفو چەرمەچەقاڵتە چی لیێنەدەمایەوە. ئەو کاتەی کە ئێمە لە بەرازجان بووین وشکە ساڵی بوو،و بۆ ماوەی حەوت ساڵ بارانی لیێنەباریبوو،و خەڵک گوندەکانیان چوولکردبوو. ڕۆژی ئەوەڵ کە گەیشتینە بەرازجانو ئاومان خواردەوە، وەک ئەوە بوو کە ژەهر دەخۆینەوە. ئاوەکەی لە ڕادە بەدەر تاڵو سوێر بوو، بەڵام چار نەبوو دەبوایە فێری بین. دوای چەند ساڵ حکومەت لوولە ئاوێکی لە چیاکانەوە هێنا بۆ بەر دەرگای زیندان کە ئەویش تەنیا مەئمورەکانی حکومەتی کەڵکیان لێوەردەگرتو بەشی خەڵکی‌تری نەدەکرد. ئێمەش ڕۆژانە مافی گۆزە ئاوێکمان هەبوو. زیندانی بەرازجان، بۆ ئەو زیندانیی‌یە سیاسیو ئاساییانە تەرخان کرابوو، کە ملیان بۆ ڕژێم کەچ نەدەکردو لە لای کاربەدەستەکانەوە بە مرۆڤی سەربزێوو ناسازگار دەژمێردران. دیارە لە زیندانی شارەکانی‌تری ئێرانیشدا زیندانی خۆڕاگر هەبوو، بەڵام کەس نەبوو بۆیان تێبچێنیو بە تەبعید کردنیان بدات. بەگشتی باسی دەردو ئازارەکانی زیندانی بەرازجان کتێبێکی دەوێو باشترە چیتر ئێوەی پێ ماندوو نەکەمو هەر ئەوەندە بڵێم، کە کاک جەلیلی گادانی زیندانیە هەمیشەییەکەی بۆ کرا بە پازدە ساڵو پاشانیش بە دوای نۆ ساڵ لە زیندان ئازاد کرا. کاک عەزیزی یۆسفیان برد بۆ زیندانی «ئامل»و پاشان گواستیانەوە بۆ تارانو لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٦-١٩٧٩ بە هۆی نەخۆشی دڵ لە زیندان ئازاد کراو لە ڕۆژی ١٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧-١٩٧٩ کۆچی دوایی کردو ئەوەڵین ڕاپەڕینی خەڵکی مەهاباد لەو دەورەیەدا دژی ڕژێمی پاشایەتی کاتی ناشتنی ئەو ئەنجامی گرت. یادی ئەو پاڵەوانە لە دڵی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە.

## بۆ زیندانی تاران

ساڵی ١٣٤٦- ١٩٦٧ گۆاسترامەوە بۆ زیندانی تاران. چەند کەسێک لە ئەفسەرانی ڕێکخراوی نهێنی سەربازی حیزبی تودە و ئەندامانی «نهضت آزادی» کە ٢-٤ ساڵ لە بەرازجان بوون، بەر لە من گۆسترابوونەوە بۆ تاران. کەسایەتی وەک موهەندیس «مهدی بازرگان»، ئایەتوڵڵا «تاڵەقانی»، دوکتور «سەحابی»و موهەندیس «سەحابی» کوڕی دوکتور سەحابیو سێ کەسی‌تر نزیک بە دوو ساڵ لە بەرازجان زیندانی بوونو ئەوانیان لەگەڵ ئەفسەرانی تودەیی گەڕاندبۆوە زیندانی تاران. لە ٦٠- ٦٥ کەس ئەندامی ڕێکخراوی

نهێنی سەربازی حیزبی تودە، ٣٥ کەسیان ئیعدام کرانو ئەوانیتریش جگە لە چەند کەسێکیان بەرە بەرە یان ماوەی زیندانیەکانیان تەواو بوو یان بەخشرانو جیا لەو چەند کەسەی کە لەگەڵ من لە زیندانی بەرازجان بوون کەسیتریان نەمابوو.

«سەفەرخانی قارەمانی» کۆنە زیندانی سەر بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ ماوەی دە ساڵان لە زیندانی بەرازجان راگیراو پاشان گەڕاندیانەوە بۆ تاران. من لەگەڵ «سەفەر»خانو شەش ئەفسەری تودەیی بە ناوەکانی «سمایلی زولقەدر»، «رەزا شەڵتوکی»، «تەقی کەیمەنیش»، «ئەبوتوراب باقرزادە»، «عەباسی حەجەری»و «عەلی عەمویی» لە زیندانی تاران مابووینەوە. لەنێو ئەوانەدا رەزا شەڵتوکی کوردی خەڵکی کرماشان بوو،و عەلی عەموویی‌ش پورزای رەزا شەڵتوکیو بەدایک کوردو بابی «ئیسفەهان»ی‌و فارس بوو. ژمارەیەکیش لە ئەفسەرانی تودەیی پازدە ساڵ لەگەڵ ئێمە بوونو دوای ئەو پازە ساڵە لە باقی زیندانەکانیان خۆش بوونو لە زیندان ئازاد کران، بەلاّم ئەو چەند کەسە تا شۆڕشی ١٣٥٧- ١٩٧٩ لە زیندان مانەوەو ئێمە بەیەکەوە ئازاد بووین.

ئەو شەش ئەفسەرانە، مرۆڤی زۆر بەکارو نەجیبو لێهاتوو بوون. بەراستی لەباری کەسایەتی‌و مرۆڤایەتی‌یەوە، لە باری خۆڕاگری‌و خوو رەویشتی پیاوانەوە بە ئینسانێکی تەواو عەیار دەژمێردران. من لە ژیانمدا کەمتر کەسی وەک ئەوانە پاکو شەریفم بینیوەو بە راستی هەرچەندە دەربارەی کەسایەتی بەرزی ئەوانە بڵێم دیسان کەمم لێگوتوون. زۆر بەداخەوە پێنج کەسیان دوای بیستو پێنج ساڵ زیندانی لە زیندانی رژێمی پاشایەتیدا، رژێمی نگریسی مەلایان بواری پێنەدان بحەسێنەوەو زۆر زاڵمانە تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەنی بیرو باوەڕی چەپ بوون، ئیعدامی کردن. لەنێو ئەوانەدا «عەلی عەمویی» چونکە ژنو منداڵی هەبوو، لە بەرامبەر مەلاکاندا کۆتا هاتو رژێم ئیعدامی نەکردو سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧٥-١٩٩٦دا لە زیندان ئازاد کرا. عەمویی بەو حاڵەش چونکە زۆری ئازار بینی‌وەو رەنجی کێشاوە، جێگەی رێزە.

ژیانی ئێمە تا ساڵی ١٣٤٩- ١٩٧٠ لە زینداندا ئاسایی بوو. زیندان بە یارمەتی‌و کردەوەی ژیرانەی ئەو چەند کەسانەو چەند زیندانی سویلی‌تری ئەندامی حیزبی تودە وەک قوتابخانەی لێهاتبوو. گەنجی تازە گیراو کە بۆ ماوەیەکی کورت دەهاتە زیندان لە گشت باری سیاسی‌و فەلسەفی‌یەوە روون دەکرایەوە. گەلێک جاران دەمدیت گەنجێک کە بۆ ماوەی شەش مانگو ساڵێک حوکم دەدرا، پاش تەواو بوونی زیندانیەکەی بە ئازاد بوونی لە زیندان رازی نەدەبوو،و دەیگوت پێمخۆشە دوو سێ ساڵ لێرە بمێنمەوەو شت فێر بم. کەسانی وا هەبوون کە بۆ ئەوەی پتر لە زینداندا بمێننەوە، لە دادگای دووەهەمدا توندو

تیژیان دەکرد. ئەو کاتە زیندان قوتابخانەی دەوڵەتی هەبوو،و لاوان دەیانتوانی سەری ساڵ لە تاقیکردنەوەی ساڵانەدا بەشداری بکەن. زیندان بەو دۆخەی ببوو بە زانستگایەکی بچووک بۆ گەنجی بەهەستی بەندیکراو.

## تۆبە کردن بە زیندانییە سیاسییەکان

گوتم لە ۱۹۶۰- ۱۹۶۵ کەس زیندانی تودەیی، ۳۵ کەسیان ئیعدام کرانو ئەوانیتریش بەرە بەرە یان ماوەی زیندانیەکانیان تەواو بوو یان بەخشرانو لە زیندان چوونە دەر. لە ساڵی ۱۳٤۸-۱۹٦۹دا، دە ساڵ بەسەر زیندانی بوونمدا تێدەپەڕی. رژێمی ئێران، لەو ساڵەدا بۆ رووخاندنو بەچۆک داهێنانی بەندییەکانی سیاسیو ساردکردنەوەی خەباتگێڕان، «پەرویزی نیکخوا»و چەند کەسیتری بردە سەر تلویزیۆنو پەشیمان نامەی پێخوێندنەوە. ئەو کردەوەیەی رژێم لە کاتێکدا ئەنجامی گرت، کە من ماوەیەکی زۆر بوو خێزانمو منداڵەکانم نەدیتبوو، و لەبەر بێدەرەتانی ماڵی داوام لە خێزانم کردبوو، نەیەتە لامو ئەو پارەیەی خەرجی هاتووچۆی زیندانی دەکا، لە دەردێکی خۆیو منداڵەکانی بدات.

خێزانم کە بیستبووی دەوڵەت هێنانە سەر تلویزیۆنی بەندییەکانی سیاسی کردۆتە مۆدو بەشێوەی جۆراوجۆر بەندییەکانی سیاسی دێنێتە لەسەر تلویزیۆن تا رەخنە لە کردەوەی خۆیان بگرنو داوای لێبوردن بکەن، گورج وەخۆ دەکەویو لە دەرەتانێکدا خۆی گەیاندبووە تاران. رۆژێک هاتنو گوتیان وەرە خێزانت هاتووە. چونکە بریار نەبوو ئەو تا سەرەتای بەهاری ساڵی ۱۳٤۹- ۱۹۷۰ بێتە لام، هاتنەکەیم بەدیاردەیەکی ئاسایی نەدەهاتە بەرچاو. لەبەر ئەوە تا گەیشتمە لای، هەزاران فکرم بۆ دروست بوو. مەرزە دوای چاکو خۆشی گوتی:

- «دەزانی بۆچی هاتووم؟»
- دیارە هاتووی من ببینی.
- «راستە کە هاتووم تۆ ببینم، بەلاّم مەبەستم لەو هاتنە تەنیا دیتنی تۆ نیە، بەڵکو هاتووم پێت رابگەیەنم نەکا تۆش وەک ئەو کەسانە بکەیو بێیتە سەر تلویزیۆنو بەگوتنی چەند قسەی پڕوپووچو بێمانا وەک ئەوان خۆت لەبەر چاوی خەڵک سووک بکەی! تۆ دەزانی لەو رۆژەوە کە مێردم بەتۆ کردوە قەت ئاسایشم بەخۆوە نەدیتۆوەو تەنانەت نەمتوانیوە پڕ بەدڵم بتبینم. غەنی! من تۆم خۆش دەویو هەر ئەوەندەی کە ناوی تۆم

لەسەرەو دەبینم خەڵک بەحورمەتەوە ناوت دێنن، شانازیت پێدەکەم. ئێستاش بۆ ئەوەی بێمە لاتو تۆ ببینمو ئەو قسانەت پێبڵێم، ئەو رێگە دوورەم بڕیوە. غەنی نەکەی بەهەڵە بچی! کورە فریوت نەدەن و بتبەنە سەر تلویزیۆنو سەری بەرزی منو منداڵو خزمو کەست پێ نزم کەن! غەنی داوات لێدەکەم لە زینداندا بمرەو ئاواتو ئارەزوی من لە گڵ نێ، بەڵام بۆ ئەو رژێمە کورد کوژە خوێنڕێیە کرنوش مەکە!»

- زۆرت سوپاس دەکەم، تۆ دەبێ ئەوە بزانی کە بەشی هەرە زۆری خۆراگری من لە زینداندا دەگەڕێتەوە سەر خۆراگریو ئینسانییەتی تۆ؛ خۆشەویستیت ورەم بەرز دەکاتەوەو لە تەنگژەی بیری چەوتی خۆبەدەستەوەدان دەمپارێزێ. هەرچەند من بە ئاواتم رۆژێک لەو زیندانە ئازاد بمو ژیانێکی خۆش بۆ تۆو کیژۆڵەکانم دابین بکەم، بەڵام دڵنیابە دەمرمو کەس لە هیچ جێیەک نابینێ، داوای لێبوردن لەو رژێمە بکەم.

خێزانم بە بیستنی وتەکانم خۆشحاڵ بوو،و گەڕایەوە بۆ مەهاباد. ئێستا کە دوای پترلە سی (٣٠) ساڵ دووری لەمن هاتۆتە لامو لە ئوروپا دەژی، بەداخەوە دەردو رەنجی دوور کەوتنەوەی لە منداڵو وڵاتەکەی ئازاری دەداتو لێرەش بەدڵی خۆی ژیانی بۆ ناگونجێ؛ لەو بەشەدا پێویستە سوپاسی برای هێژاو بەنرخم «یونس» بکەم، کە لە ماوەی دەربەدەرییەکانو ٢٥ ساڵ زیندانی بوونمدا، یارمەتی بە خێزانمو منداڵەکانم کردوەو لە خۆراگری مندا لە زیندان لەگەڵ خێزانم هاودەنگ بووە.

## سەرهەڵدانی چریکو موجاهیدان

ساڵی ١٣٤٩- ١٩٧٠ بوو، کە سەرهەڵدانی رێکخراوە چەپە توندو تیژەکانو موجاهیدی موسوڵمان دەستی پێکردو دەرگای زیندان بەسەر ئەو گروپە نووژەنە سیاسیانەدا کرایەوە. گروپێکیان بە ناوی «چریکەکانی فیدایی گەل»و دەستەیەکیان بە ناوی «موجاهیدینی گەل» رژاندە نێو زیندانەکانەوە. گروپی چریکەکان خۆیان بە کومونیستی شۆڕشگێرتر لە کومونیستەکانی نێو زیندان دەزانیو مایەی «مائوئیستی»یان هەبوو. ئەوان حیزبی کومونیستی سۆڤیەتیان بە لادەر لە رێبازی «مارکس» دەناسیو حیزبی تودەیان بە حیزبی کومونیست نەدەناسیو ناوی سازیشکارو دژی شۆڕشگێڕیان لێدەناو ژیانی ئاسایی زیندانیان بە ژیانی بورژواییو راحەت تەڵەب دەزانی. ئەوان بە تێکرایی باوەڕیان بە پاکو خاوێنیو بێهداشت نەبوو. چەند کەس بە فلچەیەک ددانیان دەشوشتو بە خاولێک دەستو

روویان خاوێن دەکردەوەو حەمامیان دەکردو پێخەفی وەک ئێمەیان بە هی بورژواکان دەزانی‌و تەنیا بە دوو تاقە پەتووی رەشی زیندان دەنووستن‌و مەلافەو خاوێنی پێخەفیان لا سووک بوو. ئەوان دەیانگوت شیاوی مرۆڤی شۆڕشگێر نیە کە چێشتی تایبەتیان لە دەرەوەی زیندانەوە بۆ بێت‌و تەنیا خوراکی زیندانیان دەخوارد، کە بە راستی بۆ خواردن نەدەبوو.

ئەوان دەیانگوت زۆربەی خەڵکی ئێران ئێستا پێخەفی باش‌و خواردەمەنی باشیان نیەو ئێمەش دەبێ وەک ئەوان بژین. ئەوان هێدی‌و هێمن بوونیان لە زیندانەکاندا بە ترسەنۆکی‌و بێ بژاڤی دەزانی‌و لەسەر بنەمای فکری «مائۆ» دەیانگوت: «ئەگەر ئاو راوەستێ، بۆگەنێ». ئەوان دیاردەکانیان یەک‌لایەنە هەڵدەسەنگاندو بایەخێکی ئەوتۆیان بە پەروەردە کردنی مێشک نەدەداو دیاردەکانی سیاسی‌و فەلسەفیان زۆر بۆ گرنگ نەبوو،و بنەمای خەباتیان لەسەر هەڵبەزو هەلتۆزو ئاژاوەگێری دادەرشت‌و دروشمدان‌و دژایەتیان لەگەڵ لێپرسراوانی زیندان بە هەنگاوی شۆڕشگێرانە دەزانی. ئەوان لایان وابوو کە مرۆڤی شۆڕشگێر دەبێ وەک ئەوان بکات، ئەگینا سازشکارو بێ مایەو بێ‌نرخە. ئەوان بۆ ئەوەی زیندانەوانەکان ئازار بدەن ئێواران دەخزانە نێو حەوشەی زیندان‌و بە بیانووی وەرزیش هەرایان ساز دەکردو نزیک بە دوو سەد کەس وێکرا دەیان بۆڕاند.

پێشتر گوتم زیندانی قەسر دوو بەندی هەبوو بە ناوەکانی بەندی سێ‌و چوار. دوو پەنجەرەی بچووک لە بەندی سێ‌دا دەیانڕوانیە حەوشەی بەندی چوار. لەبەر ئەوە دەنگ‌و هەرای بەندییەکان دەگەیشتە یەکتر. ئێوارانە کە زیندانیەکانی بەندی چوار وەرزیشیان دەکرد، ئەوانەی بەندی سێش وەخۆ دەکەوتن‌و نەیاندەهێشت لەوان بمێننەوە. ئەگەر کەسێک لە زیندان ئازاد دەبوو بەتێکرا دەرژانە حەوشەی زیندان‌و دروشمیان دەداو هەرایان ساز دەکرد. بە ئاشکرا بەندیەکانی بەندی سێ‌و چوار رقەبەرایەتی یەکتریان دەکردو هەر بزاڤێکی یەکتریان دەقۆستەوەو هەموو ئێواران بیانوویەکیان دەدۆزیەوەو هەرایەکیان پێ ساز دەکرد. بەتوندی جوابەجەنگی ئێمە بەندییە کۆنەکانیان دەکردو بۆ ئەوەی بە ئێمە بسەلمێنن کە شۆڕشگێرن‌و کاری شۆڕشگێرانە ئەنجام دەدەن، دمبەدمەیان دەکردین‌و ئێمەش بە کردەوەی ئەو لاوە بەهەستانە کە زۆربەیان خوێندکاری زانستگاکانی ئێران بوون پێکەنینمان دەهات.

ئەوان هەرچەندە خوێن گەرم‌و بە حەرەکەت بوون‌و هەستی شۆڕشگێری لە وجودیان دەباری، بەڵام بە فکر کاریان نەدەکردو لە زیندانیدا ئاکاری منداڵانەیان هەبوو. ئەفسەرەکانی تودەیی کۆڵێکیان کتێب بەنهێنی هێنابووە نێو زیندان‌و حەشاریان دابوون، کە

زیندانیەکان کەڵکیان لێوەرگرن‌و بۆ خۆیشیان کلاسی سیاسی‌و ئیدەلۆژیان دانابوو،و لاوی تازە کاریان پەروەردە دەکرد. چریکەکان لەسەرەتادا بایەخیان بە کاری تیئوری نەدەداو هەڵبەزو دابەزیان پێ گرنگتر بوو، بەلاّم بە تێپەڕ بوونی زەمان ئەوانیش ڕێگای ڕاستی ژیانی نێو زیندانیان دۆزیەوەو هێمن بوونەوەو هەڵبەزو دابەزیان وەلا ناو روویان کردە خوێندن‌و خوێندنەوە.

ئەندامانی ڕێکخراوی «موجاهیدینی گەل»، کە بەتێکڕا بیرو باوەڕی توندی ئیسلامیان هەبوو، لاسای چەپە توندرەوەکانیان دەکردەوە. ئەوان تەنیا کتێبی «قورئان»، «نەهجولبەلاغە»و «مێژووی مەشروتە»یان دەخوێندەوەو ڕێکخراوەکەیان ئیزنی پێنەدەدان تێکەلاّوی زیندانیە کۆنەکانی چەپ بن‌و دوورە پەرێزیان لە ئەندامانی «چریکی فیدایی»ش دەکردو لەوە دەترسان ئەندامە گەنجەکانیان تووشی گۆڕانکاری فکری بن. لەبیرم ناچێ لە زیندانی «عادل آباد»ی «شیراز» زیندانی بووم. ڕۆژێک، ئەندامێکی موجاهیدین، کە دوای سێ ساڵ لە زیندان ئازاد دەکرا، هەڤاڵەکانیان ئیزنیان پێنەدابوو، بێتە لای ئێمەو ماڵ ئاواییمان لێ بکات، دەستی کرد بە گریان‌و گوتی:

- «سێ ساڵم بە لاش زیندانی کێشا، کەر هاتم‌و بە کەریش دەڕۆم. لەو سێ ساڵەدا هەڤالاّنم ئیزنیان نەدا لەگەڵ ئێوە پێوەندی بگرم‌و لە زانیاری‌و ئەزموونی ئێوە کەڵک وەرگرم‌و عەقڵ‌و زانیاری سیاسی خۆم بەرمە سەر. ئێوە زیندانیە کۆنەکان هەرکام بۆ خۆتان مێژوویەکی زیندوون. لەو ولاّتەدا بوون‌و خەباتتان کردوەو دەبوایە من بێم کەڵکتان لێوەرگرم‌و لەسەر ڕووداوەکانی کۆنی سیاسی‌و کەلەپووری ولاّتەکەم ئاگاداری پەیدا بکەم، بەلاّم سەد مخابن بەریان پێگرتم‌و لێنەگەڕان سوود لە ئێوە وەرگرم.»

## لە زیندانی عادل آباد (عادڵ ئاوا)ی شیرازدا

کردەوەی توندرەوانەی چریکی فیدایی‌و موجاهیدین کاری خۆی کردو کاربەدەستانی زیندانی ڕژیم زۆر زۆلاّنە زیندانیەکانیان دابەشکرد بەسەر سێ شوێنی «مەشهەد»، «قوم»و «شیراز»دا. ئێمە چەند کەسێک کە بە درێژایی چەندین ساڵ لەگەڵ یەک بووین، پۆلیس لێکی کردین. ئەو کردەوەیەی پۆلیس لە باری ڕوحی‌یەوە زەبرێکی سەخت‌و کاری لە ئێمەداو بەچەشنێک بوو کە برینەکەی هەرگیز سارێژ نەکرا. عەباسی حەجەری، کەیمەنیش، عەلی عەموویی، مجید ئەمین موید و منیان ناردە زیندانی شیرازو ڕەزا شەڵتوکی، سمایلی

زولقەدر، ئەبوتورابی باقرزادەو چەند کەسی تریان بۆ زیندانی مەشهەد بەڕێکرد. ئەندامانی چریکو موجاهیدیشیان وەکوو ئێمە لێک کردو ئەو هەڵاواردنە بوو بە هۆی شل بوونەوەی ئەوان، بەڵام پۆلیس زەبری خۆی وەشاندو دەرەتانی رەنجی چەند ساڵەی ئێمە زیندانیە کۆنەکانی لێ بەبا کردینو ئیتر نە کتێب ماو نە رادیۆو شتی تر.

زیندانی «عادل آباد»ی شیراز بەشێوەی زنیدانەکانی ئەمریکا، لە ئاسنو چیمەنتۆ ساز کرا بوو. کونو کاژێری نەبوو کە زیندانی بتوانێ شتی نهێنی خۆی تێدا بشارێتەوە. لەبەر ئەوە، ئێمە هەموو ئەو شتانەی کە لە زیندانی تاران بوومان، لە دەستمانداو تەنانەت رادیۆیەکمان بۆ نەمایەوە. زیندانیە چەپڕەوەکان ئێنجا هاتنەوە سەرخۆو تێگەیشتن کە چیان بەسەر ئێمەو خۆیان هێناو چیان لە دەست داوە. بەمجۆرەش جارجارە تووشی هەڵە دەبوونو هێمنایەتی زیندانیان دەشێواندو ژیانیان لە خۆیانو لە ئێمە تاڵ دەکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٥- ١٩٧٧دا ڕووداوێکیان خوڵقاند لە زیندانی شیرازدا، کە بۆ ماوەی ساڵێک ئێمەیان تووشی رەنجو ئازار کردو زیندانەوانەکان بەم هۆیەوە بێحورمەتیکی زۆریان پێکردین.

سێ گرووپی چریک، موجاهیدو تودەیی لە زیندانی شیراز بوون. منیش تەنیا ئەندامی حیزبی دیموکرات بووم لە ریزی ئەو زیندانیە کۆنانەی حیزبی تودەدا. گرووپی چریکەکان، تاقمی جیاوازو ناوی جیاوازو بیرو باوەڕی جیاوازیان هەبوو، بەڵام هەموویان بە چریکی فیدایی دەژمێردران.

بەدوای نەقلی ئێمە بۆ زیندانی شیراز چونکە گروپە توندڕەوەکان سەریان وەبەرد کەوتبوو،و هێندێک ئەهوەن ببوونەوە، ئامادە بوون نوێنەرێک هەڵبژێرن کە پێوەندی نێوان زیندانیو کاربەدەستانی زیندان بە مەلەوە بگری، بەڵام بڕیاردرا ئەگەر ڕووداوێک لە زینداندا بخوڵقێ نوینەری هەموو گروپەکان بۆ چارەسەر کردنی کۆ ببنەوەو بڕیاری لەسەر بدەن. «عەباسی حەجەری» بە دەنگی گشتی ئێمە زیندانیەکان بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرا. ڕۆژێک لێپرساوی زیندان، «حەجەری» ئاگادار کرد، کە لە لایەن ساواکەوە دێن بۆ پشکنینی زیندان. حەجەریش نوێنەری گروپەکانی کۆ کردەوەو بەیەکەوە بڕیاریاندا بۆ ئەوەی تووشی ئاژاوەو ئازارمان نەکەن، پێویستە کاتی هاتنی ساواکیەکان بۆ زیندان هێمنایەتی ڕاگرن.

سەرلەبەیانیکی زوو پاش بەرچایی، گروپێک ساواکی بە سەرپەرەستی ملهۆرێکی بەرپرس لە پارێزگای «فارس»دا بە ناوی «فەخرایی» ڕژانە داڵانی زیندان. زیندانەکەی ئێمە بریتی بوو لە داڵانێکی ٤٠- ٥٠ میتری کە هەر لایەی حەوت هۆدەی دەرگا ئاسنی

میلەداری هەبوو،و کێشکچیەکان بە نێوان میلەکاندا زیندانیەکانیان دەدیت. هەر هۆدەیەی سێ تەختی ئاسنی سێ قاتی تێدابوو،و نۆ کەسیان تێخزاندبوو. فەخرایی هەرکە گەیشتە ئاخرین ریزی هۆدەکان، لەو سەری دالانەکە لە ناکاو کەوتە بەر هێرشی زیندانیک بە ناوی «موسامحەمەد زادە». ناوبراو لەگەڵ گروپێکی پێنج کەسی خوێندکاری زانکۆ خۆیان بە چریک دەزانی. ئەو پێنج کەسە بۆمبایەکیان لەبن ڕێلی قەتاری ڕێگای مەقبەرەی «شاعەبدولعەزیم» لە تاران تەقاندبۆوە. ڕێگایەکە چۆلگە بوو، و ماوەیەک بوو هاتووچۆی پێدا نەدەکراو ئەو گروپەش بەو مەبەستە ئەم ڕێگایەیان هەڵبژاردبوو، بەلاَم بەمحاڵەش لە داوی پۆلیس کەوتبوون‌و هەر کامەیان بە ١٠-١٥ ساڵ مەحکوم کرابوون.

چریکە سەرەکیەکانی زیندانی گاڵتەیان بەوان دەکردو بەراستی هەر بۆ گاڵتەش دەبوون. بۆ ئەوەی موسا پێشان بدات، کەمتر لە چریکی فیدایی‌و موجاهیدی گەل نیە، پەلاماری فەخرایی‌داو ئەوی خستە ژێر شەپ‌و مستان. موجاهیدو چریکەکان کە چاویان بەو کردەوەیە کەوت بە کۆمەڵ ڕژانە سەر فەخرایی‌و هەموو سەروگوێلاکیان شکاند. پۆلیس «باتووم» بەدەست ڕژانە نێو زیندان‌و شەڕێکی توند لە نێوان پۆلیس‌و زیندانی هەلایساو گشت زیندانیەکان لەو شەڕە بێ سەمەرەیە وەردران. پۆلیس توانی ساواکیەکان لە چەنگ زیندانیەکان ڕزگار بکات‌و دەرگای زیندان بەسەر ئێمەدا گاڵە بدات.

بەر لەو کێشەیە زیندانیەکانیان بۆ خواردنی بەرچایی‌و فراوین‌و شێو دەبردە هۆڵی تایبەتی چێشت خواردن، کە مێزو سەندەڵی‌یان لێدانابوو. هۆڵەکە مەودای لەگەڵ زیندان هەبوو،و زیندانیەکانی سیاسی دەبوایە بە دالانێکی درێژی نزیک بە ٧٠ میتردا بچنە ئەو هۆڵە. جگە لە ئێمە زیندانیە سیاسی‌یەکان چەند بەندیشیان بۆ زیندانی ئاسایی لەبەر چاو گرتبوو، کە دەرگای بەندەکانی ئەوان، بێهداری زیندان، دەفتەری زیندان‌و هۆڵی وەرزیشیش بە هۆڵی چێشت خواردندا دەکرانەوە. دوای شەڕی ئەو ڕۆژە زیندانیەکانیان ئیتر لە بەندی تایبەت بەخۆیان دەرنەکەوتن‌و لەم ڕوانگەوە کە لەوێ باشتر دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، داوایان لە پۆلیس کرد خواردنیان بۆ بنێرنە هۆدەکانیان.

بۆ ماوەی نزیک بە حەوتوویەک پۆلیس بێدەنگ بوو. بەرواڵەت بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ زیندانیەکان دەجولانەوەو گۆشاریان بۆ نەدەهێنان. موجاهیدەکان‌و چریکی فیدایی بەو ئاکامە گەیشتبوون کە بە لێدانی فەخرایی‌و شەڕ لەگەڵ پۆلیس، ئەوانیان چاوترسێن کردووەو پۆلیس چیتر بەربینگی زیندانیان ناگرێ‌و لەوە دەترسێن دەنگی بزووتنەوەی زیندان بەگوێی خوێندکارانی زانستگای شیراز بگات‌و لەوێوە تەشەنە بکاتە نێو زانستگاکانی تاران‌و شارەکانی‌ترو بازاری تاران وەخۆ بکەوێ‌و خوێندکارانی زانستگا دژی ڕژیم ڕاپەڕن. ئەوان

گەنج بوونو ئەوەی دەیانگوت باوەڕیان پێی بوو، بەڵام ئێمە زیندانیە کۆنەکان ئەو بۆچوونەمان بە دیاردەیەکی خەیاڵی دەزانی.

چریکو موجاهید بەو بۆچوونە داوایان لە پۆلیس کرد بۆ خواردنی شێو سەرلەنوێ بیانبەنەوە هۆڵی چێشتخواردن. پۆلیس بەو داوایە قڵیو بلی تێکەوتو وایان پێشاندەدا کە گۆیا ئەو داواکارییە دەبێتە هۆی ئاشتی لە نێوان زیندانیو پۆلیسداو بەم چەشنە زیندانیەکان بە دەستی خۆیان یارمەتیان بە پیلانی دارشتراوی پۆلیس کرد.

چریکو موجاهید ئەندامانی خۆیان دابەشکرد بەسەر چەند گروپانداو هەر گروپەی سەرگروپێکیان بۆ داناو بەشێوەی کاری چریکی گوتیان هەر گروپەی دەبێ کاتی پێویست ئەرکی پێئەسپێردراوی بەجێ بگەیەنێ. ئەو کارە منداڵانەیەی ئەوان هەر بۆ گاڵتە پێکردن دەبوو. سەیر ئەوە بوو کە گشتیان زارکی شاڵوارەکانیان تا سەر ئەژنۆیان لە گۆرەوی ئاخنیبوو. هەرکام کەوچکێکی چێشتخواردنیان لە گیرفانیان نابوو تا کاتی پێویست وەک چەکی سووک کەڵکی لێوەرگرن. گروپ، گروپ بەرەو هۆڵی چێشت خواردن وەڕێ کەوتن. دالانی زیندان بێدەنگ بوو،و هەست بە پیلانی پۆلیس نەدەکرا، بەڵام زیندانەوانەکان خۆیان بۆ بەرێوە بردنی پیلانێکی ناشیرین ئامادە کردبوو.

هەموو زیندانیەکان بە شێنەیی چوونە هۆڵی چێشت خواردنو هەرکام لە جێیەک دانیشتن. ئەفسەرانی زیندانی ماتو بێدەنگ دەستیان بەشێوەی خاچ لەسەر سنگیان دانابوو،و چاوەڕوان بووین چێشتمان بۆ بێنن. چێشت هاتو خەریکی خواردن بووین کە سەرۆکی پۆلیسی شیراز سەرهەنگ «عابدینی» هاتە هۆڵی چێشت خواردنو حاڵو ئەحواڵی پرسینو بە دابی فەرماندەکان تامی چێشتەکەی کردو گوتی: «بەبە چەندە خۆشە!» ناوبراو پاشان گەیشتە منو پرسی: «ئێستاش هەر زیندانی، ئەدی کەنگی زیندانی تۆ دەبڕێتەوە؟» ئەمجارە گوتی: «دەزانم حوکمی هەمیشەییت پێدراوە.» من جارێک لە زیندانی «بەرازجان» لەسەر ئەوەی کەسێک هاتبوو من ببینێ، بەڵام چونکە ئەو سەرهەنگە ئیزنی دیتنی منی پێنەدابوو، لێک ترازابووین. لەوێ قوتوە شیرینیکیان بۆ هێنام کە ناوی یەکێک لە خزمەکانی ١٦-١٧ ساڵەمی لەسەری نووسرابوو. من لەو سەرهەنگە تووڕە بوومو گوتم:

- ئەو منداڵە رێگایەکی دووری بڕیوەو هاتۆە من ببینێ، بۆچی ناهێڵی چاومان بەیەکتر بکەوێ؟

- «هیچکەس بەبێ پێناس ناتوانێ بێ زیندانی ببینێ.»

- باشە تەنیا لەبەر دەرگای زیندانی منی پێنشان بدەن تا ئاگاداری سلامەتی من بێ.

- «هەرگیز نابێ.»

نارەحەتی من لەوە بوو، کە نەکا شتێک لە ماڵمان قەومابێ، کە ئەو منداڵەیان لە مەهابادەوە ناردۆتە زیندانی بەرازجان. لەبەر ئەوە بەتەواوی تێکچووم، بەڵام بەو حاڵەش پۆلیس رێگای بینینی پێنەدام‌و شەڕەکە بە زیانی من بڕایەوە. کابرای گۆڕین گەڕابۆوەو لە «شیراز»ەوە نامەیەک‌و وێنەیەکی خۆی بۆ ناردبووم. بە دیتنی رەسم‌و نامەکەی زانیم کە ئەو کەسە «حەسەنی قازی» کوڕی کاک «رەحیم» بووە، کە ئەو پەندەی بەسەر هێنام، بەڵام بە ئاگادار بوون لەو رووداوە دڵم حەسایەوەو سۆکناییم هاتێ. قینەبەری زیندانەوانەکان دژی من درێژەی خایاند، بەڵام ئەو سەرهەنگە مرۆڤێکی نەجیب‌و لەسەرەخۆ بوو. پاش ماوەیەک هەستی کرد کە مافی منی پێشێلکردووەو لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆوەو یارمەتی پێکردم لە زیندانی بەرازجانەوە بگەڕێمەوە بۆ زیندانی تاران. بەهۆی ئەو پێوەندەیە کۆنە بوو کە ئەو بە تاسەوە لێیپرسیم: ئێستاش هەر زیندانی؟

زیندانیەکان لەترسی پیلانگێڕی پۆلیس بە نابەدڵی چێشتیان دەخوارد، بەڵام بە رواڵەت خۆیان شادو بەکەیف پێشاندەدا. دەیانگوت ئێمە وەک سەردەمی دوکتور «مصدیق»و رووداوەکەی سی (٣٠) پووشپەڕ سەرکەوتنمان وەچەنگ هێناوەو بەسەر پۆلیسدا زاڵ بووین. بەو قسەو باسانە چێشت خوراو ژمارەیەک لایان وابوو ئیتر هیچ ناقەومێ‌و رێکخستنەکانی گروپێ‌یان وەلا ناو خەریک بوون بەرەو ژوورەکانمان رێکەوین، کە ئەفسەرێکی پۆلیس گوتی: «تکایە راوەستن‌و هەموو بە یەکەوە بچنەوە بۆ ژوورەکانتان.» ئێمە لە مەبەستی ئەو ئەفسەرەی پۆلیس نەگەیشتین‌و نەمانزانی ئەو گوتنەی چی بەدواوەیە.

عەباسی حەجەری لە پێش زیندانیەکان دەڕۆیشت. کاتێک هەوەڵین ریزی پێشەوە گەیشتە سێ رێیانەی داڵانەکە، لەپڕ راوەستان‌و زیندانیەکان پنگاویان خواردەوەو سرت‌وخورت پەیدا بوو،و رایانگەیاند پۆلیسان پێشی پێگرتوون. پۆلیسی «باتووم» بەدەست لە پشت سەریشەوە لە گەمارۆی خستبووین‌و لە داڵانی ژووری تاقە کەسییەکانیش ئامادەی پەلاماردانی ئێمە بوون. ئێمە تازە تێگەیشتین کە دەگیر کەوتووین. عەباسی حەجەری دەنگی بەرز کردەوەو گوتی:

– ئاغایانی پۆلیس ئەگەر بڕیارتانداوە بێ‌حورمەتی بە ئێمە بکەن، پێویستە بزانن کە دەبێ بەسەر تەرمەکانماندا تێپەڕن. ئێمە تاقەتی بێ‌حورمەتی کردنمان نیە.

سەرهەنگ «عابدینی» لە وڵامدا رایگەیاند: «ئەگەر ئێوە ئامادە بن بە هێمنی‌و لە دوو ریزداندا بچن بۆ بەندەکانی تاقە کەسی، ئێمە بێ‌حورمەتی‌تان پێ ناکەین.»

ئینجا حەجەری زیندانیەکانی وریا کردەوەو گوتی:

– هەڤاڵان بە دوو ریز دەڕۆین. تکایە هێمن‌و لەسەرەخۆ بن.

«کەماندو»ی دار بەدەست ئەو بەرو ئەمبەری دالأنەکەیان گرتبوو. ئێمە بە هێمنی بەرەو زیندانە تاقە کەسی‌یەکان وەڕێ کەوتین. ئەو زیندانە تاقە کەسی‌یانە جیاوازیان هەبوو لە گەڵ زیندانە تاقە کەسی‌یەکانی‌تر. ئەوە زیندانێکی سێ قاتی بوو، کە نزیکەی شێست هۆدەی تاقە کەسی تێدابوو، میلەی ئاسن لە دەرگاکانیان گیرابوو. هەر دوو کەس‌و سێ کەسیان خستینە نێو ژوورێکەوە. ژمارەی ئێمە زیندانیە سیاسی‌یەکانی «عادڵ ئاوا» نزیکەی ۱۳۰ کەس بوو. جگە لە من، عەباسی حەجەری، تەقی کەیمەنیش، عەلی عەموویی‌و «مەجیدی ئەمین‌موئەید» کە ناوبراو ئەندامی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو، ئەوانی‌تر ئەندام‌و لایەنگرەکانی چریکی فیدایی‌و موجاهیدی گەل بوون. موجاهیدەکان پاشان لێک هەڵبڕان‌و تاقمێکیان ناوی خۆیان نا «پەیکار»و خۆیان بە چەپ‌و مارکسیت ناساندو ڕێکخراوی پەیکار لەو زیندانیەیانەو هەڤالأنی ئەوان لە دەرەوەی زیندان پێکهات.

ئەو شەوە بەخێر دەرباز بوو. سەرلەبەیانی چریک‌و موجاهید ڕایانگەیاند کە دەبێ بەتێکڕایی لە خواردن مان بگرین‌و دژی کردەوەی پۆلیس نارەزایی دەربڕین. عەباسی حەجەری، کەیمەنیش‌و عەموویی کە لە بەندە تاقە کەسی‌یەکانی ڕیزی خوارەوەدا بوون، گوتیان پەلە مەکەن، باشترە بزانین پۆلیس چ هەڵوێستێکی توندو تیژی‌تریش دەگرێ، ئینجا باشترە ئێمە بریار بدەین، بەلأم مجاهیدو چریک بەهۆی رقەبەرایەتی یەکتر ملیان نەداو دەستیان کرد بە خوێندنەوەی سرودی شۆڕشگێڕانە. سەرۆکی زیندان بە ناوی سەرگورد قارەمانی کە بەو ڕەوتەی زانی لەگەڵ مودیری زیندان بەناوی سەروان ئەدیب‌پوور کە ئینسانێکی وشک‌و نالەباری بوو، هاتنە دالأنی زیندان. عەلی عەموویی لە لایەن زیندانیەکانەوە دیاریکرا لەگەڵ سەرۆکی زیندان بدوێ‌و داوای قەڵەم‌و کاغەزی لێ‌بکات تا زیندانیەکان بە نووسراوە مانگرتنی خۆیان ڕابگەیەنن. عەموویی داوای لە سەرۆکی زیندان کرد، بەلأم ناوبراو بە گاڵتە ولأمی دایەوە گوتی: «کاغەزەکە سپی بێ یان شین؟ کاغەزی بێخەت بێ یان خەتدار؟ پێنووسەکە خودکار بێ یان پاندان (pandan). عەموویی لە ولأمدا ڕایگەیاند: فەرق ناکا.

سەرۆکی زیندان بە گاڵتە ولأمی دایەوەو گوتی: «ئەی بەسەر چاوان. شەو دێینە خزمەتتان‌و بەو مەرجە قەڵەم‌و کاغەزتان دەدەینێ، کە فراوێن بخۆن‌و مان نەگرن. سەرۆک‌و مودیری زیندان ڕۆیشتن، بەلأم دروشمدان هەر بەردەوام بوو،و هەر گروپەی دروشمی تایبەتی بەخۆی دەگوت.

من‌و موهەندیس «عیزەتوڵلای سەحابی» بەیەکەوە لە هۆدەیەکی تاقە کەسی‌دا بووین. ئەو ڕۆژە، پۆلیس چەند جار هات‌و ویستی خواردن بدات بە ئێمە زیندانیەکان، بەلأم

مانگرتن بەردەوام بوو،و کەس گوێی بۆ وتەی پۆلیس شل نەکرد. هەرکە تاریکی باڵی بەسەر زینداندا کێشا، زرمەو کووت لە زیندان کەوت، بەلاّم دیار نەبوو چ قەوماوە. لەپڕ دەنگێک بەرز بۆوەو ناوی «ئەحمەد زادە»و چەند کەسی‌تر خوێندرایەوە. ئەحمەد زادە بابی دوو ئەندامی موجاهید بوو کە ڕژێمی شا ئیعدامی کردن. ناوی یەکێک لە کوڕەکانی «مەسعودی ئەحمەد زادە» بوو. پۆلیس ئەوانی بردە قاتی سەرو واتە قاتی سێ‌و لەوێ زیندانی کردن. دەنگی لێدان‌و کوتان‌و هاوار لە دالاّنە گەورەکەدا بەرز بۆوە. دەرکەوت ئەو چەند کەسەیان بە لێدان ڕاگواست. دوای ماوەیەکی کورت، من‌و «عیزەتوڵڵای سەحابی»شیان بانگ کرد. دەرگایان لێ هەڵگرتین‌و چووینە دەر، بەلاّم ئەوە سەیر بوو کە لە ئێمەیان نەداو تەنیا ئاماژەیان بە هۆدەیەک کرد، کە بچین بۆ ئەو هۆدەیەو ئێمەش بە بێدەنگی چووین. ئەحمەد زادەو شەش کەسی‌تر لەو هۆدەیەدا بوون. بەدوای ئێمەدا چەند کەسی‌تریشیان بە لێدان‌و کوتان خستە نێو هۆدەیەکی‌ترەوە. بە لێکدانەوەی خۆمان بۆمان دەرکەوت، کە هۆی گواستنەوەی ئێمە ئەوە بوو کە هان بدرێین ڕۆژو بشکێنین‌و دەست لە مانگرتن هەڵگرین‌و بەمجۆرە ئەوانی‌تریش وەشوێن ئێمە بکەون. ئێمە هەرچەندە دژی ئەو مانگرتنە بووین، بەلاّم بڕیارماندا بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی ویستی پۆلیس نەبین.

پاشان بیستمان، پۆلیس دوازە کەسی گوڵبژێر کردبوو،و بردبوونی بۆ ژوورێکی‌ترو ئەوانی دیکەش لەجێی خۆیان مابوونەوە. «موسا محەمەد زادە» لەنێو ئەو دوازدە کەسەدا بوو،و پۆلیس ئەوانی بە هەڵگیرسەرانی ئەو شەڕو شورە دەزانی. موسا بە ڕاستی هۆی بەرپا کردنی ئەو ئاژاوەیە بوو،و گەلێک شانازی بە کردەوەی خۆی دەکرد. موسا بە کردەوەی خۆی زیندانیەکانی «عادل ئاوای» شیرازی لە تەنگ‌و چەڵەمە خست‌و ئەوان گەلێکیان ئازار بینی. ئەو کابرایە لە ڕەوتی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا کە کۆماری ئیسلامی دەسەلاّتی گرتە دەست، بە بێ ئەوەی تاوانێکی ئەتۆی لێ ڕوو دابێ، کە شیاوی ئیعدام کردن بێ، بەدەستی پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیعدام کرا.

ڕۆژی دوای گواستنەوەی ئێمە بۆ زیندانی تایبەتی، سەرۆکی زیندان گوشاری بۆ هێناین کە دەست لە مانگرتن هەڵگرین، بەلاّم ئێمە گوێمان بۆ شل نەکردو نەمانویست خۆ لە بەندییەکانی‌تر جیا بکەینەوە. لە ڕەوتی ئەو مانگرتنەدا، بۆ ئێمە دەرکەوت ساواک‌و پۆلیس کۆمیتەیەکیان بۆ ئازارو ئەشکەنجە کردنی زیندانیەکان پێکهێناوە. دەستە دەستە زیندانیەکانیان دەبرد بۆ ئەو شکەنجەخانەیەو پاش تەواو بوونی شکەنجەیان، بەمەبەستی بێحورمەتی بێکردن سەرو سمێڵیان دەتاشین‌و جلی تایبەتی زیندانیان دەکردە بەریان‌و دەیانگەڕاندنەوە هۆدەی خۆیان.

من‌و ئەحمەد زادەیان بەیەکەوە برد. بە دابی دیاریکراو دەستبەندیان لە دەستمان کردو بە قوماشێکی رەش چاویان بەستین، بەلاّم وەک ئەوانی‌تر بە شەپ‌و زللەو لە پشت‌مل دان ئێمەیان نەبردە هۆڵی شکەنجە. کەسێک هەبوو بەناوی ئوستوار «ساڵحی»، کە پێشتر لە زیندانی «بەرازجان»وە دەمناسی‌و ئینسانێکی باش‌و میهرەبان بوو،و زۆری بەزەیی بە زیندانیەکاندا دەهات‌و لەگەڵ منیش زۆر باش بوو. کاتێک «کەماندۆ»کان دەست‌و چاوی ئێمەیان دەبەست، ئوستوار ساڵحی سرتەیەکی لەبن گوێ کردن، کە منی لە لێدان پاراست، بەلاّم بە شەپان وەگیانی ئەحمەد زادە کەوتن.

ئەحمەد زادە موسوڵمانی شیعە بوو،و خۆی بە لایەنگری «مصدیق» دەزانی. سەری تاس‌و ملی بەرزو گۆشتن بوو. یەکێک لە کەماندۆکان کە دەتوانم بڵێیم گەوج‌و بەهێزتر لە گشت ئەوانی‌تر بوو، کە لە گاردی تارانەوە هێنابوویانن، کاتێک چاوی بە ملی «ئەحمەد زادە» کەوت‌و دیتی ملی داخستووەو کوێرە کوێرە بەچاوی بەستراو دەڕۆیشت، تەماحی لێ‌نیشت‌و بە هەموو هێزو تواناوە پشملانەیەکی لێداو گوتی: «ئەی پیرە سەگی کومونیست، تۆ ئیتر چیت دەوێ.» ئەحمەد زادەی مەزلووم کە موسوڵمانێکی بە دین بوو، سەرەنگرێ بردو کەم مابوو بکەوی، کە گرتیانەوە. ئەحمەد زادە هەرکە راست بۆوە، خۆی لێ نزیک کردمەوەو لە سەرەخۆ گوتی:

- «غەنی، ئەو پشتملانەیە هی تۆ بوو، نەک هی منی موسوڵمان!» منیش گوتم:

- باشە با پێت قەرزدار بم.

بە جووتە بردیانینە هۆڵی شکەنجە، کە «فەخرایی» لێ بوو. ناوبراو کە چاوەدێری بەسەر شکەنجەدا دەکرد، بە دەنگی بەرز گوتی:

- «ئەوانە بێننە لای من.»

کەماندۆکان چاویان کردینەوەو دەستبەندەکانیان لە دەست داماڵین‌و بردیانین بۆ لای فەخرایی. تەماشای دەوروبەری خۆم کردو دیتم هەر زیندانی‌یە رایانکێشاوەو بە قامچ‌و باتوونی کارەبا کەوتوونەتە گیانیان‌و ئەوانیش دەناڵێنن‌و هاوار دەکەن. مودیرە رەزا تاڵەکەی زیندان خۆی بە لایەنێکی کێشەکە دەزانی‌و چالاکتر لە شکەنجەگەرەکان هەڵدەسوڕا. لەو کاتەدا کە خەریک بووین لە فەخرایی نزیک بینەوە، سەرۆکی زیندان بە هانامانەوە هات. سەرگورد قارەمانی نێوانی دەگەڵ ئەحمەد زادە خۆشبوو. ناوبراو جارێک لەگەڵ دایکی چووبووە «مەشهد» تا زیارەتی ئیمام «رەزا» بکات. ئەحمەد زادە بە بنەماڵەکەی خۆی راگەیاندبوو، ناوبراو میوان بکەن‌و رێزی بگرن. ئەو پێوەندییە ببوە هۆی ئەوە کە سەرۆکی زیندان بە هانای ئەحمەد زادەوە بێت‌و لەو رێگایەوە منیش لە شکەنجەی

فەخرایی رزگارم بوو، و بردیانین بۆ ژووری سەرۆکی زیندان. ناوبراو گوتی:

- ئێوە چی‌و هاوکاریکردنتان لەگەڵ ئەو گەنجە چەپڕەوانە چی؟ ئەحمەد زادە وڵامی دایەوەو گوتی:

- «چونکە لەگەڵ ئەوانە هاوبەندین، لەباری ئەخلاقیەوە دروست نیەو ناکرێ ئەوان مان بگرن‌و ئێمەش لێیان دوور کەوینەوە.»

سەرۆکی زیندان هێندێکی سەرکۆنە کردین‌و پاشان ئێمەی بە پاسەوانێک سپاردو پێی‌گوتی: «وشیار بە لە داوی فەخرایی نەکەون». کابرای پۆلیس بە دەرگای پشتەوەدا دەربازی کردین. سەرۆکی زیندان گوتی ئەحمەد زادە بەرنە بێهداری‌و لەوێ رایگرن تا خۆم دێم‌و غەنیش بەرنەوە ژوورەکەی. هەرکە گەیشتینە دالأنە گەورەکەی زیندان دوو پۆلیس سەرو سمێڵیان تاشین‌و دوو دەست قاتی زیندانیان کردە بەرمان‌و وەک جولەکە بەدیل گیراوەکانی سەردەمی هیتلێری نازی ڕەپچەکیان داین بۆ زیندان. کابرای پۆلیس کە لەگەڵمان بوو، گوتی: «سەرۆک فەرمانی داوە ئەحمەد زادە بچێتە بێهداری زیندان.»

ئەحمەد زادەیان بردە بێهداری‌و دوو کەماندۆی زلحۆلی ڕەزا تاڵی چاو دەرپەڕیوی بێ مێشک منیان بە شەپ‌و مستان وەپێش خۆیاندا. یەک لە کەماندۆکان بە دار لێی دەدام‌و کاتێک گەیشتمەوە هۆدەکەم هەموو دەمولووتم شەلاڵەی خوێن ببوو. بەلەشی کوترا خۆم گەیاندە دەست شوویی زیندان‌و دەم‌و لووتم خاوێن کردەوەو گەڕامەوە سەر جێیەکەم‌و بە دڵ شکاوی، پەشێوو نارەحەت دەست بەئەژنۆ دانیشتم. لەم بابەتەوە کە پاش هەژدە ساڵ زیندانی دیسان کەوتبوومەوە بەر ئەشکەنجەو بێحورمەتیم پێدەکرا، زۆرم بەزەیی بەخۆمدا دەهات.

پاش تێپەر بوونی رۆژانی ئەشکەنجەو مانگرتن، چریک‌و موجاهیدەکان تێگەیشتن ئەو مانگرتنە بێوەختە هەلی بۆ فەخرایی رەخساند کە تۆڵەی خۆی بستێنێتەوەو بە ویستی خۆی لەو پەڕی بێ‌بزەییدا زیندانیەکان ئازار بدات. ئەو مانگرتنە سەرەڕای بێ دەسکەوت بوونی بۆ ئێمە، باعیس بوو بەرە بەرە زیندانیەکان هێدی کاتەوەو ئەو دەسەکەوتەکانەی کە بوومان لە دەستی بدەین. بەر لەو کێشەو مانگرتنە، رۆژانە پاش بەرچایی چوار سەعات‌و ئێواران دوو سەعاتیان بۆ «هەواخۆری» دەبردینە دەر. ژمارەیەک لە زیندانیەکان رۆژانە دەچوونە هۆڵی وەرزیش‌و ئەوانەی کاری دوکتوریان دەبوو، بەبێ چاوەدێر دەچوونە لای دوکتور. حەوتووی دوو جاریان «ملاقات» دەدراو زیندانیەکان دەیانتوانی چاویان بە بنەماڵەکانیان بکەوێ، کە گشت ئەوانەمان لەکیس چوو،و لە ژوورێیان کردین‌و دەرگاکانیان لێ گاڵە داین‌و تەنیا بە ئیزنی پۆلیس دەمانتوانی دەرگاکانمان بکەینەوەو جارجار بچینە سەر ئاوێ. پێشتر

به ویستی خۆمان دەچووین حەمامان دەکرد، بەلاّم ئەمجارە حەوتووی جارێک بۆ ماوەی نیو سەعات ئیزنی چوونە حەمامان پێدەدرا.

ئەو کردەوە چەپڕەوانەو ناژیرانەیە، کە بەبێ تێڕوانین‌و لێکدانەوەی دوا رۆژ سەری هەڵدا، ئەندامانی ئەو رێکخراوانەی لێککرد. ئەوانەی دژی ئەو کردەوە منداڵانەیە بوون، لە بەشەکەی‌تر جیا بوونەوەو سیاسەتیان وەلا ناو لە کاری بەکۆمەڵ خۆیان پاراست‌و هەر لەو کاتەشدا بوو کە ژمارەیەک لە موجاهید جیا بوونەوەو رێکخراوی «پەیکار»یان دامەزراندو ناکۆکی‌و دوو بەرەکی کەوتە نێوانیان‌و پاشان ناکۆکیەکانی زیندان تەشەنەی کردە سەر قەوارەی رێکخستنی ئەوان لە دەرەوەی زینداندا. ئەو کاتە ئیتر هەستی توندڕەوانەی بەشێک لە زیندانیەکان دامرکا. ئەوان بە لای راستەدا کەوتن‌و دژی ئەو کەسانە راوەستان، کە لە بەرامبەر پۆلیسدا خۆیان رادەگرت‌و بە تەواوی گیانی برایەتی‌و خۆڕاگریان لە دەستداو زۆربەی زۆریان سەلماندیان کە: «گوێ‌رایەڵ نەکردن بۆ ئامۆژگاری زیندانیە کۆنە بە ئەزموونەکان ئەو پەندەی بەسەرمان هێنا.» لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە زیندان جێگەی خوێندنەوەو خۆ تەیار کردنەو تازە ئەو وتەیەی «لینین»یان وەبیر هاتبۆوە کە دەڵێ: «زیندانی دوو ئەرکی لەسەر شانە، یەکەم خوێندنەوەو خۆ تەیار کردن بە زانست‌و دووهەم پاراستنی لەش ساخی خۆی.» ئەوان بەر لەو رووداوەش ئەوەیان دەزانی، بەلاّم لەبەر توند رەوی‌و رەقەبەرایەتی یەکتر ئەویان دەخستە پشت گوێیان.

ساڵێکی گرت تا پۆلیس بەرە بەرە زەختی لەسەر هەڵگرتین. هۆی ئەم کردەوەیەش هەڵوێستی رێکخراوی جیهانی لێبخۆشبوونی زیندانیانی سیاسی بوو، کە فشاری خستبووە سەر رژێمی ئێران‌و دەیانەویست نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ ئێران کە زیندانیە سیاسیەکان ببینێ. بەمجۆرە لێپرسراوانی زیندان لەسەر فەرمانی شای ئێران هێندێک بارودۆخی زیندانیان گۆڕی. لە زیندانی شیراز دەرگا گاڵە دراوەکان کرانەوەو زیندانی شێوەی ئاسایی بەخۆ گرتەوەو کتێبخانەیەکی بچووکیان لە زیندان بۆ دانان‌و لە ساڵی ١٣٥٦-١٩٧٧شیشدا تلویزیۆنیان بۆ دانان‌و ئێمە حەساینەوە.

رۆژێک رایانگەیاند کە زیندان خاوێن بکرێتەوەو بڵندگۆی زیندان، کە بۆ ماوەی ساڵێک دەنگی کپ کرابوو، سەرلەنوێ مووزیکی بڵاو کردەوە. دەنگی بەرزی بڵندگۆ، کە ئەویش بۆ خۆی شێوە ئازار دانێک بوو، تا سەعاتی دەی شەو نەیدەهێشت کەس گوێی لە قسەی کەس بێ. رۆژی دوای ئەو رووداوە دوو نوێنەری رێکخراوی جیهانی لێبخۆشبوونی زیندانیان هاتنە لامان. ئەوان ئیزنیان بە پۆلیس نەدا بێتە زیندان‌و پرسیارو وڵامی زیندانی‌و

نوێنەرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە ببیسن. هەرکام لە زیندانیەکان سفرەی دڵیان کردەوەو دەردی خۆیان بە گوێی نوێنەرەکان گەیاند.

منیش بە نووسراوە هۆی گیرانم بە بۆنەی ئەندام بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تەسلیمی نوێنەرانی ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی زیندانیان کردو نووسیم داوای بەحەقی حیزبی دێموکرات کە خواستی گشتی نەتەوەی کوردە منی تووشی زیندانو ئەشکەنجە کردوەو بۆ ماوەی شەش مانگان لەژێر حوکمی ئیعدامدا ڕاگیراوم کە مەزنترین شکەنجەی ڕوحی مرۆڤە. هەروەها زیندانیەکانیتریش دەردی دڵی خۆیان نووسیو تەسلیمی ئەو نوێنەرانەیان کرد. پاش ڕۆیشتنی نوێنەرانی ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی زیندانیان هێندێک لە توندو تیژی پۆلیس کەم بۆوەو هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، زیندانیەکانیش لە توندو تیژی کەوتن.

ئەهوەن بوونەوەی زیندانو هاتنی نوێنەرانی ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی زیندانیان بە دڵی سەرگورد قارەمانیو سەروان ئەدیبپوور نەبوو. ئەوان بە ئاوات بوون کە ئەو توندو تیژییە لەسەر ئێمە زیندانیە سیاسییەکان بمێنێو بە دڵی خۆیان بێحورمەتیان پێ بکەن. ئەدیبپوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئەفسەرێکی ملهوڕی نەفامو هەمیشە سەرخۆشو شەڕ فرۆش بوو، نەخۆشی ئازاردانی زیندانیشی هەبوو،و بە ئازارو شکەنجە کردنی زیندانی پتر سەرخۆش دەبوو. ئەوەش دەبێ بڵێیم کە شێوەی پێوەندیگرتنی زیندانی لەگەڵ زیندانەوانەکان هونەرێکی تایبەتی دەوی، کە بە داخەوە مرۆڤی گەنجو گەرموگوڕ کەمتر بیری لێدەکەنەوە. جیا لەوە، لەنێوان کاربەدەستانی زیندانیشدا پیاوی نەجیبو مێهرەبان وەک: سەرگورد «تەیموری» لە زیندانی قەسر، سەرهەنگ «عابدینی» لە زیندانی بەرازجان، سەرهەنگ «موبەین» لە زیندانی دیژبانی تارانو سەروان «مشرفی» لە زیندانی سنە دەبیندران، کە مرۆڤی زاناو تێگەیشتو بوونو بە پیسیکولۆژی زیندانیەکانیان دەزانی. بەتایبەتی سەرگورد «ئێرەوانی» خەڵکی کرماشان لە زیندانی بەرازجان ئەفسەرێکی لێهاتوو، بە زیپک، نەترسو ئازا بوو. جیا لەوانە کەسانێکیتریش بوون کە ناوەکانیانم لەبیر کردوە. ئەفسەری بێمێشکو نا ئینسانی وەک سەرگورد «حەکیمی»و سەروان «ئەسەدی کەچەڵ»یش بوون لە زیندانی قەسردا کە بە تەواوی دوژمنی بەشر بوون، بەڵام بە هاتنی سەروان «شایەگان» ڕوحو کیانی زیندان بوژایەوە.

ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٨ ساڵی نەهاتی ڕژێمی پاشایەتی ئێرانو ساڵی سەرهەڵدانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بوو. لەو ساڵەدا بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەربەرەکانی دژی ڕژێمی شا پەرەی دەگرت. ئایەتوڵڵا «خومەینی» کە لە «نەجەف» نیشتەجێ بوو، شریتی وتاری

هاندەرانەی خۆی بەنهێنی دەنارد بۆ ئێرانو شریتەکانی دەست بە دەست لە شارو تەنانەت گوندەکانیشدا بڵاو دەکرانەوە. ناوبراو بۆ هاندانی سەرهەڵدانی خەڵک نەخشو رۆڵی سەرەکی دەگێرا. ئەو کاتە ریکخراوەکانی سیاسی لە بەرامبەر رژێمی دیکتاتۆری «محەمەد رزا»دا زۆر لاواز بوونو حیسابیان لەسەر نەدەکراو رۆڵێکیان لە سەرهەڵدانی گەلانی ئێراندا نەبوو. لە هەرێمی کوردستانیشدا حیزب دەنگو رەنگی نەبوو. مەبەستم لە حیزبی دیموکراتە کە لە سەردەمی ئێمەدا لە کوردستانو بە تایبەت لە مەهاباد حوکمی دەکردو زۆربەی جەماوەری لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە، بەڵام بە گیرانی ئێمە لە ساڵی ١٣٣٨- ١٩٥٩داو دوور کەوتنەوەی هەڤاڵانو چوونیان بۆ باشووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان وەک گۆرستانێکی بێ هەستو خووستی لێهاتبوو.

لە رەوتی سەرهەڵدانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێراندا، کوردستانیش وەجووڵە کەوتو گیانو روحی گەل بوژایەوەو هەر چەندە حیزب لە مەیداندا نەبوو، بەڵام مرۆڤی هاندەری لێهاتوو بەشێوەی لێک‌جیاواز کاری خۆیان دەکرد. لەو ساڵەدا رژێمی پاشایەتی لەق ببوو. «محەمەد رەزا» شاو ساواکی داردەستیو هێزەکانی چەکداری ئەرتەشو ژاندارمەریو پۆلیس تێکڕا کەوتبوونە گیانی خەڵکو بە هەزاران ئینسانیان لە ئێراندا کوشتو خوێنی هاوولاتیانیان رژاند، بەڵام بەو حاڵەش خەڵکی راپەریویان بۆ سەرکوت نەکراو سەرهەڵدان بەرەو پێش چوو،و گەشەی ستاند. ئەو ساڵە، ساڵی بەرز بوونەوەی کەسایەتی خومەینی بوو. هەموو خەڵکی ئێران، ئەویان بە رزگارکەری خۆیان دەزانیو بەگشتی هیواو ئومێدیان پێ‌بەستبوو، کە ئێران لە چەنگ شای دیکتاتۆرو داروودەستەکەی رزگار بکات.

ژیانو داهاتو کارو کاسپی خەڵکی ئێران لە ساڵانی دوای دابەشکردنی زەوی لە سەردەمی محەمەد زەرادا فرە گەشەی کردبوو. خەڵک لە باری ئابوورییەوە ژیانێکی باشیان هەبوو. شتومەک هەرزانو پارە بە دەست خەڵکەوە فراوان بوو، بەڵام ئەوەی گەلانی ئێران بە ئاواتی بوون، ئازادیو دیموکراسی بوو، کە لە ئێراندا قات بوو. دیکتاتۆری پەهلەویو ساواکەکەی حەشریان بە خەڵک دەکرد. کەس زاتی نەبوو لەمەڕ کارو باری سیاسی ولاتەکەی بە ئاشکرا بدوێ. بچووکترین کردەوەی سیاسی دژی رژێم لە لایەن ساواکەوە بە توندی سەرکوت دەکرا. کوشتو کوشتاری ساڵانی ٤٦-١٣٤٧- ٦٧-١٩٦٨ لە کوردستاندا بە رژانی خوێنی دەیان کەسو گیرانو ئەشکەنجەو دوور خستنەوەی سەدان کەس سەرکوت کرا. راپەرینی چریکو موجاهیدەکان بەکوشتنو گوللە باران ولامی درایەوەو سەدان لاوی ئێرانی بەدەست شاو ساواک ئیعدام کران. ئەو کردەوە زاڵمانەیەو گەلێک کردەوەی دژی ئینسانی‌تر وزەیان لە خەڵک بڕیبوو. خومەینی لەو بارو دۆخە کەڵکی

وەرگرتو دەستی کرد بە هاندانی خەڵکو سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو بوو بەهۆی لەق کردنی ڕژێمی شای لەرزۆکو ئیتر ڕژێمی پاشایەتی خۆی نەگرتەوەو لە ئەنجامدا تێک تەپی.

بەپێچەوانەی هەستو کێشی خەڵک بۆ لای خومەینیو مەلاکانیتر، لە دەرەوەی زینداندا، جگە لە ڕێکخراوی «موجاهید» لەنێو زیندانەکاندا کەس لایەنگری خومەینیو مەلاکان نەبوو. هیچکام لە ئەندامانی چریکی فیدایی، حیزبی تودە، پەیکار، توفانو لە ئاخردا من کە تاقە ئەندامی حیزبی دیموکرات لە زینداندا مابوومەوە باوەڕمان بە خومەینیو مەلاکانیترو بەڵێنیەکانیان نەدەکرد.

لەو حاڵو هەوایەدا، بەرەی چەپی زیندان کە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی بوو، لایەنگریشی لە خومەینیو مەلاکانیتر نەدەکردو ناوی «کۆنە پەرەستی ڕەش»ی لەسەر خومەینی دانابوو، بەلاْم موجاهیدەکان هەرکە بە ڕەخنەش باسی خومەینی کرابا، چاویان دەردەپەڕاندو هەڕەشەیان دەکرد. موجاهیدەکان لە زینداندا ئەوەندەیان پارەی خومەینیو جلو بەرگو شرو شالاْت بۆ دەهات، کە شەپیان لە پارە هەڵدەدا. هیچ لایەنگرێکی موجاهید نەبوو لە زینداندا، کە سەد تا دوو سەد هەزار تمەنی لە باخەڵدا نەبێ. ئەوەندەیان جلو بەرگ هەبوو، کە زیندانیەکانی ئاسایی پێنی حەسابوونەوە. موجاهیدەکان قەت جلی ژێرەوەو خاولی دەستیان نەدەشوشتو دوو ڕۆژیان کەڵک لێوەرگرتو توڕیان دەدانو سەری مانگانە دەیانخستە نێو تەلیسێکەوەو دەیاننارد بۆ زیندانیەکانی ئاسایی. گشت ئەو جلو بەرگو پارانە بە هۆی ئایەتوڵلاْ «دەستغەیب»ەوە لە «شیراز» دەگەیشتە دەست موجاهیدەکان، کەچی یەکەم کەس ناوبراو بوو کە لە ساڵی ١٣٥٨- .١٩٨ بەدەست موجاهیدەکان لە شیراز کوژرا.

ماوەیەک پاش هاتنی نوێنەرانی ڕێکخراوی جیهانی لێخۆشبوونی زیندانیان بۆ ئێرانو پەیدا بوونی ئاڵۆزیو سەرهەڵدانی گشتی خەڵک، کاربەدەستانی حکومەتی بە تەواوی پەشۆکانو خۆیان ون کردو وەدەست پێ کەوتن. شای دیکتاتۆر وەپەلە قاژە کەوتبوو،و نەیدەزانی چ بکاتو چۆنو بە چ شێوەیەک بەر بە شەپۆلی بێئەمانی خەڵک بگرێ. بۆ ئەوەی دوو بەرەکی بخاتە نێو خەڵک، ڕووی کردە لایەنگرانی «مصدیق»و ئەوانی لاواندەوەو داوای لێکردن بە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەدا لەگەڵ خومەینی پێکی بێنن، کەچی ئەوانیش هیچیان بۆ نەکرا. ژێستی دیموکراتی گرتنی شاو کردنەوەی هێندێک فەزای سیاسی ئاوەڵە لەو هەلومەرجەدا بە زیانی خۆی تەواو بوو. ئێنجا بڕیاریدا زیندانیە سیاسیەکان ئازاد بکەن. بۆ ئەنجامی ئەو بڕیارە ساواکی وەپێش خستو نوێنەرانی ساواک

ڕەوانەی زیندانەکان کران، تا بە دوای وتوویژ لەگەڵ ئیمەی زیندانی بە مەرج لە زیندان ئازادمان بکەن.

ڕۆژێک بۆ یەکەمجار لەو کاتەوە کە لە زیندانی تارانەوە نەقڵی زیندانی شیراز کرابووین، منو چەند زیندانی کۆنی وەک حەجەری، کەیمەنیش، عەمووییو مەجیدی موئەیدیان بانگ کردو گوتیان لیباسەکانتان دەبەر کەنو ئامادە بن. ئەو شتانەی لێیان داگیر کردبووین وەک سەعاتو پێنووسو ژمارەیەک کتێب گەڕاندیاننەوە لای خۆمان، بەڵام دەستنووسەکانیان نەدایەوەو گەلێک نووسراوەو وەگێڕاومان هەبوو، کە بەگوتنی خۆیان هەموویان سووتاندبوو. من چەندین ساڵ بە کەڵک وەرگرتن لەو کوردە بەندیکراوانەی کە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان گیرابوون، خەریک بووم فەرهەنگێکی زمانی کوردی ئامادە بکەمو نزیکەی پازدە هەزار ووشەم لە زاراوەکانی کوردی کۆ کردبۆوە، کە بەداخەوە تێداچوون.

بەرلەوەی کە لەگەڵ زیندانیەکانیتر ڕەوانەی شیراز بکرێم، ماوەیەک ئیزنیان بە بنەماڵەکەم نەدا کە بێن من ببینن. هۆی نەهێشتنی هاتنی ئەوان بۆ لای من، ئەوە بوو کە هەڤاڵانی حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبدا کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣-١٩٦٤ لە ناوچەی «سونێ» لە کوردستانی بندەستی عێراق بەسترابوو، منیان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردبوو،و ئەو کاتەی کە «مونتەقیمی قازی» لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە تەسلیمی ئێران کرابۆوە، لە لێکۆڵینەوەی ساواکدا باسی ئەو خاڵەی کردبوو،و بەم بۆنەوە ساواک ملاقاتی منی بڕیو بۆ ماوەی چەند ساڵان ئیزنیان پێنەدام کە خێزانمو منداڵەکانم ببینم. ساواک چەند جاران مەئموری ناردە زیندانو دەربارەی ئەو دیاردەیە قسەیان لەگەڵ کردم. پرسیاری جۆربەجۆریان لێدەکردمو دەیانەویست بزانن من چۆن پێوەندی دەگەڵ حیزب دەگرم. بۆ زانینی ئەو مەبەستە ماوەیەکیان خستمە ژێر چاوەدێری.

مونتەقیمی قازی، بە وتەی خۆی، کاتی شەڕو پێکدادان لەنێوان ڕژێمی عێراقو کوردە شۆڕشگێرەکانی شاری هەولێردا دەچێتە لای فەرماندەکانی ئەرتەشی عێراقو دەڵێ: «من لە بە بنەماڵەی قازیمو ئەگەر ڕژێمی عێراق چەکو چۆڵم بداتی، دەتوانم دژی ڕژێمی پاشایەتی لە کوردستانی ئێراندا شۆڕش هەڵایسێنم.» پێوەندی مونتەقیم بە گوێی کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستان گەیشتبوو،و لە ئاکامدا ئەوان ناوبراویان بەتاوانی پێوەندی لەگەڵ دوژمن نارڕبۆوە ئێران. کاتێک مونتەقیم لە زیندانی تاران ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە گەلێکی بۆ نارەحەت بووم. هەروەها مونتەقیم گوتی: «لەگەڵ هاوڕێیانی پێشمەرگەی نۆ ژاندارمەی

ئێرانی چەک کردوە، کە یەک لەوان بریندار بووە، بەڵام ناوبراو بەتاوانی چەککردنی ئەو نۆ ژاندارمەیە لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە سەرکۆنە کراوەو پێیان گوتووە بۆچی لەو هەلومەرجە ناسکەدا خەریکی ئێرانمان بەگژدا بدەی.» مونتەقیم گشت ئەو بەسەرهاتانەی بە ساواک گوتبوو.

من لەو باوەڕەدا بووم کە ئەگەر مونتەقیم ئیعدام نەکەن، بێگومان بۆ هەمیشە لە زینداندا رایدەگرن. رۆژێک کە دەیانبردە دادگا زۆر پەشێوو نیگەران بوو،و دەیگوت دەمبەن ئیعدامم دەکەن، بەڵام بەرە بەری ئێواریٚ گەڕاندیانەوە بۆ زیندانو کاتێک لە دوورەوە چاوی بەمن کەوت، پێکەنی. لێمپرسی: شێری یان ڕێوی؟ ناوبراو گوتی: شێرم. دەرکەوت کە سەرۆک بارزانی نامەیەکی ناردوە بۆ حکومەتی ئێرانو لەودا نووسیبووی: «مونتەقیم مرۆڤێکی ساکارەو لە دەرەوە هیچ بەرپرسایەتیێکی نەبووەو ئەو قسانەی کردویەتی بەگشتی فرۆفیشاڵ بووەو خۆی پێهەڵکێشاونو تکایە ئازاری مەدەن.» بەو پێیە مونتەقیم شادو خۆشحاڵ بوو. لە دادگاە سیٚ ساڵیان دابوویەو پاش دوو ساڵ لە زیندان ئازادیان کرد، بەڵام گەلێکی زیان بە من گەیاند.

لە چاو پێکەوتنی ساواکیەکان لەگەڵ ئێمەی زیندانی لە زیندانی شیرازدا، بەپێچەوانەی پێشوو کە دەهاتنە لامانو بە توندو تیژی قسەیان دەگەڵ دەکردین، ئەمجارە زۆر هێدیو لەسەرخۆ بوونو بە رواڵەت «دۆستانە» دەدوان. لە هەڵسوکەوتیان دەردەکەوت کە سەرهەڵدانی سەرانسەری خەڵکی ئێران زراوی بردونو کەرەکیانە لە زینداندا پشتیوان بۆ خۆیان بدۆزنەوە، تا کاتی پێویست بەفریایان بێن. ئەوان زۆرداریو ملهوڕیو جنایاتەکانی خۆیان لەبیر کردبوو،و بە شێوەیەک لەگەڵ ئێمە دەدوان کە دەتگوت حەق بە ئەوان بووەو هیچ ناحەقیان لە ئێمەی زیندانی بیدەسەلاٰت نەکردوە.

کاتێک نۆرەی من هاتو چوومە لایان دیتم سیٚ مەئموری ساواک بۆ وتوویژ هاتوونەتە زیندان. هەرکامەیان بە شێوەیەک دەیانلاواندمەوەو دەیانگوت ئێستا بۆمان روون بۆتەوە کە زوڵمیان لە تۆ کردوەو ئێمە بە تۆڵەی ئەو زوڵمەی کە لە تۆ کراوە، هەوڵ دەدەین لە زیندان ئازادت بکەنو تەنانەت ئامادەین هێندێکیشت پارە بدەینیٚ کە تۆڵەی گشت ئەو ساڵانەی زیندانیتی کردبێتەوە. لە وڵامی مەئمورەکانی ساواکدا گوتم:

- تاوانی ئەو ماوە زیندانی کردنەم چەندە، کە ئێوە دەبیٚ بیدەنەوە؟ یەک لەوان گوتی:

- «سێسەد هەزار تمەن باشە؟»

- مەبەستم لەو پرسیارە ئەوەیە کە بزانم ئێوە بابەتی گیانی ئینسانێک چەندە حیساب دەکەن. لاتان وایە تەمەنی لاوەتی من کە لە زینداندا لەگەڵ کەسایەتیو گیانی خۆڕاگری

بەسەرچووە، سێسەد هەزار تمەن بایخێتی؟ بۆ من روون بوو، کە ئێوە هیچ بایەخێک بۆ گیانی ئینسان دانانێن. ئێوە لە جیاتی بڵێن تەمەنی لاوەتی‌و گیانی ئینسان بە پارە حیساب ناکرێ، هاتوون مامڵەم لەگەڵ دەکەن. من باقی ژیانی پیریم کە ئێوە پێتان بەخشیوم بە پارەو پلەو پایە نافرۆشم. دەبێ بڵێم ئەوە ئێوەن کە خۆتان هەرزان فرۆش کردوە، من ژیانم لە رێی ئامانجمدا بەخت کردوە.

ئەوان جیا لە پێشنیار دانی پارە بە ئێمە زیندانیە کۆنەکان، داوای ئەوەشیان لێکردین، کە نامەیەک بۆ شا بنووسین‌و لەودا داوای بەخشینی لێبکەین، کە ئێمە تێکڕا دژی راوەستاین‌و تەنانەت ئەفسەرانی تودەیی چەند قسەی ناشیرینیشیان بە شا گوت. ئەوەی راست بێ من لە زیندانی شیرازدا زۆر نیگەرانی گیانی خۆم بووم. هەر وەکوو «تهرانی» مەئموری ساواک دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٣٥٧-١٩٧٩ لە تلویزیۆندا پیلانی کوشتنی حەوت لایەنگری چریک‌و دوو موجاهیدی ئاشکرا کرد. کاربەدەستانی ساواک لە ساڵی ١٣٥٦- ١٩٧٧دا، «بیژەنی جەزەنی»، «حەسەنی زیازەریفی»، «عەباسی سورکی»، «سەعیدی مەشعوفی کەلانتەری»، «عەزیزی سەرمەدی»، «محەممەدی چوپانزادە»و «جەلیلی ئەفشار» لە رێکخراوی چریک‌و «مستەفا جەوانی خۆشدڵ»و «کازم زولقەدر» لە موجاهیدینی بە بیانووی گوێستنەوە لە زیندان بەتێکڕا کوشتبوو، بەڵام لە رۆژنامەکاندا رایانگەیاند کە ئەو زیندانیانە کاتی راگوێستن پەلاماری مەئمورەکانی حکومەتیان داوەو ویستوویانە ئەوان چەک بکەن‌و بیانکوژن‌و دەرباز بن، بەڵام کەوتوونەتە بەر گوللەی مەئمورەکان. پاش رووداوی ئەو پیلانە من نیگەرانی گیانی خۆم بووم.

ماوەیەک بە دوای کوشتنی ئەو نۆ کەسەدا، ساواک لە مەهاباد بڵاوی کردبۆوە، کە غەنی بلوریان لە زینداندا کۆچی دوایی کردوە. مەبەستی ساواک لە بڵاو کردنەوەی ئەو دەنگۆیە ئەوە بوو، کە ئاگاداری رای گشتی خەڵک بێ‌و بزانێ ئەوان لە بەرامبەر ئەو هەواڵەدا چ هەڵوێستێک دەگرن. خۆپێشاندانی خەڵکی مەهاباد دژی رژێم‌و راگەیاندنی ئەوەی کە رژێم غەنی بلوریانی لە زینداندا کوشتووە، ساواک زیرەکانە هەواڵی کوشتنی منی وەدرۆ خستەوەو پاش چەندین ساڵ ئیزنی بە بنەماڵەکەمدا، کە بە تەلیفون قسەم دەگەڵ بکەن‌و بەمجۆرە خەڵکی ئەهوەن کردبۆوە.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

# ئازاد بوونم لە زیندان

راپەرینی خەڵکی ئێران لەنیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٨دا پەرەی ستاندو گشت وڵاتی ئێرانی داگرت. کوردستانیش کە ئاواتی خۆی هەبوو، لەو سەرهەڵدانە کەڵکی وەرگرت. دروشمی «زیندانیانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێن» بوو بە هەوێنی خۆپێشاندانەکانو تەنانەت بۆ ماوەیەک گرنگترین دروشمی راپەرینەکان بوو، تا سەرئەنجام رژیم چاری نەماو بە فەرمانی شا، ساواک بەبێ هیچ چەشنە مەرجێک لەسەردەمی حکومەتی «ئەزهاری»دا دەرگای زیندانەکانی کردەوەو لە رۆژی ٥ی رەزبەری ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٩ ئێمە زیندانیە سیاسییە کۆنەکانی ئازاد کرد. ئێوارەی رۆژی ٤ی رەزبەری ١٣٥٧ یانی نزیکەی چوار مانگو نیو بەرلە شۆڕشی ٢٣ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٩، رۆژنامەکانی تاران ناوی چەند سەد کەسیان نووسیبوو، کە لە زیندان ئازاد دەکرێنو من یەک لەوان بووم.

رۆژی ٥ی رەزبەر، سەرۆکی زیندان بە منو حەجەری، کەیمەنیش، عەمووییو مەجید موئەیدی راگەیاند کە خۆمان کۆ بکەینەوەو ئازادین. ئەو ژمارەیە، ٢٠- ٢٥ ساڵمان زیندان کێشابوو. سەرلە بەیانی ئەو رۆژە هەزاران کەس خوێندکارو خەڵکیتری «ئاڵقە گوڵ» بەدەست بۆ پێشوازیکردن لە ئێمە لە پێش زیندانی «عادل ئاوا»ی شیراز کۆ ببوونەوەو چاوەڕوانی ئازادی ئێمە بوونو دەیانەویست ئاڵقە گوڵەکان لە ملی ئێمە خەن.

ساواکی شیراز کە بە کۆی ئەو خەڵکەی زانی، ماوەیەک ئێمەی راگرتو سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە ئێمە زیندانیە کۆنەکان بە سواری «هێلیکۆپتر» بەرێتە ساواکو لەوێوە بە بێدەنگی ئازادمان بکاتو نەهێڵێ بکەوینە دەست ئەو خەڵکەی کە ئێمەیان دەویست. ئێمە کە بەو پیلانەمان زانی، هەر پێنج کەسمان قۆڵمان لە قۆڵی یەکتر کردو دەستمان لێک گرێدا، کە پۆلیس نەتوانی بە ئاسانی سواری هێلیکۆپترمان بکات. جەماوەری دەرەوەی زیندانیش کە بە پیلانی ساواکیان زانی، پەلاماری دەرگای زیندانیانداو خەریک بوون دەرگاکە لە رێسمە بەرنو ئێمە لە دەست پۆلیس بستێنن. سەرۆکی زیندان لەو ترسە کە نەکا

خەڵک بڕژێنە نێو زیندانو زیندانیەکانی ئاسایی ئازاد بکەن، گوێی نەدا بە گوتنی ساواکو تاق تاق ئێمەی ناردە دەرەوەی زیندانو خەڵکەکەش ئێمەیان قۆستەوە.

لە کاتێکا، ئێمە ئەو پێنج کەسە هەرکام چەندین ئاڵقە گوڵمان لە ئەستۆدا بوو، خوێندکارانی زانکۆی شیرازو خەڵکی ئەو شارە ئێمەیان لەسەر دەستی خۆیان دانابوو،و بە خۆپیشاندان بەرەو ناوەندی شار چوون. نزیکەی کیلومیتریک لە زیندان دوور کەوتبووینەوە، کە دیتمان چەند تانگو زرێپۆشی ئەرتەشی زارکی کۆلانە سەرەکیەکانی شاریان گرتووەو ناهێڵن خەڵکەکە، ئێمە لە ناوەندی شار نزیک کەنەوە. بەو چەشنە پاش ساڵەها ڕەنجو ئازارو ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ڕژێمی پەهلەویدا، بە ڕاپەڕینی خەڵک ئازاد کراین. جەماوەر ئێمەیان بردە ماڵێک. ژمارەی هاتووچۆکەران بۆ ئەو ماڵە لەو ڕۆژەدا ئەوەندە زۆر بوو، کە سەری ئێمەی وەژان خست.

لەو ماڵە، ئاگاداریان کردم دوو ئەندامی بنەماڵەکەم هاتوونە لام. من بەرەو پیریانەوە چوومو لەبەر دەرگای ماڵەکە چاوم بە براکەمو مامۆزاکەم کەوت. دوای دیتنی ئەوانە ئیزنم لە هەڤاڵانمو خانەخوێیەکەمان وەرگرتو ماڵ ئاواییم لە میوانەکان کردو ڕەگەڵ براکەمو مامۆزاکەم کەوتمو بەیەکەوە چووین بۆ هۆتێل. شەو لە هوتێل ماینەوەو سەرلەبەیانی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر بەسواری ئوتوبووس بەرەو تاران وەڕێ کەوتین. چونکە لە تاران شوێنێکی تایبەتیمان نەبوو، ماڵی کاک «جەلیلی گادانی»یان تەرخان کردبوو، کە بۆ چەند ڕۆژێک لێی بمێنینەوە. ماڵی کاک جەلیل ئەو چەند ڕۆژە بوو بە قۆمرخانەو سەدان کەس بۆ دیتنم ڕوویان لەو ماڵە کردو بەشەو بەڕۆژ ماڵی کاک جەلیل پڕ بوو لە خەڵک. ڕووی خوشکە «ئەسمەر» سپی بێ، کە زۆری زەحمەت بۆ کێشاینو لەگەڵ کاک جەلیل گەلێکیان ڕێز گرتینو بە دڵ فراوانیەوە میوانداریەکی کوردانەیان بۆ کردین، کە قەت لەبیری ناکەم. من ڕام وابوو لە تاران بمێنمەوەو لەوێ بژیم، بەڵام ژمارەیەک دۆستو برادەر لە مەهابادەوە هاتنە لامو گوتیان:

- «خەڵک خۆیان ئامادە کردوە پێشوازیت لێ بکەنو چاوەڕوانی گەڕانەوەتن. گەڕانەوەی تۆ بۆ مەهاباد هەلێکی باش بۆ ئەو خەڵکە دەرەخسێنێ کە پاش دەیان ساڵ چەوسانەوە بەدەست ڕژێمی دیکتاتۆرو ساواکەوە، زار بکەنەوەو لمبۆزی کاربەدەستانی ڕژێمی دیکتاتۆر لە زەوی بخشێنن. هاتنەوەی تۆ بۆ مەهاباد دەبێتە هۆی ڕاپەڕینی گشتی گەلی کوردو خەڵک وەخۆ دەخاتو بەرەو گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی هانیان دەداو ناهێڵێ ئەو هەلە لەبارە لەکیس بچێ.»

زۆرم پێداگرتو گوتم ئیزنم بدەن ئەو ماوە کورتەی ژیانم لە خزمەت ژنو منداڵەکانمدا

بم، بەڵام گوتنەکانم کارگەر نەبوون. هەڤاڵانو دۆستان گوتیان:

- «تۆ ئەمجارە وەرەوە بۆ مەهاباد، ئەگەر پاشان ویستت بگەڕێوە بۆ تارانو لەوێ بژی خۆت دەزانی.»

بەمجۆرە رەگەڵیان کەوتمو بە سواری قەتار چووین بۆ «مەراغە»و لە وێوە بەسواری ئۆتومبێل گەڕامەوە مەهاباد شاری لە دایک بوونم.

لە چوار رێی مەراغەوە کە نزیک بەدوو سەد کیلومیترە بۆ مەهاباد، هەزاران ئۆتومبێل رەگەڵمان کەوتن. خەڵکێکی زۆر لە مەهابادو هەموو شارەکانی‌تری کوردستانەوە بە پێشوازمەوە هاتبوون. پێشوازیکردنی ملیونی خەڵکی کوردستان لە رۆڵەیەکی خۆیان کە بە ساڵانی درێژ بۆ ئازادیو رزگاری نەتەوەکەی هەڵسوڕابوو، دوو مەبەستی روونی تێدا دەگونجا، کە دەکرێ بەمجۆرە گەڵاڵەیان بکەم.

ئا- سوپاس لە رۆڵەی تێکۆشەری خۆیان کە ساڵەها لە بنەماڵەکەی جیا کرابۆوەو لە زیندانە خۆف هێنەرەکانی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەویدا رەنجو ئازارو ئەشکەنجە درابوو،و بۆ سەربڵندی نەتەوەکەی تەسلیمی ویستی حکومەتی دیکتاتۆر نەببوو.

ب- زەق کردنەوەی ئەو مەبەستە کە گەلی کورد هەمیشە رێزو حورمەتی تێکوشەرانی رێگای ئازادی نەتەوایەتی لەبەر چاوەو لە بەرامبەر دیکتاتۆرو زۆردارانذا هەستی نیشتمانیو نەتەوایەتی خۆی لەبیر ناکاتو پڕ بە دڵ دژی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە بە مەبەستی پشگیری کردنی نەتەوایەتی لەو هەلومەرجە کەڵکیان وەرگرتو بە بەشدار بوونیان لە رێوڕەسمی پێشوازیکردنی مندا بە رژێمی ئێرانیان سەلماند، خەڵکی کورد باوەڕی بەویستی نەتەوایەتی هەیەو لەهەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵک وەردەگرێو دژی داگیرکەران دەنگ بەرز دەکاتەوە. جگە لەو پێشوازییە مێژووییەی کە لە من کراو تا ئێستا لە مێژووی کوردستاندا نمونەی نەبووە، کۆمەڵانی خەڵکی مەهابادو شارو گوندەکانی‌تری کوردستانو تەنانەت شارەکانی ئێرانیش بۆ پێشاندانی رێزو حورمەتیان بۆ ماوەی سێ مانگان بە شێوەی نەپساوە دەهاتنە لامو بەراشکاوی هەستی نەتەوایەتی خۆیان دەردەبڕی.

لە گەڕانەوەی مەهاباددا، کاتێک ئۆتومبێلەکان گەیشتنە سەر «کەڵکی بەگزادە»و شاری مەهابادم لێ دەرکەوت، لەخۆشییان مچرکێکی گەرمم بە لەشدا هاتو بەبێ ئیرادە ئەسرین لە چاوەکانمدا قەتیس بوو،و بە گۆنەکانمدا رێچکەی بەست. پاش تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بۆ جارێکی‌تریش چاوم بە شارەکەم کەوتەوە، ئەو شارەی کە سەردەمی لاوەتیم بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەم تێدا بەخت کردبوو. لای خۆم دەمگوت: نەمردمو جارێکی‌تریش

شارەکەم دیتەوەو گەڕامەوە نێو باوەشی خەڵکو بنەماڵەکەم. گەڕامەوە لای «مەرزە»ی خۆڕاگرو بەحەیاو نەجیبم. مەرزە شەریکی خەباتو خۆڕاگری من بوو. لەبەر ئەوە دەمەویست کورتەیەکیش لە ڕەنجو ئازارو بەسەرهاتەکانی ئەو لەو نووسراوەیەدا تۆمار بکەمو بڵێم لە ماوەی زیندانیو ئاوارەبوونمدا چی کێشاوە، بەڵام ئیزنی نەدامو دەڵێ:

- «تۆ کە لە بەرامبەر ئیعدامو ئەشکەنجەو زینداندا خۆت ڕاگرتووەو تەسلیمی ویستی دوژمن نەبووی، دەبوایە منو منداڵەکانیشت شەریکت بینو بۆ سەربڵندی تۆو گەلەکەمان دەخۆماندا بسوتێنینو خۆڕاگرین!»

## گەڕانەوەی هەڤاڵانو بووژانەوەی حیزبی دیموکرات

پێشتر گوتم بەدوای گیرانی کادیرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٣٨- ١٩٥٩دا، زۆربەی کادیرو ئەندامانی حیزب دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە پەنا بۆ کوردستانی ژێر دەستی عێراق بەرن. وجودی سەرۆک بارزانی لەپلەی کەسایەتی دووهەمی عێراق لەو کاتەدا، پاڵپشتێک بوو بۆ کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان. ئەو دیاردەیە، ڕێگای بۆ هەڤاڵانی دەربازبووی ئێمە خۆش کرد تا لە باشووری کوردستان یەک بگرنەوە، بەڵام چونکە حیزبی دیموکرات زەبری خوارد بوو، قەیرانێکی قووڵ بەرببینگی بە هەڤاڵان گرتبوو، کە تا ئەو کاتە هەرگیز لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا نەبیندرابوو. هەڤاڵان لێکهەڵبڕانو دەستەو گروپی جیاوازیان لێ پێکهاتو دووبەرەکیان کەوتە نێو. من چونکە بە تەواوی ئاگاداریم لە ڕەوتی ئەو قەیرانو ئاژاوەیە نیە، باشترە ڕوون کردنەوەی ئەو بەشە بۆ ئەو بەڕێزانە دانیم کە لە جەرگەی ڕووداوەکاندا بوون.

گروپی سەرەکی، کە پاش لێکهەڵبڕان خۆی گرتەوە، ئەو گروپە بوو، کە بە دوای شەڕی چەکدارانە لە کوردستانی عێراقدا، لە ساڵی ١٣٥٠- ١٩٧١ چووە بەغداو پەنای بۆ ڕژێمی عێراق برد. ئەو گروپە نزیکەی چل کەس دەبوو،و دوکتور «قاسملو» بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرۆکایەتی دەکرد. ئەو گروپە لە بەغدا خۆی ڕێکخست، بەڵام لە هەرێمەکانی کوردستانی بندەستی ئێراندا هیچ چالاکی نەبوو،و لەنێو خۆشیدا گەلێک ناکۆکی هەبوو،و ئەندامانی دەگەڵ یەکتر تەبا نەبوون.

لە دەوروبەری شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٩دا، هەڤاڵانی حیزبی دیموکراتی گروپی «قاسملو» بەرە بەرە گەڕانەوە بۆ کوردستانی بندەستی ئێرانو شاری مەهاباد. دوکتور

قاسملو که ناز ناوی «شەریف»ی لەسەر خۆ دانابوو بە نهێنی هاتە مەهابادو لە ماڵی ئێمەدا چاومان بەیەکتر کەوت. ناوبراو لە یەکەم چاو پێکەوتندا، نارەزامەندی خۆی لە ژمارەیەک لە هەڤاڵانی دەربڕی. ناوبراو لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەی مندا کە بۆچی لەو ماوەیەدا کە ئێوە لە بەغدا لەژێر باڵی بەعسدا بوون، قەت بۆ جارێکیش بیرتان لە هەڤاڵانی زیندانی‌تان نەکردەوەو لەو فکرە نەکەوتن کە پێوەندیان پێوە بگرن‌و تەنانەت بۆ جارێکیش ئەندامێکی حیزبتان نەنارد تا لە بنەماڵەی زیندانیەکان بپرسیٚ!؟ گوتی:

- «ئەوانە بوون بواریان نەدەدا بەحیزب هەڵسوڕو چالاک بیٚ‌و هەمیشە کۆسپیان دەخستە نێو کارەکانی‌و ڕێگایان بەحیزب نەدەدا ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنیٚ.»

هەڤاڵانی قاسملوش هەرکام بە نۆرەی خۆیان ڕەخنەو گازەندەیان لە قاسملو هەبوو،و دەیانگوت ناوبراو مرۆڤێکی سەرەڕۆیەو گویٚ ناداتە بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی‌و پەسندکراوەکانی حیزب دەخاتە پشت‌گویٚ‌و خۆی چی لا پەسند بیٚ، بە بیٚ ئاگاداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی دەیکات. ئەوان هەروەها لەمەڕ مەسەلەی ماڵیشەوە ڕەخنەیان لە قاسملو دەگرت‌و دەیانگوت چەند شەریت‌و پەروەندەی لێکۆڵینەوەمان لایەو بەگشتی تاوانباریان دەکردو دەیانگوت: «ئەو پارەیەی کە بەنێوی یارمەتی لە ڕژێمی عێراقی وەرگرتووە، بە بیٚ ئاگاداری ئێمە، بە ویست‌و مەیلی خۆی لە عێراق‌و ئورووپا خەرجیان دەکات‌و کەس نازانی چ بەسەر ئەو پارانە دینیٚ!»

دوکتور قاسملو کاتی کەڕانەوە لە «بەغدا» ١٤-١٥ دەمانچەی چواردەخۆری نوێی لەگەڵ خۆ هێنابوو، کە تازە لە ڕۆن دەرهاتبوون‌و هەست دەکرا لە ڕژێمی عێراقی وەرگرتبن. بۆ من روون نەبوو دەمانچەکانی چ لێکرد، بەڵام من دەمزانی ئەو کاتەی کە لە بەغدا بوون، چەند ئەندامی سەرکردایەتی حیزب بە بیٚ ئیزنی «ئەمن‌و ئیستخبارات»ی عیراق کاریان نەکردوە. «حەمەدەمینی سیراجی» لێپرسراوی پێوەندی نێوان حیزب‌و ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام بەگوتنی خۆی‌و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەراتی حیزب،ناوبراو هیچی بەدەست نەبووەو دانانی ئەو لەو شوێنە تەنیا بۆ خراپ کردنی ئەو بووەو نهێنیەکان بەدەست دوکتور قاسملو،و باوەڕپێکراوەکانی جێبەجیٚ کراون، کە جێی متمانەی ڕژێمی بەعس بوون.

کاتێک، کاک «حەمەدەمینی سیراجی» لە بەغدا گەڕاوە، هاتە لای من‌و پیرۆزبایی ئازاد بوونی لێکردم‌و دەربارەی یەک یەکی هەڤاڵانی کە لە بەغدا دەگەڵی بوون‌و گەڕابوونەوە بۆ کوردستانی ژێر دەستی ئێران قسەی بۆ کردم‌و ئاگاداری دامیٚ. ناوبراو دەربارەی دوکتور قاسملو گوتی:

- «دوکتور قاسملو مانگیٚ بە سێسەد دینار لە ئیدارەی نەخشە کێشی ئابووری

(تەختیت) عێراق کاری دەکرد، کەچی لەپەڕ لە عێراق دەریانکردو گەڕانەوەی بۆ عێراق بە زەوی‌و هەواو دەریادا قەدەخە کرا. ئێمە هاوڕێیان چووین لە ئوروپا چاومان پێی‌دەکەوت‌و من هەرچەند داوام لێدەکرد هۆی دەرکرانی لە عێراق باس بکات، ناوبراو وڵامی نەدایەوە، بەڵام لە دەوروبەر دەگوترا بەتاوانی جاسوسی بۆ وڵاتانی سوسیالیستی لە عێراق دەرکراوە، کە چۆنیەتیەکەی بۆ ئێمە روون نەبۆوە. ناوبراو بەرلە گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئێران دەچێتە باڵوێزخانەی عێراق لە «پاریس»و بە باڵوێزی عێراق رادەگەیەنێ، کە ئیشی گرنگی بە «سەددام حوسێن» هەیەو دەبێ ئیزنی بدەن بچێتە عێراق. سەفیری عێراق لە فەرانسە داوای دوکتور قاسملو بە حکومەتی عێراق رادەگەیەنێ، بەڵام لە پلەی هەوەڵدا ئیزن نادرێ‌و پاشان کە دەبیێن بۆ گەڕانەوە پێدادەگرێ، «سەددامحوسێن» ئیزنی پێدەدات بگەڕێتەوە بۆ بەغدا.» ئەوانە وتەی کاک سیراجین‌و ناوبراو هەروەها گوتی:

- «دوکتور قاسملو گەڕاوە عێراق. ئێمە بەرەوپیریەوە چووینە فرۆکەخانەی بەغداو من دیسانیش لێمپرسی تۆ بە توندی لێت قەدەخە کرابوو کە بگەڕێیەوە بۆ عێراق، راستی چۆن گەڕایەوە؟» دوکتور قاسملو گوێیا لە وڵامدا دەڵێ:

- ئەی بابا، عێراقیەکان ئەوەندە گێل‌و حۆلن کە بەدوو قسەی خۆش هەڵدەخەڵەتێن.

من بە سیراجیم گوت: تۆ بڵێی رژێمی عێراق ئەوەندە گێل‌و گەوج بێ؟ کاک حەمەدەمین زەردەخەنەیەکی هاتێ‌و قسەی نەکرد، بەڵام رووداوی دەرکردنی دوکتور قاسملو لە عێراق‌و گەڕانەوەی هەرگیز ئاشکرا نەبوو،و تا رەوتی زەمان پەردەی لەسەر هەڵگرت‌و من لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکەم.

مەلا عەبدوڵڵا لە «نیو سەدە تێکۆشان»ی خۆیدا، ئەو بەشەی پەڕاندوە، هەر وەکوو گرنگترین بەشی رووداوە مێژوویەکانی لێی هەڵاوەردووە، بەڵام من لە جێگەی خۆیاندا پەنجەیان بۆ رادەکێشم.

بەدوور لەو گوتنانە، من لەنێو ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبدا تەنیا دوکتور قاسملوم باش دەناسی‌و لەگەڵ چەند کەسێکیش دووراو دوور ئاشنا بووم‌و لەگەڵ ژمارەیەکیش کە تەنانەت لە دەفتەری سیاسی‌دا بوون، قەت لە نزیکەوە پێوەندیم نەبوو، بەڵام باش شارەزای کەسایەتی‌و کاراکترو رابردوی دوکتور قاسملو بووم.

من بەشداریم کرد لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، کە لە بەغدا گەڕابوونەوە. زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری سەرۆکایەتی حیزبیان پێکردم‌و گوتیان پێشنیار دەکەین سکرتاریەتی حیزب قەبووڵ بکەی، کە من بە دوو هۆ قەبووڵم نەکرد. یەکەم، هەروەک گوتم من هیچکام لە

ئەندامانی دەفتەری سیاسیم نەدەناسین‌و شارەزای رابردو،و کاراکترو کاری ئەوان نەبووم‌و دووهەم پێوەندی حیزب بە حیزبی بەعسی عێراقەوە لەگەڵ بیرو بۆچوونی من نەدەگونجا. لەبەر ئەوە، بەو دوو مەبەستە پێشنیارەکەم رەد کردەوە.

لەو سەردەمەدا، خۆپێشاندان لە مەهابادیش وەک شارەکانی‌تری ئێران حاڵەتی ئاشکرای بەخۆوە گوتبوو،و ئێتر ژاندارم‌و پۆلیس‌و ساواک لە حەرەکەت کەوتبوون‌و خۆیان لە هیچکارێک هەڵنەدەقوتاندو منیش وێڕای خەڵکەکە بەشداری خۆپێشاندانەکانم دەکردو لە ریزی پێشەوەیان دەڕۆیشتم، بەڵام بە نابەدڵی، چونکە ئەو کاتەش رام بەرامبەر بە مەلاکان نەگۆڕابوو،و وەک پێشوو ئەوانم بە کۆنەپەرەست‌و دواکەوتووی رەش دەناسی. بەشداریکردنی تێکڕایی خەڵکی کوردستان‌و بە تایبەتی مەهاباد لە خۆپێشاندانەکاندا بە مەبەستی دەربڕینی هەستی کوردایەتی‌و دژایەتی لەگەڵ رژیمی نگریسی سەڵتەنەتی «محەمەد رەزا» بوو، نەک بە لایەنگری کردن لە خومەینی‌و مەلاکانی هاوپەیمانی، بەڵام بە کردەوە ئەو خۆپێشاندانانەش لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی تاران‌و شارەکانی‌تری ئێران دەکەوتنە یەک کاناڵەوەو بە لایەنگری کردن لە خومەینی لە قەڵەم دەدران.

هیچ حیزب‌و رێکخراوێک پێکهێنەری ئەو خۆپێشاندانانە نەبوو. ئەوان لە لایەن کەسایەتیەکانی جیاوازەوە بە بۆچوونی جیاوازی سیاسیەوە پێکدەهاتن، هەروەکوو حیزبێکی تایبەتیش لە پێشوازیکردنی مندا رۆڵی نەگێڕاو مرۆڤی روناکبیر ئەویان رێکخست. جا بۆیە هیچ دروشمێکی تایبەت کە لە ناخ‌و دەروونی خەڵک سەرچاوەی گرتبێ، بە ئاشکرا بەرز نەدەبۆوە. بەشداریکردنی منیش لە خۆپێشاندانەکاندا مەبەستێکی وەک هی خەڵکەکەی دەگرتەوە. گەڕانەوەی هەڤاڵانی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن بوو بە هۆی بوژاندنەوەی سەرلەنوێی حیزبی دێموکرات‌و حیزب بەشێوەی زۆر سەرەتایی کاری رێکخستنی دەست پێکردەوە. دوای گەڕانەوەی خومەینی‌و رووخانی حکومەتی بەختیارو راگەیاندنی دەوڵەتی کاتی بازەرگان لە ئێراندا، ساواک لە مەهاباد بۆی دەرچوو،و هیچ شوێنەواری نەما.

لەو کاتەدا، ژمارەیەک روناکبیری چەپی شاری مەهاباد لە مزگەوتی «بازار»ی ئەو شارە کۆبوونەوەو بیری دامەزراندنی شۆرای شاریان هێناگۆڕێ‌و داوایان لە من‌و مەلا شێخ «عیزەددین» کرد، کە ببین بە ئەندامی شۆرای شار. ئەو شۆرایە دامەزرا، بەڵام زۆر زوو گۆڕانکاری بەسەردا هات‌و شۆرایەکی‌تر لە شەقامی وەفایی پێکهات، کە بۆ ماوەیەک خۆی راگرت.

# رووخانی رژێمی سەڵتەنەتی
# و
# بەدەسەلات گەیشتنی خومەینی

دوای ئازاد بوونی منو باقی زیندانیە سیاسییەکان لە زیندان، بزووتنەوەی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران پێی نایە قۆناخێکی نوێی راپەرین. شاو دەزگاکانی بەڕێوە بەری ساواک رۆڵی خۆیان لە دەستداو بە تەواوی سەریان لێشێوا. شاو ساواک دەستیان لە خۆێنشاندانەکانی خەڵک وەشاندو لە هەموو شارەکاندا خەڵکیان کوشت، بەڵام ئیتر رژێمی پاشایەتی لەق ببوو،و خۆی نەدەگرتەوە. سەرکردەکانی گوێ لەمستی شا لە ئەرتەشداو دەستو پێوەندەکانی لە دەربارو لایەنگرانی خاوەن پلەی لە حکومەتدا هەرکام بە لایەکدا خەریک بوون لەترسی تۆڵە هەستاندنەوەی خەڵک بۆی دەرچنو خۆ بگەیننە دەرەوەی ئێران. شا بۆ هێمن کردنەوەی خەڵک هەر رۆژەی پەنای بۆ کەسێک دەبرد، تا بەڵکو بەفرو فێڵێک جێی خۆی قایم کاتەوە، بەڵام سەرنەکەوتو خەڵک بڕیاری خۆیاندا بوو.

شا پەنای بۆ «شاپووری بەختیار» بردو ئەوی کرد بە سەرۆک وەزیری ئێران، بەڵام لایەنگرانی خومەینیو رێکخراوەکانی چەپو راستی وەک موجاهدینی خەڵک، چریکی فیدایيو ژمارەیەک سیاسی کاری تازە پێگەیشتو کە پاشان لە کۆمەڵەو رێکخراوەکانی چەشنی ئەودا خۆیان گرتەوەو سەرئەنجام حیزبی کومونیستی ئێرانیان پێکهێنا، دژی شاپووری بەختیار هەڵوێستیان گرت. بەختیار لایەنگری «جبهەی میللی»و دوکتور «مصدیق» بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە مزگەوتی «حاجی سەید بایز»ی مەهاباد پێکهاتو منو ژمارەیەکی زۆر بەشداریمان تێدا کردبوو، چریکو لایەنگرانی بیری کۆمەڵە دروشمی «بەختیاری بێ ئیختیار»یان بەرز کردەوە. من لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنگریم لە شاپووری بەختیار کردو گوتم: ناوبراو لایەنگری «جبهەی میللی»یەو بە داردەستی شا ناژمێردرێ. بە رای من ئەو باشترە لە «خومەینی»و مەلا نەناسراوەکانی هاورێیو ناوبراو

دەتوانێ ڕێگا بۆ بە دەسەلآت گەیشتنی لایەنگرانی مصدیق خۆش بکات. ئەو چەپە توندڕەوانە هەرچەندە رای خۆیان بە ئاشکرا دەرنەبڕی، بەلاّم دژی هەلّوێستی من بوون. ڕەنگە ئەمڕۆکە بە دوای تێپەڕبوونی پتر لە حەفدە سالْ، ئەوانە هێندێک وەخۆ هاتبنەوەو بیریان لە رابردوو کردبێتەوە، بەلاّم دیسانیش هیچکامەیان نەگەیشتوونەتە ئەو پلەیە کە دان بەحەقدا بێنن‌و ڕەخنە لە رابردووی خۆیان بگرن، تا بۆ تۆرەمەی دوا ڕۆژ ببن بە ئەزموون.

ئێستاش هاتووچۆی خەلّک بۆ لای من بنەی نەهاتبوو، کە خۆپێشاندانی ئاشکرای خەلّک لە مەهاباد حالّەتی تەواو جەماوەری بەخۆوە گرت. ڕژێمی پاشایەتی ئاخرین نەفەسی ژیانی دەکێشاو ساواک‌و ژاندارمەری‌و پۆلیس کە لە سەردەمێکدا وزەیان لە خەلّک بڕیبوو، ئێستا بەبێ چەک چاویان لە خۆپێشاندانەکان دەبڕی‌و لە بەرامبەر دروشمی دژی «شا»دا دەستەوەستان نیگەرانی دوا ڕۆژی خۆیان بوون. خەمی بێدەسەلآتی گرژو ماتی کردبوون‌و تەنیا دەسەلآتیان مۆرە کردن لە خۆپێشاندەرەکان بوو. ئەوان‌و سەرکردەکانیان ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لەو هەمووە زوڵم‌و زۆرداریيە نەکردبۆوە، کە لە خەلّکیان کردبوو،و نەیانزانیبوو زالْم‌و دیکتاتۆر بۆ هەمیشە دەوامی نابێ‌و سەرئەنجام تەخت‌و بەختیان تێکدەچێ. ئەوان لایان وابوو شا سێبەری خودایەو دیاردەیەکی نەگۆڕی هەمیشەییە، بەلاّم ئێستا کە تووشی داماوی‌و چارە ڕەشی ببوون، جگە لە هەلّگرتنی باری خەم‌و داخی دلْ خواردن چیان بۆ نەمابوو.

رووخانی حکومەتی «ئەزهاری»و بەدەسەلآت گەیشتنی شاپووری بەختیار لە ١٦ی بەفرانباری ١٣٥٧-١٩٧٩ بەفەرمانی شا کارساز نەبوو. بەختیارو لایەنگرانی مصدیق‌و هەڤالانی «جبهەی میللی» بەجێی پێکهێنانی یەکیەتی‌و برایەتی لەنێو خۆیاندا، پشتیان دەیەکتر کردو لە ئەنجامدا شاپووری بەختیار هەرچەندە چەند هەنگاوی بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران هاویشت، بەلاّم ئیتر وەستاو تەنانەت پاش راکردنی شاش لە ئێران لە ڕۆژی ٢٦ی بەفرانباردا، خەلّکی بۆ ئەهوەن نەبۆوە.

حکومەتی «ئەزهاری» لە راستیدا ڕۆژی ٩ی بەفرانبار رووخاو شاپووری بەختیار لەو ڕۆژەوە تا ڕۆژی ١٦ی بەفرانبار کە کابینەی پێکهێنا، کاتی هەبوو رای لایەنگرانی «مصدیق» بۆ جێگرتن لەو کابینەیەدا بۆ لای خۆی راکێشێ، بەلاّم لایەنگرانی مصدیق لایان وابوو بە هاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران‌و هاوکاری کردن لەگەلْ ناوبراو ڕێگا بۆ بە بەدەسەلآت گەیشتنیان ڕێکتر دەبێ‌و بەمانەوەی شاو دەربار رازی نەبوون‌و لەم روانگەوە لەگەلْ شاپووری بەختیار نەکەوتن‌و پێوەندیان بە ئایەتوڵلاّ خومەینی‌یەوە گرت. خومەینی

دەفکری دەسەلاتی خۆیو مەلاکانی لایەنگریدا بوو، بەلاّم قەت بە راشکاوی ئاماژەی بەو مەبەستە نەدەکرد. لایەنگرانی «جبهەی میللی»و مصدیق لە ئەنجامی ئەو هەلّەیەدا، لە بەختیار دوور کەوتنەوەو ئەویان بەتەنیا هێشتەوەو چوون لە داوی خومەینیو مەلاکان کەوتنو خومەینی رۆژی ١٢ی رێبەندان لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ تاران.

سەرهەلّدانی «هومافەڕ»ەکانی هێزی ئەوایی لە رۆژی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٥٧- ١٩٧٩داو خوتێهەلّقوتاندنی رێکخراوە چەپەکانو موجاهیدی خەلّکی ئێران لە شەڕی سەربازخانەکانی تاراندا لە رۆژی ٢١ی رێبەنداندا، بەختیاریشی ناچار کرد بەیارمەتی چەند دۆستی کۆنی لە ئێران راکا. لە ئەنجامی راکردنی بەختیاردا، مەلاکان رۆژی ٢٣ی رێبەندان بەدەسەلاّت گەیشتن. خومەینی رۆژی ٢٨ی رێبەندان یەکێک لە لایەنگرانی دوکتور مصدیقی بە ناوی «میهدی بازەرگان»ی کرد بە سەرۆک وەزیری دەولّەتو حکومەتی کاتی.

کاتی گەڕانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ تاران، پێشنیارم بە مەلا شێخ «عیزەددینی حوسێنی» کرد بۆ پێشوازیکردن لە خومەینی لەگەلّ چەند مەلایەکیتر بچێتە تارانو تەنانەت گوتم منیش ئامادەم لەگەلّتان بێم. شێخ رازی بوو، بەلاّم مشاویرەکانی پەشیمانیان کردەوە. من دەمەویست شێخ عیزەددین لە پلەی کەسایەتێکی رووحانی کورددا خۆ بگەیەنێتە خومەینیو بۆ سەرپەرەستی کردنی کوردستان بەلّێنی لێبستێنێو لە رێگای چەسپاندنی خۆی، خزمەتی گەلی کورد بکاتو نەهێلّی خومەینیو لایەنگرانی ناکۆکی لەگەلّ خەلّکی کوردستان پەیدا بکەن. ئەوەی راست بێ بەو زانیارییەی کە من لە زینداندا لەسەر خومەینی-م هەبوو، لە رۆژی هەوەلّی شۆڕشی ئێرانەوە نیگەرانی دوا رۆژی کوردستان بوومو هەستم دەکرد ئەگەر شەڕو کێشەیەک لە کوردستاندا ساز بێ گەلی ئێمە قازانجی لێ نابینێو هەولّو تەقەلاشم لەگەلّ شێخ عیزەددین لەم بیرە سەرچاوەی دەگرت. پێش پێکهاتنی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتیش لەمەڕ ئەو نیگەرانییە لەگەلّ دوکتور قاسملو دوامو ئەو گوتی: «دەتوانین بە چەسپاندنی چەند خالّێکی لەبار لە پرۆگرامی حیزبدا سەرنجی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ لای خۆمان راکێشین». من لە جێی خۆیدا بە تێرو تەسەلی ئاماژە بەو دیاردەیە دەکەم.

لە دەورەی کورتی حکومەتی بازەرگاندا فەزایەکی کراوەی سیاسی پێکهات، کە تا ئەو کاتە لە مێژووی سیاسی ئێراندا بێهەوتا بوو. خەلّک پاش دیتنی سالّەها زولّمو دیکتاتۆری خەریک بوون بحەسێنەوەو پشویەکی راحەت بکێشن. زەختی دەربار، ساواک، پۆلیسو ژاندارمە کە بە شێوەی نەپساوە وەک شەمشێری «داموکلیس» لە بان سەریان بوو، ئێستا

لەنێو چووبوو. خەڵک بووژابوونەوەو خۆشیو بەختەوەری ڕوحو گیانی داگرتبوون، بەڵام بازەرگان بە دەست مەلاکانەوە تەنگاو کرابوو. خومەینی هەرچەندە بۆ بەرژەوەندی خۆی لایەنی بازەرگانی دەگرت، بەڵام هەر لەو کاتەشدا فکری لە ئاواتەکانی دەکردەوە، کە چۆنو بەچ شێوەیەک دابینیان بکات. تا ئەو کاتەی حکومەتی بازەرگان نەکەوتبووە بەر پلاری هێزەکانی ڕەنگاورەنگەوە، خومەینیو مەلاکان خۆیان مات کردبوو،و خەریکی خۆ ڕێکخستن بوون.

لەنێوان ڕێکخستنەکاندا، حیزبی تودە هەرچەندە پاش ساڵەکانی ٣٣-١٣٣٤-٥٤-١٩٥٥ بە دەست حکومەتی شاو «زاهیدی»، کە بەحکومەتی کودیتا دەناسرا، زەبری قورسی خواردبوو،و بەتەواوی لەبەر یەک چووبوو،و تەنانەت کەسایەتیەکەشی لەنێو جەماوەردا زەبری بینیبوو، بەڵام چونکە لە باری ڕێکخستندا ئەزموونی گرنگو بەرفراوان هەبوو، توانی زۆر چالاکانە وەخۆ کەوێو لە هەموو ئێراندا خۆ ڕێکبخاتو کۆمیتەو شانە پێکبێنێ. حیزبی تودە لەبەر دوو هۆی سەرەکی پشتیوانی لە حکومەتی خومەینی کردو ببووە بڵندگۆی خومەینیو ووشەی ئیمامی زیاتر بۆ زەق کردەوە.

یەکەم دەیەویست سەرنجی خومەینی بۆ لای خۆی ڕاکێشێو لەم ڕێگایەوە درێژە بەخەباتی سیاسی بدات.

دووهەم، لای وابوو خومەینی بەتوندی دژ بە ئیمپریالیستو بەتایبەتی دژی ئەمریکایەو لە ڕێگای دژایەتی ناوبراو لەگەڵ ئەمریکا، ئابووری ئێران بەرەو «ڕێگای گەشە کردنی غەیرە سەرمایەداری» دەباتو وای دانابوو، کە خومەینی لە ئاکامدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێ، جگە لەوەی بکەوێتە نێو کانالی وڵاتە سوسیالیستەکانەوە، تەنانەت ئەگەر ناوی ئیسلامیش بەخۆوە هەڵاوەسێ.

حیزبی تودە هەروەها لەو باوەڕەدا بوو، کە درێژەی حکومەتی خومەینیو دەسەڵاتی ناوبراو هەل بۆ ئەو حیزبە دەرەخسێنێ، کە لە باری تەشکیلاتیەوە پتر خۆ ڕێک بخات. حیزبی تودە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەشی دوو شێوە تاکتیکی هەڵبژاردبوو:

ئا- بۆ ڕاگرتنو چەسپاندنی خۆی، ڕێکخراوی ئاشکرای لە هەموو ئێراندا دامەزراندبوو،و بە ڕواڵەت ئەو ڕێکخراوانەی کردبوو بە لایەنگری قورسو پتەوی حکومەتی خومەینیو پشتی ناوبراویان دەگرت.

ب- لەژێر پەردەی ئەو خەباتە ئاشکرایەدا، کۆمیتەو شانەی نهێنی لە جەماوەرو نێو هێزەکانی ئەرتەشو دەزگاکانی حکومەتیدا دامەزراندبوو. بە ڕای من، هەرچەندە حیزبی تودە کاتو ماوەیەکی زۆری بۆ ئەم خەباتەی نەبوو، بەڵام لەو دوو تاکتیکەیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنابوو.

حیزبی توده بۆ ئەوەی ئەرتەش دژی خومەینی کودیتا نەکاتو بارودۆخی ئێران نەگۆڕێو لایەنگرانی رژێمی پاشایەتی سەرلەنوێ خۆ نەگرنەوەو سواری ملی خەڵک نەبنو هەلومەرج لەدەست نەچێ، بۆ مانەوەی خۆی کردەوە بەرهەڵستکارییەکانی ئەرتەشی ئاشکرا دەکرد. ئاشکرا کردنی کودیتای «نوژە» نمونەیەک بوو لە کردەوەی حیزبی توده، بەلاْم پاشان دەرکەوت خومەینی بۆ بەرژەوەندی خۆی بواری دابوو بە حیزبی توده کە بە ئازادی لە کۆمەڵگای ئێراندا هەڵسوڕێ. سەرەڕای ئەوەش، خومەینی کاتێک پێیزانی حیزبی توده «رێکخراوی نهێنی سەربازی» لەنێو ئەرتەشدا دامەزراندووە، دەستی لێوەشاند.

رێکخراوە سیاسییەکانیتری وەک چریکی فیدایيو موجاهیدیش بە ئەزموونی کەمتر لە حیزبی توده دەست بەکار بوون، بەلاْم زۆر زوو خۆیان ئاشکرا کرد. چریکی فیدایی لە «تورکەمەن سەحرا» دژی رژێم خۆی تووشی شەڕێکی نابەرامبەری چەکدارانە کرد. موجاهیدنیش هەرچەندە هاو ئامانجی خومەینیو مەلاکان بوو،و لە گشت دەورانی کورتی ژیانی سیاسی خۆیدا لایەنگری لە خومەینیو مەلاکان دەکرد، بەلاْم چونکە هێندێک شێوە رەفتارو بۆچوونی لای خومەینیو مەلاکان پەسند نەبوو، خومەینی ئەوی بە لادەر لە ئایینی ئیسلام لێکدایەوەو بەرە بەرە کە قەڵشیان لەنێو کەوت، ناوی «مونافقین»نیان لەسەر موجاهیدین دانا.

موجاهیدین نەیتوانی بەدروستی هەلومەرج لێکداتەوەو خۆی رەگەڵ خومەینی بخات. بۆ موجاهیدەکان خۆ چەسپاندن بە خومەینییەوە کارێکی دژوار نەبوو، بەڵکو زۆر ئاسانتر بوو لە خۆ چەسپاندنی حیزبی توده بە خومەینییەوە، کە لە باری بیرو بۆچوونەوە مەودایان زۆرو ناهەموار بوو. موجاهیدەکان، چونکە پشووی سیاسییان کەم بوو، نەیانتوانی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئامانجی خۆیان بڕۆن. ئەوان دەیانەویست یەک رۆژە رێگای سەد ساڵە ببڕنو حکومەت بەدەستەوە گرن. ئەوان بەم هێوا خاوە دەستیان دایە چەکو لە شەقامی شارەکاندا بەربینگی حکومەتیان گرت، کە خەڵکی ئێران پشتیان بگرێ.

ئەو کردەوەیەی موجاهیدینم وەک کردەوەی لایەنگرانی چریکی فیدایی دەهاتە بەر چاو کە لە زیندانی «شیراز» ئەنجامیاندا. ئەوان لە زیندانی شیراز وایان بیر دەکردەوە، کە ئەگەر زیندان ئاڵۆز بکەنو راپەڕن، دانیشگای شیراز رادەپەڕێو پاشانیش بازاری شیراز وەخۆ دەکەوێو سەرئەنجام بازاری تاران، کە رۆڵی سەرەکی بە دەستەوەیە، داموودەزگای شای ئێران تێکدەدات! بەلاْم دەرکەوت راپەڕین لە زیندانی شیرازدا چۆن دەرباز بوو،و چەندەی ژیان لێ دژوارکردین. کردەوەی موجاهیدەکانیش هەلی بۆ مەلاکان رەخساند کە بە بێبزەیی هەرچەشنە بزاڤێک سەرکوت بکەنو بە ئیعدامو کوشتو کوشتاری رقەبەرەکانی سیاسی خۆیان، وزەی خەڵک ببڕن.

هەڵوێستی توندو تیژی موجاهیدین لە شەقامەکانی تاراندا، لە رۆژی ۳۰ی جۆزەردانی ۱۳۶۰- ۱۹۸۱و سەرهەڵدانەکەیان پتر زیانی بە خۆیان گەیاند، تا رژێمی مەلاکان. ئەوان دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی دەستیان کرد بە تیرۆری کەسایەتیەکانی لایەنگری رژێمو چەند کەسێکیان لێ کوشتن. پەرلەمانی کوماری ئیسلامیان تەقاندەوەو ئایەتوڵڵا «بەهێشتی»و «محەمەدی مونتەزری»و بە وتەی هەواڵدەری رادیۆ تلویزیۆنی ئێران ۷۰ کەسیتریان لەو تەقاندنەوەیەدا کوشت، بەڵام ئەوەی راست بێ کۆماری ئیسلامی پتری لەوان کوشتو ناچاری کردن ئێران بەجێ هێڵن. ئەوان سەرئەنجام پەنایان بۆ رژێمی بەعسی عێراق برد، کە ئەو کارەیان زەبرێکی سیاسی قورسی لێدان. موجاهیدین، ئەو کاتەی کە لە داوودەستەی خومەینی نزیک بوون، هیچ لایەنگریان لە کوردستان نەدەکردو تەنانەت کاتێ خومەینی دژی نەتەوەی کورد لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸- ۱۹۷۹ خەزای راگەیاند، ئەوان متەقیان لەخۆ بڕی. من چونکە نامەوێ رەوتی سیاسی ئێران پاش ساڵی ۱۹۵۷-۱۹۷۹ شی بکەمەوە، کۆتایی بەو بەشە دێنم.

## چەککردنی شارەوانیو ژاندارمەری مەهاباد

رۆژی ۲۳ی رێبەندانی ۱۳۵۷- ۱۹۷۹ ئاگاداریان کردم «کەلانتەری» ئاڵای سپی هەڵکردوە. منیش بۆ ئەوەی شارەوانی وەک جارانی پێشوو تاڵان نەکرێ، «حەمەدەمینی کاکە سواری»و چەکدارێکی ئاسایم لەگەڵ خۆم بردە کەلانتەری. دوو چەکدارەکانم کردە کێشکی عەمباری چەکی کەلانتەری، کە ژمارە چەکێکی زۆر کەمی لێمابوو،و خۆم بۆ چەککردنی بنکەی ناوەندی شارەوانی چوومە ئەو جێیە. شێخ عیزەددینو کاک «رەحیمی سەیفیقازی»و چەند کەسێکیتر لەوێ چاوەڕوانم بوون. سەرۆکی شارەوانیو جێگرەکەی دوو دەمانچەی تۆپداری خۆیانو کلیلی عەمباری چەکوچۆڵیان تەسلیم کردین. ئێمە خەریکی نووسینی لیستەی چەکوچۆڵەکان بووینو دەمانەویست بەناوی شۆرای شار عەمبارەکە بەدەستەوە بگرین. هەرکە منو رەحیمی قازی لە ئیمزا لیستەکان بووینە، خەبەر هات کەلانتەری کە من پێشتر دەستم بەسەر داگرتبوو، وەبەر پەلاماری خەڵک کەوتووەو تاڵان کراوەو ژمارەیەکی زۆریش خەریکن بەرەو ناوەندی شارەوانی دێن. ئێمە لەو قسەو باسەدا بووین کە خەڵک هێرشیان کردە سەر شارەوانیو دەرگاکەیان لە رێنسمە برد. منو ئەوانیتر لە بەرامبەر خەڵکەکەدا چمان پێنەکراو نەمانتوانی بەرگری لە چەکوچۆڵی

شارەوانی بکەین‌و لە ئاکامدا هەرچی لە شارەوانی‌دا هەبوو وەدەست خەڵک کەوت. لەو کاتەدا نەمزانی سەرۆکی شارەوانی‌و جێگرەکەی بەچ لایەکدا بۆی دەرچوون‌و منیش لیستە ئیمزاکراوەکانم دڕاند. لەو جێیە، بۆ من روون بۆوە کە کاربەدەستانی شارەوانی پێشتر بەشی زۆری چەک‌و گشت بەڵگەکانی خۆیان راگواستوەو تەنیا ژمارە چەکێکی خراپ‌و کۆنەیان لێ هێشتۆتەوە.

هەر لەو رۆژەدا هێرش کرا سەر ناوەندی ژاندارمەری مەهابادو ژاندارمەکان شوێنی خۆیان بەجێهێشت‌و رایانکردە سەربازخانەی مەهابادو ئەو جێیەش بەدەست خەڵک تالأن کرا، بەلأم ئەوێش شتێکی گرنگی تێدا نەمابوو. لە رووداوی ژاندارمەری مەهاباددا تانکەکانی تیپی زرەهی «شاپوور» کە بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەلأتی بنەماڵەی پەهلەوی نێردرابوونە تیپی سێی پیادەی مەهاباد، بەفەرمانی سەرتیپ «پزیشکپوور» تەقەیان لە خەڵک کردو ژمارەیەکیان لە خوێن گەوزاند.

تیپی سێی مەهاباد بە سەرۆکایەتی سەرتیپ «پزیشکپوور»، بەدوای کۆ کردنەوەی بنکەکانی پۆلیس‌و ژاندارمەری، تەنیا دەسەلأتی رژێمی رابردوو بوو لە مەهاباددا، کە بۆ «خومەینی»و مەلاکانی هاوپەیمانی مابۆوە. دوکتور قاسملو بۆ ئەوەی پێش بە تالأن کردنی ئەو بنکەیە بگرێ‌و نەهێلێ خەڵک تالأنی بکەن، پەیتا پەیتا پێوەندی بە چەند کەسێکەوە دەگرت‌و نەخشەی گرتنی سەربازخانەی مەهابادی دەکێشا. ناوبراو لەمبارەدا شتێکی لای من نەدەدرکاندو من لە کاناڵێکی‌ترەوە ئاگاداری کارەکانی بووم. لەبەر ئەوە، پێمڕاگەیاند:

- بەر لەوەی کە شتێک بقەومێ باشترە ئێمەی کورد دژ بە حکومەتی کاتی بازەرگان رانەوەستین. ئەگەر تۆ لەسەر ئەوە سووری کە کێشەی کورد دەبێ لە رێگەی ئاشتیەوە چارەسەر بکرێ، پێویستە لەو رێگەوە بۆی بچین. ناوبراو گوتی:

- «ئەوە، ماکەی خراپەیەو دەبێ کۆ بکرێتەوە.»

- ئەو گوتنەی تۆ دژی بیرو بۆچوونی حیزبە. ئێمە ئەگەر باوەڕمان بە ئاشتی‌یەو دەمانەوێ لە رێگەی ئاشتییەوە کێشەی کورد چارەسەر بکەین، ئیتر نابی کارێک بکەین تەنگوچەڵەمە بخەینە بەر پێمان.

ناوبراو گوفتی‌دا کە رێگەی ئاشتی بەربەست نەکات.

## هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی کاتی بۆ مەهاباد

رۆژی ٢٨ ڕێبەندانی ١٣٥٧- ١٩٧٩، «داریوشی فروهەر»، دوکتور «محەمەدی موکری»، دوکتور «سمایلی ئەردەلان» و ئایەتوڵڵا «نوری» لە تارانەوە بە فڕۆکە هاتنە ورمێ‌و لە وێوە بەسواری هێلیکۆپتر چوونە پیرانشارو بە دوای کۆبوونەوەیەکی یەک سەعاتە لەگەڵ خەڵکی نەغەدە، هەر لەو ڕۆژەدا هاتن بۆ مەهابادو لە میوانخانەی «سەد»ی مەهاباد جێیان گرت. ئەوان هاتنە مەهاباد، کە بارودۆخی مەڵبەندو بە تایبەتی مەهاباد بەدوای چەککردنی بنکەکانی شارەوانی‌و ژاندارمەری ئاسایی بکەنەوە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئامادە بوون ژمارەیەک ببینن، بەڵام نەیاندەویست لەگەڵ گروپەکانی سیاسی کورد دانیشن‌و بە قەولی خۆیان دەیانەویست لەگەڵ رووناکبیران‌و کەسانی روحانی دانیشن‌و ویست‌و داخوازی خەڵکیان لێ بپرسن.

لە کۆبوونەوەیەکی دوو لایەنەدا، کە سەعاتی ١٠ی بەیانی رۆژی ٢٩ی ڕێبەندان لە نێوان داریوشی فروهەر لە لایەک‌و دوکتور قاسملوو من لە لایەکی‌تر ئەنجامی گرت لە ماڵی «مونتەقیمی قازی» لە مەهاباددا، فروهەر گوتی: «ئێوە دەتوانن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاشکرا خەباتی سیاسی بکەن.» ناوبراو هەروەها داوای لێکردین هەوڵ بدەین ئەو جارە لە ڕێگەی سیاسیەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد هەنگاو هەڵگرین. فروهەر لە درێژەی گوتنەکەیدا بە راشکاوی گوتی:

- «من ئاگاداری خەبات‌و بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندام‌و دەزانم کورد تا ئێستا ئاکامی لە شەڕی چەکدارانە وەرنەگرتووەو ئەو کارەش گەلێک هۆی روونی هەیە، کە نامەوێ لێرە ئاماژەیان پێبکەم. ئەوەندەتان پێدەڵێم کە گوێ مەدەنە دەوڵەتەکانی دەوروبەرتان‌و بزانن کە ئەوانیش دوژمنی کوردن. من ئێرانیم، بەڵام بە بنەچەکە «لوڕ»م‌و برای کوردانم. زۆرم پێخۆشە بارودۆخێک بگونجێ‌و نەتەوەی کورد بە ڕێگای سیاسی‌دا بە هێندێک لە ئاواتەکانی بگات. کورد لەو مەڵبەندە بەستراوەیەدا کە دەورو پشتی گەمارۆ دراوە، دژوارە بە شەڕو هێزی چەکدار سەرکەوێ. چەک هەڵگرتنی

کوردان مانای خۆ بەستنەوەیان بە یەکێک لە دوژمنەکانیان دەگەیەنێ. ئێوەی کورد زۆرتان شەڕ کردووەو هەموو جاریش لەو ئەزموونەدا شکاون، وەرن ئەمجارە بۆ یەکەمجار لە ژیانی کوردستاندا ڕێگای سیاسی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکەتان هەڵبژێرن. حیزبەکەتان ئاشکرا بکەن‌و ڕێگای خەباتی سیاسی فێری خەڵکەکەتان بکەن.» من داریوشی فروهەرم لە زیندانەوە دەناسی‌و ئاگاداری بیرو بۆچوونی ئەو لەسەر کێشەی کورد بووم‌و دەمزانی دوست‌و دڵسۆزی ئێمەی کوردە، بەڵام داخەکەم ئێمە گوێمان بە گوتنەکانی نەدا.

دوای ئەو باس‌و لێدوانەی کە لە ماڵی «مونتەقیمی قازی» کردمان، هەر سێ بەیەکەوە چووینە ماڵی مەلا شێخ عیزەددین. لەوێ ڕایانگەیاند چەند ئەفسەرو دەرەجەداری وەزیفە لە مزگەوتی «بازار»ی مانیان گرتوەو داوای وتووێژ لەگەڵ داریوشی فروهەر دەکەن. شێخ عیزەددین‌و دوکتور قاسملو داوایان لەمن کرد، بچمە لایان‌و بزانم چ باسەو چیان دەوێ‌و بۆچی مانیان گرتووە. من چوومە لایان. ئەفسەرێکی وەزیفە کە دمڕاستیان بوو، گوتی:

- «مەبەستی ئێمە لەو مانگرتنە ئەوەیە، سەرتیپ «پزیشکپوور»و چەند فەرماندەی‌تری سەربازخانەی مەهاباد کە لە دەورەی ڕژێمی شادا، فەرمانی کوشتنی خەڵکیان داوەو چەند کەسیان کوشتووە لە مەهاباد ڕاگوێزین.» من لە وڵامدا گوتم:

- لە جیاتی ئەوەی مان بگرن، ئەوە داریوشی فروهەر لە ماڵی شێخ عیزەددینە، داواتان لێدەکەم نوێنەرتان بێ‌و پێوەندی پێوە بگرێ‌و داواکەتانی پێڕابگەیەنێ. ئەوان ڕەزامەندیان داو نوێنەرەکەیان هاتە لای فروهەر. ناوبراو ڕایگەیاند:

- «گۆڕینی پزیشکپوورو فەرماندەکانی ئەرتەش لە چوارچێوەی دەسەڵات‌و بەرپرسایەتی مندا نیە، بەڵام لە گەڕانەوەمدا بۆ تاران داواکەتان بە سەرۆک وەزیر ڕادەگەیەنم.» من داوام لە فەروهەر کردو گوتم:

- بۆ ئەوەی ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو نەدات باشترە داوای ئەوانە بە تەلیفون بە «بازەرگان» ڕابگەیەنی، چونکە ئەوانە ڕاست دەکەن‌و بە فەرمانی پزیشکپوور ٤٣ کەس لە خەڵکی مەهاباد کوشتراون.

شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ی ڕێبەندان، لەگەڵ مەلا شێخ عیزەددین، دوکتور قاسملوو چەند کەسی‌تر کە پاشان بە لایەنگرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کوردستان ناوبانگیان دەکردو چەند کەسێکیش لایەنگری چریکی فیدایی خەڵک‌و کۆمەڵێکی‌تر لە ماڵی «ڕەحیمی خەرازی»، لەگەڵ داریوشی فروهەرو هاوڕێیانی‌و سەرتیپ پزیشکپوور دانیشتین. لەسەرەتای دەست پێکردنی ئەو دانیشتنەدا لایەنگرانی چریک‌و بەتایبەت کۆمەڵە هەراو هوریایەکی زۆریان دژی دوکتور قاسملو ساز کردو گوتیان: «چونکە ناوبراو ئەندامی حیزبی

توده‌یه، نابێ له‌و وتووێژدا به‌شداری بکات.» من زۆرم فکر کرده‌وه، به‌ڵام نه‌مزانی ئه‌وان له رووی چ ئه‌سڵێکه‌وه‌و بۆچی خۆیان به نوێنه‌ری کوردستان ده‌زانن‌و ئیزنی ئه‌و گوتنه به‌خۆ ده‌ده‌ن. ئه‌وان خاوه‌نی بیری ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یه بوون که پاشان دامه‌زراو ئه‌و کات به‌ناوی «اتحادیه ماموستایان»و «اتحادیه‌ی جوتیاران» له شاره‌کاندا خه‌باتیان ده‌کرد. چریکیش رێکخراوێکی سه‌رتاسه‌ری ئێرانی بوو نه‌ک کوردستانی‌و ئه‌مڕۆکه‌ش که کۆمه‌ڵه بۆته حیزبی کومونیستی ئێران، پێویسته وه‌ک باڵه جیاوازه‌کانی چریک‌و فیدایی چاویان لێبکرێ نه‌ک رێکخراوێکی کوردی‌و نوێنه‌ری گه‌لی کورد.

من‌و شێخ عیزه‌ددین، هه‌رچه‌نده ئه‌ویش به لایه‌نگری کۆمه‌ڵه ده‌ژمێردرا، دژی ئه‌و بۆچوونه راوه‌ستاین‌و پاشگه‌زمان پێکردن‌و گوتمان: «قاسملو له حیزبی توده‌دا نه‌ماوه‌و سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانه‌و ئێمه هیچ کارمان به رابردوی ئه‌و نیه.» ئه‌و قاڵمه قاڵمه داریوشی فروهه‌رو هاورێیانی وشیار کرده‌وه‌و ئه‌وان تێگه‌یشتن که ئێمه به‌یه‌که‌وه ته‌با نین‌و ناکۆکیمان ده‌نێودا هه‌یه. جا بۆیه هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه بایبان به وته‌کانی ئێمه نه‌دا، به‌ڵام ئاماده بوون گوێ بۆ قسه‌کانمان راگرن‌و سه‌رله گیروگرفته‌کان ده‌ربێنن.

لایه‌نگرانی کۆمه‌ڵه گه‌لاڵه‌یه‌کی هه‌شت ماده‌یی‌یان ئاماده کردبوو، که له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا پێشکه‌شیان کرد. له ماده‌ی هه‌شتی ئه‌و گه‌لاڵه‌یه‌دا نووسراوبوو: «بارزانیه‌کان ده‌بێ له خاکی ئێران ده‌ربکرێن.» ئه‌و داخوازه روونه‌ی کۆمه‌ڵه، یان باشتره بڵێم کۆمه‌ڵه‌و شێخ عیزه‌ددین، که هیچ پێوه‌ندی به‌مافی نه‌ته‌وه‌ی ئێمه‌وه نه‌بوو له کوردستانی ئێراندا، ده‌ریخست کۆمه‌ڵه چاره‌نووسی نه‌ته‌وه‌ی کوردی بۆ مه‌به‌ست نیه. به‌داخه‌وه دوکتور قاسملوش بۆ ئه‌وه‌ی که جێ پێی خۆی بکاته‌وه، چووه ژێر ته‌سیری شێخ عیزه‌ددین‌و ئه‌و داخوازه ناحه‌زو ناکوردانه‌ی کۆمه‌ڵه‌و شێخ عیزه‌ددین مۆر کرد. ئیمزای دوکتور قاسملو له‌ژێر ئه‌و گه‌لاڵه‌یه‌دا ره‌خنه‌و گازه‌نده‌ی ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی حیزبی دیموکرات‌و دڵسۆزانی نیشتمانپه‌روه‌ری کوردی به‌دواوه بوو.

عه‌شیره‌تی بارزانی به سه‌رۆکایه‌تی شێخه‌کانی بارزان‌و سه‌رئه‌نجام به سه‌رۆکایه‌تی مه‌لا «مسته‌فای بارزانی» نه‌مر، پاش شکانی بزووتنه‌وه‌ی «شێخ مه‌حموود» ته‌نیا هێزی راپه‌ڕیوی کوردستان بوو، که ئاڵای خه‌باتی چه‌کدارانه‌ی دژی رژێمی کۆنه‌په‌ره‌ستی عێران به‌رز کردبۆوه‌و دواجار بوونه هێزی سه‌ره‌کی بزووتنه‌وه‌ی باشووری کوردستان‌و به‌داخه‌وه راپه‌رینه‌که‌یان وه‌ک هه‌موو سه‌رهه‌ڵدانه‌کانی مێژووی کورد به‌پیلانی دوژمنانی دۆستنما له ساڵی ١٩٧٥دا تێکشکێندرا.

## چەککردنی سەربازخانەی مەهاباد

رۆژی ۳۰ ڕێبەندان، لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کاتی خەریک بوو بگەڕێتەوە تاران. فروهەر بە پزیشکپووری ڕاگەیاندبوو، خۆی بۆ چوون بۆ تاران ئامادە بکات. ناوبراو لە ماڵەکەی خۆیدا، کە لە ریزی ماڵی ئەفسەرەکانی سەربازخانەی مەهاباد هەڵکەوتبوو، خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو، کە سەعاتی یازدەو بیست دەقیقەی ئەو رۆژە سەربازخانەی مەهاباد چەککرا. سەعاتی دوازدەو دە دەقیقە، منیان ئاگادار کرد لە چەککردنی سەربازخانەی مەهاباددا سەرتیپ پزیشکپوور بریندار بووەو گەیاندویانەتە نەخۆشخانەی شێروخورشید. بەبیستنی ئەو هەواڵە بە تەلیفون پێوەندیم بە داریوشی فروهەرەوە گرت‌و داوام لێکرد خۆ بگەیەنێتە نەخۆشخانەی شارو ڕووداوەکەی لێبپرسێ. داریوشی فروهەر چووبوو. پزیشکپوور ڕایگەیاندبوو، سەربازێکی لوڕی «بروجرد»ی تەقەی لێکردووەو گلەیی لە خەڵکی مەهاباد نیە. پزیشکپوور کەوتە بەر عەمەلیات‌و پاش لەنێو چوونی مەترسی ڕەوانەی نەخۆشخانەی تاران کراو سەرئەنجام بەدوای چاک بوونەوەیدا، ئەویش لایەنی رژێمی مەلاکانی نەگرت‌و ئێرانی بەجێهێشت.

ڕەوتی چەککردنی سەربازخانەی مەهاباد بەو چەشنە بوو. چەند دەرەجەدارو ئەفسەری پلەی خوارەوەی ئەرتەش لە سەربازخانەی مەهاباددا خاوەنی بیرو بۆچوونی سیاسی بوون. من دوو کەسیانم دەناسی، ئەو دوو کەسە لەژێر چاوەدێری دەزگاکانی پاراستنی ئەرتەش‌دا بوون‌و رژیم بەقای پێنەدەکردن. یەک لەوانی بە تاوانی سیاسی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە مەهاباد ڕاگواستبوو. ئەو دوو کەسەو ژمارەیەکی‌تر ئەفسەرو سەربازی وەزیفە کە لە کردەوەی ئەفسەرانی بڵند پایەی سەربازخانەی مەهابادو دەزگاکانی پاراستنی ئەرتەش نارازی بوون‌و ئاگاداری کردەوەی ئەوان دژی خەڵکی شاری مەهاباد بوون، لەنێو خۆیاندا شۆڕایەکیان پێکهێنابوو،و دەیانەویست سەربازخانە لە چەنگ لایەنگرانی شا دەربێنن‌و نەهێڵن چەکوچۆڵ‌و شتومەکەکەی بە دەست خەڵکی ئاسایی تاڵان بکرێ، بەڵام ئەوان

ئاگاداری کردەوەی ئەو سەربازە «بروجیردی»یە نەبوون، کە بە برینداری کردنی سەرتیپ پزیشکپوور سەربازخانەی شلەژاند.

ئەو گروپە بۆ ئەوەی پێش بەکوشتنی ئەفسەرەکانی‌تر بگرن، یاخود نەهێڵن ئەوان پتر لەوە سەربازخانە بشلەژێنن، فەرمانی گرتنیان دەدەنو ئەوان لە هۆدەیەکدا دەستبەسەر دەکەن، کە پاشان بدرێن بە دادگاو لە ڕێگای قانوونەوە بە تاوانی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژێمی سەڵتەنەتی لەگەڵیان ڕەفتار بکرێ، بەڵام هەروەک گوتم بریندار بوونی پزیشکپوور سەربازخانەی شلەژاندو بوو بەهۆی ڕاکردنی ژمارەیەک ئەفسەرو دەرەجەداری دەزگاکانی پاراستنو لایەنگرانی ڕژێمی سەڵتەنەتی لە سەربازخانەو ژمارە سەربازێکی زۆریش لەژێر تەسیری کردەوەی ئەواندا سەربازخانەیان بەجێ هێشت.

خەڵک هەرکە ئاگاداری ئەو ڕەوتە دەبنو دەبینن سەربازان خەریکن سەربازخانە چوول دەکەن، هێرش دەبەنە سەر سەربازخانەو تاڵانو برۆ دەست پێدەکات. کاک حەمەدەمینی سیراجی لە لایەکو شێخ عیزەددین لە لایەکی‌ترەوە دەچنە سەربازخانە کە پێش بە تاڵانکردنی سەربازخانە بگرنو تەنانەت ئایەتوڵڵا نوریو دوکتور موکریو دوکتور ئەردەڵانیش دەچن، بەڵام هیچ لایەکیان سەرکەوتن بەدەست ناهێننو سەربازەکان سەربازخانە بەجێ دێڵنو خەڵکەکەش چەکە سووکەکان دەبەن. حیزبی دێموکراتیش پاشان دەستی بەسەر سەربازخانەدا گرت، تا بەرگری بکات لە وێرانکردنی بیناکانو ئەوان لە بنەڕەتەوە خراپ نەکرێن. لە ڕوداوی ئەو تاڵانکردنەدا حیزبی دێموکرات توانی ژمارەیەک چەک لە دەست خەڵک وەرگرێتەوەو چەکە قورسەکان وەدەست حیزب کەوت.

## شەڕی سنە

لە ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٨-١٩٧٩دا، کە تەنیا سێ ڕۆژی مابوو بۆ سەری ساڵی تازەو جێژنی نەورۆز، شەڕ لە سنە هەڵگیرسا. بەرلە هەڵگیرسانی شەڕی سنە دروست بەدوای دامەزرانی دەوڵەتی کاتی بازەرگاندا، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕایگەیاند، هەڵمەت بردن بۆ سەر بنکەکانی سەربازی بەتاوانو دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی کاتی دەژمێردرێ. ناوبراو بەم پێیە ئایەتوڵڵا «سەفدەری» بە نوێنەرایەتی خۆی ناردبووە سنە، کە خەڵک ئاگاداری بن دەوڵەتی نوێ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووەو لە هێرش کردن بۆ سەر سەربازخانەی سنە خۆ بپارێزن. «ئەحمەدی موفتی‌زادە»ش کە یەکێک بوو لە دانیشتوانی شاری سنە، بە ناوی ڕێبەری

موسولمانی «سوننی» ژمارەیەک موسولمانی وشکە سوننی لەخۆی کۆ کردبۆوەو بۆ ئەوەی خۆی لای خومەینی بقەبلێنێ، پەیتا پەیتا هاتووچۆی «قوم»ی دەکرد. ناوبراو دەیەویست لەو ڕێگایەوە خۆی بەسەر خەڵکی شاری سنەدا بسەپێنێ، بەڵام کەس گوێی بۆ شل نەکردو نە قوم قەبوولی بوو،و نە ئایەتوڵڵا سەفدەری لە شاری سنەدا.

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمە، مەلاکانی سوننی لە شاری «سەقز» کۆدەبنەوە. موفتیزادە بۆ ئەوەی خۆ بکاتە دمڕاستی مەلا کوردەکان، لایەنگرانی کۆ دەکاتەوەو پێیان دەڵێ بچنە بەر مقەڕی سەفدەریو داوای چەکی لێبکەنو بڵێن دەمانەوێ دژی ڕێکخراوە چەپەکانی شاری سنە لە چەک کەڵک وەرگرینو نەهێڵین ئاژاوە بنێنەوەو ئینجا خۆشی دەچێتە سەقز تا لە کۆبوونەوەی مەلا سوونییەکاندا بەشدار بێ. لایەنگرەکانی بەگوێی دەکەنو دەچنە بەر دەفتەری سەفدەریو بەربینگی پێدەگرنو داوای چەکی لێدەکەن. سەفدەری مل نادات‌و لە ئاکامدا جەماوەرەکە توڕە دەبنو دژی ناوبراو رادەپەڕنو دروشم دەدەن. سەفدەری لە بەرامبەردا فەرمانی تەقە کردنیان دەدات‌و چەند کەسیان لێدەکوژێ. لەو نێوەدا، کۆمەڵە بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە، پەلاماری ڕادیۆتلویزیۆنی سنە دەدات‌و ئەو دەخاتە ژێر دەستی خۆیو «سەدیقی کەمانگەر» یەکێک لە لێپرسراوانی ئەو کاتی کۆمەڵە لەشاری سنە، لەسەر تلویزیۆن خەڵک هاندەدا بەهاواری جەماوەری دەوری سەربازخانەوە بچنو خۆشیان تێکەڵی خەڵکەکە دەبنو لە ئاکامدا تەقە ساز دەبێ.

بە فەرمانی سەفدەری، سەرهەنگ «سەدری» فەرماندەی تیپی سنە زۆر بێبزەیانە خەڵکی شاری سنە دەداتە بەر چەکی قورسو سووکو نزیک بە ٢٣٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو شارە دەکوژێو ژمارەیەکی زۆریش بریندار دەکات‌و سەدان ماڵ دەڕمێنێو زیانێکی قورس بەخەڵکی سنەو دەورو بەری دەگەیەنێ. خەبەری شەڕی سنە گەیشتە مەهابادو لە لایەن حیزبەوە منو مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی دیاریکراین بۆ یارمەتیدانو گەیاندنی نانو پێخۆر بەخەڵکی ئەو شارە بچینە سنە. کاتێک، ئێمە گەیشتینە سنە تەقە ڕاوەستابوو، بەڵام شار تەمی لەسەر نیشتبوو،و خەڵک کشو مات بوو. لە لایەن دەوڵەتی کاتیشەوە، ئایەتوڵڵا «تاڵەقانی»، ئایەتوڵڵا «بەهێشتی»، «بەنی سەدر»و «ڕەفسنجانی» هاتبوونە سنە. ئایەتوڵڵا تاڵەقانی بە نوێنەرایەتی خومەینی لە «مەیدانی ئیقباڵ»ی سنە قسەی بۆ خەڵک کردو شاری هێندێک ئەهوەن کردەوە. ناوبراو ڕایگەیاند:

- «خەڵکی شار دەتوانن لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە شۆڕایەک دانێن. ئەو شۆڕایە بە نوێنەرایەتی ئێوە کارو باری شار ئەنجام بدات‌و ئەرکەکانی ئوستاندار، فەرماندار، بەلەدیەو هێزی ئاسایشو کاروباری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بەملەوە بگرێ.»

فەرمانی تاڵەقانی بۆ ئێمە وەک فەرمانی خومەینی بوو، چونکە جگە لە تاڵەقانی ئایەتوڵڵا «بەهێشتی»و «بەنیسەدر»و «رەفسنجانی»ش وەک مۆرەی سەرەکی رژێمی نوێ دەژمێردران. پێشنیاری تاڵەقانی نزیکی دەقی ئەو پەسند کراوە بوو کە لە سەردەمی «مەشروتە»دا لە یاسایە «ئەنجومەنی ئەیالەتیو ولایەتی»دا هاتبوو، بەلام رژێمی رەزا شاو محەمەد رەزا شای پەهلەوی پێشێلیان دەکرد. بەدەست هێنانی ئەو دەسکەوتە لەو هەلومەرجەدا زۆر جێگەی سەرنج بوو. لێرەدا دەبێ بە راشکاوی بڵێم: ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لەنێو مەلاکانی ئێراندا بە کەسایەتیکی دێموکرات دەناسرا. من لە زیندانەوە ئاگاداری رەفتارو کرداری ئەو بووم. ناوبراو لە زیندانیشدا هەرچی گوتبای دەیکردو لەسەر گوتنەکانی خۆی سوور بوو. چونکە کاراکترو بۆچوونی لەگەڵ خومەینی دەوروبەرەکەی یەکی نەدەگرتەوە، سەرئەنجام خومەینیو دەوروبەرەکەی وەلایاناو سڕیان کرد. لەسەر فەرمانی تاڵەقانی شۆرای هەڵبژێردراوی خەڵک لە سنە دەستی بەکار کرد. ئەو دەسکەوتە هەنگاوێکی مێژوویی بوو بۆ ئێمەی کورد.

بەر لەو رووداوە، کۆبوونەوەیەک بە بەشداری ئایەتوڵڵا تاڵەقانیو هەڤالانی لە لایەکو شێخ عیزەددینو سەدیقی کەمانگەرو چەند کەسیتر لە لایەکیترەوە پێکهات. منو مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی چووینە بەردەرگای شوێنی کۆبوونەوەکەو دەمانەویست بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بچین لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکەین، بەلام ئەندامانی کۆمەڵە بەر دەرگاکەیان گرتبوو. پاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆر سەدیقی کەمانگەر رازی بوو من بەشداری کۆبوونەوەکە بکەم، بەلام نەیهێشت مەلا حەیاکی بێتە ژوور. من بەگژ سەدیقی کەمانگەردا هاتمو گوتم:

- ئێوە بەچ حەقێک پێشتان بە نوێنەری حیزبی دێموکرات گرتووەو ناهێڵن لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بێ. ناوبراو لە وڵامدا گوتی:

- «من سەبارەت بە کەسایەتی خۆت کە ساڵەها دژی دیکتاتۆریت خەباتت کردوەو پیاوانە لە زینداندا راوەستاوی، ئیزنم دا بێتە ژوور.»

من دیسان پێمداگرت، کە ئیزن بدەن مەلا عەبدوڵڵا بێتە ژوور، بەلام کەمانگەر ملی نەداو گوتی:

- «رێگەی بەعسییان نادین.»

من ئاگادار بووم کە کۆمەڵە لەو سەردەمەدا بڵاوی دەکردەوە حیزبی دێموکرات سەربە بەعسی عێراقە، بەلام بەو حاڵەش گوتم:

- ئەو زانیاریانەت لە کوێ دەست کەوتوو؟

- «کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سیاسی وریایەو خەڵک دەناسێ.»

زۆرم هەوڵدا ڕێگە بە مەلا عەوڵڵاّ بدات، بەلاّم ئیزنیان پێنەداو ناوبراو لەبەر دەرگا چاوەڕوان مایەوە. کاتی وتوویژ لەگەڵ تاڵەقانیو هەڤالانی، هەرکە سەدیقی کەمانگەر زاری کردەوە قسە بکات، ئایەتوڵڵاّ تاڵەقانی گوتی:

- دەنگی تۆ بۆ من زۆر ئاشنایە، تۆ کێیت؟ سەدیق لە ولاّمدا گوتی:

- «من لە لایەن شوڕای شارەوە هاتووم.»

- شوڕای شار هەڵبژێردراوی خەڵکە؟

- «نەخێر کۆمەڵەو چریک پێکیان هێناوە.»

- ئێمە تۆ بەنوێنەری خەڵک ناناسین. ناوبراو بە دوای ئەو گوتنەیدا، شریتێکی دەرهێناو سواری زەبتێکی کرد. دەنگی کەمانگەر لە شریتەکە بەرز بۆوە، کە خەڵکی هاندەدا بەرەو سەربازخانە بەهاواری خەڵکەوە بچن، ئینجا تاڵەقانی لە کەمانگەری پرسی ئەوە دەنگی تۆیە؟

- «بەلێ دەنگی منە.» تاڵەقانی بە توڕەیی گوتی:

- تۆ بە ئیزنی کێ خەڵکت هانداوە بچن سەربازخانە تالاّن بکەنو شەڕ ساز کەن؟

- بە دەستوری شوڕا.

پاش وتوویژ، من رووم لە تاڵەقانیو هەڤالانی کردو گوتم: ڕەنگە ئەو شەڕەی سنە لە «نەغەدە»ش هەڵگیرسێ. ئێمە ئاگادارین کە مەلا «حەسەنی» ئیمامی جەماعەتی ورمێ تورکی «قەرەپەپاخ»ی نەغدەی پڕچەک کردوەو خەریکە کارەساتێک لە نەغەدە بخوڵقێنێ، داوا دەکەم تا ژمارەیەکیتریش قوربانی نەکراون بیرێک لە ئاژاوە گێڕی مەلا حەسەنی بکەنەوە. مەلا حەسەنی سەردەمێک پیاوی «زێڕۆ بەگی هەرکی» بوو، بەلاّم پاشان وەشوێنە مەلایەتی کەوتو سەرئەنجام بوو بە ئیمامی جەماعەتو نوێنەری خەڵکی ورمێ لە پەرلەمانی ئیسلامی ئێراندا.

## دیدار دەگەڵ خومەینی‌و بازەرگان

ڕۆژی ٨ ی خاکەلێوەی ١٣٥٨- ١٩٧٩ بەر لەوەی بۆ دیاریکردنی شکڵی دەوڵەتی داهاتوو لە ئێراندا ڕیفراندوم بکرێ، من‌و چەند کەسی دیکە بە سەرۆکایەتی دوکتور قاسملوو بەنوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات چووینە شاری «قوم» تا چاومان بە خومەینی بکەوێ. لە دانیشتن لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی‌دا، ناوبراو بە شێوازی خۆی بەر لەوەی کە لە ئێمە بپرسێ «چیتان دەوێ‌و بۆچی هاتوونەتە لای من»، دەستی کرد بە «مەوعزە» کردن‌و گوتی: «لە ئێراندا فەرق‌و جیاوازی نێوان چینەکانی خەڵک نیەو هەموومان موسوڵمانین‌و وەک برا لە مافی ڕەوادا بەرامبەرین‌و...» خومەینی کە وتارەکەی تەواو بوو، دوکتور قاسملو گوتی:

– «قوربان، ئێمە نوێنەرانی حیزبی دێموکراتین‌و هاتووین بۆ خزمەت جەنابت بۆ ئەوەی بفەرمووی ئەوەی نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئێوە لە شاری سنە ڕایانگەندوە: خەڵکی کوردستان بە هەڵبژاردنی شۆڕایەکی ڕەسمی کاروباری مەڵبەندی خۆیان بەڕێوە بەرن، جێگەی پەسندی ئێوەیە. ئێمە دەمانەوێ ئەو ڕاگەیاندراوە پیرۆزەی کە ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە شاری سنە ئاماژەی پێکرد، لە زمانی خۆتانی ببیسین، تاکوو بتوانین بە خەڵکی کوردستان بڵێین کە جەنابتان ڕاگەیاندراوی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی‌تان قەبووڵەو بەمجۆرە خەڵک هانبدەین لە ڕیفراندومی دیاریکردنی سیستمی دەوڵەتی داهاتووی ئێراندا بەشداریبکەن.» خومەینی وڵامی قاسملوی دایەوەو گوتی:

– «داوای ئێوە ئەرکی سەر شانی دەوڵەتی موهەندیس «بازەرگان»ە، ئێوە بچن بۆ لای ناوبراو و داخوازەکانتان ئاراستە بکەن. ناوبراو لە کۆتایی ئەو قسەیەیدا گوتی: من ماندووم‌و دەبێ بچم بحەسێمەوە.»

خومەینی بەبێ ئەوەی کە داواکەمان بسەلمێنێ، ڕەوانەی دەوڵەتی کاتی موهەندیس بازەرگانی کردین. بۆ ئێمە قسەی خومەینی گەلێک بەنرختر بوو لە هی دەوڵەتی بازەرگان، کە چمان لێ بەدی نەکرد. چووینە لای بازەرگان‌و ڕەوتی دیداری خۆمان لەگەڵ خومەینی بۆ

گیراوە. بازەرگان «یادی بەخێر بێ» زۆر بە رووخۆشیو میهرەوە ئێمەی وەرگرتو گوێی دایە قسەکانمان. لە ئاکامی ئەو چاوپێکەوتنەدا بۆمان دەرکەوت، کە بازەرگان بۆ ئەوە دەبێ لەگەڵی رێککەوین، بەڵام **زۆر بەداخەوە ئێمەی نوێنەر بەدەستی بەتاڵو بەبێ نووسراوە چووبووینە قومو تاران هیچو گەلاڵەیەکمان بەدەستەوە نەبوو، کە بیدەین بە سەرۆکی دەوڵەتی کاتیو بەنووسراوەش وڵامی پێوەرگرینەوە. ئەوە هەڵەیەکی مەزن بوو، کە ئێمە بە پێشنیاری زارەکی چووینو بە وادەو بەڵێنی زارەکیش گەڕاینەوە مەهاباد.** هەرچەندە ئێمە بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە، بەڵام بەرای من سەفەرەکەمان زۆریش بێئاکام نەبوو. هەر ئەوەندەی کە خومەینی دژ بە ئێمە رانەوەستاو موهندیس بازەرگانیش بە رووخۆشی وەریگرتینو زۆربەی گوتنەکانی سەلماندین خۆی شتێکی باش بوو. هەر بۆیەش لە گەڕانەوە بۆ مەهابادا **قاسملو** «یادی بەخێربێ» گوتی:

– «دەبێ ئێمە لە ریفراندومدا بەشدار بینو بایکۆتی نەکەین، چونکە ئەوە بە زیانی وتووێژی دوا رۆژمان لەگەڵ دەوڵەتی موهندیس بازەرگان تەواو دەبێو خومەینیش لێمان بەقیندا دەکەوێ.

من دەبێ بە راشکاوی بڵێم کە ئەو گوتنەی قاسملو بەتەواوی شوێنی لەسەر دانامو خۆشحاڵی کردم. لەلای خۆم گوتم: قاسملو ناکەوێتە ژێر تەئسیری ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی ریفراندوم بایکۆت بکەن.

## ریفراندوم

دەوڵەتی کاتی بازەرگان، رۆژی ۱۰ی خاکەلێوەی ۱۳۵۸-۱۹۷۹ی بۆ ریفراندومو دامەزراندنی شکڵی نوێی دەوڵەتی ئێران دیاریکرد. ئێمەش رێبەرانی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا بڕیارماندا بەشداری ریفراندوم بکەینو بە خەڵک راگەیەنین کە بەگەرمی پێشوازی لە ریفراندوم بکەن. دوا بە دوای پەسند کردنی ئەو بڕیارە لە لایەن حیزبەوە خەبەرمان پێگەیشت، کە شێخ عیزەددینی حوسێنی دژی ریفراندوم بەیاننامەی بڵاو کردۆتەوەو بەشداریکردنی خەڵکی لە ریفراندوم حەرام کردوە. ئەوە هەواڵێکی ناخۆش بوو بۆ گشت ئەندامانی ناوەندی حیزبو بەو پێیە من زۆر بەتوڕەیی بە تەلیفون بەگژ شێخ عیزەددیندا هاتمو گوتم:

– تۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەبەر چاو ناگریو دەبێ رۆژێک وڵامی ئەو کردەوە

ناپوختو ناسیاسیانەت بدەیەوە بە نەتەوەکەمانو بەر لەوەی چاوەڕوانی وڵامی ناوبراو بم گوشی تەلیفونەکەم داناوە.

ناوبراو بەتەلیفون گلەیی منی لای دوکتور قاسملو کردبوو،و گوتبووی غەنی توندم لەگەڵ دواوەو قسەی ناشیرینی پێگوتووم. قاسملو گوتی: ئەوە بۆ شێخ عیزەددینت تورە کردووەو منیش گوتم: حەقم بوو، شێخ عیزەددین بە فەرمانی کۆمەڵە هەڵدەسورێو دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە لە بیرو بۆچوونی خۆی سەرچاوەی وەرنەگوتووە.

کردەوەی شێخ عیزەددین، شوێنی خراپی لەسەر قاسملو داناو ئەوی سەدو هەشتا دەرەجە سوڕاندو لە ئاکامدا قاسملو گوتی:

- «ئێمە نابێ بەشداری بکەین لە ریفراندومدا. بەشداریکردنی ئێمە لەو ریفراندومەدا سوکایەتی‌یەو خەڵک لای شێخ عیزەددین دەگرنو ئێمەش بەدەستی بەتاڵ دەمێنینەوە.

ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە بیستنی ئەو گوتنە لە زمانی قاسملو، واقمان وەڕماو زارمان گرێ دراو لۆغە لۆغەمان گرتو بەبێ ئەوەی هیچکامەمان دژی گوتنی ئەو راوەستین، پەسندکراوی دەفتەری سیاسیمان وەلاناو بڕیاری دوکتور قاسملومان کردە رێبازی دوا رۆژمانو بووین بە شەریکی ئەو هەڵە گەورە سیاسییە. ئێمە بەدوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، وەشوێنی شێخ عیزەددین کەوتینو لە بڵاوکراوەیەکدا رامانگەیاند حیزبی دێموکرات لە ریفراندومی دەوڵەتی کاتی بازەرگاندا بەشداری ناکاتو داوا لە خەڵکی کورد دەکەین ریفراندوم بایکۆت بکەن.

ئەوە هەڵەیەکی زۆر ناڵەبار بوو کە ئێمە کردمان. ئێمە تازە لە لای خومەینیو موهندیس بازەرگان گەڕابووینەوەو دڵمان خۆش بوو،و رووناکی‌یەکمان دەبینی، بەڵام داخەکەم، پێشنیان گوتەنی «بەدوای خراپ بوونی بەسرە»دا، من تازە قسەکانی قاسملوم وەبیر هاتبۆوە، کە دەیگوت با وەشوێن قسە خۆشەکانی بازەرگان کەوینو هانی بدەین رێککەوتن نامەیەکمان لەگەڵ مۆر بکات. کاتێک ئەو گوتنەم وەبیر قاسملو هێناوە، ناوبراو گوتی:

- «نەدەکرا، شێخ عیزەددین کۆسپی خستە سەر رێگەمان.»و منیش پێمگوت:

- ئەوە، راو هەڵوێستی خۆی نیە، ئەو گوێ لەمستی کۆمەڵەیەو باوەڕی بە قسەی خۆی نیە. تۆ دەزانی کۆمەڵە زۆر جاران گوتوویەتی «ئێمە بۆ لە قاودانی رژیم لە وتووێژەکاندا بەشداری دەکەین». کۆمەڵە بەستراوەتەوە بە گروپە مائوئیستی‌یەکانی ئێرانیەوەو بیر لە چارەنووسو بەرژەوەندی گەلی کورد ناکاتەوە. قاسملو بەحەق وڵامی دامەوەو گوتی:

- «کاکە غەنی، باشتر بوو ئەو قسەت لە دەفتەری سیاسی کردبا، چونکە لەوانە بوو رای گشتیت گۆڕابا، تازە کەڵکی چیە؟»

بەو گوتنەی قاسملو، من تەواو تەریق بوومەوەو هەڵەی خۆم بیر هاتەوەو گوتم:
- دوکتور حەق بەتۆیە، بەڵام ئێمە هەموومان لە بەرامبەر ئەو کارە ناپووختەدا بەرپرسینو مێژوو لێمان نابووریٚ. بەمجۆرە بەشداری نەکردینی حیزبی دیموکرات لە ریفراندومی دیاریکردنی سیستیمی داهاتووی ئێراندا دژایەتیێکی ئاشکرا بوو دەگەڵ خومەینیو دەوڵەتی کاتی بازەرگان. بەمجۆرەش بەپێی نووسینی رۆژنامەی کەیهانی ژمارە ۱۰.٦٧٧ی رۆژی ۱۲ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳٥۸، لە مەهاباد ۲۳٥٦۹، لە سەردەشت ۱۲۳٦۷، لە بانە ۱۱۳۹۳، لە سنە ۱.۱٦۱۸، لە سەقز ۳٤۸۲٦، لە قەسری شیرین ٦٦۹٥، لە سنقر ٤.٦٥۲ کەس دەنگی «ئا»ی بە کۆماری ئیسلامی دا.

## شەڕی نەغەدە

پاش ئەوەی داریوشی فروهەر لە مەهاباد رایگەیاند حیزبی دیموکرات دەتوانیٚ بە ئازادیو بە شێوەی ئاشکرا خەباتی سیاسی دەست پیٚبکا. حیزب لە رۆژی ۱۱ی رەشەمەی ۱۳٥۷-۱۹۷۹، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی چەند هەزار کەسیدا لە مەیدانی وەرزیشی شاری مەهاباد، خۆی ئاشکرا کرد. بەدوای ئەم دابو رەسمەدا کە بەشێوەی چەکدارانە ئەنجامی گرت، کومیتەی ناوەندی حیزب بڕیاریدا دابو رەسمی ئاشکرا کردنی حیزب لە شارەکانیتری کوردستانیشدا ئەنجام بدریٚ. دوکتور قاسملو، بە کۆمیتەی حیزبی لە شاری «نەغەدە» راگەیاندبوو، خۆی بۆ بەرپا کردنی دابو رەسمی ئاشکرا کردنی حیزب لەو شارە ئامادە بکات. کۆمیتەی نەغەدە پرۆگرامی ئەو دابە دادەرێژیو دەیەویٚ بە وێنەی مەهاباد لە مەیدانی وەرزیشی ئەو شارەدا حیزب ئاشکرا بکات. چونکە مەیدانی وەرزیشی شاری نەغەدە لە ناوچەی تورک نشینەکان هەڵکەوتووە، تورکەکانی نەغەدە دژی بەرپا کردنی دابو رەسمی ئاشکرا کردنی حیزب لە ناوچەی خۆیان رادەوەستن. کۆمیتەی تورکەکانی نەغەدە نامەیەک بۆ کۆمیتەی حیزب دەنێریو دەڵیٚ تورکەکانی نەغەدە لەو هەنگاوەی ئێوە نارازینو نایانەویٚ بەشێوەی چەکدارانە لە گەڕەکی ئەواندا دابو رەسمی ئاشکرا کردنی حیزب بەجیٚ بگەیەننو پێشنیار دەکەن قەراخ شاری نەغەدە بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێرن.
لە بەرامبەر بۆچوونی تورکەکانی نەغەدەدا، دەگوترا ئەوان گۆیا لە لایەک لە هێزی چەکداری بەشدار لەو دابو رەسمە دەترسینو لە لایەکیتریشەوە بەخێلایەتی ئێرەکی بەو دابو رەسمەی کوردەکان دەبەن. بە هەر شێوەیەک بیٚ پێویست بوو ئەنجامی ئەو دیاردەیە

وشیارانەو بەدڵێکی فراوان لێک بدرێتەوە، بەڵام داخەکەم کوردەکان تووشی هەستی توندی کوردایەتی بوونو نەیانتوانی بەوردی لە مەبەستەکە بگەنو دوکتور قاسملو بەبێ گرنگدان بە ئاژاوەگێری مەلا حەسەنیو بڵاو کردنەوەی چەک لە لایەن ناوبراوەوە لەنێو «قەرەپاخ»ەکانی نەغەدەدا، لە وڵامی تورکەکاندا گوتی: «بڕیاری کۆمیتەی نەغەدە هەڵناوەشێتەوەو ئێمە ئەو دابو رەسمە بەو شێوەیە پیرۆز دەکەین، کە کۆمیتەی حیزب لە نەغەدە بڕیاری لەسەر داوە.» بەو چەشنە کاتێک ئەندامو لایەنگرانی حیزب لە رۆژی ٣١ خاکەلێوەی ١٣٥٨- ١٩٧٩ لە مەیدانی وەرزیشی نەغەدە کۆ دەبنەوەو خەریکی بەجێهێنانی دابو رەسمی ئاشکرا کردنی خەباتی سیاسی حیزب دەبن، خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە وەبەر دەستڕێژ تورکان دەکەونو ژمارەیەکی زۆر دەکوژرێن. چەکدارە کوردەکانیش کە بەگشتی پێشمەرگە نەبوونو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە هاتبوون، وڵامی تەقەی تورکەکان دەدەنەوەو لە ئاکامدا شەڕەکە بە زیانی کوردەکان قووڵو توندو تیژ دەبێ.

ئەرتەشی ئێران، لەشکری چواری ورمێ بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «زەهیرنژاد» کە تورکی ئازەربایجانی بوو مەئمور دەکات پێش بە شەڕی نێوان کوردو تورکەکان بگرێ. ناوبراو لەژێر چەتری فڕۆکەو هێلیکۆپتەرەکانی ئەرتشدا بە هێزێکی مەزنی «پیادەو تانکو تۆپخانە» دەچێتە نەغەدەو لە جیاتی ئەوەی لەنێوان کوردو تورکەکاندا نێوبژی بکات، بە فیلو تەڵەکە دەست دەکات بە قەتڵو عامی کوردانو ژمارە کوردێکی زۆر دەکوژێ. زەهیرنژاد بۆ ئەوەی کوردەکان فریو بدات کاتی چوونی بۆ نێو شاری نەغەدە وێنەی شێخ عیزەددین بە پێش تانکەکانەوە هەڵداوەسیو بەمجۆرە کوردەکان فریو دەخۆنو تەقە لە تانکەکان ناکەن. ئەوانەی کە فریوی وێنەی شێخ عیزەددینیان خواردبوو، لە تانکەکان نزیک دەبنەوەو لەو کاتەدا «زەهیر نژاد» فەرمانی تەقە لێکردنیان دەداتو ئەوان وەبەر دەستڕێژی گوللەی تانکو هێزی پیادەی ئەرتەش دەدەن. کوردەکان بۆ نەجاتی خۆیان لە شار رادەکەن، بەڵام لە دەرەوەی شاریش هێزەکانی ئەرتەش ئەمانیان پێنادەنو لە زەویو هەواوە گوللەیان بەسەردا دەبارێنن.

ژمارەی کوژراوەکانی ئەو شەڕە روون نەکرایەوە. ئەوەی راست بێ ژمارەیەکی زۆر کوژرانو لە یەکەم هەنگاودا هەموو کوردەکانی نیشتەجێی نەغەدە ئەو شارەیان بەجێ هێشتو ئاوارەو ماڵ وێران بوون. کۆمەڵێکیان هاتنە مەهابادو بەشێکیشیان چوونە شنۆو لە گوندە کورد نشینەکانیتردا خۆیان گرتەوە. زەهیرنژادیش کە مەئموری کوژاندنەوەی شەڕی نێوان کوردو تورکان بوو، لەنێو یەکێک لە تانکەکاندا جێی گرتبوو،و لەوێوە فەرمانی تەقەی بە هێلیکۆپتەرەکانو هێزەکانی دەدا. هەڤاڵانی حیزبی دیموکرات، دەنگی

زەهیرنژادیان لە شەپۆلی FM لەسەر شریت تۆمار کردبوو، و جنایەتی ئەویان بۆ خەڵک و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی روون کردەوە، بەڵام دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تازە دامەزراو بەدوای ریفراندمدا، هیچ هەڵوێستێکی لەبەرامبەر جنایەتی زەهیر نژاددا نەگرت.

## شەڕ دژی عەشیرەتی مەنگوڕ

بە درێژایی خەباتی حیزبی دێموکرات لەسەردەمی بەرپرسایەتی منو هەڤاڵانمدا لە ساڵەکانی ۱۳۲۹- ۱۳۳۸ (۱۹۵۰-۱۹۵۹)، هەمیشە مەنگوڕایەتی بە ئاغاو جوتیارەوە مەکۆو پاڵپشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. گەلێک جاران ئێمە کە لە شار قاچاخ دەبووین، بۆ ئەوەی وەچەنگ مەئمورەکانی حکومەت نەکەوین پەنامان بۆ ناوچەی مەنگوڕان دەبردو لەوێ لەژێر چاوەدێریو پاریزگاری ئاغاو رەعیەتەکانی ئەو ناوچەیە دەماینەوەو بەنهێنی درێژەمان بە خەباتی دەداو ئەوان دەیانپاراستین. زۆر جاران لەشکری ژاندارمەو ئەرتەش بۆ گرتنی ئێمە پەلاماری ئەو ناوچەیەیان داوە، بەڵام بەرلەوەی کە دەستیان بە ئێمە بگات، ئاغاکانی مەنگوڕ لە شارەوە خەبەریان بۆ دەناردینو دەیانگوت عەجەمان خەریکن هێرش بکەنو زەبرتان لێدەنو پێویستە دەرچنو خۆ حەشار بدەن. ئێمە لەو دێیانەی کە مەئمورانی حکومەتی دەیانەویست پەلاماری بدەن، دوور دەکەوتینەوەو بەمجۆرە حکومەت زەفەری پێنەدەبردینو ئەوانیش وەگیانی ژنو منداڵی ئاغاو جوتیارەکان دەکەوتنو ئەوانیان وەبەر قامچان دەدا، بەڵام هیچیان دەست نەدەکەوتو لادێییو ئاغا ئاگادارییان بە مەئمورەکان نەدەدا. بۆ روون بوونەوەی پتر، پێویستە ئاماژە بە نمونەیەکی زۆر زیندوو بکەم:

منو عەزیزی فەلاحی لە ئاوایی «سیاقوڵی سەرو» لە ماڵی «خەلیلی گەنجەلی» میرزاو کوێخای دێ بووین. نیوە شەوێکی درەنگ، کاتێک خەڵکی ئاوایی دەخەودا بوون، ئەرتەشو ژاندارم هێرشیان کردە سەر ئاواییو دەستیان بە پشکنینی ماڵەکانی دێ کردو زەختیان بۆ خەڵک هێنا، کە حەشارگەی ئێمەیان پێشان بدەن. «قەرەنی» کوڕی مام «رەسوو» ئاغای سیاقوڵ گورج هاتە ماڵی کوێخاو ئێمەی وشیار کردەوە کە وەدەست ئەرتەشو ژاندارم نەکەوین. لە ماڵی کوێخاوە ماڵ بە ماڵ ئێمەیان راگوێستو نەیانهێشت مەئمورەکانی حکومەت زەفەرمان پێبەرن. بەیانی کاتێک رووناکی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، هێزەکانی ئەرتەشو ژاندارمەری کوێخای دێو قەرەنیان بەتاوانی ئاشکرا نەکردنی

ئێمە لەسەر بانی ماڵەکانی دێ دارکاری کردو پاشان بەدەستی بەتاڵ گوندیان بەجێهێشت.
من دوای ئازاد بوونم لە زیندانو گەڕانەوەم بۆ مەهاباد، لە کاتی پێشوازیکردنی بەرینو هەراوی خەڵکدا پەنجەم بۆ ئەو کردەوەیە راکێشاو سوپاسی هەموو ئاغاو جوتیارەکانی عەشیرەتی مەنگوڕم کرد.

لەشکری ٦٤ ورمێ بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «زەهیرنژاد»و هاودەستی مەلا «حەسەنی» ئیمام جەماعەتی ئەو شارە، بۆ ئەوەی ناکۆکیو ئاژاوە بخاتە نێو کوردان، هەوڵی دەدا چەکوچۆڵ لەنێو وڵاتی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە. لەم روانگەشەوە بوو، کە بەر لە شەڕی نەغەدە، ژمارەیەک لە تورکەکانی نەغەدەی پڕچەک کردبوو،و تەنانەت پەنجا چەکیشی بەسەر شێخ «تەها»ی گوندی «گەسگەسک»دا سەپاندبوو. من هەرچەندە لام روون بوو کە شێخ «تەها» قەت تەنانەت بۆ جارێکیش دژی حیزبی دیموکرات راناوەستێو بە پێچەوانەوە یارمەتیش بە ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەکات، بەڵام بە ئاگادار بوون لەو رەوتە داوام لێکرد چەکەکان بگەڕێنێتەوە بۆ «زەهیرنژاد»و مەلا «حەسەنی» گێرەشێوێن. شێخ بەبێ هیچ مەرجێک چەکەکانی گەڕاندەوەو رایگەیاندبوو کە ئێمە بنەماڵە شێخ خۆمان دەکاروباری سیاسی هەڵناقوتێنینو روومان دەخودایە.

دوای ئەو رووداوە، کاک «برایمی نەوزەری» سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕو ژمارەیەک لە ئاغاکانی مەنگوڕ دەچنە لای دوکتور قاسملو،و پێیرادەگەیەنن: «حکومەت رایسپاردوون بچنە ورمێو یارمەتی ماڵیو چەکوچۆڵ وەرگرن.» دوکتور قاسملو ئەوەی لەگەڵ من هێناگۆڕێو گوتی:

- «رای تۆ چیە؟»

- پێیان بڵێ گوێ نەدەنە حکومەتو خۆ تووشی ئاژاوە نەکەن. قاسملو لە وڵامی مندا گوتی:

- «مەنگوڕان لە رابردوودا گەلێکیان یارمەتی بە حیزب کردوە. ئەوان لە تاڵانو بڕۆی سەربازخانەی مەهابادا نەک هیچیان وەچەنگ نەکەوت، بگرە بە هۆی چەکدارەکانی ئێمەوە کەسو کاریشیان کوژرا. من بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەمایەسی‌یە، رێگە دەدەم بچنە ورمێو پارە وەرگرنو ئەگەر حکومەت چەکیشیان بداتی حیزب کاتی خۆی لەدەستیان دەردێنێ.» منیش گوتم:

- پێم باشە، بەراستی مەنگوڕ فەقیرنو باشترە شتێکیان وەچەنگ بکەوێ.

بەمجۆرە ئاغاکانی مەنگوڕ چوونە ورمێو یارمەتیان وەرگرتو ژمارەیەکیشیان چەک لەگەڵ خۆ هێناوە. دوای گەڕانەوەیان زۆریان گوێ بۆ بڕیارەکانی حیزب شل نەدەکردو حازر

نەبوون ئەو چەکوچۆڵەی کە لە حکومەت دەستیان کەوتبوو، بیدەن بە حیزبو گوتبوویان: «ئەوانە سەرمایەی ژیانی ئێمەیەو پێویستمانەو حیزب فەقیر نیەو گەلێک چەکوچۆڵی سەربازخانەی مەهابادی بەدەستەوەو لە دەوڵەتی عێراقیش پێداویستیەکانی دابین دەکاتو نابێ تەماح لەو چەند چەکەی ئێمە بکات.» ئەو ڕووداوە هەوێنی ڕقەبەرایەتی نێوان حیزبی دێموکراتو عەشیرەتی مەنگور بوو.

ڕۆژی پێش دەسپێکردنی شەڕی مەنگوڕان، من لەگەڵ مەشهدی «برایمی ڕازی» چوومە «میاندوئاو» تا لەگەڵ کۆمیتەی تورکەکانی میاندوئاو گیروگرفتیماڵیاتی بازاری «قەباکەندی» چارەسەر بکەینو بۆ دابەشکردنی داهاتی ئەو بازارە ڕێککەوتنێک مۆر بکەین. لە گەڕانەوەمدا بۆ مەهاباد ئاگادار بووم حیزب بە هێزی چەکدار هێرشی کردۆتە سەر مەنگوڕانو لەخۆوە لەنێوان حیزبی دێموکراتو عەشیرەتی مەنگوڕ شەڕی براکوژی ساز بووە. بە پەلە چوومە لای قاسملوو بە توندی ڕەخنەم لێ گرتو گوتم:

- کێشەی چەکوچۆڵی شێخ تەهای گەسگەسک زۆر بەخۆشی چارەسەر کرا. بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەش دەکرا سەبر بکەی من لە سەفەر بگەڕێمەوەو لەو ڕێگایەوە کە من پێوەندی خزمایەتیو دۆستانەم لەگەڵ مەنگوڕانە هەیە، چارەسەری ئەو کێشەیەش بکەمو پێویست نەبوو بۆ چەند چەکان شەڕی براکوژی ساز کەینو ئاژاوە بخەینە نێو کوردستان.

قاسملو لە وڵامدا گوتی:

- «ئەوانە لە دوا ڕۆژدا مەترسی بۆ حیزب دەخوڵقێنن. ناوچەکەیان لە نێوان سنووری عێراقو مەهاباد هەڵکەوتووەو لەباری ستراتیژییەوە بۆ حیزب بە مەترسی دەژمێردرێنو نابێ چەکیان هەبێ.»

- کاکی برا ئەوانە ئێستاش دەتوانن بە نهێنی چەک لە دەوڵەت وەرگرنو کەسیش پێنازانێ، لەکاتێکدا ئەوانە لەسەر ئیزنی خۆت چوون لە ورمێ چەکوچۆڵیان وەرگرتووە، دروست نەبوو بەو چەشنە لەگەڵیان ببزوویەوە، بەڵام ئێستا کار لە کار ترازاوەو کێشەی خوێنی ئەو کەسانەی کە بەناحەق ڕژان بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ.

دوای بڕانەوەی ئەو شەڕە گلاوەو ئەو کارەساتە خەمبارە، سەید «ڕەسووڵی بابی گەورە» هاتە لامو گوتی:

- «لەوەی کە حیزب دژی مەنگوڕان چەکی بەکار هێناو ژمارەیەکی لێ کوشتن، تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. ئێستاش ئەو کارە بەداخەوە ڕووی داوە، بەڵام چونکە ئێوە لای عەشیرەتی مەنگوڕ خاوەنی ڕێزو حورمەتنو خزمایەتیت دەگەڵیان هەیە، داوات لێدەکەم وەرە لەگەڵ من بچینە ناوچەی مەنگوڕانو سەرێک لەو کەسانە هەڵێنەوە کە ڕۆڵەو

کەسوکاریان لێ کوژراوە. ئەوان بلاوینەوە تا بەڵکو برینەکانیان ساریژ بێ.» لە ولامی سەید رەسوولدا ئامازەم بەو گوتنەی فارسان کرد، کە دەلێ:

- پدەر کوشتە را کەی بوەد ئاشتی.

بە ئاگادار بوون لەو پەندەش ملمداو رەگەڵ سەید رەسوول کەوتمو چوومە ناوچەی مەنگوڕان. دیداری بنەماڵەی کوژراوەکانم کرد و زۆرم لاواندنەوەو توانیم هێندێکیان هێمن کەمەوەو چەند کەلەشینکۆفیشم بە دیاری دانیێو گەڕامەوە مەهاباد، بەلام ئەو کێشەیە لە ریشەوە چارەسەر نەکراو بە دوای ئەو تێکهەلچوونەشدا هێندێک وردە گلەییو ئاژاوە لەنێو حیزبی دێموکڕات و عەشیرەتی مەنگوڕدا مایەوەو سەرئەنجام کە ئەرتەشی ئێران مەهابادو ناوچەی مەنگوڕانی گرتەوە، لە هەستی بریندارو نەداریو هەژاری مەنگوڕان کەلکی وەرگرتو بەداخەوە ئەو عەشیرەتەی بۆ لای خۆی راکێشانو نەک هەر بە دژی حیزبی دێموکڕات، بگرە دژی خەلکی کوردیش دەکاری هێنان.

## لیژنەی نوێنەرایەتی ئەرتەشی ئێران

مەلا «عەبدوڵڵای حەسەن زادە» بەر لەوەی کە تووشی کاری سیاسی بێ، فەقێ بوو،و تا پایەی «سوختە»ی مەلایەتی خوێند. ناوبراو نووسراوەیەکی بەناوی «نیو سەدە تێکۆشان» دەرکردوە، کە مخابن بەشێک لە رووداوە گرنگو بنەرەتیەکانی تێدا پەڕاندوەو بۆ ئەوەی خۆ لەپرسیار کردن بدزێتەوە، لەسەرەتای نووسینەکەیدا رەخنەی لەخۆی گرتووەو گوتوویەتی: «بەداخەوە من قەت یادداشتم هەلنەگرتوەو رەنگە روداوم لەبیر نەبێ.» ئەو گوتنەی مەلا عەولا جێی پرسیارە، بەراستی چۆن بووە ناوبراو بۆ وێنە باسی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکڕاتی لەبیر نەکردوە، بەلام پەسندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیەی لەبیر کردوە؟ گەلێک رووداویتر هەن، کە بەرای من ناوبراو دەبوایە ئامازەیان پێ بکات، بەلام بەئانقەست خۆی لێبواردون. ئەگەر ئەو بەراستی رووداوەکانی لەبیر کردوە، باشترە نیگەرانی نەبێو من ئەوانم لەبیرەو لەجێی خۆیاندا وەبیری دەخەمەوە با خوێنەری نووسراوەکان خۆیان قەزاوەت بکەن؛ مەلا عەبدوڵلا گشت بابەتە گرنگەکانی سەرەتای هاتنەوەی لە بەغداوە بۆ مەهاباد لەبیر خۆی بردۆتەوەو تەنانەت هیچ ئامازەیەکی بەهاتنی لیژەی نوێنەرایەتی ئەرتەشی ئێران بۆ لای حیزبی دێموکڕات نەکردوە، کە یەکێک بوو لە خالە سەرەکیەکانی ناکۆکی نێوان حیزبی دێموکڕاتو دەولەتو بە ماکەی بنەرەتی

پێکهەڵپڕژانی حیزب‌و حکومەت دەژمێردرێ. چۆنیەتی ئەو رووداوە بەم شێوەیە بوو:

رۆژێک دوکتور قاسملو بە تەلیفون ئاگاداری کردم‌و گوتی: بڕیارە چەند ئەفسەری ئەرتەش بێنە لای حیزب‌و بە نوێنەرایەتی دەوڵەت دەربارەی سەربازخانەی مەهاباد وتووێژم لەگەڵ بکەن. ناوبراو لە درێژەی گوتنەکەیدا گوتی: بۆ ئەوەی هەڵلایان لەسەر ساز نەبێ‌و رووداوێکی ناخۆش نەخولقێ، باشترە بۆخۆت وەریانگری. من لەگەڵ قاسملو رێککەوتم‌و دەگەڵ چەند پێشمەرگان بەرەوپیری میوانەکان چوومە سەر رێگەی ورمێ‌و لە نزیک ئۆردوی کارەوە، میوانەکانم وەرگرت‌و هێنامن بۆ دەفتەری حیزب کە لە ماڵی «خوداپەرەست»دا بوو. ئەفسەرەکان حەوت کەس بوون‌و سەرهەنگ «سیستانی» سەرۆکایەتی ئەوانی بەملەوە بوو. ئەوانی‌تر جیا لە سەرهەنگ «زەرکێش»و سەرهەنگێکی‌تر پلەی سەرگوردیان هەبوو.

سەرهەنگ سیستانی سەرۆکی ئەو لیژنەیە بە قاسملوی گوت:

- «ئێمە لە لایەن سەرکردایەتی ئەرتەشەوە هاتووین بۆ لای حیزبی دێموکرات تا بەڵکو سەربازخانەی مەهاباد وەرگرینەوە. ئێوە دەزانن سەربازخانە چۆلەو چی تێدا نەماوە کە بەکاری کەس بێت.» دوکتور قاسملو لە وڵامدا گوتی:

- چونکە خەڵکی ئێران سەربازخانەکانیان بە ئاسەواری رژێمی پەهلەوی ناسیوە، ئەوانیان داگیر کردوەو ئەو سەربازخانەیەش وەک زۆربەی سەربازخانەکانی تاران بەدەست خەڵکی ئاسایی داگیر کراوە. رەنگە ژمارەیەک خاوەنی ئەو بیرە نەبوون‌و تەنیا بۆ وەچەنگ خستنی شڕە پەلامار سەربازخانەیان دابێ. ئێوە پێویستە بزانن بەرلەوی کە خەڵکی مەهاباد هێرش بکاتە سەر سەربازخانە، زۆربەی ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازەکان سەربازخانەیان بەجێهێشتبوو،و رایانکردبوو. شێخ عیزەددین‌و ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کە «محەمەد ئەمینی سیراجی» ناوی بوو، بۆ بەرگری کردن لە تالآن کردنی سەربازخانە چوونە ئەو جێیە، بەلآم سەرنەکەوتن‌و خەڵکیان بۆ دوور نەکرایەوە. ئەو هەڤاڵەی ئێمە بەناوی کاک غەنی بلوریان چوو لە سەر رادیۆو تلویزیۆنی مەهاباد داوای لە خەڵک کرد لە سەربازخانە نزیک نەبنەوەو سەربازخانە پەلامار نەدەن. شریتی قسەکانی کاک غەنی مەوجوودەو دەتوانن گوێی لێ‌راگرن. چونکە سەربازخانە چولکرابوو، ئێمە نەمانتوانی لە بەرامبەر ئەو رووداوە کتوپڕەدا زوو چەکدار بنێرین، کە پێش بە تالآنکردنی بگرین، بەلآم ئێمە نەمانهێشت خەڵک بیناکانی سەربازخانە بروخێنن‌و ساختمانەکانی وێران بکەن‌و کولوکۆی دڵی خۆیان دژی حکومەتی دیکتاتۆری پەهلەوی دامرکێنن. حیزب بیناکانی پاراستوەو ئێستاس ئێمە پێمان باشە ئەو سەربازخانەیە نەمێنێ‌و بدرێ بە دانیشگای «ئازاد»ی مەهاباد. ئێوە دەتوانن لە نێوان جادەی ورمێ بۆ مەهاباد، لە نزیک گوندی «وسووکەند» کە لە پازدە

کیلۆمیتری مەهاباد هەڵکەوتوە، سەربازخانەیەکی نوێ دروست بکەن. سیستانی گوتی:

- «قسەکانت زۆر بەجێیە، بەڵام بۆ ئەوەی زەبر لە ئابرووی ئەرتەش نەکەوێ، ئیزن بدەن ئێمە یەکانێکی موهندیسی بنێرینە مەهاباد، تا سەربازخانەیەکی نوێ لەو جێیەی تۆ ئامارەی پێدەکەی دروست بکاتو سەربازخانە کۆنەکە تەسلیمی دانیشگای ئازاد بکات. ئەگەر ئێوە خۆتان ئەو کارە بکەن، لەوانەیە نەتوانن کێشەکە بەتەواوی چارەسەر بکەنو رەنگە دوژمنایەتی نێوان حیزبی دێموکراتو ئەرتەشو دەوڵەت بە تەواوی خاشەبڕ نەکرێو ئێوەش تێدا قازانج ناکەن.» دوکتور قاسملو لە وڵامدا رایگەیاند:

- ئەو سەربازخانەیە بەدەست خەڵک تێکچووەو خەڵکی کوردستان ئیزن نادات بۆ جارێکیتر سەربازخانەی مەهاباد سەربازی بۆ بێتەوە.

- «خەڵک ئاژاوەو شەڕو شووری ناوێ. ئەگەر رای خەڵک وەربگری، بێگومان ئەوان گوتنی ئێمەیان لا پەسند دەبێ!» دوکتور قاسملو وڵامی دایەوە گوتی:

- ئێرە جێگەی دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتەو ریفراندومی ئێوەی پێویست نیە! پاشان دوکتور رووی دەمن کردو گوتی رای تۆ چیە؟ گوتم:

- رای من ئەوەیە، کە لەسەر سەربازخانەیەکی چوولی بێکەڵک دووبەرەکی ساز نەبێ، ئێستا کە دەوڵەت بە ناردنی ئەو لێژنەیە دەیەوێ رێگەیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئێمە بدۆزنەوە، باشتر ئەوەیە کە ئێمە بارەکە نەشێوێنینو عاقڵانە بڕیار بدەین. دوکتور قاسملو لە وڵامی مندا گوتی:

- «سەربازخانەی هەموو ئێران تاڵان کراونو ناکۆکیان لەسەر پێکنەهاتووە.» من لە وڵامدا گوتم:

- کوردستان لەگەڵ تارانو شوێنەکانیتر جیاوازە.

قاسملو، بەمجۆرە وڵامی رەدی بەو لێژنە دایەوە. دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکەدا ئەوانم بردە چێشتخانەو پاشان گەڕانەوە بۆ ورمێ. دوای چوونەوەی ئەفسەرەکان بۆ ورمێ، قاسملو لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی حیزبدا بەشێوەی ناراستەوخۆ پەنجەی بۆ ئەو وتووێژە راکێشاو ئەو رازەی دیزە بە دەرخونە کرد. لەو کاتەدا من وتەی کاک «ئەمیری قازی»م بیرهاتەوە،. ناوبراو کاتێک لە دەستی قاسملو وەزاڵە دەهات، زۆر جاران دەیگوت:

- جارێک نەبوو ئەو کابرایە بە مەشوەرەتی دەفتەری سیاسی کار بکات. هەمیشە رای خۆی بۆ گرنگ بووەو تەنیا ئەوە دەکات کە خۆی لای پەسند بێو ئینسانێکی تەکرەوە.

بەراستی ئەو کردەوەیەی قاسملو جێگەی شکوگومان نەبوو. رەوتی زەمان ئەو راستییە سەلماند کە ناوبراو لەباری کاری حیزبایەتیدا، مرۆڤێکی فرە بێپرینسیپو سەرەڕۆ بوو،و

بەداخەوە هەر لەو رێگایەشدا سەری تێداچوو! ئەگەر بۆ دانیشتن لەگەڵ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی سەر بە «ساواما»، پرسی بە هەڤالانی خۆی کردبا، زۆر روون بوو کە ئەوان ئیزنیان نەدەدا خۆی بچی لەگەڵ «سەحراروودی» تیرۆریست دانیشی. بەڵام چونکە قاسملو تێدەکۆشا هەموو ئیش‌و کاری حیزب بەدەست خۆیەوە بێ، ئەو دەرفەتەی لە هەڤالانی خۆی بڕیبوو، کە راو تەکبیریان پێ‌بکات. لە جێگەی خۆیدا پەنجە بۆ کردەوەی «سەفەری» سەرۆکی بنەرەتی حیزبی تودەش رادەکێشم، کە قاسملو سەردەمێک لە دەوربەری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەدا، کادیری بەردەستی ئەو بوو،و زۆربەی رەفتارەکانی دەچوونە سەر سەفەری.

نەگەڕاندنەوەی سەربازخانەی مەهاباد بۆ ئەرتەش بۆ جارێکی دیکەش ئەو هەلەی لەدەست حیزبدا، کە لەگەڵ حکومەتی کاتی بازەرگان درێژە بە وتووێژ بدات. لە ئەنجامدا، زەهیر نژادو مەلا حەسەنی‌و ژمارەیەک ئاژاوەگێری‌تری دژی ویست‌و داخوازی نەتەوەی ئێمە توندو تیژ کرد، بەڵام بەو حاڵەش موهندیس بازەرگان‌و داریوشی فروهەرو ژمارەیەک لە دۆستانیان لە پێ نەکەوتن‌و تەنانەت بەدوای ئەو رووداوەشدا لە نێوان شەڕی سێ مانگەدا خومەینی‌یان ناچار کرد رێگەی ئازاد هەڵسوڕان بەحیزبی دیموکڕات بدات. ناوبراو لە بەیانێکی مێژوویی‌دا کە رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ١٩٧٩ لە رادیۆ تاران بڵاوی کردەوە، فەرمانی بە حکومەتی کاتی بازرگاندا، کە رێگەیەک بۆ داخوازەکانی گەلی کورد بدۆزێتەوە. دواجار کە بازەرگان‌و فروهەر بە فەرمانی خومەینی لە حکومەت دوور خرانەوە، دەرکەوت کە ئەوانە رێکەوتنی حکومەت‌و حیزبی دیموکڕاتیان بە دەرفەتێک بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران دەزانی.

## هەوڵی قاسملو بۆ نزیک بوونەوە لە حیزبی تودە

پێشتر گوتم، دوکتور قاسملو کادیری حیزبی تودە بوو. ناوبراو لە ساڵەکانی ۱۳۳۱-۳. ۱۹۵۲-۵۱دا بۆ پێکهێنانی پێوەندی نێوان حیزبی تودەو حیزبی دێموکڕات چالاکانە هەوڵیداو سەرئەنجام لە ساڵی ۱۳۳۱-۱۹۵۲دا بوو بە بەرپرسی پێوەندی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دێموکڕات. لە ساڵی ۱۳۳٤- ۱۹۵۵دا کە حیزبی تودە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە زەبری گرچووبڕی لێدراو ڕێکخراوە سەربازییەکەی ئاشکرابوو،و ٦٥. ئەندامی لەنێو هێزەکانی ئەرتەش، ژاندارمەریو شارەوانی لێگیراو بە فەرمانی «محەمەد ڕەزا شا» ۳٥ ئەفسەری پایە بەرزی لێ گوللەباران کرا، حیزبی دێموکڕات لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە تاران پێکیهێنا، بۆ پاراستنی خۆی بڕیاریدا پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە ببڕێ. لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها داوا لە قاسملو کرا، کە واز لە حیزبی تودە بێنێو ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکڕات. ناوبراو پێشنیاری کۆبوونەوەکەی قەبووڵ کردو بەڵێنی ئەو کارەیدا، بەڵام زۆر زوو بەڵێنییەکەی خستە ژێر پێیو لە ئورووپا چۆوە لای حیزبی تودەو تەنانەت لە ساڵی ۱۳۳٦-۱۹۵۷، لە لایەن حیزبی تودەوە مەئمور کرا، کە بگەڕێتەوە بۆ ئێرانو حیزبی دێموکڕات لەگەڵ کۆمیتەیەکی حیزبی تودە گرێ داتەوە، کە ئەو کارەی بوو بە هۆی ئاشکرابوونو گیرانی لە لایەن ساواکەوە. قاسملو بەدانی بەڵێنی هاوکاری بەساواک لە زیندان ئازاد کراو سەرلەنوێ گەڕایەوە لای حیزبی تودەو ڕووداوی گیرانو دانی بەڵێنی هاوکاری خۆی بە ساواک لە چەند لاپەڕاندا نووسیوەو تەسلیمی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی کردوە. پاش شۆڕشی ۱۳٥۷-۱۹۷۹، فتوکۆپی ئەو نووسراوەی قاسملو کەوتە دەست منو هەڤاڵانو لەوانەیە ئێستاش مابێ.

لە کۆتایی بەهاری ساڵی ۱۳٥۷-۱۹۷۹دا، بەرلە دەسپێکردنی شەڕی سێمانگە، دوکتور قاسملو داوای لەمن کرد هەوڵ بدەم حیزبی دێموکڕاتو حیزبی تودە لێک نزیک بکەمەوە. ناوبراو گوتی: «ئەگەر ئێمە دۆستایەتی حیزبی تودە نەکەین، یەکیەتی سۆڤیەت پشتمان تێدەکات. ئێمە لە بەغدا پێوەندیمان بە باڵوێزخانەی سۆڤیەتەوە هەبوو. «سیراجی»

لێپرسراوی پێوەندی ئێمە بوو لەگەڵ ئەوانو ئێستاش دەمانەوێ دیتنێکی سۆڤیەت بکەینو پێویستە بەر لەو سەفەرەمان پێوەندی دۆستانە لەگەڵ حیزبی توودە دامەزرێنین. تەنیا مەرجی ئێمە بۆ پێکهێنانی ئەو پێوەندییە ئەوەیە کە حیزبی توودە، حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی کوردستانی بناسێ، ئەگینا ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان لەگەڵ حیزبی توودە نیە.

بەر لەوەی قاسملو باسی ئەو ویستە لای من بکاتو لەمنی بوێ حیزبی توودەو دێموکرات لێک نزیک بکەمەوە، کاک محەمەد ئەمینی سیراجی چووبۆە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغداو رایگەیاندبوو: ژمارەیەک لە هاورێیانی حیزبی دێموکرات دەیانەوێ دیدارێکی دۆستانەی سۆڤیەت بکەن. باڵوێزخانەی سۆڤیەت پاش حەوتوویەک، وڵامی سیراجی دابۆوەو گوتبووی: «بە بوونی قاسملو لە لیستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتدا بارودۆخ بۆ ئەو سەفەرەی هەڤاڵانی ئێوە لەبار نیە.»

لەم روانگەوە بوو، کە قاسملو بۆ دابین کردنی پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە داوای لەمن کردو گوتی: «تۆ لەگەڵ ئەفسەرانی حیزبی توودە زیندانی بووی‌و ساڵەها لەگەڵیان ژیاوی‌و ئەوان وەک دۆستی خۆیان تەماشات دەکەنو دەتوانی ئەو بەرپرسایەتیە بەئەستۆ بگری‌و پێوەندی بە حیزبی توودەوە بگری.»

بۆ بەجێگەیاندنی ئەو داوایە، پێوەندیم بە «عەلی گەلاوێژ»ەوە گرت. ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەو بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی ئەو حیزبە لە مەهاباد بوو. من داوام لە عەلی گەلاوێژ کرد پێوەندی بە «نورەددینی کیانوری» سەرۆکی حیزبی توودەوە بگری‌و حیزبی توودەو حیزبی دێموکرات لێک نزیک کاتەوە. بەو مەرجە، حیزبی توودە نامەیەکی دۆستانە بۆ حیزبی دێموکرات بنووسێ‌و ئەو حیزبە بە حیزبێکی سەربەخۆی کوردستان ناو بەرێ. بە عەلی گەلاوێژم گوت: «مەبەست لەو داوایەش ئەوەیە، هەرچەندە تۆ دەزانی کە قاسملوو «کەریمی حیسامی» لە ساڵی ۱۳۵۰-۱۹۷۱ لە حیزبی توودە براون، بەڵام ئێستاش کەسانێک هەن کە ئەوان بە ئەندامی حیزبی توودە نێو دەبەنو دەیانەوێ لەو رێگایەوە حیزبی دێموکرات تاوانبار بکەنو بڵێن لقی حیزبی توودەیە. ئێمە دەمانەوێ بەڵگەیەکمان هەبێ کە ئەو دوو حیزبانە سەربەخۆنو بەپێی ئیحترامی بەرامبەر بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکەیان یەکیان گرتووەو پێوەندی دۆستانەیان هەیە.»

ماوەیەک بەسەر دیداری منو عەلی گەلاوێژدا تێپەڕی. ناوبراو چووبۆە تارانو دوای گەڕانەوەی، بەتەلیفون گوتی: «نامەیەکم لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبی توودەوە بۆ حیزبی دێموکرات هێناوە. پێیان گوتووم نامەکە نەدەمە دەستی کەسو بۆ خۆم بێنم لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتدا ئەو بۆ ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب

بخوێنمەوە.» ناوبراو داوای لێکردم هاتنی نامەو ویستی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە رابگەیەنم. بەمجۆرە، بە تەلیفون پێوەندیم لەگەڵ قاسملو گرتو داوام لێکرد کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی پێک بێنێ.

کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی پێکهاتو من چووم بەشداری لەو کۆبوونەوەکەدا بکەم، کە کەریمی حیسامیش بەهەڵکەوت لەوێ بوو. لەگەڵ کەریمی حیسامی خەریکی قسە کردن بووم، کە عەلی گەلاوێژیش هات. ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەتێکڕا لە دەوری مێزێک دانیشتبن. کەریمی حیسامی ماڵ ئاوایی کردو ویستی بڕوا، بەڵام گوتم دانیشە. ناوبراو گوتی: «من نەسەری پیوازمو نەبنی پیواز، بۆچی دانیشم.» منیش گوتم: پێویست ناکات بڕۆی دانیشەو گوێت لە نامەی «کیانووی» بێ، کە گەلاوێژ دەیخوێنێتەوە. کەریمی حیسامی دانیشتو گوێی دایە نامەی کیانووری. عەلی گەلاوێژ لەو بەری مێزەکە لە ڕووبەڕووی منو لە تەنیشت قاسملو دانیشتبوو. مەلا عەبدوڵڵا لە تەنیشت قاسملو بوو،و ئەندامانیتری دەفتەری سیاسیش دەوری مێزەکەیان پڕ کردبۆوە. گەلاوێژ، لەکن ئێمە سەری نامەکەی کردەوەو خوێندەوە تا کۆتایی پێهات. نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە منی تووڕە کردو من بەگژ عەلی گەلاوێژدا هاتمو گوتم:

- برا گیانە من پێشتر قسەم بۆ کردی، ڕاستی قەرارمان چی بوو،و بۆچی نامەکەتان بەدڵی ئێمەو دوکتور قاسملو نەنووسیوە؟ گەلاوێژ کە ئینسانێکی ئارامو لەسەرخۆو خوێندەوارو زاناو وێچوو بوو بە زەردە خەنە وڵامی دامەوەو گوتی:

- «مامە گیان من تاوانم نیە. ئەوە نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودەیە، کە من بۆ ئێوەم خوێندەوە.»

دوای هاتنی ئەو نامەیەی حیزبی تودە بۆ حیزبی دیموکرات، کە تەگەرەی خستە بەر ڕێککەوتنی حیزبی دیموکراتو حیزبی تودە، قاسملو دیسانیش داوای لێکردمو گوتی: «زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە ئەو کەسانەن کە لەگەڵ تۆ زیندانی بوون، ڕەنگە تۆ بتوانی کاریان تێبکەیو شوێنیان لەسەر دانێی، تا بەڵکو بەدڵی ئێمە نامەیەک بنووسن.» من بەڵێنیم بە قاسملودا، کە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ بدەم. بەمجۆرە جارێکیتریش پێوەندیم لەگەڵ گرتنەوە. ماوەیەکیتر بەسەر چوو، تەلیفونیان بۆ کردمو گوتیان ئەگەر دەتوانی وەرە بۆ تارانو دەربارەی داخوازەکەت لەگەڵ «کیانوری» دانیشە. چونکە تاقەتی چوونم بۆ تاران نەبوو، داوام لە کاک حەمەدەمینی سیراجی کرد بچێ. ناوبراو ئەو کات لە لایەن حیزبەوە نێردرابۆ «پاوە»و من بەهۆی ڕێکخراوی حیزبەوە ئاگادارم کرد بچێتە تاران. حەمەدەمینی سیراجی لە تاران چاوی بە کیانوری کەوتبوو، ناوبراو ڕایگەیاندبوو: ئەگەر

ئێوە دەتانەوێ حیزبی تودەو حیزبی دێموکرات وەک دوو حیزبی سەربەخۆ بە ئیحترامی بەرامبەرەوە هاوکاری یەکتر بکەن‌و تەنانەت حیزبی دێموکرات لە هەموو دەرەتانی ئێمە بۆ خەبات کەڵک وەرگرێ، ئێمە داوا دەکەین تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەی ٤-٥ مانگیش بێ، دوکتور قاسملو خۆی لە سەرۆکایەتی حیزبی دێموکرات بکێشێتەوەو وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی کار بکات. چونکە ئێمە گەلێک خاڵی گرنگمان لەسەر ناوبراو هەیەو پێویستە ئەوانە لەنێو ئێمەدا چارەسەر بکرێن.

من پێشنیاری حیزبی تودەم بە قاسملو ڕاگەیاند. ناوبراو بە بیستنی پێشنیارەی حیزبی تودە زۆر تێکچوو،و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا ڕەخنەی لە کاک حەمەدەمین گرت، کە چووە لەگەڵ حیزبی تودە پێوەندی گرتووەو پیلانی لەنێو بردنی قاسملوی داڕشتوە، کە من ڕامگەیاند: من سیراجیم ناردوە. بە ڕواڵەت گیلمە گیلمەکە کوژایەوەو قاسملو ئیتر داوای نزیکایەتی لەگەڵ حیزبی تودە نەکردەوە. هەرچەندە پێوەندی من لەگەڵ سەرۆکایەتی حیزبی تودە، کە لەسەر داوای قاسملو ئەنجامی گرتبوو، بەلاْم لە ئاخردا بوو بە گۆپاڵێک بۆ سەری خۆم‌و تەنانەت قاسملو،و مەلا عەولاْش بۆ لێدانی من کەڵکیان لێوەرگرت‌و تودە، تودەییان وەشوێن خستم. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە بەر لەو کۆبوونەوەیە، ڕۆژێک لە کۆبوونەوە لەگەڵ ماموستایانی قوتابخانەکانی مەهاباد، ماموستایەک لە قاسملوی پرسی: «ڕاستە دەڵێن مامە غەنی سەر بەحیزبی تودەیە؟» دوکتور قاسملو وەلاْمی دایەوەو گوتی: «ئەگەر بەمن بڵێن توودەیی بووی، ئەوە زۆر ڕاستە، بەلاْم مامە غەنی هەمیشە دێموکرات بووەو تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش تودەیی نەبوو.» ڕەنگە بەشێک لەو ماموستایانەی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا ئێستاش ئەو گوتنەی قاسملویان لەبیر مابێ، بەلاْم دواجار کە من‌و قاسملو لەسەر پێوەندی لەگەڵ عێراق کێشەمان کەوتە نێو، ووشەی تودەییان خستە شوێنم‌و لەنێو ڕێکخراوەکانی حیزبی‌دا بیری ئەندامانیان دژی من ئاڵۆز کرد. دەبێ بە ڕاشکاوی ئەوەش بڵێم، کە لە تەوای تەمەنی سیاسیمدا، لەو ڕۆژەوە کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا، حیزبی دێموکراتم زیندوو کردوە، تا ئەو کاتەی کە دوای ئازاد بوونم لە زیندان بوومەوە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات‌و پاشان لە حیزبی دێموکرات «پەیڕەی کۆنگرەی چوار»دا بووم، لە باری بۆچوونەوە لایەنگری «ئینترناسیونالیزی پرولتری» بووم، کە پاشان بە درێژی پەنجە بۆ ئەو دیاردەیە ڕادەکێشم.

## شەڕی سێ مانگەو گرتنەوەی سەربازخانەی مەهاباد

لە سەرەتای مانگی خەرمانانی ١٣٥٨-١٩٧٩دا، عەلی گەلاوێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توده، کە کوردی «فەیزوڵڵابەگی» بوو، بە تەلیفون پێی گوتم: «ڕەزا شەلتوکی» هاتۆتە مەهابادو دەیەوێ زۆر بەنهێنی چاوی بەیەک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب بکەوێ. وەک پێشتر گوتم، «ڕەزا شەڵتوکی» کوردی کرماشان بوو. ناوبراو لەسەردەمی ڕژێمی محەممەد ڕەزا شادا ٢٥ ساڵ زیندانی کێشابوو. من چووم بە دوکتور قاسملوم ڕامگەیاند، کە ئەو دیدارە دەبێ زۆر بەنهێنی پێکبێ. قاسملو گوتی: «ئەگەر زۆر نهێنی‌یە، ناکرێ ئەو بێتە دەفتەری حیزبو واباشترە خۆت بە نوێنەرایەتی حیزب بچی ببینی.» من چوومە لای شەلتوکی‌و ئەو گوتی:

- «من سەبارەت بە کارێکی تایبەتی خۆمان هاتووم بۆ مەهاباد، بەڵام پێویست بوو، خەبەرێکی ناخۆشیش بەئێوە بدەم. بەپێی ئاگاداری ئێمە، ئەرتەش خەریکی لەشکرکێشی بۆ سەر مەهابادەو دەیەوێ ئەگەر بەشەڕیش بێ سەربازخانەی مەهاباد بگرێتەوە. ئەو دەیەوێ زۆر بەنهێنی بە جادەی ورمێ‌و میاندوئاودا خۆ بگەیەنێتە مەهاباد. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەوڵدەدا بە جادەی ورمێدا خۆ لە مەهاباد نزیک بکاتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە وشیار بن‌و لەداو نەکەون.»

من سوپاسی ڕەزا شەلتوکی‌م کردو گەڕامەوە لای قاسملو،و خەبەرەکەم پێڕاگەیاند. ناوبراو بەبیستنی ئەو هەواڵە بەتەواوی تێکچوو،و گوتی:

- «شکم نیە کە حیزبی توده وەک جاران لەنێو ئەرتەشی ئێراندا گەرای داناوەو ئەو خەبەرەشی لەوێوە پێگەیشتووە.» لە وڵامدا گوتم:

- بڵاو کردنەوەی ئەو خەبەرە زیان دەگەیەنێ‌و ئێمە نابێ باسی ئەو ڕەوتە بکەین، کە ئەوان دەستیان لەنێو ئەرتەشدا هەیە. قاسملو گوتی:

- «نابێ باسی بکرێ، بەڵام دەبێ بەشێوەیەک ئەو باسە بەرینە نێو دەفتەری سیاسی‌و ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا، هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی گوتیان پێکهەڵپڕژانی چەکدارانە لە نێو شاردا، زیان بەگیانی خەڵکوماڵیان

دەگەیەنێ. بەو پێیە بڕیارماندا مەهاباد چۆڵ بکرێ. دوای ماوەیەکی کورت خەبەرەی شەلتوکی وەراست گەڕاو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بە دوای شەڕی سنەو سەقزدا، بەنهێنی خۆی گەیاندە نزیک مەهاباد. حیزب، مەهابادی چۆڵکردبوو، بەڵام ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبو دوو دەستە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانیو حیزبی سوسیالیستو چەند ئەندامی حیزبی شیوعی کە بۆ هاریکاری ئێمە هاتبوون، لەشار مابوونو جادەکانی ورمێو میاندوئاویان بۆ مەهاباد خستبووە ژێر چاوەدێری.

من لە ئاوایی «نەستان» بووم کە خەبەریان هێنا مەهاباد گیراوەتەوەو مەلا شێخ عیزەددین گەیشتووتە نەستان. منو چەند هەڤاڵ بەرەو پیری شێخ عیزەددین چووین. ناوبراو بەرلەوەی کە چاکوخۆشی لەگەڵمان بکات، گوتی:

– «کاکە غەنی، ئێستا ئیتر دەبێ نەک هەر لە عێراق چەک وەرگرین، بەڵکو دەبێ دەست بۆ تورکیەو «ناتۆ»ش ڕاکێشین.»

من لە دڵی خۆمدا پێکەنینم بەگوتنی شێخ عیزەددین هات. ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵە بۆ فریودانی خەڵک لەقاویان دەداو دەیانگوت: «حیزبی دیموکرات نۆکەری بەعسی عێراقە.» ئەوان پێوەندی حیزبی دیموکراتو بەعسی عێراقیان بە قەباحەت دەزانی، کەچی ئێستا شێخ نەک هەر ڕای لەسەر بەعس گۆڕابوو، بەڵکوو هەوڵی پێوەندی لەگەڵ تورکیەو «ناتۆ»ش دەداو پاشانیش بەپێ بڵاو کراوەیەکی ئەندامانی بەناو «دەفتەری شێخ عیزەددین»، ناوبراو بەنێوی ڕێبەری بزووتنەوەی سیاسی مەزهەبی کوردستان پارەیەکی زۆری لە «عەرەبستانی سعودی» وەرگرتو سەرفی ژیانی تایبەتی خۆی کرد.

دەرچوونی جەماوەرێکی زۆر لە مەهاباد، سەرلێشێواوێکی مەزنی دروست کرد. ژمارەیەک کە لەسەردەمی ئازاد بوونی مەهاباددا دەمانچەیان هەڵداوەسیو کەلاشینکۆفیان هەڵدەگرت، کاتی گیرانەوەی مەهاباد بەچەکو بێ چەک ڕایانکردو پاش چەند ڕۆژێک گەڕانەوە بۆ مەهابادو متەقیان لەخۆیان بڕیو بێدەنگ دانیشتنە سەرجێی خۆیان.

ئێمە هەڤاڵانی حیزبی دیموکڕات لە ناوچەی سەردەشت، لە گوندی «بنوخەڵەف»و «کانیزەرد» یەکترمان گرتەوە. لە ڕاستیدا نەماندەزانی چ بکەین. حیزب، ڕێکخراوی بۆ هێزی چەکداری نەبوو، کە پێی بنازێو هیواو ئومێدی پێببەستێ. دوکتور قاسملو گوتی: «کاکە غەنی واباشە هانا بۆ «جەلال تاڵەبانی»و حیزبی شیوعی عێراق بەرین تا بەڵکو یارمەتیمان بدەنو بتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەگینا بەم حاڵەی کە هەمانە ورەی خەڵکەکەمان دەڕوخێو حیزب لەنێو دەچێ.» هەروەکوو لە پاراگرافی سەرەوەدا گوتم: ئەو دوو ڕێکخراوەیەو حیزبی سوسیالیستی کوردستان کاتی هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ مەهاباد، یارمەتی ئێمەیان کردبوو.

له گوندی «بنوخەڵەف» چاومان بە مام «جەلال»و «ئەبوو جەمیل» فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، کە زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی تێدا بەشدار بوون، قاسملو بە مام جەلال‌و ئەبوو جەمیلی گوت: «کوردستانی ئێران کەوتۆتە بەر پەلامار. ئایەتوڵڵا خومەینی دژی نەتەوەی ئێمە خەزای راگەیاندوەو ئێستاش ئێمە لە هەموو بارێکەوە دەست تەنگین‌و پێویستیمان بە یارمەتی ئێوە هەیە. نە چەکی باشمان هەیەو نە هێزی پێشمەرگەی سازماندراوی کارزان‌و کارامە.» مام جەلال لە وڵامدا گوتی:

- بەراستی ئێمە وەک یەکیەتی نیشتمانی لە باری چەکوچۆڵەوە دەستەنگین‌و لەو بارەوە ناتوانین یارمەتی‌تان بکەین. ئێمە دەتوانین چەند فەرمانده‌ی شەڕکەرتان بدەینێ، کە پێشمەرگەتان بۆ راهێنن. ئەبوو جەمیلیش هەر بەمجۆرە وڵامی دایەوە. قاسملو ئینجا گوتی:

- «ئەگەر ئێوە نەتوانن یارمەتیمان بدەن، ئەوە رژێمی عێراق ناردویەتە لامان‌و دەیەوێ یارمەتیمان بدات.» مام جەلال وڵامی دایەوەو گوتی: ئەمان سەد ئامان خۆتان مەخەنە باوەشی حکومەتی عێراق‌و حکومەتێکی‌ترەوە. ئێمە لەو بارەدا خاوەنی گەلێک ئەزموونی تاڵین. ئەبو جەمیلیش گوتی: منیش وەک لێپرسراوی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق، قەت ئیزن بەخۆم نادەم رێگەی واتان وەبەر نێم. بەرای من شەڕ نەکەن باشتر لەوەیە خۆتان باوێژنە باوەشی دوژمنێکی وەک بەعسی عێراق، کە دەستی بەخوێنی گەلی کورد سوورە. قاسملو پێی‌داگرت‌و گوتی:

- «چۆن شەڕ نەکەین‌و پشتی نەتەوەی خۆمان نەگرین.» لەسەر پێداگری قاسملو هەر دوو لایەن رازی بوون، کە تەنیا بۆ یەک جار لیستەیەکی تێروتەسەل ساز بکەن‌و بیدەن بە رژێمی بەعس‌و هەر چەندەی پێوەرگرن غەنیمەتە، بەڵام ئیتر دووپاتی نەکەنەوەو چیتر دەست بۆ لای رژێمی حیزبی بەعس درێژ مەکەن‌و دەبێ هەوڵ بدەن بە پشتیوانی خەڵکی خۆتان پشت ئەستور بن، ئەگینا رۆژگاری خراپتان دێتە پێش. من تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکم نەکردو نەمدەویست لای ئەوان نارەزامەندی خۆم سەبارەت بە پێشنیاری قاسملو دەبڕم، بەڵام هەرکە ماڵئاواییمان لەوان کردو گەڕاینەوە، رووم لە قاسملو کردو گوتم:

- لە گوتنەکانتدا قسەیەکت کرد، کە لام وایە مام جەلال‌و ئەبو جەمیل نەیانگرتبێ؛ قاسملو قوت بۆوەو گوتی:

- «قسەی چی؟»

- تۆ بە ئەوانت گوت، رژێمی بەعسی عێراق رایسپاردوە چەکوچۆڵ‌و پێداویستییەکانمان بداتێ؛ باشتر نەبوو بڵێی ئەگەر ئێوە یارمەتیمان نەکەن، ناچار دەبین دەستی یارمەتی بۆ

بەعس راکیشین، نەک بڵێی رژێمی بەعس ئامادەی یارمەتی دانمانە!! وەک من ئاگادار بم، لەو رۆژەوە کە ئێمە بریارماندا شاری مەهاباد چول بکەین تا ئێستا تۆ هیچ باسێک دەربارەی پێشنیاری بەعسی عێراق لای ئێمە نەکردوە؛ ئێستا گوزو گومبەد ئەو قسەت لە کوێ هێنا؟ خۆ تۆ لەو رۆژەوە کە لە بەغدا گەراویتەوە، چاوت بەو جێیە نەکەوتۆتەوە، بەلاّم مروڤ بەبیستنی ئەو قسانەت لێت وەشک دەکەوێ، کە نەکات تۆ بەر لەوەی بگەرێیتەوە بۆ ئێران لەگەڵ رژێمی عێراق دەستتان لە دەستی یەک ناوە. جا نازانم مام جەلالو ئەبو جەمیل ئەو هەڵەیان لێوەرگرتوی یانا. دوکتور قاسملو هێندێک پەشۆکاو پاشان بە زمانێکی نەرمی دۆستانە گوتی:

- «کاکە غەنی، ئێوە گەلێک جاران بەدەست رژێمی ئێران گیراونو کەوتوونەتە ژێر پرسیارو ولاّم. دەبێ بڵێم لەمبارەدا شارەزا بووی‌و هەموو شتێک دەخەیە بەر لێکۆڵینەوەو پرسیارو وڵامی بۆ دەدۆزیوە.»

- ئاخر هەر ئەوەندە فێر بووم ئەگینا پاش ئەو هەمووە چەرمەسەرییە وەکو تۆ لە دنیا دەگەیشتم. بەلاّم با قسەی دڵمت پێبڵێم، من لە هەموو دوژمنەکانم پتر دوژمنی رژێمی بەعسم؛ تۆ خۆت لەمن شارەزاتری‌و دەزانی رژێمی بەعسی عێراقو «سەددام» چ پەندێکیان بەسەر برا کوردەکانمان لە عێراق هێناوە. پاش کوشتنی نزیک بە دوو سەد هەزار کوردو رماندنی نزیکەی شەش هەزار ئاوایی کوردانو کۆچ دانی سەدان هەزار کەس‌و ئاوارە کردنی پتر لە دووسەد هەزار کەس لە ئێرانو ولاّتانی‌تر، تۆ چۆن پشت بە دوژمنێکی ئاوا خوێنرێژ دەبەستی؟ قاسملو لە ولاّمدا گوتی:

- «سیاسەت گوێ ناداتە ئەو رووداوانە. بە قەولی فارس گوتنەی (زەدەن مەردی‌و گوریختەن مەرد) واتە (لیدانو راکردن هەردوو مەردایەتین).» منیش گوتم:

- بۆ ئەویە، کە مرۆڤی خاوەن ئەزموون دەڵێن سیاسەت گلاّوە. قاسملو ولاّمی دامەوەو گوتی:

- «راستەو راستیان گوتووە.»

منیش وەک مام جەلالو ئەبو جەمیل ملمدا، کە قاسملو لیستەیەک چەکوچۆڵو پارە بۆ رژێمی بەعس بنێرێ‌و بۆ جارێک چەنگێکی قوڵی لێدابگرێ، بەلاّم دیسان بەڵێنیم لێ وەرگرت کە ئەو کارە دووپات نەکاتەوە. ناوبراو بەڵێنی پێدامو منیش پێمگوت: بەڵێنیەکەی تارانت لەبیرە، کە لە ساڵی ١٣٣٤-١٩٥٥ لە ماڵی سەدیقی ئەنجیری بە ئێمەت دا، کە لە حیزبی تودە جیا دەبیوەو رەگەڵ حیزبی دیموکرات دەکەوی، بەلاّم لەژێرت‌داو گەرایەوە بۆ باوەشی حیزبی تودەو ئەو داستانەت بەسەرهات؟ لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە دوکتور

قاسملو هەمیشە ڕێزی بۆ بیروڕای من دادەناو زۆر جاران قسەکانی منی بەدڵ نەدەگرت. هەرچەندە قسەکانم حەق بوونو زۆر کەس هەن بەقسەی حەق تێکدەچن، بەلاّم ئەو دەیزانی کە من لە ڕووی دڵسۆزیەوە قسە دەکەمو نییەتی خراپم نیە.

دوکتور قاسملو مخابن ئەمجارەش بەڵێنیەکانی بەجێ نەهێناو خۆی بە ڕژێمی عێراق بەستەوە. من ئێستاش بۆم دەرنەکەت بۆچی بەو ڕادەیە گوێ لەمستی ڕژێمی بەعس بوو،و بۆ ئەو ڕژێمەی دادەنواند. گەلێک جاران ویستوومە ئەو ڕازە لە مەلا عەبدوڵلای حەیاکی بپرسم کە نهێنی ڕاگری قاسملو بووە، بەلاّم بۆ ئەوەی دڵی نەهێنشیو نەکات نێوان ناخۆشی شەخسیمان لەنێواندا پەیدابێ، بێدەنگیم لێکردوە، تەنانەت ئەوەش دەزانم کە ئەگەر پرسیاریشم لێکردبایە، چم گیرنەدەکەوت.

مەهاباد ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨-١٩٧٩ کەوتەوە دەست حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران. بەر لەوەی مەهاباد بگیرێتەوە، لە ناوچەی «پاوە»، لەنێوان عەشیرەتی «جاف»و خەڵکی پاوە شەڕ ساز بوو. بنەمای ئەو شەڕە پتر دەگەڕایەوە سەر ناکۆکی پێشووی جافەکانو خەڵکی پاوە، کە پێشتر بەهۆی بنەماڵەی جافەکان بە لایەنگری کردن لە ڕژێمی «حەمەرەزا شا» سەری هەڵدابوو،و بەدەستێوەردانی ناراستەوخۆی حکومەتی بەعسی عێراقو قۆستنەوەی لە لایەن پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی داسەپاندنی دەسەلاّتی بەسەر شاری «پاوە» هەڵگیرسا. هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژدا هێرشی کردە سەر شاری «پاوە»و دەورو بەریو ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ خومەینی دژی خەڵکی کوردستان «خەزا»ی ڕاگەیاندو بەخەڵکو هێزەکانی چەکداری حکومەتی گوت: «بە زەوییو هەواو دەریادا هێرش بکەنە سەر کوردستانو دژی شۆڕش لەنێو بەرن.» مەبەستی خومەینی لەو گوتنەی تەنیا شاری پاوە نەبوو، بەڵکو ئەو دەیەویست لەو بزاڤەدا، کۆتایی بە دەسەلاّتی «ئەحمەدی موفتیزادە»و «کۆمەڵە»ش لە هەرێمی سنەدا بێنێ. بەکورتی شەڕی «پاوە» تەشەنەی کردە سەر شوێنەکانیتری کوردستانو قاسملوش کە بە وتەی خۆی ویستی بەهانای خەڵکی پاوەوە بچێ، ئەویش شەڕەکەی کردە هیخۆیو گوناحی شەڕی پاوەی کە بەدەستێوەردانی ناراستەوخۆی ڕژێمی بەعسی عێراق هەڵگیرساو شەخسی خومەینی ئاگر خۆشکەری بوو، خستە سەر شانی حیزبی دێموکرات. ناوبراو چەند چەکداری ناردە پاوە، بەلاّم ئەوان دوای گیرانەوەی مەهاباد بە شلو کوتی خۆیان گەیاندە «ئاشی پشت شکاوی»، کە دەفتەری سیاسی حیزبی لێبوو.

دوکتور قاسملو تا ئەو کاتەی لە لای مام جەلالو ئەبوو جەمیل نەگەڕابووینەوە، بەجیددی خۆی دەشەڕی حکومەت بە سەرۆکایەتی «چەمران» وەرنەدەدا، بەلاّم بەدوای ئەو

ڕۆژەدا حیزبی دیموکڕات نەک هەر بەقوڵی چوو دەشەڕەوە، بەڵکو بوو بە لایەنی هەرە گرنگی شەڕ. لە یەکەم هەنگاویدا خۆی تێکەڵی شەڕی ناوچەی «مەریوان» کرد. لە شەڕی «مەریوان»دا «چەمران»و چەند هاوڕێی کەوتنە گەمارۆی کوردە چەکدارەکانەوە، بەڵام هێلیکۆپتری کۆماری ئیسلامی بەفریایان هاتو رزگاری کردن. چەمران کە لە لایەن خومەینییەوە کرا بەفەرماندەی شەڕی کوردستان، لە ئەسڵدا بەشیعەی «لیبنان» دەژمێردراو لەو وڵاتە پەروەردە ببوو. چەمران لە شەڕی نێوان ئێرانو عێراق لە خوزستان کوژرا.

## یەکەم پێوەندی حیزبی دیموکڕات بە بەعسی عێراقی لەسەرەتای شەڕدا

پێشتر گوتم هەڤالانی حیزبی دیموکڕات لە رەوتی شۆڕشی ۱۹۷۹دا لە بەغدا گەڕانەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان. سەرجەمی ژمارەیان نزیک بە چل کەس بوون، کە ئەوانیش ناکۆکی لێکی کردبوون. ناکۆکی نێوان هەڤالانو ژمارەی کەمی کوردی رۆژهەلات لە بەغداو شارەکانیتری عێراقو گیروگرفتی ژیانی تایبەت بەخۆیان پێشی هەڵسوڕانی لێگرتبوونو نەیهێشتبوو بەکاروباری حیزب رابگەنو لە ئاکامدا حیزب چالاکێکی ئەوتۆی لە بەغدا نەبوو،و لەنێو وڵاتداتشدا هیچ رێکخراوێکی نەبوو. هەڤالان لەگەڕانەوەدا تازە وەفکری رێکخستنی حیزب کەوتبوون، کە ئەویش کاتو دەرفەتی لەباری دەویست، کە هەڵنەکەوتو شەڕ سازبوو. کاتی شەڕو پێکدادان ژمارەیەک لە خەڵکی گوندو شارەکان روویان کردە حیزبو بوون بە پێشمەرگە، کە پتر لە ۹۸ لەسەدیان شارەزای شەڕی پارتیزانی نەبوونو تەنانەت بەشێکیان نەیاندەزانی چۆنو بەچ شێوەیەک بە کەلاشینکۆف تەقە بکەن. فەرمانی خەزای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ سەرکوت کردنی گەلی کورد، لە رۆژی ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸-۱۹۷۹دا، شەڕی بەسەر ئەو گەلەدا سەپاند. حیزبی دیموکڕات بە پێچەوانەی کۆمەڵە کە رێکخراوێکی مائویستی تازە دامەزراو بوو، بەهەموو لاوازیو بێ رێکخراوەییەوە بەهۆی خەباتی درێژخایەنی پێشووی بۆ خەڵک ناسراو بوو،و ئامانجی روونی بۆ خودموختاری هەبوو. خەڵکی کوردستان ئەو کاتە بە ئاسانی دروشمەکەیان وەردەگرتو بەگشتی لێی حاڵی دەبوون، بەڵام حیزبێک کە هەر بەناوە حیزب بێ، بەبێ رێکخستنی بەهێز خۆ دەشەڕ وەردانی زۆر نابەجێیە. حیزبی دیموکڕات دەبوایە

بەرلە شەڕی سێ مانگە ڕێبازی خەباتی سیاسی بگرێتە بەرو لەو قۆناخدا ببێتە هێزێکی زاناو کارمەی سیاسی، بەلاّم هەرچی بوو دەشەڕ وەردراو بەبێ بەرنامەو پرنسیبێکی روونی زانستی، تەنیا بە یارمەتی وەرگرتن لە شێوەی شەڕی عەشیرەتی خۆی دەگۆڕەپانی شەڕی چەکدارانەدا دیتەوە، کە چارەنووسی ئەمرۆی زۆر روونە!

حیزبی دێموکرات لەبەر بێدەرەتانیو نەڕوانینی خەباتی سیاسیو ڕێکخراوەیی، یان بێ باوەڕی بەو شێوە خەباتە نەیتوانی رووناکبیرانی خوێندەوار بۆ لای خۆی راکێشیو باوەڕو ئیمانیان تێدا پەروەردە بکات. مرۆڤ ئێستاش کە سەرنج بداتە قەوارەی حیزبی دێموکرات دەبینی، حیزب جیا لە لادێیی چەکدار، رووناکبیری شۆڕشگێری زانای سیاسی تێدا نیەو کوتولەتێک نابێتە مایە بۆ بنەمای حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات، کە ئیدەعای ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی گەلی کورد دەکات.

بەمجۆرە، کاتێک حیزبی دێموکرات ناوەندەکەی لە «بەغدا» بوو، ڕێبەرایەتی حیزب پێوەندی گەرمی بە رژێمی بەعسی عێراقەوە هەبوو،و بە یارمەتی ماڵی حیزبی بەعس بەرێوە دەچوو، بەلاّم بەبێ ئیزنی رژێمی عێراق نەیدەتوانی چالاکی بنوێنێ. کاتی گەڕانەوەی هەڤالانی حیزب بۆ رۆژهەلاّتی کوردستان لە رەوتی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا، ڕێبەرایەتی حیزب پێوەندی جارانی لەدەستدا، بەلاّم هەرگیز پێوەندی نەپچڕاو ئەمجارەی حیزب سەبارەت بەهێندێک بەرژەوەندی گروپی هەڤالان بەنهێنی پێوەندی بەرژێمی بەعسەوە دەگرت. کاتێک، ئەرتەشی ئێران مەهابادی داگیرکردەوە، لەسەر بریارێک کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، قەرار بوو لیستەیەکی گەورە بدرێ بەعێراقو تەنیا بۆ یەکجار یارمەتی لێوەربگیرێو ئیتر ببڕێتەوە، بەلاّم دواجار دەرکەوت ئەو پێوەندییە نهێنییە بەبەردەوامی ماوەتەوەو کاتێک شەڕ توندو تیژتر بوو، دەرکەوت قاسملو بڕیارە دوو قۆلیەکەی نێوان منو خۆی پێشێل کردوە.

هەموو دەزانین، کە بزووتنەوەی چەکدارانە پێویستی بەپشت سەری ئەمین هەیە، بەلاّم لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی پشتسەردا دەبێ کەسایەتیو سەربەخۆیی بزووتنەوەکە بپارێزرێو دەسەلاّتی شۆڕشەکە نەکەوێتە دەست دەوڵەتی پشتسەرو دەبێ بزووتنەوەکە لەسەر پێو یارمەتی خەڵکی خۆی راوەستێو خۆی بە دەوڵەتی بێگانە نەبەستێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتە دوژمنی کۆنو لەمێژینەی نەتەوەکەی بێت. دۆستایەتیو نزیکی دەگەڵ دەوڵەتی پشتسەر نابێ لە سنووری خۆی بترازێو بزووتنەوەکە ببێتە داردەستی رژێمی پشتسەر، جا ئەو دەوڵەتە هەرکام لە دەوڵەتەکان دەبێ فەرق ناکا. شۆڕشەکانی کورد تا ئێستا بەداخەوە خۆیان لەو مەترسییە نەپاراستوەو سەرئەنجام زەبری دەوڵەتەکانی پشتسەریان خواردوەو گشت خوێنە رژاوەکان بەفیرۆ چوون.

دوکتور قاسملو بەپێی ڕێنوێنی مام جەلال و ئەبوجەمیل کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا، لیستەیەکی بڵندی ئامادە کردو ناردی بۆ ڕژێمی بەعس. ئەو لیستەیە تەنیا چەکو تەقەمەنی نەدەگرتەوە، بەڵکو پارەو بینزینی ئوتومبێلیشی تێدا گونجابوو، بەلام ڕژێمی بەغدا ڕەنگە یەک لەسەدی داخوازەکانی پێکهێنا. ئەگەر بەدروستی لەبیرم بێ بیستو پێنج هەزار دینارو ژمارەیەک تفەنگی «پەرەشوتی ڕوسی»یان بۆ ناردین، کە ئەو تفەنگە پێنج تیرە کۆنانە نەیدەتوانی لەگەڵ تفەنگی ژ-٣، کە بەدەست لایەنەکەی تری شەڕەوە بوو بەرامبەری بکات. ئێمە زۆربەی پاراشوتەکانمان گلدایەوە بۆ عێراق‌و ئەمجارە ئەوان ژمارەیەک کەلاشینکۆفی کۆنی «چینی»یان لەگەڵ چەند ئارپی‌جی بۆ ناردین.

لەپێوەندی لەگەڵ داواکردنی ئەو چەکوچۆڵەدا، دەفتەری سیاسی حیزب بڕیاریدا گروپێک لاوی خوێندەواریش بنێردرێتە عێراق، کە فێری دەکارهێنانی چەکی قورس‌و نیوە سووک بن. بەم مەبەستە گروپێک دیاریکران‌و ناردرانە قەلادزێ. ماوەیەکی کورت بەدوای ئەو ڕووداوەدا، من چوومە قەلادزێ‌و چاوم بەو هەڤالانە کەوت. ئەوان ڕایانگەیاند: «نزیکەی مانگێکە لە تەویلەیەکیان کردوین‌و جارجارە گروبانێکی بەعسی دێت‌و شێوەی کارکردن بە کەلاشینکۆفمان فێر دەکات.» ئەوان گوتیان، بەعسی‌یەکان بێحورمەتیان پێدەکەن‌و وەک زیندانی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن، منیش پێمڕاگەیاندن، ئەو ڕەوشتە قەبووڵ مەکەن‌و بگەڕێنەوە بۆ ئاشی‌پشت‌شکاوێ، کە گەڕانەوەو لە بەرامبەر ڕەخنەی قاسملودا، کە گوتی بۆچی گەڕاونەتەوە، ڕاستی ڕووداوەکەیان پێڕاگەیاند.

شەڕی نێوان دەوڵەتی کاتی بازەرگان‌و حیزبی دێموکرات لە زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستان‌و بە تایبەتی هەرێمی موکریان بەتوندی دەستی پێکردو لە ئەنجامی دەست پێکردنی ئەو شەڕەدا، کە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەشەڕی سێ مانگە دەناسرێ، ڕەوتی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی تاران بۆ ماوەیەکی کوردت پچڕا.

## دەست‌پێکردنەوەی وتوویژ دەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٨- ١٩٧٩، دروست ٣٨ ڕۆژ پاش ئەوەی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی مەهابادی گرتەوە، کۆمیتەی ناوەندی حیزب نامەیەکی سەرئاوەڵەی نووسی‌و ئەوی بەناوی خەڵکی ئێران‌و ڕێکخراوە سیاسی‌و ئایینیەکان‌و کەسایەتیەکان بلاو کردەوە. حیزب لەو نامەیەدا، کە دانەیەکیشی بۆ فروهەر، بازەرگان، سەحابی‌و ژمارەیەک

له کەسایەتیەکانی ئاینی نارد، داوای راگرتنی شەڕو دەستپێکردنەوەی وتووێژی کرد. ماوەیەکی کورت بەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم نامەیەدا، کەریمی حیسامی لێپرساوی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەی مەهاباد، دەفتەری سیاسی ئاگادار کرد، کە حیزب چەند کەسێک بەنوێنەرایەتی بنێریتە مەهاباد تا چاویان بە فروهەر، سەحابی‌و سەباغیان بکەوێ.

بەم بۆنەوە کە فروهەرو سەحابی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی حەمەرەزاشادا، ماوەیەکی دورو درێژ لەگەڵ من زیندانی بوون، رایانگەیاندبوو، پێمانخۆشە غەنی بلوریانیش یەکێک بێ لە ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات. لە دەفتەری سیاسی حیزب لە «ئاشی‌پشتشکاوێ»، مەلا عەولای حەیاکی‌و عەزیزی ماملی‌و کەریمی حیسامی دیاریکران کە لەگەڵ من لەو وتووێژەدا بەشداری بکەن. ئێمە گەڕاینەوە مەهابادو کەریمی حیسامیش کە لێپرساوی حیزب لە ناوچەی مەهاباد بوو، لەگەڵ ئێمە کەوت‌و بەیەکەوە چووینە میوانخانەی «سەد»ی مەهاباد، کە شوێنی فروهەرو هەڤالانی بوو.

وتووێژ لە جەوێکی ئارامدا دەستی پێکردو بڕیاردرا بۆ چارسەر کردنی کێشەی کورد لە رێگای سیاسییەوە هەوڵ بدەین. لەو وتووێژەدا، شێوازی تەقە راگرتن‌و هاتووچووی ئەرتەش لە کوردستاندا، تا ئاکام وەرگرتن لە وتووێژەکان کەوتە بەر باس‌و بڕیاریان لەسەر درا. فەروهەر بە نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامی رایگەیاند:

- «خومەینی ئامادەیە بەشێکی گرنگی داخوازەکانی گەلی کورد دابین بکات، بەڵام لەگەڵ ناوی خودموختاری نیەو باشترە ئێوە ناوێکی‌تر بۆ ئەو داخوازانە بدۆزنەوە.» ناوبراو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، ووشەی خودگەردانی پێ پێشنیار کردین، کە لەجێی خودموختاری دانێین.

لیژنەی دەوڵەت دوای ئەو وتووێژە گەڕاوە تاران‌و ئێمەش چووینەوە ئاشی پشتشکاوێ‌و پاش باس‌و گفتوگۆ لەسەر چەشنی وتووێژو پەسندکردنی داخوازەکان، چاوەڕوان ماینەوە کە خومەینی بیروبۆچوونی خۆی لەسەر دابینکردنی داخوازەکان گەلی کوردو راگرتنی شەڕ رابگەیەنێ. پاش ماوەیەکی کورت خومەینی پەیامی مێژوویی خۆی بەو چەشنە راگەیاند:

**سڵاو لە ئێوە خۆشکو برایانی کورد بێ، کە بە وەفاداری خۆتان بە کۆماری ئیسلامی، دژی ئاژاوەی خەیانەتکارانی وڵات راوەستان. راپۆرتی لیژنەی تایبەتی هەر بەمجۆرە بوو، کە وامان لە خۆشکو برایانی کوردمان رادەدیت، کە هەگیز خۆتان لە ئیسلام‌و ئێران جیا نازانن. ئەوەی بەدخوازان وەپاڵیان ئەدەن، تەنیا بۆ تێکدان‌و پیلان گێران بوو. من ئێستا چەند مەبەستێک بەئێوە خۆشک‌و برایانم رادەگەیەنم:**

**٥- ئیسلامی گەورە گشت جیاوازییەکی گەلی مەحکوم کردو بۆ هیچ تاقمێک**

**تایبەتمەندییەکی تایبەتی دانەناوە. تەقواو تەعەهود بە ئیسلام تەنیا هۆی کەرامەتی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە، لە پەنای ئیسلامو کۆماری ئیسلامیدا مافی ئیدارە کردنی کارو باری ناوچەی نێوخۆو لابردنی هەرچەشنە جیاوازی فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ گشت چینو توێژەکانی گەلو لەنێو ئەوانەدا برایانی کورد. ئەرکی حکومەتی کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ بەزووترین کات قانوونی شێوەی پێوەندی دابڕێژێ، بە یارمەتی خودا ئەم قانوونە ئامادە دەکرێ.**

پاش بڵاو بوونەوەی پەیامی خومەینی لە رادیۆ تارانو رۆژنامەی «کیهان»ی رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەردا، کە بوو بە هۆی راوەستانی شەڕ، دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەیەکی کوتوپڕی لەگەڵ کادیرەکانی دەوروبەری لە گوندی «دۆڵەتوو» پێکهێناو ئینجا دوکتور قاسملو گەڕایەوە مەهابادو لە متینگێکی گەورەدا، کە حیزب رۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر لە چوارچرای مەهاباد پێکیهێنا، قاسملو بە نوێنەرایەتی حیزب بەگوتنی «لەبەیک» پێشوازی لە پەیامی خومەینی کردو پاشان دەفتەری سیاسی حیزبی گەڕاوە مەهابادو بنکەکانی پێشمەرگەرو دامودەزگاکانی حیزب گەڕانەوە بۆ شارەکانو بنکەکانیان ئاوەدان کردەوە.

## لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد

دوای گەڕانەوەی حیزبو رێکخراوەکانی‌تری سیاسیو چەکدار بۆ شاری مەهاباد، لەنێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چریکی فیدایی گەلی ئێران لقی کوردستان، کۆمەڵەو شێخ عیزەددینی حوسێنیدا لیژنەیەک بەناوی «لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد»، لە سەرەتای سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨-١٩٧٩دا پێکهات، تا لە دانیشتنو وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات. ئەو لیژنەیە بەمجۆرە خۆی ئاشکرا کرد:

**راگەیاندراوی دەبیرخانەی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد**

**هاوولاتانی تێکۆشەر!**

**گەلی خەباتگێری کورد!**

**گروپەکانی سیاسی بەشدار لە بزووتنەوەی مقاومەتی گەلی کورد، بە دامەزراندنی «لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد»، یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکانی گەلی کوردیان**

**بەدیهێناوە. ئەم لیژنەیە بۆ ئاسان کردنی کاری خۆی لە ڕەوتی وتوویژەکانداو دامەزراندنی پێوەندی هەمیشەیی لەگەڵ کۆمەلآنی خەڵک، دەبیرخانەی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کوردی لە سەدی مەهاباد دامەزراندوە. لە هەموو خەڵکی خەباتگێری ئێران‌و کوردستان داوا دەکەین، کە لە پێوەندی دەگەڵ دیاردەی باسکراودا بێنە دەبیرهانەو لەم بارەدا یارمەتیمان پێبەکەن.**

**دەبیرخانەی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد ١/ ٩/ ٥٨**

چونکە سەباغیان پێشتر ڕایگەیاندبوو، حکومەت چریک‌و کۆمەڵە بەنوێنەری گەلی کورد ناناسی‌و ئەوان ئامادە نین لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوانە دانیشتن‌و وتوویژیان لەگەڵ بکەن، ئێمە داوامان لە شێخ عیزەددین کرد، کاتی دانیشتن لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەت لە ناساندنی ناوی ڕێکخراوی ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد خۆیی بپارێزی‌و بۆ ناساندنی نوێنەرەکان تەنیا ناوەکانیان بناسێنی. مەلا شێخ عیزەددین بەڵێنی پێداین، کە لە ناساندنی ناوی ڕێکخراوی ئەندامانی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد خۆ دەپارێزی، بەلآم ناوبراو لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو دوو لیژنانەدا کە لە ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەزی سالی ١٣٥٨- ١١ی دیسامبری ١٩٧٩ لە فەرمانداری مەهاباد ئەنجامی گرت، بەڵێنییەکەی خستە ژێر پێ‌و زۆر نالێپرسراوانە، ڕایگەیاند:

- فاتح شێخ‌الاسلامی، کەریمی دانشیار ئەندامی دەفتەری مەن. ئەحمەدی قازی، حەسەنزادە، حیسامی، عەزیزی ماملی، غەنی بلوریان دوکتور قاسملو حیزبی دیموکرات. بهروز سلێمانی، محەمەد ئەمین شێرخانی‌و ئەنوەری سوڵتانی چریکی فیدایی خەڵک شاخەی کوردستان. یۆسفی ئەردەلآن، برایمی عەلی زادە، عەبدوڵلای مهتدی‌و جەعفەری شەفیعی لە سازمانی انقلابی زەحمەتکێشان «کۆمەڵە» ئەندامی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کوردن‌و خەڵک دەنگی پێداون. سەباغیان لە وەلآمی شێخ عیزەددیندا گوتی:

- «منیش خۆشحاڵم کە لەو قۆناخەی ژیاندا مەسەلەی کوردستان لە زمانی کەسانێکەوە ببیسم، کە پێوەندی‌یان بە مەسەلەی کوردستانەوە هەبێ. هەروەکوو گەلێک جاران بە ئێوەم ڕاگەیاندوەو پێشتریش بە ئاغای دوکتور قاسملو، ئاغای غەنی بلوریان‌و ئاغای قازیشم گوتووە، بەلآم ئێستا زۆرم پێ‌سەیرە کە ئێوە دیسان ناوی کەسانێک دەبەن، کە نوێنەری چریکی فیدایی‌و کۆمەڵەن. پێشتر ڕامانگەیاندوە، ئێمە بەپێ مەئموریەتێک کە لە لایەن ڕێبەری شۆڕشەوە پێمان سپێردراوە، مافی خەڵکی کورد وەک مافی باقی خەڵکانی‌تری ئێران لە چوارچێوەی فەرمانی ٢٦ی خەزەڵوەردا گەلآڵە دەکەین‌و لەگەڵ هیچ کەسێک

بەناوی نوێنەری حیزبێکی تایبەتی دانانیشین، بەلاّم ئێوە دیسان دەڵێن ئاغای سوڵتانی، یۆسفی، ئەردەلاّن‌و چونکە ناوەکانت بەپەلە خوێندەوە، من نەمتوانی یادداشتیان بکەم، نوێنەری چریکی فیدایی گەل شاخەی کوردستان، یا حیزبی کۆمەڵەن. ئێمە ئامادەین ئەو دیاردەیەی کە بەناوی مافی خەڵکی کوردستان باسی لێدەکەین، لە هەموو خەڵک‌و نوێنەرەکانیان قەبووڵ بکەین، بەلاّم نەک لە رێکخراوێکی دیار، بەتایبەتی ئەگەر ئەو حیزبە چریکی فیدایی یا کۆمەڵە بێ.» شێخ عیزەددین لە ولاّمی سەباغیاندا رایگەیاند:

- دوکتور قاسملو راوێژکەری لێژنەیەو ولاّمتان دەداتەوە.

دوکتور قاسملو هێندێک دەربارەی دۆخی زاڵ بەسەر رەوتی نائاسایی کردنی دۆخی کوردستان‌و نەخشی خراپی رادیۆتلویزیۆن دواو ویستی بەشێوەیەک رەسمیەت بە دانیشتنەکە بدات، کە داریوشی فروهەر گوتی: «ئێمە دەبێ بۆخۆمان کۆ ببینەوەو بریار بدەین چ بکەین.» بەم پێیە پشودان راگەیاندراو لێژنەی نوێنەرایەتی حکومەت چیتر ئامادە نەبوو لەگەڵ لێژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد، درێژە بە وتووێژ بدات‌و ئەوە ئەوەڵین‌و ئاخرین دانیشتنی ئەو دوو لێژنەیە بوو، کە لەودا گەلاّڵەیەکی ٢٦ خاڵی ئاراستە کرا، کە پێشتر مامۆستا «سارمەدینی سادقوەزیری» ئامادەی کردبوو.

سەحابی ئەندام لێژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژی ٢٥ی سەرماوەزدا لە رۆژنامەی «کیهان»دا رایگەیاند:

- «راوەستانی وتووێژ بەشێوەی کاتی‌و راگەیاندنی پشوو پتر بەهۆی ناکۆکی بۆچوون لەسەر پێکهێنەرانی لێژنەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بووەو ئەو ناکۆکی‌یە لە نێوان خۆیاندایە.»

## هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار

حکومەتی کاتی بازەرگان رۆژی پێنجی رێبەندانیساڵی ١٣٥٨ی بۆ بەرێوە بردنی یەکەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆمار دیاریکرد. دەفتەری سیاسی حیزب بریاریدا، لەنێوان پاڵێوراوەکاندا بە رێبەری رێکخراوی موجاهیدی خەڵک «مەسعود رەجەوی» دەنگ بدات، بەلاّم چونکە موجاهیدەکان نەیانتوانیبوو جێ پێی خۆیان لای خومەینی قایم بکەن، مەسعود رەجەوی ئیزنی پێنەدرا ناوی لەنێو پاڵێوراوەکاندا ببینێتەوەو لە ئەنجامی ئەو کردەوە نادیموکراتییەی مەلاکان، رەجەوی‌و موجاهیدەکان لە هەڵبژاردندا بەشداریان نەکرد.

ئێمەش دوا بە دوای هەڵوێستی موجاهیدین‌و کۆمەڵەو شێخ عیزەددین، هەرچەندە بۆمان روون بوو، کە «عەبدولحەسەنی بەنی‌سەدر» جێ باوەڕی خومەینی‌یەو بە پشتگری خومەینی لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێ‌و لەوانەیە بەشێک لە گیروگرفتی کوردستان لە دوارۆژدا بەدەستی ئەو چارەسەر بکرێ، هەڵبژاردنمان حەرام کردو رامانگەیاند خەڵکی کورد بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ناکات.

پاش خوێندنەوەی دەنگەکان دەرکەوت بەنی‌سەدر بە هێنانەوەی نزیک بە یازدە ملیون دەنگ بوو بەیەکەم سەرۆک کۆماری حکومەتی کۆماری ئیسلامی. ئەمجارە ئێمە تازە تێگەیشتین کە بەراستی هەڵەمان کردوەو دەبوایە بۆ راکێشانی رای خومەینی‌و بەنی‌سەدرو باقی کاربەدەستانی ئێران، لە هەڵبژاردندا بەشدار بین. بەنی‌سەدر بەو حاڵەش بەدوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردندا، رایگەیاند، «ئامادەیە لە چوارچێوەی فەرمانی خومەینی‌دا، گوێ بۆ داخوازەکانی ئێمە رابگرێ»، کە لە جێی خۆیدا پەنجەی بۆ رادەکێشم.

## کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات

دوای هەڵوەشانی بەکردەوەی لیژنەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتووێژ کردن دەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌و بەشداری نەکردنی حیزب لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران، من‌و قاسملو دەمەتەقەمان لێ‌پەیدا بوو. ناوبراو جارێک دەیگوت وتووێژ دەگەڵ دەوڵەت‌و مەلاکان بێ‌سودەو جارێکیش دەیگوت ئەگەر دەوڵەتی تاران تەنیا حیزبی دێموکرات بەرەسمی بناسێ‌و ئیزنی هەڵسوڕانی پێبدات، بۆ ئێمە لە هەموو شتێک گرنگترەو قاسملو بەگشتی لەو سەردەمدا لەنێو تەنگژەی بیرو خەیاڵی جۆراوجۆردا نوقم ببوو. رۆژێک من‌و قاسملو بەیەکەوە لە دەفتەری حیزب دانیشتبووین. ناوبراو گوتی:

- «ئێمە دەبێ بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجی سەرەکی زۆر بەپەلە کۆنگرە ببەستین. یەکەم خۆمان لەو کۆمیتە ناوەندییە رزگار بکەین، کە لە بەغدا پێکمان هێناوەو دووهەم چەند خاڵی سەرنج راکێش پەسند بکەین، کە بتوانن سەرنجی خومەینی‌و حکومەتی تازە دامەزراوی ئێران بۆ لای خۆمان راکێشن.» گوتم:

- کام خاڵ لای تۆ گرنگە؟ ناوبراو وڵامی دایەوەو گوتی:

- «با دەفکری کۆنگرەدا بین، ئەو کاتە مەبەستەکەم دەردەبرم.»

چەند رۆژ بە دوای ئەم باسەدا، دوکتور قاسملو بە تەلیفون رایگەیاند، لە دەفتەری حیزب چاوەڕوانمەو دەیەوێ چاوی پێم بکەوێ. من چووم، دیتم دوکتور قاسملو بەتەنیا دانیشتوەو چاوەڕوانی منە. گوتی:

- «ئەوەی باسم بۆ کردی کە دەبێ لە کۆنگرەی چواردا پەسند بکرێ تاکو ئاستەنگو کۆسپی سەر ڕێگای وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت وەلا بندرێ، ئەو چەند خاڵانەن کە من خۆم دیاریم کردونو پێمخۆشە بەر لەوەی بچینە کۆنگرە تۆش چاویان لێبکەی.»

پێشنیارەکانیم خوێندەوەو خاڵەکانی، کە دەبوایە لە پرۆگرامی حیزبدا بگونجێ، بەمجۆرە بوون: ١- حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی دەکات. ٢- حیزبی دێموکرات ئایەتوڵلا خومەینی بە ڕێبەری شۆڕشی ئێران دەزانێ. ٣- حیزبی دێموکرات بەرگری دەکات لە سنورەکانی ئێران لە کوردستاندا «لێرە مەبست ئەوە بوو دژی بەعس رادەوەستێ». ٤- حیزبی دێموکرات دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکات ٥- حیزبی دێموکرات داوای دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان دەکات. پاش خوێندنەوەی ئەم خاڵانە، گوتم:

- بەم شەرتە خاڵەکانم پێ باشە، کە ئەگەر هەلێک بۆ چارەسەر کردنی ئاشتی برەخسێ، لەدەستی نەدەیو بە کردەوەش هەوڵ بۆ ئەم مەبەستانە بدەی. ناوبراو بەڵێنی پێدام، کە ئەو کارە بکات.

بەمجۆرە حیزب لە رۆژی ٣٠ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٨- ١٩٨٠، بەبەشداری ٣١٠ ئەندامی نوێنەر، کۆنگرەی چواری بەست، کە پێنج رۆژی خایاند. پاش کۆنگرەی یەکی حیزب بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد، کۆنگرەی چوار دووهەم کۆنگرەی حیزب بوو کە بە ئاشکرا لەنێو خۆی ولأتدا پێکهات. کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات بەتێکڕایی دەنگ ئەو پێنج خاڵانەی سەروی پەسند کردو کەس دژیان رانەوەستا. **بەو هێوایە کە قاسملو پاش کۆنگرە پشتی پرۆگرامە پەسند کراوەکەی بگرێ، من گەلێک جاران لە بەرامبەر رەخنەی نوێنەرانی کۆنگرە پشتی قاسملوم گرت، بەلأم هەروەک پێشتر نیگەرانی خۆم دەربڕیبوو، دەبێ زۆر بە راشکاوی بڵێم، دوای کۆنگرە، رژێمی بەعسی عێراق بەتەوای ئاگاداری پەسندکراوەکانی کۆنگرەو وتوویژی نوێنەرانی حیزب لەگەڵ بەنیسەدرو نوێنەرانی حکومەت بوو کە لە رۆژی ٩ی رەشەمە ئەنجامی گرت.**

ئاکامی تەواوی رووداوەکانی کۆنگرەو دەقی پەسندکراوەکانی، ئاکامی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خولی یەکەمی پەرلەمانی ئێرانو وتوویژی رۆژی ٩ی رەشەمە، کە پاشان

ئاماژەیان پێدەکەم بە بەعسی عێراق گەیشتەوە. رژێمی بەعس نیگەران ئەوە بوو، کە نەکات حیزبی دیموکرات دەگەڵ دەوڵەتی ئێران رێککەوێ. ئەو، هەرچەشنە رێککەوتنێکی لەگەڵ ئێران بەزیانی خۆی دەزانیو بۆ ئەوەی کە پێوەندی حیزبی دیموکراتو دەوڵەت تێک بداتو نێوانیان بشێوێنێ، لە بەرامبەر پەسند کراوەکانی کۆنگرەی چواردا چەند خاڵی دانابوو، کە سەر ئەنجام بەسەر حیزبی دیموکراتیدا سەپاند. تەواو بوونی کۆنگرەی چواری حیزب هاوکات بوو دەگەڵ هەڵبژاردنی «پەرلەمانی ئیسلامی» ئێرانو وتووێژ دەگەڵ بەنیسەدرو نوێنەرانی حکومەت.

## وتووێژ دەگەڵ بەنیسەدرو نوێنەرانی حکومەتی نوێ

دوای سەرکەوتنی بەنیسەدر لە هەڵبژاردندا، هەرکە ئەرکی سەرۆک کۆماری حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەدەستەوە گرت، ناوبراو رایگەیاند: «ئامادەیە لە چوارچێوەی فەرمانی خومەینیدا، گوێ بۆ داخوازەکانی ئێمە رابگرێ». بەم بۆنەوە، ئێمە ژمارەیەک بەناوی حیزبی دیموکرات گەلاڵەیەکی شەش مادەییمان ئامادە کردو رۆژی ٨ی رەشەمەی ١٣٥٨-١٩٨٠، منو مەلا عەوڵای حەیاکیو چەند کەسیتر بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات چووینە تارانو حکومەت لە هۆتل «ئەلیزابت» کە لە نزیکی پارکی «لالە» هەڵکەوتووە، میوانداری لێکردین. رۆژی ٩ی رەشەمە چووینە کۆشکی سەرۆک‌کۆمارو چاومان بە بەنیسەدر کەوت. بەنیسەدر لە سەرەتادا زۆر توند رەخنەی لە ئێمە گرتو گوتی:

- «ئێوە سەر بە بێگانەنو بەفەرمانی بێگانە هەڵدەسوڕێنو ئاژاوە دەنێنەوە.» من لە وڵامی بەنیسەدردا باسی لێقەوماوی نەتەوەی کوردم کردو گوتم:

- کورد لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی پەهلەویدا، هەمیشە ئاوارەو رەنجەڕۆ بووە. رژێمی پەهلەوی بەتوندترین شێوە لەگەڵ کورد جوڵاوەتەوەو نەیهێشتوە بچوکترین مافی ئینسانی هەبێ. نەتەوەی ئێمە بەم بۆنەوە دژی دەسەڵاتداریەتی پەهلەوی خەباتی کردوە. کورد خواستی خۆی هەیەو پشتی بەبێگانە نەبەستوەو لە رابردووشدا سەر بەبێگانە نەبووەو ئێستاش کە رژێمی پاشایەتی رووخاوە، گەلی کورد چاوەڕوانە لە چوارچێوەی فەرمانی رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ئیمامدا خواستی پەسند بکرێ. بەنیسەدر بەبیستنی ئەو وڵامەی من، هێمن بۆوەو هەڵوێستی گۆڕیو گوتی:

- «ئەگەر من دڵنیابم بەفەرمانی بێگانە هەڵناسوڕێنو وەشوێن خواستی خەڵکی کورد دەکەون، بەهەموو توانامەوە یارمەتیتان پێدەکەم. پێمخۆشە داواکانتان گەلاڵە بکەنو بیدەن بەمن تا بەدەست «شورای ئینقلابی بگەیەنمو ئەوان پەسندی بکەن.»

بەم پێیە ژورێکیان لە ساختمانی سەرۆک کۆماردا بۆ دیاریکردینو ئێمە نوێنەرانی حیزبی دیموکرات هێندێک ئاڵوگۆڕمان بەسەر گەلاڵە شەش مادەییەکەدا هێناو ئەومان تەسلیمی لێژنەی نوێنەرایەتی حکومەت کرد، کە وەک پێشوو لە فروهەر، سەباغیانو سەحابی پێکهاتبوو.

## هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی ئیسلامی

حکومەتی کۆماری ئیسلامی رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٥٨-١٩٨٠ی بۆ هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی ئیسلامی دیاریکرد. دەفتەری سیاسی حیزب بڕیاریدا بەشدار هەڵبژاردن بکاتو نوێنەر بۆ هەڵبژاردنی یەکەم خولی پەرلەمان بپاڵێوێ. بەر لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بۆ پەسند کردنی ئەو بڕیارە، دوکتور قاسملو داوای لێکردم، خۆم بۆ نوێنەرایەتی خەڵکی مەهاباد بپاڵێوم، بەلاَم من کاک رەحیمی سیفی قازیم دەست نیشان کرد. قاسملو گوتی:

- «لە بەرامبەر نوێنەری کۆمەڵەو چریکدا، کە شێخ عیزەددین پشتیان دەگرێ، رەنگە رەحیمی قازی نەتوانێ دەنگ بێنێتەوە، بەلاَم ئەوانە ناتوانن لە بەرامبەر تۆدا راوەستنو بێگومان کەسایەتی خۆتو پشتگرتنت لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، سەرکەوتنت دەستەبەر دەکاتو ئێمە هەوڵ دەدەین کاک رەحیم وەک نوێنەری خەڵکی ورمێ بۆ پەرلەمان بپاڵێوین.»

من بەو بۆچوونە رازی بوومو ئامادەبوونی خۆم راگەیاند. حیزب کاک رەحیمی سیفقازی «یادیبەخێربی» بۆ ورمێ پالاَوتو حیزب لە شارەکانیتریش یا نوێنەری راستەوخۆی هەبوو، یان وەک نەغەدە، ماکۆ، مەریوانو پاوەو هەورامانو جوانڕۆ لە پاڵێوراوی غەیرە حیزبی پشتیوانی کرد. هەڵبژاردن لە سەعاتی ٨ی سەرلە بەیانی رۆژی دیاریکراو دەستی پێکردو ئێوارەی ئەو رۆژە کۆتایی پێهات. پاش خوێندنەوەی دەنگەکان، دەرکەوت کە من ٤. ٩٧ لەسەدی دەنگەکانی مەهابادم وەرگرتووە.

نوێنەری وەزارەتی نێوخۆی ئێران، کە چاوەدێری دەکرد بەسەر هەڵبژاردنی مەهاباددا،

دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی ڕۆژی٢٤ی ڕەشەمە ڕایگەیاند: «هەڵبژاردن بەشێوەیەکی زۆر ئازادو دیموکراتی لە مەهاباد ئەنجامی گرت.» هەرچەندە ڕای ئەو نوێنەرە لەسەر پەروەندەی من تۆمارکرا، بەم حاڵەش هەڵبژاردنی کوردستان لە لایەن حکومەتەوە بەتاڵ کرایەوە.

بەرلە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان، ڕۆژێک لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی حیزبدا کە باسی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان کرا، قاسملو گوتی:

- «بەر لەوەی بچینە سەر باسی هەڵبژاردن دەبێ ئاگادارتان بکەم، کە ڕژیمی عێراق داوی کردوە من بچم بۆ بەغداو چاوم بەکار بەدەستانی عێراقی بکەوێ.» بەر لەوەی کە ئەم دیاردەیە بدرێتە بەر باس من دەستم بەرز کردەوەو گوتم: من تێبینم هەیە. پاشان ئاماژەم بە قەول‌و قەرارێک کرد، کە من‌و قاسملو لە وتووێژ دەگەڵ «جەلال تاڵەبانی»و «ئەبو جەمیل» لە سەری ڕێککەوتبووین، کە پاش جارێک داوای یارمەتی کردن لە عێراق، ئیتر نەکەوینەوە شوێن ئەو دەوڵەتەو بە شێوەیەکی سیاسی پشتی تێبکەین. من ئەوەم وەبیر قاسملو هێناوەو گوتم: دژی چوونی دوکتور قاسملو بۆ عێراقم‌و نابێ وڵامی بەعس بدرێتەوە. بەعسی عێراق حەقی چیە سکرتێری حیزبی دیموکرات بانگ دەکا بۆ بەغدا.

دوکتور قاسملو گوتی:

- «کاکە غەنی گیان قسەی تۆ ڕاستە، بەڵام ناکرێ دوژمنایەتی بەعسی عێراق بکەین.»

- منیش نامەوێ دوژمنایەتی بەعس یا هەر کەسی‌تر بکەم، بەڵام ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین‌و خۆمان بڕیار دەدەین‌و کۆنگرەی چواریش لەسەر داوای خۆت بۆ ڕێگە خۆش کردنی ڕێککەوتن لەگەڵ خومەینی‌و حکومەتی ئێران چەند خاڵی پەسند کردوەو ئەوە بۆ ئێمە گرنگە بەشوێن گەلاڵەی پێشکەش‌کراوماندا بچینەوە لای بەنی سەدر، نەک ڕژیمی بەعسی عێراق.

پاش گفتوگۆیەکی بەرفراوان بڕیاری گشتی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەوە بوو کە وڵامێکی سیاسی‌یانە بە داوای ڕژیمی بەعس بدرێتەوە. لەسەر پێشنیاری دوکتور قاسملو، مەلا عەوڵای حەیاکی دیاریکرا، بچێتە «حاجی‌ئومەران»و بە نوێنەرە ناردراوەکانی بەغدا بڵێ، قاسملو بەهۆی کاروباری زۆری حیزب جاری ناتوانێ سەفەر بکات.

## هاتنی ئایەتوڵلاٚ ئەشراقی بۆ مەهاباد

پاش دیدارو وتوویژ لەگەڵ سەرۆک کۆمار «بەنی‌سەدر»و نوێنەرانی حکومەت بەسەرۆکایەتی داریوشی فروهەر،و تەواو بوونی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان، ئایەتوڵلاٚ ئەشراقی زاوای خومەینی بە نوێنەرایەتی خومەینی هاتە مەهاباد تا لەسەر داخوازەکانی حیزب دیموکرات لەگەڵ نوێنەرانی حیزب بدوێ. هاتنی ئەشراقی دەریدەخست کە لیژنەی نوێنەرایەتی حکومەتی ئێران دەقی وتوویژەکانی بە خومەینی راگەیاندوە. خومەینی بەپێ باوەڕێکی کە بە ئەشراقی هەیبوو، ناوبراوی ناردبوو تا لە راپۆرتی نوێنەرانی حکومەت بکۆڵێتەوەو بزانێ بەراستی هەڵوێستی حیزبی دیموکرات بەمجۆرەیە کە نوێنەرانی حکومەت دەڵێن.

لە لێدوانی ئەمجارە لەگەڵ ئەشراقی، دوکتور قاسملوو من بەیەکەوە بەشداربووین. مەبەستی قاسملو لەو بەشداریکردنەی ئەوە بوو کە بیری خومەینی بەرامبەر بەخۆی بگۆڕێ. چونکە خێزانی قاسملو جولەکە بوو، خومەینی لێی دردۆنگ بوو،و دەیگوت رەنگە قاسملو پێوەندی لەگەڵ سهیونیزم هەبێ، بەلاٚم دەبێ بە راشکاوی بڵێم هیچکام لە بەرپرسانی حیزبی دیموکرات کە لە بەغدا گەڕانەوە، قەت تەنانەت بۆ جارێکیش قاسملویان بەو دیاردەیە تاوانبار نەکرد. لە ئوروپا پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی‌تر بە تاوان ناژمێردرێ‌و زۆر ژن‌و پیاوی ئوروپی هەن، کە لەگەڵ ئەندامی نەتەوەکانی‌تر پێوەندی ژن‌و مێردایەتی دەبەستن.

لە گفتوگۆ دەگەڵ ئەشراقی، دروست باسی ئەو داخوازانە کرا، کە ئێمە نوێنەرانی حیزب لە گەلاڵەیەکی شەش مادەیی‌دا ئاراستەی نوێنەرانی حکومەتیان کردبوو. بەگەڕانەوەی ئەشراقی بۆ لای خومەینی، ناوبراو دڵنیا بوو، کە جیاوازی لەنێوان راپۆرتی حکومەت‌و ویستی ئێمەدا نیە، هەر بۆیە خومەینی دەسبەجێ نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە مەهاباد، تا لەگەڵ حیزبی دیموکرات بدوێ‌و راستەخۆ چارەیەک بۆ کێشەی کوردستان بدۆزێتەوە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئایەتوڵلاٚ کرمانی زاواکەی‌تری خومەینی هاتە مەهاباد.

## هاتنی ئایەتووڵلاٚ حوسێنی کرمانی بۆ مەهاباد

دوکتور قاسملو پێشتر بەو ئاکامە گەیشتبوو کە کێشەی کوردستان تەنیا بەدەستی خومەینی چارەسەر دەکرێ. بەم بۆنەوە، بەرلە هاتنی ئایەتوڵلاٚ ئەشراقیو ئایەتوڵلاٚ حوسێنی کرمانی بۆ مەهاباد لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٨-١٩٨٠دا، قاسملو دووجار مەلا عەبدوڵلاٚی ناربووە «قوم». جارێک ئەحمەدی قازیو موهندیس ئاریایی لەگەڵ بوو،و جارێکیش بە تەنیا.

مەلا عەبدوڵلاٚ لە لاپەری ١٩٧-٢٠٠ی «نیوسەدە تێکۆشان»دا، لەژێر سەردێڕی «هێندێک هەواڵو تەقەلای دیکە»دا دەنووسێ: «لەگەڵ ئەو داخوازە رووی خۆش پێشاندراو بەداخەوە لەبیرم نیە لە چ وەختێکدا بوو، دەستەیەکی نوێنەرایەتی بە ئەندامەتی... دەچنە قومو داخوازەکان باس دەکەن.» مەلا عەولاٚ پاشان باسی دیدار لەگەڵ «ئەحمەدیخومەینی» کوڕی ئایەتوڵلاٚ خومەینی دەکاو لەو سەفەرە رەزامەندی دەردەبڕێ. ناوبراو سەرئەنجام دەنووسێ: «دوای گەڕانەوەی دووبارە بۆ مەهاباد «ئاغای شیرازی» بەتەلیفون پێیڕاگەیاندینەوە کە داخوازەکان بەمەنتقی دانراوەو لەسەر یەک هومێدی قەبووڵ کرانیان زۆرە. دیارە ئەوە مزگێنییەکی خۆش بوو، بەلاٚم نەئەوان داوایانکرد بوو دووبارە بچینەوەو نە ئێمەش دەرەتانی سەفەرمان هەبوو.»

ئەو گوتنەی مەلا عەولاٚ حەیاکی راست نیە، چونکە ئەوان بەشوێندا هاتنەوەو خومەینی کرمانی ناردە مەهاباد تا زەنجیرەی کارەکە بەدەستەوە بگرێ. بە هاتنی ئایەتوڵلاٚ کرمانی، منو دوکتور قاسملو داوامان لە کاک «رەحیمی خەرازی» کردو گوتمان: لە ماڵی خۆت جێگەیەک بۆ ئایەتوڵلاٚ کرمانی بکەوە. ناوبراو بە روویەکی گەشەوە داواکەی قەبووڵ کردینو ئایەتوڵلاٚ کرمانی لە ماڵی رەحیمی خەرازی دابەزی. دوکتور قاسملو، مەلا عەولاٚو من بەیەکەوە چووینە ماڵی کاک رەحیمو لەوێ چاومان بە ئایەتوڵلاٚ حوسێنی کرمانی کەوت. ئەوکاتە، ئێستا مەلا عەولاٚ سەفەری «حاجیئومەران»ی نەکردبوو. دوای هێندێک قسەو

باسی ئاسایی دەگەڵ ئایەتوڵلا کرمانی، ناوبراو سەری قسەی دامەزراندو گوتی:

- «ئێوە گەلێک جاران لەگەڵ نوێنەری حکومەت دانیشتوون‌و وتووێژتان کردووەو چەند جاریش خۆتان نوێنەرتان ناردۆتە «قوم»و لەگەڵ «ئەحمەد ئاغای خومەینی»ش راستەوخۆ قسەتان کردووەو هەروەها لەگەڵ ئایەتوڵلا «مەکارمی شیرازی»ش پێوەندیتان هەبووەو هەیە. داخوازەکانتان باسکراوەو من ئاگاداری چلۆنایەتی داخوازەکانتانم. بەلای ئێمەوە ویستی ئێوە بەهۆی بێ‌باوەڕی بە ئەنجام نەگەیشتوون. ئەگەر متمانە هەبێ بە باوەڕی من هیچ کۆسپ‌و تەگەرەیەک پێش بە رێککەوتنی ئێمە ناگرێ.» ئایەتوڵلا کرمانی پاشان مەبەستی خۆی لە هاتنی بۆ مەهاباد روون کردەوەو گوتی:

- من نوێنەری راستەقینەی ئایەتوڵلا خومەینیم! ئێوە دەبێ وابیر بکەنەوە کە من خومەینیم هاتووم لێرە دەگەڵ ئێوە دانیشتووم‌و وتووێژتان دەگەڵ دەکەم، ئایەتوڵلا خومەینی دەسەلاتی تەواوی بەمن داوە، کە لەگەڵ ئێوە رێککەوم. ناوبراو پەسندکراوەکانی من دەسەلمێنێ، کە وابوو باشترە من پەنجە بۆ قسەکانی بەڕێزیان راکێشم تا ئێوە بزانن چۆن دەربارەی ئێوە فکر دەکاتەوە.» ناوبراو، گوتنی خومەینی بەمجۆرە بۆ ئێمە گەلاڵە کردو گوتی: «من لەو باوەڕەدام کە ئێوە سەرتان بەرژیمی عێراقەوە بەندەو چەکوچۆڵ‌و پوڵ‌و پارەو تەنانەت بێنزینیش لە عێراق وەردەگرن. ئێمە، وێنەی هاموشۆو هێنانی بەشێک لەو کەرەسانەمان هەیە کە ئێوە لە عێراقتان وەرگرتووە. ئێمە ئەو وێنانەمان بە فڕۆکە هەڵگرتۆتەوەو جگە لەوە، زانیاری‌تریشمان لە دەستدایە کە بۆ حاشا لێکردن نابن‌و باش دەزانین ئێوە لە لایەن رژیمی عێراقەوە دژی کۆماری ئیسلامی هان دەدرێن. لەبەر ئەوە، ئێمە باوەڕتان پێ‌ناکەین‌و لامان وایە ئێوە داخوازی تایبەت بەخۆتان نیەو پرۆگرامی رژیمی عێراق لە وڵاتی خۆتاندا، کە ئێرانە بەڕێوە دەبەن. کەوابوو، ئێمە چۆن دەتوانین بەحیزبی دیموکرات باوەڕ بکەین؟» ئایەتوڵلا کرمانی درێژەی بەقسەکانیدا گوتی:

- «گوتم، رێکنەکەوتنی ئێمە دەگەڕێتەوە سەر متمانە نەکردنمان بەئێوە! بۆ ئەوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی باوەڕتان پێ‌بکات‌و بزانێ ئێوە بەراستی ئێرانین‌و داخوازی تایبەت بەخۆتان هەیەو لەبن دەستی رژیمی عێراقدا نین، پێشنیارێکتان پێدەکەم، ئەگەر ئێوە ئەو پێشنیارەی ئێمە بسەلمێنن، ئێمە دڵنیا دەبین کە ئێوە حیزبێکی سەربەخۆن‌و خۆتان بڕیار دەدەن‌و سەرتان بە بەغداوە بەند نیە!»

ئایەتوڵلا کرمانی دوای پشودانێکی کورت، گوتی: «پێشنیارتان پێدەکەم، بۆ ماوەی ساڵێک، تەنانەت بۆ ماوەی ساڵێک بەرگری‌و پاراستنی ئەو سنوورانەی ئێران بەملەوە بگرن، کە بەدەستی خۆتانەوە. ئەوان لە هێرشی بێگانەو خۆتێخزاندنی دارودەستەی دوژمن

بۆ نێو خاکی ئێران بپارێزن‌و هەموو هێزەکانی چەکدارتان ئامادەی بەرگری کردن لە وڵاتی خۆتان بکەن. حکومەتی کۆماری ئیسلامی نیازی چەکوچۆڵی ئێوە دابین دەکات‌و پێداویستی‌یەکانتان بەئەستۆ دەگرێ. خۆتان دیاری بکەن چتان پێویستە. هیچ هێزێکی ئەرتەش، لەوەی زیاتر کە لەو هەرێمە دایە، نایەتە ئێرەو ئەوانیش ئێزن نادەین دەست لە کاروباری ئێوە وەردەن. پەسند کردنی ئەو پێشنیارانە لە لایەن ئێوەوە دەبێتە هۆی متمانە کردنی ئێمە بە ئێوە. ئینجا، ئەگەر دوای تێپەر بوونی ئەو یەکساڵە، ئێمە زۆربەی داخوازەکانی ئێوەمان جێ‌بەجێ نەکردو لەژێر بڕیارەکانی خۆماندا، ئێوە دەتوانن لولەی ئەو چەکانەی کە خۆمان پێمان داون بەرەو ئێمەی ڕاگرن. ئێوە قەت نابێ پەرۆشی ئەوە بخۆن، کە ڕژێمی عێراق بۆ هەمیشە لێتان بتۆرێ. ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نیازی بەئێوە هەیەو دیسان بەدژی ئێمە پشتتان دەگرێ‌و ئێوەش ڕژێمی عێراقتان لەکیس ناچێ؛ ئیتر خۆتان دەزانن وڵامی ئێوە چ دەبێ. ئەگەر پێشنیارەکانی من پەسند نەکەن، زەحمەتە ئێمەو ئێوە بەیەک بگەین!»

پاش تەواو بوونی قسەکانی ئایەتوڵڵا کرمانی، من ڕووم دە قاسملوو مەلا عەوڵا کردو گوتم: بە ڕای من پێشنیارەکەی خراپ نیە. ئێمە دەتوانین دەماوەی ئەو یەکساڵەدا پێشمەرگەو کادیری خۆمان پەروەردە بکەین‌و هەر لەو ماوەیەشدا بۆمان دەردەکەوێ ڕژێمی ئیسلامی چەندە جێگەی باوەڕەو داخوا بۆ بڕوا پێکردن دەبێ یان نا. بەر لەوەی قاسملو وڵامی من بداتەوە، مەلا عەبدوڵڵا وەدەنگ هات‌و چونکە قەت دڵی بەرایی نەدەدا بەمن بڵێی مامە، گوتی: «کاک غەنی، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەو کاتە دەتوانێ بە ئەنجام بگات، کە کۆماری ئیسلامی پێشتر داخوازەکانی ئێمە بسەلمێنێ‌و لە یاسای بنەرەتی ئێراندا بیانگونجێنێ‌و پاشان لەسەر ئەو پێشنیارانە ڕێککەوین.»

قاسملو لەونێوەدا هیچ قسەی نەکرد، بەڵام من لەو باوەڕەدام، کە پێشنیاری کرمانی شتێکی ماقوول بوو. من دەمزانی قاسملو بۆچی لە بەرامبەر پێشنیاری مندا بێدەنگ مایەوەو تەنانەت بە ڕەواڵەتیش پشتی قسەی مەلا عەوڵاشی نەگرت. لە وڵامی مەلا عەوڵادا گوتم: کاکی برا، کابرا دەڵێ نێرە، تۆ دەڵێی بیدۆشە!! کابرا بە ڕاشکاوی دەڵێ، خومەینی باوەڕی بە ئێوە نیە، مەگەر ئەو پێشنیارە بسەلمێنن؛ مەلا عەوڵا دیسان وڵامی دایەوەو گوتی: «ئێمە ئەگەر ئەو پێشنیارە قەبووڵ بکەین، خەڵکی کوردستان پێمان دەڵێن جاش.» بە بیستنی ئەم گوتنەی مەلا عەوڵا تووڕە بووم‌و ویستم بڵێم ئەدی بۆچی بەخۆ بەستنەوە بەڕژێمی عێراق‌و چەکوچۆڵ‌و پارە وەرگرتن لەو دوژمنە دیکتاتۆرو خوێنمژەی کورد ئێمە نابێنیە جاش، بەڵام پشووم خواردەوەو لە جیاتی گوتم کاک مەلا عەوڵا، مەگەر

بەگوتنی خۆمان ٩٥٪ خەڵکمان لەگەڵ نیە، ئەگەر ئەو خەڵکە لەگەڵ حیزبەو وەک بۆخۆمان دەڵێین بەگوێی حیزب دەکەن، ئەدی چۆن پێمان دەڵێن جاش؛ بەراستی کام لەوانە راستن؟ من بیدەنگ مانەوەی قاسملوم زۆر لا سەیر بوو. ناوبراو تەنانەت وشەیەکی بەسەر زماندا نەهاتو گوتنەکانی مەلا عەولاً هەوڵی ئێمەی پووچەڵ کردەوەو مەلا کرمانی بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە بۆ تاران. ناوبراو بەر لەگەڕانەوەی بۆ تاران، چووە سەر تلویزیۆن‌و رایگەیاند: حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لایەنگری ئێوە خەڵکی کوردستانەو لە هیچ یارمەتییەک بە ئێوە کۆتایی ناکات. بەمجۆرە، گشت ئەو دەرفەتانەی کە مەلا عەولای حەیاکی لە «نیوسەدە تێکۆشان»دا پەنجەیان بۆ رادەکێشی بەفیرۆ چوون، بەلاّم ناوبراو هۆی لەنێو چوونیان بەدروستی شی ناکاتەوەو تەنیا بەو گوتنەی لە لاپەڕی ۲۰۰دا سەرپۆشیان دەخاتە سەرو دەڵێ: «دیارە ئەوە مزگێنییەکی خۆش بوو، بەلاّم نە ئەوان داوایانکرد بوو دووبارە بچینەوەو نە ئێمەش دەرەتانی سەفەرمان هەبوو».

رۆژی دوایی کە قاسملو هاتە دەفتەری حیزب پرسیارم لێکردو گوتم: بەراستی زۆرم لا سەیر بوو، کە تۆ لەو وتوێژەدا متەقت لەخۆ بڕیو هیچت نەگوت؟ زۆر جاران دەتگوت، کێشەی کوردستان تەنیا بەدەست خومەینی چارە دەکرێ‌و ئەگەر ناوبراو بەڵێنیمان پێبدات تەواوە، کەچی، ئێستا نوێنەری راستەقینەی خومەینی هات‌و پێشنیاری خومەینی هێنا، بەلاّم مەلا عەولاً رەتی کردەوەو تۆش هیچت نەگوت! قاسملو لە وەلاّمی مندا گوتی:

- «مەبەستی ئایەتوڵلاّ کرمانی ئەوە بوو، کە ئێمە پردی پشت سەرمان بروخێنین. مەلا عەولاً لەم روانگەوە دژی پێشنیاری کرمانی راوەستا، بۆیە منیش دەنگم نەکرد.» بە بیستنی ئەو گوتنە لە زمانی قاسملو زۆر نارەحەت بووم‌و گوتم: پەسند کردنی ئەو پێشنیارە بەمانای شەڕ دژی حکومەتی عێراق نەبوو، بەلاّم بێگومان پێوەندی ئێوەی دەگەڵ سەددام لەمەترسی دەخست.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

## گەلاڵەی حەوت مادەیی سەددام

مەلا عەبدوڵلاٚ بەپێی ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، چوو بۆ حاجی‌ئومەران. هەروەکوو دەزانین ڕێگەی مەهاباد بۆ حاجی‌ئومەران‌و گەڕانەوە بە ئوتومبێل پتر لە چەند سەعات نیە، بەلاٚم مەلا عەولاٚ وەک لەبیرم بێ ٦-٧ ڕۆژی پێچوو. دوای گەڕانەوەی ناوبراو، دوکتور قاسملو تەلیفونی بۆ کردم‌و گوتی مەلا عەولاٚ گەڕاوەتەوە. ناوبراو داوای لێکردم بچمە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی. بە گەیشتم، هەڤالاٚنی دەفتەری سیاسی لەوێ بوون. قاسملو کۆبوونەوەکەی کردەوەو گوتی:

- «مەلا عەولاٚ کە گەیشتۆتە حاجی‌ئومەران دیتویەتی چەند کەس لە مەئمورانی بەعسی عێراق بە هێلیکۆپتر چاوەڕوانن. ناوبراو خۆی ناساندوەو گوتویەتی حکومەتی عێراق داوای قاسملوی کردوە، بەلاٚم چونکە ناوبراو کاری هەبووە، نەیتوانیوە بێتە لاتان‌و من بە نوێنەراتی هاتووم، کە پێتان ڕابگەیەنم سەفەرەکە هێندێک وەپاش بخەن. مەئمورەکانی عێراقی لە وڵاٚمی مەلا عەولاٚدا ڕایانگەیاندوە، ئێمە مەئمورین‌و تۆ خۆت وەرە بەسواری هێلیکۆپتر بچووە کەرکوک‌و وڵاٚمیان بدەوە. مەلا عەولاٚیان بە سواری هێلیکۆپتر بردۆتە کەرکوک. بەرپرسانی بەعس بە گرژیەوە گوتویانە دەبوایە قاسملو بۆخۆی بێت، بەلاٚم مەلا عەولاٚ گوتویەتی کارو باری دوای کۆنگرەو هەڵبژاردنی پەرلەمان مەودای هاتنی نەداوە.» من ڕووم لە مەلا عەولاٚ کردو پرسیم:

- کاکی برا، دەفتەری سیاسی حیزب تۆی نارد بچی بۆ حاجی‌ئومەران‌و لەوێندەری پەیامی دەفتەری سیاسی‌یان پێڕابگەیەنی‌و بگەڕێیەوە بۆ مەهاباد، نەک سواری هێلکۆپتری بەعس بی‌و بچی بۆ کەرکوک. مەلا عەولاٚ گوتی:

- «مەئمورەکانی بەعس داوایان لێکردم، کە دەبێ بچم لە کەرکوک ویستی حیزب ڕابگەیەنم.» گوتم:

- تۆ فەرمانی مەئموری بعست لا گرنگ بوو یا بڕیاری حیزبی دیموکرات؟

- «چارەم نەبوو دەبوایە بچم»

پاش ئەو کێشەو گفتوگۆیە، هەر چەندە مەلا عەولاَ بۆ ماوەی حەوتوویەک لە عێراق مابۆوە، بەلاَم هیچ چەشنە ڕاپۆرتێکی لە کارەکەی بە ئێمە نەداو نەیگوت باسی چ دیاردەیەکی لەگەلْ کاربەدەستانی بەعس کردوەو لەسەر چ ساخ بوونەتەوە، بەلاَم نامەیەکی بەدەستەوە بوو، کە بە نیگەرانی رووی لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کردو گوتی: «ڕژێمی عێراق ئەو چەند خالاَنەی ئاراستەی دوکتور قاسملو کردوە، کە دەبێ حیزب پەسندیان بکات.»

خالەکانی بە دیاری هێندراوی مەلا عەولاَ لە کەرکوکەوە بەچشنی خوارەوە بوون. من چونکە دەقی خالەکانم بە نووسراوە بەدەست نەگەیشتو تەنیا ئەوانم لە مێشکی خۆمدا ڕاگرت، ڕەنگە خالە نووسراوەکانی من جیاوازی ووشەیان دەگەلْ ڕەستەی نووسراوەکانی بەعس هەبێ، بەلاَم لە ماناو نێوەڕۆکیان هیچ نەگۆڕاوە:

**١- دەبێ دوو ئەفسەری ئێمە بۆ یارمەتی کردن و دانی پارەو کەل و پەلی شەڕ بەئێوە بێنە لای ئێوەو لە لاتان بن.**

**٢- دەبێ دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی ئێوە بێنە لای ئێمەو بۆ گۆڕینەوەی بیرووراو مشاورە لە لای ئێمە بمێننەوە.**

**٣- حیزبی دێموکرات پێویستە زانیاری خۆی لەسەر ئەو هێزانەی ئەرتەشی ئێران کە لە سنوری ئێمە نزیک دەبنەوەو یان دێنە سەربازخانەکانی نزیک سنوور بە ئێمە بدات و ژمارەی سەربازو چەشنی چەک و ژمارەی ئەوان بۆ ئێمە ڕون بکاتەوە.**

**٤- پێویستە ئێمە لە چەشنی فڕۆکەو هێلیکپترەکانی ئەرتەشی ئێران ئاگادار بکات و بڵێ کەرەسەی ئەوان لە چ حکومەتێک دەکرن.**

**٥- حیزبی دێموکرات دەبێ دروشمی ڕووخانی ڕژێمی ئاخوندی هەلْگرێ.**

**٦- حیزبی دێموکرات دەبێ پێش بە کوردەکانی باشوور بگرێ و ڕێگە نەدا ئەوان لە سنووری عێراق نزیک بنەوەو لە خاکی ئێرانەوە بێن دژی حکومەتی عێراق شەڕ بکەن.**

**٧- حیزبی دێموکرات دەبێ چۆنیەتی پێوەندی ڕژێمی ئێران لەگەلْ ولاَتانی دەرەوە بۆ ئێمە ڕوون بکاتەوەو ناوی ئەو ولاَتانە بە ئێمە بڵێ کە چەکیان لێدەکرێ و چەشنی چەکەکانیش دیاری بکات.**

پاش ئەوەی مەلا عەولاَ لە خوێندنەوەی ئەم حەوت خالە نگریسانە بۆوە. من بە وردی ڕوانیمە هەڤالاَنی دەفتەری سیاسی، تا بزانم ئەو خالە گلاَوانە چەندەی کار تێکردون. قاسملو بە تەواوی سەری داخستبوو. هەڤالاَنی‌تر جگە لە مەلا عەولاَ ئارەقەی شەرمیان

لەسەر روخسار نیشتبوو، بەڵام نەمزانی بۆچی وایان لێهاتبوو، داخۆ پێشنیارەکانی بەعس شەرمساری کردبوون یا فکریان لە ڕێگایەک بۆ پەسندکردنی دەکردەوە. لە کاتێکا هەموو لایەک بێدەنگ بوون، من گوتم:

- قەبووڵ کردنی ئەو حەوت خاڵانە، یا هەرکام لەوان بەمانای خۆفرۆشی بەرژێمی عێراقەو من بە خیانەتی دەزانم. بەڕێزان، من چۆن پاش ئەو هەمووە چارەڕەشیی و ڕەنج کێشانە، کە لە ڕێگای خەباتی شەرافەتمەندانە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەم کێشاومە، ئێستا بێم مل بۆ ڕژێمی عێراق کەچ بکەم؟! خۆ ئەگەر تەنیا بۆ یەکجار من تەسلیمی ویستی شای ئێران بایەم، تووشی ۲۵ ساڵ زیندانو شکنجەو ئاوارە بوونی خۆمو ماڵو منداڵم نەدەبووم، کە واتە چۆن دەتوانم تەسلیمی ئەو پێشنیارانەی ڕژێمی بەعس بمو بەڵێنی بە دوژمنی گەلەکەم بدەم کە نۆکەریت دەکەم. جیا لەوە چارەنووسی ئەو پێنج خاڵانەی کۆنگرەی چوار چیان بەسەر دێ، کە بۆ ڕێبازی ڕێککەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی «تاران» پەسند کراون. ئێمە بەخێر تازە لەگەڵ بەنیسەدرو نوێنەرانی حکومەتو دوو ئایەتوڵڵای ناردراوی خومەینی دانیشتووین. ئێمە دەبێ وەشوێن گەلاڵەی شەش مادەیی و گوتنەکانی ئایەتوڵڵا کرمانی کەوینو هەوڵ بدەین داخوازەکانمان بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنین، نەک پێشنیاری ڕژێمی بەعس قەبووڵ بکەین. پەسند کردنی ئەو پێشنیارانەی ڕژێمی بەعس بەمانای پێشێلکردنی پەسند کراوەکانی کۆنگرەی چوارە، کە ئێمە نابێ ئەوان پێشێل بکەینو حەوت مادەی خۆفرۆشی بە بەعسی عێراقیان لەجێ دانێین. ئێمە بەم کارەمان ناتوانین وڵامی مێژووی خەباتی گەلەکەمان بدەینەوە؟

من قسەکانم تەواو کرد، بەڵام جگە لە مەلا عەولا کەس دەنگی لێنەهات. مەلا عەولا گوتی:

- «کاکە غەنی تۆ تەنیا نیت، دەبا هەڤاڵانیش رای خۆیان دەربڕن. باوەڕ ناکەم پەسند کردنی بەشێک لەو خاڵانەی بەعس بۆ ئێمە تاوان بێ.»

- ڕەنگە تۆ بە تاوانی نەزانی، بەڵام من نەک تەنیا بە تاوان، بەڵکو بە حیزب فرۆشیو گەل فرۆشی دەزانم.

بەداخەوە پاش گوتنی مەلا عەولا، هەڤاڵان خاڵەکانیان پەسند کردو ئیتر من کۆبوونەوەکەم بەجێهێشت. لەبەر دەرگای هۆدەکە سەرم سەوڕاندو ڕووم دە «جەلیلی گادانی» کردو گوتم: کاک جەلیل تۆ ماوەیەک زیندانی بوویتو لەنێو خۆی وڵاتیشدا خەباتت کردوە، تۆ بۆچی؟!!! بەو چەشنە پەسند کراوەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات، کە لە لایەن ۱۳۰ ئەندامی نوێنەری ڕێکخراوەکانی حیزبی پەسند کرابوون خرایە

نێو زبڵدانی تاریخەوەو حەوت مادەی سەددامو رژێمی جنایەتکاری عێراقی لەجێ داندرا.

دوای پەسندکردنی ئەو حەوت خاڵە، ئیتر نۆرەی من بوو، کە دەبوایە خۆم ساخ بکەمەوە، چ بکەم. بەهەموو خەباتی دورو درێژو زیندانیو ئەشکەنجەو دەربەدەریم، بۆ جارێک سەرم بۆ رژێمی دیکتاتۆری «محەمەد رەزا» شۆڕ نەکردبوو، ئێستا چۆن دەمتوانی سەر بۆ رژێمی فاشیستی سەددام دانوێنمو بچمە ژێر فەرمانی ئەو جنایەتکارەو بەو حەوت مادەیە لە بەرامبەر ئەودا چۆک دادەم. بەراستی کارێکی دژوار بوو. لە لایەک، بەدوای شکانی کۆماری کوردستاندا زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکرات بوومو بۆ سەربڵندی حیزب لە پێناوی گەلەکەمدا خۆشترین سەردەمی ژیانی خۆمو ماڵو منداڵم لە دەستدابوو،و نەمدەزانی چۆن ئەو حیزبە بەجێ هێڵم، لە لایەکیترەوە نەمدەتوانی وەک ئەوان بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار پێشێل بکەمو خۆم بە حەوت مادەی سەددام ببەستمەوە. نەمدەزانی چۆنو بەچ شێوەیەک ولأمی مێژووی دوا رۆژ بدەمەوەو خوێنی رژاوی خەڵکی بێ تاوانو پێشمەرگە گیان فیداکان لەبەر چاو نەگرم. هەرچی بیرم کردەوە، فکرم بەجێیەک نەگەیشتو چارم نەما بڕیارمدا حیزب بایکوت بکەمو لە کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیدا بەشداری نەکەم. بڕیارمدا مەهاباد بەجێ هێڵمو بچمە لای رێکخراوەکانی باشووری کوردستان، کە دژی سەددام حوسێن خەبات دەکەنو لە چیاکان بمێنمەوەو بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی دەرونی خۆمو رێبازی دوا رۆژم یارمەتیان لێوەرگرم.

## بایکۆت کردنی حیزبی دێموکرات

چەند رۆژێک بوو، کە لە حیزب هەڵبڕابووم، کە مەلا عەولاً نامەیەکی دوکتور قاسملوی بۆ هێنام. ناوبراو بە رواڵەت وای پیشانددا کە کشانەوەی من لە حیزب نارەحەتەو گەلێکی قسە کردو گوتی:

- «کاتی ئازاد بوونت لە زیندانی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان پێشوازیان لێکردی. ئەو پێشوازییە مێژووییەی کە لەتۆ کرا، بە نیسبەت جەماوەری کوردستان لە هی ئایەتوڵڵا خومەینیش هەراوتر بوو. چۆن دەبێ ئەو گشتە خۆشەویستییە لەبیر بکەی؟»

- من خەباتم نەکردوە بۆ ئەوەی خەڵک پێشوازیم لێبکات، بەڵکو خەباتم کردوە بۆ سەربڵندی گەلەکەم. لام وایە ئەو رێگەیەی ئێوە گرتوتانەتە بەر، یاری کردن بەخوێنی پاکی

رۆڵەکانی گەلە. ئێوە بەپشتیوانی کام یاسا، ڕێگە بەخۆتان دەدن، بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار پێشێل بکەنو لەجیاتی ئەوان فەرمانی رژێمی عێراق بەڕێوە بەرن. ئێوە خۆتان لە باشوری کوردستانو لە بەغدا بوونو باش دەزانن پاش هەرس هێنانی بزووتنەوەی گەلی ئێمە لەو جێیە بە سەرۆکایەتی بارزانی، رژێمی عیراق پتر لە دوو سەد هەزار کەسی لەنێو برد. رۆژ نەبوو لە سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دەهۆکو شارەکانی‌تری کوردستان دەیان کەس گوللە باران نەکەن. رژێمی عێراق نزیک بە شەش هەزار گوندی کوردستانی وێران کردوەو بە بۆمبی ناپاڵم زەویو دەشتو کێڵگەکانی سوتاندوەو ئاوەزێی لێی بڕیوەو تەنانەت زیندەواری لێ نەهێشتوە. من زیندانی بووم، بەڵام ئێوە ئازاد بوونو دەزانن سەددام چی بەسەر کوردە کۆچدراوەکان هێناو ئەوانی تووشی چ چارەنووسێک کرد! مەلا عەولا لەحاڵێکدا بەقسە توندو جەرگبڕەکانی من تاسابوو، گوتی:

- «ئێمە چارەمان نیە، پێویستیمان بە یارمەتیو پشتگری بەعس هەیە.» لە وڵامیدا گوتم:

- مامۆستا گیان، ئێوە ئەگەر پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوارتان بەجێ هێناباو هەوڵی ئاشتی حکومەتتان رەد نەکردبایەوە، پێویستیتان بە یارمەتی رژێمی بەعس نەدەبوو. تۆ خۆت ئاگاداری، رژێمی عێراق بۆ ئەوەی بەسەر بزووتنەوەی کورددا زاڵ بێ، «شطالعرب»ی تەسلیمی ئێران کردو رژێمی محەمەد رەزا شاش بۆ بەدەست هێنانی شطالعرب لە خوێنی پێشمەرگەی کورد کەڵکی وەرگرتو بەخوێنی ئەوان سەددامی تەسلیمی ویستەکانی کرد. ئێستاش، سەددام تاکتیکی شای ئێرانی گرتۆتە بەر، کوردی ژێر دەستی خۆی دەکوژێو قەڵاچۆیان دەکاتو بەدرۆ فرمێسک بۆ کوردی رۆژهەڵات هەڵدەڕێژێو دەیەوێ لەو رێگایەدا ئەگەر بۆی بلوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوەو نەک شطالعرب بگرە باشووری ئێرانیش، یانی «خوزستان»یش بخاتە ژێر دەستی خۆی. ئاخر ئێوەش حیزبنو دەڵێن بۆ بەرژەوەندی گەلەکەتان خەبات دەکەن؟ بەراستی هیچ رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ کە بۆ ئامانجی گەلی خۆی تێبکۆشی، ئاوا بەمجۆرە نەچۆتە ژێر باری بەڵێنی دان بە دوژمنەوە. ڕاستە دەبێ لە دووبەرەکی رژێمە داگیرکەرەکان کەڵک وەربگیرێ، بەڵام نەک ئاوا بەتەسلیم بوون بە دوژمنو پەسند کردنی داواکانی. بەمجۆرە داخوازی قاسملوم رەد کردەوەو بە مەلا عەولام گوت لە ماڵی خۆم دادەنیشم تا بزانم دوا رۆژ چی پێدێو مل بۆ ئەو بڕیارە راناکێشمو خۆم بە رژێمی عێراق نافرۆشم!

چەند رۆژ پاش دانیشتن لەگەڵ مەلا عەولا خەریکی خۆ ئامادە کردن بووم، کە لە شار دەرکەومو بچمە لای هەڤاڵانی کوردی باشووری کوردستان، کە مەلا عەولا سەرلە نوێ

گەڕایەوەو نامەیەکی‌تری قاسملوی بۆ هێنام. قاسملو دە نامەکەیدا لەوەی کە من حیزبم بایکۆت کرد بوو، گازەندەی لێکردبووم‌و پاش لاواندنەوەیەکی زۆر داوای کردبووم، بچم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا قسەی خۆم بکەم. هەر چەندە دەمزانی چوونم بێ‌فایدەیەو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش پشتی هەڵوێستی قاسملو دەگرن، بەمحاڵەش چووم لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٧ی گولانی ساڵی ١٣٥٩- ١٩٨٠ی گوندی «برایمە»دا بەشداریم کرد. بە یارمەتی گروپێکی چەند کەسە، قسەکانی خۆم هێنابۆە سەر کاغەزو لەو کۆبوونەوەیەدا خوێندمەوە. لەودا، داوام لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کردو گوتم: چونکە دەفتەری سیاسی بڕیارەکانی کۆنگرەی چواری پێشێلکردوە، داوادەکەم سەرلەنوێ سکرتێری حیزب‌و دەفتەری سیاسی هەڵبژێرنەوە. گوتم، من بۆخۆم ئامادە نیم لە دەفتەری سیاسیدابم‌و رازیش‌نیم قاسملوش لەو ئۆرگانەدا بەشدار بێ. لەسەرەتادا بڕیاردرا بۆ ئەم مەبەستە دەنگی نهێنی وەربگیرێ، بەلاٚم مەلا عولاٚی حەیاکی گوتی:

- «رەسمی کۆمیتەی ناوەندی ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەکانیدا بە ئاشکرا دەنگ بدات.»

من قەبووڵم کرد کە بە ئاشکراو بەشێوەی دەست بەرز کردنەوە دەنگ بدرێ، لەوکاتەدا قاسملو داوای کرد ماوەیەک دەست راگرین‌و هەڤالاٚن پشویەک بدەن. لەو پشودانەدا، قاسملو کاری خۆی کردو بە هەڤالاٚنی گوتبوو، حیزبی تودە چەند کەسی لەنێو ئێمەدا هانداوە کە قاسملو لە سکرتاریەتی حیزب وەلانێ‌و ئەوە فیتی «کیانوری»ە وشیار بن خەریکن حیزبەکەمان لێهەڵدەوەشێنن. قاسملو بەمجۆرە رای گشتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گۆڕی‌و ئەوانی بۆ لای خۆی راکێشا، بەلاٚم گوتنەکەی تاوانێکی نارەوا بوو، چونکە کیانوری‌و حیزبی تودە قەت زاتی ئەوەیان نەبوو، مەبەستێکی ئەتۆ لەگەڵ من باس بکەن. کێشەی من لەگەڵ قاسملو لەسەر پێشێلکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارو ملدانی ناوبراو بە حەوت مادەی پێشنیاری سەددام بوو. ئەو چەمکە هیچ پێوەندی بە حیزبی تودەوە نەبوو،و تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبیش ئاگاداری هۆی ناکۆکی ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی نەبوون‌و نەیاندەزانی من حیزبم بایکۆت کردوەو پاش کۆبوونەوەی برایمە ناکۆکیەکان ئاشکرا بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا، سەرلەنوێ ئەندامانی پێشووی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرانەوەو قاسملوش کرایەوە بە سکرتێری حیزب‌و منیش لەسەر رای پێشووی خۆم لەمەڕ بایکۆت کردنی حیزب‌و چوون بۆ لای هەڤالاٚنی گەرمێن مامەوە.

## پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی پێرەوی کۆنگرەی چوار

ڕەوتی پسانو دوور کەوتنەوەی من لە حیزب دەنگی دایەوە. ڕۆژێک کاک حەمەدەمینی سیراجی بە تەلیفون داوای لێکردم سەرێک لە ماڵیان بدەم. من چووم، «فاروقی کەیخوسرەوی»ش لەوێ بوو. دەربارەی بڕیاری من سەبارەت بە بایکۆت کردنی حیزب پرسیاریان لێکردمو منیش بە کورتی وەڵامم دانەوە. لەم بابەتەوە کە دژی ویستی عێراق هەڵوێستم گرتبوو، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیو گوتیان ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟ گوتم:

– بڕیارمداوە بچمە چیاو لە لای هەڤاڵانی کوردی بندەستی عێراق بمێنمەوە، تا بزانم چارەنووسمان بەکوێ دەگات.

ئەوان ڕەخنەیان لێگرتمو گوتیان:

– «چۆن دەبێ تۆ بێ کەڵک دانیشیو ئەو حیزبەی کە تۆ پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بە هەزاران زەحمەت زیندووت کردۆتەوەو ئەو گشتە زیندانیەت لەسەر کێشاوە بە ئاسانی تەسلیمی قاسملوی بکەی، کە قەت لەسەر حیزبی دێموکرات سەخڵەتی نەدیوەو لە ئورووپا بەخۆشی ڕایبواردوە؟»

– پرسیارم لێکردنو گوتم چ بکەم؟ گوتیان:

– «کۆنگرەی چواری حیزب خاوەنی چەند پەسند کراوەو قاسملو لە جیاتی ئەوەی بۆ ئامانجە پەسندکراوەکانی کۆنگرە هەوڵ بدات، هەروەکوو بۆ خۆت دەڵێی حەوت مادەی نگریسی ڕژێمی بەعسی عێراقی کردۆتە ڕێبازو بەرنامەی حیزبو سەربەخۆیی حیزبی ناوەتە ژێر پێ. بە ڕای ئێمە تۆ دەتوانی پشت بە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوار ببەستیو بەناوی «حیزبی دێموکراتی پێرەوی کۆنگرەی چوار» خۆت لە قاسملوو لایەنگرانی جیا کەیەوە. بەمجۆرە، گەلێک مرۆڤی چاکو ئەندامی پاکو لێهاتووی حیزب لەگەڵ تۆ دەکەونو ئێمەش پاڵپشتی تۆین. تۆ دەتوانی بە یارمەتی هەڤاڵانت پشتی وتوویژەکانی حکومەت بگریو لەسەر ئەساسی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوار دەگەڵیان ڕێکبکەوی. ئێمە نابێ لەسەر ئەو دیاردانەی پێداگرین، کە ڕێگە بە ڕێککەوتن دەگرن. گەلی ئێمە گەلێک ئەزموونی مێژوویی هەیە، تاقیکردنەوەکانی پێشوو دەریانخستوە، کە ئێمە ناتوانین بەچەک

بەسەر دەوڵەتی بەتواناو بەهێزی ئێراندا زاڵ بین. بوونی «بەنیسەدر»، بازەرگان، فروهەرو ژمارەیەکیتر رەنگە دەرفەتێک بن بۆ کوردو ئێمە دەبێ کەڵکیان لێوەرگرین، ئەگینا لە رێگەی شەڕو پێکهەڵپڕژانی چەکدارانەوە جیا لەوەی ئەندامانی نەتەوەکەمان لە دەست دەدەین بە ئامانجێکی شیاو ناگەین. ئێمە دەبێ نەتەوەکەمان لە شەڕ بپارێزینو نابێ متمانە بە سەددام بکەینو پشتی پێبەستین. ئێمە دەبێ شۆڕشی بارزانیمان لەبەر چاو بێو باوەڕ بە دوژمنانمان نەکەین.»

گوتنەکانی ئەو هاوڕێیانە زۆریان کار تێکردمو دەتوانم بە راشکاوی بڵێم سەریان لێشێواندمو پەشیمانیان کردمەوە کە بچمە لای برایانی گەرمێن. چونکە لە لایەک وتەکانیان بەرواڵەت دروست دەهاتە بەر چاو، و لە لایەکیتریشەوە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی، بەڵێنییەکانی بەنیسەدرو ئایەتوڵلا کرمانی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن، هەستێکی نوێیان لە مێشکی مندا خولقاندو بەو زانیارییە کە حیزبی دیموکرات بە پێی پرۆگرامی پەسند کراوی لە چوارچێوەی ئێراندا داوای خودموختاری دەکاتو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پرۆگرامی بەدەست گرتنی دەسەڵاتی لە ئێراندا نیەو تەنانەت ئەگەر لە شۆڕشی چەکدارانەش سەرکەوێ، جیا لە وتوویژ دەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەیەکیتری نابێ، هاتمە سەر ئەو باوەڕە، کە لەجیاتی چوون بۆ لای کوردەکانی باشوور باشترە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەلەکەم رێگای وتوویژ دەگەڵ حکومەت بگرمە بەرو تەسلیمی رێبازی ئەو هەڤاڵانە بم.

من پاش ئەوەی کە ملم بۆ پێشنیارەکەیان راکێشا، ئەوان نامیلکەیەکیان دامێو گوتیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نامیلکەیەکمان ئامادە کردوەو داوادەکەین بیخوێنیەوە. نامیلکەکەم لێوەرگرتنو خوێندمەوە. دەقی نامیلکەکە لە چوارچێوەی باسەکەماندا بوو، بەڵام رێکوپێکتر گەڵاڵە کرابوو. تەنیا خاڵێک بە لای منەوە پەسند نەبوو، کە ئەویش چەند رەستەیەک بوو کە دژی «کۆمەڵە» نووسرابوو. من ئەو چەند رەستەیەم خەت کێشاو گوتم پێویست ناکا ئەوە بنووسینو لەو بارودۆخەدا دوژمن بۆ خۆمان بتاشین. ئەوان قەبووڵیان کردو منیش لەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵانە دەستم کرد بە چالاکی. دەگەڵ چەند هەڤاڵی حیزبی قسەمان کردو ئەوانیش رێبازەکەیان بەدڵ بوو. دەقی نووسراوەکەمان بۆ «کەریمی حیسامی» نارد، کە ئەو کاتە بەپرسی کۆمیتەی حیزبی لە مەهاباد بوو. ناوبراو پاش خوێندنەوەی، گوتبووی بە لای منەوە زۆر کەمیش نووسراوەو شتێکی پیرۆزە. دانپێداهێنانی ئەو هەڤاڵانە کە من نامەوێ لێرەدا پەنجە بۆ ناوەکانیان راکێشم، منی بۆ ئەنجامی ئەو کارە پتر هاندا، بەڵام دواجار کە بیرم لە کردەوەکان کردەوە بە هەڵەی خۆم گەیشتم.

من نەدەبوایە بەم شێوەیە خۆ لە حیزب دوور کەمەوە. پێویست بوو ئەو نووسراوەیە

بەرمە نێو بەدنەو ڕێکخراوەکانی حیزبی‌و چالاکیکی‌پتری بۆ بکەم‌و کادرێرو ئەندامانی حیزب لە کردەوەو چۆنیەتی خەباتی حیزب‌و بیروبۆچوونی خۆم ئاگادار بکەم‌و ڕاستی ڕووداوەکان‌و کێشی بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبیان بۆ لای ڕژێمی سەددام بۆ ڕوون بکەمەوەو پاشان داوای کۆنفڕانسێکی بەرین یا کۆنگرەیەکی ئاوارتە (نائاسایی) بکەم‌و حیزب تەنانەت بۆ ماوەیەک لە شەڕی چەکدارانە دوور ڕاگرم، بەڵام چونکە لام وابوو بە هەڵایسانەوەی شەڕ لەنێوان حیزب‌و حکومەتدا، دەرفەت لەکیش دەچێ، بەپەلە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێرەوی کۆنگرەی چوار دەستمان بەخەبات کردو نامیلکەی «بیروبۆچوونی بەشێک لە کادیرەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات»مان لەنێو خەڵکی شاری مەهاباددا بڵاو کردەوە.

ماوەیەک بوو کە بەناوی «پێرەوانی کۆنگرەی چوار» خەباتمان دەست پێکردبوو، کە «عەلی گەلاوێژ» تەلیفونی بۆ کردم‌و گوتی، «بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی‌و دیتنی منداڵەکانم سەفەری یەکیەتی سۆڤیەتم کردبوو.» گەلاوێژ پاشان گوتی:

- «ئەوە چت کردووەو بۆچی لە حیزب براوی‌و حیزبی تازەت دامەزراندوە. پێمخۆشە هەر ئێستا بێیە لام‌و بزانم چ قەوماوە.» من‌و عەلی گەلاوێژ لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا بەیەکەوە لە باکۆ زانکۆی سەربازیمان خوێندبوو. ناوبراو پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە سۆڤیەت مایەوەو من بۆ درێژەدا بە خەبات گەڕامەوە وڵات.

هەستام خۆم کۆ کردەوەو چوومە لای گەلاوێژو بە وردی ڕووداوی کارەکانم بۆ گێڕاوەو گوتم پاش هەوڵدانێکی زۆر نەمتوانی شوێن لەسەر هەڤاڵانی ڕێبەرایەتی حیزب دانێم‌و بە تایبەتی دوکتور قاسملوم بۆ قانع نەکراو چارم نەماو لەڕووی ناچاری حیزبم بایکۆت کرد. پاش دوور کەوتنەوە لە حیزب کاک سیراجی‌و فاروقی کەیخوسرەوی ڕایان وابوو من نابێ مەیدان چوول بکەم‌و سەرئەنجام لەگەڵ ئەوان بە ناوی پێرەوانی کۆنگرەی چوار تێکۆشانی خۆم درێژە پێدا. گەلاوێژ بە دوای تەواو بوونی وتەکانم گوتی:

- «ئەگەر من لێرە بایەم، ڕێگەم نەدەدا ئەو کارە بکەن.» گوتم:

- هەرچی بێ تازە ڕووی داوە. ئێمە بەڵکو بەرێبازی کۆنگرەی چواردا بتوانین خەڵکەکەمان لە شەڕو کوشتار دور بکەینەوە.

- «ڕەنگە خومەینی‌و بەنی‌سەدرو فروهەرو چەند کەسێکی‌تر مل بۆ پەسند کردنی چەند خاڵێک ڕاکێشن، بەڵام مەلاکانی دەوروبەری خومەینی بەتەواوی ڕەخنەیان دەکاری حکومەتدا کردوەو خەریکن دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن‌و من ئاگاداری پیلانگێری ئەوانم‌و باوەڕ ناکەم ئێوە سەرکەتن بەدەست بێنن.»

- ئێمە، لەسەر ئەو شتانەی دەبنە کۆسپی سەر ڕێگەمان، زۆر پێناچەقینین. ئەگەر چەند

خاڵێک لە داخوازەکانمان دەست بکەوێو بەمجۆرە پێش بە شەڕو کوشتار بگرین، بۆ خۆی لەو قۆناخەدا سەرکەوتنە.

من دیداری خۆمو گەلاوێژم بۆ کاک حەمەدەمینی سیراجی گێڕاوەو گوتم ناوبراو بەو کارەی ئێمە رازی نیەو دەیگوت ئەگەر من لێرە بایەم رازی نەدەبووم لە حیزبی دێموکڕات جیابنەوەو دژتان رادەوەستام. کاک حەمەدەمین بەبیستنی ئەو گوتنە سەری راوەشاندو گوتی:

- «ئەگەر من لە لای ئێوە بایەم، عەلی گەلاوێژ نەیدەتوانی ئەو قسەیە بکات، چونکە عەلی گەلاوێژ بۆ خۆی دەقی ئەو نووسراوەیەی نووسیوەو داویتە دەستی منو فاروق، کە بەناوی (بیروبۆچوونی بەشێک لە کادیرەکانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات) بڵاومان کردۆتەوە.»

هەرکە من ئەوەم لە دەمی کاک حەمەدەمینی سیراجی بیست، هەڵبەزیمەوەو گوتم:

- پیاوی چاک، ئەگەر ئێوە لەگەڵ حیزبی تودە لەژێرەوە خەریکی ئەو کارە بوون، بۆچی لەمنتان حەشارداو راستی کارەکەتان بەمن نەگوت. من رەنگە بەشێوەیەکی‌تر هەڵوێستم گرتبا؟

کاک سیراجی سەری داخستو بێدەنگ مایەوە، بەڵام ئیتر تازە کار لە کار ترازابوو. نازانم، رەنگە ئەگەر کاک حەمەدەمینیش راستییەکەی پێگوتبام، هەر ئەو رێگایەم هەڵدەبژارد، بەڵام ئەو دەبوایە راستیەکانی لەمن حەشار نەدابا.

ئەندامانی بەرپرسی کۆنگرەی چوار، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پێڕەوەی کۆنگرەی چوار، کە لێرە بەدوا بەکۆنگرەی چواریان ناو دەبەم، بۆ ئەوەی دەگەڵ باڵەکەی‌تری حیزب تووشی پێکهەڵپڕژانی چەکدارانە نەبن، بڕیاریاندا بنکەی خۆیان لە گوندی «راژان» لە نزیکی سنووری دەسکردی عێراقو تورکیە دامەزرێنن. بە هەڤاڵان گوترا هەر گیروگرفتێکیان بۆ روو بدات خۆ بگەیەننە ئەو بنکەیە، کە نزیکی مقەڕی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق بوو. پارتی بە سەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی لە هیچ بارێکەوە کۆتایی لەگەڵ نەکردینو بەو پەڕی دڵفراوانیەوە یارمەتی پێداینو پشتی گرتین.

چەند نوێنەری کۆنگرەی چوار بۆ پێوەندی بە حیزبە سیاسیەکانی دۆست، وەک «حیزبی تودە»و رێکخراوی «فیدایی‌یانی ئەکسەریەت» چوونە تاران. رێبەرایەتی کۆنگرەی چوار بۆ ئەوەی خۆی بە دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە نەبەستێتەوە، بڕیاریدا بۆ درێژەدان بە خەباتو یارمەتی کردن بە هەڤاڵانی حیزبیو ئەگەر گونجا بە خەڵکی‌تر تەنیا لەو دوو رێکخراوانە یارمەتی بخوازێ. بەداخەوە دەبێ بڵێم حیزبی تودە زۆر بەرچاو تەنگانە یارمەتی ماڵی پێدەکردینو جارجارەش رێکخراوی ئەکسەریەت یارمەتی دەداین.

## هەوڵدان بۆ وتووێژو دەسپێکردنی شەڕ

کۆنگرەی چوار بۆ نزیک بوونەو لە حکومەت و پێوەندی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی، کاک «رەحیمی قازی» دیاریکرد. کاک رەحیم تەنیا کەسێک بوو لەنێو ئێمەدا، کە بەهۆی بەشداری نەکردنی لە شەڕی سێ مانگەدا دەیتوانی ئەو ئەرکە بەملەوە بگرێ. ناوبراو لە تاران دەژیاو ئێمە لێپرسراوانی‌تری کۆنگرەی چوار بەنهێنی‌و جێگەو شوێنی ژیانمان لە تاران‌و تەورێزو ورمێ بۆ سوپای پاسداران‌و حکومەت ئاشکرا نەبوو. لە سوپای پاسدارانی ورمێ پەروەندی جاسوسی یەکیەتی سۆڤیەتیان بۆ کاک رەحیم دروست کردبوو. سوپای پاسداران ئەو کاتەو ئێستاش لە هەر شارو مەڵبەندێکدا داشەهارەی رژێمەو هەرکارێکی پێخۆش بێ دەیکات‌و لێی‌ناسڵەمێتەوەو پەکی بە قانوون‌و یاساکانی حکومەتی نەکەوتوە. سوپای پاسداران دوو ئەندامی ئێمەی بە ناوەکانی «ناسری خۆشکەلام» خەڵکی بانەو سەید «رەحیم نادر ئەحمەدی» خەڵکی مەهاباد گرت‌و بەپەلە ئیعدامی کردن. ناسری خۆشکەلام لەژێر حکومی ئیعدامدا وەسێت‌نامەیەکی نووسیبوو، کە بەدەستی ئێمە گەیشت. خۆشکەلام رایگەیاندبوو: «لەم بابەتەوە کە لە رێگای خەباتی کوردایەتی‌و بیری ئازادیخوازانە بەدەست پاسداران دەکوژرێ، گەلێکی پێ سەر بڵندە.» خۆشکەلام زۆر پیاوانە بە دروشمی بژی کوردستان‌و سەرکەوێ ئازادی گیانی لەدەستدا.

هەر لەو کاتەدا، «جەعفەری کەروبی»و براکەی بەفەرمانی قاسملو لەبەر چاوی دایک‌و خۆشکیان لە حەوشەی ماڵی خۆیاندا گوژران‌و موهندیس «فاروقی کەیخوسرەوی» ئەندامی رێبەرایەتی کۆنگرەی چوارو یازدە ئەندامی کۆنگرەی چوار بە ناوەکانی «ئەحمەدی عەزیزی» خەڵکی سەقز، «محەمەدی ماجد»، «رەحمەتی پیرۆتە سووری»، «کەریمی بیژەن»، «عەزیز محەمەد زادە»، «خالید ئیبراهیمی»، «نادر کەریمی»، «رەحمان شازدە»، «یوسف مەرزەنگ»و «کەماڵی بادینی» خەڵکی مەهابادیان گرت‌و لە یەک تا سێ ساڵ‌و نیویان لە زیندانی حیزبی دیموکراتی بەرەی قاسملودا راگرت‌و پاشان بۆ ئەوەی بەدەست کۆماری ئیسلامی ئیعدام بکرێن، فاروقی کەیخوسرەوی‌و پێنج کەس لەوانەیان بردە نزیک

پێگەی دوژمن لە گوندی «شەلْماش»و ئەوانیان بە هۆی حاجێکی خەڵکی سەردەشتێ تەسلیمی سوپای پاسدارانی سەردەشت کردەوە.

حیزبی دێموکراتی بەرەی قاسملو زۆر ناپیاوانە بەرپرسانی کۆنگرەی چواریان تاوانبار کردو خستیانە بەر تانەو توانجانو لەنێو کۆمەلانی خەڵکدا ئەوانیان بەداردەستی حیزبی تودەی ناساندو خۆیان کە داردەستی رژێمی بەعسی عێراق بوون بە پیاو چاکو دڵسۆزی کورد دانا.

سەرەرای هەمووی ئەوانەی کە پەنجەم بۆ راکێشان، بۆ ئەوەی کە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چوار بگاتە دەستی لێپرسراوانی حکومەت، ئێمە گەلاڵەیەکی هەشت مادەییمان تەسلیمی نوێنەرانی حکومەت کرد. بەشی زۆری گەلاڵەکە، دەقی گەلاڵەی شەش مادەیی حیزبی دێموکرات بوو، بەلاٚم دوو خاڵمان دەربارەی دیاردەکانی فەرهەنگیو کۆمەلاٚیەتی لێ زیاد کردبوو. بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی دوکتور رەحیمی سیفقازی (یادی بەخێربی)و کاک حەمەدەمینی سیراجی دیاریکران، کە گەلاڵەکە بەرن بۆ «هاشمی رەفسنجانی»، کە ئەو کاتە سەرۆکی پەرلەمانی ئیسلامی بوو. رەفسنجانی لە ولاٚمی ئەو دوو هەڤالانەی ئێمەدا گوتبووی:

- «من یەک لەو کەسانە بووم، کە هەمیشە گوتومە لە کوردستاندا دژی شۆرش دەبێ سەرکوت بکرێ، بەلاٚم ئێستا دەبینم ئێوە بۆخۆتان گەلاڵەیەکی قانوونی بۆ لێکۆڵینەوە ئاراستە دەکەن.»

گوتنی رەفسنجانی بە رواڵەت پێشاندەری ئەوە بوو، کە ئەو لە پەلەی لێپرسراوێکی سەرەکیو یاری نزیکی خومەینیدا ئاگاداری داخوازەکانی حیزبی دێموکرات نیەو پێشنیارو داخوازەکانی پێشووی حیزبیان پێرانەگەیاندوە. ئەوەش نیشانەی ئەو راستییە بوو، کە ئێمە رێبەرایەتی حیزب کەمتەرخەمیمان کردبوو،و داخوازەکانی خۆمان نەگەیاندبووە دەستی یارانو دۆستانی خومەینیو ئەندامانی پەرلەمانی ئیسلامی ئێران.

هەڤالانی حیزبی دێموکرات «بەرەی قاسملو»، کە زانیان ئێمە پێوەندیمان بە حکومەتو بە تایبەتی پێوەندیمان بە رەفسنجانییەوە گرتوەو بەڵێنی چاوپێداخشاندنمان لێوەرگرتووە، بۆ ئەوەی حکومەت بهاروژێنێو رێگەی رێککەوتنی ئێمەو ئەوان بگرن، گەلاڵەی شەری نێو شاری مەهابادیان دارشت. شەرێکی بێئاکام کە یازدە رۆژی خایاندو سەدان کەسی بێتاوانی تێدا کوژراو زیانێکی قورسی بەخەڵک گەیاند. کەس نەیزانی قاسملو بۆچی ئەو شەرەی سازکردو هەڤالانی ئێمە کە زۆر جاران لۆمەی کۆمەڵەیان دەکردو دەیانگوت: کۆمەڵە شەری سنەی هەلگیرساندوە، چۆن بوو ئەمجارە بۆخۆیان لە شەری مەهاباد وەردران. ئێستاش کەس

نیە، لەوانە بپرسی بۆچی پێشمەرگەتان ناردەوە نێو شار تا لەسەر بانو حەوشەی ماڵاندا سەنگەر بگرنو ببن بەهۆی تۆپ بارانی شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە.

ملهوڕانی ئەرتەشو سوپای پاسداران لەو دەرفەتەی کە حیزبی دیموکراتی بەرەی قاسملو لەنێو شاردا بۆی رەخساندن، بە تەواوی کەڵکیان وەرگرتو بۆ کورد کوشتن، کوێرانەو بە تۆپو خۆمپاران شاریان بۆمباران کردو کوڵی دڵیان دامرکاند. لە درێژەی ئەو شەڕەی حیزبی دیموکراتو کۆماری ئیسلامیدا، کە تا ئێستاش بەشێوەی کلاسیک درێژەی هەیە، خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان زیانێکی قورسی گیانیان پێگەیشتووەو نزیکەی شێست هەزار کەس گیانیان لە دەست داوەو بە بۆمبارانی فڕۆکەکانی «سەددام حوسێن»یش هەزاران کەس لەهەموو شارو گوندەکانی کوردستاندا لە «ئیلام»ەوە بگرە تا دەگاتە «ورمێ» ماڵیان وێران کراو تەنانەت شاری سەردەشت وەبەر بۆمبای شیمیایی کەوتو نزیکەی یازە هەزار کەسی لێ بریندار بوو،و ژمارەیەکی زۆریشی لێکوژرا. داخوا جبهەی شەڕی نێوان عێراقو ئێران ئەو کاتە لە کوردستاندا بوو، کە سەددام ئەو جنایەتانەی تێدادەکرد؟ حیزبی دیموکراتو دوکتور قاسملو بۆچی تەنانەت بۆ یەکجاریش بە ئاشکرا دژی کردەوەی سەددام هەڵوێستیان نەگرتو نەیانگوت ئێمە دەمانەوێ ئەو خەڵکە ئازاد بکەینو ئێوە بۆچی بە بیانووی شەڕ دەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی دەیانکوژنو شارەکانیان لێ وێران دەکەن؟

دوای هەڵایسانی شەڕی مەهاباد، ئیتر ڕژیم پشتی دە داخوازەکانی ئێمە کردو ئەستێرەی بەختی کۆنگرە چواریەکانی کوژایەوەو کۆنگرەی چوار نەیتوانی ڕێگەیەک بۆ سەلماندنی داخوازەکانی بەسەر حکومەتدا بدۆزێتەوە. لە لایەک حیزبی دیموکرات تاوانی تودەیی بوونی لە ئێمە دەداو لە لایەکیتریشەوە کاربەدەستانی حکومەت ئێمەیان تاوانبار کرد، کە گۆیا بە فێڵ لە حیزبی دیموکرات جیا بووینەتەوەو ناوی کۆنگرەی چوارمان لەسەر خۆمان داناوە، هەرچەندە تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتیش شوێنی لەسەر مێشکی لێپرسراوانی حکومەتیدانابوو، بەڵام ئەوان ئاشکرایان نەدەکرد. ئێمە بەو دوو تاوانە کەوتینە بەر راونانو وەبەر هێرشی سوپای پاسداران کەوتینو ڕژیم ئەمجارە بۆ سەرکوت کردنی گشتی بزووتنەوەکانی کورد بڕیاری دامەزراندنی سوپای «هەمزە»یدا. سوپای هەمزە، دەستی کرد بە کوشتاری گشتیو هەمە لایەنەی خەڵکو لە شارو گوندو تەنانەت لە نێو زیندانەکانیشدا دەستی لە کوشتنی رۆڵەکانی گەلی ئێمە نەپاراستو کۆنگرەی چواریش بەدوای ئەو کارەساتەدا ئیتر جێی نەما، کە لێی بمێنێتەو لە تاران، تەورێز، ورمێو راژان وەهەڵات هەڵات کەوتو هەر لەو کاتەشدا «ناسری خۆشکەلام» ئەندامی خەباتێگێڕو بەجەرگی کۆنگرەی چواریان گوللە باران کرد.

## شەڕی حیزبی دێموکرات دژی هێزی نەحۆ

دوای کۆتایی شەڕی نێو شاری مەهاباد، کۆنگرەی چوار بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک کەوتە ڕاوێژو سەرئەنجام ڕێبەرایەتیەکەی بڕیاریدا لە جیاتی خۆی ئالترناتیویەکی‌تر بدۆزێتەوەو بیخاتە گیانی ڕژێمەوە، تا بەڵکو چارەیەک بدۆزرێتەوە. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە، مەلا «کەریمی شاریکەندی»مان هەڵبژارد. بەر لەوەی کە بکەوینە شوێن مەلا کەریم، خەبەر هات، «سەننار مامەدی» فەرمانداەی هێزی «نەحۆ»و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ «جهانگیری‌سمایل‌زادە» کە ئەویش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بوو، لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی پێوەندیان گرتووەو داوای وتوویژیان کردوە. زۆری پێنەچوو «ڕەحمانی کەریمی»ش (یادی بەخێربێ) دەگەڵ ئەو دوو کەسە کەوت.

پێش ئەوەی کۆنگرەی چوار ڕێگەی خۆی لە باڵەکەی‌تری حیزب بە سەرۆکایەتی قاسملو جیا بکاتەوە، سەننارو جهانگیر بڕیار بوو لە پلونۆمی «برایمە»دا بەشداری بکەن، بەلاّم نەهاتن بەشداریان نەکرد. من لە قاسملوم پرسی بۆچی ئەو دوو کەسە نەهاتوون، قاسملو وڵامی دامەوە گوتی:

- «خۆت ئاگاداری، سەننار خۆی لە حیزب جیا کردۆتەوەو سەربەخۆیی ڕاگەیاندوە و جهانگیریش وەشوێنی کەوتوە. ناوبراو پێوەندی بە سفارەتی ئەمریکا لە «ئانکارا» گرتوەو دەڵێن پارەیەکی زۆریان داوەتی‌و گۆیرایەڵی دەفتەری سیاسی ناکات‌و خەریکی قاچاخچی هێرۆئینە.»

بەمجۆرە، سەننار لەسەر بڕیاری خۆی پێوەندی بە ڕژێمەوە گرتبوو. وتوویژی سەننارو ڕەحمانی کەریمی لەگەڵ ئایەتوڵلاّ «ئەشراقی» نوێنەرەی خومەینی لە «ڕاژان» مقەڕی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق ئەنجامی گرت. سەننارو کەریمی داخوازەکانیان دەربارەی کێشەی کوردستان پێشکەش کردبوو، کە دەقی وتوویژەکەیان لەسەر شریتێک تۆمار کراوە. هەڤاڵێکی ئەندامی کۆنگرەی چوار، کە لە دەفتەری ئەو ڕێکخراوەیە لە مەڵبەندی ڕاژان

بوو، چوو بوو که له کۆبوونەوەکەیاندا بەشدار بێ، بەڵام ئەشراقی گوتبووی من لەگەڵ کۆنگرەی چوار وتوویژ ناکەم.

کۆنگرەی چوار بە دوای هەڵویستی جیا بوونەوە لە باڵەکەیتری حیزب، بڕیاریدابوو، هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیو مشاویری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە گروپی قاسملو جیا بێتەوەو بێتە لای ئێمە بەشێوەی ئوتوماتیک لە کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چواردا جێگەی دەکرێتەوە. لەبەر ئەوە سەننار، جهانگیرو کەریمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوار دەژمێردران، بەڵام چونکە ئەو ڕەوتەیان بەشێوەی ڕەسمی پێڕانەگەیاندرابوو، ئایەتوڵڵا ئەشراقیو کاربەدەستانی ڕژیم ئاگاداری ئەم دیاردەیە نەبوون، ئەگینا ئامادە نەدەبوون لەگەڵ ئەوانیش دانیشن. گوتم حیزبی دیموکرات تاوانی تودەیی بوونی لە ئێمەدەداو کاربەدەستانی ڕژێمیش باوەڕیان بە گوتنی حیزب کردبوو، بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو،و ئێمە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بووینو سەر بە حیزبی تودە نەبووینو بە هیچ ڕژێمێکیشەوە نەبەسترابووینەوە.

پێڕەوانی کۆنگرەی چوار لە بەرەی هاوکاری حیزبی تودەو ڕێکخراوی فیدایی‌یانی ئەکسەریەتو فیرقەی دیموکراتی سەر بە حیزبی تودەدا بوو،و لە حیزبی تودەو ڕێکخراوی ئەکسەریەت یارمەتی ماڵی وەردەگرت، بەڵام لەم بابەتەوە کە نەکات حکومەتی ئێران لە حیزبی تودە دڕدۆنگ بێ، حیزبی تودە کەمتر لە ئەکسەریەت بەلای ئێمەدا دەشکاوەو کەمتر لە ساڵەکانی ۱۳۳۰-۱۳۳۲- ۱۹۵۱-۱۹۵۳ یارمەتی ماڵی دەداین. هەروەکوو پێشتر گوتم ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ نزیک بوونەوە لە حیزبی دیموکراتیش هەر بەمجۆرە ڕەفتاری کرد. حیزبی تودە سەرئەنجام لە ساڵی ۱۳٦۰- ۱۹۸۱ کەوتە بەر زەبری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە لەجێی خۆیدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشم.

ئاکامی وتوویژی سەننار دەگەڵ ڕژیم گەیشتە ئەو پلەیە کە ڕژێمی ئیسلامی ئامادە بوو هوتێلو خانووبەرە داگیرکراوەکانی سەننار لە شاری «سەلماس» بداتەوە بە بنەماڵەی ناوبراو،و پارە چوکوچۆڵی چەکدارەکانیشی بدات. کۆنگرەی چوار لەو هەلومەرجەدا بیری لەوە دەکردەوە کە بە ناردنی کادیری سیاسی بۆ نێو هێزی «نەحۆ» بەشێوازی خەباتی سیاسیو هەڵسوڕانی حیزبایەتی کار بکاتە سەر ئەندامانی بەستراوە بە سەننارو ئەوان لەژێر سەرکردایەتی عەشیرەیی سەننار ڕزگار بکات. کەریمی بۆ ئەم مەبەستە لەنێو هێزی «نەحۆ»دا هەڵدەسوڕاو چالاکی دەنواند، کە سەننار بە کردەوەو سیاسەتی کەریمیو کۆنگرەی چواری زانی.

سەننار بۆ ئەوەی پتر خۆ تەیار بکاتو تەنانەت ڕیژەی پێشمەرگەکانی بەرێتە سەر، بە

هۆی ڕەحمانی کەریمی‌یەوە کە بەرپرسی پێوەندی ناوبراو دەگەڵ پاسداران بوو، نەوەد دانە چەکی برنوی درێژی لە پاسدارانی ورمێ وەرگرت، بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە سەننار ئەو چەکانەی فرۆشتبوو. پاسدارەکان بە فرۆشی ئەو چەکانەیان زانیو ئیتر باوەڕیان بە سەننار نەماو داوایان لە ڕەحمانی کەریمی کردبوو، چەکەکان لە سەننار وەرگرێتەوە. سەننار لە بەرامبەر داخوازی کەریمی‌دا بۆ گلدانەوەی چەکەکان، هەڵوێستی توندو تیژی گرتو لە ڕژیم هەڵگەڕاوە، بەڵام بەر لەوەی بەتەواوی لە ڕژیم جیا بێتەوە، قاسملو تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو. ناوبراو پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەواو لکێکی هێزی «ئەفشین»ی سەر بەنەغەدەی ناردبوو، کە بچنە سەر سەنارو مەڵبەندی هێزی نەحۆ لە ناوبراو وەرگرنەوەو سەنناریش بە تاوانی خیانەت بگرن‌و سەزا بدەن. بەپێی ئەم بڕیارە، شەڕێکی خوێناوی لەنێوان هێزی نەحۆی سەر بە سەننارو لکی سێی هێزی پێشەواو لکێکی هێزی نەغەدە هەڵگیرساو چەند کەسی تێدا شەهید بوون‌و ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەدیل گیران.

من ئەو کاتە لە تاران بوومو هەرکە خەبەری ئەو شەڕەم بیست، بەپەلە خۆم گەیاندەوە «ڕاژان». لەو شەڕدا پێشمەرگەکانی سەر بەحیزبی دێموکرات شکابوون‌و پاشەکشەیان کردبوو، بەڵام ژمارەیەکیان بەدیل گیرابوون‌و لە لای پارتی دێموکراتی کوردستان لە ڕاژان زیندانی کرابوون. من بۆ ئازاد کردنی پێشمەرگە بەدیل گیراوەکان پێوەندیم بە کاک مەسعود بارزانی‌یەوە گرتو ناوبراویش بۆ ئەوی کە بەدیلگیراوەکان وەدەست پاسداران نەکەون، ئەوانی ئازادکرد. من دەگەڵ ڕەحمانی کەریمی چوومە بەر دەرگای زیندان‌و پاش ئەوەی ڕەحمان هەموو بەدیل گیراوەکانی ئازاد کرد و ئەوانی گەڕاندەوە بۆ لای حیزبی دێموکرات لەوێ مامەوە.

لەو شەڕە گەلاوەدا، کە قاسملو لێپرساوی بوو، سەننار هێندێک جێگەی خۆی گرتەوە. سوپای پاسداران بەر لە شەڕەکە بە نیشانەی حاکمەیەتی بەسەر ناوچەی سەنناردا بنکەیەکی پێنج کەسی لە مەڵبەندی هێزی نەحۆ دانابوو، کە ئەندامەکانی ئەو بنکەیە کاتی شەڕەکە، فیشەکو تەقەمەنیان گەیاندە سەننارو بە تەواوی پشتیان گرت. هەروەها لە کاتی شەڕەکەدا چەند کادیری کۆنگرەی چواریش لەنێو هێزی نەحۆدا بەرپرسی کاری سیاسی‌و دانانی شانەو ڕێکخستنی پێشمەرگەکان بوون، کە بەداخەوە ژمارەیەکیان لەو شەڕە وەردران‌و جگە لەوان پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتیش بە هاواری سەننارەوە چووبوون. بەشداریکردنی پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات لەو شەڕەدا لەسەر داوای کەریمی ئەنجامی گرتبوو، ئەگینا پارتی بە هانای سەننارەوە نەدەچوو،و ئەوەی ڕاست بێ ڕۆڵی ئەسلی

شەڕەکە پێشمەرگەکانی هێزی نەحۆ گیراپانو زۆر پاڵەوانانە شەڕیان کرد.

کاتی هێرشی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بۆ سەر هێزی نەحۆ، سەننارو جهانگیری سمایل زادەو ڕەحمانی کەریمی وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی پێرەوی کۆنگرەی چوار دەژمێردران، بەڵام چونکە ئەو هێزە لە ناکاو وەبەر هێرش کەوتبوو،و شەڕ هەڵگیرسابوو، لێپرسراوانی کۆنگرەی چوار نەیانتوانی پێش بەشەڕەکە بگرن.

بەدوای ئەو ڕووداوە تاڵو ناڵەبارەدا، سەننار بەتاوانی فرۆشتنی نەوەد چەکی ڕژیم کەوتەوە بەر تۆڵەی پاسدرانو ئەوان سەرلەنوێ هۆتێلەکەیان لە «سەلْماس» لێ داگیرکردەوە. سەنناریش چونکە پێشمەرگەکانی هێزی «نەحۆ» گەلێکیان ڕێز لە ڕەحمانی کەریمی دەگرت، دژی ڕەحمان بەرقدا کەوت. ڕەحمان کادیرێکی ئازاو نەترس بوو. ئەو هەمیشە لە شەڕەکاندا لە ریزی یەکەمی پێشمەرگەکاندا بوو،و سەننار نەیدەوێرا زۆر خۆی دەشەڕ وەردا. بەو بۆنەوە سەننار بیانووی بە ڕەحمان گرتو دادگایەکی بە ئەندامەتی جهانگیری سمایلزادەو چەنگیزی کوڕیو کۆنە بەگێکی‌تری ئەو مەڵبەندە پێکهێناو بەشێوەی کۆنەپەرەستەکانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستانی داگیرکراودا، ڕەحمانی بە مەرگ محکوم کردو پاش کوشتنی، تەرمەکەیان هاویشتە دەرەوەی «چیهریق». سەننار پاش ئەنجامی ئەو کارە ناپیاوانەیەو فکر لە دەربازکردنی خۆی دەکاتەوەو بەو پارانەی کە لە فرۆشتنی چەکەکانی هێزی «نەحۆ»و کۆماری ئیسلامی وەدەستی هێنابوو، خۆ دەرباز دەکاتو دێتە ئورووپا. کردەوەی نامرۆڤانەی سەننارو هەڤاڵانی بە پێچەوانەی هەموو دابو نەریتێکی کوردەواری بوو، چونکە کورد میوانی خۆی لە ماڵی خۆیدا ناکوژی، بەڵام سەننار لاسای «سمایل ئاغای سمکۆ»ی کردەوەو وەک ئەو کە «مارشیمۆن»ی میوانی بە پیلان کوشتو هیچی پێنەبڕا، ئەویش لە کوشتنی کەریمی هیچی دەست نەکەوت.

## مەلا کەریمی شاریکەندی

هێزی نەحۆ بەمجۆرە شێواو لە دەست کۆنگرەی چوار دەرچوو. پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەو شەهید بوونی ڕەحمانی کەریمی «یادبەخێر»، کۆنگوەی چوار هەوڵی‌دا مەلا «کەریمی شاریکەندی» هانبدات ڕێبازی کۆنگرەی چوار بگرێتە بەرو بۆ چارەکردنی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی ئێران وتووێژ بکات. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، کۆنگرەی چوار کادیرێکی دەفتەری سیاسی نارده لای مەلا کەریمو داوای لێکرد، قۆڵ هەڵماڵێو بکەوێتە

شوێن ئەو هەنگاوانەی کۆنگرەی چوار لەگەڵ سەرانی رژێمی کۆماری ئیسلامی هەڵیگرتبوو. کادیری ئێمە بە وردی باسی پێوەندی نێوان کۆنگرەی چوارو کاربەدەستانی رژێمی بۆ مەلا کەریم کردبوو،و دەقی داخوازەکانی بەنووسراوە دابوویەو پێیراگەیاندبوو، پێرەوانی کۆنگرەی چوار پشتی دەگرنو لە بەرامبەر لایەنگرانی قاسملودا دەیپارێزنو ئەویش نابێ لەو ترسە کە بێحورمەتی پێبکرێ، گوێ بداتە بەیتو باوی لایەنگرانی قاسملوو شێخ عیزەددین لە خزمەت کردن بە نەتەوەکەی دووره پەرێزی بکات. مەلا کەریم چونکە مەلایەکی بەهەستو نیشتمان پەروەر بوو، خەڵک رێزیان لێدەگرتو حکومەتیش شتێکی لەسەر نەبوو، کە بیانووی پێبگرێو مارکی لێبداتو بە نۆکەری بەعسو چەپو کومونیستی بزانێو کۆنگرەی چواریش بە لەبەر چاو گرتنی ئەو دیاردانەو رادەی لێهاتوویو کەسایەتی زەقی ناوبراو لەنێو خەڵکدا، ئەوی هەڵبژارد.مەلا کەریم زۆر بە ئاسانی ملی بۆ پێشنیاری کۆنگرەی چوار راکێشاو داوای کرد کۆنگرەی چوار خۆ بکشێتە دواوەو کارەکان بەو بسپێرێ.

مەلا کەریم چەند مەلای سوننی کۆ کردەوەوو دەقی پێشنیارەکانی کە رەنگی ئیسلامی پێدابوون، بۆ خوێندنەوەو پاش راکێشانی رای ئەوان بۆ لای ئەو پێشنیارانە، بۆ وتوێژ دەگەڵ حکومەت هەوڵدەداتو سەرئەنجام کۆڕی مەلا کەریم دەچنە تارانو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی وتوێژ دەکەن. نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پاش باسو لێکۆڵینەوە لەسەر گەلاڵەی ئامادە کراوی کۆڕی مەلا کەریم، بە ناوبراو رادەگەیەنن: «دەوڵەت گەلاڵەی ئێوە پەسند دەکات. بەڵام پێویستە هێندێکی‌تری وتووێژو لێدوان لەسەر بکرێو بەر لەو وتووێژەش پێویستە ئەندامانی کۆڕی مەلا کەریم بچنە ناوچە کوردنشینەکانو کۆڕی بەرفراوان لە مەلا ردێن سپی‌یەکانو خەڵکی‌تری کوردستان پێک بێننو رای ئەوانیش وەرگرنو پاشان بگەڕێنەوە بۆ تاران.» مەبەستی دەوڵەت ئەوە بوو، قەوارەیەکی نوێی نوێنەرایەتی لە هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی کورد پێکبێنێ، بەڵکو بەشێوەیەک لەگەڵیان پێکبێو خۆی رزگار بکات، بەڵام دەگەڕانەوەی مەلا کەریمدا لایەنگرانی حیزبی دیموکراتو کۆمەڵەو شێخ عیزەددین دژی ناوبراو دەست دەکەن بە پروپاگندەو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. سەرئەنجام بەر لەوێ کە حیزبی دیموکرات دەسبەکار بێ، «کۆمەڵە» دەست پێشدەخاتو ئەو ئەرکە ناشۆڕشگێرانەیە بەمل دەگرێ. لەسەرتای نەورۆزی ساڵی ۱۳٦۱-۱۹۸۲دا، لە کاتێکا مەلا کەریم پاش تەواو بوونی نوێژی بەیانی خەریکی گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی دەبێ، لە حەوشی مزگەوتی «مەولەوی» شاری مەهاباد بە هۆی ئەندامێکی تیرۆر کرا. کۆمەڵە کاتێک بە دوای ئەو کردەوە ناجوانمێرانەیەدا ئاگاداری قێنو

تورەیی خەڵک دەبێ، لە بەیاننامەیەکدا حاشای لە کوشتنی مەلا کەریم کرد. بەدوای ئەو کارەساتەدا، رژێمی کۆماری ئیسلامی «قەرارگای هەمزە»ی دامەزراندو فەرمانی سەرکوت کردنی کوردی کردە پرۆگرامی رۆژی خۆیو زۆر بێبەزەیانە دەستی لە ئەندامی هێزە ساسیەکان وەشاندو تەنانەت گەلێک خەڵکی بێلایەنیشی شەهید کرد.

کۆنگرەی چوار پاش ئەو رووداوە پتر دەفکری خۆ حەشاردان کەوتو خۆی بۆ هێرشی حکومەت ئامادە کردو چاوەڕوانی رووداوێکیتر بوو، کە ئەم هێرشە بۆ سەر رێکخراوەسیاسییەکانیتری ئێرانی دەسپێکراو رژێم جەماوەرێکی لە ئەندامانی گروپە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان گرتو ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی رێبەرایەتی حیزبی تودەو کادیرەکانی ئەو حیزبەو رێکخراوەکانیتر گوللەباران کرد.

ئەندامانی بەرپرسو کادیرەکانی کۆنگرەی چوار بەر لەوەی کە دەستی رژێمیان بگاتیو رژیم بتوانێ دەستیان لێبوەشێنێ خۆیان دەربازکردو چوون لە «راژان» یەکیان گرتەوەو بەرەو چیاکانی ناوچەی «لۆلان» هەڵکشان. لەم شوێنە، بە یارمەتی حیزبی شیوعی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان گرتەوە. هاوکات دەگەڵ دەرچوونی ئەندامانو بەرپرسانی کۆنگرەی چوار، ژمارەیەکیش لە کادیرەکانی «حیزبی تودە»و رێکخراوی «فیدایییانی ئەکسەریەت»یش خۆیان گەیاندە ئەو ناوچەیەو ئەم سێ رێکخراوەیە لە دوورو نزیکی یەک جێیان گرت. چاکەو یارمەتی مرۆڤانەی حیزبی شیوعی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

پاش ئەو گشتە بەسەرهاتە تاڵەو هەڵەو نەزانی کارییە، داخوا حیزبی دیموکراتو کۆمەڵە هیچ ئاوڕ لە رابردوو دەدەنەوەو کردەوەکانیان هەڵدەسەنگێنن‌و دان بەراستیو حەقیقەتدا دەنێن؟!

## سەفەر بۆ ئوورووپا

هەروەکوو پێشتر گوتم کۆنگرەی چوار بە مەبەستی رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتو کۆتایی هێنان بە شەڕی بێئاکام گەلێکی هەوڵدا. لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێرەوی کۆنگرەی چوار، لە گۆلانی ١٣٥٩-١٩٨٠دا، ئەو رێکخراوەیە یەکەمجار پێوەندی بە سەرۆکی پەرلەمانی ئێران «هاشم رەفسنجانی»یەوە گرت. ناوبراو بەرواڵەت داخوازەکانی کۆنگرەی چواری پێ ماقوول بوو. لێپرسراوانی کۆنگرەی چوار

هیوادار بوون، بتوانن به گۆڕانکاریەکی کەم لە گەلاڵەی «شەش مادەیی» حیزبی دێموکراتدا، لەسەر ئەو گەلاڵەیە لەگەڵ دەوڵەت ڕێککەوی و بەر بەکوشتو کوشتاری گەلی کورد لە کوردستاندا بینێ، بەلاّم هەڤالانی باڵەکەی‌تری حیزبی دێموکرات لە لایەک بە هەلاّیساندنی شەڕ لەنێو شاری مەهابادو شوێنەکانی‌تری کوردستاندا بوونە هۆی بەقین‌داچوونی کاربەدەستانی حکومەتی‌و ئەوانیان تووڕە کردەو لە لایەکی‌تریشەوە بۆ ئەوەی دەوڵەت بڕوا بە کۆنگرەی چوار نەکات، دەستیان کرد بە تاوانبار کردنی پێڕەوانی کۆنگرەی چوارو کۆمونیستو تودەیی‌یان وەپاڵ ئەندامانی خست. ئەوان بەو کارەیان نەک هەر بیروبۆچوونی دەوڵەتیان لە بەرامبەر ئێمەدا گۆڕی، بگرە خەڵکی خۆمانیشیان لێ دڕدۆنگ کردین. کاربەدەستانی تاران لە ئەنجامدا بەو ئاکامە گەیشتبوون کە کۆنگرەی چوار پیلانێکی سازکراوی یەکیەتی سۆڤیەتەو حیزبی تودە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلاّت لە ئێراندا، لە هەرێمی کوردستان، کۆنگرەی چواری دامەزراندوەو دەوڵەتی ئێران بەبیانووی کۆمونیستی پشتی دەکۆنگرەی چوار کردو باوەشی بۆ باڵەکەی‌تری حیزبی دێموکراتیش نەکردەوەو ئەوانیشی بە نۆکەری بەعسی عێراق دەزانی. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، کۆنگرەی چوار دەرفەتی بۆ نەماو باڵەکەی‌تری حیزبیش بەسەرۆکایەتی قاسملو بەرە بەرە توانای کەم بۆوەو سەرئەنجام بەدوای گیرانەوەی ناوچەی «ئالان» لە ساڵی ١٣٦٣-١٩٩٤دا، ڕێبەرایەتیەکەی بەیەکجاری پەنای بۆ خاکی عێراق بردو کوردستانی ژێر دەستی ئێرانی بەجێهێشتو چی دەست نەکەوت.

ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەی چوارو حیزبی تودەو ڕێکخراوی ئەکسەرییەت لە چیاکانی باشوور لە لای حیزبی شیوعی پتر ٣٠٠ کەس بوون، کە ئەو حیزبە ژیانی بۆ دابین دەکردن‌و پارتی دیموکراتیش ژیان‌و ئاسایشی بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەی چواری بەملەوە بوو.

کادیرو ئەندام‌و بەرپرسانی کۆنگرەی چوار لە چیا پاش نزیکەی ساڵێک هاتنە سەر ئەم باوەڕە کە کۆنگرەی چوار ئیتر ماناو نێوەرۆکی خۆی لە دەست داوەو دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. چونکە هیچکام لە ئەندامانی کۆنگرەی چوار بڕوایان بە ڕژێمی عێراق نەبوو،و پێشتر بەهۆی پێوەندی باڵەکەی‌تری حیزب بە ڕژێمی عێراق، لە حیزب جیا ببوونەوەو ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە لای ئەم باڵەی حیزب، کە سەرۆکەکەی قاسملو بوو. ئەوان هەروەها باوەڕیان بە بەردەوام بوونی شەڕی چەکدارانەش نەبوو،و تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکیان خاوەنی ئەو بیرەش بایەن، بەهۆی بێدەرەتانی‌و لەدەستدا نەبوونی چەکووچۆڵ، دەرەتانی شەڕی چەکدارەنەشیان نەبوو. ئەو بارودۆخە ئاڵۆزو شپرزەیەی کە بەسەر کۆنگرەی چواردا سەپابوو، ڕێبەرایەتی کۆنگرەی چواری ناچار کرد، بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژیان‌و

خەباتیان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردە نارِوونو نالەبارە، نوێنەر بنێرێتە ئوروپا، تا بەڵکو بە یارمەتی سەرۆکایەتی حیزبی تودەو حیزبی شیوعی دەرەتانێک بۆ ئەندامانی جێگیری کۆنگرەی چوارو حیزبی تودەو رێکخراوی ئەکسەرییەت لە چیا بدۆزێتەوە. بڕیار ئەوە بوو، کە نوێنەری ناردراو پێشنیار بە حیزبی تودەو حیزبی شیوعی بکات، ئەو جەماوەرە بەشێوەیەک بنێردرێنە «یەمەن دیموکراتی» ئەو کاتو تا روون بوونەوەی بارودۆخی داسەپاو لەوێ بمێننەوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا، من دیاریکرام بچمە ئوروپاو لەوێ روو بکەمە رێبەرایەتی حیزبی تودەو حیزبی شیوعیو بۆ ناردنی ئەو هەڤاڵانە یارمەتیان لێبخوازم. چونکە ئەنجامی ئەو مەئمورییەتە بە تەنیا دژوار بوو، داوام کرد دوو کەسم لەگەڵ بێ، کە کاک حەمەدەمینی سیراجیو «نەویدی موعینی» دیاریکران. بۆ گەیشتن بە ئوروپا داوای یارمەتیمان لە پارتی کرد، کە نوێنەرانی کۆنگرەی چوار بگەیەننە سوریەو لەوێوە بەهۆی حیزبی شیوعی بۆ ئوروپا دەرباز بکرێن.

نامەوێ باسی رێپێوان بە سنوورە دەسکردەکانی ئێران، عێراق، تورکیەو سوریەو سەختیو دژواری رێگاو سەرکەوتنو دابەزین لە چیا بەرزەکانو دۆڵو شیوە تەنگەبەرەکان بکەمو مەترسی «قەرەقۆل»و بۆسەی ژاندارمەی تورکو هەڵفرینی پەیتا پەیتای فرۆکەو هێلیکۆپترەکانی عێراقی بەسەر ئەو مەڵبەندەدا بخەمە بەرچاوی خوێنەر، بەڵام ئەوەندە باشە مرۆڤ دژواری ئەم رێپێوانە بۆ کەسێکی ٥٥ ساڵە بخاتە بەرچاو کە ٢٥ ساڵی ژیانی لە زینداندا تێپەڕ کردبێ. هەروەها گەرەکم نیە لە چۆنیەتی گەیشتن بە سوریەو سێ مانگ مانەوەم لە «دیمیشق»و دەرباز بوونم لەو جێیە بۆ ئوروپا بدوێم، کە دەبوایە دژوارییەکەی بە ئەستۆ بگرم، بەڵام پێویستە خوێنەر بزانێ کە منو هەڤاڵانم بە هۆی یارمەتی حیزبی شیوعی عێراق دەربازی «چیکوسلۆڤاکیا» پێشوو بووین.

ئێوارەی رۆژی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢-١٩٨٣ کە زەختی سەرما وەک تیر لەشی مرۆڤی دەئەنجنی، ئێمە گەیشتینە فرۆکەخانەی «پراگ». عەلی خاوەری لەگەڵ ئەندامێکی حیزبی کومونیستی چیکوسلۆڤاکی بە ناوی «نواک»، کە بەرپرسی پێوەندی حیزبو دەوڵەتەکەیان لەگەڵ حیزبی تودە بوو، لەوێ چاوەڕوانمان بوو. نواک ئینسانێکی مێهرەبان بوو،و بە رادەی توانای یارمەتی دەکردین، بەڵام وەک زۆربەی فەرمانبەرەکانی حیزبی کومونیستی وڵاتانی بەناو سوسیالیستی بە تایبەت یەکیەتی سۆڤیەتی، بەبێ پرسی حیزبەکەی قامکی لە ئاو نەدەنا.

من، لە کۆنەوە دووراو دوور بە بیروبۆچوون لایەنگری وڵاتانی سوسیالیستی بووم، بۆیە

هەرکە پام نایە نێو چیکوسلۆڤاکی‌و هیوادار بووم بتوانم ئاواتە نەتەوەیەکانم بێنمەدی. لام وابوو گشت دەوڵەتە سوسیالیستەکان بەراستی لایەنگری نەتەوەکانی کۆلۆنی‌و ژێرچەپۆک‌و بە تایبەتی نەتەوەی کوردن، کە بە درێژایی مێژوو ژێر دەست‌و چەوساوەیە. پاش ئەو ماوە دوورو درێژە لە چیکوسلۆڤاکی پشووم هاتەوە بەرو پڕ بەدڵ گوتم ئۆخەیش لە بەندی گرانی زاڵمان‌و فەزای خنکاوی ئێرانی دیکتاتۆر رزگارم بوو،و لێرە کۆڵە باری هیواو ئومێدم لە پشت دەکەمەوەو لەو وڵاتە سوسیالیستی‌یە خزمەتێکی هەرچەندە کەمیش بێ، بۆ گەلەکەمی ئەنجام دەدەم.

پێشتر عەلی خاوەریم دەناسی. ئەویش لە سەردەمی پاشایەتی ئێراندا، نزیکەی پازدە ساڵی زیندانی کێشابوو،و گەلێکی رەنج‌و ئازارو ئەشکەنجە بینی‌بوو،و لەگەڵ «پەرویزی حکمەت‌جو» لە دادگای سەربازی ئێراندا بە ئیعدام مەحکوم کرا، بەلام ئیعدامیان نەکرد. من کاتی زیندانیم قەت لەگەڵ خاوەری رووبەروو نەبووم، چونکە کاتێک ئەو لە تاران زیندانی بوو، من لە «بەرازجان» بووم‌و ئەو کاتەش کە من هاتمەوە زیندانی تاران، وەک بزانم ناوبراو لە زیندانی «بەندەر عەباس» یان «ئیسفەهان» بوو. دوای ئازاد بوونم لە زیندان، لە ساڵی ۱۳۵۷-۱۹۷۸، چووم بۆ ناوەندی حیزبی تودە لە تاران، کە چاوم بە «رەزا شلتوکی» (یادی بەخێربێ) بکەوێ، کە ناوبرام دیت.

لام وابوو عەلی خاوەری دەبێتە پاڵپشتم‌و لە سۆڤیەت‌و چیکوسلۆڤاکیا پشتی داخوازەکانم دەگرێ، بەلام زۆری نەخایاند، کە کارو کردەوەی ئەو کەسەم بۆ روون بۆوە. لە کۆبوونەوەیەکدا، کە لە هۆتێلی حیزبی کومونیست ئەنجامی گرت‌و «نواک» نوێنەری حیزبی کومونیستی چیکوسلۆڤاکیشی تێدا بەشدار بوو، مەبەستی خۆم لە هاتن بۆ چیکوسلۆڤاکی بە «خاوەری»‌و «سەفەری» راگەیاند. سەفەری تورکی ئازەربایجانی ئێران بوو. ناوبراو بە دوای هەرس هێنانی کۆماری ئازەربایجاندا خۆی گەیاندبووە ئازەربایجانی سۆڤیەت‌و لەوی پێگەیشتبوو،و تا رادەیەک ببۆە تیئوریسینی حیزبی تودەو لە لایەن کاربەدەستانی باڵای حیزبی کومونیستی سۆڤیەتەوەش زۆری حورمەت لێدەگیراو هەر ئەمەش وای لێکردبوو، گوێ بۆ بڕیارەکانی حیزبی شل نەکات‌و ئینسانێکی سەرەرۆ، دیکتاتۆر بوو. پاش کورتە لێدوانێک لەسەر داخوازەکانم، سەفەری لە کاتێکا زەردەخەنەی لەسەر لێوەکانی بوو، گوتی: «هاورێێن‌و هەموو شتێک جی‌بەجێ دەبێ.» عەلی خاوەریش قسەی دەمی ئەوی قۆستەوەو گوتی:

- «دڵنیابە ئەوەی لەدەستمان بێ کۆتایی ناکەین. ئێمە تۆمان لە ئاسمان دەویست‌و ئێستا لە زەوی چەنگمان کەوتووی‌و ئەوە بۆ ئێمە سەرکەوتنە.» لەپێوەندی دواییدا لەگەڵ عەلی خاوەری دەقی داخوازەکانم پێراگەیاندو گوتم:

- پاش هێرشی چەکدارەکانی خومەینی بۆ سەر ڕێکخراوە سیاسییەکانو گیرانی زۆربەی لێپرسراوانی حیزبە سیاسییەکان، ئێمە لێپرسراوانی «پێڕەوانی کۆنگرەی چوار» لە تاران، تەورێزو ورمێ خۆمان لە ڕژێمو پاسدارەکانی دەپاراستو بەنهێنی دەژیانو بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا دەگیری ڕژیم نەکەوینو مەترسی بۆ خۆمانو ئەندامەکانمان نەرەخسێ، بنکەیەکمان لە سەرسنوور دانابوو، بەڵام بەداخەوە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بەو کشتە ئەزموونو بەسەرهاتانەی، مەشووری نەخواردو هەموو شتێکی ئاوەڵەو بەرەڵڵا بوو،و بایی بەکاری نهێنی نەداو بەئاسانی لە داوی ڕژیم کەوتوو،و تاقی لێدەرنەچوو. هەرچەندە، ئێمەش هێندێکمان زیان پێگەیشتو هەڤاڵی بەرپرسمان «ناسریخۆشکەلام» لە بانە کەوتە داوی ڕژیمو ئیعدام کراو هەڤاڵێکی‌تریشمان سێ ساڵ گیراو سەرئەنجام هەڤاڵێکی‌ترمان بەناوی «حەسەنی حاتەمی» کەوتە بەر شکەنجەو ئازاری پاسداران، بەڵام باقی ئەندامان لەسەر تێبینی پاشەرۆژ توانیان خۆ بگەیەننە دەرەوەو دەربازبن. عەلی خاوەری لە وڵامی مندا گوتی:

- «ئێوە لە لایەک چونکە کوردنو زۆرتان بڕوا بە ڕژێمەکانی ئێران نیەو بە شێوەی سروشتی لە ماری ڕەشو سپی دەترسێن، زوو دەسڵەمێنەوە، بۆیە تێبینی دوارۆژتان لەبەر چاو بووەو لە لایەکی‌تریشەوە ئێوە شارەزای سنوورەکانی جیاوازی مەڵبەندنو هاووڵاتیو لەو بەری سنوور، واتە سنووری عێراقو تورکیە هەیەو دەتوانن لە چۆنیەتی جوغرافیای هەڵکەوتوو کەڵک وەرگرن، بەڵام هەڤاڵانی ئێمە لەو هەستو دەرفەتانە بێ‌بەش بوون. سەرەڕای ئەوەش دەبوایە تێنی دوارۆژیان لەبەربێ‌و هەموو شت ئاشکرا نەکەن، بەڵام ئێتر ئەوە ببێت بە ئەزموون بۆ دوارۆژ.»

خاوەری لەمە زیاتر پێیەوە نەچوو،و نەیویست هەڤاڵانی سەرکۆنە بکاتو هەڵەکانیان شی کاتەوە. لە درێژەی ئەو باسەدا، من ئاماژەم بە هەڤاڵانی ئاوارەم لە چیاکانی باشووری کوردستان کردو گوتم:

- جەماوەرێکی زۆر لە هەڤاڵانی حیزبی ئێوەو ڕێکخراوی فیدایی‌و هەڤاڵانی ئێمە کە سەرجەم ژمارەیان لە سێ‌سەد کەس تێدەپەڕێ، لە چیاکانی باشووری کوردستان بێ دەرەتانو بوونەتە سەرباری حیزبەکانی عێراقی‌و دەبێ تاکو بڵاوەیان نەکردوەو نەرووخاون، چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. خاوەری گوتی:

- «بەرای تۆ چۆنو بە چ شێوەیەک دەتوانین یارمەتیان پێبکەین؟»

- بە ڕای من ئێوە دەبێ بەناوی حیزبی تودە دەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت پێوەندی بگرنو بە یارمەتی ئەوان «یەمەنی باشوور» واتە «یەمەنی دیموکراتی» ڕازی بکەن، کە بەرە بەرە

ئەو هەڤالانە بچنە ئەو ولاتە. ئەو کارە دەتوانێ لە دوا رۆژدا یارمەتی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گشت ئێران بکاتو ئەو ئەندامانە کە سەرمایەی دوا رۆژن لەوێ پەروەدە بکرێن. تا جێبەجێ کردنی ئەو کارە، ئێوەو رێکخراوی ئەکسەرییەت دەبێ یارمەتی بە حیزبی شیوعی عێراق بکەن، کە ئەو حیزبە بتوانێ خەرجی خواردنو خۆراکو پێداویستیەکانی‌تری ئەو هەڤالانە دابین بکات. عەلی خاوەری بە روالەت پێشنیارەکانی منی بەدڵ بوو، تەنانەت گوتی:

- «پێشنیارێکی باشنو من هەولیان بۆ دەدەمو لێرە لە «پراگ» لەگەڵ هاورێیانی حیزبی شیوعی دەدوێمو داوای لێدەکەم بە یارمەتی «عادڵ» یەکێک لە لێپرسراوانی حیزبی شیوعی کە ئێستا لە «سوریە»یە، تەرتیبی گواستنەوەی هەڤالانیان لێوەرگرم. دڵنیابە ئەو کارە دەکەم، بەلام ئێستا لەو هەلومەرجەدا ئێمە لێپرسراوانی رەسمی‌مان دیار نیەو بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی حیزب دیاری بکەین، خەریکێن «پلونۆمی هەژدە» دەگرین. ئەوە رەنگە چەند مانگێک بگرێ.» لە ولامدا گوتم:

- کە وابوو ئێمە دەبێ چەند مانگ لێرە چاوەروان بین.

- «رەنگە هەروا بێ، بەلام من لە ئێستاوە دەکەومە هەولی جێبەجێ کردنی پێشنیارەکانت.»

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش راکێشم، کاتێک منیان لە چیاوە دیاریکرد بچمە ئوروپاو رێگە چارەیەک بۆ هەڤالان بدۆزمەوە، بەو زانیارییە، کە پێوەندیگرتن لە ئوروپاوە بۆ چیا دژوارە، داوام لە کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوار کردو گوتم چونکە رێگە دوورەو رەنگە پێوەندیگرتن بە ئێوە دژوار بێ، هەڤالان دەسەلاتم بدەنێ، کە دەستم بۆ بریارداندا ئاوەڵە بێو سەرگەردان نەبم. ئەوە بوو کە هەڤالان دەسەلاتی تەواوی بریاردانیان پێدام.

## چوونی پێرەوانی کۆنگرەی چوار بۆ نێو حیزبی توده

رۆژێک، «نواک» بەرپرسی پێوەندی حیزبی کومونیست چیکوسلۆڤاکیا دەگەڵ حیزبی توده پێیراگەیاندین، ئەو هۆتێلەی کە ئێمەی تێدا بووین، نوێ دەکەنەوەو پازدە رۆژی دیکە راماندەگوێزن بۆ هۆتێلێکی تازەی حیزب. شەوێک لە هۆتێلی تازە، لە هۆدەی تایبەت بەخۆم دانیشتبوومو تەماشای تلویزیۆنم دەکرد، کە لە دەرگایان‌دا. دەرگام کردەوە، دیتم خاوەریو سەفەری وەژور کەوتن. لە لێدوانێکدا سەفەری گوتی:

- «ئێوە شەش مانگە چاوەروانی پێکهاتنی پلونۆمی ئێمەن. پلونۆم بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێکهاتو خاوەری بوو بە دەبیری یەکەمی حیزبو منیش دەبیری دووهەممو ئێستا ئێمە دەتوانین وەک بەرپرسانی حیزبی توده لەگەڵ ئێوە قسە بکەینو لەسەر تێبینی‌یەکانی ئێوەو هێندێک مەبەستی‌تر بڕیار بدەین، بەلاّم داواتان لێدەکەین جارێ ئەم باسو لێدوانەی ئێمە لای کەس مەدرکێننەو با کەس پێ‌نەزانێ، کە ئێمە هاتووینەتە لای تۆ.» خاوەری سەری قسەی کردەوەو گوتی:

- «ئێمە وەک حیزبی توده بڕیارمانداوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو سکرتێری ئەو حیزبە دوکتور «قاسملو» بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو هەوڵ بدەینو دەمانەوێ لەم بارەدا بیروڕای تۆش بزانین.» لە وەلاٌمدا گوتم:

- ئەوەی راست بێ، من پڕ بەدڵ پێمخۆشەو پشتیوانیش لەو هەنگاوە دەکەم. پێشتر یانی ئەو کاتەی کە ئێمە لە ئێران بووین، دوکتور قاسملو لەمنی ویست حیزبی دێموکراتو حیزبی توده لێک نزیک بکەمەوە، بەلاّم «کیانوری» لەسەر بەرژەوەندێکی تایبەتی ملی نەدا. ئەمڕۆکە، کە قاسملو هەوڵدەدا لە حیزبی توده نزیک بێتەوەو بەرەیەکی یەکگرتووی دێموکراتی پێکبێنێ، دەرفەتێکی مێژوویی‌یەو دەبێ بەگورجی بیقۆزنەوە. سەفەری گوتی:

- «هەڤاڵ، ئەگەر ئێمە ئەو بەرەیە پێکبێنین، رەنگە پێویست نەبێ هەڤالاٌنی چیا راگوێزینو ئەوانیش دەبێ لەو بەرەیەدا بەشداری بکەن.» لە وەلاٌمدا گوتم:

- من لە لایەن هەڤالاٌنی خۆمەوە دەسەلاٌتم پێدراوەو دەتوانم کاتی پێویست بڕیار بدەمو

پێتان رادەگەیەنم ئێمەش وەک پیرەوانی کۆنگرەی چوار ئامادەین لەو بەرەیەدا بەشدار بین.
سەفەری کە دەتوانم بە راشکاوی بڵێم بەرپرسی سەرەکی حیزبی تودەو باوەرپێکراوی تەواو عەیاری یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، لە وڵامی مندا گوتی:

- «بەداخەوە یەکێک لە مەرجەکانی دوکتور قاسملو بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئێمەو بەشداریکردنی حیزبی دێموکرات لەو بەرەیەدا هەڵوەشان یاخود گۆڕینی ناوی پیرەوانی کۆنگرەی چوارەو دەڵێن تا کۆنگرەی چوار بمێنی حیزبی دێموکرات ئامادەی بەشداریکردن لەو بەرەیەدا نابێ. ئێستاش وەک بۆ خۆت دەڵێی پێشتر زۆرت بایەخ بە پێکهاتنی بەرەیەکی ئەوتۆ داوە، پێویستە بڕیار بدەی کە چۆن دەتوانی نەبی بە کۆسپی سەر رێگەی پێکهاتنی ئەو بەرەیە.» لە وڵامی ویستی سەفەری‌و خاوەریدا گۆتم:

- من پێکهاتنی بەرەیەکی کوردی‌و حیزبی تودە زۆر بە قازانجی گەلی کوردەو حیزبی تودە دەزانم. لەو رێگایەوە یەکیەتی سۆڤیەت دەبێتە پاڵپشتی ئەو بەرەیەو ئاواتی لەمێژینەی من بەجێ دەگات، کە یەکیەتی سۆڤیەت پاڵپشتی گەلی کورد لە ئێراندا بێ، بەمجۆرە چۆن دەتوانم ببم بە کۆسپی سەر رێگەی ئەو ئاواتە لەمێژینەیەو پشت لەو دیاردە گرنگە بکەم. خاوەری‌و سەفەری بە بیستنی ئەو قسانە گەلێک خۆشحاڵ بوون‌و خاوەری گوتی:

- «ئێمە هەر چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکردی، بەڵام چۆن‌و بەچی رێگەیەکدا دەبێ ئەو دیاردەیە چارەسەر بکەین. ئێمە وەک حیزبی تودە رامان وایە تۆ دەبێ لە پلەی هاوڕییەکی خاوەن رابردوودا نەخشت هەبێ لەو بەرەیەدا. بە رای ئێمە تەنیا رێگەش ئەوەیە کە پیرەوانی کۆنگرەی چوار تێکەڵی بەرەی ئێمە بن‌و بەمجۆرە لەسەر رێگەی رێککەوتنی ئێمە لەگەڵ حیزبی دێموکرات لاچن‌و تۆش لەگەڵ ئێمە دەبی‌و دەتوانی لە پلەی نوێنەری حیزبی ئێمەدا، راستەخۆ لەو بەرەیەدا بەرپرسیاری بە ئەستۆ بگری.»

- من نامەوێ کۆسپی سەر رێگە بم‌و هەرچی لە بەرژەوەندی ئەو بەرەیەدا بێ بەبێ هیچ مەرجێک ملی بۆ رادەکێشم، بەڵام واباشترە پرسێکیش بەو دوو هەڤاڵانەم بکەم، کە لەگەڵم هاتوون، دیارە ئەوانیش هەروەک هەڤاڵانی چیا دژی ئەو پێشنیارە نابن.

بە دوای ئەو رێککەوتنەدا لەگەڵ عەلی خاوەری‌و حمیدی سەفەری هاتینە سەر ئەو بڕیارە، کە ئەو دوو هەڤاڵەی کە لەگەڵ من هاتبوون، یانی کاک حەمەدەمینی سیراجی‌و نەویدی موعینی بگەڕێنەوە لای هەڤاڵانی‌تر لە چیاو بڕیارەکەیان بە وردی بۆ شی بکەنەوە، کە یەکبوونی پیرەوانی کۆنگرەی چوارو حیزبی تودە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە، بەڵام لەوە زیاتر باسی شتێکی‌تر نەکەن. بەم پێیە، من لەسەر بڕیارێکی سێ قۆڵی لەگەڵ

سەفەریو خاوەری، شتێکم نووسی کە بەرەسمی ڕاگەیەندری، بەڵام دەفتەری سیاسی حیزبی توده ڕەزامەندی لەسەر نەدا، کە ئەو ڕێککەوتنە بەنووسراوە بڵاو بێتەوە. دەفتەری سیاسی حیزبی توده دەیگوت بەر لە پێکهاتنی «بەرەی دیموکراتی»، بڵاو کردنەوەی ئەو هەڵوێستە پێویست نیەو بەو چەشنە پێرەوی کۆنگرەی چوار لەنێو چوو. ئەو دوو هەڤاڵانەی کە چووبوونە سوریە کە لەوێوە بگەڕێنەوە لای هەڤاڵانی شاخ بەهۆی ڕاپەرینی کوردەکانی کوردستانی تورکیە بە ڕێبەرایەتی پ.ک.ک دەرفەتیان بۆ نەرەخسا بە چیاکانی ئەو مەڵبەندەدا بڕۆنو لە بۆ ماوەیەک درێژ لە «سوریە» مانەوە.

## کۆنفرانسی میللی حیزبی توده

## و

## دیدار دەگەڵ بەرپرسانی باڵای سوڤیەت

ماوەیەک بەسەر چوو، حیزبی توده لە کۆتایی مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٨٥ لە «کابل» پایتەختی «ئەفغانستان» کۆنفرانسی میللی پێکهێنا. بەرلە پێکهاتنی ئەو کۆنفرانسە، عەلی خاوەری سکرتێری حیزبی توده پێشنیاری پێکردمو گوتی: «ئەگەر ئامادە بی لە دەفتەری سیاسی حیزبی تودەوەدا خەبات بکەی، ئێمە بۆ دەفتەری سیاسی حیزبت دەپاڵێوین.» من بەدوای فکرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتم، کە ئەگەر حیزبی تودەو حیزبی دێموکرات بەرەی دێموکراتی پێکبێنن لە لایەک من دەتوانم لەو بەرەیەدا جێ بکەمەوەو لە لایەکی‌تریش لە پلەی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی حیزبی تودەدا بە ئاسانی دەستم دەگاتە لێپرسراوانی باڵای حیزبی کومونیستو دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتو ڕەنگە لەو ڕێگەیەوە بتوانم خزمەتێکی بەنرخ بە نەتەوەکەم بکەم، قەبووڵ نەکردنی پێشنیاری عەلی خاوەریم بەچاک نەزانیو بڕیارمدا ئەو دەرفەتە بقۆزمەوەو پێشنیارەکەم قەبووڵ کرد.

لە یەکەم پلونۆمی پاش کۆنفرانسی میللی‌دا، کە دیسان لە «کابل» پێکهات، داوام لە عەلی خاوەری کرد، بەڵکو لە گەڕانەوەدا بۆ «مسکۆ» چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ «پاناماریۆف» لێپرسراوی پێوەندی نێونەتەوەییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ پێکبێنێ. عەلی خاوەری گوتی:

- «پاناماریۆف بەهۆی پیری خانەنشین کراوەو کەسێکی‌تر جێی ئەوی گرتۆتەوە، کە

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەتە. گوتم:
- ئەوە زۆر گرنگ نیە، هەر دوو یەک بەرپرسایەتیان هەیە. لە هۆتێلێکی مسکۆ لە هۆدەی خۆم بووم، کە عەلی خاوەری هاتە لام و گوتی:
- «لە لایەن بەشی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی سۆڤیەتەوە میوان کراوی، کە بچی لە چێژنی یەکی مای‌دا بەشداری بکەی.
ناوبراو کارتی بانگهێشتنەکەی دامی. پاش ئەوەی لە چێژنی کرێکارانی مسکۆدا بەشداریم کرد، رەزامەندییان‌دا بچم سەر لە گلکۆی لێنین بدەم‌و لە وێوە بچمە دیتنی لێپرسراوانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی‌و ئنترناسیونال ببینم. من‌و عەلی خاوەری‌و «سیاوەشی کەسرایی»، کە ئەویش ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە بوو، چووینە لای ئەو دوو لێپرسراوانە. ئەو یەکەم دیداری من لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حیزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت بوو، کە ئەنجامی گرت. پاش باس‌و گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی جیهان‌و ئێران‌و هێندێک باسی لاوەکی‌تر، داوام کرد بوارم بدەنێ هێندێک دەربارەی داخوازەکانی خۆم بدوێم. لەو دەورو زەمانەدا، یەکیەتی سۆڤیەت بە دووهەم دەسەڵاتی جیهان لە نێو دەوڵەتاندا دەژمێردراو جێگەی هیواو هومێدی گەلانی ژێردەست‌و چەوساوە بوو.
گشت زۆرلێکراونی جیهان چاویان لە «مسکۆ» بڕیوە. من‌و بە ملیون کوردی چەوساوەش گەلێک فەخرو شانازیمان بە سۆڤیەت دەکردو رابردووی خۆمان، واتە کۆمارە کاتیەکەی ساڵی ١٩٤٦مان لەبیر کردبوو، کە یەکیەتی سۆڤیەت چۆن بە ئاسایی پشتی تێکرد. خۆمان لامان وابوو کە نەتەوەی کورد دەبێ پشت بەخۆی‌و دەست‌و باسک‌و توانای خۆی ببەستێ‌و چاوی لە هەندەران‌و دەوڵەتانی‌تر نەبێ. دەمانگوت یەکیەتی سۆڤیەت بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیەو قازانجی خۆی فیدای گەلێکی‌تر ناکات. دەمانگوت لە هەلومەرجی ئەو کاتدا کە ئەمریکا خاوەنی بۆمبی «ئەتۆم» بوو، سۆڤیەت نەیدەتوانی خۆ لە کێشەو شەڕو شۆڕی وڵاتانی‌تر بدات‌و ئەگەر ئەوە بکات، تێدا دەچێ، بەڵام ئێمە پڕ بەدڵ توڕە بووین، کە هەیاران سۆڤیەت بۆچی داکۆکی لە کۆماری کوردستان نەکردو پشتی بەردا.
دەست پێکردنی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٩٨٠مان لەبیرە. کاتێک حیزبی دێموکرات دەیەویست شاری مەهاباد بەجێ‌بهێڵێ، دوکتور قاسملو لە وتارێکدا کە لە چوارچرای مەهابادی خوێندەوە بە خەڵکی رایگەیاند: دۆستە گەورەکەمان شۆڕەوی لە پشتمانەو ناوبراو بەو گوتنەی دڵنیایی بەخەڵکدا. کورد لەسەردەمەکانی پێشوودا بێکەسی‌و بێ پەنا بوو،و دنیای سەرمایەداری پشتی نەدەگرت‌و تەنیا چاوەڕوانی‌و هومێدی کوردان یەکیەتی سۆڤیەت بوو. شێخ مەحمودی نەمریش تەنانەت نامەیەکی ئاراستەی لێنین کردو لەودا

داوای هاوکاری‌و یارمەتی لێکرد. کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە من هومێدم بە سۆڤیەت مابێ. بە پشت بەستن بەو بیروبۆچوونە، زۆر بە تێڕادیوی یەکەم داوای خۆم ئاراستە کردن‌و گوتم:

- لە رادیۆی «ئاشتی‌و پێشکەوتن»دا (صلح‌و ترقی)، کە بە دەنگی کۆڕو کۆمەلانی خەلکی سۆڤیەت دەناسری‌و بە زمانەکانی فارسی‌و تورکی ئازەربایجانی پرۆگرام بلاو دەکاتەوە، پرۆگرامێکی کوردیش بگونجێنن، با کوردیش دەنگی خۆی لە سۆڤیەتەوە ببیسێ. مەبەستی من لەو پێشنیارە ئەوە بوو، کە دەنگی کورد بە زمانی کوردی لە مسکۆ بێتەدەرو بەگوێی خەلکی جیهان بگات. لام وابوو، ئەگەر ئەو داخوازەم لێ بسەلمێنن، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو دۆخەی کە حیزبی تودەو حیزبی دێموکرات تێیدا لێک نزیک دەبنەوە، داخوازی‌تریشم لێ قەبوول دەکەن. من سەرەڕای داوا کردنی ئەو پێشنیارە بە زمان، ئەوم نووسی‌و بە نووسراوەش پێشکەشم کردن. کابرای بەرپرس گوتی:

- خۆت پێشنیارەکەت ئیمزا بکە. لە وەلامیدا گوتم:

- من تاقە کەسێکم‌و رەنگە ئیمزای من زۆر کاریگەر نەبێ، واباشە داخوازەکە بە ناوی حیزبی تودەوە کە حیزبێکی برایە ئاراستە بکرێ.

پاش ئاراستە کردنی ئەو پێشنیارە گەڕامەوە «چیکوسلۆڤاکیا»، کە شوێنی ژیانم بوو. ماوەیەک بەسەر چوو، ئاگاداریان کردم بۆ بینینی کادرێکی حیزبی کە لە ئێرانەوە هاتبوو، بچمە مسکۆ. ناوبراو کورد بوو،و گوتبووی دەمەوێ تەنیا چاوم بە غەنی بلوریان بکەوێ. کاتێک گەیشتمە مسکۆ بە فڕۆکە بردیانمە «تورکەمەنستان»و لەوێوە چوومە «تەجەن» (تجن)، کە لەسەر سنووری ئێران بوو. لەوێ چاوم بەو هەڤالە کەوت، کە لە چیاوە خۆی گەیاندبۆوە ئەو جێیە، تا بەلکو ئاگاداری چارەنووسی هەڤالانی چیا بێ‌و بزانی ئەوانە دەبێ چ بکەن‌و تاکەی بێ کار لە چیا بمێننەوە.

پێشتر گوتم، داوام لە عەلی خاوەری کردبوو، کە بە یارمەتی حیزبی شیوعی عێراق هەڤالان راگوێزن بۆ «یەمەن»، بەلام پاش ئەوەی بڕیاریان دابوو لەگەل حیزبی دێموکرات بەرەی یەکگرتوو پێکبێنن، خاوەری لە بڕیاری خۆی پشیمان ببۆوە. سەرئەنجام بۆم دەرکەوت، عەلی خاوەری هەر لەسەرەتاوە، یانی لەو رۆژەوە کە من پێشنیاری راگواستنی ئەو هەڤالانەم پێکردبوو،و ئەو بەرۆالەت بەلێنی پێدام، قەت بەلێنی‌یەکەی وەبیر خۆی نەهێنابووەو خستبوویە پشت‌گوێ‌و خەمی لێ‌نەخواردبوو،و پاشانیش نەیانتوانی لەگەل حیزبی دێموکرات رێککەون. من لە «حمیدی سەفەری»م پرسی بۆچی لەگەل قاسملو رێک‌نەکەوتن، ئەو وەلامی دامەوەو گوتی:

- «قاسملو داوای کردوە، ئەگەر بەرە پێکبێت پێویستە کاتی پێوەندی ئێنترناسیونالْستی یا بڵێین بۆ پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت دەبێ نوێنەری حیزبی دێموکڕاتو حیزبی تودە بەیەکەوە بەرپرسایەتی ئەو پێوەندییە بە ئەستۆ بگرن، بەلأم حیزبی تودە ئامادە نەبووە ئەو پێشنیارەیان لێ بسەلمێنێ.»

سەرۆکایەتی حیزبی تودە هەمیشە خۆی وەپێش خستوەو تابۆی کراوە قەت رێگەی بە حیزب یاخود کەسێکیتر نەداوە، کە بەدور لەو حیزبە پێوەندی بە یەکیەتی سوڤیەتو ولأتانی کۆنی سوسیالیستیەوە هەبێ، هۆی سەرەکی ئەو بۆچوونەشیان ئەوە بووە کە هەر بۆخۆیان سەرۆکایەتی بەرە بکەن، قاسملوش کە هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا، راستەوخۆ پێوەندەی بەیەکیەتی سۆڤیەتەوە هەبێ، پاش سەرنەگرتنی پێشنیارەکەی لەسەر پێکهێنانی بەرەی دێموکڕاتی لەگەڵ حیزبی تودە رێکنەکەوت.

بەدوای سەرنەگرتنی بەرە لەنێوان حیزبی تودەو حیزبی دێموکڕاتدا، من داوام لە عەلی خاوەری کرد، هەڤالأنی جێگیر لە چیا ئیزن بدرێن بەهەر شێوەیەک کە خۆیان بەچاکی دەزانن بێن خۆیان بگەیەننە ولأتانی سۆڤیەت یان ئەفغانستان. هاتنی ئەو هەڤاڵەمان بۆ «تەجەن» دەرفەتی رەخساند کە من بەهۆی ناوبراو ولأم بۆ هەڤالأنی چیا بنێرم، کە خۆ بگەیەننە سۆڤیەت، ئەفغانستان یا هەر ولأتێکیتر، کە بۆخۆیان هەڵیدەبژێرن. من هەڤاڵی ناوبراوم گەڕاندەو بۆ ولأت، بەلأم پاشان دەرکەوت، ئەو هەڤاڵە داوای منی بە هەڤالأن رانەگەیاندوەو تەنیا بۆ خۆی کەڵکی لە پێشنیاری من وەرگرتووەو گەڕابۆوە سۆڤیەت. لە گەڕانەوەی «تورکەمەنستان»دا بۆ مسکۆ بەشوێن پێشنیارەکەمدا چوومە ناوەندی پێوەندییەکانی نێونەتەوەییو لەگەڵ کابرای گورین دانیشتمو ویستم ولأمی پێشنیارەکەم بداتەوە. ناوبراو گوتی:

- «سەرۆکایەتی حیزبی کومونیستی سۆڤیەت گوتویەتی کێشەی کورد زۆر ئاڵۆزو شێواوە، بەلأم ئەگەر تۆ رازی بێ، ئێمە هەوڵ دەدەین لە «تاجیکستان» بەرنامەیەک بۆ بلأو کردنەوەی دەنگوباسی رۆژانە بە زمانی کوردی دانێین. ئەمەش دوو سێ ساڵی پێویستە کە ئەمرازو کادیری کوردی بۆ بدۆزینەوە.» لە ولأمدا گوتم:

- چەند ساڵە لە ئەرمەنستان رۆژانە چەند سەعات پرۆگرامی زمانی کوردی زاراوە کرمانجی هەیە. من دەمەوێ دەنگی کورد وەک دەنگی فارسیو ئازەربایجانی لە مسکۆو لە رادیو ئاشتیو پێشکەوتن بلأو بێتەوە.

رەدکردنەی پێشنیاری من لە لایەن سەرۆکایەتی یەکیەتی سۆڤیەتەوە بەمجۆرەی کە باسم لێکرد، هۆی نارەزامەندی منی سەبارەت بەیەکیەتی سۆڤیەت بەرز کردەوەو بڕوای

پتەوی منی سەبارەت بەو گوتنە شکاند کە یەکیەتی سۆڤیەت لایەنگری لە نەتەوە ژێردەستو چەوساوەکان دەکاتو بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەویش بەچەشنی وڵاتانی مەزنی بورژوازی هەر لەسەر بەرژەوەندی خۆی دەڕواو دروشمەکانی روتەن لە راستی ئیدەلوژیکین، واتە بەدور لە بیروبۆچوونی ئیدەلوزیکین.

بەو پێیە گەیشتمە ئەو قەناعەتە، کە سەرۆکایەتی پێشوو،و ئێستای حیزبی تودە دەیانەوێ کێشەی کەمایەتیەکانی نەتەوەیی لە ئێراندا بە شێوازی ئەو چارەسەر کردنەی کە لە یەکیەتی سۆڤیەتدا ئەنجامی گرتوە، لە چوارچێوەی ئێرانێکی سوسیالیستیدا چارەسەر بکەن، کە بەڕای من یەکیەتی سۆڤیەت تەنانەت ئوتونۆمێکی تەواوی بە نەتەوەکانی جێگیر لە یەکیەتی سۆڤیەت نەدابوو،و ئەوان دەسەڵاتی نەتەوەی خۆیان بەدەستەوە نەبوو.

بەشداریکردنی من لە ئۆرگانی سەروی حیزبی تودەدا نەیدەتوانی هیچکام لەو ئامانجانەی کە من دەست نیشانم کردبوون بەدی بێنێو تەنانەت ئەوان ئیزنی پێکهاتنی لیژنەیەکی ئەیالەتیشیان نەدەدا کە کورد لە چوارچێوەی حیزبی تودەدا هەیبێ. هەر رۆژەی برو بیانوویەکیان دەدیتەوەو پێشنیارەکانی منیان سەبارەت بە کوردستان دەخستە پشت گوێو من لای ئەوان کەسایەتێکی ناسیونالیستی کورد بووم نەک مرۆڤێکی خاوەن باوەڕی ئینترناسیونالیستی. دیارە هەروەکو لینین گوتویەتی: «من دەپێشدا رووسمو ئینجا کومونیستو خاوەن ئیدەلوژی»، منیش ئەوەڵ کورد بوومو پاشان کومونیست، بەلام سەرۆکایەتی حیزبی تودە ئەوەی بەمن رەوا نەدەبینی، کە تەنانەت لینین گوتەنی، بڕوای نەتەوایەتی خۆم هەبێ.

## سەفەرخانی قارەمانی

هەروەکو پێشتر گوتم، ساڵی ١٣٢٦- ١٩٤٧ بۆ دامەزراندنەوەی حیزبی دیموکرات چوومە باشووری کوردستانو ماوەیەک لە «زینوێیشێخی» مامەوە. لە زینوێ چاوم بە سێ ئەفسەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کەوت، کە پاش رووخانی حکومەتی «پێشەوەری» رایانکردبووە کوردستان. ئەوانە بریتی بوون لە: سەفەر قارەمانی (سەفەرخان)، «بلوت»و «پۆلا». ئەو سێ کەسە تێکەڵی هێزی بارزانیەکان ببوونو لەژێر سەرپەرەستی «حەمەدی مەولودی»دا قارەمانانە پارێزگارییان لە جبهەی شەڕی ورمێ دژی ژاندارمەکانی ئێران دەکرد.

پاش چوونی بارزانیەکان بۆ سۆڤیەت، ئەو سێ کەسە خۆیان گەیاندبووە «زینوێی شێخی»و پەنایان بۆ شێخ «عوبەیدوڵلاّ»ی نەمر بردبوو. ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوەو گەلێکیان ڕێز لێگیرابوو. پاشان «پۆلاّ»و «بلوت» دەگەڕێنەوە تەورێزو هەتا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧- ١٩٧٩ بە ناوی بەدەڵ بەنهێنی لە تەورێز ژیان.

سەفەرخان کە تەنیا مابۆوە، بەهۆی گوشاری دەوڵەتی ئێران بۆ سەر دەوڵەتی عێراق بە مەبەستی تەسلیم کردنەوەی ناوبراو، شێخ عوبەیدوڵلاّ ناچار دەبێ ئەو بنێرێتە لای شێخ «محی‌الدین». سەفەرخان دەبێتە باخەوانو چەند ساڵان لە لای شێخ محی‌الدین دەمێنێتەوە، بەلاّم سەرئەنجام هەوای دیدارو سەردانی ژنو منداڵ هەڵیدەگرێو بەبێ ڕەزامەندی شێخ دەچێتە ورمێو لە شەقامێکی ورمێ دەگیری ژاندارمان دەکەوێ.

دادگای ئێران حوکمی ئیعدامی سەفەرخان دەدات، بەلاّم بەهۆی هەوڵو تێکۆشانی حیزبی تودە لەسەردەمی حکومەتی دوکتور «مصدیق»دا، ناوبراو لە ئیعدام ڕزگاری دەبێ. پاش ڕووخانی حکومەتی دوکتور مصدیق دادگا سەفەرخان تەبعید دەکاتو دەینێرن بۆ زیندانی «بەرازجان»و بۆ ماوەی دە ساڵان لە زیندانی بەرازجان دەمێنێتەوە. من کاتێک تەبعیدی زیندانی بەرازجان کرام، سەرلەنوێ چاوم بە سەفەرخان کەوتەوەو پێنج ساڵ بەیەکەوە بووین.

سەفەرخان دوای سی (٣٠) ساڵ لە زیندانەکانی ڕژێمی پەهلەویدا، سەرئەنجام لە شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، دەگەڵ زیندانیە سیاسیەکانی‌تر لە زیندان ئازاد بوو. سەفەرخان مرۆڤێکی ئارام، هێدی، شەرمێنو ڕەشیدو خۆراگربوو. وەک بزانم بەداخەوە ئێستا تووشی نەخۆشی فەرامۆشی بووە. داخەکەم، ئەو چەند ساڵەی کە من لە ئورووپا ئاوارەم، تەنیا توانیومە جارێک ناوبراو لە ماڵی «بەهروزی حەقی» (عمۆغڵی) لە شاری «کۆڵن»ی ئاڵمان ببینم. عمۆغڵی مرۆڤێکی پیاوچاکو خاوەن باوەڕە. وەک بزانم ناوبراو بیرەوەرییەکانی سەفەرخانی کۆکردۆتەوەو لەچاپی داوەو ژمارەیەکیشی بۆ من ناردوە، کە زۆری سوپاس دەکەم.

## بەجێهێشتنی حیزبی توده

هەروەکوو پێشتر گوتم بەدوو مەبەستی سەرەکی بەشداریکردنم لە بەرەی یەکگرتووی حیزبی تودەو حیزبی دیموکراتو خۆ گەیاندنم بە کاربەدەستانی بالای یەکیەتی سۆڤیەت چووبوومە نێو حیزبی تودە، تا بەڵکۆ لەو ڕێگایەوە یارمەتیێک بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەم بدۆزمەوە، بەڵام نەک هیچ سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا، بەڵکۆ لە سیاسەتی سۆڤیەتی باوەڕ پێکراویشم سارد بوومەوە. ئەوە لەکاتێکدابوو کە قاسملو بەهۆی دەرەتان پەیدا نەکردنی بۆ پێوەندیگرتنی سەربەخۆ بەیەکیەتی سۆڤیەتەوە لە پێکهێنانی بەرە ساردببۆوەو پێرەوانی کۆنگرەی چواریش ببووە قوربانی سیاسەتی پێکهێنانی بەرەو ئیتر منیش کەوتبوومە ئەو بیرە کە حیزبی تودە بەجێ هێڵم.

لە ناوەندی حیزبی تودەدا دیموکراسی هیچ مانای نەبوو،و بڕواشی پێنەدەکرا. لە دەرەوەی ئیران، ناکۆکی لەنێو ئەندامانی حیزبی تودەدا بەتوندی سەری هەڵداو کادیرو ئەندامانی نیشتەجێی حیزبی تودە لە یەکیەتی سۆڤیەت، لە ئازەربایجانو رووسیەی سپی دژی رێبەرایەتی حیزب ڕاپەڕین. رێبەرایەتی حیزبی تودە نەیدەتوانی ئەندامانی حیزب قانع بکاتو هەستی ڕاپەڕیوی ئەوان دامرکێنێ. عەلی خاوەریو حمیدی سەفەری داوایان لەمن کرد، بچمە «باکۆ»و «مینسک» ناوەندی رووسیەی سپیو ئەندامان حیزب هێمن بکەمەوە. بەو مەبەستە، لەگەڵ عەلی خاوەریو «سیاوەشی کەسرایی»و دوو کەسیتر لە رێبەرایەتی حیزبی تودە چوومە ئەو مەڵبەندانە. لە پێوەندیو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانو کادیرەکانی حیزبی تودە لەو دوو جێیە بۆم دەرکەوت، ناباوەڕی بە سەرۆکایەتی حیزبی تودەو تەنانەت ناباوەڕی بە سەرۆکایەتی حیزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت بە هۆی لایەنگری کردنی بێجێی ئەو حیزبە لە عەلی خاوەری، حمیدی سەفەریو «لارودی» سەرۆکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی لقی حیزبی تودە لەو پەڕی خۆیدایەو ساڕێژ کردنی ئەو کوانە زۆر دژوارە. من کە داوای کادیرو ئەندامانی حیزبم لا حەقو دروست بوو، باسلێکردنی داوای دەفتەری سیاسی حیزبی تودەم بە سوکایەتی دەزانی. لەبەر ئەو، من لە جیاتی ئەوەی کە

پاڵ بەسەرۆکایەتی هێزداری حیزبی تودەوە بدەمو پشتی فراکسیونی حمیدی سەفەری، لارودیو خاوەری بگرم، پشتی داخوازەکانی کادیرو ئەندامەکانی حیزبی تودەم گرت. کردەوەی من بوو بەهۆی تەقینەوەی بەدەنەی حیزبی تودەو ئاشبەتاڵ دەستی پێکردو ئیتر کەس نەیتوانی پێشی پێبگرێ. بەمجۆرە زۆربەی هەرە زۆری کادیرو ئەندامانی زاناو لێهاتووی حزبی تودە بەرە بەرە لە یەکیەتی سۆڤیەت دەرچوونو حیزبی تودەیان بەجێ هێشتو منیش ماڵئاوایی یەکجارەکیم لە حیزبی تودە کردو هاتم بۆ ئاڵمانو بووم بە پەنابەری سیاسیو لەگەڵ کادیرە کوردەکانی سەرەکی حیزبی تودە هاودەنگیم کرد، کە خەریک بوون بەیاننامەی «پسان»یان لە حیزبی تودە دەردەکرد. لەو بەیاننامەیەدا بەڵێنم دابوو، کە لە داهاتوودا هێندێک مەبەستی سیاسی روون بکەمەوە، هیوادارم بەنووسینی ئاڵەکۆک بەڵێنی خۆم بەجێ گەیاندبێ.

لە ئەڵمان، لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی دەوروبەر هەوڵماندا شتێکی ئاسایی پێکبێنینو لە دەوری کۆبینەوە، بەلام پاش دوو ساڵ هەوڵو تێکۆشان بۆم دەرکەوت بەبێ پێوەندی راستەخۆ بەخەڵکو نەتەوەوە لە دوورە وڵات چالاکی سیاسی دژوارەو هیچ ئەمرازێک نیە بۆ هاندانو تینو تاو بەخشینی پەنابەرو سەرئەنجام لەوەشدا سەرنەکەوتم.

ئاڵەکۆک دوایی هاتو بەفری ژیانی منیش واهێدی هێدی بە شنەبای بەهارو تیشکی هەتاوی رۆژگار دەتوێتەوە. هیوادارم خوێنەری بەرێز، «ئاڵەکۆک»م بەهەموو کەموکۆڕیو کەمایەسیکەوە وەک دیاری شوانەوێڵە لێقەبووڵ بکات. لە کۆتاییدا دەڵێم: ئاڵەکۆکەی پرچنە چبکەم لەو ماڵو ژنە، جۆرجۆرەم کەوتە بنە.

غەنی بلوریان ١٣٧٦ی هەتاوی

لیونەمان
یەکساڵە ٣٠٠ ریال
شەش مانگە ١٦٠ ریال
دانەی ...

بەبێوی حزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

کوردستان لە لایەن
هەیئەتی تحریریەوە
دەردەچێ

بڵاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ١٣ — ساڵی یەکەم — چوار شەممو ٢٤ ریبەندان ١٣٢٤ — ١٣ فیوریە ١٩٤٦


# ماوەی جێژنی سەربەخویی و استقلالی کوردستان

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد لەهەوەل و آخرو نیوانی وتارەکاندا و لەهەر کاتێکدا نیوی (ریاستی جمهوری قاضی محمد) بەسەر زماندا دەهات بی وجان موزیکی ملی لی دەدرا وچەپلەریزان دەکرا و بەینا بەینیش قوتابیکانی مدارسی کورو کچ سرودی ملیان دەخویندەوە. لەم کاتەدا رئیسی جمهوری بەرز بە ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی امرفەرمو کە قورآنی مقدس و نقشە و آلای کوردستان حاضربکریت بی‌دوچون هەیئەت کوبونەوە و دو بەدو لەپشت سەری یەك کەوتنەری و جونە کانگای حزبی دیمو کراتی کوردستان قورآنی مقدسیان دەگەل آلا و نقشەی کوردستان دەگەل احترامیکی فوق العادە لەسەردەستی ملا حسین شکاك داناو هەیئەت بەترتیبی هەوەل لەپشت سەری وی گەرانەوە تاکمیتەوە حضوری پیشوا. پیشوا بەدەستی خوی سەربوشی لەسەر قورآنی مقدس ونقشە وآلای بەرزی کوردستان لابرد و مراسمی سوێندی: ئەمن بەخودا، بەکلامی عظیمی خودا، بەاسمان، بەشەرافەتی ملی کورد، بە آلای مقدسی کوردستان سوێند دەخوم کەتا آخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی آخر تنوکی خوینم بەگیان و بەمال لەری راگرتنی سەربەخویی و بەرز کردنەوەی آلای کوردستاندا تی کوشم و نسبت بە رئیسی جمهوری کوردستان و

یەکەتی کورد و آذربایجان مطیع و وفادار بم.»

١٩٤٦ ژمارە ٢١

## اخباری نیوخومان

### مەلا مصطفی بارزانی

جنابی آغای مەلا مصطفی قائدی کوردی بارزان روژی ٩-١٢-١٣٢٤ سەعاتی ٥ پاش نیوەرو واردی مهاباد بو. وەختی گەیشتە نیو باغان ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی پیشوازیان لی کرد وەختی جنابی مەلا مصطفی لە جومی بەریوە بە احترامی ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی دابەزی لەم کاتەدا کمیتەی مرکزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قاپی جومی پیك گەیشتن، برای خوشەویست دەستی جنابی و راستی بەخیر هاتنی لەجی‌دا و هەمو ئەندامەکانی کمیتەی مرکزی بە مەلا مصطفی ماندو نەبونی دەستیان و دەستی هەموانیان و ئەوانیش خوشی‌دا بو کانگای حزبی دیموکرات هاتن و لە سالونی انتظار فەرهەنگی دانیشتن و لە ساعتی ٦ حضرتی پیشوای کوردستان بەبی [اقدام بزار] تشریفی بو کانگاهاتو وملاقاتی دەگەل مەلا مصطفی فەرمو، لەو وەختەدا محمد افندی خطاب بە حضرتی پیشوا: خطابیك کە وینەی احساساتی قلبی مەلا مصطفی بو لە خصوص خودەپیشانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەوان و ئەمجیە ئەزیی سەربەستی کوردوستاندا خوێندەوە وجنابی پیشواش وەلامی دایەوە و ئەوانی بی‌اندازە بەحکومەتی کوردستان و حزبی دیموکرات امیدوار کرد، پاشان حضرتی پیشوا تشریفی بردە سالونی تایبەتی خوی ئەنجا مەلا مصطفی بە حضوری شرفیاب بو و ماوەی دو سات پیکەوە خەریکی گفتو گو بون.

مەلا مصطفی پیاویکی سیاسی و زعیمی کوردی بارزانە ئەزیی دەربەستی کوردستاندا

# قه‌راریك كه‌له‌ ۲ی ری به‌ندانی

## سالی ۱۳۲۴ له‌لایه‌ن بیست هه‌زار نفر نماینده‌انی

ته‌واوی طبقات اهالی کوردوستانی شمالی له میتینگی شاری مهابادی دا قبول کراوه .

## عیبه‌ی بزانن ئه‌ی ملعو نینه!!!!

وه‌خبر بین تازور درنگ نه‌بوه .

تماشای دوژمنانی که‌چ فکر نه‌که‌ین ده‌زانین کوره‌پیشوی کورده‌ی گیز مانی خویان وهومه‌به و آره‌زوی وانیان له‌ بیرنه کردوه

لاوچاکانی مه وه‌ك برادوان بی ضایقه قوه‌ی صرف ده‌كه‌ن که کورد خوشبه‌خت و آزادبی و ئه‌وان زانیان موفقیه‌ت وه‌ختیك ده‌ست ده‌که‌وی که‌ خه‌بات زورتوند با ئوه‌کدا وه‌ك حزبان پی‌وته که‌ل برایانی آذربایجانی پیکه‌وه بزوته‌وه وپی که‌یشتن . ئه‌و حزبه که حزبی دموکرات بووبه کومه‌که‌و یاری خه‌لکی کوردوستان دانه‌دراله مدتیکی که‌مدابه‌موفقیتی زور گه‌وره گه‌یشوه ، ضدیتیکی ده‌نیو عشایران‌دا بوهه‌ بی گرت وه کیتیکی تابعی ده‌نیو وان داپه‌یدا کرد وهه‌یئه‌تی‌ملی هه‌لبژارد و چاپخانه‌ی‌تأسیس کرد و ئه‌وه‌له تاریخی کوردی ایراندا هه‌وه‌ل‌جاره‌به‌طوری‌عموم بلاو کرده‌وه‌ی روزنامه ده‌س پیکراوه و مدرسه‌ی ملی تشکیل کردووه که ده‌وه‌یدا منداالانی کورد به زمانی دایکی خوین ده‌خوینن و مسئله‌ی‌خویندنی‌اجباری وعمومی حل‌ده‌کات وشاره‌وانی وعدلیه‌ی داناوه و هیزی‌مسلحی‌ملی‌و......تز کردووه .

**بژی حزبی دیموکراتی کوردوستان !!!**
**بژی مؤسس و رهبه‌ری وی جنابی قاضی محمد !!! .**

کورده‌کانی تورکیه‌ش خصوصاً پاش هاتنه‌سه‌ر کاری مصطفی کمال پاشای هه‌توا بون به‌ر دوندبه بوبیده‌نگ کردنی هه‌رای آزادی خواهی شیخ سعید به‌ئاماپون ونبوی له کوردان کوشت .!

کورده‌کانی عراقیش ضه‌ردی ئه‌ساره‌تیان که‌م نه‌کیشاوه له‌لایه‌ن که‌سانیك که‌ ده‌فکری سعادتی بشرپدا نین بو عدابه‌تی دران به‌عره‌بان ده که‌ل ئه‌و هه‌ونروز وتعقیب و کوشتو کوشتار و تلفاته‌ش کوردهه‌ر گیز ده‌مقابل‌ظالماندا سه‌ری‌دانه‌نواندوه و ده‌ربی استقلال و آزادی‌دا بارزه‌ی خوی ده‌وام پیدا و اراده‌ی‌پولایی‌ئه‌ئا ابذیره هه‌ربووه و هه‌ر ده‌بیتی . ده‌و سالانه‌ی‌دوایه‌دا فرصت وماوه‌یه کی چاك هه‌بو که‌به‌آزادی‌یکی که‌ئه‌مه آره‌زومانی‌پی بکه‌ین وئه‌بیزبووه‌ده‌ستمان ده که‌وت بزوتبایه‌وه وه‌ك بزوته‌وی قارمانان ومه‌ردانی پیشومان . بدبختی ئه‌وه‌یه که‌ ایستا ده‌نیو کورداندا که‌سانیك هه‌ن که وه‌نه‌بی هه‌ر حرمه‌ت به‌وقارسانه که‌چه‌ن عصریکه ئه‌مه‌یان ده‌زیر ظلمی خویاندا راگرتووه بکه‌ن به‌لکو به‌آشکرا میله‌تی کوردی ده‌فروشن . سه‌ودای علی آغای امیراسعد ده‌ که‌ل‌ستادی ارتشی ایرانی که‌ هه‌مو کوردی فروشتون‌ا‌ه‌ه مومان معلومه . له‌ خه‌لکی مطومه مه‌لاعبدالرحمن سر نیجدانی ومحمد‌فاروقی وحمزه‌لی قاوچی وغیره جاسوس وملله‌ت فروشن . قرنی آغا ماشی ومحمد عباسی وعلی حانی منکور وعبدالله آغای منکور وچون که‌ سه‌ردنی به‌آشکرابوا خنلاف وپارچه پلرچه کردنی کزژدان سعی ده‌که‌ن .

KOMELHEY J. K.

Idarey Nawendy

Jimare 444

Berwari 28 December 1944

J. K

کومه له ی ژ. ك.

اداره ی ناوه ندی

ژماره ٤٤٤

به رواری ٢٧ ... ١٣٢٣

٢٨ دیقابر ١٩٤٤

بژی کورد و کوردستانی گوره!

معظم سوویت اتفاقینین گنرال کونسولی - تبریز شهرینده

احتراماً عرض اولونور بومکتوبین ضمیمه سنده پارتیامزین ارقنداں

سوویت اتفاقینین خارجی ایشلر کومیسیری جناب مولوتف یولداشین عنوانینه

یازیلمیش بیرمکتوب تقدیم واونین مقصده یتیرمه سینی خواهش ایدیریک

"ژ - ك" پارتیانین مرکزی اداره سی ارقنداں

Idarey Nawendiy J.K

شهیدکانی ریبازی آزادی [illegible]

[illegible]
[illegible]
۱۰ ۲۷

# ارگانی کومه‌له‌ی ژیانی کورد

علت تشکیل حزب (ریانوکرد) ـ انتشار مجله (ریگا)

[illegible]

صادر [illegible] مجله بدین [illegible] اشاره به موجبات تشکیل حزب (ریانی کورد) و منظور از انتشار مجله (ریگا)

[illegible] بسیار متاسفیم که ما [illegible] مرام [illegible] سخت [illegible] بانی زکار [illegible] [illegible] در کردستان تمام [illegible] از دست ما خارج [illegible] کردند [illegible] را [illegible] اند [illegible] است [illegible] به تفصیل از [illegible] را [illegible] با انتشار [illegible] کرد و عجالتا [illegible] مجله را به زبان [illegible] میشر [illegible] . تا [illegible] آزاد [illegible] کرد ما نیز [illegible] مجله [illegible] [illegible] بعضی [illegible] اعراض [illegible] خود [illegible] به [illegible] [illegible] تمام [illegible] .

[illegible] کردستان ایران بخصوص [illegible] اکثریت ملت کرد ما را [illegible] کرد [illegible] تهران [illegible] در کردستان [illegible] [illegible] .

از [illegible] در کار [illegible] که [illegible] ما [illegible] تهران [illegible] کردن ما از جمله [illegible] مبارزه [illegible] . [illegible] با [illegible] به انتشار ارگان حزب (مجله [illegible]

[illegible] بیشتر [illegible] عدالت را [illegible] دنیای [illegible] [illegible] عدالت [illegible] ببینند [illegible] ایشان بر ملتها [illegible] [illegible] کرد [illegible] آیران [illegible] [illegible] ایران [illegible] . [illegible] ملتهای ایران [illegible] ایران [illegible] .

آمال [illegible] کرد

[illegible] آزاد [illegible] دمکراسی [illegible] است . [illegible] جهان [illegible] . ماکرد [illegible] ایران [illegible] [illegible] موجود [illegible] ما را [illegible] تهران [illegible] موجود [illegible] [illegible] دمکراسی [illegible] قانون اساسی ایران [illegible] [illegible] کرد [illegible] با ما است [illegible] است .

[illegible]

بەشی کـــوردی :

سەر بە: دیکتاتۆری یا ارتشی ایران

لە ناوچە ی جودەولەتاندا ارتش یکێ لە ارکان ی زۆر بە نرخی دەولەتە . ارتش بۆ حفاظەت و دفعی نیشتمان و پاراستنی لە تجاوزاتی بێگانە و بۆ امنیت و آسایش گشتی و پاراستنی گیان و ناموس و حیثیاتی میللی تشکیل دەدرێ .
ارتش دەبێ بە گوێرە ی قوانینی مشروطە کە بۆی دانراوە ، بێ پشت و پەنا بێ ، جوری بێ ، دخالەتی دە امور یەکی دەولەتدا نیە . بەسەر پسەعدە دەولەت امر بکا بە ارتش کە ارتش تێ نەگەی لێ تۆپی و نیرو ... بیاری دەیەوێ حدود ی نیشتمان را منیت بکات .
بەلام ارتشی با ستالین لە مێژینە ی ایران کە اری ( شا دستنشاندە ) بە کلکەوە بە مشرا وە بە پێچەوانە ی ... ارتشی میللی جیهان دە بێ پشت و پەنا بیچکە لە وەی ... ئیلیەنە پیکی ئەو شتی یەتی ابدا بە جۆری ناتەپەوێ لە تە وارێ امور ی داخلی دەولەتدا دخالەت دەکا .
لە نوێنی ... بە پێی تاریخی نظامی ایران دەردەکەوێ کە ارتشی ایران دیموکراتیک ... ئیلیەنە کرد و ... حدودی ... ایرانی لە تجاوزاتی بێگانە نە پاراستوە .
بە ... پاراستنی ... اعراب ، مصری ... بۆ نیشتمانە کە مان ... کوشتاریان نیشاندەدا کە لە ایراندا ارتشی ... بەرانبەر ی سرپاری بێگانە وانی ... بە پێی میللەتی ایران لە ... متجاوزی ... دەدەوە ... ماڵە ی دانیشتوانی ... ئەو نیا انجامی ... یەکی نامشروعی دەکرد ... یەکە ... ارتش ... بە ناوی ... ایرانیان کورد بە یەکی دیکتاتۆری بۆ تامینی آرزو

( ٦ )

ارتشی جنایتکاری دەستنشانی بە ... کوردستان و آذربایجانی ... شتلی خوێنا ی کرد بە خوێنی رەنگینی ... میللەتە ... چاوکیچی ... بارە تای استعمار و خیانەتی خۆیان بە میللەتی ایران اثبات کرد .
... لە آذربایجان ... لە کوردستان ... کوشتوکوشتار ... لە آذربایجاندا ... آزاد یخوای آذربایجانی و ارمنی و آسوری یان کوشت .
لە کوردستان ( پیشە وای کبیر مرحومی قاضی محمد ) و چەند نفر پیاوانی گەورە و آزاد یخوازی وەکو صدری قاضی ، سیفی قاضی ، مانوچی ، ... ، لە مهاباد علی خانی ... لە بوکان ... احمد خانی ... ، حمە خانی ... ، حمە بەگی فیض‌الله بگی ، علی ... اغا ... ، علی خانی ... ، شیخ امین ... ، احمد خانی ... ، علی آغای جوانمرد ی ... ، رسول آغای جوانمرد ی ، حسن خانی ... لە ... چەند ... کران کە ... رانی ارتش لە امریکا و انگلیس ... ( ٢٥ ) نفر افسرانی جوان و رشید ی آذربایجانی لە مهاباد ... تیرە باران کران .
... ارتشی دستنشاندە ... لە بیر ... آزاد یخوازیکی ... ایرانی کورد و آذربایجانی ... پرافتخاری ... میللەتە ... شەهید ... لە ... بە ... ثبت دەکا ... جنایتکارانی ارتش ، کە ... ایران و میللەتی ایرانیان ... تاریخ ... .
میللەتی آزاد یخوازی کورد ... ایران لە ... دیکتاتۆر کە ... ( ... ) ... ارتش ... ارتشی ... امور ... دەکا ... ایران ... مبارزە دەکا ... ایران ...

تسویم ر

## بۆ گیانی غەنی بلووریان*

لەو دیو دیوار
کە تاسە ئەیەستێ قەتار[1]
بۆ دەرەوەی زیندانی تار
هەنگی گیان ئەفڕێ بۆ دوور
بۆ نەو بەهار
وەنەوشە، نێرگس، گوڵی سوور

چریکە، سۆز، ئاتێی نەی
هاژە. خوڕەی ئاوی نێ پەی[2]
ڕەوی سەوز، ئاسمانێکی شین
ووتکە سپی، داستی ڕەنگین[3]

• • •

لەو دیو دیوار
کە سەرنج ئەکەوێتە کار
لە شێوەی بەهاری ئازدار
ژیان خۆشە
هێز و هەست و نەست و هۆشە
کێ بۆ ژیان بە پەرۆشە
کێ چاو برسی گەشەی گوڵە؟
کێ گیان سەودای ورشەی چڵە؟[4]
کێ گوێ قوڵاغی ئاوازە؟
پڕە لە هەڵبەستی تازە..؟
ژیان خۆشە...!
بۆ یەکێ جەستە و ئەندامی..
کەفی دارکاری کردن بێ
ئەتاغەی کولاوەی زامی[5]
ستی قەپاڵ لێکرتن بێ..!
بۆ یەکێ.. پێست ئیستقانی
شەکەتی.. داغ و سووتان بێ[6]
جەرگی ئەستۆ و مل و شانی
بنی زنجیری گران بێ...
بۆ یەکێ تینۆکی مردن
پێت دڵی ڕلوەستا بێ
لە جێگەر پارچە کردن
بە گۆشت خۆی لە هەستا دابێ
ڕەنسەی خوێن لێ تکا بێ...![7]

ژیان خۆشە..
بۆ ژیان چی بە پەرۆشە
یا چی لە هەموویان زیاتر
ئەسووتێ وەك گڕی ئاگر
قاچە. دەستە. لەشی خاوە
دڵ و سییە یا خود چاوە...؟؟
یا مێشکە...؟
کامیان لە پاش جووڵە نەمان
پاش بوون بە خۆڵ
بێسەبە بە بێ وچان
لەگەڵ چەرخا لەگەڵ زەمان
ئەگرێ هەر گێراو هەرگێز
مەشخەڵە بۆ هیوای ئازیز..؟
ئەڵێن پێیە..
ئەڵێن مێشك تێ‌یا چەسپیوە و گیرە
بە چەکوش بیقڵیشێنێ
ئەم ڕەنگ ئەو ڕەنگی دەرێنێ*[8]
بێ سووتێنێ. بێ مرێنێ
بێ پژێنێ... بێ هوودەیە..![9]
لەم سەرتدا ئەو دیارە
لە جێگەی یەکێ هەزارە...!

• • •

ئەی چوار سەری ئاو زیندانی
کۆنەپەرستی ئێرانی
سەر زۆر پڕا
خوێن زۆر ڕژا
کەچی لە جێگەی هەر سەرێ
سەد سەری تر دێتە دەرێ
لە جێی هەر دڵۆپە خوێنێ
سەد گوڵ سەری دەر ئەهێنێ...!!
ئاسودە بن. زەبری زیندان
هەڵواسین و پەت بۆ خنکان
ئەوژنی خەبات لەق ناکا
هێزی تێکۆشان شەق ناکا[10]
ئاسودە بن. بە کوشتی بێ وە یا مردن
ڕیشەی کورد قەد نایە لەبن[11]

١٩٦٠

• • •

* غەنی بلووریان لە ساڵی ١٩٥٩ یا حوکمی خنکاندنی بەسەرا درا و دوای کرا بە حوکمی هەمیشەیی (مؤبد).. ساڵی ١٩٧٩ لە ئەنجامی ڕاپەرینی گەلی ئێرانا بەرەڵڵا و ئازاد کرا.

(١) غەنی بلووریان: ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی دیموقراطی کوردستانی ئێران بوو. لە ساڵی ١٩٥٩ دا خۆی و چەند هاوڕێیەکی کۆبەیەی ئاوەندی هەمان حیزب لە لایەن شالاوێکی ناهەمواری ڕژێمی کۆنەپەرستی حەمە ڕەزا شاوە گیران و حوکمی خنکاندنیان بەسەردا درا، هەر کە دەنگ گەیشتە شاری سولەیمانی لە لایەن ڕۆڵانی شارەوە دەنگی ناڕەزایی بڵند بووەوە و لە شێوەی بێرخەرەوە و یادداشتا ئیمزا کۆکرایەوە و ڕەوانەی ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی ئێرانی و دەزگا ڕەسمی دەوڵەتی‌یەکان کرا.

(٢) ئاوی نێ پەی: ئاوێکی لەبن نەهاتوو
(٣) داستێ ڕەنگین: داوێن ڕەنگین، قەدباڵی ڕەنگین
(٤) سەودای ورشەی چڵە: عەشقی ورشەی چڵە.

(٥) لەتاغەی کولاوەی زامی: کە برین کەمێك سارێژ ئەبێتەوە خوێنەکەی سەری ئەیەستێ و پێی ئەوترێ قەتاغەی برین و زام جا کە ئەو قەتاغەیە برێندار با لێ بکرێتەوە خوێنی لێ دێت و ئەڵێن: کولایەوە.
(٦) شەکەتی.. داغ و سووتان بێ: واتە هیلاك و ماندوی سووتان و داغ کردن بێ: داغ بە واتای سوتان دێت ئەڵێن گوێچکەی مەڕەکەی داغ کرد واتە بۆ نیشانە گوێچەی سوورتاندوە.
(٧) بە گۆشت خۆی لە هەستا دابێ:
- لەوەندەی خوێن لێ تکابێ: لەوەندەی خوێن لێ هاتبێ
(٨) بە چەکوش بیقڵیشێنێ: بە چەکوش لێدان درز و دەلاقەی تێ بخا
(٩) بێ پژێنێ: زیاتر بۆ مێشك ورد و خاش بوون بەکار دێت وەك ئەڵێن: مێشکی پژا
- بێ هوودەیە: بێ قازانجە، بێ کەڵکە، بێ سوودە یان هیچ وپوچە.
(١٠) هێزی تێکۆشان شەق ناکا: واتە هێزی خەباتگێران دوو کەرت ناکا و دوو بەرەکی دروست ناکات.
(١١) ئاسودە بن: هێمن و ئارام و لەسەر خۆبن.

برای

آزادی غنی بلوریان ، فرزند انقلابی خلق کرد

از زندان شاه جلاد ، متحدا مبارزه کنیم

---

غنی بلوریان درسال ۱۳۰۲ در مهاباد به دنیا آمد ، پدر غنی به امر تجارت مشغول بود و در دوران جوانی غنی خانوادهٔ او از رفاه نسبی برخوردار بودند . غنی از همان سنین کودکی روحیهٔ سرکش و پیکار جویانه داشت . در جریان تشکیل جمهوری مهاباد غنی در دبیرستان تحصیل میکرد و در نخستین تئاتر کردی که در دورهٔ جمهوری بوجود آمده بود در پیسی که بنام " دایکی نیشتمان " ــ مام میهن ــ اجراء شد و بازگوی تقسیم کردستان و غصب حقوق ملی کرد و مبارزه برای بازستاندن این حقوق بود ، نقش بارزی داشت . در اسفند ۲٤ تعدادی از جوانان کرد برای دورهٔ نظامی به آذربایجان شوروی اعزام شدند وغنی نیز جزو این گروه بود . بعد از شکست زور رس و آسان جمهوری جوانان کردی که در مدرسهٔ نظامی بادکوبه تحصیل میکردند ، تصمیم به مراجعت به ایران گرفتند و زمانیکه با مخالفت مسئولین مدرسهٔ نظامی روبرو شدند دست به اعتصاب زدند . غنی یکی از کسانی بود که جریان اعتراض و مقاومت دانشجویان کرد را رهبری میکرد . آنها سرانجام موفق به تحقق خواست خویش گردیدند و اکثریتشان به ایران بازگشتند ، تعدادی از این افراد برای مدتی در ایران زندانی بودند و بعدها آزاد شدند .

غنی بلوریان یکی از کسانی است که در احیاء فعالیتهای سیاسی در کردستان ایران بعد از شکست جمهوری مهاباد ، نقش بارزی داشته است . اولین نشریهٔ مخفی بعد از جریان شکست " ریگا " ــ راه ــ با همکاری او منتشر شد . در این دوران در مناطق از کردستان ایران فعالیتهای سیاسی وضد رژیمی تحت نام ( حزب دمکرات کردستان ) و در همکاری کامل سیاسی با ( حزب تودهٔ ایران ) انجام میگرفت .

بعد از بازگشت از شوروی غنی در حین ادامهٔ تحصیل و کار ، بطور خستگی ناپذیری به سازماندهی و فعالیت سیاسی پرداخت و در تبادل نظر و کمک به تشکلات مبارزین کرد در عراق نیز فعالانه سهیم بود . غنی را برای بار اول هنگا[illegible] که بهمراه دو رفیق خود میخواستند مخفیانه از مرز شوروی بگذرند دستگیر نمودند ، بعد از آزادی از زندان غنی مجددا ب[illegible] فعالیت پرداخت بعد از کودتای سیاه ۲۸ مرداد ۱۳۳۲ درحالیکه بهمراه رفیقی در مهاباد یك کتابفروشی باز کرده بو[illegible] بنابه ضرورت فعالیتهایش و برای مصون ماندن از یورش دژخیمهای " سرهنگ خواجه نوری " و " رکن دوم " مخفی شد و در این دوران موفق به چاپ و نشر چند شماره روزنامهٔ کردستان گردید . تااینکه درسال ۱۳۳۵ مجددا دستگیر گردید و مدت ۳ سال در زندان ماند . یکی دوسه سال بعد از کشف سازمان افسری حزب توده ، حزب دمکرات کردستان با بقایای رهبری متلاشی شدهٔ حزب توده در ایران قطع رابطه کرد و این تشکیلات در مجموعهٔ خود چندسالی از دستیابی پلیس مصون ماند . مقاومت و پایداری چندتن از مبارزین ، ازجمله غنی در زندان مانع از این شد که پلیس و رکن دوم مبارزان کرد را نیز در همان سالهای سیاه و بعد از دستگیریها و وازدگی های پی در پی درهم بپیچند .

غنی بلوریان را در دهم آبان ماه ۱۳۳۸ برای بارسوم در مهاباد دستگیر کردند . این درحالتی بود که ساواك برای بی[illegible] کردن شخصیت غنی دست به تبلیغات مسموم کننده ای زده بود .

. دستگیری غنی تبلیغات کثیف ساواك و عوامل محلی اش را خنثی کرد . مقاومت غنی و چند تن دیگر از مبا[illegible] کرد در زیر شکنجه های حیوانی جلادانی چون سرهنگ وزیری ، سیاحتگر ، سرتیپ امجدی و استوار ساقی این وردستان ب[illegible] جلاد رئیس وقت سازمان امنیت شاه قاتل ، نمونهٔ بی نظیری از پایبندی به عقایدی است که ملهم از شرایط عینی و ایما ن به حقانیت حاکمیت اکثریت محروم عملی میگردد .

زخم شکنجه بر بدن غنی چندان شدید بود که بعد از شش ماه هنوز آثار آن باقی بود و در جریان "بازجوئی" و شکنجه‌ها زندانیان ، برای درهم شکستن روحیه مقاومت آنان ، بدن او را بنمایش میگذاشتند .
چندین ماه بعد از دستگیری این مبارزین و بعد از شکنجه های طاقت فرسا آنان را در یك " دادگاه " دربسته نظامی به اتهام "کوشش برای تجزیه کشور" وداشتن مرام و رویه اشتراکی " محاکمه " کردند وغنی و چهار تن دیگر به اعدام محکوم شدند . حکم اعدام برای مدت سه ماه معلق ماند ، بعلت اوضاع سیاسی روز و تغییر و تحولاتی که در آن دوران در عراق و کردستان عراق در جریان بود و وحشت شدید رژیم از این اوضاع ، و جنبش اعتراضی وسیعی که در شهرهای کردستان عراق و بویژه سلیمانیه به راه افتاده بود رژیم مجبور شد " دادگاه " باصطلاح تجدید نظر تشکیل دهد و احکام اعدام را به حبس ابد تغییر دهد . در همین دوره ، پائیز ۱۳۳۹ پنج تن از مبارزان آذربایجانی ، ایوب کلانتری و یارانش را در تبریز تیرباران کردند. غنی در فاصله سه ماهی که زیر حکم اعدام بوده است وصیت نامه‌ای به زبان کردی نوشته ، که حاکی از روحیه مبارز و آشتی ناپذیر یك فرزند وابستهٔ مردم زحمتکش و بهیچ گرفتن مرگ در راه اهداف آنان است .
غنی بلوریان و اکثر زندانیان کرد را بعد از قطعیت "حکم" دادگاه به بند ۳ زندان قصر قاجار منتقل کردند . غنی در این دوره نمونه‌ای از مقاومت و پایمردی بوده و همیشه برخوردی قاطع و خشن نسبت به زندانبانان وعناصر سست عنصر داشت . کسی که چهره مصمم و روحیه شاداب غنی را از پشت میله های زندان دیده باشد ، نفوذ شخصیت الهام بخش او را همیشه با خود خواهد داشت . در جریان مقاومتهای درون زندان غنی را در سال ۴۱ به زندان برازجان منتقل کردند و تا سال ۱۳۴۵ او را در برازجان نگهداشتند و بعد دوباره او را به بند ۴ زندان قصر منتقل نمودند . در سال ۴۸ مجددا او را به برازجان و از آنجا به زندان عادل آباد شیراز انتقال دادند . غنی در زندان یك فرهنگ کردی تدوین نموده است .
وضع جسمانی غنی در زندان بسیار ناگوار است و او چندین سال است که از بیماری زخم معده رنج میبرد .
"سازمان بخشودگی بین المللی " - امنستی انترناسیونال - در نوامبر ۷۴ غنی بلوریان را بعنوان زندانی ماه انتخاب نمود ، علیرغم کوششهای امنستی تاکنون رژیم خونخوار پهلوی واطلاعی از سرنوشت او در اختیار امنستی ننهاده است .
بنابر سنن درخشان کنفدراسیون جهانی هر ساله ماه نوامبر - آبان - به ماه دفاع از زندانیان سیاسی و خانواده آنان اختصاص مییافت . در شرایط فعلی که جنبش مترقی دانشجوئی ایران در خارج از کشور دچار تفرقه و تعدد تشکلات است ، امر دفاع از مبارزه انقلابیون اسیر رژیم د دمنش پهلوی و کوشش برای آزادی آنان را علیرغم اختلافات درونی میباید به پیش برد .
ما از کلیه بخشهای مترقی جنبش دانشجوئی ایران در خارج از کشور میخواهیم که خواست آزادی رفیق غنی بلوریان را وارد کارزار دفاعی خود سازند .
اکنون ۱۸ سال است که غنی بلوریان این فرزند دلیر مردم کرد و همه زحمتکشان ایران در زندانهای شاه اسیر است و مجموعا ۲۱ سال از زندگی سازنده خویش را پشت میله های زندانهای رژیم د دمنش پهلوی بسر برده است . غنی در زندان با مرگ تدریجی دست به گریبان است . ما از همه انسانهای آزادیخواه میخواهیم برای آزادی غنی از زندان کلیه امکانات خود را به کار بندند .

سازمان دانشجویان کردستان در خارجه (کومله)
بخش سوئد

نوامبر ۱۹۷۷

# گرشەی کوردستان

نرخی ١٠ تمەنە

رەشەمەی ١٣٥٩ هەتاوی ومارس ١٩٨١ و٢٥٩٢ کوردی ـ ژمارە ١ ساڵی یەکەم

بسم اللە الرحمن الرحیم

٥ـ ئیسلامی گەورە گشت تەبعیزگەلی مەحکوم کردوە وبۆهیچ تاقمێ تایبەتی یەکی تایبەتی دانەناوە تەقوا وە تەعەهودبەئیسلام تەنیا هۆی کەرامەتی بەرەی مروڤە، لەپەنای ئیسلام وکۆماری ئیسلامیا حەقی ئیدارەی کاروە باری نا وخوجەللی و لابردنی هەرجۆرە تەبعیزی فەرهەنگی وئابوری و سیاسی موتە عەلیق بەگشت توێژەکانی گەلەئەز حوشەیرا یانی کوردە، کەحوکومەتی کۆماری ـ ئیسلامی موەزەف وموتەعەهیدە کەبەزوترین کات

تا نونگەلی وە موقەرەراتی پەیوەندی داربەوە بە بارمەتی یەزدان تەدوین ئەکرێ.

روح اللە الموسوی الخمینی

٢١ آبان ١٣٥٨ـ ٢٦ ذی الحجە ١٣٩٩

## اعلامیه دبیرخانه هیئت نمایندگی خلق کرد


هموطنان مبارز !

خلق رزمنده کرد !

اینك که گروههای سیاسی سهیم در جنبش مقاومت خلق کرد، اقدام به تشکیل " هیئت نمایندگی خلق کرد " نموده و با این کار یکی از آرزوهای دیرینه خلق کرد را عینیت بخشیده اند، این هیئت به منظور تسهیل کار خود در جریان مذاکرات و نیز برقراری تماس دائم با توده مردم اقدام به ایجاد دبیرخانه هیئت نمایندگی خلق کرد در محل سد مهاباد نموده است. از عموم مردم مبارز ایران و مردم کردستان دعوت می نمائیم که در رابطه با مسائل فوق به دبیرخانه مراجعه نموده و مارا در این امر مهم یاری دهند .

دبیرخانه هیئت نمایندگی خلق کرد

١٦ / ٩ / ٥٨




ПРОПУСК № 04449

Тов. Гани Болурчян

на Красную площадь
В СВЯЗИ С ПРАЗДНОВАНИЕМ ДНЯ
МЕЖДУНАРОДНОЙ СОЛИДАРНОСТИ ТРУДЯЩИХСЯ
1 Мая 1987 г.

Вход со стороны пл. Революции через Кремлевский и Исторический проезды

ЛЕВАЯ ТРИБУНА

4

Действителен при предъявлении паспорта

بۆ هەڤاڵی تێکۆشەر تەیمور
مصطفى بارزاني ١٩٥٨





مامۆستا هەژار موکریانی،

کاک عەزیزی یوسفی خەباتگێری بە ئەمەگی بزووتنەوەی کوردستان بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵان لە زیندانەکانی رژیمی پەهلەویدا راگیرا.





کاک سەدیقی خانەمی ئەندامی سازمانی جەوانانی کوردو یەکێک لە خەباتگێرانی کۆماری کوردستان بوو. ناوبراو لە زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتدا نەخشی هەبوو، و بۆ ماوەی نزیک بە شازدە ساڵ لە بەندیخانەکانی رژیمی پەهلەویدا زیندانی بووە.

وێنەی خۆم و هەرزە لە حەوشەی زیندانی بەرازجان
لە ساڵی ١٩٤٤دا.






کاک محەممەدی ماملێ هونەرمەندو پیاوچاکی
شاری مەهاباد.



مامۆستا هێمن شاعیری میللی کورد



سەفەرخانی قارەمانی خەباتگێری کۆماری ئازەربایجان ماوەی سی‌و دوو ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕژێمی پەهلەویدا زیندانی بووە.





کاپیتان محەمەدی ڕاتبی (حەمەدی مەولودی) خەباتگێری سەردەمی کۆماری کوردستان.

کاک محی‌الدین هاوارانی ئەندامی سازمانی جەوانانی کورد لە شانۆی دایکی نیشتماندا ئەخشی نوێنەری ئەفغانستان‌و پێشمەرەگەی هەبوو. ناوبراو لە شەڕی نێو شاری مەهابادا بەدەست پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کوژرا.





کاک عەبدوڵڵای حەکیمزادە ئەندامی سازمانی جەوانانی کورد لە شانۆی دایکی نیشتماندا ئەخشی نوێنەری تورکیەو پێشمەرەگەی هەبوو.

Kurdistanpost
کوردستانپۆست

ریزی ناوەکان

| | |
|---|---|
| ئەسعەدی خودایاری | ٩- ١١١- ١٤٢- ١٤٦- ١٥١- ١٧٧- ١٧٩- ١٨٠- ١٨١- ١٨٣- ١٨٤- ١٨٥- ١٨٦- ١٨٨- ١٩٧- ١٩٨- ٢١٤ |
| ئەحمەدی زینەبی | ١٣ |
| ئیحسان نوری پاشا | ١٤- ٢٢- ٥٨- ٥٩ |
| ئادۆف هیتلیر | ١٩- ٤٧- ٢٧٠ |
| ئەحمەدی سالحیان | ٢٢- ١٢١ |
| ئنگلس | ٢٢ |
| ئەحمەدی قاوەچی | ٢٩ |
| ئەسکەندەر | ٤٣ |
| رەئیس بەکر | ٥٢ |
| ئەسلانۆڤ | ٧٢- ٧٣ |
| ئازاد | ٧٦ |
| ئەحمەد خانی فاروقی | ٩٢- ٢٤٣ |
| ئیحسان تەبەری | ٧٨- ٧٩ |
| ئاغا صدیق | ٩٢ |
| ئەحمەد خانی شەجیعی | ٩٢ |
| ئوستوار خامنەیی | ١٠٢ |
| ئیرانشەری | ١١٢ |
| ئیحسانوڵلا | ١١٣ |
| ئیلخانی زادە | ١٢١ |
| ئیمام خۆیی | ١٢٨- ١٣١- ١٣٤ |
| ئەحمەدی سوڵتانی | ١٥٧ |
| ئەرمیا | ١٧٢ |
| ئەرسەلانی پوریا | ١٩١- ١٩٢ |
| ئوستوار محەمەدزادە | ١٩٤ |
| ئەبروکەمان | ٢٠٥- ٢٠٩- ٢١١- ٢١٧- ٢١٨- ٢٢٦ |
| ئاندرە مالرۆ | ٢٢٩ |
| ئەبریشمی | ٢٣٣ |

ئەحمەد نهضت زادە ٢٥٠
ئەرسەنجانی ٢٥٣
ئایەتوڵلا تاڵەقانی ٢٥٧- ٢٩٧- ٢٩٨- ٢٩٩- ٣٠٠
ئەبوتوراب باقرزادە ٢٥٨- ٢٦٣
ئەحمە زادە ٢٦٨- ٢٦٩- ٢٧٠
ئوستوار ساڵحی ٢٦٩
ئایەتوڵلا دەست غەیب ٢٧٤
ئەرتەشبود ئەزهاری ٢٧٨- ٢٨٦
ئەسمەر گادانی ٢٧٩
ئایەتوڵلا خومەینی ٢٥٥- ٢٧٢- ٢٧٣- ٢٧٤- ٢٨٣- ٢٨٤- ٢٨٥- ٢٨٧- ٢٨٨- ٢٨٩- ٢٩٠- ٢٩١- ٢٩٦- ٢٩٨- ٣٠٠- ٣٠١- ٣٠٢- ٣١١- ٣٢٠- ٣٢١- ٣٢٤- ٣٢٥- ٣٣٢- ٣٣٣- ٣٣٤- ٣٤٦- ٣٥١
ئایەتوڵلا بەهێشتی ٢٩٠- ٢٩٧- ٢٩٨
ئەمیری قازی ٣١٠
ئەبو جەمیل ٣١٨- ٣١٩- ٣٢٠- ٣٣٢
ئەحمەدی قازی ٣٢٦- ٣٣٤
ئەنوەری سولتانی ٣٢٦- ٣٢٧
ئایەتوڵلا ئەشراقی ٣٣٢- ٣٥١- ٣٥٢
ئایەتوڵلا حوسێنی کرمانی ٣٣٤- ٣٣٥- ٣٣٦
ئایەتوڵلا مەکارمی شیرازی ٣٣٤
ئەحمەدی خومەینی ٣٣٤- ٣٣٥
ئەحمەدی عەزیزی ٣٤٨
ئایەتوڵلا نوری ٢٩٢
ئایەتوڵلا سەفدەری ٢٩٦
ئەحمەدی موفتیزادە ٢٩٦- ٢٩٧- ٣٢٠
برایمی فەرشی ١١ ١١
باقی حەسەنە شەلی ٥٤ ٥٤
برایمی بابانزادە ٩٦

برایم ئەحمەد ٨١- ١٨٢
برایمی ئاژان ٩٥
بەحرالعلوم ١١٦
برایمی باپیرئاغای ١٢٢
برایم ئاغای عەلیار ٢٨٢
بیژەنی جەزەنی ٢٧٧
بهروز سلێمانی ٣٢٦
برایمی عەلیزادە ٣٢٦
بهروزی حەقی ٣٦٩
بلوت ٣٦٨- ٣٦٩
برایم ئاغای نەوزەری ٣٠٦
پەرویزی حکمەتجو ١٥٤- ١٥٥- ١٥٦- ١٥٧- ٣٥٩
پاسەوان میناگەری ١٦٦
پاسەوان عەبدولکەریم ١٦٦
پەرویزی نیکخوا ٢٥٩
پوولاد ٣٦٨- ٣٦٩
پاناماریۆف ٣٦٤
تەیمور ٢١٩
تەقی کەیمەنیش ٢٥٨- ٢٦٢- ٢٦٧
تهرانی ٢٧٧
تەقی کەیمەنیش ٢٧٨
جەعفەر باقرئۆف ٢٤- ٥٦- ٦٩- ٧٠
جەعفەر ئۆف ٢١- ٣٩
جوامیرئاغای پشدەر ٦٢- ١٤٧- ١٤٨- ١٤٩- ١٥٠- ١٥٢
جەعفەری شێخالسلامی ٩٤
جەعفەری کەریمی ٩٨
جەوهەری ١١٤
جەلال تاڵەبانی ١٤٣- ١٤٤- ٣١٧- ٣١٨- ٣١٩- ٣٢٠- ٣٣٢
جەماڵ حەیدەری ١٤٣- ١٤٤
جەعفەری قەوسی ١٥٣

جەلیلی گادانی ١٩٦- ١٩٧- ٢٠١- ٢٧٩- ٣٤٠- ٤٥٢
جمالْ عەبدولناسر ٢٢٩
جەواهیر خانمی یۆسفی ٢٤٢
جوانمەرد ٢٤٣
جەلیلی ئەفشار ٢٧٧
جەعفەری شەفیعی ٣٢٦
جەعفەری کەروبی ٣٤٨
جهانگیری سمایل زادە ٣٥١- ٣٥٢- ٣٥٣- ٣٥٤
چرچیل ٦٩
چووکەلی شافعی ٩٨
حامید گەوهەری ٧- ١١- ١٩٠
حەسەنی ماوارانی ١١
حوسێنیفروهەر (زێرینگەران) ١٢- ١٧- ١٨- ٢٥- ٣٢- ٤٤- ٤٥- ٤٦- ٤٨-
١١٢- ١١٦- ١٣٠- ١٣٨
حەمە هەتیو ١٤
حاجی شێخ بابا ١٥- ١٦
حاجی خوسرەوی ١٧-١٨
حەبیبی سابوونچی ١٨
حوسێنە پەزە ٣٠ ٣٠
حاجی کەریمی قاورمە ٣٦
حاجی ٣٧- ١٧٧
حاجی قادری کۆیە ٣٩
حاجی شێخ مستەفای قزلقەلایە ٤١
حوسێنی حەبیبی ٤٢
حامیدی ٤٣
حامیدی مازوچی ٤٦- ٩٢
حەمە سەرپان ٤٦- ٤٧
حاجی مستەفای داودی ٤٩
حاجی حەسەنە شەلی ٥٥
حەسەنئۆف ٦٩

حەبیباله قاسملو ٧١- ٧٢
حوسێنی مەنسوور ٧٤
حەسەنی قزلجی ٨١- ٩٤
حەسەن خانی کانی نیاز ٩٢
حەمە بەگی فیضالەبگی ٩٢
حەمە خانی فاروقی ٩٢- ٢٤٣
حەمە پۆلیس ٩٤
حەسەنی مفتی ٩٨
حەمەدی کیسەڵانی ١١٦
حاجی قاسمی بەرگدرو ١٢٠- ١٢١
حوسێنی فاتحی ١٢١
حوسێنە زەرد ١٢٢
حەمە غەریبی دەباغی ١٢٣
حەسەن چۆلەکە ١٣٢
حشمەت ١٣٤- ١٣٥
حەسەنی رەمەزانی ١٣٦- ١٣٧
حاجی سمسارزادە ١٣٧
حەسەنی داودی ١٣٧
حەمە پۆلیس ١٤٦
حوسێن ١٥٣
حەبیب ١٤٣
حوسێنی فەتاحی ١٥٧
حەسەن زیرەک ١٩٦
حاجی حەمە رەسووڵ ٢٢٠- ٢٢١
حوسێن ٢٢٠- ٢٢١
حەمە ساڵح دیلان ٢٤٣
حەبیب پەنا ٢٥٠
حەسەنی سیف قازی ٢٦٦
حەسەنی زیا زەریفی ٢٧٧
حەمەدەمینی کاکەسواری ٢٩٠

حمیدی سەفەری ٣١٠- ٣٥٩- ٣٦٢- ٣٦٦- ٣٧٠- ٣٧١

حەسەنی حاتەمی ٣٦٠

خاتوون ١٢

خاڵە برایم ١٢

خەلیفە ئامین قەمتەرەیی ٤١- ١٣١

خەلیل ٤٣

خیروڵلا عەبدوولکەریم ٥٢

خەلیلی خوسرەوی ١٣٠

خوسرەو دارا ١٤٤- ١٤٥

خوسرەوی روزبە ١٥٣- ١٥٤

خەلیلی سەدیقی ١٥٨- ١٦٥- ٢٣٥

خوسرەوی روزبە ٢٠٥

خەلیل شەوباش ٢٤٣

خەلیلی گەنجەلی ٣٠٥

خالیدی ئیبراهیمی ٣٤٨

د. رەحمانی قاسملو ٨- ٥٨- ٧٢- ١١٣- ١١٤- ١٣٠- ١٥٢- ١٥٣- ١٥٤- ١٥٥- ١٥٦- ١٩١- ١٩٢- ١٩٣- ١٩٤- ١٩٥- ١٩٧- ٢٣٩- ٢٨١- ٢٨٢- ٢٨٣- ٢٩١- ٢٩٢- ٢٩٣- ٢٩٤- ٣٠٠- ٣٠١- ٣٠٢- ٣٠٣- ٣٠٣- ٣٠٧- ٣٠٩- ٣١١- ٣١٢- ٣١٣- ٣١٤- ٣١٥- ٣١٦- ٣١٧- ٣١٨- ٣١٩- ٣٢٠- ٣٢٣- ٣٢٥- ٣٢٦- ٣٢٧- ٣٢٨- ٣٢٩- ٣٣١- ٣٣٤- ٣٣٧- ٣٣٨- ٣٣٩- ٣٤٢- ٣٤٣- ٣٤٤- ٣٤٨- ٣٤٩- ٣٥٠- ٣٥١- ٣٥٢- ٣٥٣- ٣٥٧- ٣٦٢- ٣٦٣- ٣٦٥- ٣٦٧- ٣٧٠

د. رەزا فەروخ ١١

د. جەمشید حەیدەری ١١

دەرویش کەریم ١٢

د. فواد ١٣- ٨١

د. عەلی مەولەوی ٢٢- ٣٣- ١٨٣- ١٩٧- ٢٠١- ٢٠٢- ٢١٦- ٢٢١- ٢٥٠

د. قادر مەحموودزادە ٢٢- ٣٣- ٧٨- ٧٩- ١٠٥- ١٠٦
د. یوناتان ٣٣- ٣٤
دڵشاد رەسووڵی ٣٣- ٣٤- ٣٥- ٣٩- ٤٣- ٥٢
د. محەمەدی موکری ٣٦- ١٢٧- ١٢٨- ٢٩٢
د. محەمەد مصدیق ٤٦- ٩٨- ١٠٧- ١٠٨- ١١٩- ١٢٠- ١٢١- ١٢٤- ١٢٥- ١٢٦- ١٢٩- ١٣٦- ١٣٧- ١٣٨- ١٤١- ١٤٢- ١٨٥- ٢٤٧- ٢٥٤- ٢٦٦- ٢٦٩- ٢٧٤- ٢٨٥- ٢٨٦- ٣٦٩
د. رەزا شەفەق ٧٦
د. یەزدی ١٢٨
داود صایغ ١٤٥
داود سلمان (فەهد) ١٤٥
د. رادمەنیش ١٥٣- ١٥٦- ١٩١
داود ١٧٢
دارا ٢٠٥
داریویش فروهەر ٢٢٢- ٢٢٩- ٢٩٢- ٢٩٣- ٢٩٤- ٢٩٥- ٣١١- ٣٢٤- ٢٣١- ٢٣٢- ٢٣٤- ٢٤١- ٣٣٣- ٣٤٥- ٣٤٦
د. وریا رەواندزی ٢٤٢
د. عەلی ئەمینی ٢٥٣- ٢٥٤- ٢٥٥
د. ئەرانی ٢٥٤
د. سەحابی ٢٥٧
د. رەحیمی سیفقازی ٢٦٦- ٢٩٠- ٣٣١- ٣٤٨- ٣٤٩
د. شاپووری بەختیار ٢٨٥- ٢٨٦
د. چەمران ٣٢٠- ٣٢١
د. سمایلی ئەردەڵان ٢٩٢
رەزا شای پەهلەوی ١٣- ١٨- ١٩- ٢٠- ٢٥- ٦١- ٨٩- ٩٠- ٩١- ٩٢- ١١٥- ١١٧- ٢٤٦- ٢٥٢
رەحیمی لەشکری ١٨- ٣٢
رەحمانی کەیانی ١٨- ٣٢

رەحمانی سەدیقی ١٨

رەحمانی ئیمامی ١٨

رەحمانی عەلەوی ١٨- ٣٢- ٥٩

رەحمانە گۆج ٢٧ ٢٧

رەسوولی نەغەدەیان ٤٦- ٩٢- ٢٤٣

رەحمەتی شافعی ٤٦-٤٧- ٩٩

رەحمانی شافعی ٤٦- ٤٧- ٤٨

رەسوولْ ئۆف ٧٢- ٧٣

رەسوولْ ئاغای جوانمرد ٩٢

رەحمانی عەلیاڵی ٩٨

رەشید بەگی هەرکی ١٠٠

رەحیمی سوڵتانیان ١٠٧- ١١٢- ١١٥- ١٢٧- ١٨٣

رەحیمی خەرازی ١٠٧- ١١٠- ١١٢- ١٢٧- ١٣٢- ٣٩٣- ٣٣٤

رەحیم ١٤٨- ١٤٩- ١٥٠

رەحمانی عاشیرەتی ١٥٧

رەحیمی جوانمردی قازی ١٥٧

رەحمەتی شەریعەتی ١٢١- ١٥٨- ١٥٩- ١٦٠- ١٦١- ١٦٢- ١٦٣- ١٦٤- ١٦٥- ١٨٣- ١٩٧- ٢٠١- ٢٠٢- ٢٢١- ٢٢٢- ٢٢٥- ٢٢٦- ٢٢٧- ٢٢٨- ٢٣١- ٢٣٤- ٢٣٥- ٢٣٧- ٢٣٨- ٢٣٩- ٢٤٢

رەشیدی فەلاحی ١٨٤- ١٩٩

رەحمان خانی نێزەڕۆ ١٩٥

رەزا پەهلەوی ٢٤١

رەزا شەلتوکی ٢٥٨- ٢٦٢- ٣١٦- ٣٥٩

رەحمەتی پیرۆتە سووری ٣٤٨

رەحمان شازدە ٣٤٨

رەحمانی کەریمی ٣٥١- ٣٥٢- ٣٥٣- ٣٥٤

زیوەر ١٤٥

زیاد ١٤٤

زەرزا ١٩٣

زیرەکزادە ٢٥٤
زەهتاب ٢٤٠
زیڕۆ بەگی هەرکی ٢٩٩
ژێنراڵ مونتگۆمری ٥٢
ژێنراڵ مالچائۆف ٧٠
ژێنراڵ دوگل ٢٢٩
سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ١٦
سەعیدی یۆسفی ١٧
سەید حەمەدەمینی ئیسحاقی ١٧- ٧٥- ٩٩
سپەبۆد حاجی‌علی ڕەزم ئارا ٢٠- ٤٩- ٥٠- ٥١
سەدیقی سیاسەری ٢٢- ٢٨- ٣٠- ٤٤- ٩٤
سەدیقی خاتەمی ٢٢- ٨٠- ٩٦- ٩٨- ١٠٧- ١١٥- ١٣٩- ١٩٨- ٢٢٠- ٢٠١- ٢١٨- ٢٢٤- ٢٢٥- ٢٥٠
سەید عەبدوڵڵای زەکی ٢٢
سریع‌القلم ٢٣- ٢٦- ٢٩
سەرگورد قوربانی ٢٣- ٢٥- ٢٦
ساڵحزادە ٢٢
سەید خدری نیزامی ٢٦- ٢٧- ٣٨- ٤٥- ٩٧- ٩٨
سەدیقی حەیدەری ٢٩- ٣٣- ٣٩- ٥١- ١٣٠- ١٨١
ساڵحی شاتری ٢٩- ١٣٢
سیروسی حەبیبی (داڵی) ٤٢
سمایلی پیرۆزی ٤٣-٥٤
سەعیدی حەمە قالەی ٥٤
سپەبوود فەزڵڵا زاهیدی ٤٦- ١٣٨- ٢٤٧- ٢٨٨
سەرلەشکر هومایونی ٥٧- ٧٣- ٧٤- ٩٢
سەدری قازی ٩٢
سەرهەنگ گاجی‌یۆف ٦٦- ٧١
سەلیم ئاتاکشی‌یۆف ٦٩- ٧٠- ٧١- ٧٢
ستالین ٦٩- ٧٠- ٧١- ٧٢
ساڵاری میرزا فەتاحی ٧٥

سەرهەنگ پالەوان ٧٧
سەرگورد فروتەن ٩٦
سەید تەها ٨٠
سیفی قازی ٩٢
سەید کامیل ٩٤- ٩٥
سەرهەنگ ئەمیر دیوان ٩٧- ٩٩
سەروان وەکیلی ١٠٠- ١٠١
سەروان رەنجبەری ٩٩
سەرهەنگ جاوید ١٠٠- ١٠٣- ١٠٤- ١٠٥
سەرگورد تەقی پوور ١٠١- ١٠٢- ١٠٣- ١٠٤- ١٠٥
سمایلی ساحیب ١٠٢- ١٠٣
سەرهەنگ حەداد ١٠٣- ١٠٤
سەرگیس ١٠٥
سەرتیپ سارم ١٠٦
سەرلەشکری عەزیمی ١٠٦
سەرهەنگ موبەشیری ١٠٦- ١٠٧
سەرهەنگ وەزیریان ١٠٦
سەرگورد ئیمامی ١٠٧ ١٠٧
سەرهەنگ وەفا ١٠٨- ١٠٩
سەرگور پەنبە بەگوش ١٠٨- ١٠٩
سوارەی سیامەندی ١١٠
سارمەدینی سادق وەزیری ١١٤- ١٢٠- ١٢٧- ١٢٩- ١٣١- ١٣٤- ١٥٤- ١٧٦- ٣٢٧
سەدیقی هەنجیری ئازەر ١١- ١٥٢- ١٥٣- ١٥٤- ١٥٥- ١٥٧- ٣١٩
سەرهەنگ فەخری ١١٧
سەرلەشکرموزەفەر زەنگەنە ١١٧- ١٢١- ١٣٣- ١٣٥- ١٧٥- ١٧٦- ١٧٧- ١٧٨
سەیدە گوڵەی نوشتوونووس ١١٨
سەرهەنگ سالاری زادە ١١٩
سەدیقە دریژ ١٢٢
سمایل تی‌تی ١٢٢- ١٢٣

سمایلی شافعی ١١٨- ١٢٥
سەرگورد هوما ١٣٨
سوارەی ئەحمەدی گولاوی ١٤٠
ساحەب ١٤٠
سەلیم چەڵەبی ١٤٣
سوڵتانی توژەڵی ١٤٩- ١٥٢
سەرهەنگ فولاددژ ١٥٤
سلێمان موعینی ١٥٥- ١٥٦- ١٩٧- ٢٣٣
ساڵحی ئوقلیدوس ١٥٧
سەرهەنگ فەروخ کش ١٦٥
سەروان موشرفی ١٦٦- ٢٧٢
سەرگورد ئەیوبی ١٦٨
سەرهەنگ زهیر ئەعزەمی ١٦٨
سەرلەشکر نەسروڵلاهی ١٦٨- ١٦٩
سیمەنتۆ ١٧٢
سەرهەنگ خواجەنووری ١٧٣- ١٧٤- ١٧٦
سەرکورد موحتەشەمی ١٧٣- ١٧٤
سەید هاشمی حوسێنی ١٧٣- ١٧٥
سپەبوود وەرەهرام ١٧٤- ١٧٦- ١٧٩- ١٨٩
سەرهەنگ ساللاریزادە ١٧٥- ١٧٦- ١٨٨- ١٨٩
سەرگورد گۆلی ١٧٥
سەید عەبدوڵلا مرادی ١٨١
سەید مستەفای سەیدی ٢٨٢
سەرهەنگ بەهار مەست ١٨٤
سەرهەنگ زیبایی ١٩١- ١٩٢- ١٩٣- ١٩٤
سمایلی قاسملو (حوسێن) ١٩٢- ١٩٣- ١٩٤- ١٩٥- ١٩٦- ١٩٧- ١٩٨- ٢٠١- ٢٠٢- ٢٠٣- ٢١٤- ٢١٦- ٢١٧- ٢٢١- ٢٢٢- ٢٢٤- ٢٣٢- ٢٣٤- ٢٣٥- ٢٣٩- ٢٤٢
سەرهەنگ زەلتاش ١٩٥
سەرهەنگ عیسا پژمان ١٩٥

سەرهەنگ بابا ئەمجەدی ١٩٧- ١٩٨- ٢١٣- ٢١٤- ٢١٩- ٢٢٠
سەرگورد لیقوانی ١٩٨- ١٩٩- ٢١١- ٢٣٣
سەرهەنگ وەزیری ٢٠٣- ٢٠٥- ٢٠٦- ٢٠٧- ٢٠٨- ٢١١- ٢١٣-
٢١٤- ٢١٥- ٢١٧- ٢٢٥- ٢٣٣
سەرهەنگ سیامەک ٢٠٥
سەرهەنگ موبەشیری ٢٠٥
سەید محەمەدی مرادی ٢١٦- ٢١٧
ساڵح ٢٢٠- ٢٢١
سەرتیپ عەبدی ٢٢٣
سەرهەنگ ئەمین‌پوور ٢٢٤
سوکارنو ٢٢٩
سەرلەشکر تەیموری بەختیار ١٨٢- ١٩١- ٢٠٣- ٢٣٧
سەرهەنگ موبەین ٢٣١- ٢٣٩- ٢٤١- ٢٧٢
سەرهەنگ زروفی ٢٣١
سەرگور سەمەدی خێرخوا ٢٤٧
سەفەرخانی قارەمانیان ٢٥٨
سمایلی زولقەدر ٢٥٨- ٢٦٢
سەرهەنگ عابدینی ٢٦٥- ٢٦٦- ٢٧٢
سەرگورد قارەمانی ٢٦٩
سەرگورد تەیموری ٢٧٢
سەرگورد ئیرەوانی ٢٧٢
سەرگورد حەکیمی ٢٧٢
سەروان ئەسەدی ٢٧٢
سەعید مەشعوفی کەلانتەری ٢٧٧
سەددام حوسێن ٢٨٣- ٣١٩- ٣٣٨- ٣٥٠
سەرتیپ پزیشکپوور ٢٩١- ٢٩٣- ٢٩٥- ٢٩٦
سەرهەنگ سیستانی ٣٠٩- ٣١٠
سەرهەنگ زەرکێش ٣٠٩
سەحراروودی ٣١٠
سەیدرەحیمی نادر ئەحمەدی ٣٤٨

سەدیقی کەمانگەر ٢٩٧- ٢٩٨- ٢٩٩
سەرهەنگ عەباسعلی سەدری ٢٩٧
سەرهەنگ زهیر نژارد ٣٠٤- ٣٠٥- ٣٠٦
سەننار مامەدی ٣٥١- ٣٥٢- ٣٥٣- ٣٥٤
سمایل ئاغای سمکۆ ٣٥٤
سەفەرخانی قارەمانی ٣٦٨- ٣٦٩
شێخ سەلامی بارزانی ١٣- ٢٢
شێخ مەحموودی حەفید ١٣- ٥٩- ٨١- ٨٢- ٨٣- ٨٤- ١٧٠- ٢٩٤
شێخ سەعیدی پیران ١٣- ٨١
شێخ ڕەزای دەرسیم ١٣
شێخ عەبدولقادر ١٣- ٨١
شێخ بابای غەوساوایە ١٦
شێخ عەبیدوڵلای زینوێ ٣٢- ٣٦٩
شا (محەمەد ڕەزا پەهلەوی) ٤٦- ٩٢- ٩٩- ١٣٧- ١٤١- ١٤٢- ٢٤٥- ٢٤٧-
٢٥٢- ٢٥٣- ٢٥٥- ٢٧٣- ١٩٣- ٢٢٢- ٢٣٧-
٢٣٩- ٢٨٤- ٢٨٨- ٣١٢
شێخ لەتیفی حەفید ٨١- ٨٢- ٨٤- ٩٤- ١٧٠
شێخ عەلائەدین ٨٠
شێخ ئەمینی کەسنەزان ٩٢
شیرەی عاشیرەتی ١٢٢
شێخ محەمەدی شێخی بورهانی ١٣١
شێخ حەسەنی غەوساوا ١٣١
شێخ مارف ١٤٦
شەمۆیل ١٧٢
شێخ ڕەشیدی لۆلان شێخ ڕەشیدی لۆلان ٢٨٢
شەوکەت بابان شەوکەت بابان ٢١٧
شێخ تەهای گەسگەسک شێخ تەهای گەسگەسک ٣٠٦
عەبدولڕەحمانی زەبیحی ١٦- ١٧- ١٨- ٣٢- ٣٣- ٣٤- ٣٥- ٥٢- ٨١- ٩٤
عەزیزی زەند (عەزیزئاڵمانی) ١٧- ١٨- ٣٢- ٥٤- ٥٥

عەبدوڵلاّی ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) ١٤- ٩٩- ١٠٧- ١٠٨- ١٠٩- ١١٣- ١١٤- ١١٨- ١٢٥- ١٣١- ١٣٢- ١٣٦- ١٣٨- ١٤٢- ١٤٦- ١٥٥- ١٥٦- ١٥٧- ١٨٠- ١٨١- ١٨٣- ١٨٦- ١٩٤- ١٩٥- ١٨٧- ٢١٧- ٢٣٨

عەلی مەحمودیان ١٧

عەبدولی کەرباسی ١٨- ٣٦- ٣٧

عەبدوڵلاّی حەکیم زادە ٢٢- ٤٣- ٥٩

عەزیزی فەرهادی ٢٢- ٧٨- ٨٠- ١٠٥- ١٠٦

عەلی دارتاش ٢٢

عوبەیدوڵلاّی ئەیوبیان ٢٣

عەزیزی مەولەوی ٢٣

عەزیز خانی کرمانج ٢٥

عەبدوڵلاّی خانەحەمیر ٢٥- ٢٦

عەبدوڵلاّی مینە خاڵندی ٢٦

عەلی ئاغای دیبوکری (ئەمیرئەسعەد) ٢٩- ٣٠- ٣١

عەلی ریحانی ٣٢- ٥٢

عەبدوڵلاّی نەهری (شەمزینی) ٣٥- ٣٦- ٣٩- ٤٢- ٤٣- ٤٤- ٩٩

عەبدوڵلاّی رەوشەن فیکر ٤٦- ٩٢

عەبدولخالەقی رەژی فرۆش ٤٦

عەولاّی بایزئاغای مەنگوڕ ٤٨

عەلی ئەکبەری تەفریشیان ٥٠

عیزەت عەبدولعەزیز ٥٢

عەلی مەنسوور ٧٤

عەزیزی یۆسفی ٩٦- ٩٨- ١٠٧- ١١٧- ١٢٠- ١٢١- ١٢٦- ١٣٤- ١٣٩- ١٤٠- ١٥٢- ١٥٣- ١٧٦- ١٨٣- ١٩٠- ١٩٢- ١٩٣- ١٩٤- ١٩٥- ١٩٦- ٢٠١- ٢٠٤- ٢١٠- ٢١٦- ١٢١- ٢٢٢- ٢٢٤- ٢٢٥- ٢٢٦- ٢٢٧- ٢٢٨- ٢٢٩- ٢٣١- ٢٣٢- ٢٣٤- ٢٣٥- ٢٣٦- ٢٣٧- ٢٣٨- ٢٤٠- ٢٤١- ٢٤٢- ٢٤٣- ٢٤٦- ٢٥٢- ٢٥٦

| | |
|---|---|
| عەلی خانی شێرزاد | ٩٢ |
| عەلی ئاغای جوانمرد | ٩٢ |
| عەلی بەگ | ٩٢ |
| عەلی خانی فاتحی | ٩٢ |
| عەلی قاراوا چکۆل | ٩٤ |
| عەزیزی حیسامی | ١٠٦- ١٠٧- ١٠٨- ١١٥ |
| عەلا | ١٠٧ |
| عیمادی | ١٠٩- ١٢٤ |
| عەلی عەجەم | ١١٦ |
| عەولائاغای مەنگوڕ | ١١٦ |
| عەلی شەلی قومارباز | ١٢٢- ١٢٣- ١٢٤-١٢٨ |
| عەلی سەدیقی | ١٣٤- ١٣٥- ١٧٦ |
| عەزیزی فەلاحی | ١٣٨- ١٨٨- ١٨٩- ٣٠٥ |
| عومەر دەبابە | ١٤٢- ١٤٥- ١٤٦ |
| عەزیز شەریف | ١٤٤ |
| عەبدوڵلای کانی ماران | ١٤٤ |
| عەبدولکەریم قاسم | ١٤٥- ١٨١- ١٨٢- ١٨٣- ١٨٧- ٢٠٣- ٢١٨ |
| عەلی وەستا غولامی | ١٤٦- ١٤٧ |
| عیزەتوڵلا سیامەک | ١٥٣ |
| عوبێد خالەقی | ١٥٧ |
| عەتا یونسی | ١٥٨- ١٥٩- ١٦١- ١٦٥ |
| عەلی گوڵشەن | ١٦٢ |
| عەتایی | ١٦٣- ١٦٤- ١٦٥- ١٦٨- ١٦٩ |
| عیسا | ١٦٩ |
| عەلی حوسێنی | ١٧٣ |
| عەلی شینکی | ١٧٣ |
| عەبدوڵلای عیزەت پوور | ١٨١- ١٨٧ |
| عەزیزی حەمەسووری | ٢٠٩- ٢١٠ |
| عەبدوڵلای ڕۆستەمی | ٢٢٠- ٢٢١ |
| عەلی بەهاری | ٢٢٧- ٢٣٢- ٢٣٤ |

عەزیم زادە ٢٤٠
عەبدول ئیلا ٢٤٢
عسمەت شەریف وانلی ٢٤٢
عەلی شەریعەتی ٢٤٣
عەباسی حەجەری ٢٥٨- ٢٦٢- ٢٦٣- ٢٦٦- ٢٦٧- ٢٧٥- ٢٧٨
عەلی عەموویی ٢٥٨- ٢٦٢- ٢٦٧- ٢٧٥- ٢٧٨
عەباسی سورکی ٢٧٧
عەزیزی سەرمەدی ٢٧٧
عەلی گەلاویژ ٣١٣- ٣١٤- ٣١٦- ٣٤٦- ٣٤٧
عەزیزی مامڵێ ٣٢٤- ٣٢٦
عەبدوڵلای مهتدی ٣٢٦
عەبدولحەسەنی بەنی سەدر ٢٩٧- ٢٩٨- ٣٢٨- ٣٣٣- ٣٤٥- ٣٤٦
عەزیزی محەمەدزادە ٣٤٨
عەلی خاوەری ١٥٥- ٣٥٨- ٣٥٩- ٣٦٠- ٣٦٢- ٣٦٣- ٣٦٤- ٣٦٥- ٣٦٦- ٣٧٠- ٣٧١

غەفووری قادری ١٤
غەفووری مەحموودیان ٥٤- ٥٥
غەنی خوسرەوی ٦٢
فەرەیدونی فازلزادە ١١
فەرهادی سارایی ١١
فەرەیدونی میتران ١١
فەیسەڵ ١٤- ١٩٤
فەتاحی قازی ١٥
فیکری ١٦٢
فاتمی چاوشینی ١٨٥
فروغی ٢٤٠
فەرح دیبا ٢٤١
فەخرایی ٢٦٣- ٢٦٤- ٢٦٩- ٢٧٠
فاتح شیخالاسلامی ٣٢٦
فاروقی کەیخوسرەوی ٣٤٤- ٣٤٦- ٣٤٨

قەرەنی ئاغای مامەش ١٥
قادری بلوریان ١٢
قاسمی قادری ١٧-١٨
قادری مودەریسی ١٨- ٣٢
قازی محەمەد ٢٦- ٢٧- ٣٠- ٣٨- ٣٩- ٤٠-٤١- ٤٢- ٤٤- ٤٥- ٤٦- ٤٨- ٤٩- ٥٢- ٥٣- ٥٥- ٥٦- ٥٧- ٥٨- ٥٩- ٦٢- ٦٣- ٦٤- ٧٣- ٧٥- ٧٦- ٩٢- ١٦٨- ١٨٢- ٢٢٤- ٢٤٣- ٣٢٩
قازی عەلی ٢٦
قەوام سەڵتەنە ٧١- ٩٢
قادری یۆسفی ٩٦
قادر تەگەرانی ٩٤
قاسمی ئەحمەدی ١١٦
قادر ئاغای چوارتا ١٣٩
قاسمی سوڵتانی ١٥٧
قاسمی خوسرەوی ٢٢٨
قاجار ٢٤٦- ٢٥٣
قەرەنیمام رەسوو ئاغای سیاقوڵی ٣٠٥
کاپیتان سەمەدئۆف ٢٤
کاپیتان حەڤوردیئۆف ٢٤
کاپیتان ئمازعەلیئۆف ٢٤
کەوێجو ٢٧
کەریم ئاغای قونقەڵا ٤٨
کاپیتان حوسێنئۆف ٦٧- ٧٠- ٧١
کەریمی وەیسی ١٠٧- ١٨٣
کاک حەمە ١٥٢
کەریمی حیسامی ١٨٩- ١٩٠- ٣١٣- ٣٢٤- ٣٢٦- ٣٤٥
کەریمی خامچی ٢٠٤- ٢٥٠- ٢٢٨
کەمانگەر ٢٢٤
کەلانتەری ٢٤٠

کازم زولقەدر ٢٧٧
کەریمی دانشیار ٣٢٦
کەریمی بیژەن ٣٤٨
کەماڵی بادینی ٣٤٨
گوڵێ ریحان ١٣٨
گروبان نەقەوی ١٧٣
گروبان مەنسووری ١٧٦- ٢٢٨
گروبان حوسێنی غەفاری ١٧٩
گروبان پاشایی ١٧١
گروبان خروسی ٢٢٨
لینین ٢٢- ٥٤- ٢٧١
لیتنات ئاغایۆڤ ٦٧
مەرزە سەدیقی ٦- ١٤٠- ١٤١- ١٨٠- ١٩٩- ٢٠٠- ٢٠٤- ٢٠٥-
٢٤٣- ٢٥٩- ٢٨١
مەحمود حەواری نەسب ١١
مینەی ئەحمەدی زینەبێ ١٢- ١٣- ١٤- ١٥- ١٦- ١٨- ١٩- ٩٤- ١٢٢
محەمەدی راتبی (حەمەدی مەلودێ) ١٧- ١٨- ٣٣- ٣٨- ٤٣- ٥٤- ٨٠- ١١٦- ٣٦٨
محەمەد ئەمینی خاتەمی ١٧
محەمەد رەسووڵی وەتەمیشی ١٨
محەمەدی قاسمی (مەلەک) ١٨
محەمەد نانەوازادە ١٨- ٣٢
محەمەدی علمی ١٨
محەمەدی یاهو ١٨
مەلا عەبدوڵڵای داودی ١٨- ٣٢
محەمەد ئەمینی شەڕەفی ١٨- ٣٢- ١٨٢
مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕێ ١٨
مستەفا کەماڵ (ئاتاتورک) ١٨- ٤٧- ٨٩
ماژور عەبدوڵلائۆڤ ٢١- ٢٤- ٣١
مارکس ٢٢- ٥٤
مەنیج حەیران ٢٧

میرحاج ئەحمەد ٣٢- ٣٥- ٥٢- ٥٤

مەلا وەهاب ٣٢

محەمەد شاپەسند ٣٤- ٧٨- ٧٩- ٨١- ٩٥

مارف جەتەم ٣٧- ٤١- ٤٤

میسداڵ ٤٢- ٤٣

محیالدین ماوارانی ٤٣

محەمەدی سەلیمۆکەی ٤٣- ٥٤

محەمەدی فاروقی ٤٥

مەلا رەحمانی سرونجداغی ٤٥

محەمەدی نازمی ٤٦- ٩٢

مەلا محەمەدی حافظالقران ٤٧

مینەی پانتۆڵ فرۆش ٤٧

محەمەدی عەلەوی ٤٧

مستەفای جەننەتی (مۆسیقەچی) ٤٣

محەمەدی سەنگی سپی ٤٨

مەلا مستەفای بارزانی ٤٨- ٤٩- ٥٠- ٥١- ٥٢- ٦٢- ٧٥- ١٨٠- ١٨١- ١٨٣- ١٨٤- ١٩٤- ٢٠٤- ٢٠٧- ٢١٣- ٢١٨- ٢٤٠- ٢٩٤

مائوستەنوگ ٥٠- ٢٦١

محەمەد عەلی پەیدا ٥٠

محەمەد مەحمود قدسی ٥١- ٥٢

مستەفا خۆشناو ٥٢

میستر لاین ٥٢- ٥٣

مولوتوف ٥٣

مارفی پوور زەریفیٔ ٥٤

میر جەعفەری پیشەوەری ٦٠

مەلا حوسینی شکاک ٦٢

مەلا حوسینی مجدی ٦٣

میر سیفالدین ٦٤

محەمەدی سەمەدی ٨١- ٩٤

محەمەد مەحموود ٩٣
ماژور عەلی‌یۆف ٦٧- ٧١
مستەفای سوڵتانیان ٩٧- ٩٨- ١٢٥- ١٣٠- ١٨٢
مستەفای موئمنی ١٠٢
مەشهەدی برایمی‌شەش بارماخ ١١٠
مەحموودی مەنگوری ١١٠- ١١١- ١٥٢
مام رۆستەم ١١٥
مەلا خالیدی دەربەندی ١٢٢
مستەفای نژادی ١٣٠- ١٣٣
محەمەدی مامڵێ ١٣١- ٢٣٥
محەمەد ئەمینی راتبی ١٣٩- ١٤٢- ١٤٦- ١٥١- ١٥٥
محەرەم ١٤٣
مادام مەروسیا ١٥٢
مەزهەری خالەقی ١٥٧
موحسینی پەرتەوی ١٥٨- ١٥٩- ١٦٨
مەجید ١٥٩- ١٦٠
مامە عەزەی هەشەمێزی ١٦٩
موحەیدین چنارەیی ١٧٠
مەحمودی حاسڵی ١٧٣- ١٧٥
مەلا عەبدوڵڵای ماوارانی ١٨٩
محەمەدی مەولایی ٢١١- ٢١٦
محەمەدی قادر چاوڕەقی ٢٢٥
مرادی کەرناچی ٢٢٥
موهەندیس عەلەوی ٢٣٦
مەلا عەبدوڵڵای سەرباز ٢٥٠
مستەفا ئەلەمووتی ٢٥٣
میهدی بازەرگان ٢٥٤- ٢٥٧- ٢٩٣- ٣٠٠- ٣٠١- ٣٠٢- ٣١١- ٣٤٥
موهەندیس عیزەتوڵڵاسەحابی ٢٥٧- ٢٦٧- ٢٦٨- ٣٢٤
مجید ئەمین موئەید ٢٦٢- ٢٦٧- ٢٧٥- ٢٨٨
موسا محەمەدزادە ٢٦٥- ٢٦٨

مونتەقیمی قازی ٢٧٥- ٢٧٦- ٢٩٢- ٢٩٣

مەسعودی ئەحمەد زادە ٢٦٨

محەمەد چوپانزادە ٢٧٧

مستەفا جەوانی خۆشدڵ ٢٧٧

محەمەد ئەمینی سیراجی ٢٨٢- ٢٨٣- ٢٩١- ٢٩٦- ٣٠٩- ٣١٢- ٣١٤- ٣١٥- ٣٤٤- ٣٤٦- ٣٤٧- ٣٥٨- ٣٦٣

مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە ٢٨٣- ٢٩٨- ٢٩٩- ٣٠٨- ٣١٤- ٣٢٤- ٣٢٦- ٣٣٠- ٣٣٢- ٣٣٤- ٣٣٦- ٣٣٧- ٣٣٨- ٣٣٩- ٣٤٠- ٣٤٢- ٢٤٣

مەلا شێخ عیزەددینی حوسێنی ٢٨٤- ٢٨٧- ٢٩٠- ٢٩٣- ٢٩٤- ٢٩٧- ٢٩٨- ٣٠٠- ٣٠٢- ٣٠٤- ٣٠٩- ٣١٧- ٣٢٥- ٣٢٦- ٣٢٧- ٣٣١- ٣٥٥

محەمەدی مونتەزری ٢٩٠

محەمەئەمینی شێرخانی ٣٢٦

مەسعودی رەجەوی ٣٢٧

محەمەدی ئاریا ٢٣٤

محەمەدی ماجد ٣٤٨

مەسعود بارزانی ٣٤٧- ٣٥٣

مەلا حەسەنی ٢٩٩- ٣٠٤- ٣٠٦- ٣١١

مەشهدی برایمی رازی ٣٠٧

مەلا کەریمی شاریکەندی ٣٥١- ٣٥٤- ٣٥٥- ٣٥٦

مارشیمۆن ٣٥٥

نەوید موعینی ١١- ٣٥٨- ٣٦٣

نەجمەدینی تەوحیدی ١٨

نیکیتا خرۆشچۆف ٧٠- ٢٠٣- ٢٠٥

نیکیتین ٨٧

ناسر فەخرئارایی ٩٩

نەوشیروانی ١٢٨

نوری ئەحمەد تەها ١٤٥- ١٤٦

نورەدینی کیانوری ١٥٦- ٣١٣- ٣٤٣- ٣٦٢

نژادی ئەحمەدی عەزیزئاغای ١٩٣
نەشمیل بلوریان ٢.٥- ٢٣٣
نوری سەعید ٢٤٢
ناسر خۆشکەلام ٣٤٨- ٣٥.- ٣٦.
نواک ٣٥٨- ٣٥٩- ٣٦٢
نادری کەریمی ٣٤٨
وەفایی شاعیر ٤٢
وەتەمیشی ١١.
وەستا کاکڵ ١.٤
وەهابی بلوریان ١٣.- ١٨٢
وریای کانیماران ١٤٤
هاشمی فەرهادی ٤٦- ٤٧- ٤٨
هاشمی کورد ٥٤
هاشم ئۆف ٥٥
هەمزە عەبدوڵڵا ٨١- ٩٣- ٩٤
هاشمی ٩٢
هیمن ٩٤- ١٣٧- ١٥٢- ١٥٣
هومەر پاشای جەنگەڵ ١١٥
هاشمیئەقەلەتوللاب(هاشمی ١١٨- ١٣٩- ١٥٥- ١٥٦- ١٨.- ١٨١- ١٨٣-
حەقتەلەب) (قادر شەریف) ١٨٥- ١٨٦- ١٨٧
هەمزە خەلیل ١٢٢
هاشم شیرازی ١٢٧
هەژاری موکریانی ١٤٣- ١٤٤- ١٤٥
هاشم شێخانی ١٥٨- ١٦٥
هاشمی حوسێنزادە ١٨.- ١٨٧- ١٩٦- ١٩٧
هاشمی جەلالی ١٩٦- ١٨٨- ١٩٧- ٢.١
هێرۆ بلوریان ٢.٥- ٢٣٣
هوما شەریعەتی ٢٤٣
هاشم سەباغیان ٣٢٤- ٣٢٦- ٣٢٧

هاشم رەفسنجانی ٢٩٧- ٢٩٨- ٣٤٩- ٣٥٦

یۆسف وەفایی ١١

یونس بلوریان ١١- ٢٦٠

یۆسفی ریزوانی ١٨٠- ١٨٧- ١٩٧

یۆسفی ئەردەلان ٣٢٦- ٣٢٧


یۆسف مەرزەنگ ٣٤٨

# پێڕست


چەند وتەیەک ........................ ٥
سەرەتا ........................ ٨
سەرەتای ژیانم ........................ ١٢
دامەزراندنی سازمانی جەوانانی کورد ........................ ١٩
چەککردنی شارەوانی مەهاباد ........................ ٢٤
مەهاباد شاری ئازاد ........................ ٢٦
فەرمانداری مەهاباد ........................ ٢٩
ئەندام بوون لە کۆمەڵەی ژ.کاف‌دا ........................ ٣٢
نومایشی دایکی نیشتمان ........................ ٣٥
چاپخانەی کۆمەڵەو چەند رووداویک ........................ ٤٤
هاتنی سەرۆک بارزانی بۆ مەهاباد ........................ ٤٨
دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ........................ ٥٦
دامەزرانی کۆماری کوردستان ........................ ٦٠
چوون بۆ خوێندن و گەڕانەوەم بۆ ........................ ٦٥
مەهاباد شاری کش‌و مات ........................ ٧٤
دیسان بەرەو خوێندن بۆ تاران ........................ ٧٦
زیندوو کردنەوەی حیزبی دیموکڕات ........................ ٧٨
لە خزمەت شێخ مەحموود دا ........................ ٨٣
گۆڤاری رێگا ........................ ٨٥
رەشبگیری خەڵک و زیندان‌و سەربازیم ........................ ٩٦
گەڕانەوەم بۆ ریزی خەبات ........................ ١٠٥
یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی لە جێژنی میللی کردنی نەوتدا ........................ ١٠٧
هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودە ........................ ١١٢
گەشە کردنی سەرلەنوێی حیزبی دیموکرات ........................ ١١٤
راپەڕینی جوتیارانی ناوچەی بۆکان ........................ ١١٩
ریفراندۆم ........................ ١٢٤
هەڵبژاردنی خولی ١٧ی پەرلەمانی ئێران ........................ ١٢٧

کۆبوونەوەی هەوەڵی مانگی مای.................... ١٣٦
٢٨ی گەلاوێژ.................... ١٣٧
خوازبینی و مارەکردنی مەرزەی خێزانم.................... ١٤٠
سەفەر بۆ باشووری کوردستان.................... ١٤٢
گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان.................... ١٤٥
چاپی ڕۆژنامەی کوردستان.................... ١٥٢
کۆبوونەوەی تاران.................... ١٥٥
چوون بۆ سنەو گیران‌و زیندانی بوونم.................... ١٥٨
لە بەتدیخانەی سنەوە بۆ بەندیخانەی مەهاباد.................... ١٧١
ئازادبوونم لە بەندیخانەو زەماوەند کردنم لەگەڵ مەرزە.................... ١٨٠
ئەسعەدی خودایاری.................... ١٨٥
٢١ی سەرماوەزی ١٣٣٧.................... ١٨٨
ڕەحمانی قاسملو.................... ١٩١
گیران‌و زیندانی بوونم.................... ١٩٦
لە بەندیخانەی تەوریزەوە بۆ.................... ٢١٩
لە زیندانی قەسردا.................... ٢٤٦
دوورخرانەوەنم بۆ زیندانی بەرازجان.................... ٢٥٢
بۆ زیندانی تاران.................... ٢٥٧
تۆبە کردن بە زیندانیان.................... ٢٥٩
سەرهەڵدانی چریک‌و موجاهیدەکان.................... ٢٦٠
لە زیندانی عادڵ آبادی شیرازدا.................... ٢٦٢
ئازاد بوونم لە زیندا.................... ٢٧٨
گەڕانەوەی هەڤاڵان‌و بووژانەوەی حیزبی دیموکرات.................... ٢٨١
ڕووخانی ڕژێمی سەڵتەنەتی‌و بەدەسەلات گەیشتنی خومەینی.................... ٢٨٥
چەککردنی شارەوانی‌و ژاندارمەری مەهاباد.................... ٢٩٠
هاتنی لیژنەی نوێنەرایەتی دەوڵەتی کاتی بۆ مەهاباد.................... ٢٩٢
چەککردنی سەربازخانەی مەهاباد.................... ٢٩٥
شەڕی سنە.................... ٢٩٦
دیدار دەگەڵ خومەینی‌و بازەرگان.................... ٣٠٠

ریفراندۆم.................................................... ٣٠١
شەڕی نەغەدە................................................ ٣٠٣
شەڕ دژی عەشیرەتی مەنگوڕ.................................... ٣٠٥
لیژنەی نوینەرایەتی ئەرتەشی ئیران................................ ٣٠٨
هەوڵی قاسملو بۆ نزیک بوونەوە لە حیزبی تودە..................... ٣١٢
شەڕی سێ مانگەو گرتنەوەی سەربازخانەی مەهاباد.................. ٣١٦
یەکەم پێوەندی حیزبی دیموکرات بە بەعسی عیراق لە سەرەتای شەڕدا.... ٣٢١
دەست پێکردنەوەی وتوویژ دەگەڵ نوینەرانی کۆماری ئیسلامی.......... ٣٢٤
لیژنەی نوینەرایەتی گەلی کورد.................................. ٣٢٥
هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار........................................ ٣٢٧
کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات................................. ٣٢٨
وتوویژ دەگەڵ بەنیسەدرو نوینەرانی حکومەتی نوێی ئیران............ ٣٣٠
هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی ئیسلامی....................... ٣٣١
هاتنی ئایەتوڵلا ئەشراقی بۆ مەهاباد................................ ٣٣٣
هاتنی ئایەتوڵلا حوسێنی کرمانی بۆ مەهاباد......................... ٣٣٤
گەلاڵەی حەوت مادەیی سەددام.................................. ٣٣٨
بایکۆت کردنی حیزبی دیموکرات.................................. ٣٤١
پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی پێرەوی کۆنگرەی چوار................... ٣٤٤
هەوڵدان بۆ وتوویژو دەسپێکردنی شەڕ............................. ٣٤٨
شەڕی حیزبی دیموکرات دژی هێزی نەحۆ........................... ٣٥١
مەلا کەریمی شاریکەندی........................................ ٣٥٤
سەفەر بۆ ئورووپا............................................... ٣٥٦
چوونی پێرەوانی کونگرەی چوار بۆ نێو حیزبی تودە.................. ٣٦٢
کۆنفرانسی میللی حیزبی تودەو دیدار دەگەڵ کاربەدەستانی باڵای سۆڤیەت ٣٦٤
سەفەرخانی قارەمانی............................................ ٣٦٨
بەجێهێشتنی حیزبی تودە......................................... ٣٧٠
بەلگەنامەکان.................................................. ٣٧٢



# Ghani Błurian

# Alacoc

## My political memories

Stockholm 1997